


د . کامل النجار

# خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە
# بۆ ئیسلام

و

**مەریوان هەڵە بجەیی**

پ

**مەحـمود محـەمـەد عوسمان**




ناوی کتێب .. .. .. .. .. **قراءة نقدية للإسلام**

**خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام**

بابەت .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. لێکۆڵینەوە

نوسەر .. .. .. .. .. .. .. .. د . کامل النجار

لەعەرەبییەوە بۆ کوردی. .. ... مەریوان هەڵەبجەیی

پێداچونەوەی .. .. .. .. .. ..... مەحمود محەمەد عوسمان

تایپ و هەڵەچنین .. .. .. .. .... .. پێشەوا

نەخشەسازی بەرگ .. .. .. ..  سەردار عەبدوڵڵا




## پێشەکییەکی کورتی د. کامل النجار
## بۆ ئەم وەرگێڕانە کوردییە

باوەڕناکەم میللەتێك هەبێت ئەوەندەی میللەتی کورد ئازاری چێشتبێ‌و تا ئێستەیش هێندەی ئەو گیرۆدەی زولّم و زۆرو ستەم و چەوساندنەوە بووبێت. ئەم نەتەوە مەزنە کەمێژووی بوونی بۆ هەزار ساڵ بەر لە زایین ئەگەڕێتەوەو هەرلەو ڕۆژگارانەیشەوە وشەی "کورد" لە دەستنووسە ئاشوورییەکاندا بووەو تۆمارکراوە، دیارە ئەمانەیش هەموو ئەوە ئەسەلمێنن کە ئەم میللەتە دیرۆکێکی گەلێ دێرینی هەیەو بەلاّم لەنیشتمانی ئازادی خۆی بێبەش بووە. وەلێ سەرەڕای ئەم مێژووە کۆنەو ناوبانگی کورد بە ئازایەتی و خۆڕاگری لەجەنگ و خەباتدا بەلاّم چەندین هۆو هۆکار بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا کە نیشتمانی سەربەخۆی خۆیان نەبێ و بەسەر چەند ولاّتێکدا دابەشبکرێن. ئەگەرچی سەرەتای ئەو شەڕانەی دژی کورد بەرپاکراون لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیەکانەوە دەستیان پێکردووە چونکە ویستوویانە هەموو دنیا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەلاّم گرنگترین‌و گەورەترین هۆکاریان کە بووە مایەی شکستی و ژێردەستی کورد "ئیسلام" بووە. ئەو سوپایانەی کە پێشتر شەڕی کوردیان ئەکردو بۆ ماوەیەك خاکی کوردستانیان داگیر ئەکرد، لەبەرنامەیاندا نەبوو ناسنامەی "کوردبوون" بسڕنەوە، بەلاّم لەشکرە ئیسلامییەکان ئەو کارەیان ئەنجامدا. ئیسلامییەکان چییانکرد بەقیبتیەکان لەمیسر و بە نوبەییەکان لە سەرووی سودان و بە بەربەریەکان لە باکووری ئەفریقا کە خاکیان داگیرکردن و زمان و ئایین و ناسنامەیان هەر هەموو سڕینەوەو زمانیان کردن بە زمانی عەرەبی و ئاینیشیان بە ئایینی ئیسلام، هەوڵیاندا هەمان شتیش لەگەڵ کورددا بکەن، بەلاّم پێئەچێ ناوچە شاخاویەکان یارمەتی

کوردیان دابێت بۆ ئەوەی کە زمان و ناسنامەی کوردبوونیان بپارێزن وەڵێ نەیانتوانی ئایینەکەیان بپارێزنو لەدواییشدا نیشتمانە گەورەکەیان بەسەر عێراق و ئێران و تورکیاو سوریادا دابەشکرا.

کێشەی "ئیسلام" لەوەدایە کە هەرچی پێش خۆی هەبووە ئەیسڕێتەوە!. ئەمەیش بەو مانایەی وجودیان نەهێڵێ و پاکتاویان بکات. ئیسلام گەڵێ لەو کولتووره ڕۆشنبیری و شارستانییەتەی مەککەی پێش ئیسلام تا ئەگاتە شارستانیەتی فارس و بیزەنتییەکان و گۆڕینیان بە خورافەو ئەو چیرۆکە کۆنانەی کە هانی کوشتن و سەربڕین و بەکۆیلەکردنی هەموو کەسێك ئەدەن کە ئیسلام نەبێ و ئایینی جیای خۆیان هەبێ لەناوی بردن. ئەمە جگە لەو کۆت و پێوەندانەی کە بۆ ئازادی ژنانیان دروستکردوون. وەك ئەبینین لەم کاتەیشدا کە ژنانی کورد شان بەشانی پیاوان خەبات ئەکەن و وەك ئەوان بە توانایەکی باشەوە هاتوونەتە مەیدان و کارەکانیان ڕائەپەڕێنن. کەچی ئەبینین ئیسلام سوورە لەسەر ئەوەی ژن بە"ناقصە عقل ودین" ـــ عەقڵو دینیان نوقسانە.. ناوبەرێ و تەنانەت لە دوو حاڵەت زیاتر ئافرەت بۆی نەبێ لەماڵی باوکی بچێتە دەرەوە یەکەمیان بۆ ماڵی مێردەکەی و دووەمیشیان بۆ گۆڕەکەی.

هیوادارم لەم کتێبەدا توانیبێتم بۆ خوشك و برایانی کورد، ئەوە ڕوونبکەمەوە کە "ئیسلام" لەماناو ناوەڕۆکدا جگە لە کۆمەڵێ خۆرافاتی دژبەیەك زیاتر هیچی تر نییە ئەویش وەك بیروباوەڕو عەقیدە بۆ سەدەی بیست و یەك نە بۆ کورد و نە بۆ هیچ مرۆڤێکی دیکەیش ناگونجێ.

هەروەها زۆر سوپاسی کاك مەریوان هەڵەبجەیی ئەکەم کە ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئومێد ئەکەم سەرکەوتووبێت. زۆریشم پێناخۆش بوو کە لە ئەنجامی نووسینی کتێبەکەیەوە "سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلام"دا کەوتە بەر ئەو هێرشە ناڕەوایەی ئیسلامیەکان. بەم دواییەیش زانیم توانیویەتی لە دەستیان هەڵبێت. هیوادارم سڵ نەکاتەوەو بەردەوامیش بێت. **د. کامل النجار**




## پێشدەست

خوێنەری ئەزیز

سوپاس بۆ کاک هەڵەبجەیی که ئەم ئەرکەی بەمن سپارد، کارێکی سەختە بەتایبەتی پیاچوونەوەکە لەسەر کۆمپیوتەر بوو کە ئەبووایە هەندێ جار فۆنتەکانم بگۆڕایە بۆ ئەو شێوەیەی کە ئەو نووسویەتی، ئەمەش بۆ خۆی گرانترە لەوەی کە نووسینێکت لەبەردەستدا بێت و بەراوردی بکەی، هەرچەندە چەند فەسڵێکی بە نووسین هەبوو. وە هیچ کارێکیش بێ کەموکوڕی نابێ بەڵام ئەم کارە هەست ئەکەم باش ئەنجامدرا.

وێرای ئەو هەلومەرجە ناهەموارە کە بۆ کاک مەریوان هەڵەبجەیی هاتە پێش لە ئەنجامی نووسینی کتێبەکەی (سکس و شەرع و ژن لەمێژووی ئیسلامدا)، توانی بە نەفەسێکی درێژ دەستبدات بۆ وەرگێرانی ئەم کتێبە سوودبەخشە. بەزەمەنێکی کورت و بە سووربوونی لەسەر ئەوەی ئەکرێ مرۆڤ لەو بارودۆخە سەختە و لەو هەموو هەراو هۆریای کە نەیارانی ئازادی نایانەوە لە ڕێگەی دام و دەزگای ڕاگەیاندنی ئیسلامی سیاسی و وروژاندنی ئحساساتی خەڵکی، ئەڵێم ئەکرێ مرۆڤ کاری بە نرخیش ئەنجام بدات و تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ بەرجستەکردنی هەڵوێستیکی مەحکەم تر. هەڵەبجەیی زۆر بە زمانێکی ڕوون و ئاسان توانی ئەو کتێبە بکاتە کوردی، ئەمانەت لە وەرگێڕاندا، هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ ناو و ڕووداوە مێژووییەکان، زۆر بە باشی توانی ئەم کتێبە بۆنێکی زمانی کوردی لێبێت ،هەرچەندە زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانە گران و دەوڵەمەندەکان نەک تەنها بوونی هاوواتایەکی( مرادف) زۆر لە وشە ، بگرە جێکەوتەی وشە لە ڕستەیەکدا مانای ڕستەکە ئەگۆڕی لەگەڵ بوونی ( مذکر و مؤنث) بۆ هەموو ناوێ و بۆ دیاردە

کۆمەڵایتییەکان، بە تایبەتیش کتێبەکە زۆرەو ڕەخنەیە لە زمان، بۆیە کارێکە بەڕاستی جێگەی دەستخۆشییە.

نووسەری ئەم کتێبە یەکێکە لەو نووسەرانەی کە ماوەیەکی زۆر نییە کە خوێنەر ئاشنا بووە بە شێوازی نووسینی و توانای لە خستنە ڕووی بابەتەکانی بە شێوەیەکی زۆر ئاسان بەڵام بە زمانێکی بەرز. پێش ئەم کتێبەش دوو کتێبی تری زۆر گرنگی نووسی لە نێوان ساڵەکانی 2002 بۆ 2005 یەکێکیان بەناوی ( لەیەکچوون و جیاوازییەکانی ئاینی یەهوودی و ئیسلامی ) دووەم ( دەوڵەتی ئیسلامی لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا ) و ئەم کتێبەیشی بەناوی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلامە، هەروەها دەیان وتار و دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر قورئان و ئیسلامی سیاسی و وەڵامدانەوەی ئەو ڕووداو و ئەو فەتوانەی کە ڕۆژانە لەلایەن ئیسلامی سیاسی دژ بە ئازادیخوازان و خەڵکی عەلمانییەت دەردەچێت. ئەم کتێبە نزیکە لە بەڵگەی زانستی و زمانەوانی و مێژوو نەک لە قسەی زار و رق و کینەو تەشهیر. بەتوانایەکی بێ وێنە قسەی هەیە لەسەر زمانی قورئان، لەسەر ڕەوانبێژی، مێژوو، چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە کە لە زاری قورئانەوە گێراونەتەوە، لەسەر ناسخ و مەنسوخ. کتێبێکە سەرنجت ڕائەکێشێ بۆ دووبارە خوێندنەوەی یان بۆ بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە لە کاتی گفتوگۆ یان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئاین بەتایبەتی ئاینی ئیسلام.

هەتا ئێستە وێرای بوونی نوسەرانی بلیمەت کەبوێرانە قەڵمیان خستەکار بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە کە بوونە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی هەموو ئاینەکان، زۆر بەدەگمەن کتێبی وا هەیە خۆی بدا لەقەرەی زمانی قورئان، تەنانەت ئەو نووسینانەی کە ڕەخنەیان هەیە لە ئیسلام وەک ئاین یان وەک بەراوردی ئاینەکان لەگەڵ ئەم سەردەمە، لە کتێبخانەی کوردیدا زۆر کەمن،




خوێنەری ئەزیز؛

بەهەر بیروباوەڕێکتەوە، بەوەی کە باوەڕت وایە ئەم دەقانە کە نووسەر ڕەخنەی لێگردووە، لای تۆ نەک هەر موقەدەسە بەڵکو بگرە ئەبێ ببێتە چوارچێوەیەک بۆ دەستنیشان و دیاریکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، تەنانەت پێناسەت بۆ ڕەوشتی پیاو خاس و پیاو بەد ئەوەیە چەندێ نزیک بێت یان دوور بێت لە پەیرەوکردنی ئەم دەقانە لە ژیانیدا، بۆ ئەوی تریش کە باوەڕی وایە هیچ شتێک لە مرۆڤ موقەدەس تر نییە و هەموو شتێک عەقڵ و مەنتق و تێڕوانین و بەرژەوەندی خەڵک دەستنیشانی ئەکات و پێیوایە ئاین ئەبێ تایبەندی ئینسانەکان بێت و هیچ کات نابێ لە دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا بۆنی دەسەڵاتی ئایینی هەبێ وە خوازیاری جوداکردنی ئایینە لە دەوڵەت. بۆ هەموو خوێنەرێ ئەڵێم ئەمە زمانە، وەڵامی زمانێکە کە لەم سەردەمە پێشڕەفتی کردووە و جێگە و ڕێگەیکی تری پەیدا کردووە وەک زمان، بەرامبەر زمانێک پێش 15 سەدە وە لەناوچەیەکی دیاری کراودا هاتە کایەوە بۆ گەلێک کە بەشێکی لە بەشەکانی تری جیاواز بوو چ لەڕووی ئابووری یان جۆری ژیان یان بیرکردنەوە وە یاخوود بوونی ئاینەکانی تر.

دەقەکان زمانن و ئەم خوێندنەوە ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام هەر زمانە، کەوابوو ئەبێ هەر بە زمان و بەشەکانی تری مەعریفەت وەڵام بدرێتەوە نەک بە تەشهیرکردن یان لەناوبردنی جەسەد. ئەگەر بەرامبەر وشەو ڕەخنەو مەعریفەت، زیندانی و کوشتن و نەفی کردن شوێنی بگرێ بزانە ئەو کۆمەڵگە توشی ئیفلیجی ئەبێت و دوا ئەکەوێ لە کاروانی پێشکەوتن، ناکرێ سەدان کیلۆ ئاسن لە تەقەمەنی و شمشێر بەرامبەر چەند لاپەڕەیەک بەکار بهێنن، ناکرێ وشەیش بکوژرێ وەک هانریش هینەی شاعیری ئەڵمانیش ئەڵێ: ئەوەی بە کتێب سووتاندن دەست پێبکات بە مرۆڤ سووتاندن کۆتای پێدەهێنێ، نووسەرەکە و وەرگێڕەکەیش سەنگەریان نەگرتووە و خۆیان پەنا نەداو لە پاڵ دیوارێکدا لە شەوێکی تاریکدا بۆ ئەوەی نەیارانیان فەنا

بکەن و نە کەمینیان داناوە بۆ ئەوەی ژن و منداڵان سەربڕن یان ڕیگەخۆشکەربن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو عەقلییەتە، وەنە (دیل)یان گرتووە تا ڕەجم و بەردبارانی بکەن. تەنها بە ڕەخنە دەبێ، با گۆڕەپانەکەمان گۆڕەپانی جەدل بێت.

بەهۆی جۆری ژیان و زاڵبوونی کات بەسەر شوێندا لە بەشێکی دوورگەی عەرەبی لەو سەردەمەدا، ئیتر زمان و چیرۆکەکانی ئاسمان و باسی کەسانی فریادڕەس و بەشەکانی زمان و ئەدەب شوێنێکی بەرچاوو ئەهەمییەتێکی بەرزی هەبووە لە ژیانیاندا. بۆیە خەلکی ئاشنا بوون بە نهێنییەکانی زمان و بە ئاگا بوون لەوەی ئیسلام ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە بووە. تەها حوسێن لە کتێبی ئەدەبی جاهیلی یان شیعری جاهلیدا دەڵێ: (ئاسان نییە وە یاخود ئیمکانی نییە باوەڕ بکەین کە قورئان هەمووی تازە بوو بۆ عەرەب، ئەگەر وابووایە ئەوا نە تێدەگەیشتین لێی و نە بە ئاگای دەهێنان، هەروەها نە هەندێکیان باوەڕیان دەهێناو و نە ئەوانی تر بێ باوەڕئەبوون و گفتوگۆیان لەسەر ئەکرد، قورئان نوێ بوو لە شێوازەکەی و نوێ بوو لە داڕشتنی ئایین و یاسا بۆ خەڵکی. بەڵام کتێبێکی عەرەبی بوو، زمانەکەی زمانی ئەدەبی عەرەبییە کە خەڵکی لە سەردەمی خۆیاندا پێکیان هێناوە..تاد) لەسەر ئەم ڕستەی و چەند ڕستەیەکی تر ئەزانین چۆن کەوتە بەر هێرشی نەیارانی ئازادی، ناسر حامد ئەبو زید دەربارەی چەمکی دەق ئەویش هەر باس لە زمانی دەق ئەکات کە هەمووی موفرەداتی ژیانە. بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە زمانیش ئەچێتە ئاستێکی تر بۆ سازدانی پێوندییەکی نوێ لە نیمرۆقەکاندا. هەروەها بە پەرەسەندی زمان و دەوڵەمەندبوونی ئەبێتە هۆی هەنگاونان بۆ باشتر تێگەیشتن لەماهیەتی مرۆڤ. عەقڵ وا فێریکردووین توانای گوێگرتنمان هەبێ باشتر بتوانین بئاخفین و توانای خوێندنەوەمان هەبێ باشتر دەتوانین بنووسین.

دوا قسەم بۆ ئەو بەرەیەی کە دژ بەم جۆرە نووسینانەیە وەرن بیخوێننەوە و ئێوەش وەڵام بدەنەوە و ئەگەر خۆتان بەتەواوتی نەتانتوانی وەرن ئەو وتارانەی




که دژ بەم نووسینه نووسراو وەریبگێڕنه سەر کوردی. ئومێدەوارم عەقڵ قورساییەکی باش وەرگرێ له کێشمەکێشی مەعریفی و کۆمەڵایەتی.

لەبەر ئەوەی نووسەر پێشەکییەکی باشی بۆ کتێبەکەی  نووسیوە و باسی زۆربەی ئەو نووسەرانە ئەکات که له ڕێگەی ئازادی دەربڕین ،کوژران یان ئەشکەنجەدران یان دوور خرانەوە بۆیە من بەم نوسینە کورتە کۆتایی پێدەهێنم.

مەحمود محەمەد عوسمان




# پێشەکی

پێشوەخت لەنوسینی ئەم کتێبە دوودڵ بووم، چواردەسەدەیە دەرگای ئیجتیهاد بەڕووی هەموو کەسێکدا داخراوەو لەوە دەترسام کەسانێك بورووژێنو بەسەرمدا دابارێن کەزاناکانی ئایینی ئیسلام شەش سەد ساڵ لەمەوبەر حوکمی ئەقڵییان دۆگماکردون، لەوکاتەوەش کەس جورئەتی ئەوەی نەکردووە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هەبێت بۆ  قورئان, چونکە وەك پێشینەکان بەناوی کوفرو بدعەچیو لەئایین دەرچوو بەردبارانی دەکەنو چارەنوسی لەپێشینەکانی خۆی باشتر نابێت. لەسەدەی هاوچەرخدا چەندین نوسەرو توێژەر هەن کاتێك کەویستیان دراسەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئیسلام بکەن لەلایەن توندڕەوانەوە توشی ئازارو ئەشکەنجە هاتن. بۆ نمونە نوسەری ئێرانی (علی دەشتی) لەسەر بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (بیستو سێ ساڵ)[1] کەتێیدا ڕەخنەی لەئیسلام گرتبوو لەلایەن (خومەینی)یەوە سێ ساڵ زیندانی کراو دواتر لەباروودۆخێکی تەمومژاویدا مرد.

[1] ئەم کتێبە لەژێر ناونیشانی (بیستو سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی) لەلایەن دوو وەرگێڕەوە بەدوو شێوە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو چەند جارێکیش لەچاپدراوەتەوە.




لەمیسریش کاتێك مامۆستای زانکۆی ئەزهەر (شێخ علی عبدالرزاق) ووتی (پێویستە ئایین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە)، دونیای لەسەر هەستاو خەمرەوێن نەبوون تاساڵی 1925 لیژنەیەك لەزانایانی ئیسلام دادگاییان کرد بەئیدانەکردنیو فەسلکردنی لەشوێنکاری زانکۆکەیو ڕێگەلێگرتنی لەهەر شوێنکارێکی ئایینی پلەو پایەی هەبێت لەو وڵاتەدا.[2]

تەنانەت (د.طه حسین)یش لەکتێبەکەیدا (الشعر الجاهلي) هەندێك خاڵی قورئانی ڕاڤەکردو لێکیدایەوە شۆڕشی توندڕەوەکان هەرای سەند تابوە هۆی دەرکردنی د.طه لەهەموو پلەو پایەیەکی حکومی.

لەسودانیش کاتێك (مامۆستا محمود محمد طه) حزبی (الاخوان الجهوريين)ی پێکهێناو تێیدا هەوڵیدا دەوری شەریعەت لەسەر یاساکانی دەوڵەت کەم بکاتەوە بەکافر تاوانباریان کردو کتێبەکانیان سوتاند. کاتێکیش ووتی (گەیشتۆتە قۆناغێك لەزانست ئەم قۆناغە وایکردووە ئەرکە ئاساییەکانی بەسەردا جێبەجێ نابێ، وەك نوێژ) کەئەمەش هەمان ئەو گوتەیەیە سۆفییەکان لەسەدەی یانزەهەمدا

[2] Why I am not a Muslim by Ibn Warraq, Promethius Books, New York 1995, p6




گوتویانە، ئیسلامیەکان هەلی ڕەخساوی خۆیان دۆزییەوەو حوکمی لەسێدارەدان بۆ دەرکردو لەساڵی 1985 هەڵیانواسی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە ئیسلامییەی کەناوبراوە بەسەردەمی زێڕین و دەوڵەتی عەباسیو پێش ئەوانیش واتە دەوڵەتی ئەمەوی دەگرێتەوە, دەبینین ئەوانەی جورئەتیان کردو ڕەخنەیان لەئیسلرووبەرووی هەمان ئەو چارەنووسە بوونەوە کەرۆشنگەراکانی هاوچەرخ بەسەریاندا هاتبوو، لەکاتێکدا خەلیفە مەئمون عەرشی خەلافەتی گرتەدەست بیرۆکەی موعتەزیلەکانی لەخۆگرت و ووتی قورئان دروستکراوە,[3] وای لەدامودەزگاکانی دەوڵەتیش کرد ئەم بۆچوونە لەلای زانایان پەیڕەوبکرێت. بەڵام دوای ئەوەی متەوەکیل لەساڵی 847دا دەستی بەسەر خەلافەتدا گرت فەرمانی دەرکرد سزای هەموو ئەوکەسانە بدرێ کەدەڵێن قورئان دروستکراوە. بەمە کۆنەپەرستەکان زۆر بەخێرایی ئەم هەلەیان قۆستەوەو هەموو ئەوانەی جورئەتی ئەوەیان هەبوو بڵێن قورئان مەخلوقە بەزەندیق ناویان دەبردو بەردبارانیان دەکردن.

[3] بیرۆکەی (قورئان مەخلوقە) لەوەو ەهاتووە کەموعتەزیلەکان پێیان وایە قورئان لەئەزەلەوە نەبووە بەڵکو خوا لەسەردەمی ئیسلامداو لەبەرهەندێك هۆکار ئایەتی نوسیوەو ناردویەتی بۆ پەیامبەر–وەرگێڕ.




لەسەردەمی دەوڵـەتی ئەمەویـشدا ڕۆشـنگەراکان بەزەنـدیق تاوانبـار کـردو کوشتیانن. یەکەمین کەسێ بەتاوانی زەندیق کوژرابێت پیاوێك بوو بەناوی (جاد بن درهم)کە بەفەرمانی خەلیفەی ئەمـەوی (هـشام بـن عبـدالملك) سـاڵی 742 کوژرا. تاوانی ئەم پیاوەش ئـەوەبوو کـەوتبووی (خـوا قـسەی لەگـەڵ موسـادا نەکردووەو حەزرەتی ئیبراهیمیشی نەکردووە بەرێزدارو خۆشەویستی خۆی).[4]

لەسەردەمی خەلیفە مەنسوری دەوڵـەتی عەباسـیدا دادگـای پـشکنین دژ بـە زەندیقەکان دەستی پێکـردو پـشکنەرێکی گـشتی ناسـراویان بـەناوی (صـاحب الزنادقە) داناو لەوماوەیەدا هەموو ئەوانەیان کوشت کـەگومانیان لـێـی هـەبوو، لەو کوژرانەش (ابن المقفع) کەڕەخنەی لەئیسلامو پەیامبەرەکەی (محمد) گرتبوو، هەروەها (ابن ابي العوجاء)[5] شاعیرێکیشیان بەنێوی (بـشار بـن بـرد) کەسـاڵی 784 کوشت، (صالح بن عبدالقدوس)یشیان کەلەسـاڵی 783 کوشـت، (أبـو عیسى محمد بن هارون الوراق) دووریان خـستەوە بـۆ ناوچـەی ئـەهوازو تێیـدا

4 ئاماژە بەهەردوو ئایەتی {وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لله وَهُوَ مُحْسِنٌ واتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً} (125) سورة النساء هەروەها {وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلاً لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا} (164) سورة النساء..وەرگێڕ.

5 Vadja, Georges : Les Zindiqs en pays d Islam au debut de la periode Abbaside. In RSO, vol. 17 (1938), p 173-229), Quoted in Why Iam not a Muslim by Ibn Warraq, p 253




لەساڵی 909دا مرد. دواتر کەدواهەمینیان نییە هەڵلاج (حسین بن منصور)ی سۆفی بووەو ئەوەندە خودای باڵای خۆشویستووە هیچی وای نەمابوو لەگەڵیدا تێکەڵ ببێت، ئەم خۆشەویستیەش وای لێکرد بڵێ من هەقم (انا الحق) جا بەپێی ئەوەی وشەی (حق) یەکێکە لەناوە پیرۆزەکانی خوا حەڵلاجیان بە زەندیق تۆمەتبارکردو سزای لەخاچدانیان دا. کاتێك خاچەکەی کەخەڵکی لێی کۆبوونەتەوە ڕووی دەمی لەخوا دەکاتو، دەڵێ: خوایە ئەمانە بەندەی تۆن، ئەمڕۆ بۆئەوە کۆبونەتەوە کەمن بکوژنو بەرگری لەئاینەکەت بکەن بەو هیوایەی پاداشتێکیان بدەیتێ، ئەی پەروەردگارەکەم لێیان خۆش ببەو بەخوڕ بەزەیی خۆتیان بەسەردا ببارێنە.[6]

توندڕەوی ئایینی تەنها بەسەر ئیسلامەوە ماڵ نییە، ساڵی 399ی پێش زایین لەکاتێکدا ئەسینای یۆنانی مەڵبەندی خواکانی یۆنان بوو کەتەواوە (ئەکروبولیس) نیشتەجێ بوون، لەئەسینادا دادگایی سوکرات کرا کەیەکێکە لەهەرەگەورەترین فەیلەسوفەکانی دونیا، بەوە سزادرا کەژەهر بخواو بمرێت چونکە بڕوای بەخوای ئەوانە نەبوو وەك خەڵکی ئەسینا سەرخۆش دەبنو لەنێوان خۆیاندا بەشەڕدێن. سوکراتیش بەژەهراوی مرد.

[6] Armstrong, Karen: A History of God, Vintage 1993, p 264




لەسەدەی شانزەهەمی دوای زاینیشدا شەپۆلێکی توندڕەوی ئەوروپایی مەسیحی گرتەوە کەوێنەی نەبوو، شارەکان کەوتنە کێبەرکێی پێکهێنانی چەندین دادگای پشکنین کە لەئیسپانیاوە دەستی پێکردبوو. لەساڵی 1553دا ئیدانەی پزیشکێکی ئیسپانی کرا کەلەسویسرا کاری دەکرد کەبەهەرتەقە تاوانبار کرابوو، ئەم پزیشکە (میکائیل سرفیتیوس) دادگایی کرا کەبەزویندیێتی بسوتێنرێت چونکە بڕوای بە(لە ئاو هەڵکێشان)ی (تعمید)ی منداڵو سیانەیی مەسیح (ثالوث – تثلیث)-خوا، ڕۆڵە، ڕۆحی ڕەوان (الله، الابن، الروح القدوس) نەبوو[7] لە27ی ئۆکتۆبەری 1553 سزاکەی بەسەردا سەپێنرا.

فەرەنساش کەپێی دەڵێن وڵاتێکی داوێنپیسە بەهەمان شێوە لەناو چنگی دادگاکانی پشکنیندا بوو، کاتێ کەپیاوانی کەنیسەی فەرەنسا هەستیان کرد سویسرا بە سوتاندنی (سرفیتیوس) خەڵاتێکی گەورەی لەلایەن خواوە وەرگرتووە پەیکەرێکی (سرفیتیوس)یان دروست کردو سوتاندیان تالەوپاداشتەی خوایە بێبەش نەبن کەدیبەخشێ بەوکەسانەی بێباوەڕان دەسوتێنن. لەکاتی

[7] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سێینەیی مەسیحیو فەلسەفەی ئولهەیتی مەسیحی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبی (دەروازەکانی ئایین لەنێوان زەویو ئاسماندا) مەریوان هەڵەبجەیی چاپو پەخشی سەردەم. بەشی ئایینی مەسیحی. وەرگێڕ




سوتاندنەکەدا پێشەواکەیان (میلانکتون) هەستایە سەرپێو گوتاریکی بۆخوێندنەوەو تێیدا سوپاسگوزاری خوای کرد بەسزادانی ئەوپیاوە بێباوەڕەو ووتی: سوتاندنی بەلگەیە بۆ خۆپاراستنو تەوبەکردنی خەلکی سویسرا. تەنها یەك کەس جورئەتی کرد بەرگری لێبکات ئەویش (جوریس البازی) بوو، بەلام بەرگرییەکانی بەناوی خواستراوەوە بلاودەکردەوە، کاتێکیش مردو دەرکەوت ئەوبووە سالی 1566 گۆڕەکەیان هەلدایەوەو لاشەکەیان دەرهێناو سوتاندیان.

لە(شام)یش فەیلەسوفێکی بێباوەڕ بەناوی (هیبا شیا الاسکنداریە) هەبوو خەلکی فێری ئەفلاتۆنیەتی نوێ دەکرد بەرپەرچی هەرەشەی (کیرس)ی قەشەی رەتکردەوە بۆ بوونی بەمەسیحییەت, هەر بۆیە قەشە کیرس لەسوپای کەنیسە چەند سەربازێك و راهیبەیەکی ناردە سەرئەم فەیلەسوفەو گرتیانو لەگالیسکەکەی هێنایانە خوارەوەو تا کەنیسەی (قیصرون) رایانکێشاو بەگالتە پێکردنەوە جلوبەرگیان داکەندو بەرووتی تا شەقامەکە رایانکێشاو بەردبارانیان کرد، کاتێك کەبووە لەشێکی بێگیان بەقێزەونترین جۆر لاشەی ئەم ژنە

فەیلەسوفەیان شێواند، گۆشتەكەیان پارچەپارچە كـردو هەنـدێكیان لەشـوێنێكی كاولـدا فڕێداو هەندەكەی دیكەشیان بووە خۆراكی ئاگر.[8]

زانایانی ئیسلامیش هیچیان لەهاوەڵە تۆبەكارە سویـسریەكان كـەمتر نـەبوو، وەك بینیمـــان بـــەتاوانی زەنـــدیق بیرمەنـــدەكانیان ســـوتاندووە، حەقیقـــەتی كارەساتەكەش ئەوەیە كەپیاوانی ئایین لەئەغریقو فەرەنساو ئیسپانیاو شـوێنەكانی دیكە لەهەبوونی تاشە بەردێكی گەورە لەبەرچاویاندا كوێربوون‌و لـەخەیاڵیشیاندا بووە حەقیقەتێكی ئایینی كەبەهیچ شێوەیەك پێشناكەوێ‌و نەگۆڕە، بێئاگا لـەوەی لەناو تاشە بەردەكەدا چـی هەیـە، دەگێڕنـەوە منـداڵێك بـەلای پەیكەرتاشـێكدا تێپەڕدەبێ‌و دەبینێ هونەرمەندێك لەبەردێكی گەورە (جرانیت) ڕاماوە، منداڵەكـە پێی دەڵێت: ئەوە بەشوێن چیدا دەگەڕێیت؟ پەیكەر تاشەكەش پێی دەڵێ؟: چـەند ڕۆژێك ئارامبگرە دواتر دەیزانیت.. دوای چەند ڕۆژێـك منداڵەكـە گەڕایـەوەو لـەجێی تاشە بەردەكە پەیكەری ئەسـپێكی بینـی، منداڵەكـە بـەم دیمەنـە سـەرنجی ڕاكێشاو بۆماوەیـەك لـێـی ڕامـاو بەپەیكەرتاشـەكەی ووت: بەڕاسـتی ئەسـپێكی جوانە، بەڵام چۆن زانیت لـەناو تاشەبەردەكەدایە؟!.

[8] الفكر المصري في العصر المسيحي لرأفت عبد الحميد – الهيئة المصرية للكتاب/ القاهرة/ نقلاً عن النص المؤسس ومجتمعه – تأليف خليل عبد الكريم – منشورات الجمل – دار مصر المحروسة، ص 175.




پێویست بەوە ناكات بڵێین گەردەلوولی دادگاكانی پشكنینو وابەستەی ئایینی كەئەورووپای گرتبۆوە بەتایبەت لەسەدەكانی ناوەڕاستدا مردو هەورەكەی ڕەوییەوەو ئێستا ئایین بەسەر ئەورووپادا نەسەپێنراوەوەو پیاوان ئایین تەورو شمشێرێكیشی درێژ نین بەسەرگەردنی خەڵكەوە. ئێستا ئەورووپیەكان پێیان وایە ئایین مەسەلەیەكی تایبەتییە (تاكە كەسییە) لەنێوان مرۆڤو خواداو نەدەوڵەت دەستێوەردانی هەیە بە ئایینەوەو نەپیاوانی ئایینیش دەستێوەردانیان هەبێت لەدەوڵەتدا. بەهەمان شێوەش لەداهاتوویەكی كەمێك دووردا هەوری توندڕەوی ئاینیش لەسەر ئیسلامو ئیسلامیەكان دەڕەوێتەوە. موسڵمانان ئەقڵی خۆیان بۆ دەردەكەوێو بیردەكەنەوەو ڕەخنەدەگرن، بەتایبەت لەوشتانەی پێشتر ڕێگەیان لێگرتبوون ڕەخنەی لێبگرن، بەمەش لەو ئەقڵە ڕزگاریان دەبێتكەپێشتر ڕێگەیدا بزووتنەوەیەكی وەك تاڵیبان دروست ببێت تا ئەفغانستان بگێڕێتەوە بۆ پێش چواردە سەدەو ڕێكخراوێكی وەك قاعیدەی لێبكەوێتەوە كەژیانی موسوڵمانانی ئەمریكاو ئەورووپاشی كردە ژیانی ئەو تاوانبارانەی لەترسی ئیهانەكردن ناوێرن بچنە فرۆكەخانەكانی جیهانەوە.

ئاساییەو هەردەبێ لەبیری خوێنەرو ڕەخنەگران، هەردووكیان وەكویەك، ئەوپرسیارەیان لادروست ببێ كەدەڵێت: (ئەم كتێبە لەپای چی؟) ئایا ئەم كتێبە




لەسەر بنەمای (ناكۆك بە تابناسرێیت) بۆ بەناوبانگیە؟!. یاخود لەپێناوی دەوڵەمەندییەكی خێرایە؟! بەڵام لەلای ئیسلامیەكی توندڕەو پرسیاری لەم جۆرە دروست نابێ، بەڵكو وای بۆدەچێت و سوێندیش دەخوات كەئەم كتێبە بەشێكە لەو پیلانە گڵاوەی هێزە خاچپەرست و ئەمپریای و داگیركەرو زایۆنییەكان سەركردایەتی دەكەن و لەدژی ئیسلام و ئیسلامیەكان دەیگێڕن.

وەڵامی منیش بۆ ئەوانە دەڵێم بەدڵنیاییەوە بۆ ناوبانگی نییە چونكە لەم بارودۆخەدا ترسم لەشۆرەت هەیە، هەروەها بۆ دەوڵەمەندیش نییە چونكە نوسەری عەرەب زۆر كەم لەرێگەی بڵاوكردنەوەی نوسراوەكانیان سامانیان دەستدەكەوت، بەڵكو زۆربەی جار دانەر لەسەر گیرفانی خۆی خەرج دەكا بێئەوەی هیچ قازانجێكی ماددی هەبێت. هۆی حەقیقی بۆ بڵاوكردنەوەی ئەم كتێبە زۆر لەوانە دوورترە، ئەو هەستەیە كەرۆشنبیری هۆشیار بەرامبەر بەلێپرسراوێتی ئەخلاقی و زانستی و مێژوویی لەبەرامبەر نەتەوەو مرۆڤایەتی هەیەتی. بەتایبەت دەبینێ نەتەوەكەی هەرەشەی تیاچوونی لەسەرە لەكاتێكدا نەتەوەكانی دیكە لەسەدەی جیهانگیری و تەكنەلۆجیای پێشكەوتوو شۆڕشی زانیاری سەرسورهێنەر كەجیهانی فراوانی كردۆتە گوندێكی بچووك هەنگاوی خێرادەنێ و پێشبڕكێی بەردەوام دەكات، لەهەمان كاتێكیشدا سەلەفیە




توندڕەوەكان هەوڵدەدەن موسوڵمانان لەقۆزاخە سەلەفیەدا بهێڵنەوەو لـەجیهانی سەردەم دایانبڕنو بەهێزو بەزۆر بیانگێڕنەوە بۆ دوواوە، بەناوی ئیسلامی پاكەوە بیانگێرنەوە سەدەكانی رابردوو رۆژانی سەلەفی صـالەح, هـەروەك لەئەفغاسـتان رۆژانی حوكمی تاڵیبان روویدا. بەڵێ جیهانی عەرەبی بەقۆناغێكی پڕ لـەدژواردا تێپەڕدەبێت. بەڵام كێ لەم بەڵایە بەرپرسیارە كەعەرەبو موسـوڵمانان بەگـشتی تێیدا تێپەڕدەبن؟!. بێگومان ئەم حاڵەتە لەدروسـتكراوی عـەرەبو موسـوڵمانان خۆیانو ئارەزوویەكی پێلەسەرداگرتنیان هەیە بەگەڕانەوەیان بۆسەدەكانی زێڕینی ئیسلام، واتە پێش چواردەسەدە لەزەمەن.

ئەم سەرشێتیو سەرسامیە بـەڕابردوو چـەند جەماعـەتێكی سـەلەفی راكێـشا بەجێبەجێكردنی كردنـی كارەسـاتە خوێناوییەكـەی یـانزەی سـێپتێمبەری سـاڵی 2001 وای لەئیسلام كرد كەهاوتاو مانای ئیرهابو موسوڵمانیش هاوتاو مانای تیرۆریـست هـەڵگرنو بەبۆچـوونی خۆیـان جیهانیـان بەسـەر دوو سـەربازگەی دژبەیەكدا دابەشكردووە، (یان دەوارو ڕەشماڵی ئیمـان یـاخود دەوارو ڕەشمـاڵی كوفر، یان ئێمە یاخود ئەوان، ژیان لەنێوانیاندا نییـە) وەك گوتـە فریودەرەكـانی تونـدڕەوە رۆژئاواییـەكان كەوتویانـە (رۆژ ئـاوا رۆژئـاوا یـەو رۆژهـەڵاتیش

رۆژهەڵاتەو بەیەك ناگەن) ئەم خواستە خۆكوژییە جگە لەوەی لەگەڵ رۆح‌و جەوهەری ئایینەكاندا ناكۆكە دژی مرۆڤایەتی‌و شارستانیەتی جیهانیشە.

ئەو هێزە پاڵنەرەی لەپشت پەڕگیرەكانەوەن بۆ بەجێگەیاندنی ترسناكترین تاوان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پێیان وایە هۆكاری سەرەكی ناهەمواری ئێستای نەتەوەكان لەدەرەنجامی دووركەوتنەوەی موسوڵمانان لەئیسلامە راستەقینەكەوە پەیدابووە!! چارەسەری ئەم دەردەش لەلای ئەوان گەڕانەوەیە بۆ زانیارییەكانی ئیسلامی ئصوڵی توندڕەو بەوێنەی سەردەمی خەلیفەكانی راشدین.

بەڵێ كاتێك ئیسلام هات كەعەرەب لەناو خۆیاندا پەرش‌و دابەشی چەندین هۆزی دژبەیەكی ناوجەنگ‌و داگیركردنی بەردەوامدا بوون، هەستیان بەنزیك بوونەوە لەیەكتر نەدەكردو بتیان دەپەرست بەشێوەیەك هەرهۆزەو بتێكی جیاوازو تایبەت بەخۆی هەبوو، (محمد بن عبدالله) لەپاش هەوڵێكی بێوچان‌و چەندین داگیركردنی یەك لەدوای یەك توانی لەبتەكانیان رزگاریان بكات‌و هەموو هۆزە عەرەبە دژبەیەكەكان بۆیەك پەرستش كۆیان بكاتەوەو یەكیان بخاتەوەو دەوڵەتێكی لوتبەرزو سوپایەكی بێشوماری بەهێز پێكبهێنێت كەتوانی چەند شوێنێكی پێداگیربكات هەر لەئیسپانیاوە بۆ هیندو سیند تادەگاتە بەشێكیش لەچین، لەئەنجامی پێوەلكاندنی شارستانیەتە كۆنەكانی ئەو ولاتانەتەواوە توانی




داگیریان بکات لەئەورووپاو ئاسیا لەگەڵ شارستانیەتی نیوە دوورگەو هەلی تێکەڵبوون لەگەڵ گەلو شارستالنیەکاندا قەڵەمبازێکی نەوعی لەپێشکەوتنی شارستانیەتی سەردەمی عەبباسی روویدا لەئەنجامدا شارستانیەتێك دروست بوو ناویاننا شارستانیەتی پێشکەوتووی ئیسلام کەلەسەردەمی خەلیفە هارونە ڕەشییددا بەسەردەمی زێڕین ناودەبرێ.

بەڵام ئایا سەردەمی خولەفاکانی راشدین وەك لەوەهمی سەلەفیەکاندایە هەیە سەردەمی زێڕین بوو؟ ئەگەر بڕوانیتە ئەو سەردەمە دەبینیت لەگەڵ مردنی پەیامبەردا ناکۆکیو ئاژاوە کەوتۆتە نێوان موسوڵمانانەوە. دەبینین یەنگران (الانصار)و کۆچەران (المهاجرین) هیچی وایان نەمابوو لسەر جێنشینی پەیامبەر شەڕە شمشێربکەنو یەکتری بکوژن. ئایا خەلیفە لەئەنصارەکان بێت یان لەموهاجیرەکان!؟! ئەنصارەکان دەیانویست بۆ خەلیفایەتی بەیعەت بدەنە (سعد بن عبادە)و موهاجیرەکانیش دەیانویست خەلیفە لەخۆیان بێت. کاتێکیش (عمر بن خطاب) بەیعەتی دا بە (ابوبکر الصدیق) (کەلە موهاجیرەکان بوو-وەرگێڕ) موهاجیرەکان وتیان جگە لە(علي بن ابي طالب) بەیعەت بەکەس نادەین، رابەرەکانیان لەماڵی (علي بن ابي طالب) پەنایان گرت. عومەریش چووە ماڵی عەلی کەلەوماڵەدا تەڵحەو زوبێرو کۆمەڵێك لەموهاجیرەکانی لێبوون، عومەر




پێی وتن: سوێند بەخوا یان لەماڵەكە دێنە دەرەوەو بەیعەت بە ئەبوبكر دەدەن یاخود خانوەكە بەسەرتاندا دەسوتێنم.[9] زوبێر بەم قسەیە نارەحەت دەبێت‌و شمشێرەكەی هەڵدەكێشێ‌و بۆی دەچێتە دەرەوە، لەپڕتاو دەكەوێت‌و شمشێرەكەی لەدەست دەكەوێتە خوارەوەو ئەوانیش هەڵمەتیان بردەسەری‌و شمشێرەكەیان لێسەند. دوای ئەوەی هەڵبژاردنی ئەبوبەكر بۆ خەلافەت جێگیر بوو (علي بن ابي طالب) بۆ ماوەی شەش مانگ بەیعەتی نەدایە[10] بەو باوەڕەی كەخەلافەت دەبێت لەناو كەسوكاری پەیامبەر بمێنێتەوە.

بەهەمان شێوەش كاتێك (عثمان بن عفان) بۆ خەلافەت هەڵبژێردرا, عەلی وتبووی: (هەڵبژاردنی عوسمان فێڵ بوو). هۆی ئەم قسەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتەی كەویستیان لەنێوان عەلی‌و عوسماندا یەكێكیان بكەنە خەلیفە، (عمرو بن عاص) چاوی بەعەلی دەكەوێ‌و پێی دەڵێت: (عبدالرحمن بن عوف)یان كردووە بەكەفیل تا خەلیفەیەك هەڵبژێرێ، بەمەش ئەو پیاوە ئیجتیهاد دەكات (واتە بە ئارەزووی خۆی كەسێك هەڵدەبژێرێ–وەرگێڕ) ئەگەر پرسیاری لێكردیت‌و تۆش توانایی خۆتت نیشاندا ئەوە دەستت لێهەڵدەگرێ، تۆ هەوڵ‌و

---

[9] تاريخ الطبري، دار الكتب العلمية، بيروت، المجلد الثاني، ص 233

[10] نفس المصدر ص 232




وزەی خۆتی نیشان بدە ئەوكاتە ئارەزووی دەچێتە سەرت.[11] دواتر (عمرو) دەچێتەلای عوسمانو پێی دەڵێت: (عبدالرحمن بن عوف) كەسێكە ئیجتیهاد دەكات سوێند بەخوا لەسەر توانایی نەبێت بۆ خەلافەت هەڵت نابژێرێت، هەرچییەكی پێ وتی تۆ رازی ببە.

(عبدالرحمن بن عوف) لەمزگەوتدا دەوەستێو لەعەلی پرسیاردەكاتو دەڵێت: ئایا تۆ بەیعەت دەدەی لەسەر قورئانو سوننەتی پەیامبەرو كاروكرداری ئەبوبەكرو عومەر؟ عەلی دەڵێ: سوێند بەخوا نەخێر بەلاَم هەموو وزەو توانای خۆم بەكاردەهێنم (هەروەك عەمرو بن عاص پێی ووت). دوایی هەمان پرسیاری لەعوسمان كرد ئەویش ووتی: بەڵێ بەیعەت دەدەم. بەم شێوەیە عەبدولڕەحمان عوسمانی كرد بەخەلیفەی سێهەم. عەلیش لەمزگەوتەكە هاتە دەرەوەو ووتی: ئەمە چ فرتو فێلێك بوو!![12]

هیچ جۆرە یەكسانییەك لەنێوان موسوڵماندا نەبووە وەك ئیسلام دەیڵێت، كاتێك كەخەلیفە عومەر ویستی بەیتولمال بەش بكات بیستو پێنج هەزار دیناری دایە (عباس, مامی پەیامبەر)، پێنج هەزار دیناریشی دایە هەریەك لەوانەی

[11] واتە مەڵێ دەتوانمو كارەكە دەكەم, بەڵكو بڵێ هەوڵو وزەی خۆم دەخەمەگەر تاكارەكە بكەم, وەرگێڕ.

[12] نفس المصدر ص 586




کەبەشداری شەڕی بەدریان کردبوو، دوو هەزار دیناریش بۆ بەشداربووانی خەڵکی شامو قادسییە. هەروەها دەهەزار دیناریشی دایە هەریەك لەژنەکانی پەیامبەر جگە لەکەنیزەکانی بۆ نموونە (صفية)[13] بۆیە ژنەکان پێیان وت کەپەیامبەر جیاوازی لەنێوانیاندا نەکردووە، عومەریش وەك یەك پێیدان بەلاّم دووهەزاری خستە سەر بەشەکەی عائیشە چونکە پەیامبەر زۆری خۆشویستووە.[14]

کەواتە کوا فەرمودەیەکی پەیامبەر کەدەڵێت: موسوڵمانان وەك دانەکانی شانە یەکسانن؟؟ ئەوە عومەرە، خەلیفەی دادپەروەر، دۆستایەتی کەسوکاری پەیامبەر دەکاتو فەزڵی هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەیان دەداو فەزڵی هەمووشیان بەسەر موسوڵمانەکانی دیکە وە دەدات!! ئایا ئەمە نییەتی گەندەڵی دارایی نییە کەلەسەردەمی خەلیفە عومەرو عوسمان ڕوویانداوەو ئێستاش لەوڵاتە ئیسلامییەکانی سعودو سوودان بەرێوەدەچێ؟! لەخەلافەتی عوسماندا پشتاوپشتو خەرجکردنی دارایی بەیتولمال بەسەر خزمانیدا یەکێك بووە لەکارە ئاساییو

---

[13] صەفییە یەکێك دەبێت لەدەستکەوتەکانی شەڕو پاش کوشتنی باوكو براو مێردو کوڕ بۆخۆی مارەی دەکات, بڕوانە کتێبی (سێکسو شەرعو ژن لەمێژووی ئیسلامدا) وەرگێڕ.

[14] نفس المصدر ص 452




ناسراوەکانی، (ام بکر بنت المسور) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە: حوشترێکم لەحوشترێك کردە صەدەقەو دامە عوسمان ئەویش پێشکەشی کرد بەهەندێك لەهۆزی بەنی حەکەم (لە پشتی بەنی ئومەییە) لەخزمانی.[15]

عوسمان لایەنگیریو دۆستایەتی خزمانی خۆی لەهەموو شتێکدا دەکرد تا کار گەیشتە ئەوەی خەڵکی لێی راپەرین، ئەوجا گوتارێکی بۆ خوێندنەوەکە تێیدا لەخەلافەتیان خست، لەگوتارەکەدا وتبوی: ئەی خەڵکینە، سوێند بەخوا کەس لەئێوە خەوش‌و نەنگی نەکردووە کەمن نەیزانم، هیچ شتێکیشم نەکردووە کەخۆم نەیزانم، بەڵام دەروونی بۆگەنم بەدرۆی خستمەوەو هۆشی لەلابردم، گوێم لێبووە پەیامبەر دەیگوت: کێ هەڵخلیسکاو کەوت تەوبەبکات، کێ هەڵەی کرد تەوبە بکات‌و لەناو وێرانیدا خۆی نەگلێنێ، منیش یەکەم کەسم بەم ئامۆژگاریە بکەم، ئەستەغفرلوڵڵاو تەوبەم هەربۆ خوایە لەوەی کردوومە، ئەوە منیش خۆم پاککردەوەو تەوبەم کرد.[16]

جارێکی دیکەش کەخەڵکەکە لێی بێزار ببونو لەلای دەرگای ماڵەکەیدا کۆببونەوە عوسمان داوای لەخزمێکی خۆی کرد (مروان بن الحكم) بڕواتە

---

[15] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 661 ( مصدر سابق)

16 تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 659 ( مصدر سابق)

دەرەوەو قسەیان لەگەڵ بکات چونکە خۆی گوتەنی: شەرم دەکەم قسەیان لەگەڵ بکەم. لەبەرئەوە مەروان قسەی بۆکردنو ئەوانیش بەرێکەوتن. کاتێ عەلی ئەمەی بیست هاتەلای عوسمانو پێی ووت: کەمن لەمەروان ڕازی بووم ئەوە ناگەیەنێت کەلە تۆ ڕازی بووم کاتێ لەتۆ ڕازی دەبم کەلەئەقڵو لەئایینت ڕابماڵم بەوێنەی حوشتری کۆچبەر بۆ هەرکوێ ویستی ملی ڕێگەت بگرێتەبەر.

لەگەڵ ئەوەی عوسمان تەوبەی کرد کەچی لەسەر ئەوە بەردەوام بوو ئەملاولای خۆی لەخزمانی بتەنێتو ئەمەش وایکرد لە(جبلە بن عمرو الساعدی) کەپێی بلێ: سوێند بەخوا یان ئەم مزگەوتە بەسەرتا دەڕوخێنم یان ئەوەتا جلی خەلیفایەتیت پێدادەکەنم. عوسمانیش پێی ووت: کام پۆشاکی خەلیفەیی، سوێند بەخوا من خەڵکی هەڵدەبژێرم. (جبلە)ش پێی ووت: کام هەڵبژارد؟ ئەو مەروانەی هەڵبژارد؟ ئەوە (عبداللە بن عامر)ەی هەڵبژارد؟، (عبداللە بن سعد)یشت هەڵبژاردووە، تۆ کەسانێکت هەڵبژاردووە کەپەیامبەر خوێنی حەڵاڵ کردوون.[17]

تەنانەت داوێنپیسیش لەوسەردەمە زێرینەدا بەربڵاوبووە، لەساڵی 17ی کۆچیدا عومەری کوڕی خەتتاب (ابا موسی الاشعری) دەکاتە والی بەصرەو

17 نفس المصدر، ص 661

فەرمانی پێدەكات (مغیرە)ی لەبەصرەوە بۆ بنێرێ، ئەم موغەیرەیە پەیوەندی لەگەڵ ژنێك دەبێت لەبەنی هلال بەناوی (أم جمیل) كەمێردەكەی مردبوو, جارجار بەسەریدەكاتەوە. ئەم بێوەژنە دۆستو سەردانی موغەیرەو ئەمیرو ئەشرافەكانی شاری بەصرەی دەكردو لەشی خۆی پێدەفرۆشتن. هەندێك ژن لەو زەمەنەدا ئەمە كاریان بووە.[18]

لە خەلافەتی عومەردا دزیش لەشارەكەدا بەربڵاو بووە، دەگێڕنەوە: عومەری كوڕی خەتتاب لەدەرەنگانێكی شەودا دەچێتەلای (عبدالرحمن بن عوف) عەبدولرەحمان پێی دەڵێت: ئەی ئەمیری بڕواداران بەم درەنگ وەختە چی هێنایتیە ئێرە؟ عومەر پێی دەڵێت: هەندێك هاوەڵم لەناوچەی (السوق)[19] میوانن‌و لەدزەكانی شار ترسم بۆیان هەیە.[20]

بەم ریوایەتە بۆمان دەردەكەوێت خەلیفە عومەر سەرەڕای جێبەجێكردنی بڕینی دەستی دز كەچی شارەكە پڕە لەدز!!

18 نفس المصدر ص 493

19 ناوی گەڕەكێك بوو لەشاری مەدینەو دەكەوتە ناوەڕاستی شارەكەوە.

20 نفس المصدر ص 567




هەروەها ناكۆكییەكانی نێوان هاوەڵانی پەیامبەرو كەسوكارەكەی ئاشكراو ناسراو بووە. لەدوای مردنی پەیامبەر فاتیمەی كچی لەگەڵ (عباس)ی برای باپیریدا دەچنەلای خەلیفە ئەبوبەكرو داوای میراتی خۆیان دەكەن لەوسامانەی پەیامبەر بۆی جێهێشتبوون بەتایبەت پارچە زەوییەكەی (فدك)و بەشێك لەخەیبەر (كە دوای داگیركردنیان لەنێوان موسوڵماناندا ئەنفال كران-وەرگێڕ) خەلیفە ئەبوبەكر پێی وتن: هیچتان نادەمێ چونكە گوێم لەپەیامبەر بووە وتویەتی: (ئێمەی پەیامبەران میرات جێناهێڵین، ئەوەی جێ دەمێنێ صەدەقەیە) ئایا كەسوكاری محمد لەماڵی خێرو بەخشندە دەخۆن؟ بەم وەڵامە فاتیمەی كچی پەیامبەر (ژنی عەلی كوڕی ئەبی تاڵب) زویر دەبێ‌و تامردنیشی قسەی لەگەڵ نەكرد. لەمردنەكەشیدا عەلی بەشەو دەینێژێ‌و ئەبوبەكریش ناچێتە پرسەكەیەوە.[21]

ئەوەندە بەسە كەبزانین جگە لەخەلیفە ئەبوبەكر تەواوی خەلیفەكانی راشدین بەدەستی موسوڵمانان كوژراون. ئیتر ئەمە لەكوێدا سەردەمی زێرین بووە وەك باسی دەكەن؟! ئەو سەردەمە لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستاماندا جیاوازی نییە، فێڵ‌و تەڵەكەبازی‌و لەشفرۆشی‌و دزی‌و كوشتنی تێدابووەو بەدرێژایی سەردەمی

[21] تاريخ الطبري، دار الكتب العلمية، بيروت، المجلد الخامس – ص 236




هــەموو خەلیفــەکان درێــژەی کێــشاوەو یــەکێکیان نــەبێ (ابــوبکر)ئــەوانی دی بەرکوشتنەکەش کەوتن.

کێشەی سەلەفیەکان ئەوەیە بەیەك چـاو تەماشـای مێـژوو دەکـەن، لـەبیریان چووە کەکاروبار وابەستەیە بەکاتو شوێنی خۆیــەوە، ئــەوەی بــۆ نەخۆشــییەکی دیاریکراو لــەکاتی خۆیــدا سودبەخــشە رەنگــە لــەکاتێکی دیکــەدا ســودبەخش نەبێت! پەیامبەریش درکی بەم راستییە کردووەو وتویەتی: (زانایـانی نەتەوەکـەی مـن لـەزۆری‌و نـاکۆکی بیروبۆچـونیاندا وەك پەیامبــەرەکانی بــەنی ئیــسرائیلن) هەربۆیــە لــەدوای خــۆی دەرگــای ئیجتیهــادی بــۆ موســولّمانان کــردەوە تــا چارەسەری گرفتە نوێیەکانی پێبکەن.

لەبەرئەوە بینیمان کەخەلیفە عومەر هەستا بــەگۆڕینی یاسـای شــەرعی زیـاتر لەچل مەسەلە کەلەسەردەمی پەیامبەرو خەلیفـە ئەبوبــەکردا پــەیڕەویان دەکــرد. ئەمەش بە ئیجتیهادی خۆی‌و کەسیش رێگر نەبوو. لــەو ئیجتیهادانــەش: خەلیفــە عومــەر زەواجــی موتعــە حــەرام کــردو[22] حــوکمی بەشــی (مؤلفــة قلــوبهم)ی

[22] زواج المتعة یاخود زواج المؤقت: موسوڵمانان لەوکاتەدا دەیانتوانی بەئاشکرا ئەم زەواجە پەیڕەوبکەن بەوەی پیاوێك لەگەڵ ژنێکدا رێکبەکەوێت لەسەر ئەو زەواجە بۆماوەیەکی کاتی‌و بەکرێیەکی دیاری کراو. ئەم حوکمە شەرعیە نەك هەر لەریوایەتە صەحیحەکانی بوخاری‌و موسلیمدا هاتووە بەڵکو بەدەقی قورئان باسی کراوەو شەرعیەتی پێدراوە، بڕوانە سورەتی النساء ئایەتی (24)و نەبەقورئان‌و نەبەحەدیس حەرام نەکراو




شـەرِگەکانی لابـرد..[23] و هـی دیکـەش. هـەروەها خەلیفـە عـەلیش وتویـەتی: (رۆڵەکانتان لـەسەر ئاکارو نەریتی ئێستای خۆتان پەروەردە مەکەن چونکە ئەوانە بـۆ زەمـانێکی دیکـە هـاتوون کـەزەمانی ئێوەنییـە) لەمەشـەوە ئـەوە تێدەگـەین کەئیسلام دایناوە بەو پێشکەوتنە بەرچـاوەی کۆمـەڵگاکانی ئـادەمیزادو ڕێگـەی داوە بـە موسـوڵمانان بـەپێی داخـوازی قۆناغـەکان گۆڕانکـاری بکـەن. بـەڵام کارەسات لـەوەوە دەستی پێکرد کـەدەرگای ئیجتیهـاد داخـراو موسـوڵمانانیان لـەناو حوکمە کۆنەکاندا قەتیس کردو هەموو گۆڕانکارییەکیان بـە بدعـە زانـیو هەموو بدعەیەکیشیان بەگومڕایی زانیو شوێنی هەموو گومڕایەکیش دۆزەخ.

جگە لەوەی کەداخستنی دەرگای ئیجتیهاد لەئیـسلامدا دەورێکـی گرنگـی لەکوشتنی هیوای موسوڵماناندا بینی، هۆیەکی دیکەش هەیە کەهیچی لەو کەمتر

---

عومەری کوڕی خەتتاب حەرامی کرد. بۆ زیاتر زانین بڕوانە (سێکسو شەرعو ژن لەمێژووی ئیسلامدا)– وەرگێڕ.

[23] پێش ئەوەی ئیسلام هێزو دەسەڵات پەیدا بکات چەندین کەسایەتی ئەرستۆقراتو دەوڵەمەندو پیاوماقوڵ هەبوون دژایەتی ئیسلامیان دەکرد, پەیامبەریش لەگەڵیان ڕێکەوت لەبەرامبەر دژایەتی نەکردنو بێدەنگیاندا بەشێك لەو دەسکەوتەیان بداتێ کەلەئەنفالو غەزاکاندا چنگیان دەکەوت، ئەمەش لەقورئاندا بە (الْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ) ئاماژەی بۆکراوە..وەرگێڕ {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ} (60) سورة التوبة




نییـه، ئـەویش حـەرامکردنی موسـوڵمانانە لەرەخنـەگرتن. رەخنـە لەئیـسلامدا حەرامەو حوکمەتە عەرەبیو ئیسلامیەکانیش لەسەر ئەم رەوتە بـەردەوام بـوونو کۆمەڵگا ئیـسلامییەکانیان لەپـەیڕەوکردنی رەخنـەو ئـازادی فکـرو رادەربـڕین قەدەغە کردووە.

کارل مارکس دەڵێت: (ئایین پەناگـەی ناڵانـدنی مەخلوقـە چەوسـاوەکانو خەیاڵە پڕ بەختەوەرییەکانیەتی، رەخنـەگرتن لـەئایینیش رەخنەگرتنـە لـەو دۆڵـە فرمێـسکاوییەی کـەپڕە لـەگوڵی خـەیاڵیو ئـەوەی کەبـەئایین خـۆی ئەچـوێنێ هالەیەکی پرشنگدارە کەچواردەوری گرتووە، رەخنەگرتن لـەئایین ئـەو گوڵانـە دەچـنێتەوە کەچەوسـاوە دەسـتو پێوەنـدو زنجـیر کراوەکـان لەخەیاڵیاندایـە (رەخنە)ئەو کارەناکات کەکەسی چەوساوە لـەو بەختەوەرییانـە حـەرام بکـات کەلەکاتی بینینی گوڵە خەیاڵیەکەیدا هەستی پێدەکات بەڵکو لەو زنجیرو پێوەندە رزگاری دەکات تابتوانێ بەئازادی گوڵی حەقیقی بچنێت.[24]

قەدەغەکردنی رەخنە لەئیـسلام دەورێکـی گرنگـی لەپاشەکـشێی عـەرەبو موسوڵماندا بینیو وەك بینیـشمان موسـوڵمانە پێـشینیەکان بـاجی گـەورەیان دا

[24] Karl Marx, Contribution to the Critique of Hegels Philosophy of Right. Quoted from The Contradiction of Christianity by David Jenkins, 1976, SCM Press Ltd.London, p 107




بەهۆی رەخنەگرتنیان لەسەر هەندێك زانیاری ئیسلام‌و تەنانەت ئیجتیهادیان لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ کەجێی مشتومڕ بێت وەك خەڵقکردنی قورئان لەلای موعتەزیلە. ژمارەیەکی زۆریش لەبیرمەندی موسوڵمان هەیە کەچەوساونەتەوەو کوژراون‌و بەرهەمە نوسراوەکانیان سوتاندون، وەك: ابن الراوندی، ابی بکر الرازی، موعتەزیلەکان، ئەشعەرییەکان، ئیخوانی صەفاو زۆری دیکەش، کەنوسینەکانیان نەگەیشتۆتە ئێمە جگە لەو نەختینەیە نەبێت کەدوژمنانیان بۆ رەتکردنەوەیان تۆماریان کردبوون.

لەبەرئەوە پێموایە جیهانی ئیسلامی بەبێ رێگەدان بەرەخنە ناتوانێ هیچ پێشکەوتنێك بەخۆیەوە ببینێت. بۆی هەیە ئەم کتێبە یەکەمین کتێبێك بێت لەوجۆرە کەبەزمانی عەرەبی نوسرابێ‌و خوێندنەوەیەکی رەخنەیی زانستیانەی بیلایەن لەخۆبگرێت بەبێ ئەوەی پاڵپشتی بۆهیچ لایەك دەرخات‌و پەرگیری تێدا بکات کەتێیدا پشتم بەستووە بەو سەرچاوە موعتەبەرە کلاسیکیە ئیسلامیانەی کەلەلایەن هەموو گروپ‌و مەزهەبە ئیسلامییەکانەوە جێی رێزن تابتوانم شیکردنەوەو بەڵگەی تەواو بۆ بۆچونەکانم بخەمە ڕوو.

لەگەڵ ئەوەشدا پەرگیرەکان دەکەونە پەلەقاژە چونکی ئەوانە لەگەڵ رەخنەگردا لێبوردە نین‌و دواتر لەناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکەم

کەلەئیسلامدا نەلێبوردەیی هەیە نەرێز لەبیروڕای کەسانی دیکە دەگرێت. ئەم پەرگیریو نەبوونی لێبووردەیی لەگەڵ ڕەخنەدا درێژە دەکێشێ تادەگاتە پەیڕەوی سیاسی وڵاتە ئیسلامییەکان. جێی داخیشە هەتا ئێستا یەك دەوڵەتی ئیسلامی نییە دیموکراتیەتی ڕاستەقینەی جێبەجێکردبێت نەلەم سەردەمەداو نەلە سەردەمەکانی پێشوو تریشدا. نیوە کیشوەری هیندستان بۆ ماوەی چوار سەدە لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرابوو، لەدوای ڕزگاربوونیان لەساڵی 1948 ئەوبەشەی کەزۆرینەی ئیسلامین لەهیندستان جیابووەوە کەپاکستانە. لەسەرەتادا پاکستان وەك هیندستان دەوڵەتێکی دیموکراتی بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت دیموکراتیەت لەپاکستاندا شکستی هێناو لەهیندستانیشدا بەهۆی ئەوەی زۆرینەی موسوڵمان نەبوون سەریگرتو سەرکەوت، تەنها جیاوازییەکیش ئەگەر هەبووبێت لەناو ئەو دوو دەوڵەتەدا ئایین بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین موسوڵمانەکان بەرگری دەکەن لەدژی دیموکراتیەتو مافەکانی ژنانو مۆدێرنیتە سەربازی ئەوەی ئیسلام وتویەتی {وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ}[25] کاروبارییان بەراپرسیو ڕاوێژ بێت). ئەم بابەتانە پێویستە لەلایەن بیرمەندانی عەرەبو موسوڵمانانەوە پێشئەوەی لەدەست دەرچن گرنگیان پێبدرێت.

---

[25] الشورى 38




جێی خۆیەتی بڵێین کەرۆژئاوا ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لەبوارەکانی شارستانیەتو پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆجیو ئابووریو هونەرە جۆربەجۆرەکانو بوارەکانی دیکەی ژیان بەرجەستەکردووە بەجیاکردنەوەی سیاسەت لەئایینو ئازادیو بیروبۆچوونو ڕەخنەو بڵاوکردنەوە بەدەستی هێناوە، بەمەش بەراستی پێموایە ئەگەر عەرەبو موسوڵمانان بیانەوێ بگەنەوە بەشەمەندەفەری ئەو شارستانیەتە پێشکەوتووە پێویستە لەسەریان وەك ڕۆژئاوا ئایین لەدەوڵەت جیابکەنەوەو دیموکراتیەتی ڕۆژئاواییو ئازادی بیروڕا بەرجەستە بکەن ئەگینا تیادەچین، بنەمایەکیش لەئیسلامدا ڕێگە بەم کارە دەدات: (حاكم كافر عادل خير من حاكم مسلم جائر) دادوەرێکی بێباوەڕی دادپەروەر لەدادوەرێکی موسوڵمانی ستەمکار باشترە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بابەتەکانی ئەم کتێبە، دابەشی چەند بەشێکم کردووە، بەشی یەکەم بیرۆکەی گەشەسەندنی ئایینە جۆراو جۆرەکانم شی کردۆتەوە، لەبەشی دووهەمدا لەسەر (محمد بن عبدالله) نوسیمە، لەدایکبوونی، منداڵییەکەی، پەیامەکەیو شێوەکانی، لەبەشێکی دیکەدا باس لەقورئانو لەیەکنەچوونو پێچوانەکانی دەکەم کەلەگەڵ زانستی سەردەمدا ناگونجێ، دواتر کەهەردەبوو قسە لەسەر ئافرەت لەئیسلامدا بکەم چونکە ئافرەت




لەرۆژهەلاّت دا زانایانی ئیسلام لەژێر زەمینو ناوەڕاستی خانوەکانیاندا بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیە زیندانیان کردوونو ڕێگریشیان لەو ولاّتانە کردووە کەدەیانەوێت لەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا پیشکێکیان بەرکەوێت. دواتر لەبەرئەوەی ولاّتە ئیسلامیەکان بەیاساو بەبێ نکولّی لەحەرامکردنی کۆیلەدا شکستیان هێنا هەردەبوو قسەیەکیش لەسەر ئیسلامو کۆیلایەتیو جیهاد لەپێناوی خوادا بکەم، ئەو جیهادەی کەهۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ زیادبوونی ژمارەی کۆیلە لەدەوڵەتە ئیسلامیەکاندا.




## بەشی یەکەم

## پوختەیەکی مێژوویی
## دەربارەی سەرهەڵدانی ئایینەکان

لەسەرەتادا ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە, بەبۆچوونی زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی، لەبیرکردنەوەو تێگەیشتندا بۆدیاردەکانی سروشت سادەو ساکاربووە، لەوانە شەوو رۆژ، باران‌و بروسکەو هەورەگرمەو هاوشێوەکانی..تاد. ئەم دیاردانەش لەدروونیدا بۆی دەبوونە مایەی ترس‌و نیگەرانی, جالەبەرئەوەی مرۆڤی سەرەتایی نەیتوانیوە تەفسیری ئەم دیاردانە بکات وابۆی دەچوو کەهێزێکی لەرادەبەدەر زاڵە بەسەر ئەو دیاردانەو ژیانی ئەمیشدا. ئەم هێزە لەرادەبەدەرە لەلای هەستپێنەکراو بووە، بەمانایەکی دی هێزێك لەو دیو سروشتەوە، واتە هێزێکی میتافیزیکی هەبووە. دواتر مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی بەهەبوونی پێکهاتەیەکی رۆحی بووە کەتەحەکوم بەسەر دیاردە سروشتیەکان‌و ژیانی مرۆڤەوە بکات. ئەم بۆچوونە لەلای مرۆڤی پیشینەکان




سەرەتای بیرۆکەی ئایینەکان بووە, ئینگلیزێك (تایلر E.B.Taylor)[1] شارەزا لەزانستی ئەنسرۆپۆلۆجی لەو بارەیەوە کتێبێکی لەساڵی 1871 نوسی بەناونیشانی (Primitive Culture, ڕۆشنبیری سەرەتایی) ئەم کتێبە بەیەکێك لەگرنگترین سەرچاوەکان بۆ مێژووی ئایینەکان دادەنرێت. بەباوەڕی (تایلر): باوەڕبوون بەپێکهاتەیەکی ڕۆحی لەئەنجامی ئەزموونی کۆمەڵە مرۆڤێك لەسەر هەندێك حاڵەتی وەك مردنو نوستنو خەوبینین هاتە ئاراوە, ئەم ئەزموونانە باوەڕی ئەوەی لەلا پەیدا کردوون کەپێکهاتە ڕۆحیەکە لەلەش جیایەو دەتوانێ بەتەنها خۆی ژیانێکی سەربەخۆی هەبێت، دواتریش مرۆڤی سەرەتایی هاتەسەر ئەو بڕوایەی کەتارماییو خەیاڵەکان بەراست بزانێت.

لەراستیدا مرۆڤی سەرەتایی خوێندنەوەو نوسینی نەزانیوەو ئەوەی فێری بووە ئەوانە بووە کەلەرێگەی تەڵقینەوە باوو باپیرانی فێری کردوون، بەمەش زانستو زانیارییەکانی باوو باپیران بەهایەکی گەورەیان پەیدا کردووەو پیاوە گەورەکانی گوندو هۆزەیش پارێزگارییان لەم زانیاریانە دەکرد. ئەو کەسەشی کەلەو بارەیەوە زیاتری دەزانی دەبووە سەرۆکی هۆزەکەو دەبووە پزیشكو چارەسەری

[1] Encyclopaedia Britannica, 1994, “ History of Religion” Colson,A.B. An Amerindian derivation for Latin American,and de Armellado,C., 1983




ئەو نەخۆشیانەی دەکرد کەپشتاو پشت بۆیان ماوەتەوەو فێریان بووە، بەپێی ئەوەی خۆی بەراست دەزانی حوکمی دادپەروەرانەی ئەو کەسانەی دەکرد کەلەنێوانیاندا ناکۆکی بەرپا دەبوو.

بەبێ‌گومان مردنی کەسێکی لەم جۆرە مردنی کەسێکی گەورەی ئەو هۆزە دەگەیەنێت، بەچەندین تەقس‌و ئاکار هەوڵیان دەدا واتیبگەت کەرۆحی ئەم کەسە هەتا ئێستاش لەناویاندا دەژی‌و لەگەڵیاندایەو ڕێنیشاندەری چاکەیانە. بەرەبەرە ئەم ڕۆحە ڕۆشنبیری‌و فۆلکلۆرو شوێنێکی گەورەی لەناو ئەو کۆمەڵە مرۆڤەدا داگیر کردووەو لەئەنجامدا ئاکارێك هاتۆتە ئاراوە کەپێی دەگوترێت پەرستنی ڕۆحی باوو باپیران Ancestor worship. جا ئەگەر ئەم کۆمەڵە مرۆڤە دوچاری خراپەیەك یانەخۆشییەك هاتبن, واتێدەگەیشتن کەیەکێك لەرۆحەکانی باوو باپیرانیان توڕەیەو پێویستە لەرێی سەماو قوربانی‌و دیاری بەخشینەوە رازی بکەن. ئەم دیاری بەخشین‌و قوربانیدانە یەکێکە لەگۆشەو لایەنە گرنگەکانی ئایین بەو پێیەی کەئایین لەسەر دوو ئەرك گۆشەگیر بووە, بڕواهێنان‌و کارکردن, کارکردنیش شوێنکەوتەی بڕواهێنانە، شێوازو دروشمی بڕواهێنانە. لەو دروشمانەش سەماو سیحرو قوربانیدان‌و پەرستگاکانە. هەتا ئێستاش هەندێك لەهۆزەکانی ئەمریکای خوارووی بڕوایان بەم بیرۆکەیە هەیەو کاری پێ دەکەن..




رۆحی باو باپیرانیش بەشێوەیەكی ئاسایی پەیوەندی بە شوێنێكی دیاریكراوەوە هەبووە وەك تاشەبەردێك یان درەختێكی گەورە لەناوەراستی گوندەكەدا. ئەمەش بەردو درەختی بەرەو پیرۆزی بردو وایان دەزانی كەهێزێكی رۆحیی لەناویاندا هەیەو كەوتنە پەرستنی ئەوانیش. وردە وردە ئەم بەردو درەختانە لەو گوندانەدا بوە هێمای رۆحی یەكێك لەباوو باپیرانیانو لەمەوە بیرۆكەی پەرستنی بتەكان سەریهەڵدا. بتیش لەسەرەتادا لەپارچە بەردێك یان لەپارچە درەختێكەوە دەركەوتووە.

عبرانیە كۆنەكان ئەم جۆرە بتەیان لەدرەخت گەورە كردو عەرەبی جاهلیش پیادەیان كرد. یەكێك لەو درەختانە بەزمانی عیبرانی Rothemو بەزمانی عەرەبی (رتم) ناسراوە.[2]

ئەم درەختانە چاودێریو خزمەتیان دەكرێو وەك ئەوەی هەستو سۆزیان هەبێ خەڵكی ئاهەنگیان پی دەگێرن, درەختێك هەبوو بەنێوی (ذات انواط) درەختێكی سەوزی گەورە بووە, نزیك شاری مەككە, عەرەبەكانی جاهلی ساڵێ جارێك سەردانیان دەكردو بەگەورەیان دادەناو شمشێرو كەلوپەلی جەنگیان پێدا

2 تاج العروس، المجلد الثامن، ص 303/ نقلاً عن: تاريخ العرب قبل الاسلام تأليف د/ جواد علي، مطبعة المجمع العلمي العراقي/ بغداد، المجلد الخامس ص 168




هەڵدەواسیو لەژێریدا قوربانیەكانیان سەردەبڕی. لەبەرئەوەی ڕۆحی باوو باپیران چەند ڕۆحێك بوون، ئەم چەند دانەییە بەرەو چەند خوایيو هاوەڵدانانیان بردن. هاوەڵدانان بەزمانی عەرەبی (الـشرك)و بەئینگلیزی Poltheismو بەیۆنانی Polys ناسراوەو بەمانای فرەخوایی دێتو بەمانایەكی دیكەش خواوەند. بەزمانی یۆنانی (Theos) هاتوە ئەم هاوەڵدانانە لەگەڵ باوەڕبوون بەرۆحو جنۆكە Polydaem onism جیاوازی هەیە.

هەندێك كۆمەڵو هۆز دیاردە سروشتیەكانیان دەپەرست بەو وەهمەی كەهێزێكی ڕۆحی تێدایە, خۆرو مانگو هەندێك لەئەستێرەكانیان كردە خوا. خۆرو مانگ یەكەم دیاردەی ئاسمانی بوون كەسەرنجی ئادەمیزادیان بۆلای خۆیان ڕاكێشاوە بەتایبەتیش خۆر كەكاریگەری گەورەی لەسەر زەویو كشتوكاڵو ژیانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەكی ڕەها هەبووە. هەروەها (مانگ)یش كەكاریگەری لەسەر خودی مرۆڤ هەبووەو ڕێنیشاندەری شەوانی بووە، كاتێكیش مرۆڤ بەرەو پێش چوو لەهەندێك كاری ئەودیو سروشتدا زانیاری پەیداكردو واهاتە خەیاڵییەوە كەهێزێكی نەبینراوو ڕۆحو هەندێك شتی دیكە لەپشتە پەردەوە هەن بەتایبەت ئەو شتانەی كەسیفەتی خوایی هەڵدەگرن، بەم هۆیەوە لەسیفەتە مادیە ڕووتو سروشتە زانراوەكە چونە دەرەوەو شێوازێكی دیكەیان دایە هێزەكانی




رۆح کەهەستی پێنەکرێت بەڵکو لەرێگەی کارو کردەوەکانی ئەم گەردوونەوە هەستی پێبکرێت, بەم هۆیەوە خۆرو مانگو ئەستێرەیان پەرست.

دەڵێن خێڵێك لەهۆزی (بنی تیمیم) لەنیوە دورگەی عەرەبدا (الدبران)یان دەپەرستو هەندێك هۆزیش لە(لخم و خزاعه) (الشعرى)یان دەپەرست ئەوەش لەقورئاندا، (سورەتی النجم -49)دا هاتووە {وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى}

کاتێك مرۆڤ بەرەو پێش چوو بوونە جوتیار, ئاوو بارانو رووبار بوونە سەرچاوەی هێزو نیعمەتەکانی. پشتیان بەلافاوی رووبارەکان بەست, میسرییە کۆنەکان قوربانیان پێشکەش بەرووباری نیل کردوە، بۆ نمونە کچیان دەکردە قوربانی بەڵکو رووباری نیل لێیان رازی بێتو چاکەو نیعمەتیان بۆ زۆر بکات.. بەم شێوەیە زۆرێك لەکۆمەڵەکانی دیکە ئەم رێگەیەیان گرتەبەر. بیرۆکەی بەرهەمهێنانی چاکی زەوی کشتوکاڵیان بەو دایکەوە بەستەوە کەمنداڵی زۆر بەرهەم دێنێت لەمەشەوە بیرۆکەی خوداوەندی دایك Mother Goddess هاتە ئاراوە. (نحاتون) ناوێك چەند پەیکەرێکی لەوێنەی ژنانی سکپڕو رووت تاشی. هەرلەم جۆرە پەیکەرە لەچەند ولاتێکی ئەورووپاو رۆژهەلاتی ناوەڕاستو هیند دۆزراونەتەوە. خوداوەندی دایکیش بەچەندین جۆر ناونراون ئینانا




لەسۆمەرو عەشتار لەبابلو عەننات لەخاكی كەنعان لەفەلەستینو ئیسیس لەمیسرو ئەفرۆدایتی لەیۆنان.

دەوروبەری (4000) ساڵ پێش زایین شارستانیەتێكی گەورە بەناوی میزۆپۆتامیا لەناوچەی نێوان هەردوو روبار دەركەوت, نەتەوەیەك دروستی كردبوو بەسۆمەرییەكان ناسرابوونو چەند شارێكیش (ئور)و (كیش)و چەند پەرستگایەكیشیان بۆ خوداوەندەكانیان دروست كردبوو.[3] لەدوای ئەوانیش كلدانیەكانو ئەكەدییەكان هاتنو گەورەترین شاریان بەناوی (بابل) دروست كرد كەبەمانای (دەرگای ئیل) دێتو (ئیل)یش خواوەندی سامییە دێرینەكان بوو. شاری بابل بەشاری بەهەشتە هەڵواسراوەكان بەناوبانگ بوو كەپاشا نەبوخوزنەسر بۆ ژنەكەی دروستی كردبوو، ئەم بەهەشتە هەڵواسراوانە بەیەك لەحەوت سەرسوڕهێنەرەكانی جیهان دەژمێردرێت. كلدانییەكان پێیان وابووە كەخواوەند لەئاسماندا كۆشكی گەورەو باخچەی زۆری هەیە, لەبەرئەوە لەشێوەی ئەوی بابلیەكان وەك ئەوەی لەخەیاڵیاندا وێنایان كردبوو ئەو بەهەشتە هەڵواسراوانەیان دروست كرد. هەروەها پێیان وابوو هەموو خواوەندەكان یەكیان گرتووەو توانیویانە بەسەر ئەو هێزە ئاژاوەیەدا زاڵ بن كەبەسەر جیهاندا

3 Karen Armstrong, A History of God, 1993, Vintage, P. 12

زاڵ بووە، لەبەر ئەمە سالانە بۆماوەی یانزە رۆژ ئاهەنگیان دەگێڕاو تێیدا پیاوانی ئایین چەند دروشمێكی ئایینیان دەخوێندەوە, وەك قەسیدە درێژەكەی (انیوما الیش) كەتێیدا سەركەوتنی خواوەندی بەسەر هێزی ئاژەوەدا شكۆدار كردو چیرۆكی دروستبوونی گەردوونی گێڕایەوە. چیرۆكەكە بەوە دەستپێدەكات كەخواوەندەكان خەریكی دروستكردنی خۆیانن, گوایە هەموویان لەئاوێكی پیرۆز دەركەوتون كەلەدێر زەمانەوە هەبووەو ئەو سێ خواوەندەی لەهەموویان گەورەتربوون ئەمانە بوون (ئەپسۆ Apsu) خوای ئاوی شیرین‌و بەتامو ژنەكەی (مۆمۆ-Mummu) خوای ئاژاوە. دواتر ئەو خواوەندانە پەرەیان سەندو هەرخواوەندێك دوو خواوەندی لێپەیدا بوو (لاهمۆو لاهامن Lahmu and Lahamn) خوای ئاوو خوای زەوی, دواتر (انشرو كشر Ansher and Kisher) خوای ئاسمان‌و خوای دەریا. دوای هەموویان خوای خۆر (ماردۆخ Marduk) كەدواتر بەسەر خوای (تیمات)دا سەركەوت‌و هەموو ئەو یاسایانەی دروست كرد كەجیهان ئاستەنگ دەكات ئینجا مرۆڤیشی دروست كرد.[4]

4 Karen Armstrong P 14




وادەردەکەوێت کەداستانی ماردۆخ کاریگەری بەسەر خاکی کەنعان (فەلەستین)ەوە هەبووبێت، چونکە خواوەندێکیان بۆخۆیان دروستکردو ناوییان نا (بعل Baal) خوای گەردەلوولو بەفەڕ، هەروەها خواوەندێکی دیکەش بەناوی (یام–Yam) خوای دەریاکان، گەورەترین خواوەندیش (أل–EL).

لەیەکێك لەدانیشتنەکانی (أل)ی خواوەنددا (بعل)ی خواوەندا لەگەڵ (یام)دا کەوتنە شەڕەوەو هیچی وای نەمابوو یام بکوژرێ (اشیرە) ژنی (أل)ی گەورەترین خواوەند دەخالەتی تێدا کردو پێی ووت: هیچ شەهامەتێك لەکوشتنی دیلدا نییە، بەم قسەیەش (بعل) لە(یام) خۆش بوو، بەم هۆیەوە (یام) خواوەندی دەریاکان باوو بۆرانی بەرپا کردو کەشتی پێ ویران دەکرد، لەولاشەوە (بعل) خواوەندی گەردەلوول رەشەبای دەنارد تا زەوی رەقو رووەك وشك بکات.[5]

بۆئەوەی مرۆڤی سەرەتایی لەهەموو ئەوخواوەندانە نزیك ببێتەوە کەلە زهنیدا هەبوون لەخەیاڵیداچەند وێنایەکی کردنو لەشێوەی وێناکەدا بتی دروست کردو لەسەر زەوی وەك هێمایەك داینان. بەتێپەڕبوونی کات مرۆڤ پێی وابوو ئەو بتانە هێزیان تێدایە، کەواتە پێویستە قوربانی پێشکەشبکرێ تاکاری چاکەی بۆبکاتو زەرەر بەدوژمنانی بگەیەنێت. جائەگەر پیاوێك لەگەڵ دراوسێکەیدا

5 Karen Armstrong p 17




دەنگی هات ئەوە دەچووە لای بتە خۆشەویستەکەیو نوێژە بۆدەکردو لێی دەپاڕایەوە تازەرەر بەدراوسێکەی بگەیەنێت. بەڵام دراوسێکانیش وەك ئەم بتیان هەبوو، لەکاتێکدا کەدەپاڕایەوە کەزەرەر بەدوژمنی بگەیەنێت لەهەمان کاتیشدا هەستی بەرارای دەکرد لەبەرامبەر ئەو زەرەرەی کەبتی دوژمنانی بەخۆیو کەسوکاری دەگەیەنێت، لەبەرئەمە هۆیە خەڵکی بیریان لەشتێك دەکردەوە کەلەبەرامبەر بتی دوژمناندا بیانپارێزێ، بۆ ئەمەش چەند پەیکەرێکی بچوکی بتەکانیان لەگەردنیان دەئاڵاند تا لەو ڕۆحە شەڕانیانە خۆیان بپارێزن کەلەرێزی دوژمناندا دەژیانو دەجەنگان. ئەم پەیکەرە بچووکانە بوونە تەوتەم (الطوطم Totem) لەم ڕێگەیەشەوە هەندێك خەڵك پێیان وابوو لەم تەوتەمانە لەتوانایاندا هەیە ئامۆژگاری ترسێنەریان لەسەر کەسانی دیکە هەبێو وایان لێبکات مومارەسەی سیحر بکەن. هەندێکیشیان وای بۆدەچوون کەپەنابردن بۆ ئەم تەوتەمانەو بەناوهێنانی ڕاستییانەی هەندێك ڕۆح دەتوانن دەرگای دوارۆژ لەخۆیان بکەنەوەو پێشبینی چارەنووسە شاراوەکەیان بکەن.[6]

سەرباری ئەو پەیکەروو تەوتەمانە مرۆڤە سەرتاییەکان هەمیشە لەبیرکردنەوەی یەکەم دروستکەردا بوونو وایان بینیوە سەرچاوەی سەرەکی هێزو خولقاندنە،

6 سليمان مظهر: قصة الديانات، مكتبة مدبولي، القاهرة 2002 ، ص 23




هەیمەنەتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیەو دەسەڵاتی بەسەر هەر چوار گۆشەكەی گەردووندا هەیە، بەڵام سەرباری ئەمەش پێویستی بەیارمەتی هەیە تابتوانێ ژیان رێكبخات‌و خەڵكی بەگشتی بتوانن پەیوەندی بەم خواوەندە گەورەیەوە بكەن. وێنای ئەم مەخلوقەش بەشێوەی جیاواز لەزهنی ئادەمیزاددا دروست بوو. تێیاندا خواوەندیان بە(نێر)و تێشیاندا بە(مێ)یان دەزانی.

گەشەسەندنی ئایینەكان لەگەل گەشەسەندنی مرۆڤەكان بەردەوام بوو تا بیرۆكەیەك دەركەوت كەخواوەند دەتوانێ پەیامبەرێك بنێرێ كاری چاك‌و خراپ بۆ خەڵكی شی بكاتەوەو ئەم بیرۆكەیە بەردەوام بوو تا پەیامبەرێكی وەك ئیبراهیم دەركەوت.

ئینجیل دەڵێ: ئیبراهیم (ابراهام) لەشاری (أور)ی عێراق كۆچی كرد بۆ خاكی كەنعان (فەلەستین) لەدەوروبەری سەدەی بیستەمی پێش زایین، مێژوونوسانیش دەڵێن كۆچەكەی لەساڵی 1850 پێش زایین بووەو لەشاری خەلیل نیشتەجێ بووەو بەزمانی عیبری قسەی كردووە. كاتێك كەخاكی كەنعان دووچاری برسێتی دەبێتەوە ئیبراهیم‌و سارای ژنی بۆ خاكی میسر كۆچ دەكەن‌و دواتر دەگەرینەوە كەنعان‌و لەناوچەی (Beith –el)[7] خێوەتیان دەخەن.

7 ( سفر التكوين، الاصحاح 12، ألآية 8) Genesis, Chapter 12:8




ابراهیم لەتەمەنی گەورەییدا ئیسماعیلی دەبێت، کەمیسۆلۆجیا بەباوکی عەرەبی دادەنێت, لەدایکێکی میسری بەناوی هاجەر کەخزمەتکاری ژنەکەی ئیبراهیم (سارا) بووەو مندالّی لەمێردەکەی نەبووە. بەم هۆیەوە سارا هاجەری پێشکەش بەئیبراهیم کرد تا لەگەلّی جووت ببێ بەلّکو کوڕێکیان ببێت. دوای ئەوەی هاجەر ئیسماعیلی دەبێت ساراش دووگیان دەبێو مندالّێکی دەبێ ناوی دەنێن ئیسحاق، ئیسحاقیش یەعقوبی دەبێت کەدواتر ناوی دەگۆڕێت بۆ ئیسرائیل. نەوەکانی یەعقوبیش چەندین هۆزو دواتر کوڕەزاو کچەزا دروست دەکەنو موسای پەیامبەر لەخاکی میسرەوە بەرەو خاکی کەنعان کۆچیان پێدەکات. هەرچەندە ئیسرائیلیەکان چەندین خواوەندیان هەبووەو دەیانپەرستن, موسا یەکەم کەس بووە بلّێت لەلایەن خواوەندەوە بەناوی (یهودی Yahweh) نامەی لەئاسمانەوە بۆ هاتۆتە خوارەوە. لەهەندێك ریوایەتی دیکەدا ناوی ئەم خواوەندە گۆڕاوە بۆ (الوهیم Elohim). بەلاّم دواتر پەیمانیاندا بەموسا کەتەنها (یهوی) بپەرستن. موسا بانگەوازی ئەوەی نەکردووە جگە لەئیسرائیل بۆ نەتەوەکانی دیکە هاتبێ, لەبەرئەمە مژدەی بەئاینێکی نوی نەداوە, زۆر بەکەمی نەبێت لەدەرەوەی بەنی ئیسرائیلیش بلاّونەبووەتەوە.

لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەزارو پێنج سەدو حەفتا ساڵ عیسای کوڕی مەریەم لەفەلەستین دەرکەوت و ووتی من بۆ بەنی ئیسرائیل نێردراوم.[8] مژدەی ئەم ئایینەیدا کەجیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەل یەهودییەتدا نییە، بەلاّم دواتر بەمەسیحییەت ناسراو عیسا بانگەوازی ئەوەی دەکرد کەخەڵکی یەك خوا بپەرستن کەلەئاسماندایەو ناوی نا باوك (الاب)و جارجاریش پێی دەگوت (لورد–Lord) بەلام بەپێچوانەی یەهودییەتەوە مەسیحیەت نەك تەنها بۆ گەلێکی دیاری کراو بەڵکو بووە ئایینێکی جیهانی بۆ گشت خەڵکی. بەهۆی تەبشیرییەکانەوە مەسیحیەت بلاّوبووەوەو گەیشتە خاکەکانی دراوسێ هەر لەنیوەدورگەی عەرەبەوە تا ئەورووپا بەتایبەت یۆنان‌و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دانیشتووی نیوە دورگەی عەرەبی، وەك هەر خەڵکێکی دی، پەرستشیان هەبووە هەر لەپەرستنی رۆحی باوو باپیرانەوە تا پەرستنی ئەستێرەو هەسارە تا گەیشتۆتە بتەکان..!! هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام کە تاکە ئایینێك بووە پەیامبەرەکەی لەبەنی ئیسرائل نەبوو بێت.

لێرەدا خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات کەهەموو ئایینە ئاسمانیەکان لەنیوە دوورگەی عەرەبیدا دەرکەوتوون، ولاّتانی وەك هیندو چین‌و یابان‌و خوارووی

---

8 سفر ماثيو، الاصحاح 15، ألآية 24 (Mathew 15:24)




ڕۆژهەلاَتی ئاسیا وەك كۆریاو ڤێتنامو لاوس كۆبونەتەوەو پێكەوە ئەمرۆ ڕێژەی دانیشتوانیان زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی جیهان دەبێت، واتە نزیكەی دوو ملیارو نیو كەس دەبن، هەموو ئەو خەڵكانە قەرزارو شوێنكەوتەی ئایینەكانی بوزیو هیندۆسین كەئەم ئایینانە ئایینێكی زەمەنینو لەئاسمانەوە دانەبەزیون, كۆی دانیشتوانی عەرەبیش لە سەد ملیۆن كەس ئێپەڕ نابن، ئەگەر بەرێگەیەكی پێچەوانەوە ژمارەی دانیشتوانی جیهان بژمێرین دەتوانین بلێین پێش نزیكەی (4000) چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەگەر كۆی دانیشتوانی دورگەی عەرەب یەك ملیۆن كەس بوایە، ئەمەش مەزەندەیە، كەواتە كۆی دانیشتوانی هیندو چینو یابان ژمارەیان لە(250) دوو سەدو پەنجا ملیۆن كەس نزیك دەبووەوە. ئەو پرسیارەشی لێرەدا قووت دەبێتەوە ئەوەیە: بۆچی خوا ئەو هەموو پەیامبەرەی بۆ یەك ملیۆن كەس لەناوچەی فەلەستینو دووڕگەی عەرەب ناردووە لەولاشەوە دووسەدو پەنجا ملیۆن كەسی دیكەی پشتگوێ خستووە؟؟!! چونكە هیچ پەیامبەرێكی ئاسمانی بۆ چینو هیندو یابان دەرنەكەوتوون.

پرسیاری دووهەم: ئایا دانیشتوانی نیوە دورگەی عەرەب لەگەل دانیشتوانی دیكەی جیهاندا لەكەنارگیرییەكی تەواودا بوونو هیچ یەكێك لەئایینەكانی یەهودیو مەسیحییان نەناسیوەو تەنها بتیان پەرستووە؟؟. بەدڵنیاییەوە عەرەب

لەگەڵ پەیوەندییەكی بەردەوامدا بووە بەتایبەت عەرەبەكانی خوارووی نیوە دورگە لەرێگەی دەریای سورەوەو عەرەبەكانی باكووری نیوە دوورگەش لەرێگەی دەریای سپی ناوەراستو لەرێگەی دەریای رەشیشەوە بەرەو هەموو جیهان، بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی كەچەند بەشێكی لەدوورگەكە داگیركردبوو. بەحوكمی ئەم تێكەڵاوییەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا عەرەب مەسیحییەتو یەهودیەتی ناسیوەو لەناو خۆشیاندا یەهودیەكانی شاری مەدینەو یەهودەكانی خەیبەرو ژمارەیەك لەتەبشیریەكانی مەسیحی ژیاون وەك لەبەشەكانی دیكەی ئەم كتێبەدا دەگەڕێینەوە سەری.




## به‌شی دووه‌م

## ئایینه ( یه‌کانه‌یی )ه‌کان
## له‌لای عه‌ره‌ب

نه‌سرانیه‌تی مه‌سیحی له‌پێش ئیسلامدا له‌لایه‌ن هه‌موو نیوه دوورگه‌ی عه‌ره‌به‌وه ناسراو بووه که‌له‌باکوره‌وه‌و له‌ڕێگه‌ی شامه‌وه هاتنه ناو دوورگه‌که که‌له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئیمپراتۆریه‌تی ڕۆمانیدا بوو که‌ئه‌وکات په‌یڕه‌ویان له‌ئایینی مه‌سیحی ده‌کرد. ڕۆمانیه‌کان ئه‌و کاته مه‌سیحی بوون. ئه‌گه‌ر چی عێراق له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی فارسه‌کاندا بوو به‌ڵام له‌شامه‌وه مه‌سیحیه‌ت گه‌یشته عیراق‌و بڵاوبوه‌وه. هه‌روه‌ها له‌ڕێگه‌ی ده‌ریای سوره‌وه مه‌سیحیه‌ت له‌ڕۆمان‌و حه‌به‌شه‌وه گه‌یشته یه‌مه‌نیش. نه‌سرانیه‌ت له‌دوای شام‌و عێراق‌و یه‌مه‌نه‌وه چووه چه‌ند شوێنێکی دیکه‌ش که‌له‌ده‌وروبه‌ری نیوه دورگه‌ی عه‌ره‌ب وه ك ڕۆژئاواو ڕۆژهه‌ڵات شێوه‌ی چوونه ناوه‌وه‌ی مه‌سیحیه‌ت بۆ ئه‌م شوێنانه ئاشکرایه ئه‌ویش ئه‌و په‌یوه‌ندیانه‌یه له‌ڕێگه‌ی کاروانه ووشکانی‌و ده‌ریاکانی ئه‌و وڵاتانه‌وه که‌نه‌سرانیه‌تی تێدا بڵاو بوبوه‌وه. به‌هۆی په‌یوه‌ندی حیجاز به‌فه‌له‌ستینه‌وه ڕێگه بۆ

نەسرانیەت خۆشکرا بگاتە ئەو شوێنانەو ناوچەکانی دیکـەی شـام. لەبـەر ئـەوە سروشتی بوو کەنەسرانیەت بێـتو بـچێتە نـاو ئـەم وڵاتـەوە، لـەکتێبی (اخبـار الفتوح)دا ئاماژە بەچەند ناوێك لەئەمیرە عەرەبەکانی ئەو کاتە دەکات کەلەسـەر ئەم ئایینە بوونو لەباکوری حیجازدا حوکمی ئەو بەشەیان دەکـرد, پەیامبـەریش لەگەڵیان ڕێکەوت لەسەر دانی سەرانە (جزیـە), لـەو ناودارانـەش وەك (دومـة الجندل)و (ایلة)و (تیماء) لەمەدینـەو مەککـەو لەشـاری تـائیفیش لەسـەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلامدا کەسێك هەبوو لەگەڵ چەند کەسێکی دی لەئەهلی کتێب (واتە یەهوودی مەسیحی) بوونە موسڵمان.

ڕۆمەکان نەسرانی بوون. مێژوونووسان چەند ناوێکیـان بـۆ تۆمـار کـردوین کەدانیشتوی مەککە بوونو نەسرانی بوون. تێیاندا هەبوو بنـەماکانی ئـایینی شـی دەکردەوەو هیچ دوور نەبوو کەلەناویاندا چـەندین تەبـشیری هـەبووبن چـونکە چەندین تەبشیری بەتەواوی دوورگەکـەدا دەگـەڕانو بانگـەوازی خـەڵکیان بـۆ نەسرانیەتی مەسیحی دەکرد. ئەمەش حکومەتی ڕۆمـی هانـدا چـەند تەبـشیرییەك بنێرێتە ئەو ناوچانە بەمەبەستی سیاسی دوورە ئـاواتو ڕاکێـشانی خەڵکەکـە تـا لەدژی فارس جەنگیان پێبکات. لەقورئانیشدا چەند ئایەتێك هـەن کـەئاماژە بـۆ

ئەوە دەکەن لەمەککەدا نەسرانی هەبوونو قسەیان لەسەر کارو بارەکانی ئـایینی کردووە لەوانە:

{وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ}.[1]

ئێمە بەراستی دەزانین بێباوەڕان دەڵێن کەسێکی تر فێری ئەم شتانەی دەکاتو دەڵێن عەجەمییە, بەڵکو زمانێکی عەرەبیی پاراوو ڕوونە.

{وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاؤُوا ظُلْمًا وَزُورًا }.[2]

ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا وتیان: ئەم قورئانە درۆیەك نەبێت کەمحمد دایڕشتووە هیچیکە نییەو کەسانی دیکەش یارمەتیان داوە, ئەوانە بوختانێکی گەورەو قسەیەکی ناڕەوایان هێناوە.

{وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا}.[3]

---

[1] النحل 103

[2] الفرقان 4

[3] الفرقان 5




هەرووەها وتویانە ئەم قورئانە داستانی پێشینەکانەو نوسیونییەتەوەو بەیانیانو ئێواران بەسەریدا دەیخوێننەوە.

یەکێك لەو نەسرانیە مەسیحیانە، وەك قورئان تێماندەگەیەنێت کەزمانی عەرەبی نەزانیوەو بەئەعجەمی قسەی دەکرد. ڕاڤەکان بەچەندین شێوەی جیاواز ناویان هێناوە، (ابن هشام) لەشەرحەکەیدا دەڵێ: پەیامبەری خوا، وەك پێشتر زۆر باسمان کرد لەنێوان مەروەو موبیعەدا لەگەڵ لاوێکدا دادەنیشت کەپێیان دەگوت (جبر) ئەم جەبرە کۆیلەی بەنی حەزرەمی بوو، هەبوو دەیانگوت: (سوێند بەخوا محمد لەچاو جەبردا زۆر نازانێ ئەو جەبرەی کەغولامێکە لەبەنی حەزرەمی).[4]

هەرووەها یەهودییەتیش لەنیوە دورگەدا ناسرا بوو تەنانەت لەپێش ساڵی زاینیشەوە. ئەوەش زۆر ڕاستە کەعەرەبی بێباوەڕ هەبوونبتیان دەپەرست پێش ئەوەی یەهودیو نەصرانی بێنە دوورگەکە, لەسەر ئەم کاریان بەردەوام بوون تادەرکەوتنی ئیسلام، بەڵام بەشی هەرە زۆری عەرەبی جاهلی بیرۆکەی یەکانەیی خواو تەنیای خواوەندی ئاسمانیان لەلا هەبووە. هەندێك پێیان وایە کەعەرەبی جاهلی یەکڕابوون لەسەر هەبوونی یەك خوای باڵا کەئەویش ئەڵڵایە.

[4] تاريخ العرب قبل الاسلام، د/ جواد علي/ مطبوعات المجمع العلمي العراقي– بغداد– المجلد الرابع، ص 200




ئەمەش لەقورئاندا باس كراوە {وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ}.[5]

هەروەها كاتێكیش (ابو طالب) مرد پەیامبەر چووە تائفو سكاڵای كەسێكی سەقیفی گەیاندە سێ براو پێی وتن: (من پەیامبەری خوام بۆ ئێوە یەكێكیان پێی ووت: سوێند بەخوا هەتا هەتایە یەك ووشە قسەت لەگەڵ ناكەم، ئەگەر تۆپەیامبەری خوا بیت وەك خۆت دەیلێیت كەواتە تۆ خەتەرترین كەسیت گەر كەسێك بیەوێت قسەت لەگەڵدا بكات، ئەگەر درۆش بەسەر خواوە بكەیت ئەوە پێویست ناكات قسەت لەگەڵ بكەم).[6] ئەم قسەیە بێ گوومان قسەی كەسێكە خوا (الله) دەناسێ و بەگەورەی دەزانێت.

لەبەر ئەوەی بڕوایان بەخوا هەبوو، خوایەكی تاكو تەنیا، كوڕەكانیان ناو دەنا عەبدوڵڵا، عوبەیدوالله لەم شێوە ناوانە. ىبەلام لەبەر ئەوەی شوێنی خوا لەئاسماندایەو پەیوەندیكردن پێوەی بەبێ ناوەندێك تا بلێی زەحمەتە, هاتن وەك

[5] الزمر 38

[6] تاريخ الطبري، المجلد الاول ص 554




ناوەندێکی خوایی بتیان پەرست، لەبەر ئەوەی بـاوەڕی سـەرەتاییەکانو میللـەتـە کۆنەکان وابووە مرۆڤ ناتوانێ گوێی لەدەنگی خوایەتی بێتو بەبێ ناوەندێك یان حەکیمێك کەپلەو پایەی لەئاستێکی بالاّدا بێو هێزێکـی لەڕادەبـەدەری هـەبێت کەوا خەڵکانی دیکە نەیانبێت، بەبێ ئەم ناوەندە کـەس ناتوانـێ سـکالاّی خـۆی بگەیەنێتە خوا چونکە ئەوانە شەفاعەت کەرنو لـەلای خـوا پلـەو پایـەیان هەیـە کەکەسی دیکە نیەتیو بەپشتی ئەوانەوە دەتوانرێت پەیوەندی بەخواوەندەوە گرێ بدرێ. ئەمانە تەنها ناوەندێکن لەنێوان کەسانی ئاساییو هێزو هەیمەنەتی خوا.

پێویست ناکات ئەم بۆ چوونەمان دوور بخەینەوە چونکە تەنها بە تێڕوانینێکی کورت بۆ هەر وولاّتێکی عەرەبی ئیسلام لەوە دڵنیا دەبینەوە کەعەرەب هەتا ئێستاش بڕوایان بەناوەندێك هەیە کەپاڕانەوەیان بگەیەنێتە خوا..! تەنها بەزیارەتێك بۆ مەرقەدی (السیدة زینب) لەقاهیرە، یان گۆڕی (حسین) لەکەربەلا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت ئەگەر چی زیاتر لەهەزارو چوار سەد ساڵ لەهاتنی ئیسلامەوە بەسەریاندا تێپەڕیوە.

لەسەرەتادا ژیانی مرۆڤ لـەسەر ئەم زەوییە, بەبۆچوونی زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی، لەبیرکردنەوەو تێگەیشتندا بۆدیاردەکانی سرووشت سادەو ساکاربووە، لەوانە شەوو رۆژ، بارانو بروسکەو هەورەگرمەو




هاوشێوەكانی..تاد. ئەم دیاردانەش لەدروونیدا بۆی دەبوونە مایەی ترس‌و نیگەرانی, جالەبەرئەوەی مرۆڤی سەرەتایی نەیتوانیوە تەفسیری ئەم دیاردانە بكات وابۆی دەچوو كەهێزێكی لەرادەبەدەر زاڵە بەسەر ئەو دیاردانەو ژیانی ئەمیشدا. ئەم هێزە لەرادەبەدەرە لەلای هەستپێنەكراو بووە، بەمانایەكی دی هێزێك لەو دیو سروشتەوە، واتە هێزێكی میتافیزیكی هەبووە. دواتر مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی بەهەبوونی پێكهاتەیەكی رۆحی بووە كەتەحەكوم بەسەر دیاردە سروشتیەكان‌و ژیانی مرۆڤەوە بكات. ئەم بۆچوونە لەلای مرۆڤی پیشینەكان سەرەتای بیرۆكەی ئایینەكان بووە, ئینگلیزێك (تایلر E.B.Taylor)[7] شارەزا لەزانستی ئەنسرۆپۆلۆجی لەو بارەیەوە كتێبێكی لەساڵی 1871 نوسی بەناونیشانی (Primitive Culture, رۆشنبیری سەرەتایی) ئەم كتێبە بەیەكێك لەگرنگترین سەرچاوەكان بۆ مێژووی ئایینەكان دادەنرێت. بەباوەڕی (تایلر): باوەڕبوون بەپێكهاتەیەكی رۆحی لەئەنجامی ئەزموونی كۆمەڵە مرۆڤێك لەسەر هەندێك حاڵەتی وەك مردن‌و نوستن‌و خەوبینین هاتە ئاراوە, ئەم ئەزموونانە باوەڕی ئەوەی لەلا پەیدا كردوون كەپێكهاتە رۆحیەكە لەلەش

---

Colson,A.B. [7] Encyclopaedia Britannica, 1994, " History of Religion"
An Amerindian derivation for Latin American,and de Armellado,C., 1983




جیایەو دەتوانێ بەتەنها خۆی ژیانێکی سەربەخۆی هەبێت، دواتریش مرۆڤی سەرەتایی هاتەسەر ئەو بڕوایەی کەتارماییو خەیاڵەکان بەراست بزانێت.

لەراستیدا مرۆڤی سەرەتایی خوێندنەوەو نوسینی نەزانیوەو ئەوەی فێری بووە ئەوانە بووە کەلەرێگەی تەلْقینەوە باوو باپیرانی فێری کردوون، بەمەش زانستو زانیارییەکانی باوو باپیران بەهایەکی گەورەیان پەیدا کردووەو پیاوە گەورەکانی گوندو هۆزەیش پارێزگارییان لەم زانیاریانە دەکرد. ئەو کەسەشی کەلەو بارەیەوە زیاتری دەزانی دەبووە سەرۆکی هۆزەکەو دەبووە پزیشكو چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی دەکرد کەپشتاو پشت بۆیان ماوەتەوەو فێریان بووە، بەپێی ئەوەی خۆی بەراست دەزانی حوکمی دادپەروەرانەی ئەو کەسانەی دەکرد کەلەنێوانیاندا ناکۆکی بەرپا دەبوو.

بەبێ‌گومان مردنی کەسێکی لەم جۆرە مردنی کەسێکی گەورەی ئەو هۆزە دەگەیەنێت، بەچەندین تەقسو ئاکار هەوڵیان دەدا واتێبگەت کەرۆحی ئەم کەسە هەتا ئێستاش لەناویاندا دەژیو لەگەڵیاندایەو رێنیشاندەری چاکەیانە. بەرەبەرە ئەم رۆحە رۆشنبیریو فۆلکلۆرو شوێنێکی گەورەی لەناو ئەو کۆمەڵە مرۆڤەدا داگیر کردووەو لەئەنجامدا ئاکارێك هاتۆتە ئاراوە کەپێی دەگوترێت پەرستنی رۆحی باوو باپیران Ancestor worship. جا ئەگەر ئەم کۆمەڵە مرۆڤە

دوچاری خراپەیەك یانەخۆشییەك هاتبن, واتێدەگەیشتن کەیەکێك لەرۆحەکانی باوو باپیرانیان تورەیەو پێویستە لەرێی سەماو قوربانیو دیاری بەخشینەوە رازی بکەن. ئەم دیاری بەخشینو قوربانیدانە یەکێکە لەگۆشەو لایەنە گرنگەکانی ئایین بەو پێەیەی کەئایین لەسەر دوو ئەرك گۆشەگیر بووە, برواهێنانو کارکردن, کارکردنیش شوێنکەوتەی برواهێنانە، شێوازو دروشمی برواهێنانە. لەو دروشمانەش سەماو سیحرو قوربانیدانو پەرستگاکانە. هەتا ئێستاش هەندێك لەهۆزەکانی ئەمریکای خواروو بروایان بەم بیرۆکەیە هەیەو کاری پێ دەکەن..

رۆحی باو باپیرانیش بەشێوەیەکی ئاسایی پەیوەندی بە شوێنێکی دیاریکراوەوە هەبووە وەك تاشەبەردێك یان درەختێکی گەورە لەناوەراستی گوندەکەدا. ئەمەش بەردو درەختی بەرەو پیرۆزی بردو وایان دەزانی کەهێزێکی رۆحیی لەناویاندا هەیەو کەوتنە پەرستنی ئەوانیش. وردە وردە ئەم بەردو درەختانە لەو گوندانەدا بوەە هێمای رۆحی یەکێك لەباوو باپیرانیانو لەمەوە بیرۆکەی پەرستنی بتەکان سەریهەڵدا. بتیش لەسەرەتادا لەپارچە بەردێك یان لەپارچە درەختێکەوە دەرکەوتووە.




عبرانیه كۆنەكان ئەم جۆرە بتەیان لـەدرەخت گەورە كردو عەرەبی جاهلیش پیادەیان كرد. یەكێك لـەو درەختانە بەزمانی عیبرانی Rothemو بەزمانی عەرەبی (رتم) ناسراوە.[8]

ئەم درەختانە چاودێریو خزمەتیان دەكرێو وەك ئەوەی هەستو سۆزیان هەبێ خەڵكی ئاهەنگیان پی دەگێرن, درەختێك هەبوو بەنیۆی (ذات انواط) درەختێكی سەوزی گەورە بووە, نزیك شاری مەككە, عەرەبەكانی جاهلی ساڵی جارێك سەردانیان دەكردو بەگەورەیان دادەناو شمشێرو كەلوپەلی جەنگیان پێدا هەڵدەواسیو لـەژێریدا قوربانیەكانیان سەردەبڕی. لـەبەرئەوەی ڕۆحی باوو باپیران چەند ڕۆحێك بوون، ئەم چەند دانەییە بەرەو چەند خواییو هاوەڵدانانیان بردن. هاوەڵدانان بەزمانی عەرەبی (الـشرك)و بەئینگلیزی Poltheismو بەیۆنانی Polys ناسراوەو بەمانای فرەخوایی دێتو بەمانایەكی دیكەش خواوەند. بەزمانی یۆنانی (Theos) هاتوە ئەم هاوەڵدانانە لـەگەڵ باوەڕبوون بەرۆحو جنۆكە Polydaem onism جیاوازی هەیە.

8 تاج العروس، المجلد الثامن، ص 303/ نقلاً عن: تاريخ العرب قبل الاسلام تأليف د/ جواد علي، مطبعة المجمع العلمي العراقي/ بغداد، المجلد الخامس ص 168




هەندێك كۆمەڵو هۆز دیاردە سروشتیەكانیان دەپەرست بەو وەهمەی كەهێزێكی رۆحی تێدایە, خۆرو مانگو هەندێك لەئەستێرەكانیان كردە خوا.

خۆرو مانگ یەكەم دیاردەی ئاسمانی بوون كەسەرنجی ئادەمیزادیان بۆلای خۆیان راكێشاوە بەتایبەتیش خۆر كەكاریگەری گەورەی لەسەر زەوی‌و كشتوكاڵو ژیانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەكی رەها هەبووە. هەروەها (مانگ)یش كەكاریگەری لەسەر خودی مرۆڤ هەبووەو رێنیشاندەری شەوانی بووە، كاتێكیش مرۆڤ بەرەو پێش چوو لەهەندێك كاری ئەودیو سروشتدا زانیاری پەیداكردو واهاتە خەیاڵییەوە كەهێزێكی نەبینراوو رۆحو هەندێك شتی دیكە لەپشتە پەردەوە هەن بەتایبەت ئەو شتانەی كەسیفەتی خوایی هەڵدەگرن، بەم هۆیەوە لەسیفەتە مادیە رووتو سروشتە زانراوەكە چونە دەرەوەو شێوازێكی دیكەیان دایە هێزەكانی رۆح كەهەستی پێنەكرێت بەڵكو لەرێگەی كارو كردەوەكانی ئەم گەردوونەوە هەستی پێبكرێت, بەم هۆیەوە خۆرو مانگو ئەستێرەیان پەرست.

دەڵێن خێڵێك لەهۆزی (بنی تیمیم) لەنێوە دورگەی عەرەبدا (الدبران)یان دەپەرستو هەندێك هۆزیش لە(لخم‌و خزاعە) (الشعری)یان دەپەرست ئەوەش لەقورئاندا، (سورەتی النجم –49)دا هاتووە {وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى}




کاتێك مرۆڤ بەرەو پێش چوو بوونە جوتیار, ئاوو بارانو رووبار بوونە سەرچاوەی هێزو نیعمەتەکانی. پشتیان بەلافاوی رووبارەکان بەست, میسرییە کۆنەکان قوربانیان پێشکەش بەرووباری نیل کردوە، بۆ نمونە کچیان دەکردە قوربانی بەڵکو رووباری نیل لێیان رازی بێتو چاکەو نیعمەتیان بۆ زۆر بکات.. بەم شێوەیە زۆرێك لەکۆمەڵەکانی دیکە ئەم رێگەیەیان گرتەبەر. بیرۆکەی بەرهەمهێنانی چاکی زەوی کشتوکاڵیان بەو دایکەوە بەستەوە کەمنداڵی زۆر بەرهەم دێنێت لەمەشەوە بیرۆکەی خوداوەندی دایك Mother Goddess هاتە ئاراوە. (نحاتون) ناوێك چەند پەیکەرێکی لەوێنەی ژنانی سکپڕو رووت تاشی. هەرلەم جۆرە پەیکەرە لەچەند ولاتێکی ئەورووپاو رۆژهەلاتی ناوەڕاستو هیند دۆزراونەتەوە. خوداوەندی دایکیش بەچەندین جۆر ناونراون ئینانا لەسۆمەرو عەشتار لەبابلو عەننات لەخاکی کەنعان لەفەلەستینو ئیسیس لەمیسرو ئەفرۆدایتی لەیۆنان.

دەوروبەری (4000) ساڵ پێش زایین شارستانیەتێکی گەورە بەناوی میزۆپۆتامیا لەناوچەی نێوان هەردوو رووبار دەرکەوت, نەتەوەیەك دروستی کردبوو بەسۆمەرییەکان ناسرابوونو چەند شارێکیش (ئور)و (کیش)و چەند




پەرستگایەکیشیان بۆ خوداوەندەکانیان دروست کردبوو.[9] لەدوای ئەوانیش کلدانیەکانو ئەکەدییەکان هاتنو گەورەترین شاریان بەناوی (بابل) دروست کرد کەبەمانای (دەرگای ئیل) دێتو (ئیل)یش خواوەندی سامییە دێرینەکان بوو. شاری بابل بەشاری بەهەشتە هەڵواسراوەکان بەناوبانگ بوو کەپاشا نەبوخوزنەسر بۆ ژنەکەی دروستی کردبوو، ئەم بەهەشتە هەڵواسراوانە بەیەك لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان دەژمێردرێت. کلدانییەکان پێیان وابووە کەخواوەند لەئاسماندا کۆشکی گەورەو باخچەی زۆری هەیە, لەبەرئەوە لەشێوەی ئەوێ بابلیەکان وەك ئەوەی لەخەیاڵیاندا وێنایان کردبوو ئەو بەهەشتە هەڵواسراوانەیان دروست کرد. هەروەها پێیان وابوو هەموو خواوەندەکان یەکیان گرتووەو توانیویانە بەسەر ئەو هێزە ئاژاوەیەدا زاڵ بن کەبەسەر جیهاندا زاڵ بووە، لەبەر ئەمە سالانە بۆماوەی یانزە رۆژ ئاهەنگیان دەگێڕاو تێیدا پیاوانی ئایین چەند دروشمێکی ئایینیان دەخوێندەوە, وەك قەسیدە درێژەکەی (انیوما الیش) کەتێیدا سەرکەوتنی خواوەندی بەسەر هێزی ئاژەوەدا شکۆدار کردو چیرۆکی دروستبوونی گەردوونی گێڕایەوە. چیرۆکەکە بەوە دەستپێدەکات کەخواوەندەکان خەریکی دروستکردنی خۆیانن, گوایە هەموویان لەئاوێکی

9 Karen Armstrong, A History of God, 1993, Vintage, P. 12




پیرۆز دەرکەوتون کەلەدێر زەمانەوە هەبووەو ئەو سێ خواوەندەی لەهەموویان گەورەتربوون ئەمانە بوون (ئەپسۆ Apsu) خوای ئاوی شیرین‌و بەتاوم ژنەکەی (مۆمۆ–Mummu) خوای ئاژاوە. دواتر ئەو خواوەندانە پەرەیان سەندو هەرخواوەندێك دوو خواوەندی لێپەیدا بوو (لاهمۆو لاهامن Lahmu and Lahamn) خوای ئاوو خوای زەوی, دواتر (انشرو کشر Ansher and Kisher) خوای ئاسمان‌و خوای دەریا. دوای هەموویان خوای خۆر (ماردۆخ Marduk) کەدواتر بەسەر خوای (تیمات)دا سەرکەوت‌و هەموو ئەو یاسایانەی دروست کرد کەجیهان ئاستەنگ دەکات ئینجا مرۆڤیشی دروست کرد.[10]

وادەردەکەوێت کەداستانی ماردۆخ کاریگەری بەسەر خاکی کەنعان (فەلەستین)ەوە هەبوبێت، چونکە خواوەندێکیان بۆخۆیان دروستکردو ناوییان نا (بعل Baal) خوای گەردەلوولو بەفڕ، هەروەها خواوەندێکی دیکەش بەناوی (یام–Yam) خوای دەریاکان، گەورەترین خواوەندیش (أل–EL).

لەیەکێك لەدانیشتنەکانی (أل)ی خواوەنددا (بعل)ی خواوەندا لەگەڵ (یام)دا کەوتنە شەڕەوەو هیچی وای نەمابوو یام بکوژرێ (اشیره) ژنی (أل)ی گەورەترین

10 Karen Armstrong P 14




خواوەند دەخالەتی تێدا كردو پێی ووت: هیچ شەهامەتێك لەكوشتنی دیلدا نییە، بەم قسەیەش (بعل) لە(یام) خۆش بوو، بەم هۆیەوە (یام) خواوەندی دەریاكان باوو بۆرانی بەرپا كردو كەشتی پێ ویران دەكرد، لەولاشەوە (بعل) خواوەندی گەردەلوول رەشەبای دەنارد تا زەوی رەقو رووەك وشك بكات.[11]

بۆئەوەی مرۆڤی سەرەتایی لەهەموو ئەوخواوەندانە نزیك ببێتەوە كەلە زهنیدا هەبوون لەخەیاڵیداچەند وێنایەكی كردنو لەشێوەی وێناكەدا بتی دروست كردو لەسەر زەوی وەك هێمایەك دایناان. بەتێپەربوونی كات مرۆڤ پێی وابوو ئەو بتانە هێزیان تێدایە، كەواتە پێویستە قوربانی پێشكەشبكرێ تاكاری چاكەی بۆبكاتو زەرەر بەدوژمنانی بگەیەنێت. جائەگەر پیاوێك لەگەڵ دراوسێكەیدا دەنگی هات ئەوە دەچووە لای بتە خۆشەویستەكەیو نوێژە بۆدەكردو لێی دەپاڕایەوە تازەرەر بەدراوسێكەی بگەیەنێت. بەڵام دراوسێكانیش وەك ئەم بتیان هەبوو، لەكاتێكدا كەدەپارایەوە كەزەرەر بەدوژمنی بگەیەنێت لەهەمان كاتیشدا هەستی بەرارای دەكرد لەبەرامبەر ئەو زەرەرەی كەبتی دوژمنانی بەخۆیو كەسوكاری دەگەیەنێت، لەبەرئەم هۆیە خەڵكی بیریان لەشتێك دەكردەوە كەلەبەرامبەر بتی دوژمناندا بیانپارێزێ، بۆ ئەمەش چەند پەیكەرێكی بچوكی

[11] Karen Armstrong p 17

بتەکانیان لەگەردنیان دەئالاند تا لەو ڕۆحە شەڕانیانە خۆیان بپارێزن کەلەریزی دوژمناندا دەژیانو دەجەنگان. ئەم پەیکەرە بچووکانە بوونە تەوتەم (الطوطم Totem) لەم ڕێگەیەشەوە هەندێك خەڵك پێیان وابوو لەم تەوتەمانە لەتوانایاندا هەیە ئامۆژگاری ترسێنەریان لەسەر کەسانی دیکە هەبێو وایان لێبکات مومارەسەی سیحر بکەن. هەندێکیشیان وای بۆدەچوون کەپەنابردن بۆ ئەم تەوتەمانەو بەناوهێنانی ڕاستییانەی هەندێك ڕۆح دەتوانن دەرگای دوارۆژ لەخۆیان بکەنەوەو پێشبینی چارەنووسە شاراوەکەیان بکەن.[12]

سەرباری ئەو پەیکەروو تەوتەمانە مرۆڤە سەرتاییەکان هەمیشە لەبیرکردنەوەی یەکەم دروستکەردا بوونو وایان بینیوە سەرچاوەی سەرەکی هێزو خولقاندنە، هەیمەنەتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو دەسەڵاتی بەسەر هەر چوار گۆشەکەی گەردووندا هەیە، بەڵام سەرباری ئەمەش پێویستی بەیارمەتی هەیە تابتوانێ ژیان ڕێکبخاتو خەڵکی بەگشتی بتوانن پەیوەندی بەم خواوەندە گەورەیەوە بکەن. وێنای ئەم مەخلوقەش بەشێوەی جیاواز لەزهنی ئادەمیزاددا دروست بوو. تێیاندا خواوەندیان بە(نێر)و تێشیاندا بە(مێ)یان دەزانی.

12 سليمان مظهر: قصة الديانات، مكتبة مدبولي، القاهرة 2002 ، ص 23




گەشەسەندنی ئایینەكان لەگەل گەشەسەندنی مرۆڤەكان بەردەوام بوو تا بیرۆكەیەك دەركەوت كەخواوەند دەتوانێ پەیامبەرێك بنێرێ كاری چاكو خراپ بۆ خەڵكی شی بكاتەوەو ئەم بیرۆكەیە بەردەوام بوو تا پەیامبەرێكی وەك ئیبراهیم دەركەوت.

ئینجیل دەڵێ: ئیبراهیم (ابراهام) لەشاری (أور)ی عێراق كۆچی كرد بۆ خاكی كەنعان (فەلەستین) لەدەوروبەری سەدەی بیستەمی پێش زایین، مێژوونوسانیش دەڵێن كۆچەكەی لەساڵی 1850 پێش زایین بووەو لەشاری خەلیل نیشتەجێ بووەو بەزمانی عیبری قسەی كردووە. كاتێك كەخاكی كەنعان دووچاری برسێتی دەبێتەوە ئیبراهیمو سارای ژنی بۆ خاكی میسر كۆچ دەكەنو دواتر دەگەرینەوە كەنعانو لەناوچەی (Beith –el)[13] خێوەتیان دەخەن.

ابراهیم لەتەمەنی گەورەییدا ئیسماعیلی دەبێت، كەمیسۆلۆجیا بەباوكی عەرەبی دادەنێت, لەدایكێكی میسری بەناوی هاجەر كەخزمەتكاری ژنەكەی ئیبراهیم (سارا) بووەو منداڵی لەمێردەكەی نەبووە. بەم هۆیەوە سارا هاجەری پێشكەش بەئیبراهیم كرد تا لەگەڵی جووت ببێ بەڵكو كورێكیان ببێت. دوای ئەوەی هاجەر ئیسماعیلی دەبێت ساراش دووگیان دەبێو منداڵێكی دەبێ ناوی

13 ( سفر التكوين، الاصحاح 12، ألآية 8) Genesis, Chapter 12:8




دەنێن ئیسحاق، ئیسحاقیش یەعقوبی دەبێت کەدواتر ناوی دەگۆڕێت بۆ ئیسرائیل. نەوەکانی یەعقوبیش چەندین هۆزو دواتر کوڕەزاو کچەزا دروست دەکەنو موسای پەیامبەر لەخاکی میسرەوە بەرەو خاکی کەنعان کۆچیان پێدەکات. هەرچەندە ئیسرائیلیەکان چەندین خواوەندیان هەبووەو دەیانپەرستن, موسا یەکەم کەس بووە بلێت لەلایەن خواوەندەوە بەناوی (یهودی Yahweh) نامەی لەئاسمانەوە بۆ هاتۆتە خوارەوە. لەهەندێك ریوایەتی دیکەدا ناوی ئەم خواوەندە گۆڕاوە بۆ (الوهیم Elohim). بەڵام دواتر پەیمانیاندا بەموسا کەتەنها (یهوی) بپەرستن. موسا بانگەوازی ئەوەی نەکردووە جگە لەئیسرائیل بۆ نەتەوەکانی دیکە هاتبێ, لەبەرئەمە مژدەی بەئاینێکی نوی نەداوە, زۆر بەکەمی نەبێت لەدەرەوەی بەنی ئیسرائیلیش بلاْونەبووەتەوە.

لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەزارو پێنج سەدو حەفتا ساڵ عیسای کوڕی مەریەم لەفەلەستین دەرکەوتو ووتی من بۆ بەنی ئیسرائیل نێردراوم.[14] مژدەی ئەم ئایینەیدا کەجیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەل یەهودییەتدا نییە، بەڵام دواتر بەمەسیحییەت ناسراو عیسا بانگەوازی ئەوەی دەکرد کەخەڵکی یەك خوا بپەرستن کەلەئاسماندایەو ناوی نا باوك (الاب)و جارجاریش پێی دەگوت (لورد

14 سفر ماثیو، الاصحاح 15، ألآیة 24 (Mathew 15:24)




–Lord) بەلام بەپێچەوانەی یەهودییەتەوە مەسیحیەت نەك تەنها بۆ گەلێکی دیاری کراو بەلکو بووە ئایینێکی جیهانی بۆ گشت خەلکی. بەهۆی تەبشیرییەکانەوە مەسیحیەت بلاوبووەوەو گەیشتە خاکەکانی دراوسێ هەر لەنیوەدورگەی عەرەبەوە تا ئەورووپا بەتایبەت یۆنانو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دانیشتووی نیوە دورگەی عەرەبی، وەك هەر خەلکێکی دی، پەرستشیان هەبووە هەر لەپەرستنی رۆحی باوو باپیرانەوە تا پەرستنی ئەستێرەو هەسارە تا گەیشتۆتە بتەکان..!! هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام کە تاکە ئایینێك بووە پەیامبەرەکەی لەبەنی ئیسرائل نەبوو بێت.

لێرەدا خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات کەهەموو ئایینە ئاسمانیەکان لەنیوە دوورگەی عەرەبیدا دەرکەوتوون، ولاتانی وەك هیندو چینو یابانو خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیا وەك کۆریاو ڤێتنامو لاوس کۆبونەتەوەو پێکەوە ئەمرۆ ریژەی دانیشتوانیان زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی جیهان دەبێت، واتە نزیکەی دوو ملیارو نیو کەس دەبن، هەموو ئەو خەلکانە قەرزارو شوێنکەوتەی ئایینەکانی بوزیو هیندۆسین کەئەم ئایینانە ئایینێکی زەمەنینو لەئاسمانەوە دانەبەزیون, کۆی دانیشتوانی عەرەبیش لە سەد ملیۆن کەس ئێپەڕ نابن، ئەگەر بەرێگەیەکی پێچەوانەوە ژمارەی دانیشتوانی جیهان بژمێرین دەتوانین بلێین پێش نزیکەی




(4000) چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەگەر كۆی دانیشتوانی دورگەی عەرەب یەك ملیۆن كەس بوایە، ئەمەش مەزەندەیە، كەواتە كۆی دانیشتوانی هیندو چینو یابان ژمارەیان لە(250) دوو سەدو پەنجا ملیۆن كەس نزیك دەبووەوە. ئەو پرسیارەشی لێرەدا قووت دەبێتەوە ئەوەیە: بۆچی خوا ئەو هەموو پەیامبەرەی بۆ یەك ملیۆن كەس لەناوچەی فەلەستینو دووڕگەی عەرەب ناردووە لەولاشەوە دووسەدو پەنجا ملیۆن كەسی دیكەی پشتگوێ خستووە؟؟!! چونكە هیچ پەیامبەرێكی ئاسمانی بۆ چینو هیندو یابان دەرنەكەوتوون.

پرسیاری دووهەم: ئایا دانیشتوانی نیوە دورگەی عەرەب لەگەل دانیشتوانی دیكەی جیهاندا لەكەنارگیرییەكی تەواودا بوونو هیچ یەكێك لەئایینەكانی یەهودیو مەسیحییان نەناسیوەو تەنها بتیان پەرستووە؟؟. بەدڵنیاییەوە عەرەب لەگەڵ پەیوەندییەكی بەردەوامدا بووە بەتایبەت عەرەبەكانی خوارووی نیوە دورگە لەرێگەی دەریای سورەوەو عەرەبەكانی باكووری نیوە دووڕگەش لەرێگەی دەریای سپی ناوەڕاستو لەرێگەی دەریای ڕەشیشەوە بەرەو هەموو جیهان، بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی كەچەند بەشێكی لەدووڕگەكە داگیركردبوو. بەحوكمی ئەم تێكەڵاوییەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا عەرەب مەسیحییەتو یەهودیەتی ناسیوەو لەناو خۆشیاندا یەهودیەكانی شاری مەدینەو

یەهودەکانی خەیبەرو ژمارەیەك لەتەبشیریەکانی مەسیحی ژیاون وەك لەبەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا دەگەڕێینەوە سەری.




## حەنەفییەكان و
## شاعیرانی جاهلی

لە قورئاندا هاتووەو لە فەرمووودەشدا ئەماژە بۆ مەجوسیو صائبەو حەنەفیو یەهودیو نەصرانی كراوە. لە كتێبی (الاخبار)دا چەند ڕێوایەتخوانێك باسیان لەو ساتە زەمەنە كردووەو چەندین وتار دەربارەی ئایین نوسراوە كەتێیدا ئەوە دەستنیشان كراوە هەندێك كەسانی جاهلی بۆچوونیان لەسەر ئایین هەبووەو هەندێكیشیان پەیامیان هەبووەو بانگەوازی ئەوەیان كردووە تاخەڵكی بچنە ناو یەكێك لەو ئایینانە. هەندێك كەسیش هەبوون دوودڵ بوونو نەیانزانیوە چی بكەین. ئایینەكانی نەتەوەكەی خۆی دەبینیو پێی قایل نییە, دوایی یەهودییەتو نەصرانییەت لەناو نەتەوەكەی خۆیدا دەبێنیۆ بەویش ڕازی نیە, دەوەستیۆ بیردەكاتەوەو لە نێوان باوەڕیو بۆچوونی هەندێكیاندا دەستەوەستان دەمێنێتەوە، تێیاندایە تێكەڵاوییەك لە نێوانیاندا هەیەو پێكهاتەیەكی تێكەڵاو لە نێوان بتپەرستیو یەكانەییدا دەبێتەوە.

بۆچوونی ئایینیش لەلای جاهیلەكان وەك هەر لایەنێكی ژیانی خۆیان ژیانی نەتەوەكەیان لەبەرەو پێشچوونو گۆڕانكاریدایەو ئەو بارودۆخە كەپێش ئەو پەیامە بۆی هاتووە لە دەرئەنجامی بەرەو پێشكەتنو گەشەسەندنی بەردەوامی

هەزاران ساڵدا دروست بووە، یان بەهەستی خود کەپاڵنەرەکەی سۆزێکی ئایینیو هەستەوەرێکی پیاهەڵدانی هەبووە یان لەژێر کاریگەری دەرەکیدا بووە وەك بازرگانو تەبشیرییەکان پێی هەستاوەو گۆڕانکارییەکان دروست بووە, خەڵکانیش هەن پێش محمد بانگەوزای پەیامبەرێتییان کردوە. پیاوێك هەیە ناوی لەقورئاندا نەهاتووە بەلاّم بەبۆچوونی زۆربەی مێژوونووسەکان پەیامبەر بووەو ئەویش (خالد بن سنان بن غیث العبسي) بووە, واداویانە لەقەڵەم کەپەیامبەر بووبێتو رۆژانێك لەنێوان سەردەمی عیساو سەردەمی محمددا ژیا بێت, چونکە پەیامبەری ئیسلامیش دەربارەی ئەو پیاوە وتویەتی (ئەو پەیامبەرە نەتەوەکەی خۆی لەناویان برد).[1] پەیامبەرێکی دیکەش بەناوی (حنظلة بن صفوان) هەبوو, خوا بۆ دانیشتوانی (اهل الرس) ناردبووی, لەزەمەنی (بختنصر)دا یاخود وەك هەندێك دەڵێن لەزەمەنی (حمير)دا ژیاوە. بۆ ماوەیەکی کەم پەیامبەر بووە چونکە بە درۆیان خستۆتەوەو کوشتویانە.

کۆمەڵێکیش لە پیاوانی جاهلی هەبوون پێیان دەگوتن حەنەفییەکان، ئەمانە بتیان نەدەپەرستو بڕوایان بە یەکانەی هەبوو, چەند دانەیەکیان ناسراون, وەك:

[1] تاريخ العرب قبل الاسلام، د. جواد علي، مطبوعات المجمع العلمي العراقي، بغداد، المجلد الخامس، ص 258




(قس بن ساعدة الايادي، زيد بن عمرو بن نفيل، أمية بن الصلت، ارباب بن رئاب، سويد بن عامر المصطلقي، اسعد ابو كرب الحميرى، وكيع بن سلمة بن زهير الأيادي، عمير بن جندب الجهني، عدي بن زيد العبادى، ابوقيس صرمة بن ابى انس، سيف بن ذي يزن، ورقة بن نوفل القرشي, عامر بن الضرب العدواني, عبد الطابخة بن ثعلب بن وبرة بن قضاعة, علاف بن شهاب التميمي, متلمس بن امية الكناني, زهير بن ابي سلمى, خالد بن سنان بن غيث العبسي, عبدالله القضاعي, عبيد بن الابرص الاسدي، كعب بن لؤي بن غالب).




## ئومەییەی کوڕی باوکی سەڵەت

لەهەموو حەنەفییەکان باشترین بەختی هەبووە لەباسکردنیداو زۆربەی شیعرەکانیشی ماون، هەر ئەمەش وایکرد بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە, تەنانەت لە دوای دەرکەوتنی ئیسلامیش‌و گونجاندنی شیعرەکانی لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا موسڵمان نەبوو، رازیش نەبوو ببێتە موسڵمان, چونکە خۆی لە محمد کوڕی عەبدوڵڵا بەهەقتر دەزانی ببێتە پەیامبەر. کاتێ شەڕی بەدر ڕوویداوە بۆ کوژرانی کافرەکان گریاوە. پێش ئەوەی هۆزەکەی (ثقفي) ببنە موسڵمان لەساڵی نۆی کۆچیدا لەشاری تائیف مردووە. دەڵێن لەو دوو دێڕی ئەو قەصیدەیەی کەبۆ کوژراوە کافرەکانی نوسیبوو تێیدا هەجووی صەحابەکان‌و پەیامبەری کردبوو. لەبەر ئەم هۆیە (ابن هشام) لەسیرەکەیدا ئەم زاتەی پشتگوێ خستووەو لەو بارەیەوە شتی لەسەر نەنوسیوە. باسیش لەوە دەکەن کەپەیامبەر نەهی لەباسکردنی ئەو قەسیدەیە کردووە.

ئومەییە وەك حەنەفییەکانی دیکە لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕۆمدا بەهۆی کاری بازرگانییەوە لەگەڵ بازرگانەکانی دیکەدا سەفەری شامی کردووەو پەیوەندی بەئەهلی کتابەوە (یەهودی‌و مەسیحی) کردووەو چووەتە شوێنگەیان‌و چاوی




بەپیاوانی ئایینەوە کردووەو لەسەر کێشەو گرفتو ئەو بابەتانەی بەلایەوە گرنگ بوون پرسیاری کردووە.

جگە لەمەش خوێنەرو نووسەر بووە, کتێبی زۆری خوێندووەتەوەو لەسەر هەندێك بابەت هەڵوێستی وەرگرتووە, لەمەشەوە گومانی لەو پەرستشانە پەیدا کردووە کەلەلایەن هۆزەکەیەوە دەپەرستران‌و بیرۆکەی ئاینێکی یەکانەیی لەلا گەڵاڵە بووە. ئەم کاریگەریەش بەروونی بەوشەو زاراوە عەجەمییەکانییەوە دیارە کەلەشیعرەکانیدا نوسیونی‌و بەکاری هێناون.

دەتوانین باوەڕو بۆچوونی ئەم شاعیرە لە ڕێی شیعرەکانیەوە کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە باوەڕی بەیەك خوا هەبووە، ئەو خوایە گەردوونی دروست کردەوو پێکیهێناوەو ڕاستی کردووەتەوە، شاخەکانی لەسەر زەوی داکوتیوە، ڕووەکی تێدا ڕواندووە، دروست دەکاو دەمرێنێ‌و دوایش زیندوویان دەکاتەوەو خەڵکی لەسەر کارو کردەوەکانیان دادگایی دەکات, گرووپێك بەرەو بەهەشتو گرووپێك بەرەو دۆزەخ ڕەوانە دەکات، تاوانباران بە ڕوتوقوتی بە کۆتو زنجیری درێژو شۆڕەوە بەرەو شوێنێکی کپکراوو دامرکاو دەیانباو دواتر فرێیان دەداتە ئاگرەوە، بەبێ ئەوەی گیان لە دەست بدەن بە بەردەوامی‌و بە زیندویەتی ئەشکەنجە دەدرێن, نامرن چونکە بە مردن لە ئەشکەنجە ڕزگاریان دەبێت, لەبەر




ئەوە خوا کۆتایی بەو بڕیارەی هێنـاوە کـە بـە نـەمری هـەتا هـەتایی دەبـێ لـە دۆزەخدا بن, بەڵام خواپەرستان لە شوێنێکی ئارامو خۆشدان، لـە ژێـر سـێبەری درەختەکاندا ئارەزووی چی بکەن دەستەبەری دەکەن.

وسيق المجرمون وهم عراة .. .. .. الى ذات المقامع والنكال

جهنم التي لا تبقى بغيا .. .. .. .. وعدن لا يطالعها رجيم[1]

دەگێڕنەوە پەیامبەر گـوێی لەشـیعرەکانی ئومەییـە گرتـووەو لـە یـەکێك لـە سەفەرەکان (الشريد بن سويد) شیعری ئەم شاعیرەی بۆ خوێندۆتـەوە، هـەرکات شیعرەکەی تەواوکردبێت پەیامبەر داوای زیاتری کردووە تـا گەیـشتۆتە (100) شیعر، پەیامبەر بە شیعرخوان دەڵێ: هیچی وای نەمابوو ئومەییە ببێتە موسـڵمان. هـەروەها دەگێڕنـەوە کـە پەیامبـەر لەیـەکێك لــە فەرموودەکانیـدا وتویـەتی: ئەومەییەبە زمان باوەڕی هێناوەو بەدڵ کفری کردووە.

بەڵام ئەوەی جێی مەبەستو ئاشکرابێت ئەوەیە کەلەشیعری ژمارەیەکی تەواو زۆر لە شاعیرە جاهیلییەکان بـە یەکانیـەی خـواو مەلائیکـەو ڕۆژی پرسـینەوەو تۆڵەو پاداشت بەئاگابوون, ئاگادار نین کەئەم شاعیرانە یـەهوودی بـوون یـاخود نەصـرانی بـوون, لەمەشـەوە دەتـوانین بگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کەبەشـێکی زۆر

[1] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 377 وما بعدها (مصدر سابق)




لەعەرەبی جاهلی بەهۆی حەزو ئارەزوویانەوە بۆ شیعرو لەبەرکردنی شیعرەکان بەئاگا بوون لەسەر یەکانەیی خوا ئەگەرچی باوەڕیشیان پێی نەبووە..!!

چەند شاعیرێکی جاهیلی کەسەر بەئایینی یەهودیو نەصرانی بوون بۆ خواو پەرستنی یەك خوای ئاسمان کە هەموو کارێکی بەدەستە شیعریان نوسیوە.

ڕەنگە جێی خۆی بێت وەك سوود وەرگرتنێك ئاماژە بە(د. طه حسین) بکەین کەلەکتێبەکەیدا (فی الشعر الجاهلی) کە تێیدا لە باروودۆخی فکریو کۆمەلایەتیو سەردەمی جاهلی دەکۆڵێتەوە لێرەدا ئەم کورتەیە دەنوسین:

(لە ڕاستیدا هەندێك لە یەهودییەکان بوونە عەرەبو زۆرێکیش لە عەرەب بوونە یەهودی، هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کە تێکەڵبوون لە نێوان یەهود لە لایەکەوەو لە نێوان هەردوو هۆزە گەورەکەی مەدینە ئەوسو خەزرەج لەلایەکی دیکەوە وای کرد ئەم دوو هۆزە ئامادە بکات بە ئایینێکی نوێ ڕازی ببنو پشتگیری خاوەنەکەی بکەن. ئەمە حاڵی یەهود، بەلام بۆ نەصرانیەکان ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئاینەکەیان بە بەربلاوی بە خێرایی لە هەندێك ولاتانی عەرەب بلاو بووەوە تەنانەت (شام)یش کە غەسسانیەکان لەوکاتەدا لەژێر دەسەلاتی ڕۆمەکاندا بوون، لە لاشەوە عێراق کە (المناذرة) کان لەژێر دەسەلاتی فارسەکاندا بوون، هەروەها لە(نجران) لەولاتی یەمەن پەیوەندییان بەحەبەشەوە




هەبوو کە نەصرانی بوون. بەم شێوەیە وەك یەهودیەت نەصرانیەتیش چووە ناو وڵاتە عەرەبییەکانەوە. گەورەترین بۆچونیش ئەوەیە ئەگەر ئیسلام دەرنەکەوتایە ئەوە عەرەب لە ڕووی ئایینەوە بەبڵاوبوونەوەی یەکێك لەم دوو ئایینە کۆتایی پێدهات. بەڵام نەتەوەی عەرەب خواستو کردارو ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیەو ئەمەش وای کرد کە لەگەڵ ئەم دوو ئاییندا نەیەتەوەو شوێنکەوتەی ئاینێکی نوێ ببێت کە بەراستی لەگەڵ سروشتو ئاکاری نەتەوەی عەرەبدا یەکانگیر ببێتەوە). لێرەدا قسەکانی د. طه حسین تەواو بوو ص87-88




# ئەو دابونەریتانەی سەردەمی جاهلی
# کەئیسلام وەریگرتوون

سەرباری قاووقیژی سەلەفیەکان کە ئیسلام کاری بەسوودی گەیانـدە ژیـانی عەرەبو دژی نەریتە خراپەکان جەنگاون, کەچی لەراستیدا ئیسلام هیچ شتێکی تازەی نەهێنا بەڵکو بەپێچەوانەوە نەریتە کۆنەکانی عەرەبی هێناو بـەرگی ئاسمـانی لەبەرکردو کردنیە بەشێك لەقورئان. مێژوونوسـان بۆمـان دەگێڕنـەوە کەچەنـد ڕێورەسمێـك لەسـەردەمی جاهلیـدا هـەبوونو پـەیڕەوییان دەکـرد, لەئیـسلامدا کەمێك لەو ڕێورەسمانە لابراوەو ئەوی دیکەی ماوەتـەوەو گـەورە کـراوە، لـەو ڕێورەسمانەش: سێ جار تەڵاق، خوازبێنی، واتە خوازبێنی ئافرەتێك لـەباوکی یـان براکەی یان بەخێوکەرەکەی، حەجکردن، عەمرە، تەواف، پارانەوەو پیاهەڵـدان، وەستان لەعەرەفات، هاتنە سەرێگەی ئایینو ڕەجم کردن، دەرکردنی لەشپیـسی بەخۆشوشتن، شوشتنی مردوانو ناشتنیان، بڕینی دەستی دزو پـەیمان نەشـکاندن، ڕۆژوو گرتن.[1]

[1] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس،ص 215 (مصدر سابق)




پیاهەڵـــدان یەکێکـــە لـــەو دروشمانـــەی لەجاهلیـــدا هـــەبوونو ئیـــسلام بەدەســـتکارییەکی کەمـــەوە هێـــشتیەوە. مێژوونوســـەکان بۆمـــان دەگێڕنـــەوە کەهەریەکێك لـەبتەکانی سەردەمی جاهلی پیاهەڵدانێکی تایبەت بەخۆی هەبووە، پیاهەڵدانیش لـەسەردەمی جاهلیدا بۆ بتەکان ئاوابووە:

(لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك لبيك، الا شريك هو لك، تملكه وما ملك)

پیاهەڵدانی ئیسلامیش بەم شێوەیەیە:

(لبيك اللهم لبيك، لاشريك لك لبيك، ان الحمد و النعمة لك والملك لا شريك لك).

هەرووەها بۆمان دەگێڕنەوە ئەو کۆمەڵە کەسانەی بەدەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە دوو بەش بوون، بەشێکیان بەلـەشی رووتەوەو بەشێکی دیکەیان بەجلوبەرگەوە دەسورانەوە. ئەوانەی بەرووتی دەسورانەوە بە (الحمس) دەناسرانو ئەوانەی بەجلوبەرگیشەوە دەسورانەوە بە (الحلة) دەناسران، بەیەك کەسی حومسیان دەگوت (ئەحومس) ئاماژەیەك بوو بۆ توندڕەوی لە ئاینەکەیدا. ئەوانەی (الحمس) بەرووتی تەوافیان دەکرد دەیانتوانی جلوبەرگ لە (الحلة) وەربگرن، جائەگەر بیانکڕیبایە یان بەکرێ بیانهێنایە، چونکە لـەدوای تەوبوونی




سورانەوەکەی دەبوو ئەو جلو بەرگە فڕێ بداو جارێکی دی نەیپۆشێتەوە و بەکاری نەهێنێتەوە، دوای تەواف کە فڕێ دەدرێ بەو جلوبەرگەیان دەوت (اللقي) و کەس دەستی بۆ نەدەبرد تا دەشۆردرا.

هۆی سەرەکی بۆ نەپۆشینی جلوبەرگ دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە حومسەکان دەیانووت بەجلو بەرگێکەوە تەواف ناکەین کەتێیدا دژ بە خواستەکانی خوا لاساریمان کردووە. هەروەها لە جاهلیدا تەوافی صەفاو مەروە کراوە و دوو بتی لێ بووەو دەستیان بەسەردا هێناون، صەفاو مەروەش لەو مەسەلانەیە کە کاریگەرییەکی ترسناکی پەرستشەکانی سەردەمی جاهلی هەبوو.[2]

ئەوانەی حەجیان دەکرد قوربانیان پێشکەش دەکرد و لەبەردەم بتەکاندا سەریاندەبرین و گۆشتەکانیان بەسەر ئامادەبواندا دابەش دەکرد و پێیان وابوو نەمرۆڤ دەتوانێ بەر بەم قوربانیە بگرێ نەحەوت تەبەقەی ئاسمان.[3] ئیسلامیش وشەی (سەربڕین) کەلە جاهلیدا بەکار دەهێنرا گۆڕی بۆ قوربانی.

لە جاهلیدا لەسەر ژنان پێویست بوو لەکاتی تەڵاقدان یان مردنی مێردیدا کار لەسەر مانگانە (عدة) بکات مەبەستیش لەم کارە پارێزگاری لەوەچەو

[2] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 230 (مصدر سابق)

[3] المشرق: السنة السابعة والثلاثون، كانون الثاني – آذار 1939 ص92




خوێنی پشتاوپشت بوو، رقیان لەوە بووە ژنێك لەدوای تەڵاقدانی یان مردنی مێردەکەی بەخێرایی شووبکاتەوە بەڵکو ماوەیەکیان بۆ دادەنا کە نەتوانێ لەو ماوەیەدا شووبکاتەوەو ئەوماوەیەشیان ناونابوو (عدە) عەددەی ژنانیش لەوسەردەمەدا تەنها ئەو رۆژانە بوو کە خوێنی لێدەهات، ئەگەر مێردەکەی بمردایە ئەوە رۆژانی پرسەکەی بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنەکە بۆماوەی ساڵێك یان ئەگەر دووگیان بوایە تامنداڵەکەی دەبوو جوانکاری نەدەکردو نینۆکی نەدەگرتو قژی شانە نەدەکردو ناشیرینترین پۆشاکی دەپۆشی.[4]

## میرات

میراتیش لەجاهلیدا هەبووە و تایبەت بووە بەکوڕە گەورەکانی مردووەکە، بەڵام کوڕی بچوك‌و کچەکان هیچیان بۆ جێنەدەما، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی پیاو میراتێك بۆ کوڕی جێناهێڵێ کە توانای کوشتن‌و کوشتاری نەبێت. لەبەر ئەمە ئەگەر کەسی مردوو کوڕی گەورەی نەبوایە یان منداڵەکانی کچ بوونایە ئەوا براکانی خۆی میراتەکەیان دەبرد، بۆ ژنێکیش ئەگەر میراتی جێبهێشتایە ریوایەتەکان ناکۆکن، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری کاتەکان ژن میراتی نەبووە, تەنانەت خودی باوەژن وەك میرات بەجێدەما بۆ کوڕی گەورەی ماڵ.

---

[4] لسان العرب، المجلد الرابع، ص 275/ نقلاً عن تاريخ العرب، المجلد الخامس، ص 273




چەند ریواتێكیش هەن كەلەسەردەمی جاهلیدا میراتی ژن لەلای هەموو عەرەب حەرام نەكراوە و لەهەندێك كاتو شوێندا لەمێردەكەی یان كەسوكاری میراتی بۆ ماوەتەوە. ریوایەتێك هەیە كەیەكەمین كەس لەجاهلیدا بەشە میراتی بۆ كچ دانابێت كەسێك بووە بەناوی (ذو المجاسد, عامر بن جشم بن غنم بن حبيب بن كعب) هەرچی ماڵو سامانی هەبوو بەجێی هێشت بۆ نەوەكانی و نێر دوو ئەوەندەی مێی دەبردو ئەم حوكمەش لەلایەن ئیسلامەوە ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراو چەسپا.[5]

## لەشپیسی

وشەی لەشپیسی دژو پێچەوانەی لەشپاكییە، لەجاهلیشدا هەمان مانای هەبووە، وشەیەكی دیكە هەیە كەلەماناكەیەوە نزیكە ئەویش (رجس)ە كەبەمانای (قذر) پیس دێت. لەیەكێك لەو جۆرە لەشپیسیانە مانگانەی ژنە(حيض) كە بە (طمث–دنس) هاتووە.[6]

---

[5] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس ص 274 (مصدر سابق)

[6] تاج العروس، المجلد الاول، ص 732/ نقلاً عن تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 294 (مصدر سابق)




جائایا ئیسلام شتێکی تازەی هێناوە کەپێشتر لە ئیسلامدا نەناسراو بووبێت ؟! وەلآمیش لای من ئەوەیە کەشتێکی تازەی نەهێناوە..!! ئەوەی تازە بێ و هێنابێتی دەتوانین لەگوتارەکەی (حجة الوداع)دا کورتی بکەینەوە کەهەموویان دەبنەوە بەچوار دانە: هاوەڵ بۆخودا دامەنێن، لەسەر هەق نەبێ هیچ نەفسێك مەکوژن کەخوا حەرامی کردووە، زینامەکەن، دزی مەکەن.[7] ئەم یاسایەش لەوڵاتی (نێوان هەردوو ڕووبار_مابین نهرین) دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئیسلام حامورابی هێناویەتی.[8] جائیتر بۆچی پێش سەردەمی ئیسلام ناوبنێین سەردەمی جاهلی لەکاتێکدا عەرەب بەهەموو ئەوانەی دەزانی کەئیسلام هێناویەتی؟؟!!.

---

[7] تفسير إبن كثير للآية 68 من سورة الفرقان

[8] http://i/cias.com/e.o/texts/political/code_hammurabi.htm




## بەشی سێهەم

## موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا

### لەدایکبوونی

هەر هەوڵێك بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی ژیانی پەیامبەر دەرککەون رووبەرووی دیوارێکی پڕ لەخورافە دەبینەوە کەنوسەرانی ژیانی پەیامبەر لەسەدەی هەشتی زایینیو دوای ئەویش نوسیویانە. پەیام کاتێك بۆ پەیامبەر هات تەمەنی زیکەی چل ساڵ بووە، پێش پەیام (محمد) کەسێکی ئاسایی هۆزی بەنی هاشم بووە، وەك زۆربەی پیاوانی قوڕەیش لەوکاتەدا کاری بازرگانی کردووە، ئاشکراشە عەرەبی مەککە لەسەدەی شەشی زایینیدا رۆژی لەدایکبوونی مندالەکانیان تۆمارنەکردووەو رۆژمێرێکی بڕواپێکراویان نەبووە. کاتێکیش کەمحمد دەستیکرد بەبانگەوازەکەی هیچ کەسێك لەدەوروبەری گرنگی بەوە نەداوە کەلەچ رۆژو هەفتەو مانگو ساڵێکدا لەدایکبووە بەڵکو خەمی گەورەیان ئەوەبووە دژایەتی ئایینەکەی بکەن، تەنانەت لەسەر بەرواری مردنەکەشی خەڵکان هاوڕانین..! هەندێکیان دەڵێن لەبیستو هەشتی مانگی (صفر) مردووە هەندێکی دیکەش دەڵێن لەسیانزەی (ربیع الاول) لەساڵی یانزەی کۆچی




مردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەمێژوونوسانی وەك (ابن كثير) لەكتێبی (مختصر السيرة النبوية) دا کەلە سەدەی هەشی زایینی نوسیویەتی زۆربەوردی باسی دووگیانی دایکیو رۆژی لەدایکبوونیو هەموو ئەو موعجیزانەمان بۆدەکات کەلەکاتی دووگیانییەکەی دایکیو لەدایکبوونی خۆیدا روویانداوە، هەرلە ژیاننامەی (محمد)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کەپەیامبەر بەختەتەنەکراویو بە (ناوك)براوی لەدایکبووە، لەکاتی لەدایکبوونیدا چاوی بڕیبووە ئاسمان. ئەگەر ناوکی براوبێت ئەوە دەبوو پێش ئەوەی لەدایکبێت بمردایە چونکە وەك زانستی سەردەم پێمان دەڵێت لەرێی (ناوك) ەوە ئۆکسجین دەگاتە منداڵو تا ئەو کاتە منداڵەکە یەکەم هاواری لێدەردەچێ ژیانی لەسەر ئەو دەمارە بەندە، جائەگەر پێش ئەوەی منداڵەکە لەدایکببێتو ئەو دەمارە بپچرێت ئەوا ئەو منداڵە دەمرێت.

هەمان سیرەی پەیامبەر دەڵێت: ئەو شەوەی کەپەیامبەری تێدا لەدایکبوو تاقی کیسرا لەرزیوەو شەقی بردووەو چواردە بەرهەیوانی کەوتۆتە خوارەوەو ئاگری فارسەکانیش کوژاوەتەوە کەزیاد لەهەزار ساڵ داگیرسابوو، هەروەها دەریاچەی (ساوە)ش بنئاو کەوتووە.[1]

---

[1] مختصر السيرة لابن كثير، ص 24 (مصدر سابق)




با لێرەدا پرسیارێك لەخۆمان بكەین، ئەگەر خوا محمدی ناردبێ بۆ مەككەو دووڕگەی عەرەب بەپلەی یەكەم، وەك لەقورئانداو لەچەندین ئایەتدا باسی كردووەو بەعەرەبی قورئانی دابەزاندووە، ئیتر بۆ تاقی كیسرا لەعێراق شەق دەباو بۆ ئاگری فارسەكان لەئێران كپ دەبێ كەچی لەمەككەدا هیچ ڕوونادات؟!!. ئایا باشتر نەبوو ئەو شەوەی كە(محمد) تێیدا لەدایكبوو نورێكی ڕوناك لەسەر كەعبە بدرەوشایەتەوە تا قەناعەت بەخەڵكی مەككە بكات ئەوە پەیامبەری خوایەو بۆ ئەوان نێردراوە؟!!

وادەردەكەوێ ئەم خورافاتانە (mythology) كەنوسەرانی ژیانی پەیامبەر بەمحمدیانەوە بەستۆتەوە بەشێوەیەك دایانڕشتووە كەهیچ ئیعتبارێكیان بۆ لۆژی ئەو مرۆڤانە نەكردبێت كەئەم كتێبانە دەخوێنێتەوە!! بۆ نموونە (ابن كثير) بۆمان دەگێڕێتەوە كە(امينة بنت وهب) دایكی پەیامبەر بە (حليمة السعدية) كەدایەنو شیردەری پەیامبەری گوتووە: (كاتێك كەبەسەر محمدەوە دووگیان بووم هەرگیزاو هەرگیز لەوسوكترو خۆشتر دووگیان نەبووم) لەكاتێكدا هەموومان دەزانین كەمحمد تاقانەبووە خوشكو برای نەبووەو هێشتا لەزكی دایكیدا بوو باوكی مردو هەربەمنداڵیش دایكی مرد. ئیتر چۆن دایكی دەڵێ لەووەو پێشتر وەك محمد خۆش و سوك دووگیان نەبووم؟!! جائەگەر مەبەستی (حمل) هەڵگرتنی




شتێکی تربێت ئەوە بەبێ گومان چەندەها شتی هەڵگرتووە کەلەمنداڵێکی ساوا سوکتر بووەو کێشی نەگەیشتۆتە سێ کیلۆگرام.

هەموو ئەوەی دەتوانین لەژیاننامەی پەیامبەردا دەستمان کەوێت ئەوەیە کەمحمد لەساڵی فیلدا واتە ساڵی 570ی زایینی لەدایك بووەو هێشتا لەزکی دایکیدا بووە باوکی مردووەو (حلیمة السعدية)ش دایەنی کردووە، هەروەها محمد تەمەنی پێنج تا شەش ساڵان دەبێ دایکیشی دەمرێ‌و مامی (ابو طالب) بەخێوی دەکات. بەمنداڵی شوانیی کردووەو بەگەورەییش بازرگانی بۆ ژنێکی دەوڵەمەند دەکرد کەناوی (خديجة بنت خويلد) بوو پاشانیش لەتەمەنی بیست‌و پێنج ساڵیدا زەواج لەگەڵ ئەم ژنە دەکات کەتەمەنی ئەو کاتەی خەدیجە لەچل ساڵیدا بووە بەم شێوەیە محمد دەبێتە بەرپرسی یەکەمی کارە بازرگانیەکانی خەدیجەو بۆشام کاروانی پێکردووە. ئەم زەواجەشی کارێکی بۆ ڕەخساند کەلەگەردون ورد ببێتەوەو جارجار پەنا بۆ ئەشکەوتی (حراء) بەرێت.

## منداڵێتی محمد

بەڵام دەربارەی منداڵێتی محمد هیچ نازانین چونکە کتێبەکانی ژیاننامەی پەیامبەر بەکەمی باسی ئەو لایەنەیان کردووە. هەرچەندە دەڵێن بەڵگەکانی پەیامبەرێتی لەکاتی لەدایکبوونیدا دەرکەوتووە بەڵام شتی دیکەیان نیە. لەبەرئەوە




کارێکی ئاساییە بێ لێکدانەوە هاودەمانی محمد گرنگی بدەن بەشێوە ژیانی کەسێك کەلەرۆژی لەدایکبوونیدا تاقی کیسرا شەقی بردبێتو نورێکی درەوشاوە کوژابێتەوەو زۆربەیان بلێن ئەم منداڵە پاشەرۆژێکی چاكو گەورەی دەبێت، بەڵام بەداخەوە زۆرکەم نەبێت هیچ شتێك دەربارەی منداڵێتی نازانین. بۆ نموونە ئەوە دەزانین کەلەتەمەنی یانزەساڵیدا (ابو طالب)ی مامی بەسەفەرێك دەیبات بۆشام لەوێ جیهانێکی دیکە دەبینی کەشارستانیەتو زانستو زانیاری تێدایە بەدەرلەوەی لەمەککەدا هەیە. هەرچەندە لەوسەردەمەدا منداڵ بووەو ڕەنگیشە سەرنجی ئایینەیەکانی شامی نەدابێت، بەڵام ئەم گەشتەی چاوی کردۆتەوەو وایلێکردووە ئارەزووی گەشتی دیکە بکات کەدواتر پێی هەستاوە هەردەبوو لەوگەشتانەدا چاوی بەراهیبەکان کەوتبێو گوێی لێگرتبن.[2]

لە پاڵنەرەدەرونیەکاندا نوسەرانی ژیاننامەی محمد هەستاون بەشکۆدارکردنی ژیانی منداڵیو هەڵبەستنی چەند کەراماتێكو باسکردنی چەند شتێك کەهیچ مرۆڤێکی ئاقڵ بڕوایان پێناکات. بۆنموونە (ابن کثیر) نوسیوێتی: (ابو طالب)ی مامی پەیامبەر پارەی نەبوو، محمدی وەك کوڕی خۆی خۆشدەویستو بەتایبەتی

---

2 Ali Dashti, 23 years, A study of the prophetic career of Mohammad, Mazda Publications, 1994,p.12




نانی لەگەڵ دەخوارد. ئەگەر منداڵەکانی (ابي طالب) پێکەوە نانیان بخواردایە یان بەتەنها ئەوا تێریان نەدەخوارد، ئەگەر پەیامبەر لەگەڵیاندا نانی بخواردایە هەموویان تێریان دەخوارد بۆیە هەمیشە هەوڵیان دەدا لەگەڵ محمددا نان بخۆن بۆئەوەی تێربن.

لەهەمان لاپەڕەدا (ابن کثیر) دەڵێت: (ابو طالب) لەکاتی نانخواردندا منداڵەکانی لەسفرەکە کۆکردۆتەوە، ئەوانیش دادەنیشتن‌و منداڵەکانی خۆی بەپەلە پەل نانیان دەخوارد بەڵام پەیامبەر بەپەلەپەل نانی نەدەخواردو لەسەر خۆ دەستی درێژ دەکرد، کاتێك مامی بەمەی زانی جیای کردەوەو بەجیانانی بۆ دادەنا.[3] جا ئەگەر منداڵەکانی وایان بەباش دەزانی کەلەگەل پەیامبەردا نان بخۆن‌و تێربن بۆچی پەلاماری خواردنەکەیان دەداو بۆچی نانی ئەویان جیاکردەوە؟؟.

## زەواجەکەی لەخەدیجە

کاتێ محمد زەواجی لەخەدیجە کرد کەتەمەنی لەسەروی بیستەکاندا بوو. ئ ئەوەندە لەگەڵیدا ژیا تاخەدیجە لەژیاندا مابوو، پێش کۆچەکەی بۆ مەدینە بەسێ ساڵ خەدیجەش دەمرێت[4]

---

[3] مختصر السيرة، لابن كثير ص 34 (مصدر سابق)

[4] تاريخ الطبري، المجلد الاول، دار الكتب العامية، بيروت، ص 553




لەنێوان مردنی خەدیجەو مردنی خۆیدا کەساڵێ یانزەی کۆچی بوو، واتە لەماوەی سیانزە ساڵدا پەیامبەر زیاتر لەچوارده ژنی هێنا جگە لەچەند کەنێزەکێك, دەشڵێن جگە لەکەنیزەك بەخەدیجەوە لەگەڵ سیانزە ژن جووت بووەو یانزە دانەی لەیەك کاتدا کۆکردۆتەوەو لەکاتی مردنیدا نۆ ژنی هەبووە.[5]

ڕەنگە پرسیار بکرێ: بۆچی محمد لەکاتێکدا تەمەنی بیستو چەند ساڵێك بووەو وەك نوسەرانی ژیاننامەکەی دەیڵێن گەنجێکی جوان بووە بۆچی ژنێکی وەك (خەدیجة خویلة بن اسد بن عبدالعزی) دەهێنێ؟! خەدیجە پێش ئەوەی شوو بەمحمد بکات مێردێکی دیکەی هەبوو بەناوی (عتیق بن عابد بن عبدالله بن عمر بن مخزوم)و لەومێردە کۆنەی کچێکی هەبوو، پاش مردنی ئەم مێردەی شوودەکات بە (ابوهالة بن زرارة بن بناش بن زرارة بن حبیب بن سلامة بن عدي)و لەویش منداڵێکی دەبێ بەناوی (هند بنت ابی هالە)و دوای مردنی زەواج لەگەڵ پەیامبەر دەکات.[6]

کەواتە بۆچی گەنجێکی ئاوا بێوەژنێك دەخوازێ کەلەتەمەنی چل ساڵیدایەو خاوەنی دوو منداڵە؟! وەڵامەکەی لەریوایەتێکدا دەدۆزینەوە کەبەریوایەتی

---

[5] مختصر السیرة لابن کثیر، ص 512

[6] تاریخ الطبري، المجلد الثاني، ص 208




عائیشەی دەزانن، ئیمام ئەحمەد دەڵێ لەدەمی (ابن اسحاق)وە (مجالد) بۆی گێڕاومەتەوە لە(الشعبي) لە(المسروق)وە, عائیشە دەڵێ: ئەگەر پەیامبەر باسی خەدیجەی بکردایە بەپیاهەڵدانەوە باسی چاکەی دەکرد، ڕۆژێك لەخۆم بایی بووم‌و پێم ووت: تۆ بۆ ئەوەندە باسی رووسووری (گوپن) خەدیجە دەکەیت، خوا لەو باشتری پێداوی، پەیامبەر لەوەڵامدا پێی دەڵێ: هەرگیز لەوباشتری پێنەداوم، خەڵکی بەکافریان دەزانیم ئەو بڕوای پێهێنام، خەڵکی بەدرۆزنیان دەخستمەوەو ئەو بەراستگۆی زانیم، نەیاندەهێشت پارەپەیدا بکەم‌و سامانەکەی خۆی پێدام خوا لەو منداڵی دامێ کەلەژنەکانی دیکە نەیداومەتێ.[7]

ئایا ئەبێت پەیامبەر لەبەرخاتری دارایی خەدیجە بهێنێت؟! لەکاتێکدا ئەو لەهەرەتی لاوێتیدا بوو لەترسی داراییەکەی نەیوێراوە ژنی دیکە بهێنێت، بەڵام کاتێك لەتەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵیدا مرد لەدوای ئەو زیاتر لەچواردە ژنی هێناوە.

**پەیامبەرایەتی محمد**

مەسەلەی پەیامبەرایەتی لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا جێی مشتومڕێکی قووڵە، هەیە ڕەتی دەکاتەوەو هەیە ئامادەیە لەپێناویدا بمرێت، پەیامبەریێتی لەگەڵ تیۆری داروینیدا کەباس لەگەشەکردن دەکات

[7] مختصر السيرة، ص 119




لەسەر دوو هێڵی تەریبن‌و هەرگیز بەیەك ناگەن، تیوری داروین قسە لەسەر گەشەسەندنی ژیان دەكات هەر لەیەك خانە (بخیله واحده, الامیبا) تادەگاتە مرۆڤ بەم شێوەیەی ئێستای كەبەچەندین قۆناغی گەشەو گۆڕانكاریدا تێپەڕبووە، ئایینە ئاسمانییەكانیش دەڵێن خوا ئادەم‌و حەوای دروست كردووەو لەوانیشەوە رەگەزی مرۆڤ لەسەر زەوی بڵاوبۆتەوە لەبەر ئەوە خوا پەیامبەر دەنێرێتە لایان تاهیدایەتیان بدات.

رەنگە پرسیارێك بكرێت، ئایا حیكمەتی ئەمە چیە؟ ئەگەر خوا مرۆڤی دروست كردووەو هەرخۆی بەسەر هەموو شتێكدا توانای هەیە، ئیتر بۆچی هەموویانی بەباوەڕو هیدایەتەوە دروست نەكرد؟؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زانایانی ئایین دەڵێن: (خوا ویستویەتی مرۆڤەكان تاقیبكاتەوە) لەوانەیە بپرسین خوا چ پێویستییەكی بەتاقیكردنەوە هەیە لەكاتێكدا خوا بەهەموو شتێك زانایەو ئاگای لەهەموو شتێكی رابردووەو دەشزانێ هەر مرۆڤێك پێش ئەوەی لەدایكببێت لەداهاتوودا چی دەكات؟!؟.

ئێمە مرۆڤ تاقیدەكەینەوە تابزانین توانایی فكری‌و زانستی چەندە، بەڵام ئەگەر پێشوەخت تواناكانی ئەوكەسەمان زانی ئیتر تاقیكردنەوە مانای نامێنێ‌و هەوڵ‌و كات كوشتنە، خۆئەگەر مەبەست لەناردنی پەیامبەر هیدایەت كردنی ئادەمیزادە،




ئەوە ئەم ئەزموونەش چەند جارێك تێكشكاوەو سەرنەكەوتوە، ئیتر بۆچی خوا لەسەر ئەم ئەزموونە بەردەوام بوو؟؟!.

ئەو پەیامبەرانەی كەژمارەیان لەبیست زیاترەو بۆ بەنی ئیسرائیل نێردراون هەموویان شكستیان هێنا جگە لەهیدایەتكردنی بەشێكی زۆر كەم نەبێت، ئێستا لەكۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی گشت دونیا كەشەش ملیار كەسە یەهودیەكان لەتەواوی دونیادا ئەمڕۆ ناگەنە بیست ملیۆن كەس، لۆژیكیش ئەو قەناعەتەمان لادروست دەكات كەئەزموونی ناردنی هەموو ئەو پەیامبەرانە تەنها بۆبەنی ئیسرائل ئەزمونێكە پڕە لەشكست، لەگەڵ ئەوەشدا وەك لەقورئان بۆمان باس دەكات بەنی ئیسرائیل هەندێك لەوپەیامبەرانەی كوشتووە، هەروەها خوا سزای هەموو ئەو نەتەوانەشی داوە كەپەیامبەری بۆ ناردوونو شوێنكەوتەی نەبوونو بەژێر زەویدا بردوونی یان بەزەمین لەرزەیەك یاخود بەهاوارێك ژێراوژووری كردوونو خانوەكانی لەگەڵ زەویدا كردوە بەیەك،ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی بڕوایان پێ نەهێناوە.

لەسەردەمی نوحدا خوا تۆفانێكی نارد كەتێیدیدا جگە لەخودی نوحو كەسوكارو ئەوانەی بڕوایان پێكردووە تەواوی ئادەمیزاد تەڕوو وشكی خنكاندووە، لەدوایدا ئەگەر چی نەوەكانی نوح بینیان چی بەسەر ئەوانەدا




هاتووه كەباوەڕیان نەهێناوه كەچی دوای چەند نەوەیەك گەڕانەوه بۆكوفرو پەناگیری خۆیان تاخوا بەناچاری هەڵسا بەناردنی چەند پەیامبەرێكی دی، بەدووبارەبونەوەی زەوی بووه هەمان وێرانەو كاولبوونو ریسوایی، تەنانەت لەسەردەمەكانی دوایشدا كاتێك خوا موسای بۆ بەنی ئیسرائل نادر موسا زمانی دەیگرتو باش قسەی بۆ نەدەكرا، ئیتر نازانین بۆچی خوا كەسێكی زمان تەتەڵە دەنێرێت تا قەناعەت بەخەڵكی بكات؟! كاری سەرەكی پەیامبەران گەیاندنی پەیامەكەیەتیو پێویستە زمانێكی پاراوی هەبێت، لەمەوه موسا ناچاربوو لەخوا بپارێتەوه براكەشی (هارون) بكاتە پەیامبەرو ئەویش كردی، جا بۆ لەسەرەتادا بەتەنها هارونی نەنارد؟! ئەوكاتە ئەزموونەكەی موسا شكستی هێنا كەئیسرائیلییەكان گومانی بەسەرهاتەكانیان دەكرد، ئەو كاتەی موسا بەنی ئیسرائلی لەمیسرەوه كۆچ پێكرد فرعەونو سەربازەكانی شوێنی كەوتن، بۆئەمەش خوا دەریاكەی شەق كردوو موساو ئیسرائیلیەكانی رزگاركردوو فرعەونو سەربازەكانی تێیدا خنكاند, ئینجا خوا لەئاسمانەوه شیلاقەو گەزۆی بۆ باراندن تا لێی بخۆنو لەبرسێتی رزگاریان بێت..!! لەبەرئەم خورافەیە بڕوایان نەبەخۆیو نەبە پەیامەكەی نەهێناو بۆخۆیان گالیسكەیەكیان دروستكردو كڕنوشیان بۆ برد. جا ئایا موعجیزه لەوەگەورەتر دەبێت تا قەناعەت بەخەڵكی




بكرێ كەخوا هەیە!!؟ ئەگەر ئیسرائیلیەكان دوای بینینی ئەو هەموو موعجیزانەش بڕوایان نەهێنا، ئایا ئەمە قەناعەت بەخوا ناكات كەناردنی پەیامبەر هیچ شتێكی بۆ سەوز ناكات؟!!.

ئەوەتا خودی قورئان دەڵێت:

{يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُون}.[8]

(پەشیمانیو داخو ناڵە بەسەر بەندەدا دابارێت، خۆ پەیامبەرێكیان بۆنەهات كەگاڵتەی پێنەكەن) كەواتە خوا دەیزانی كەهەموو بەندەكانی گاڵتە بەپەیامبەرەكانی دەكەن، ئیتر بۆچی دەیناردن؟!! بۆچی زەوی بەوانەی لەسەریشی دەژین وەك پێشتر كردبوویوێران ناكاتو خەڵكەكە لەسەر یەك ئایین دروست ناكات؟!!.

ناردنی پەیامو پەیامبەران ئەگەر خەڵكیش هیدایەت بكات ڕێژەیان هەمیشە كەمن بەهەمان مانای ئەو ئایەتەی كەلەقورئاندا هاتووە {وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ}.[9]

(ئەگەر كاریشی بۆ بكەیت زۆرینەی خەڵكی بڕوا ناهێنن)

[8] یس 30
[9] یوسف 103

لەسورەتی (ال عمران –55) {إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ}.

كاتێ خوا لەگەڵ عیسادا قسەدەكات بەعیسا دەڵێت: (بەرزیو بلندی دەبەخشم بەوانەی شوێنكەوتەی تۆن بەسەر كافراندا هەتا ڕۆژی قیامەت) لەم ئایەتە واتێدەگەین كەچەند مەسیحیەك هەن هەتا ڕۆژی قیامەت بڕوایان بەعیسا دەمێنێ، ئیتر سوودی ناردنی محمد چییە بۆ ئیسلام تابەسەر هەموو ئایینەكاندا سەربیخات؟! چونكە خوا بریاری داوە كەچەند مەسیحیەك هەتا ڕۆژی قیامەت دەبن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەتا دوای تێپەڕبوونی هەزارو چواردە ساڵ لەدوای دەركەوتنی ئیسلام بەسەرهەموو ئاینێكدا كەچی هێشتا ئایینی مەسیحی گەورەترین ئایینی ئاسمانییە لەجیهانداو ژمارەی شوێنكەوتوانی لەموسوڵمانان گەلێك زیاترن.

قورئان لەچەندین ئایەتدا پێمان رادەگەیەنێت ئەگەر خوا ویستو ئارەزووی هەبوایە هەموو خەڵكی دەكردە یەك نەتەوەو بڕوایان بەپەیامەكەی بكردایەو

هەموویان لەسەریەك ئایین بونایە {وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلكِن يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ}.[10]

هەروەها پێمان رادەگەیەنێت کەخوا ویستو ئارەزووی هەرکەسێکی هەبێت هیدایەتی دەدا یان گومرای دەکات. {وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ مَن يَشَإِ اللّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ}.[11]

هەروەها لەقورئاندا هاتووە لەسورەتی (الاسراء) ئەگەر بیویستایە گوندێك وێران بکات فەرمانی بەخۆشگوزارەکانی گوندەکە دەکردو ئەوانیش ناوچەکەیان تێکدەدا، بەمانایەکی دی وێرانو ژێرو ژووریان دەکرد، هەموو ئەم ئایەتانە لەوە دڵنیامان دەکەنەوە کەژیانی مرۆڤ لەسەر ڕاڕەو وەستاوە بۆ کوێی برد دەیباتو هیچی بەدەست نییە ئەوەی شتی بەدەستە خوایەو گەر ویستیو ئارەزووی هەبێـ هیدایەتی مرۆڤ دەکاو گەر ئارەزووشی لێبێت ئەو شوێنە وێران دەکات کەخۆی هەڵیدەبژێرێت. جالەکاتێکدا مرۆڤ هیچ مافێکی لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆی نەبێت ئیتر چ حیکمەتێك بۆناردنی پەیامبەران بۆ هیدایەتکردنی مرۆڤ هەیە؟!.

[10] النحل 93
[11] الانعام 39




جگە لەوانەش لەهەندێك كاتدا وا هەست دەكەین كەخودی خوا نایەوێت خەڵكی شوێنكەوتەی پەیامبەر بن. دەبینین خوا (لەسورەتی مریم –83) دەڵێت:

{أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا}

(ئەوە بەراست نابینیت چۆن شەیتانەكانمان ناردە سەر كافران تا گوناهو تاوانی خراپە بكەن).

واتە هانی بەلەسەبوونو یاخیو لاساریان دەدات، ئەم ئایەتە بەپێی تەفسیری (جلالین) واتە هاندانی بەلەسەبوونو لاساری كردن. جالەكاتێكدا خودی خوا شەیتان بنێرێ تاچەند كەسێك ئامادەی لاساری بكات ئیتر حیكمەتی خوا بۆ ناردنی پەیامبەران بۆ هیدایەتكردنیان چییە؟!

چەندین بیرمەند بەدرێژایی مێژوو هەبوون كەبیرۆكەی ناردنی پەیامبەریان ڕەت كردۆتەوە، لەوانە: پزیشكێكی فارسی بەناوبانگ (محمد بن زكريا الرازي (250–313ھ) هەروەها بیرمەندو شاعیری بەناوبانگی عەرەب (ابو العلاء المعري)[12] (369–450ھ) كەلەشیعرێكدا دەڵێت:

(تحطمنا الايام كالزجاج.. لكن لايعاد لنا سبك).

---

[12] Ali Dashti, p.17

ئەگەر بەچاو ڕێژەیەکی گشتی ئەوە بهێنینەوە یادمان کەئەو ژمارە بێشومارەی لەجەنگەکانی خاچپەرستان لەنێوان مەسیحیەکانو موسوڵماندا کوژران، ئەوانەشی لەدادگای پشکنینی ئیسپانیادا کوژران, هەروەها ئەوانەی لەرۆژانی بانگەوازو بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا کوژران، وەهەزارانی دیکە کەلەشەڕی ئایینی نێوان وڵاتانی جیهاندا دەکوژرێن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەئایینەکان ئەوەی بۆ مرۆڤیان هێناوە زەرەو زیانەکانی لەبەرژەوەندیەکان زۆر زیاترو گەورەترن, لەبەرامبەر ئەوەشدا چەندین بیرمەندی گەورەی مرۆڤایەتی لەمێژوودا هەبوون وەك: کۆنفۆشیۆس، بوزا، حامورابی، ئەرستۆو چەندانی دیکە، بیرۆکەی وایان پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە کەسودێکی گەورەیان لێ بینیوەو لەپەیامبەرانیش نەبوون.

لەگەڵ ئەوەی محمد لەهۆزی بەنی هاشم بووە بەڵام گەورەکانی قورەیش لەبەر هەتیوی و هەژاری بەهاو ڕێزیان بۆ دانەناوە. لەرەهەندی بیرکردنەوەیاندا وای بۆ چووبوون ئەگەر خوا ویستبێتی نێردراوێك بنێرێ ئەوە دەبوو کەسێکی هەڵبژاردایە کەپلەو پایەی لەکۆمەڵگاکەدا هەبوایە، لەبەرئەم هۆیە کاتێك (محمد) پەیامبەریتی خۆی ڕاگەیاند (ولید بن مغیرة) سەرۆکی بەنی مەخزوم لەمەککە وتبووی: (کاتێك لەهۆزی قورەیشدا پیاوێکی وەك من هەبێتو لەهۆزی بەنی

تەمیمیشدا پیاوێکی وەك (عروە بن مسعود) هەبێت چۆن دەبێ محمد رایگەیەنێت کەپەیامبەرە..!!). لەسەر ئەم هۆیە خوا لەچەند ئایەتێکدا دەڵێ:

{وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ}. [13]

(هەروەها بیانویان گرتو وتیان: ئەوە بۆ ئەم قورئانە دانەبەزێنرا بۆسەر پیاوێکی گەورە لەپیاوە گەورەکانی دوو شارەکە؟ {أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ} [14]

(ئایا ئەوانە رەحمەتی خوای تۆ دابەش دەکەن؟ ئێمە مەعیشەتی ئەوانمان لەژیانی دونیا دابەشکردووەو پلەو پایەی هەندێکمان بەسەر ئەوانی دیکەدا بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی سوودو توانای لەیەك وەربگرنو رەحمەتی پەروەردگاری تۆ لەهەموو شتێکی کۆکراوەی خەڵکی چاکترە).

سیانزە ساڵ پەیامبەر لەمەککەدا لەهەوڵی بێپەرواادا بوو بۆ قەناعەت پێکردنی خەڵکەکە بەئایینەکەی. هەموو ساڵێك لەوەرزی حەجدا خۆی نیشانی هۆزە عەرەبیەکان دەداو قسەی بۆدەکردن بەبێ ئەوەی کەس بڕوای پێبهێنێت.

---

[13] الزخرف 31
[14] الزخرف 32




سەردانی هۆزی (بني ثقيف)ی لەشاری تائف كردو بانگهێشتی كردن بۆ ئیسلامو كەس شوێنی نەكەوت. تا لەدواییدا كەسانێك لەئەوسو خەزرەج گوێیان لێگرتو ئەوانی دیكەش بڕوایان پێكردو بۆ سەركەوتنیان پەیمانێكیان لەگەڵ بەستن بەناوی (بيعة العقبة)و داوایان لێكرد بۆ مەدینە كۆچ بكا, ئەویش لەساڵی 623ی زایینی ساڵی سیانزەهەمینی بانگەوازەكەی كۆچەكەی بۆ مەدینە كرد.




## غەزاكانی

كاتێك لەنێوان ئەنسارو موهاجیرەكان (نیشتەجێكانی مەدینەو كۆچەرییەكانی مەككە) لەشاری مەدینەدا ئارامی گرتو دایكوتا، پەیمانی لەگەڵ یەهودییەكانی مەدینە بەستو بەڵێنی بەهەموو لایەك دا كەئاگای لەخۆیانو ماڵو سامانیان بێت بەو مەرجەی شەڕی لەگەڵ نەكەن. بەم شێوەیەش ژیانی خۆیو قاعیدەكەی زامن كردو ترسی لەسەر هەڵگیراو دەستی كرد بەداڕشتنی نەخشەی غەزاەكانی تا خەڵكی بێنە ناو ئیسلامەوە یان جزییەی بدەنێ تابتوانێ خەرجی دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامی دابین بكات، دەوڵەتیش هەردەبێ سوپایەكی هەبێت تابتوانێ بەرگری پێبكاتو قەوارەو رووبەری زیادبكاو هێرشو پەلاماری پێ بكات. ئامادەكردنی سوپاش پێویستی بەپارە هەیە بۆكڕینی چەكو ئەسپو خواردنی سەربازەكانو شتی دیكە، بەڵام محمد بۆ ئەم كارەی پارەی لەكوێ بوو؟! چارەسەر بۆ ئەمە لەلای محمد پەلاماردانی كاروانە بازرگانیەكانی قوڕەیش بوو كەهەمیشە كەلوپەلی گرانبەهایان لە (شام)ەوە بۆ مەككە دەهێنا، لەگەڵ داگیركردنی هۆزەكانی دراوسێی.




بەپێی گێڕانەوەیەكی (محمد بن عمر) دەڵێ: ئەو غەزاانەی پەیامبەری خوا كردوونیو لەلایەن هەموو لایەكەوە ناسراوبێو هەموولایەك هاوڕابن لەسەری وهیچ ناكۆكیەكی تێدا نەبێت ژمارەیان بیستو حەوت غەزاه، بەڵام ناكۆكی هەبووە لەژمارەی گرووپە شەڕكەرەكانیدا (محمد بن اسحاق) دەگێڕێتەوە. گرووپە شەڕكەرەكانو ئەو كۆمەڵە نێردراوانەی كەپەیامبەر هەیبوون، لەوكاتەوەی هاتە مەدینەوە تا ئەوكاتەی سەری نایەوە سیو پێنج گرووپو نوێنەر بوون.[1]

لەمانگی ڕەمەزانی حەوتهەمین مانگی كۆچكردنی پەیامبەر بۆ مەدینە لەموهاجرینەكان لیوایەكی سپی لەسی (30) پیاو بۆ (حمزة بن عبدالمطلب) دروست كرد، وەك (الواقدی) دەڵێت فەرمانی پێكرد ڕێگری لەحوشترەكانی قوڕەیش بكات.[2] كاتێك حەمزە ویستی ڕێگری لەكاروانەكە بكات بینی (ابا جهل بن هشام) لەگەڵ سێ سەد پیاودایە، كەسێك بەنێوی (مجدي بن عمرو الجهني) دەكەوێتە نێوانیانەوەو بلاوەی پێكردنو شەڕ ڕووی نەدا.

لەمانگی (ربیع الاول)ی ساڵی دووی كۆچی پەیامبەر لەگەل دووسەد سواردا چوونە غەزایەك، مەبەستی بوو ڕێگری لەكاروانێكی قوڕەیش بكات. ئەوكاروانە

[1] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 206 (مصدر سابق)
[2] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 11 (مصدر سابق)




بەسەرکردایەتی (امیه بن خلف) بوو کەلەگەڵ سەد پیاوو دوو هەزارو پێنج سەد حوشتر بوو، پەیامبەر چوو بەدوایاندا تاگەیشتە ناوچەی (بواط) لەلای لەناحیەی (رضوي) بەلاّم کاروانەکەی نەدۆزییەوەو گەڕایەوە بۆ مەدینە. ئەم غەزایەش ناونرا بە (غزوة بواط)[3] جارێکی دیکەش بۆ غەزای (العشيرة) دەرچووو بەنیازی ڕێگرتنی چەند کاروانێکی قوڕەیش‌و بەدوایانەوە بوو تاگەیشتە (العشيرة) لەناوەڕاستی ناوچەی (ینبع)، لەمەشدا هیچ کاروانێکی نەدۆزییەوەو گەڕایەوە.

لەمانگی ڕەجەبی هەمان ساڵدا (عبدالله بن جحش)ی لەگەل هەشت لەموهاجیرەکانی بۆ شوێنێك نارد، پێش ڕۆشتنیان پەیامبەر نوسراوێکی نوسی‌و دایە دەست عەبدولّلاو فەرمانی پێکرد دوای دوو ڕۆژ لەڕۆشتنیان نوسراوەکە بخوێنێتەوە. دوای دوو ڕۆژەکە عەبدولّلا نوسراوەکەی کردەوە بینی نوسراوە: (گەر سەیری ئەم نوسراوەمت کرد بکەوەڕێ تا دەگەیتە دارخورمایەك لەنێوان مەککەو تائفدا لەوێ بۆ سەیەك بۆ قوڕەیشییەکان دابنێ‌و لەهەواڵیان ئاگادارمان بکەنەوە) ئەوانیش چوون تاگەیشتنە دارخورماکەو بۆسەیان دانا، کاروانێکی قوڕەیشی تێپەڕبوو کەتێیاندا ئەم کەسایەتیانەی تێدابوو: (عمرو بن الخضرمي، عثمان بن عبدالله بن المغيرة و نەوفلی برای، الحکم بن کیسان) ئەو ڕۆژە دواین

[3] مختصر السیرة لأبن کثیر،ص 187 (مصدر سابق)

رۆژی رەجەب بوو، صەحابەکان وتوێژی یەکتریان کردو وتیان: (سوێند بەخوا ئەگەر ئەمشەو وازیان لێبهێنین ئەوە دەچنە مانگی حەرامەوەو لێتان حەرام دەبێت، ئەگەر بیشیان نکوژین ئەوا با لەمانگی حەرامدا بیانکوژین) دوای گفتوگۆ رێکەوتن ئەوەندەی بۆیان دەکرێ لێیان بکوژنو کەلو پەلو دەستکەوتەکان لەگەڵ خۆیان ببەن.

بۆ پیلانیش لەناو خۆیاندا سەری یەکێکیان تاشی تا کاروانچییەکان دڵنیابن لەوەی ئەمانە شەڕکەرو رێگرنین بەڵکو لەوانەن کەعەمرەی ماڵی خوا دەکەن. کاتێك قورەیشیەکان بەو شێوەیە بینیانن لەخۆیان دڵنیابوونو شمشێرەکانیان دانا، صەحابەیەك (واقد عبداللە التمیمی) تیرێکی گرتە (عمرو بن الحضرمي)و کوشتی، عوسمان بن عباللەو حەکەم بن کیسانیش بەدیل دەگرنو نەوفلیش لەدەستیان دەرباز دەبێت[4].

ئینجا (عبداللە بن جحش)و صەحابەکان گەڕانەوە بۆ مەدینەو لەگەڵ خۆیان کاروانەکەو دوو دیلەکەیان پێش خۆیان خست تاگەیشتنە لای پەیامبەرو عەبدوڵڵا بن جحش بەصەحابەکانی ووت: (لەم دەستکەوتەدا پێنج یەکی بۆ

[4] سیرة أبن هشام تحقیق د/ محمد فهمي السرجاني – الجزء الثاني ص 175، طبعة 1978، المكتبة التوفيقية/ مصر




پەیامبەرە) بەشەکەی پەیامبەری جیاکردەوەو ئەوی دیکەی لەنێوان صەحابەکان دابەشکرد، ئەم کارەش کرا پێش ئەوەی ئایەتی پێنج یەك (خمس) دابەزێت.

کاتێك قورەیشیەکان ووتیان: (محمدو صەحابەکانی مانگی حەرامیان حەڵاڵ کردو خوێنیان تێدا ڕشتو ماڵیان تێدا بردو پیاویان تێدا بەدیل گرت) پەیامبەر دڵگران دەبێو بەصەحابەکان دەڵێ: (من فەرمانم پێنەکردون لەمانگی حەرامدا کوشتار بکەن)[5] بەشەکەی خۆی لەدەستکەوتەکە وەرنەگرن کەدوو دیلو هەندێك حوشتر بوو. دوایی دەستکەوتەکان کەوتنە بەردەستی خەڵكو وابۆی چوون بەم کارەیان توشی ماڵوێرانی بوونو برا موسڵمانەکانیش دژایەتی ئەم کارەی صەحابەکانیان کرد[6]. بەڵام هەر لەدوای ئەوە ئەم ئایەتە دابەزی:

{يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن

[5] إمتاع الاسماع للمقريزي، تحقيق محمد عبد الحميد النميسي – المجلد الاول– ص 70، الطبعة الاولى 1981 / دار الانصار/ القاهرة

[6] السيرة النبوية لابن هشام/ الجزء الثاني، ص 177 (مصدر سابق)




دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ}[7]

(دەربارەی جەنگ لەمانگی حەرامدا پرسیارت لێدەکەن – مانگە کانی حەرام بریتیبوون لەزوالقعدە، زو الحجە، محرم، رجب، پێیان بڵێ جەنگ لەومانگانەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیەو بەرهەڵستی ڕێبازی خواو کوفرە، جەنگ لەمزگەوتی حەرامداو دەربەدەرکدنی خەڵکەکەی زۆر گەورەترە لەلای خوا، فیتنە تاوانێکە لەکوشتن گەورەترە، بێباوەڕان ئەگەر بۆیان بکرێت بەبەردەوامی دژتان دەجەنگن هەتا واتان لێبکەن لەئایینتان پاشگەز ببنەوە) جا کەقورئان ئەم فەرمانەی دابەزاندو دەرگای ڕزگاربوونی لەسەر موسوڵمانان کردووە بەخۆیاندا شکانەوەو پەیامبەر لەڕەتکردنەوەی دەستکەوتەکەی پەشیمان بووەوەو حوشترو دوو دیلەکەی وەرگرت,[8] ئەمەش پێنج یەکی دەستکەوتی ئەنواندو یەکەمین دەستکەوتی موسوڵمانان بووە, پەیامبەریش دوو دیلەکەی

---

[7] البقرة 217

[8] السيرة النبوية لابن هشام، الجزء الثاني، ص 178 (مصدر سابق)




بەچل ئۆقە بۆ هەریەکێکیان رزگارکردو ئەمەش یەکەمین ئازادکردنی دیل بوو لەئیسلامدا.[9]

لە راستیشدا ئەم ئایەتە پۆزشێك بوو واقیع پشتگیری لێناکات چونکە قورەیشیەکان لەوکاتەدا شەڕی موسوڵمانانیان نەدەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە موسوڵمانەکان لەسەرەتادا سێ جار رێگرییان لەکاروانەکانی قورەیش گرتو تەنانەت لەم جارەیشدا قورەیش دەستدرێژی نەکردۆتە سەریان بەڵکو موسوڵمان دەستدرێژیان کردو لەمانگی حەرامیشدا کردیان.

## غەزای بەدری گەورە

بۆ مەسەلەی (فدیە) خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند...!! {مَا كَانَ لِنَبِيّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللّهُ يُرِيدُ الآخِرَةَ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}.[10]

دوایش دەستکەوتی بۆ حەڵاڵ کردن.[11]

[9] إمتاع الاسماع للمغريزي، الجزء الاول، ص 70 (مصدر سابق)

[10] الانفال 67




لۆژيك وادەخوازێ كەشەريعەتە ئاسمانيەكان لەياساكانی مرۆڤ بەبەزەيی‌تر بن،

پەيامبەر بيستی كە(ابي سفيان بن صخر بن حرب) لەگەل كاروانێكی بازرگانی قورەيشيەكاندا لەشام گەڕاوەتەوەو ماڵو كەلوپەلی بازرگانی مەزنی تێدايە، سی يا چل پياويشيان لەگەڵدايە، كاروانەكەش هەزار حوشتر باری قورەيشيەكانی هەڵگرتبوو، پەيامبەر بەصەحابەكانی ووت: (ئەمە كاروانی قورەيشيەكانەو سامانی ئەوانەی تێدايە بۆی بچن بەڵكو خوا بيكاتە دەستكەوتتان).

ئەبو سوفيان كەبيستی موسوڵمانەكان بۆی دەچنە بۆسەوە كەسێك بەناوی (ضمضم بن عمرو)ی ناردە مەككە بۆ ئەوەی داوای يارمەتيان لێبكات، لەئەنجامدا قورەيش بەنۆ سەدو پەنجا شەركەرەوە چوونو پەيامبەريش لەگەل موهاجرينو ئەنصارەكاندا بەرێكەوتن تاگەيشتنە شوێنێك كەپێيان دەگوت بەدرو لەشوێنێكدا لايانداو كەوتنە چاوەرێكردنی ابی سوفيانو كاروانەكەی قورەيش. ئەبو سوفيانيش زانی موسوڵمانەكان لەبەدر لايانداوە رێگەی كاروانەكەی گۆڕیو لێيان رزگاری بوو هەواڵيشی بۆ قورەيشيەكان نارد كەكاروانەكەی رزگاركردووەو ئەوانيش بگەرينەوە. بەڵام (ابو جهل بن هشام) پێی لەسەر ئەوە

---

[11] {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأنفَالِ قُلِ الأنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ} (1) سورة الأنفال ' وةرطيَر

داگرت کەبگەنە بەدر، ئەوکاتە وەرزێك بوو لەو وەرزانەی کەعەرەب ساڵانە لەبازارەکانیاندا کۆی دەکردنەوە، لەبەرئەمە نەوەستان تاگەیشتنە عدوەی ئەوسەر[12] پەیامبەریش لەوشوێنەدا (بدر) لەمسەری ئاوەکەوە بۆیان دانیشتن. لەگەڵ پەیامبەردا پیاوێك هەبوو پێیان دەگوت (الحباب بن منذر بن الجموح) ناوبراو بەپەیامبەری گوت: (ئەی پەیامبەری خوا ئایا ئەم شوێنەت بینیەوە؟ ئایا ئەمە شوێنێکە کەخوا پێی داوینو ئێمە بەرەو رووی بچینو لەئاوەدانکردنەوەی هیچ دوانەکەوین یاخود ئەمە بیروبۆچوونو جەنگو دەسیسەو پیلانە..؟! پەیامبەریش پێی دەڵێ: بیروبۆچوونو جەنگو پیلانە، حەبباب دەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا ئەگەر وابێت ئەمە شوێنێکی باش نییە، خەڵکەکە بنێرە بائێمە دابەزینو ئاو بهێنین دوایش بیرەئاوەکان بەخۆڵ پڕدەکەینەوە لەسەریان حەوز دروست دەکەینو پریان دەکەین لەئاو، ئینجا شەری قەومێك دەکەین کەئێمە ئاومان لەلایەو لێی دەخوینەوەو ئەوان نییانە تا بیخۆنەوە. پەیامبەریش ووتی: (ئەوا راوێژم لێوەرگرتن) بەو شێوەیەی (ابن المنذر) پێشنیاری کرد کردیانو هەردوولا بەیەکگەیشتنو لەوشەڕەدا موسوڵمانان سەرکەوتن.[13]

---

12 دوو ناوضة هةبوون بةناوى عدوةء ثيَيان دةطوتن عدوةى ئةمسةرو عدوةى ئةوسةر. وةرطيَر

13 مختصر السيرة لابن كثير، ،ص 196 وما بعدها (مصدر سابق)




(ابن اسحاق) لە (عبدالرحمن بن عوف) دەگێڕێتەوە لەرۆژی بەدردا بەلای (امية بن خلف)دا تێپەریوە کەوەستابوو دەستی کوڕەکەی (علي) گرتووە, عەبدولرِەحمان بەدیلی دەیانگرێت، کەبلال بەو شێوەیە دەیانبینێ دەلێ: سەری کوفر ئومەییەی کوری خەلەفە, گەر رزگاری ببێ ئەوە من رزگارم نابێت، ئیتر بەدەنگی بەرز هاوار دەکات: ئەی شوێنکەوتوانی خوا سەری کوفر ئومەییەیە، بەم هاوارە هێرش دەکەنەسەر ئومەییەو کوڕەکەیو دەیانکوژن.

بۆ دیلەکانی دیکەی ئەوشەرە صەحابەکان ناکۆك دەبن، بیانکوژن یان ئازادیان بکەن, بۆ ئەمە پەیامبەر راوێژی بە ئەبوبەکر کردو عەلیو عومەر کرد، ئەبوبەکر وتی: ئەی پەیامبەر خوا ئەوانە کوڕە مامو رۆڵەی عەشرەتو برامانن من وایدەبینم کە(فدية)یان[14] لێوەربگرێتو ئەوەی بەهێز وەرمانگرت بۆ ئێمەبێت بەڵکو دواتر خوا هیدایەتیان بداو ببنە پشتگیرمان.

عومەریش ووتی سوێند بەخوا من ئەوە بەباش نابینم کەئەبوبەکر دەیبینێ، من وای بەباش دەزانم بهێلێت فلانەکەس (کەخزمی خۆی دەبێت) بدەم لەگەردنی، عەلیش بتوانێ بدات لەگەردنی (عقیل)و حەمزەش بتوانێ بدات لەگەردنی فلانەکەسی برای تا خوا بزانێ هیچ نەرمیو نیانیو چاوپۆشییەکمان بۆ

14 فدية: رزطارکةرانة، طاوو طةردوون، بةرانة، ثيَشيار، شتيَكة لةبرى شتيَك بةكاردةبرآ. وةرطيرِ.




هاوەڵدانەران (مشركين) لەدڵماندا نەماوە. لەكۆتاییدا پەیامبەر بەراوێژی ئەبوبەكری كردو بڕیاریدا فدیە لەدیلەكان وەربگیرێت. بۆ ڕۆژێك دواتر عومەر بینی پەیامبەرو ئەبوبەكر دەگرین، كەپرسیاری لێكردن پەیامبەری لەوەڵامدا ووتی: لەبەر ئەوە دەگرین هاوەڵەكانمان بۆی پێشنیار كردین كەفدیە لەدیلەكان وەربگرین. خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند:

{مَا كَانَ لِنَبِيّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللّهُ يُرِيدُ الآخِرَةَ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}.[15]

بۆ پەیامبەرێك نەبووە دیلی هەبێت تاپایەدار بێت لەسەر رووی زەوی, ئایا ئێوە كەلوپەلی دونیییتان دەوێت لەكاتێكدا خوا دوارۆژی دەوێت..و..؟؟؟

لەدوای ئەمە دەستكەوتەكانیان بۆ حەڵاڵ بوو.[16]

خوا بەجۆرێك وەسفی خۆی دەكات كەلەبەرامبەر كۆیلەكانی خۆیدا بەبەزەیی‌و بەخشندەیەو لەناوەكانیشدا (اسماء الله الحسنى) ئەم ناوانە هەیە (سلام, ئاشتیخواز رؤوف, میهرەبان..تاد) هەن. جا ئایا ئەوە لۆژیكییە خوا لەسەر ئەوە تورەببێت كەپەیامبەر دیلەكانی نەكوشتووەو فدیەی لێوەرگرتوون لەكاتێكدا

---

[15] الانفال 67

[16] مختصر السيرة لأبن كثير،،ص 221 (مصدر سابق)

یاسای مرۆڤایەتیش کوشتنی دیلی حەرام کردووە؟؟ هیچ کەس لەمێژوونووسان ئەوەیان بەیادمان نەهێناوەتەوە کەپەیامبەر سەرزەنشتی بلالو صەحابەکانی کردبێت لەسەر کوشتنی دوو دیل (ئومەییەو کوڕەکەی)، ئایا ئەوە چ خوایەکە هانی خەڵك دەدات بۆ کوشتنی دیل ؟؟

تەنانەت لەدوای زۆربوونی ژمارەی موسوڵمانانیش سورەتی محمد دابەزی کەخوا تێیدا دەڵێ: {فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ}. [17]

کاتێك دەگەنە ئەوانەی بێباوەڕن بێنە دەست لێیانو بدەن لەگەردنیان تا کوشتاری زۆریان لێدەخەن، ئینجا کەهێزیان نەما بەدیل بیانگرنو بەتوندی باڵبەستیان بکەنو دوایی یان بەپیاوەتیو زەلیلیو بەمنەت یان بەفدیە ئازادیان بکەن تا ئەوکاتەی شەڕ نامێنیو کۆتایی بەکافران دێت.

قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: خوا کەدەڵێ: (فَضَرْبَ الرِّقَابِ) بدەن لەگەردنیان مەبەستی ئەوە نیە بیانکوژنو تەواو، چونکە لەداڕشتنیدا

---
[17] محمد 4




(فَضَرْبَ الرِّقَابِ) توندیو رق ئەستوری هەیەو ئەم هاومانایە لەوشەی (قتل) (کوشتن)دا نییە. ئەمەش تۆقێنترین کوشتنمان بۆ وێنا دەکات کەدەکاتە پەراندنی ملو جیاکردنەوەی بەشێکی سەرەوە لەلەش کە(سەر)ە.

خوا تەنها بەکوشتنی کافرەکانەوە نەوەستاوە بەڵکو پێویستە بەناشرینترینو خراپترین شێوە کافران بکوژین، بەلام بۆ (دیل)ەکان لەگەل ئەوەی خوا دەڵێ (یان بەپیاوەتیو منەت یان بەفدیە) کەچی قورتوبی لەتەفسیری ئایەتەکەدا دەڵێت: (قیتادە)و (موجاهید) دەڵێن ئەگەر موشریکێك بەدیل گیرا نابێ بەپیاوەتیو منەت یان بەفدیە ئازاد بکرێو بیگێڕنەوە بۆلای موشریکەکان لەلای ئەوان بەژن نەبێت نابێ فدیە هەبێ چونکە ژن ناکوژرێت). تەنانەت دوای ئەوەی خوا نەرمی نواند بەرامبەر موشریکەکانو دوای ئەوەی لەپەیامبەر تووڕەبوو چونکە لەشەڕی بەدردا بەفدیە رازی بوو، یان بە پیاوەتیو منەت یان بەفدیە، کەچی زانایانی ئیسلام دەڵێن پێویستە دیل بکوژرێ.

## غەزای بەنی قەیونقاع

پەیامبەر لەگەڵ یەهودییەکانی مەدینە هاوپەیمانی گرت، لەنێوان موجاهرینو ئەنصارەکاندا نوسراوێکی پەیماننامەی نوسی تێیدا بەڕاشکاوانە باسی یەهود دەکاو




پەیمانیان لەگەڵ دەبەستیۆ داندەنیٚ بەئایینوماڵیانداو مەرجیان لەسەریەك دەبیٚ. پەیامبەر لەنوسراوەكەدا دەنوسیٚ (بەناوی خوای بەزەییو میهرەبان, ئەم نوسراوە لەلایەن محمدی پەیامبەری ئوممییەوە نوسراوە بۆ نێوان بڕوادارو موسڵمانەكانی قورەیشو مەدینە) بەم شێوەیە دەست پێدەكات تا دەگاتە ئەوەی كەنوسراوە (لەبەر ئەوەی بڕواداران شەڕی كافران دەكەن دەبیٚ یەهودییەكان نەفەقەیان لەگەڵ بكێشن، یەهودییەكانی بەنی عۆف بەشێكی گەورەن لەگەڵ بڕواداراندا، یەهودییەكان ئایینی خۆیانیان هەیەو موسڵمانەكانیش ئایینی خۆیانیان هەیە هەر لایەنەو نەفەقەی ئایینەكەی خۆی دەكێشیٚ، هەر كەسێك دژایەتی هەر لایەنێكی ئەم پەیماننامەیە بكات دەبیٚ بەهاوپشتی یەكتر دژی ئەو كەسە بجەنگن، لەنێوانیاندا ئامۆژگاریو ڕێنموویی هەیەو نابیٚ تاوان بەهەقی هیچ كەس بكریٚ، هەركەس تاوانی كرد تاوانەكەی هەركەس زوڵمو تاوان بكات تەنها خۆیو خێزانەكەی بەرپرسیارنو ناگەڕێتەوە بۆ هاوپەیمانەكەی، سەركەوتنیش بۆ مەزلومەكانە. ڕووبەرو پانتایی شاری مەدینە بۆ لایەنەكانی ئەم هلوپەیمانە شەڕ تیێدا حەرامەو نابیٚ كەس شەڕی كەسی دیكە بكات، دراوسیٚ وەك خود وایە نەزەرەری هەبیۆ نەتاوان).




دەڵێن: ژنێکی عەرەب شتێك دەباو لەبازاڕی بەنوقەیونقاع بیفرۆشێ، لەلای زەرەنگەرێك دادەنیشێ، کەسانی ناو دوکانەکە دەورو خولی ئەم ژنە دەدەن تادەموچاوی خۆی دەربخات بەلاَم ژنەکە ڕازی نابێت، زەرەنگەرەکە بەئانقەست لەدواوە جلی ژنەکە بەکورسیەکەوە دەبەستێت، کاتێك ژنەکە هەڵدەستێت جلەکانی لەبەر دادەکەنرێتو ئەوانیش پێی پێدەکەنن. ژنەکە دەقیژێنێو لەولاوە موسڵمانێك دێتو هێرش دەکاتە سەر زەرەنگەرەکەو دەیکوژێت، ئەو چەند یەهودییەی لەوێ دەبن ئەوانیش موسڵمانەکە دەکوژن.

کوسوکاری بانگی موسڵمانانیان کرد بۆ سەر یەهوودییەکان, بەم بۆنەیەوە موسڵمانەکان کۆدەبنەوەو بەسەرکردایەتی محمد گەمارۆ دەخەنە سەر یەهودییەکانی بەنو قەیونقاعو وازیان لێناهێنێت تا خۆیان تەسلیمی حوکمی محمد دەکەن. سەربارى ئەوەی لەپەیمانەکەدا نوسراوە (هەرکەسێك زوڵمو تاوان بکات ئەوە تەنها خۆیو خێزانەکەی بەرپرسیارە) لەجیاتی ئەوەی لەو کەسانە بپرسنەوە کەتاوانیان کردووە کەچی گەمارۆی هەموو بەنی قەیونقاعیان داو بەرپرسیاریان کردن.

پاش ئەوەی هۆزەکە تەسلیم دەبن باڵبەستیان دەکەنو محمد دەیانەوێ بیانکوژێت (عبدالله بن ابي بن سلول) کەخەزرەمی دەبێو لەگەڵ بەنی

قەیونقاعدا هاوپەیمان دەبێ بەمحمد دەڵێ: (ئەی محمد لەگەڵ هاوپەیمانم چاك بە) چووە بەردەمیو دەستی برد كەمەری پەیامبەری گرت: ئەویش وتی (بەرمدە بابچم بۆیان) لەكاتی وتنی ئەم قسەیەدا دەموچاوی ڕەش دادەگەڕێو بەتوڕەییەوە جارێكی دیكە دەڵێ: (خۆت لادە با بڕۆم بۆیان). عەبدوللآش دەڵێ: (سوێند بەخوا ناهێڵم بڕۆی تا نەزانم لەگەڵیان چاك دەبیت). چوار سەد پێ بێزرێپۆشو سێ زرێپۆشیش بەرە بەسمتیانەوە لەرەشو سوور, درەویان دەكەیت بەیەك كەرەت!! بەخوا من ئارامی نابینمو ئەترسم هەموو شتێك بگرێتەوە.) پەیامبەریش شل دەبێو پێی دەڵێ: (ئەوانە بۆ تۆ، وازیان لێبێنن نەفرەتی خوایان لێبێت). ئینجا دەنێرن بەشوێنیانداو دەیانهێننو موسڵمانان دەكەونە چنینەوەی ماڵو دەستكەوتەكانیان،[18] پێنج یەكیشی بەر پەیامبەر دەكەوێت.

بەڕوونی دیارە پەیامبەر پاساوێكی بۆ غەزای بەنی قەیونقاع دەویست، بەم هۆیەوە ڕووداوی ئافرەتە ئەعرابیەكەی كردە پاساوێك بۆ داگیر كردنیان.

---

[18] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 49 (مصدر سابق)

واقدی[19] باسی ئەوی دەکات کەبەنوقەیونقاعەکان زەرەنگەرو خاوەن چەك بوون، لەبەر پلەو پایەیانو تێکەڵییان لەگەڵ هاوپشتە قورەیشیەکاندا پەیامبەر زۆر بیری لەم مەسەلەیە کردبووەوەو درێژەی کێشا تا ئەم ئایەتە دابەزی:

وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاء إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْخَائِنِينَ.[20]

ئایەتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە خوا بۆ پەیامبەری حەڵاڵ کردووە غەزای ئەوانە بکات کەترسی خیانەتکردنیان هەیە، هەر ئەمەش لەگەڵ بەنی قەیونقاعدا ڕوویدا بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر هیچ موسڵمانێك، بەڵکو بەپێچەوانەوە یەکێك لەموسڵمانەکان لەسەرەتادا زەرەنگەرێکی یەهودی کوشتو یەهودییەکان موسڵمانێکی پیاوکوژیان کوشتووەتەوە. ئەمەش دەچێتە ژێر سزای تۆڵە سەندنەوەوە کەلەو کاتانەداو لەناو عەرەبدا بەربڵاوبووە. بەڵام پەیامبەر بڕیاریدابوو پەیماننامەکە هەڵوەشێنێتەوەو گەمارۆیان بداو لەشارەکە دەریانکاتە دەرەوە، ئەگەر عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی کوڕی سەلولیش نەبوایە دەیکوشتن،

[19] المغازي لمحمد بن عمر بن واقد المعروف بالواقدي، المجلد الثاني، ص 178/ نقلاً عن تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 49 (مصدر سابق)

[20] الانفال 58




ئەمە سەرباری ئەوەی کەلەپەیماننامەکەدا نوسرابوو لەناو شارەکەدا نابێت هیچ لایەنێکی ناو ئەم پەیماننامەیە دست درێژی بکاتە سەر ئەوی دیکە.

سورەتی (البقرة– 85)دەربارەی یەهودییەکان دەلێت:

ثُمَّ أَنتُمْ هَؤُلاء تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ

(ئێوە خەریکی یەکتر کوشتنی دەستەیەك لەخۆتان لەماڵو حاڵی خۆیان دەردەکەنو دژبە دەستەیەکی ترتان بەتاوانی کوشتنو دوژمنایەتی پشتی یەکتر دەگرن، بەڵام ئەگەر بەدیلی دەستی دوژمن بکەوتنایە ئەوا ئێوە ئەگەرچی دوژمنیشتان بوون کەچی فدیەتان بۆ دەدانو ڕزگارتان دەکردن لەکاتێکدا دەرکردنیان لەسەرتان حەرام بوو، ئایا ئێوە بڕواتان بەبەشێکی کتێبی تەورات دەبێو بڕواتان بەبەشێکی تری نابێت؟ پاداشتی ئەوکەسەی ئەم کارانە دەکات سەرشۆڕیە لەم دونیاو لەو دونیاش).

جا ئەگەر قورئان ئەوە بەشورەیی دادەنێ کەیەهودییەکان هەندێك لەخۆیان دەربەدەر دەکەنو پێیان دەڵێت ئەو کارە حەرامە ئیتر چۆن ئەم کارە بۆ پەیامبەر حەڵاڵ دەکات تا بەنی قەیونقاع لەماڵەکانیاندا دەربکرێن؟




لەسەرەتای ساڵی سێهەمی كۆچیدا پەیامبەر بیستی كەئەبوسوفیان بەسەر قافڵەیەكی بازرگانی چووە بۆ شام، لەبەر ڕوداوی شەڕەكەی بەدر ترساون ڕێگەكەیان گۆڕیوەو ڕێگەی عێراقیان گرتۆتەبەر, ئەبو جەعفەر دەڵێ: (واقدی پێی وایە كەهۆكاری ئەم غەزایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەیەی كەقوڕەیشیەكان وتبویان (محمد ڕێو شوێنی بازرگانی لێگۆڕیوین‌و لەسەر ڕێگەكەمانە). هەروەها ئەبو سوفیان‌و صفوانی كوڕی ئومەییەش وتبویان گەر لەمەككەدا بمێنینەوە ئەوەی هەمانە دەیخۆین, (ابو زمعة الاسود)یش پێیان دەڵێت من پیاوێكتان پێدەناسێنم بەڕێگەی نەجدییە (ڕێگای نێوان عێراق‌و شام) بتانبات‌و گەر بەچاو بەستراوی بتانبات ئەوە دەتانگەیەنێت. صەفوانیش دەڵێت: ئەو كەسە كێیە؟ ئێمە پێویستیەكی زۆرمان بەئاو نییەو لەزستانداین، وتی ئەوكەسە (فرات بن حیان)ە، بانگیان كردو بۆ ئەو مەبەستە بەكرێ گرتیان‌و لەزستاندا كەوتنەڕێ، بەو ڕێگەیەدا بردنی كەشارەزای بوو تا گەیشتنە ناوچەی غەمرە. هەواڵ گەیشتە پەیامبەر كەكاروانەكە هوشترو پارەپولێكی زۆری تێدایە، چووە ڕێگەیان‌و دەستی گرت بەسەریاندا.. بوخچەیەك كەهەمووی ئاڵتوون بوو صەفوان هەڵیگرت‌و ویستی خۆی دەرباز بكات بەڵام (زید بن حارثة) بەری ڕێگەی لێگرت،

هەندێکیش توانیان هەڵبێن. لەدابەشکردندا پێنج یەکی بەر پەیامبەر کەوت کەدەیکردە بیست هەزارو چوار بەشەکەی بەسەر ئەوانی دیکەدا دابەش کرد.[21]

لەساڵی چواری کۆچیدا پەیامبەر (أبا سلمة بن عبد الاسد) دەنێرێ تا غەزای بەنی ئەسەد بکاتو لەگەڵ خۆیدا سەدو پەنجا پیاوی برد. ڕۆیی تا گەیشتە ئاوێك بەناوی (قطن) کەئاوی بەنی ئەسەد بوو، لەو کاتەدا (طلحة الاسدی)و براکەی (سلمة)و کوڕانی خوەیلدی لێبوو، کاتێك چاویان بەم شەڕکەرانە کەوت ڕایانکردو ژمارەیەکی زۆر حوشترو مەڕیان بەجێهێشت، ابو سلمە کۆیکردنەوەو گەڕایەوە بۆ مەدینە، پەیامبەریش لەم دەستکەوتە پێنج یەکی بەرکەوت.[22]

---

[21] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 54 (مصدر سابق)

[22] مختصر السيرة لابن كثير،،ص 269 (مصدر سابق)




# غه‌زای به‌نی نه‌زیر

له نێوان (عمرو بن امیه)و هۆزی نه‌زیردا پاڵپشتیو هاوپه‌یمانی هه‌بوو، کاتێك که‌عه‌مرو دوو پیاوی له‌هۆزی (بنی عامر) کوشت په‌یامبه‌ر چووه لای به‌نی نه‌زیرو داوای فدیه‌ی دوو کوژراوه‌که‌ی لێکردن، سه‌رباری ئه‌وه‌ی کۆنتر په‌یماننامه‌ی له‌نێوان خۆییو یه‌هودییه‌کانی مه‌دینه‌دا نوسیبوو که‌تێیدا وتبووی (هه‌رکه‌س تاوان بکات په‌یوه‌ندی به‌هاوپشتانییه‌وه نییه)[1] له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌نی نه‌زیره‌کان پێیان وت: به‌ڵێ ئه‌ی ئه‌بو قاسم (واته ئه‌ی محمد) ئه‌وه‌ی تۆ پێتخۆشه ده‌تده‌ینێ.

واده‌رده‌که‌وێت که‌په‌یامبه‌ر له‌په‌نای دیوارێکدا داده‌نیشێو واتێگه‌یشت یه‌کێك له‌هۆزی به‌نی نه‌زیر چووه‌ته سه‌ر سه‌ربانه‌که تا به‌ردێك فڕێ بداته خواره‌وه‌و په‌یامبه‌ر بکوژێت، به‌ڵام په‌یامبه‌ر په‌نا دیواره‌که جێده‌هێڵێو ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ مه‌دینه‌و (محمد بن سلحه) ده‌نێرێ تافه‌رمان به‌یه‌هودییه‌کانی به‌نی نه‌زیر بکات له‌مه‌دینه بچنه ده‌ره‌وه، ئه‌وانیش قبوڵیان نه‌کرد بچنه ده‌ره‌وه، له‌دوای ئه‌مه

[1] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 49 (مصدر سابق)




پەیامبەر فەرمانی بەخەڵکەکە کرد هێرش بکەنەسەریان، بەم شێوەیە پانزە رۆژ ئابلۆقەی ئەو هۆزەیاندا کەلەقەلاّکاندا خۆیان مەلاّس دابوو.

هەر بۆیە پەیامبەر فەرمانی دەرکرد دارخورماکانیان ببڕنەوەو ئاگری تێبەردەن.[2] بەنی نەزیر هاواریان بۆکرد ئەی محمد ئەگەر تۆ دەتهەوێ کۆتایی بەگەندەڵی بێنیو رەخنە لەو کەسە بگری کەدەیکات ئیتر برینەوەی دارخورماکانو سووتاندنیان چ پێوەندییەکی پێوە هەیە، ئەگەر هینی تۆیە ئەوە بیانبە, گەر بۆ ئێمەیە ئەوە مەیانبڕنەوە،[3] بەمەدا کۆمەڵێك لەموسڵمانان بیریان کردەوە کەدوای دۆراندنی بەنی نەزیر لەم شەڕەدا ئەو دارخورمایانە بۆ خۆیان دەبێ، هەر بۆیە رێگریان لە(ابا ليلي المازني)و (عبدالله بن سلام) کرد کەنەیانبڕنەوە چونکە پەیامبەر برینەوەی درەختەکانی بەوان سپاردبوو.[4] کۆمەڵێك چوونە لای پەیامبەرو پێیان وت: بۆچی دارخورماکان ببڕینەوە کەدواتر بۆخۆمان دەبێت؟؟! لەمەوە خوا ئایەتێکی دابەزاند:

---

[2] السيرة النبوية لابن أسحق، المجلد الاول، ص 339/ الطبعة الاولى- القاهرة 1998م

[3] أنوار التنزيل وأسرار التأويل (تفسير البيضاوي)، للامام ناصر الدين ابو الخير عبد الله بن عمر الشيرازي البيضاوي، دار الفكر، ص 725

[4] المغازي للواقدي، الجزء الاول، ص 372 (مصدر سابق)




مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ.[5]

(هەردرەختێکی تەرتان بڕیبێت یان وازتان لێهێنابێت‌و لەسەربنجی خۆی مابێت ئەوە بەفەرمانی خوا بووەو ویستی ئەوی لەسەر بووە.)

کاتێك ئابلۆقە زۆری بۆ بەنی نەزیر هێنا داوایان لەپەیامبەرکرد خوێنیان نەرێژێ‌و وازیان لێ بهێنێ بڕۆن‌و ئەوەندە ماڵ لەگەڵ خۆیان ببەن کەحوشترەکانیان باری دەکات. بەم شێوەیە لەشارەکە چوونە دەرەوەو تێیاندا بەرەو خەیبەرو تێشیاندا بەرەو شام ملیانناو‌و وازیان لەدارخورماکان‌و کشتوکاڵەکانیان هێنا بۆ پەیامبەر، ئەم دەسکەوتەش تایبەت بۆ پەیامبەر بوو چونکە موسڵمانان لەپێناویدا شەڕیان نەکردبوو.

## غەزای بەنی قورەیزە

دوای غەزای خەندەق پەیامبەر هەواڵیدا بە صەحابەکانی کەجوبرەئیل هاتووەو پێی وتووە خوا فەرمانی داوە سەرباری ئەو پەیماننامەیەی کەهەیە غەزای بەنی قوریزەی یەهودی بکات. بەم شێوەیە موسڵمان بۆیان چوون‌و ماوەی بیست

---
[5] الحشر 5




وپێنج رۆژ ئابلۆقەیان دان، هۆزی بەنی قوریزە ناردیانە لای پەیامبەر كە(ابا لبابة بن عبدالمنذر) وەك نوێنەری خۆی بنێرێتە لایان تاراوێژی ئەو مەسەلەیەی پێبكەن. كاتێك (ابالبابة) چووە ناویانەوە ژنو منداڵ بە قاووقیژەوە هاواریان بۆهێناو دەگریانو هەنسكیان دەدا، بردیانە پەنایەكەوەو پێیان وت: ئەی ئەبالوبابە ئەوە بەباش دەزانیت لەسەر حوكمی محمد لەقەڵاكانمان بێینە خوارەوەو خۆمان تەسلیم بكەین؟.. ئەویش دەڵێ: بەڵێ بەڵام بەئیشارەتیش دەستی خستە سەرملیو تێیگەیاندن كەسەریان دەبڕن.

هۆزی ئەوس كەحەلیف بوون لەگەڵ بەنی قورەیزەدا چوونە لای پەیامبەرو پێیان وت: ئەی پەیامبەری خوا ئەوانە مەوالی ئێمە بوون بەبێ خەزرەجییەكان، بەنی قەینوقاعت لەبەر خاتری خەزرەجییەكان بەخشی لەبەر ئێمەش لەبەنی قورەیزە خۆش ببە. پەیامبەر پێی وتن: ئەی مەعشەرەتی ئەوس ئایا ئێوە بەوە رازی دەبن یەكێك لەئێوە حوكمیان بكات؟! وتیان بەڵێ. پەیامبەر وتی: وا ئەم كارەم بە(سعد بن معاذ) سپارد كەلەئێوەیە. ئەوانیش بەسەعدیان وت ئەی ئەبا عەمرو كاری چاكە لەگەڵ بەنی قورەیزەدا بكەی چونكە پەیامبەر بۆ ئەوە ئەم كارەی پێ سپاردی تاچاكەیان لەگەڵ بكەی. سەعدیش حوكمی كرد كەپیاوەكانیان بكوژرێنو كچو ژنیان بكرێنە سەباياو لەگەڵ سامانیاندا دابەش بكرێن. پەیامبەر




پێی وت: بەراستی تۆ حوكمێكت كردن كەحوكمی خوایەو لەسەرووی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوەیە.

پەیامبەر چووە بازاڕەكەی مەدینەو فەرمانی كرد چەند چالێك هەڵكەنن، دوایی پیاوەكانی بەنی قورەیزەیان هێناو یەك یەك سەریان دەبڕینو دەیانخستنە چاڵەكەوە، لێیان كوشتن تا ژمارەیان گەیشتە شەش سەد یان حەوت سەد كوژراو، هەندێكیش دەڵێن كوژراوەكان لەنێوان هەشت سەد تا نۆسەد بووەو لەناوكوژراوەكاندا تەنها یەك ژن هەبووە كەژنی (حسن القريظي) بووەو دەڵێن لەكاتی ئابلۆقەكەدا بەردێكی گرتۆتە پەیامبەر، سەرباری ئەوەی كەپەیامبەر بەحوكمی سەعد ڕازی بوو كەپێی وتبوو ئەی سەعد تۆ بەحوكمی خوا دادگایت كردن، لەگەڵ ئەوەشدا حوكمی خوای وەك خۆی جێبەجێ نەكردو وەك حوكمی سەعد نەیكردە سەبایا بەڵكو كوشتی. وەك پێشتریش زانیمان قیتادەو موجاهید وتبوویان نابێ هیچ دیلێكی موشرك بە فدیە ڕزگار بكرێت ژن نەبێت چوونكە ژنە دیل ناكوژرێت.

پەیامبەر بە(سعد بن زيد الانصاري)دا چەند سەبایایەكی بەنی قوریزەی بۆ (نجد) نارد، ئەویش بەئەسپو چەك گۆڕینییەوە، لەنێوان سەبایەكاندا ژنێك بەناوی




(ريحانة بنت عمرو بن خناقة) بۆ خۆی هەڵدەبژێریٚو پێشنیاری بۆ دەكات كەببێتە موسڵمانو شوی پێبكات یان وەك كەنیزەكێك لای بمێنێتەوە.

ڕێحانەش پێی دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا تەنها وەك كەنیزەكێك لەلای خۆت بمهێڵەوە ئەوە بۆ منو بۆ تۆش ئەهوەن ترە.[6]

ڕەنگە پرسیار بكرێت ئایا ئەمە لۆژیكیە كەخوا لەحەوت تەبەقەی ئاسمانەوە حوكم بكات بەكوشتنی ئەو ژمارە زۆرە لەدیلو بەكوێلەكردنی ژنو منداڵیان؟؟ لەكاتێكدا ئەوان شەڕی پەیامبەریان نەكردبوو هەتا ئەگەر قورەیشییەكانیشیان لەدژی هان دابێت؟!؟

## غەزای خەیبەر

لەساڵی حەوتەمی كۆچیدا پەیامبەر بڕیار دەدات غەزای خەیبەر بكات كەلەو كاتەدا ئاوارەو دەربەدەرەكانی بەنی قەیونقاعو بەنی نەزیر تێیدا نیشتەجێ بوون. بەخۆیو سوپاكەیەوە كەوتنەڕێ تاگەیشتنە دۆڵێك بەناوی (الرجيع)و لەنێوان خەیبەرو غەتفان لایاندا تاهەردوو ناوچەكە لەیەك دابڕێت چونكە لەو كاتەدا ئەم دوو ناوچەیە هاوپشتو هاوكاری یەكتر بوون. سەرەتا بەداگیركردنی چەند

[6] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 152 (مصدر سابق)




لارِێیەك دەستی پێكردوو قەڵا لەدوای قەڵا داگیری كردن، یەكەم قەڵایەك كەوتبێتە ژێر دەستی پەیامبەر قەڵای ناعم بوو دوایی قەڵای قەمووس كەقەڵای (ابن ابي العقيق) بوو، دوای داگیركردنیان چەند سەبایایەك لەژنو منداڵ كەوتە بەردەستی پەیامبەر كەلەناویاندا (صفية بنت حيي بن اخطب) بوو كەپاشان كردی بەژنی خۆی، دواتر كەوتە گیانی سامانو قەڵاكانی دیكە. لەدوای ئەوەی یەك یەك قەڵاكانی داگیر كردو ئەوەندەی بۆی كرا دەستی بەسەر سامانەكانیادا گرت گەیشتنە قەڵای (الوطيع) كەدواهەمین قەڵا بوو، نزیكەی زیاتر لەبیست شەو گەمارۆی ئەم قەڵایەی دا.

(ابن اسحق) دەڵێ: پەیامبەر (كنانة بن الربيع بن ابي الحقيق) بانگ دەكات كەشوێنی گەنجینە شاراوەكەی بەنی نەزیری دەزانی، پرسیاری شوێنی گەنجینەكەی لێكرد ئەویش ئینكاری لەوە كرد شوێنی گەنجینەكە بزانێ، پەیامبەر پیاوێكی یەهودی بانگ كردو ئەم یەهودیە بەپەیامبەری وت بەچاوی خۆم دیم كە(كنانه) هەموو چێشتەنگاوێك دەهاتو دەوروخولی ئەم كەلاوەیەی دەدا. پەیامبەریش بەكینانەی وت ئایا دەزانی گەر گەنجینەكە لێرەدا بدۆزینەوە دەتكوژم!؟ كینانەش وتی: بەڵێ. پەیامبەر فەرمانی كرد شوێن گەنجینەكە هەڵكەنن، ئەوانیش هەڵیانكەندو شوێنی چەند گەنجینەیەك دەركەوت.. پەیامبەر




پرسیاری لێکرد کەتەواوی گەنجینەکە لەکوێدایە، کینانەش ئینکاری دەکرد، پەیامبەر بەزوبەیری کوڕی عەوامی وت بڕۆ ئەشکەنجەی کینانە بدە تا پێی دەردەخەیت. زوبەیریش دوو پارچە بەرد کەبەلێکەوتن ئاگری دەکردەوە هێنای لەسەرسنگی کینانە دەیدا لەیەك تا تەواو نارەحەتو شەکەت بوو ئاگای لەخۆی نەما، دواجار پەیامبەر کینانەی ناردە لای (محمد بن مسلمة)و ئەویش ملی پەڕاند.[7]

پەیامبەر بەردەوام گەمارۆی قەلآکانی دان تا خەڵکی ناوقەلآکان داوایان لێکرد لەماڵو سامان چی هەیە ببەن بۆ خۆیانو واز لەکوشتنیان بهێنێت. ئەویش ڕازی بوو. بەم شێوەیە هەرچی موڵكو سامان هەبوو زەوت کرا جگە لەقەلآی (الوطيع) کەنەیتوانی داگیر بکات، ئەوانەی لەو قەلآیەدا بوون لەگەڵی ڕێکەوتن هەرچی تێیدایە پەیامبەر لەگەڵیان بیکات بەدووکەرتەوەو لەقەلآکەدا بمێننەوەو پێیان وت ئێمە دەزانین چۆن قەلآکە بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیە پەیامبەر لەگەڵیان ڕێکەوت نیو بەنیو بەشیان کرد بەمەرجێك هەرکات ویستیان لەقەلآکە دەریان بکەن ئەوە دەبێت بچنەدەرەوە. کاتێك خەڵکی شاری (فدك) بەکارەساتی خەڵکی خەیبەریان زانی نوێنەریان ناردەلای پەیامبەر کەچییان هەیە

[7] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 135 (مصدر سابق)

لەموڵك‌و سامان بیدەنێ بەومەرجەی خوێنیان نەڕژێ، ئەویش ڕازی بوو. ئەو بیرو بۆچوونەی لەدوای ئەم هەموو غەزایانە لای خوێنەر دروست دەبێت ئەوەیە كەپاڵنەری سەرەكی بۆ غەزاكان مادی بووە زیاتر لەوەی قایلكردنی یەهودییەكان بێت تاببنە موسڵمان. پەیامبەر هیچ گرنگییەكی بەوە نەداوە لەڕێی گفتوگۆوە هۆزێكی یەهودی بكاتە ئیسلام، بەتایبەت لەوپەیماننامەیەدا لەنێوانیادا هەبوو نوسرابوو (یەهودییەكان ئایینی خۆیانیان هەیەو موسڵمانانیش ئایینی خۆیانیان هەیە) لەبەر ئەمە هیچ هەوڵێكی نەداوە قایلیان بكات‌و لایەنگیری ئەوەش بووە كەئەوان ئایینی خۆیانیان هەبێت. لێرەوە تاكە پاڵنەرێك بۆ داگیركردنیان زەوتكردنی سامان‌و كوشتنیان یان دەربەدەركردنیان بووە. پاڵنەری كوشتنی یەهودیەكان لای پەیامبەر بەهێز بووە بەو بەڵگەیەی كەهەموو دیلەكانی بەنی قورەیزەی كوشتووە هەروەها بەنیازیش بووە ئەگەر دەخالەتی (عبدالله بن ابي بن ملول) نەبوایە تەواوی یەهودییەكانی بەنی نەزیری دەكوشت.

ئەشكەنجەی دیلیش وادەردەكەوێ لەئیسلامدا حەڵاڵ بێت بەو بەڵگەیەی كەپەیامبەر فەرمانی ئەشكەنجەدانی كینانەی لەسەر دەرخستنی شوێنی گەنجینەیەك دەركرد. كاتێك ئەشكەنجەكە سەرینەگرت‌و كینانە شوێنی گەنجینەكەی پێنەوتن ملیان پەڕاند. مێژوونوسانیش باسی ئەوەیان بۆ نەكردوین كەپەیامبەر هەوڵی




دابیت كینانە موسڵمان بكاو خوێنی نەڕێژێت، بەڵكو هەموو خەمێكی ئەوەبووە شوێنی گەنجینەكە بزانێت.

لەساڵی شەشەمی كۆچیدا پەیامبەر لەگەڵ حەوت سەد پیاودا بەنیازی عەمرە بەرەو مەككە چوون. خەڵكی مەككە ڕێگرییان لێكردو داوایان لێكرد ساڵێكی تر بگەڕێتەوە، تا لەدوای چەند ڕۆژێك پەیمانێك بەناوی (صلح الحديبية) لەنێوان پەیامبەرو خەڵكی مەككە بەسترا. لەو پەیماننامەیەدا (سهيل بن عمرو) نوێنەراتی خەڵكی مەككەی دەكرد. پەیامبەر بانگی (علي بن ابي طالب)ی كرد پەیماننامەكە بنوسێ‌و ئەویش نوسی: ئەمە ئەو پەیماننامەیە كەلەنێوان (محمد بن عبدالله)و (سهيل بن عمرو) نووسراوە، ڕێكەوتین كەبۆ ماوەی دەساڵ شەڕو كوشتار لەخەڵكی دوور بخەینەوەو تێیدا خەڵكی پارێزراو بێت، كەس دەستدرێژی نەكاتە سەر كەس، ئەگەر كەسێكی قورەیشی بەبێ‌ مۆڵەتی بەخێوەكەری هاتە لای محمد ئەوە دەبێ‌ بۆیان بگێڕنەوە، هەروەها ئەگەر قورەیشیەك لەلای محمد بوو گەڕایەوە بۆ مەككە ئەوا نایگێڕنەوە (وان بيننا عيبة مكفوفة) نە(ڕم)و شمشێر، نەكۆت‌و زنجیر، هەر كەسێكیش حەزیكرد لەگەڵ پەیامبەردا پەیماننامە ببەستێ‌ ئازادە، هەر كەسێكیش حەزیكرد لەگەڵ قورەیشیدا پەیماننامە ببەستێ‌ ئازادە.[8]

---

[8] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 122(مصدر سابق)




لەدوای هەژدە مانگ هۆزی (بنوبكر) هێرشێكیان كردە سەر (خزاعه) واش دەردەكەوێت كەقوڕەیشییەكان یارمەتی (بنی بكر)یان بەسواری‌و چەك دابێت، بۆیە (عمرو بن سالم) لەهۆزی خوزاعە بەسواریی خۆی گەیاندە پەیامبەرو هانای بۆ برد، پەیامبەریش سوپایەكی گەورەی ئامادە كردو مەككەی داگیر كرد سەرباری ئەو پەیماننامەیەی (صلح الحديبيه) كەجەنگی بۆماوەی دەساڵ دەوەستاند. (ابن اسحاق) دەڵێ: پەیامبەر فەرمانی بۆ سەركردەكان دەركرد بوو جگە لەوانەی شەڕیان دەكەن شەڕی هیچ كەس نەكەن، بەڵام خوێنی چەند كەسێكی حەڵاڵ كردو فەرمانی دابوو ئەگەر لەژێر پەردەی كەعبەشدا دۆزرانەوە بكوژرێن، لەوانە: (عبدالله بن ابي سرح، عبدالله بن خطل) پیاوێكیش لەبەنی تیم بن غالب، ئەم پیاوە دوو ژنی گۆرانیبێژی لەلا بوو بەناوی (فرتانا، غريبة) فەرمانی كوشتنی ئەوانیشی دا، هەروەها الحويرث بن نقيد بن وهب بن عبد قصي، مقيس بن صبابة، عكرمة بن ابي جهل، سارة، هند بنت عتبة, ژنی ابي سفيان) بەڵام هیند بەیعەتیدا بە پەیامبەرو موسڵمانان بوو.

هەروەها (عبداللە بن ابی سرح) فەرمانی كوشتنی دابوو لەبەر ئەوەی كاتی خۆی موسڵمان بووەو ماوەیەك كاتب وەحی پەیامبەر بووە دواتر وازیهێناوەو لەئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە چونكە وتبووی كاتێك كاتب وەحی بووە چەند

پێشنیارێکی بۆپەیامبەر کردووە لەسەر ڕاستکردنەوەی چەند ڕستەیەك کەپەیامبەر پێی دەگوت بینوسێ، پەیامبەریش بەو ڕاستکردنەوانە ڕازی دەبوو، بۆ نموونە جارێکیان پەیامبەر پێی وتووە بنوسە (ان الله عزيز حكيم) عەبدوڵڵاش پێی وتووە ئەی باشتر نییە بنوسین (ان الله عليم حكيم)؟ پەیامبەریش ڕازی بووە.[9]

هەربۆیە عەبدوڵڵا دەیگوت ئەوە لەلای خواوە بوایە نەدەبوو بە گۆڕینی ڕازی بێ، لەبەر ئەم هۆیە وازیهێناوەو هەڵگەڕاوەتەوە. کاتێکیش پەیامبەر چوو ناو مەککەوە عەبدوڵڵا ڕایکردە لای (عسمان بن عفان) کەبرای شیری بوو، کەعوسمان چووە لای پەیامبەرو داوای بەخشینو پەنای لێکرد، پەیامبەر بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ دەبێو دوایی دەڵێ باشە. دوای ئەوی عوسمانو عەبدوڵڵا دەڕۆن پەیامبەر بە صەحابەکانی دەڵێ: ئەوە پیاوێکی ئاقڵو هەستیارتان تێدا نەبوو کەمن ئەوماوە بێدەنگ بووم بیکوشتایە؟؟! ئەوانیش پێیان وت: ئەی پەیامبەری خوا ئەی بۆ تیلەچاوێکت تێنەگرتین؟ پەیامبەریش پێی وتن" پەیامبەر بە ئیشارەت کەس ناکوژێ.[10]

---

[9] Ali Dashti, p. 98 (مصدر سابق)

[10] مختصر السيرة لابن كثير،،ص 386 (مصدر سابق)

دوایی عەبدوڵڵا بە چاكی موسڵمان بوو لەرۆژانی خەلافەتی عوسمانیشدا بوو بەسەركردەی سوپاكانی عەرەب لەباكووری ئافریقا، بەباشی كاری چاكی كرد وای لەعوسمان كرد (عمرو بن العاص) لەسەر كارەكەی لابدا كەوالی میسربوو، عەبدوڵڵا بكاتە والی ئەوێ.

دەڵێن (عبدالله بن خطل)یش لەئیسلام هەڵگەڕاوتەوەو لەگەڵ خزمەتكارەكەیدا كەموسڵمان بووە كوژراون. دوو گۆرانیبێژەكەش لەگۆرانییەكانیاندا داشۆر (هەجوو)ی پەیامبەریان دەكرد، یەكێكیان كوژراو ئەوی دی رایكرد. (عكرمە بن ابی جهل)یش یەكێك بوو لەوانەی لەمەككە پێش كۆچ ئازاری پەیامبەری دەدا رایكرد بۆ یەمەنو ژنەكەشی (ام حكیم بن الحارس بن هشام) موسڵمان بوو پەنای بردە لای پەیامبەرو ئەویش پەنایدا. بەڵام (سارة) سەرگەورەی (بني عبدالمطلب) پەنای بۆ پەیامبەر بردو ئەویش پەنایدا هەتا رۆژێك ئەسپ سوارێكی موسڵمان رایكێشاو هێنایە پێش ئەسپەكە سواری بێت, لەئەنجامدا لەژێر ئەسپەكە گیانی لەدەستدا.

(الحويرث بن نقيد)یش عەلی كوڕی ئەبی تاڵب كوشتی، (مقيس بن صبابه)ش پیاوێك بەناوی (نميله بن عبدالله) كوشتی كەیەكێك بوو لەهۆزەكەی خۆی، خوشكی موقەیس لەم بارەیەوە دەڵێت




لعمري لقد اخزي نميلة رهطة

وفجع اضياف الشتاء بمقيس

فلله عينا من راي مثل مقيس

اذا النفساء اصبحت لم تخرس.[11]

واقدی دەڵێت: پەیامبەر فەرمانی بەکوشتنی شەش پیاوو چوار ژن کردووە، تاوانی ئەو چوار ژنەو هەندێك لەپیاوەکانیش ئەوە بوو داشۆر (هەجوو)ی پەیامبەریان کردووە، ئەویش خوێنی حەلاڵ کردوونو دەبێ بکوژرێن ئەگەر لەژێر پەردەی کەعبەشدا بدۆزرێنەوە. کەعبەشماڵێکی پەناگیری هەموو عەرەب بووە، ئازاری هیچ کەسێکی تێدا نادرێ ئەگەر بکوژیش بێت. قورئانیش دەڵێت یەکەم ماڵی خوا بۆ خەڵکی دروست کرابێت کەعبەیە

فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ.[12]

(چەند بەڵگەیەکی روون وئاشکرای تێدایە کەیەکێکیان شوێنی تایبەتی خوا پەرەستی ئیبراهیمە هەرکەس بچێتە ناوی پارێزراوە).

[11] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 160 (مصدر سابق)

[12] ال عمران 97




بەلام ئەم ئایەتە بەری لەپەیامبەر نەگرت كەفەرمان دەركات بەكوشتنیان ئەگەر بە پەردەی كەعبەشدا خۆیان هەڵواسیبێت. ئەمەش یەكەم جار نەبوو كەپەیامبەر فەرمانی كوشتنی ئەو كەسانە بكات كەهەجووی دەكەن یان تورەی دەكەن. فەرمانی دەركردووە بەكوشتنی (النضر بن الحارث من بني عبدالدار بن قصي) لەقورەیشیەكان كەلەخزمانی خۆی بوو، ئەم ناوبراوە زانیاری هەبوو لەسەر چیرۆكی پەیامبەرانو چیرۆكەكانی فارسیش. كاتی خۆی شوێن پەیامبەر دەكەوتو لەدانیشتنەكاندا بەعەرەبەكانی دەگوت من چیرۆكی واتان بۆ دەگێڕمەوە كەلەچیرۆكەكانی محمد باشتر بێت. چیرۆكو هەواڵی پادشاكانی فارسو چیرۆكی پەیامبەرانی یەهودی بۆدەگێڕانەوە، كاتێك ناوبراو لەشەڕی بەدردا بە دیلی دەگیرێت پەیامبەر فەرمانی كوشتنی دەردەكات كوشتنەكەشی بەنسیبی (مقداد بن عمرو) دەبێت، كاتێك پەیامبەر فەرمانی كوشتنی دەردەكات، مقدادیش تەماحی ئەوەی دەبێت بەفدیە بیگۆڕێتەوە بەپەیامبەری گوت ئەم پیاوە دیلی منەو حەقم هەیە بەفدیەی بدەم، پەیامبەریش پێی وت: ئەی تۆ لەبیرت چوو فاسقێكی ئاوا چی بەئیسلام دەگوت؟! ئیتر لە (اثیل) دەیكوژن. خوشكی مقدادیش (قتیلة) لەشیوەنی براكەیدا لەشیعرێكدا دەڵێت:

يا راكبا ان الاثيل مظنة .. من صبح خامسة, وانت موفق

ابلغ بها ميتا بأن تحية .. ما ات تزال بها النجائب تخفق

مني اليك وعبرة مسفوحة .. جادت بواكفها واخرى تخنق

هل يسمعني النظر ان ناديته .. أم كيف يسمع ميت لا ينطق

أمحمد يا خير ظن كريمة .. في قومها, والفحل فحل معرق

ما كان ضرك لو مننت؟ ربما .. منَّ الفتى وهو المغيظ المحنق

او كنت قابل فدية فلينفقن .. بأعز, ما يغلو به ما ينفق

فألنضر أقرب من أسرت قرابةٌ .. وأحقهم ان كان عتق يعتق

ضلت سيوف بني أمية تنوشة .. لله أرحام هناك تشفق

صبرا يقاد الى المنية متعبا .. رسف المقيد وهو عان موثق

جارێکی دیکه دیلێك بەدەست وقاچ بەستراوی بەرەو چارەنووسی خۆی دەبەن کەهیچ تاوانێکی نەبووە جگە لەوەی پەیامبەری تورەکردبوو. ئیتر کوا ئەو بەخشندەییە کەعەرەب دەلێ لەکاتی دەسەلآتدا ئازایەتیە؟ قورئانیش بە پەیامبەر دەلێ:

وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ.[13]

---

[13] النحل 125




بەجوانترین شێوەو شێواز گفتوگۆیان بکە,

وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ.[14]

ئەگەر تۆ دڵڕەقو تووڕە بویتایە لەدەورت بڵاوەیان دەکردو جێیاندەهێشتیت.

عیسای کوڕی مریەمیش دەڵێت: گەر کەسێك کێشای بەڕوومەتی راستدا روومەتی چەپیشی بۆ شل بکە.

وا دەردەکەوێت کوشتنی دیل لەناو موسڵمانانندا کارێکی ناسراوو ئاسایی بێت. (ابن عباس) دەڵێ: پەیامبەر (خالد بن الولید) لەکاتی فەتحی مەککەدا دەنێرێتە سەرهۆزی (بني جزيمة بن عامر عبد مناة بن كنانة) کاتێ هۆزەکە خالد دەبینن چەکەکانیان هەڵدەگرن، خالید کەپێی وتون (چەکەکانتان دانێن، خەڵکەکە ویستویانە خۆیان بەدەستەوە بدەن پیاوێك لە (بنی جزیمە) کەپێیان دەگوت (جحدم) دەڵێت: بەڵاتان لێدات ئەی بەنی جوزەیمە ئەوە خالیدە، سوێند بەخوا دوای چەکدانان دیلێتیە، دوای دیلێتیش مل پەڕاندنە، سوێند بەخوا هەرگیز چەکەکەم دانانێم).

هەندێك لەپیاوانی هۆزەکەی دەیبەنە ئەولاوە پێیان وت: (ئەی جەحدەم دەتەوێ خوێنمان بڕێژی؟ ئەوەتا خەڵکەکە خۆیان بەدەستەوە داوەو جەنگ

[14] ال عمران 159

نەماوەو خەڵكی پارێزراون). وازیان لێنەهێنا تا چەكیان كردو تەواوی هۆزەكەش چەكیان دانا. (حكیم بن جكیم)لە (ابی جعفر)ەوە دەگێڕێتەوە: كاتێك خەڵكەكە چەكەكانیان دانا خالید فەرمانیو دەركرد باڵبەستیان كردن دوایی شمشێری لێهەڵكێشانو ئەوەی كوژرا، كوژرا.[15]

لەساڵی پێنجەمی كۆچیشدا پەیامبەر (زید بن حارثة)ی ناردە (وادی القری) لەگەڵ (بني قرارة)دا دەكەونە شەڕەوەو چەند هاوەڵێكی دەكوژێو زەیدیش بریندار دەبێ. كەزەید دەگەڕێتەوە بۆ مەدینە نەزر دەكات خۆی نەشواتو لەشپیسی دەرنەكات تا غەزای بەنی فەزارە دەكات. دوایی بۆیان دەچێو لەناوچەی (وادی القری) پێكدەگەنو لێیان دەكوژرێو (ام قرفە– فاتمە بنت ربیعە بن بندر)ی پیرەژنو كچێكی دەستگیر دەكات. لەخۆپەرستییەكەیدا عەرەبی ئەو كاتە پەندیان لەسەر دەخوێندەوەو دەیانگوت لە (ام قرفە) خۆشەویسترە. (الاصمعی) دەڵێ: لەپەندەكانیان دەربارەی خۆویستی وتویانە (نەرمتر، یاخود دەست بڵاوتر لە أم قرفە). پەیامبەریش بەخەڵكی مەككە دەڵێ: دەبینین كەچۆن ام قرفە دەكوژم ؟؟! ئەوانیش دەڵێن: جا شتی وا دەبێ؟؟؟.. پەیامبەر فەرمانی بە (زید بن حارثة) كرد بیكوژێ، ئەویش ڕەشە كوژیانە دەیكوژێت، هەردوو قاچی

[15] مختصر السیرة لابن كثیر،،ص 388 (مصدر سابق)




بە دوو حوشترەوە دەبەستێتەوەو رایاندەکێشێ تالینگی ژنەکە هەڵدەقلێشێنێ.[16] ئینجا پەیامبەر فەرمان دەکاو سەری لەلەشی لێدەکەنەوەو بەناو کۆڵانو ماڵەکانی مەدینەدا دەیگێڕن.[17]

هەروەها وا دەردەکەوێ کەتیرۆری سیاسی لەسەردەمی پەیامبەردا بەربڵاو بووە لەساڵی دووی هجریدا پەیامبەر (عبدالله بن عقبە) دەنێرێ تا (ابا رافع سلام بن ابی الحقیق)ی یەهودی تیرۆر بکات. هۆی ئەم تیرۆرکردنەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوبراو (کعب بن الاشراق)ی لەپەیامبەر بە گەورەتر دەزانی, بۆ کۆشتنەکەی عەبدوڵلا دەچێتە قەڵاکەوەو لەژێر گوێدرێژێکدا خۆی حەشار دەدات تا دەرگاوانەکە دەرگای قەڵا دادەخاتو کلیلەکانی بەدەرگاکەوە هەڵدەواسێ. (ابو رافع) ئەو شەوە لەگەڵ هاوەڵەکانی بەسەر دەبا، کاتێك لەیەك جیا دەبنەوە (عەبدوڵلا کلیلەکان دەباو بۆی سەردەکەوێ، وەك عەبدوڵلا خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێ: هەر دەرگایەکم بکردایەتەوە لەژوورەوە لەسەرخۆم بە کلیل دامدەخستو لەدڵی خۆمدا دەمگوت هۆزەکەم نەزریان کردووە گەر نەیکوژم بۆم دڵسۆز نابن. ئینجا دەڵێ: گەیشتمە لای، بینیم

[16] إمتاع الاسماع للمقريزي، – المجلد الاول– الطبعة الاولى 1981، ص 210 (مصدر سابق)
[17] النص المؤسس ومجتمعه: خليل عبد الكريم، منشورات الجمل، دار مصر المحروسة ص 174




لەژوورێکی تاریکدا لەنێوان منداڵەکانیدایە، نەمدەزانی لەکوێی ژوورەکەدایە، بانگم کرد ئەی باوکی رافع..وتی ئەوە کێیە؟؟.. کەوای وت بەرەوڕووی دەنگەکە چووم بە شمشێرەکەم لێمداو سەرسامیش بووم چونکە سەرەتا نەمزانی ئەوەی لێیدەدەم کێیە!!! ئینجا نوکی شمشێرەکەم چەقاندە سکیو لەپشتیەوە دەرمهێنا.[18]

یەهودیەکی دی (کعب بن الاشرف) بەختی لەوان باشتر نەبوو، هەجووی پەیامبەری دەکردو قوڕەیشی لێهاندەدا. (ابن اسحاق) دەنوسێ، پەیامبەر وتی: کێ (ابن اشرف) دەکوژێ؟.. (محمد بن مسلمه)ی برای (بنی عبد الاشهل) پێی دەڵێ: بۆ منی دانێ ئەی پەیامبەری خوا من دەیکوژم. پەیامبەریش پێی دەڵێ: ئەوەی دەیتوانیت بیکە. ئینجا (محمد بن مسلمه) دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو سێ شەوو سێ رۆژ نەدەخوات نەدەخواتەوە جگە لەچەند پاروویەك، ئەمەش گەیشتەوە بەپەیامبەرو بانگی کردو پێی وت، بۆ وازت لەخواردنو خواردنەوە هێناوە؟؟؟. لەوڵامدا وتی: ئەی پەیامبەری خوا قسەیەکم بۆ کردویت جا نازانم ئەتوانم جێ بەجێ بکەم یان..نا پەیامبەریش دەڵێت: تەنها هەوڵدانت لەسەرە. ئینجا (ابن مسلمه) لەگەڵ (سلکان بن سلامه بن وقش) کەزربرای (کعب) دەبێ

---

[18] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 55 (مصدر سابق)




دەڕۆنو لەگەڵیشیاندا پەیامبەر دەچیٚ تا دەگەنە زەلکاویٚك بەناوی (الغرقد) پەیامبەر شویٚنی کەعبیان نیشان دەدا پیٚیان دەڵیٚت (بەناوی خوا بکەونە ریٚ, خوایە ئاگات لیٚیان بیٚت). ئینجا پەیامبەر دەگەڕیٚتەوە بۆماڵی خۆی. کاتیٚك (ابن مسلمە)و (سلکان) دەگەنە قەڵاکەی کەعب سلکان بانگی دەکاو کەعب لەقەڵاکە دیٚتەخوارەوە بۆ لایەن، لەو کاتەدا کەعب جلی زاوایەتی لەبەر دەبیٚ دەیبەنە ئەو لاوەو پیاسەیەك دەکەن، لەپڕ بەشمشیٚرەکانیان هیٚرش دەکەنە سەری‌و دەیکوژن.[19]

هەروەها پەیامبەر (عمر بن امیە الزمری)و (سلمە بن اسلم بن حریس) دەنیٚریٚ بۆ مەککەو پیٚیان دەڵیٚت: بڕون تا دەگەنە (ابی سفیان بن حرب)و ئەگەر پیٚگەیشتن‌و بۆتان کرا بیکوژن. ئەوانیش کەدەگەنە کەعبە خەڵکی مەککە دەیانناسنەوەو بە بیٚ ئەوەی هیچ لە (ابا سفیان) بکەن بەناچاری هەڵدیٚن.[20]

لە (نخلە)ش (خالد بن سفیان الهذلي) هۆزی (بني هذیل) لەدژی پەیامبەر هان دەدا، پەیامبەریش (عبداللە بن انیس الجهنی) بۆ کوشتنی دەنیٚریٚ پیٚی دەڵیٚ: وام

---

[19] مختصر السيرة لابن كثير ص 241 (مصدر سابق)

[20] المحبر لابي جعفر بن حبيب تحقيق سيد كسروي، طبعة 2000، دار الغد العربي بمصر، ص 139/ نقلاً عن النص المؤسس ومجتمعه تأليف خليل عبد الكريم، ص 174 (مصدر سابق)




پێگەیشتووە کەخالیدی کوڕی سوفیان خەڵکم لێکۆدەکاتەوە تا بێنەسەرمانو داگیرمان بکەن، بڕۆ بیکوژە. کاتێك عەبدوڵڵا چووە لای، خالید پرسیاری کرد ئەم پیاوە کێیە؟ ئەویش وتی: پیاوێکم لەعەرەب هەواڵی تۆم پێگەیشتووە کەخەڵکی لەدژی پەیامبەر کۆدەکەیتەوە. خالیدیش دەڵێ بەڵێ من ئەو پیاوەم خەریکی ئەو کارەم، ئیتر چەند هەنگاوێك پێکەوە دەچنە ئەولاوەو عەبدوڵڵا شمشێرەکەی لێهەڵدەکێشێو دەیکوژێو سەری دەبڕێ سەرەکەی دەباتەوە بۆ پەیامبەر، ئەویش گۆچانێکی دەداتێو پێی دەڵێ: خۆت ئامادە بکە بەم گۆچانە بچیتە بەهەشتەوە. ئەم گۆچانە بە عەبدوڵڵا دەمێنێتەوەو کەدەشمرێ بۆی دەخەنە کفن و گۆڕەکەیەوە.[21]

(ابو عفك) پیاوێکی بەتەمەن بوو، دەڵێن تەمەنی سەدو بیست ساڵ بووە، لەشیعرێکیدا هەجوو پەیامبەری کردووەو پەیامبەر وتوویەتی: کێ لەم پیاوە رزگارم دەکات؟. (سالم بن عمیر) ئامادەی خۆی نیشاندا بیکوژێت. دواتر سالم پیاوەکە دەکوژێت، ئەم کارەش وای کرد شاعیرێکی ژن بەنێوی (اسماء بنت مروان) دلپڕلەقین بێو شیعرێ بلێ کەتێیدا هەجووی پەیامبەر بکات،

[21] النص المؤسس ومجتمعه، خليل ابراهيم، ص 174 (مصدر سابق)




پەیامبەریش (عمير بن عدى) بۆناردو ئەویش بەشەو دەچێتە خێمەکەیەوەو لەکاتێکدا ئەم ژنە شاعیرە شیری دەدا بە منداڵە ساواکەی دەیکوژێ.[22]

لەساڵی هەشتەمی کۆچییدا پەیامبەر خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو بۆ هێرش کردنە سەر رۆم هەواڵێك بەر گوێی کەوت کەهەندێك پیاو لەماڵی یەهودییەك بەناوی شویلم کۆبوونەتەوەو نەخشە لەدژی هێرشەکە دەکێشن، پەیامبەریش (طلحة بن عبدالله) لەگەڵ ژمارەیەك پیاو دەنێرێتە سەریان تا ئابلۆقەی ماڵەکە بدەنو بیسوتێنن.. تەنها یەك پیاو توانی لەماڵەکەدا بێتە دەرەوەو لەو هەولەشیدا قاچی دەشکێ.

[22] Ali Dashti, p. 10 0 (مصدر سابق)




# ژنانی پەیامبەر

ئیبن سەعد لەباوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە پەیامبەر پانزە ژنی هێناوەو لەگەڵ سیانزەیاندا جووت بووەو لەیەك کاتدا یانزەیانی کۆکردۆتەوەو لەکاتی مردنیشیدا نۆی بەجێهێشتووە.[1]

د. عائیشە عبدالرەحمن دەڵێ: لەدوای خەدیجە دە ژنی دیکەی هێناوە کە لەنێوانیاندا گەنجو لاوو ژنی پێگەیشتووی تێدابووە.[2] بەڵام لەڕیوایەتەکانی دیکەدا هاتووە کە بیستو دوو ژنی هێناوە، دوانیش لەکەنیزەكو چوار دانەش کەخۆیان پێشکەشی کردووە (هبة). لەسەردەمی جاهلیداو لەتەمەنی بیستو چەند ساڵێکدا ژنێکی هێنا بەناوی (خديجة بنت خويلد بن اسد بن عبدالعزى)و یەکەم ژنی بووەو هەشت منداڵی لێبووە، هەندێك ڕیوایەتیش دەڵێن دە منداڵ. هەتا خەدیجە مابوو ژنی بەسەردا نەهێنا. کە مرد عائیشەی کچی ئەبوبەکری هێنا، هەندێکیش دەڵێن: یەکەم ژن هێنابێتی لەدوای خەدیجە بێوەژنێك بوو بەناوی

[1] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 210 (مصدر سابق)

[2] نساء النبي للدكتورة بنت الشاطئ– دار الهلال/ مصر، ص 192




(سودة بنت زمعه بن قيس بن عبد شمس) مێردەکەی پێش پەیامبەر ناوی (السكران بن عمرو بن عبد شمس) بەناوەکەیدا ئامۆزایەتی.

عائیشەش لەکاتی مارەکردنیدا لەشاری مەککە منداڵێکی بچووك بووەو لەتەمەنی نۆ ساڵیداو لەشاری مەدینە گواستویەتەوەو لەگەڵی جووت بووە، عائیشە وتویەتی کاتێ کۆچمان کرد بۆ مەدینە ئەبوبەکری باوکم هەلی بۆ ڕەخسا لە لای هۆزی (بني الحارث) لابدات. پەیامبەر هاتەو چووە ژووروەوە کۆمەڵێك لەئەنصارو ژن لەدەوری کۆبوونەوە. لەکاتێکدا لەنێوان دوو پەلکە خورمادا جۆلانێم دەکردو دەیهێنامو دەیبردم، دایکم بانگی کردمو بەکەمێك ئاو دەموچاوی شوشتم، ئینجا دەستی گرتمو بەشوێن خۆیدا بردمی هەتا گەیشتینە بەردەرگاو ڕایوەستانم تا هەناسە بڕکێم دەرچێت. پاشان بردیانمە ژووروەوە کە پەیامبەر لەسەر جێگەیەکی ماڵی خۆمان دانیشتبوو، دایکم منی خستە باوەشییەوەو وتی: ئەوانە کەسوکاری تۆن پیرۆزیی خوا لەوانەوە بۆ تۆو لەتۆشەوە بۆ ئەوان. لەپڕتاو هەرچی لەوێ بوو لەگەڵ ژنەکاندا چوونەدەرەوەو پەیامبەر لەماڵی خۆمدا لەگەڵم جووت بوو, لەوکاتەدا من کچێکی نۆ ساڵان بووم[3]

[3] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 210




کاتێکیش پەیامبەر دمریٚ تەمەنی عائیشە هەژدە ساڵان دەبیٚ.

دوایی حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتابی هێنا. ئەمیش بیٚوەژن بوو پێشتر ژنی خونەیسی کوڕی حوزافەی کوڕی قەیس بوو. دوایی (ام سلمة)ی هێنا کەناوی (هند بنت ابی امية بن المغيرة بن عبدالله بن عمر بن مخزوم) بوو، ئەمیش بێوەژن بوو، پێشتر ژنی (ابي سلمة بن عبدالله بن هلال)بوو، لـەشەڕی بەدردا مرد، ئەم پیاوە پورزای پەیامبەرو شیر برای بوو. (ثويبة) ناوێك شیردەرایی کرد, دایکیشی ناوی (برة بنت عبدالمطلب) لە(ابي سلمة) چەند منداڵێك دەبیٚ (عمر، سلمة، زينب، درة). ام سلمة بەجوانیێکی شازو پاكو خاوێنو دەموچاو بریقەدار بەناوبانگ بوو، هەموو گەنجەکان پێشبڕکێی ئەوەیان بوو سەرنجی ئەم ژنە بۆ لای خۆیان ڕاکێشنو دواتر داوای بکەن.١١کاتێك بیٚوە ژن کەوت ئەبوبەکری سدیق داوای کرد بەلاَم ئەو بەرێزەوە وەلاَمی کرد. دوایی عومەری کوڕی خەتتابیش داوای کردو وەلاَمی ئەویشی دایەوە.[4] پەیامبەر عەماری کوڕی یاسری ناردە داوای، ئەویش بەهانەی ئەوەی گرت کەمنداڵێکی شیرەخۆرەی

[4] أم سلمة أم المؤمنين – تأليف أمينة أمزيان الحسني، الجزء الاول، الطبعة الاولى، وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية، المملكة المغربية،ص107




هەیە، بۆ ئەم مەبەستە عەممار منداڵە شیرەخۆرەکەی لێوەرگرتو دایەنێکی بۆ دۆزییەوەو بەهانەی برِی، ئەویش رِازی بوو شوو بەپەیامبەر بکات.[5]

دوایی (جويرية بنت الحارث بن ابي ضرار)ی هێنا، ناوبراو کچی سەرۆکی هۆزی موستەڵەق بوو مێردێکی هەبوو بەناوی (مالك بن صفوان ذي الشفر)و لەشەرِی داگیرکردنی (بني المصطلق)دا لەساڵی پێنجەمی کۆچیدا ئەم ژنە بەدیلی دەگیرێو دەکەوێتە دەستی یەکێك لەشەرِکەرەکان. جوەیرییە داوا لەو موسڵمانە دەکات بەفدیە رِزگاری بکاتو موسڵمانەکەش رِازی بوو بەڵام داوای فدیەی زۆری کردبوو جوەیرییە ئەو پارەیەی لەتوانادا نەبوو، هەر بۆیە چووەلای پەیامبەرو داوای لێکرد دەخالەت لەم کارەدا بکات بەڵکو بەهای رِزگاربوونی کەم بکاتەوە. لەعائیشەوە دەگێرِنەوە: (هەر ئەوەندە عائیشە چاوی بەجوەیرییە دەکەوێت کەلەبەر دەرگاکەدا وەستاوە شلەژاو شپرزە بووە چونکە جویرەییە لەوپەرِی جوانیدا بوو). عائیشە لەوە دڵنیا بوو کە پەیامبەر ببینێ دەچێتە دڵیەوەو دەیخوازێ. جا کاتێك جوەیرییە چووە ژوورەوەو داوای یارمەتی لێکردو پەیامبەر چاوی بەجوەیرییە کەوت ئامادەیی نیشاندا کەخۆی فدیەکە بدات بەومەرجەی شووی پێبکات ئەویش رِازی بوو.

---

[5] نفس المصدر، الجزء الاول ص 58




دوایی (ام حبیبة بنت ابی سفیان بن حرب)ی هێنا که پێشتر ژنی (عبدالله بن جحش) بوو، پێش مردنی مێردەکەی هەردوکیان لەگەڵ کۆمەڵێك موسڵمانه سەرەتاییەکانی سەردەمی مەککەدا کۆچیان بۆ حەبەشە کردبوو، مێردەکەی هەر لەحەبەشە مرد، پەیامبەریش (عمرو بن امیة الضمري) ناردە لای نەجاشیو لەگەڵێشیدا چوارسەد دینار مارەیی نارد، ئەویش لیێ مارە کرد.

دوای ئەو (زینب بنت حجش بن رئاب)ی هێنا، دایکی ئەم زەینەبە ناوی (امیمة بنت عبدالمطلب) پوری پەیامبەر بوو، سەرەتا ناوی (برە) بوو دواتر کە بووە موسڵمان پەیامبەر ناوی نا زەینەبو خواستی بۆ (زید بن حارثة) لەپاش ئەوەی لەکۆیلایەتی ئازادی دەکاتو تەبەنای دەکات بۆ خۆیو وەك کوڕی خۆی پەروەردەی دەکات. هەر بۆیە بەزەیدی کوڕی محمد بانگیان دەکرد. دەڵێن زەینەب لەجوانترین ژن بووە کاتێ پەیامبەر چوو داوای بکات بۆ زەید ڕازی نەبووە لەخۆی کەمتر شوو بەکەس بکات، پەیامبەریش پێی وتووە: (با..وە شووی پێدەکەیت)و ئایەتێك بۆ ئەم مەبەستە دابەزیوە:

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالا مُّبِينًا.[6]

---

[6] الاحزاب 110




کاتێك خواو پەیامبەرەکەی بڕیاری شتێك دەدەن بۆ هیچ پیاوو ژنێکی ئیماندار دروست نییە بەئارەزووی خۆیان جێبەجێ بکەن یان..نا، دەبێ جێبەجێبکرێو ئەوەی سەرپێچی دەکات بەڕاستی گومڕاو سەرلێشێواوە.

ئەویش شووی پێکرد. بەڵام ساڵێك بەسەرنەچوو زەینەب نەیتوانی لەلای بمێنێو زەیدیش تەڵاقی دا. دەڵێن لەبەر ئەوە تەلاقی داوە چونکە زەینەب خۆی لەزەید بەگەورەتر زانیوە لەبەرئەوەی زەیدیش پێش ئەوەی پەیامبەر تەبەنی بکات کۆیلەی بووە. بەڵام هەندێك لەمێژوونوسان دەڵێن: ڕۆژێکیان پەیامبەر بەنیازی سەردانی زەید دەچێتەماڵیانو زەید لەماڵ نابێت بەڵام چاوی بەزەینەب دەکەوێ کراسێکی لەبەردایەو خەریکی کوتینی زەعفەرانە، یەکسەر دەچێتە دڵییەوەو سێجار دەڵێ: سبحان الله مقلب القلوب. ستایش بۆ خوا کە دڵ لەدڵان هەڵدەگێڕێتەوە. کاتێك زەینەب ئەم بەسەرهاتە بۆ زەید دەگێڕێتەوە زەید دەچێ بۆ لای پەیامبەرو پێی دەڵێت زەینەبت بۆ تەڵاق دەدەم.[7]

لەلایەکی دیکەوە (ابن اسحاق) بەشێوەیەکی دیکە دەیگێڕێتەوە دەڵێ: زەید نەخوشی جێگەیەو پەیامبەر سەردانی کردو چووە ژوورەوە، لەوکاتەدا زەینەب

---

[7] المحبّر: لابي جعفر بن حبيب– تحقيق سيد كسروي– ص 108 / نقلاً عن النص المؤسس ومجتمعه لخليل عبد الكريم(مصدر سابق)




لەلای سەری زەیدەوە بوو لەبەر پەیامبەر هەڵسا، پەیامبەریش سەیرێکی کردو سەرێکی لەقاندو وتی: (سبحان الله مقلب القلوب والابصار) زەیدیش دەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا بۆت تەڵاق بدەم؟؟ ئەویش دەڵێ: نەخێر، خوای گەورەو خۆشەویستیش ئایەتێکی دابەزاند

وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولا.[8]

ئەی پەیامبەر بۆ ئەو کەسە باس بکە (واتە زەید) کەخوا ئیمانی پێبەخشیویت‌و منیش ئازادیم پێبەخشیوە,( واتە کاتی خۆی کافر بوویت‌و خوا ئیمانی پێبەخشیوی, هەروەها کۆیلە بوویت‌و منیش ئازادیم پێبەخشیویت) کەپێت وت (زەینەب) لەلای خۆت بهێڵەرەوە, ئەی پەیامبەر لەخوا بترسە, تۆ دەتەوێ شتێك لەدڵ‌و دەروونتا بشاریتەوە لەکاتێکدا خوا دەیەوێ ئاشکرای بکات خوا لەپێشترە کە حسابی بۆ بکەیت‌و لێی بترسیت, جا ئەو کاتەی کە زەید لەزەینەب تێر بوو, وە پێویستی پێنەماو جیابووەوە, ئائەو کاتە زەینەبمان لەتۆ مارە کردووە

---

[8] الاحزاب 37 السیرة النبویة لابن اسحق، المجلد الاول، ص 339 (مصدر سابق)

(واته بهتهڵاقدانی لهلایهن زهیدهوه یهکسهر مارهیی له تۆ هاتووه) بۆ ئهوهی هیچ شهرمهزارییهك بۆ ئیمانداران دروست نهبێت كهكهسێك ژنی بهناو كوڕی خۆی ماره دهكاتهوه, (ڕووگیر مهبهو زهینهب ببه بۆ لای خۆتو) ههمیشه فهرمانی خوا جێبهجێ بكه.

لهڕیوایهتی سێههمدا وا هاتووه كه پهیامبهر دهچێته سهردانی زهید، لهوكاتهدا خوا (با)یهك ههڵدهكاو كۆشی زهینهب ههڵدهداتهوهو ئهویش نیوه ڕووت بووه لهماڵهكهی خۆیدا. پهیامبهر بهم شێوهیه زهینهب دهبینیو دهچێته دڵییهوه، زهینهبیش بهوه دهزانێ كه چۆته دڵی پهیامبهرهوه، كاتێك زهید گهڕاوهتهوه ڕووداوهكهی بۆ دهگێڕێتهوه یهكسهر زهیدیش دهچێته دڵییهوه كه زهینهب تهڵاق بدات.

ابن عباس دهربارهی ئایهتهكه دهڵێ:

(وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ له دهروونتا دهیشاریتهوه) خۆشهویستی بۆ زهینهبه، (تخشى الناس، له خهڵكی دهترسیت) واته شهرمیان لێدهكهیت، ههروهها دهڵێن ترسو رقت لهوه دهبێتهوه گهر بهزهیدت بگوتایه تهڵاقی بده ئهوا خهڵكی دهیانوت

فەرمانی بە پیاوێك كردووە بەتەڵاقدانی ژنەكەی‌و دوای تەڵاقدانیش خۆی مارەی بڕیوەتەوە.[9]

زەید لای خۆی ئەوەی زانیوە كە ڕۆژانی ژیان لەگەڵ زەینەبدا بە پەنجەكانی دەستی دەژمێردرێن، لەبەر ئەمە چووە لای پەیامبەرو ئەوەی پێڕاگەیاند كە دەیەوێ زەینەب تەڵاق بدات. سەرباری ئەوەی پەیامبەر زەینەبی خۆشدەویست كەچی هەوڵیدا زەید ڕەزامەند بكات كە ژنەكەی لای خۆی بهێڵێتەوە. بەڵام لەكۆتاییەكەیدا تەڵاق ڕوویداو دوای تەواوبوونی مانگانە (عدة) ئایەتێك دابەزی و مۆڵەتی دایە پەیامبەر كە خوا زەینەبی بۆ مارە كردووە. زَوَّجْنَاكَهَا. بەحوكمی ئەم ئایەتە پەیامبەر چووە ماڵی زەینەبەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیەكی بەمارەبڕین‌و شاهیدێك هەبێت.

دوای ئەو (صفية بنت حيي بن الخطب)ی یەهودی لەهۆزی بەنی نەزیر هێنا، سەرەتا ژنی (كنانة بن الربيع) بوو، یەكێك بوو لەدیلەكانی یەهودی‌و لەخەیبەر دەستیگر كراو (محمد بن مسلمة) بەفەرمانی پەیامبەر كوشتی، واتە یەكێك بوو لەسەبایاكان. كاتێك پەیامبەر تەماشای سەبایاكان (واتە كچو ژنە دیلكراوەكان)ی دەكردو چاوی بەصەفییە كەوت پەچەكەی لادا تاهەموو لایەك

---

[9] تفسير القرطبي لابي عبد الله محمد بن احمد الانصاري القرطبي، المجلد الثامن (مصدر سابق)




بزانن ئەوەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی..! جوانكارێك بەناوی (أم انس بن مالك) بردی تا بۆ پەیامبەری برازێنێتەوەو وتویەتی لەو ژنە جوانترو گەشترم نەدیوە. پەیامبەر هەر ئەو ڕۆژەی مێردی صەفییەی كوشت لەهەمان ڕۆژدا مارەی كردو لەكاتی گەڕانەوەیاندا بۆ مەدینە بۆی چووە پەردەی زاوایەتییەوە.

دوای ئەویش (ميمونة بنت الحارث بن حزن)ی هێنا. پێشتر ژنی (عمير بن عمرو) بوو، ئەم ژنە خوشكی (أم فاضل)ە واتە ژنی (العباس بن عبدالمطلب) مامی پەیامبەر, هەروەها پوری خالیدی كوڕی وەلید.

ژنێكیشی لەهۆزی (بني كلاب بن ربيعة) هێناو پێیان دەگوت (النشأة بنت رفاعة) ئەم هۆزە حەلیفی بەنی قورەیزە بوو، هەندێكیش بەناوی (سنا بنت اسمة بن الصلت) بانگیان دەكرد.

دوای ئەویش (الشنباء بنت عمرو الغفارة)ی هێنا ئەمانیش یەكێك بوون لەحەلیفەكانی بەنی قورەیزە. ئەو ڕۆژەی پەیامبەر دەچێتە لای توشی نەزیفی خوێن دەبێ‌و نەخۆش دەكەوێ، پێش ئەوەی چاك ببێتەوە كوڕێكی بچووكی پەیامبەر بەناوی (ئیبراهیم) دەمرێ‌و ئەم ژنەش (الشنباء) دەڵێ: ئەگەر محمد پەیامبەر بوایە خۆشەویسترین كەسی نەدەمرد، لەسەر ئەم قسەیە پێش ئەوەی بچێتە لای دەستی لێبەردەدا.

دوايي (غزية بنت جابر من بني ابي بكر بن كلاب)ی هێنا، دەنگو باسی جوانیو فراوانی نانو نیعمەتی گەیشتە پەیامبەرو ئەویش (ابا سعید الانصاری) دەنێرێتە خوازبێنی بۆ خۆی، کاتێك ئەم ژنە دەگەیەننە لای پەیامبەر پێی دەڵێ: من لەدەروونەوە بڕیارم نەداوە شووت پێبکەم پەنای خوات لێدەگرم. پەیامبەریش دەڵێ: ناتوانم کارێك بکەم کەسێك پەنابە خوا بگرێ لەبەر ئەم هۆیە نەچوو بەلایەداو گێڕایەوە بۆ کەسوکاری.

دوايي (اسماء بنت النعمان بن الاسود)ی هێنا، کە بۆی دەچێتە پەردەوە دەبینێ چەند شوێنێکی پێستی لەشی سپیە، لەبەر ئەم هویە گێڕایەوە بۆ کەسو کاری. دەشڵێن ئەم ژنە بەخوا پەنای لێگرتووە ئەویش دەستی لێبەرداوە.

هەروەها دەڵێن: (زینب بنت الخزیمة)شی هێناوە. ئەو ژنە بوو کە پێیان دەگوت دایکی نەداران.[10] (هەمیشە هەژارو نەدار لەماڵەکەیدا بووەو نانی داونەتێ_ وەرگێڕ). لەهۆزی بەنی عامر بن صەعصەعە بووەو پێشتر ژنی (الطفیل بن الحارث) بووە.

[10] ئةم زةينةبة مولَكء سامانيَكى زؤرى هةبووةء بةردةوام نةداران سووديان ليَوةرطرتووة, وةرطيرِ.




هەروەها (شراف بنت خليفة, العالية بنت ظبيان، قتيلة بنت قيس بن معد يكرب) پێش ئەوەی جووت ببن پەیامبەر دەمرێ، فاطمةبنت شريح، خولة بنت الهذيل ، عمرة بنت يزيد من بني رولس بني كلاب، فاطمة بنت الضحاك.[11]

لەدەستکەوتنو کۆیلەکانیشی (مارية القبطية) بوو کە لەلایەن(المقوقس)ەوە بەدیاری بۆی نێردرابوو، ئەم ژنە گەنجێکی میسری ڕووشیرینو جوانو ڕوویەکی سەرنجڕاکێشو قژێکی لولی ژاکاوی پێوەبووەو لەخاکی نیل (میسر)ەوە بۆی نێردرابوو[12] لەم ژنە ئیبراهیمی بوو.

هەروەها ريحانة بنت زيد یەکێك بوو لەدەستکەوتەکانی بەنی قورەیزە. چوار ژنیش هەبوون خۆیان پێشکەش بەپەیامبەر کرد بووە، ئەم خۆپێشکەشکردنە بەئایەتێك حەلاڵ بوو کە لەسورەتی (الاحزاب 50)دا دابەزیوە:

يَا أَيُّهَا النبـي إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبـي إِنْ أَرَادَ النبـي أَن

[11] تاريخ الطبري، المجلد الثاني، ص 210 وما بعدها (مصدر سابق)

[12] نساء النبي للدكتورة بنت الشاطئ، ص 190 (مصدر سابق)




يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا.

ئه‌ی په‌یامبه‌ر, ئێمه ئه‌و ژنانه‌مان بۆ حه‌ڵاڵ كردویت كه‌كرێكه‌ت داونه‌تێ, له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌نیزه‌كانی كه هی خۆتن‌و له‌جه‌نگدا ده‌ستكه‌وتت بوون, جگه له‌م دوو جۆره ئه‌م ژنانه‌ش بۆ تۆ حه‌ڵاڵن: كچه مامه‌كانت, كچه پوره‌كانت, كچه خاڵه‌كانت, كچی ئه‌و پورانه‌ت كه‌له‌گه‌ڵت كۆچیان كرد, له‌گه‌ڵ هه‌ر ژنێكی دیكه‌ی باوه‌ڕدار كه خۆی پێشكه‌ش به تۆ بكات (هبه) ئه‌گه‌ر ئاره‌زووت هه‌بوو ماره‌یان بكه‌یت, ئه‌م پێشكه‌شكردنه تایبه‌ته ته‌نها به تۆ نه‌ك ئیمانداران, چونكه بۆ ئیمانداران ئێمه ڕێ‌و شوێنمان ڕوونكردۆته‌وه‌و ژن‌و كه‌نیزه‌كمان بۆ دیاری كردوون..تاد

ئه‌و چوار ژنه‌ش ئه‌مانه بوون (ام شريك، ميمونة، زينب، خولة).

شێخه‌كانی ئه‌م ئایینه ده‌ڵێن: په‌یامبه‌ر له‌به‌ر نزیكبوونه‌وه‌و یه‌كخستنه‌وه‌ی هۆزه‌كان ئه‌م ژنانه‌ی هێناوه تاسه‌ركه‌وتن مسۆگه‌ر بكات. به‌ڵام مێژوو وا نالێت. ده‌بینن كه په‌یامبه‌ر له‌شاری مه‌ككه‌دا له‌لاوازترین پێگه‌و هه‌لۆێستدا بووه‌و قوره‌یشییه‌كان جه‌نگیان ده‌كردو ده‌یانچه‌وساندەوه. له‌مه‌ككه‌داو له‌ده‌ستپێكردنی په‌یامه‌كه‌یدا بۆ ماوه‌ی سیانزه‌ساڵ مایه‌وه‌و ده‌چه‌وسێنرایه‌وه. به‌درێژایی ئه‌و




سیانزەساڵە تەنها خەدیجە ژنی بووەو ژنی دیکەی بەسەر نەهێناوە تاسێ ساڵ لەپێش کۆچی بۆ مەدینە دەمرێت. کاتێکیش بۆ مەدینە کۆچی کرد لەلایەن ئەوس‌و خەزرەجەوە پەنادرا. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو تازۆربەی هەرە زۆری هۆزە گەورەکان چوونە ژێر ڕکێفی ئەوەو کەوتە ناو پێگەیەکەوە کەهیچ هۆزێك نەتوانێ ببێتە هەڕەشە لەسەر خۆی‌و بانگەوازەکەی. هەروەها لەدوای هەموو ئەو ئەنفالانەی لەغەزاکاندا خودی خۆی دەستی کەوتن‌و موسڵمانانیش کۆیانکردنەوە دەوڵەمەندبوو, تەواوی زەواجەکانیشی لەمەدینەدا بوون جگە لەعائیشەی کچی ئەبوبەکر کەدوای مردنی خەدیجە لەمەککەدا مارەی کردو لەدوای کۆچ لەمەدینەدا بۆی چووە پەردەوە، هەندێك ڕێوایەتیش دەڵێن هەروەها هەر لەمەککەدا زەواجەکەی لەگەڵ (سودة بنت الزمعة بن قيس) کرد. باسەیری ژنەکانی بکەین، دوو ژنیان عائیشەی کچی ئەبوبەکرو حەفسەی کچی عومەر، ئەودوانە (ابوبکرو عومەر) لەیەکەمینەکان بوون باوەڕیان بەپەیامبەر هێناو هەردووکیشیان لەقوڕەیش بوون. ئەگەر قوڕەیش بیتوانیبایە بەلای پەیامبەردا دایبشکێنێتەوە ئەوەیان دەکرد بەبێ ئەوەی دووکچی خۆیان بدەنێ. زەواجەکەی لەعائیشەو حەفسە بۆ یەککەوتنەوەی قوڕەیشیەکان نەبوو بەڵکو دوو خەڵات

بوو بۆ ئەبوبەكرو عومەر كەپشتیان گرتو پارێزگارییان لێدەكردو دڵنیایان كرد.

دوایی لەگەڵ جوەیرییەی كچی حارسو سەفییەی كچی حوەییە زەواج دەكات، هەردووكیان یەهوودی بوونو دوای ئەوەی مێردەكانیان لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لەپیاوانی بەنی قورەیزەو بەنی نەزیر دەكوژرێنو دەست بەسەرئەمانەشدا دەگرێ. ئەم زەواجەش ئارەزوومەندانەی هۆزە یەهودییەكان نەبوو چونكە پەیامبەر هێرشی خوێناوی بۆ كردنو لەمەدینە دەریكردنو پێش ئەوەی جوەیرییەو سەفییە بەدیل بگیرێنو زەواجیان لەگەڵ بكات پیاوەكانیانو پیاوانی ئەو هۆزانە دەكوژێن. زەواجەكەی لە(ام حبيبة بنت ابى سفيان) لەحەبەشەوە ئەمەش بۆ خۆنزیكخستنەوەی ابوسفیان باوكی نەبوو بۆ پەیامبەر، چونكە ئەوە ئەقڵ نایبڕێ كە ئەبو سوفیانێك بەدرێژای ساڵانێكی زۆر دوژمنی موحەممەدو ئیسلام بێت سەرباری ئەوەی سەرەتا زەواجی كچەكەی لەموسڵمانێك بوو كە كۆچیان كرد بۆ حەبەشە. بەڵكو بەپێچەوانەوە بۆی هەبوو كاتێك ئیسلام ئەم كچەی ئەبوسفیانی لەخۆ گرتو دوایش بۆ حەبەشە كۆچی پێكرد بەم كارە ئەبوسوفیان زیاتر رقی لەمحمد هەڵگرتبێت. هەر بۆیە زەواجی محمد لەو ژنە هیچ شتێك نییە جگە لەزیادبوونی ركەبەرایەتی. بەڵام بۆ (هند بنت




امية) یەکەم شووی بەکوڕەپورێکی پەیامبەر کرد لەمێردەکەی لەگەڵ پەیامبەردا شیربرابوون. گەر بۆ خۆنزیکخستنەوەو ئارەزووی هۆزەکەی بوایە ئەوا بەزەواجی یەکەم کۆتایی پێدەهات چونکە لەلایەکەوە کوڕە پوری پەیامبەر بووە لەلایەکی دیکەشەوە برای شیری بووە. بۆ زەواجەکەشی لە(زينب بنت حجش) ئەم ژنە کچەپووری خۆی بووەو ئەم زەواجەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر قوڕەیش دروست نەکرد بەڵکو پێشیان خۆش نەبوو چونکە مێردەکۆنەکەی زەینەب کوڕێکی تەبەنی و کۆنە کۆیلەبووەو ئەمەش لەناو نەریتی ئەواندا نەبووە..

(ميمونة بنت الحارث)یش خوشکی (ام فاضل) ژنی عەبباسی مامی پەیامبەر بووە، واتە خوشکی ئامۆژنی بووە، هەروەها سێ ژنەکەی دیکەش (الشنباء، غزية، اسماء بنت النعمان) پێش ئەوەی لەگەڵیان جووت ببێت تەڵاقی داون ئەم هەڵوێستەش ئەقڵ نایبڕێ بۆ دڵڕاگرتنی هۆزەکانیان بوبێت. بەڵام زەواجەکەی لە عائیشە لەڕاستیدا ڕاڤەکاران‌و نوسەرانی ژیاننامە پەیامبەری خستۆتە گێژاوەوەو نازانن چۆن پاساوێك یان ڕاڤەی ئەوەبکەن کەپیاوێکی تەمەن پەنجاوچوار ساڵە بچێتە لای کچێکی نۆساڵ کەلەوکاتەدا یاری بەبوکە پەڕۆینەکەی دەکردو لەگەل کچە هاوڕێکانیدا جۆلانێی دەکرد.!! کاتێکیش کە پەیامبەر دەمرێت




عائیشە لە تەمەنی هەژدەساڵیدا دەبێتو پاش ئەو شوکردنیشی لێ حەرام دەبێت بەپێی دەقی ئەم ئایەتە:

وَلا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا.[13]

ژنانی پەیامبەر لە خۆتان مارە مەکەنەوە هەرگیز چونکە ئەوە لەلای خوا خەتایەکی زۆر گەورەیە.

[13] الاحزاب 53




# پەیامبەرایەتییەكەی

یەهودییەكان لەفەلەستینو مەدینەدا تانەیان لەعەرەبی دەوروبەری خۆیان دەدا بە (الامیین) ئومییەكان. مەبەستیشیان لەم وشەیە نەزانین نەبووە بەخوێندنەوەو نوسین، بەڵكو مەبەستیان لەشتێك بووە كە(القوم) یان (گوییم)، (جوییم) بووە[1] ئەم وشانەش لەزمانی عیبریدا مانای (غریب، نامۆ، بێگانە) دەدات بەدەستەوە. لەبەرئەوەی لەبۆچوونی خۆیاندا ئەوان میللەتێكی هەڵبژێردراوی خوان (شعب الله المختار) كەتایبەتمەندن بە وەحیو پەیامبەرێتیەوە، جگە لەوان بەبێگانە بوونو بە (Goyim–گۆییم) دەناسران كەكۆی وشەیەكەو بەتاك (گۆی–Goy)دێت. وشەی ئوم ی یان ئومیین بەهەمووو ئەوكەسانە دەگوترا كەیەهودی نەبوون[2] وشەی (أمي) مورادیفی وشەی (گۆی)ی عیبرانیەو وشەی (Ethnos)ی یۆنانی دەگرێتەوە كەماناكەی دەبێتە (شعب–گەل) یاخود (امە–نەتەوە) لەقورئانیشدا هاتووە:

[1] المشرق: تشرين الثاني 1931، ص 820
[2] القراؤون والربانيون: مراد فرج، مطبعة الرغائب بمصر، ص 182




{فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ}.[3]

مەبەستیش لەوکەسانەی کتێبیان بۆهاتووە یەهودیو ئەنصارەکانن ، بەڵام ئومییەکان ئەوانەن کەکتێبیان بۆ نەهاتووە.

هەروەها لەسورەتی (الجمعة–2) هاتووە {هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ}

وشەی عەرەب تەنها ئەوانە ناگرێتەوە کەلەمەککەو مەدینەدا بوون، عەرەب لەشامدا هەبوونو لەسەر ئایینی مەسیحی بوونو بەشی زۆریان خوێندنەوەو نوسینییان زانیوە، هەروەها عەرەبەکانی عێراقیش کەلە زانستو زانیارییەکاندا لەئاستێکی باڵادابوونو باشوری دوورگەی عەرەبیش خوێندنەوەو نوسینی تێدا بڵاوبووە، تەنانەت لەمەککەو مەدینەشدا چەند کەسێکی تێدابووە کەئاگایان لەخوێندنەوەو نوسین هەبووەو کەم نەبوون، بەتایبەتیش جالیەی یەهودی، جا ئایا دەبێ ئەوە تێبگەین کەمحمد بۆ ئەوانە نەنێردراوە چونکە لەئومییەکان نەبوون؟؟.

[3] ال عمران 20




كاتێك دەگەینە تروٚپكی وشەی (امیین)واتە (گۆییم) تێدەگەین محمد بۆ هەموو عەرەب نێردراوە بە خوێنەوارو نەخوێندەوارەكانیشەوە.

لەئایەتێكی دیكەدا {وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ}.[4]

ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە كە(ئومییەكان) لەم ئایەتەدا ئەو عەرەبانە دەگرێتەوە كەیەهودی نین هەروەها ئەوانەش ناگرێتەوە كەخوێندنەوەو نوسین نازانن. گەر ئەم مانایەش وەربگرین تێدەگەین كە(رسول الامي) پەیامبەری ئومی ناكاتە ئەوەی كەمحمد خوێندنەوەو نوسینی نەزانیبێت بەڵكو ئەوە دەگەیەنێت لەنەتەوەیەك بوە كەیەهودی نین.

هەموومان دەزانین كەمحمد لەگەشتە بازرگانیەكانیدا دەچووە شامو لەوێ چاوی بەزاناكانی یەهودو راهیبەكانی نەصرانی كەوتووەو گوێی لێگرتوون. لەكاتی گەڕانەوەشیدا بۆ حیجاز لەخاكی (ثمود)و (عاد)ەوە تێپەڕبووە، بەبێ شك گوێی لەچیرۆكو ئامانجەكانیان بووە. ساڵی جارێكیش دەچووە حەڕڕا بۆ گۆشەگیریو یەك مانگ دەمایەوە. ئەم جۆرەش لەناو قورەیشیەكانی جاهلیدا

---

[4] ال عمران 75




باوبووە، دوای تەواوبوونی لەگۆشەگیری تا تەوافی كەعبەی نەكردایە نەدەچووە ماڵەوە.[5] گۆشەنشینی, واتە مانگێكی تەواو لەئەشكەوتی حەڕاڕادا ئەوە دەخوازێ لەگەڵیدا چەند هاوڕێیەك هەبن تا كات بەسەربەرێت یان كتێبێك دراسە بكات، چونكە ئەوە ناچێتە ئەقڵەوە مانگێكی تەواو بەتەنیا گۆشەنشین بێ‌و تەئەمولات بكاو بیر لەپەرستش بكاتەوە..! لەوكاتەشدا نوێژكردن نەبوە تاكاتی خۆی پێ بكوژێت‌و هۆشی خۆی لەدەست بدات، جائەگەر بەتەنیا نەبوو ئەی لەو ئەشكەوتەدا كێی لەگەڵ بوو؟؟.. ئایا ئەوكەسە (ورقە بن نوفل) بوو یان لاوێكی نەصرانی؟.. ئایا لەسەر كاروبارەكانی ئایینیان دیالۆكی لەگەڵ دەكردن؟.. كتێبە مێژووییەكانی ژیاننامەی پەیامبەر پێمان ناڵێت كەمحمد بەتەنها لەپەرستندابوو یاخود نا.

لەو ڕۆژانەداو لەمەككەدا كۆمەڵێك لەنەصرانی بێگانە بەچەند هۆیەكی وەك كۆیلایەتی، بازرگانی‌و تەبشیری لەوشارە نیشتەجێبون. تیاندا بووە كەلەزانست‌و زانیاریدا لەئاستێكی باڵادابووەو خوێندنەوەو نوسینیان زانیوە. لەوكەسانەش پیاوێك بوو كەراڤەكان ناویان ناوە (جبر–جەبر) غولامی (عامرین

---

[5] مختصر السيرة لابن كثير، ص 52 (مصدر سابق)




الحضرمي) بوو، ئەم کەسە تەورات‌و ئینجیلییشی خوێندبۆوەو محمد لەگەڵی دادەنیشت.[6]

تەبەری دەڵێت: هۆزی حوزرەمی دوو کۆیلەیان هەبوو (جبر–یسار)، بەزمانی خۆیان کتێبی تەوراتیان دەخوێندەوە، پەیامبەریش دەچووەلایان‌و گوێی لێدەگرتن. (الضحاك) دەڵێ: پەیامبەر هەمیشە لەگەڵ سەلمانی فارسی دادەنیشت‌و چیرۆکی لێوە فێردەبوو.

ئەو هەموو چیرۆکانەی گوێبیستی بووە لەشام‌و مەککەو گۆشەگیرییەکەی لەئەشکەوتی حەڕاڕا هەردەبوو پرسیارگەرلێکی زۆری لەلا دروست بووبێ‌و لەهەندێك حاڵەتیشدا پاڵی پێوەنابێت هەندێك شت بێتە خەیاڵییەوەو خەوببینێت‌و هەندێك جار وای لێبکات بچێتە بارودۆخێکی دەروونیەوە کەببێتە هۆی سورشکاری (الایحاء –Trance) بەتایبەت کەبەتەنیا بۆ ماوەی مانگێك لەساڵێکدا دەچووە ئەشکەوتەکەوەو خەریکی پەرستش بووە.

مالك لەهیشامی کوڕی عورووەوە دەڵێت پرسیارێك لەپەیامبەر کرا: چۆن وەحیت بۆدێت؟ ئەویش دەڵێ: جار جار وەك دەنگە دەنگی زەنگ بۆم دێت کەزۆر گرانم دەکات‌و لەلایەکەوە ئاگام لەخۆم نییەو لەلایەکی دیکەشەوە دەزانم

[6] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 200 (مصدر سابق)




چی دەڵێو وەریدەگرن، جارجاریش وەك پیاوێكی گەورەو خاوەن توانا دێتو قسەم لەگەڵ دەكاو منیش قسەكانی وەردەگرم.[7]

روونو ئاشكرایە كەجارجار وەك دەنگەدەنگی زەنگێك گوێی لەشت دەبوو، جارجاریش واهەستی دەكرد كەكابرایەك دەبینێو قسەی بۆ دەكات.

یەكەم جار كەلەئەشكەوتی حەڕادا وەحی بۆهات كابرایەك هاتەلایو پێی ووت بخوێنە. محمد دەڵێ: من خوێندەوار نیم: ئینجا پەیامبەر دەڵێ باوەشی پێداكردمو گوشیمیو توانای لەبەرخستمو دوایی بەریدام، پێی ووتم: بخوێنە-منیش پێم وت: خوێندەوارنیم، جارێكی دیكەش گرتمیو گوشیمیو بەریدام ووتی: بخوێنە، ووتم خوێندەوارنیم، جارێكی دیكەش گرتمیو گوشیمیو بەریدام ووتی: بخوێنە وتم خوێندەوارنیم، بۆ سێهەم جار گرتمیو گوشیمیو توانای لەبەر بڕیمو بەریدام ئینجا ووتی بخوێنە بەناوی ئەوخوایە كەهەموو شتێكی دروست كردووە، ئادەمیزادی لەچەند خانەیەكی هەڵواسراو دروست كردووە، بخوێنەو هەرپەروەدگاری تۆ بەخشندەیە، ئەو زاتەیە بەهۆی قەڵەمەوە زانستو زانیاری فێربووە، ئادەمیزادی فێری ئەوشتانە كردووە كەپێشتر نەیزانیبون.

[7] مختصر السيرة لابن كثير، ص 54 (مصدر سابق)




اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ

دوای ئەم رووداوە محمد لەئەشكەوتەكە دەچێتە دەرەوەو بەلەرزینەوە خۆی دەكات بەماڵداو بەخەدیجە دەڵێت: دامپۆشن، دامپۆشن.[8]

لەم چیرۆكەدا ئەوە روون دەبێتەوە كەمحمد یان ئەوەتا لەئەشكەوتەكەدا خەوی لێكەوتووەو جوبرەئیلی بەخەون بینیوە یان بەئاگابووەو واهەستی كردووە كەپیاوێك هاتووە بۆلای‌و داوای خوێندنەوەی لێكردووم جالە بەرئەوەی نەیزانیوە بیخوێنێتەوە گوشیوێتی‌و وەك بیخاتە ئاوەوە پرخەی پێخستووەو ئەم كارەش سێ جار دوویات بۆتەوە تا محمد ترسی لەسەر ژیانی خۆی پەیداكردووە، یان جوبرەئیل نەیزانیوە كەمحمد توانای خوێندنەوەو نوسینی نییە، دەنا نەدەبوو داوای خوێندنەوەی لێبكات، ئەوەش لەراستیەوە دوورە چونكە واتێگەیەنراوین كەجوبرەئیل رۆحی رەوانەو ناوەندێكە لەنێوان خواو محمددا!! دەتوانین بلێین كەمحمد توانای خوێندنەوەو نوسینی هەبووەو لەبەر ئەوەش جوبرەئیل داوای خوێندنەوەی لێكردووە، یاخود جوبرەئیل دانەبەزیوەتە لای و ئەو (محمد) واهەستی كردووە.

[8] نفس المصدر ص 50




بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کەمحمد خوێندەواری هەبوە، بوخاری لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە پەیامبەر لەسەرەمەرگیدا داوای ئامادەکردنی قەڵەمو کەلوپەلی نوسینی کردووەو پێی ووتون: ئێستا بۆئێوە شتێکتان بۆ دەنوسم کەهەتاماون کەڵکی لێوەربگرن، هەندێکیان وتیان: پەیامبەری خوا ئازار زۆری بۆ هێناوە ئەو وڕێنە دەکات حسبنا کتاب اللّٰه[9] ئەوەتا لەم راپۆرتەدا پەیامبەر دەڵێ (نوسراوێکتان بۆ بنوسم) مێژوونوسانی ژیاننامەی پەیامبەر لەعائیشەوە دەگێڕنەوە کەمحمد هەرکاتێك وەحی بۆ بهاتایە بۆماوەیەك تەواوی لەشی دەلەرزی، دوایی عارقەی دەکردو دواتر دەنوست، کەبەخەبەر دەهات باسی وەحییەکەی بۆدەکردن.

ئێمەش وەك پزیشکێك دەزانین کەوەسفکردنەکان بەتایبەتی دەنگە دەنگی زەنگ لەگوێچکەدا لەنیشانەکانی پەرکەمەو ناونراوە (aura) بە شێوەیەکی ئاسایی گرژبوونی دەمارەکان پێش لێدانی پەرکەمەکە دەکەوێت.

کۆمەڵێك لەرۆژهەڵاتناسەکان، بەتایبەت (گوستاف ویل- Gustav Weil)[10] پێیان وایە کەمحمد توشی پەرکەم بووە، پێشتریش شاهیدی ئەوە

---

[9] نفس المصدر، ص 496

[10] Montgomery Watt & Richard Bell, Introduction to The Quran, Edinburgh,p17




درابوو کاتی لەدایکبوونی پێلووی چاوەکانی بەرەو ئاسمان بەرز ببووەوە. بەپێی زانست منداڵی تازە لەدایکبوو چاوی بڕیبێتە ئاسمان، کەئەم حاڵەتە پێچەوانەی لەدایکبوونی منداڵێکی ئاساییە، شێوەی منداڵبوونەکە زەحمەد دەبیو زۆرری پێدەچێو زۆربەی کات ئەو منداڵە توشی رۆچوونی (نەزیف)ی خوێن لەچەند شوێنێکی مێشکدا دەبێتو ئەمەش لەگەورەبووندا دەبێتە هۆی دروست بوونی پەرکەم.

دەشڵێن: ئەو گۆشەگیرییە زۆرەی ئەشکەوتی حەڕارا بەراستی کاریکردۆتە سەر محمدو وایلێکردووە وەهمی ڕوودانی چەند شتێکی نائاسایی بکات. لەصەحیحی موسلمدا (جابر بن سمرة) دەگێڕێتەوە کەپەیامبەر وتویەتی: بەردێك لەمەككە دەناسم پێش ئەوەی ببمە پەیامبەر سلاوی لێدەكردم، ئێستەش دەیناسمەوە[11] جا ئایا هیچ مرۆڤێکی ئاقڵ بڕوا بەوەدەکات کەبەردێکی وشكو رەقی نەبزوو نەژیانی تێدایەو نەزمانو دەماری دەنگی تێیدایە تا قسەبکاتو سلاو لەمحمد بکات تەنانەت پێش ئەوەی بشبێتە پەیامبەر؟؟!! جا ئەگەر بەرد محمدی ناسیبێو قسەی لەگەڵ کردبێ ئیتر بۆچی لەغەزای ئوحددا کەموسوڵمانەکان دۆڕاندیان بەرد دەموچاوی پەیامبەر دەشکێنێ ؟؟ بۆچی ئەوبەردە نەترسا پێش

[11] مختصر السيرة لان كثير ص 52 (مصدر سابق)




ئەوەی بدات لەدەموچاوی محمدو بریندارى بکات بۆچی نەکەوتە سەر زەوی‌و بۆ خۆی نەخستە خوارەوە؟!

دەڵێن لەپاش ئەوەی محمد بەلەرزینەوە هات‌و خەدیجە داپۆشی، خەدیجە دەچێتە لای ئامۆزایەکی خۆی (ورقه بن نوفل) کەلەجاهیلیدا بووەتە نەصرانی‌و بەزمانی عیبریی کتێبی دەنوسی، بۆ نموونە بەعیبری ئەوەندەی بۆی کراوە ئینجیلی نوسیوە، خەدیجە ڕووداوەکەی بۆ وەرەقە باس کرد، ئەویش دەچێتەلای محمدو پێی دەڵێت: ئەی کوڕی برام ئەم نهێنیە باوەڕپێکراوە پێشتر لەسەر موساش دابەزیوە، خۆزگە لەم بانگەوازەدا چڵە پۆپەیەك دەبووم، خۆزگە دەژیام‌و یارمەتیم دەدای، چونکە قەومەکەی خۆت شاربەدەرت دەکەن. پەیامبەر پێی دەڵێ: ڕەنگە پاڵپشتی سەرکەوتنم بن، وەرەقەش دەڵێ: بەڵێ، گەر بگەمە ئەو ڕۆژە هاوەڵ‌و پاڵپشتت دەبم پاڵپشتێکی زۆر باش.[12]

دەڵێن وەرەقە پیاوێکی پیرو کوێربووە. ئەوانەی ژیاننامەی پەیامبەریان نوسیوەتەوە ئایا بەخەیاڵیاندا نەهاتووە پرسیار لەخۆیان بکەن وەرەقەی کوڕی نەوفەل کەزانی ئەوەی بۆ محمد دابەزیوە کاتی خۆشی بۆ موسا دابەزیوە محمد پەیامبەری خوایە ئیتر بۆچی پێنەکردو بۆچی بڕوای موسوڵمان نەبوو؟؟

[12] نفس المصدر، ص 51

بەتايبەتيش كەئەوە دەزانين خەديجەی برازای خۆی لەوكاتـەدا بـڕوای پێهێنـاوەو موسـوڵمان بـووە؟؟ ئـەو پاڵپـشتيە كامەيـە وەرەقەيـەكی پـيرو كـوێر لــەكاتی دەربەدەركردنی محمد لەمەككەدا پێشكەشی دەكات؟.

بۆماوەيەك وەحی بەردەوام بوو دوايش (ورقة بن نوفـل) دەمرێـت، بـەمردنی وەرەقە وەحيش بۆماويـەك دەوەسـتێت، بـەمردنی وەرەقـە محمـد زۆر نارەحـەت دەبێو وايلێدەكات لەلەوتكەی بەرزی چياكانەوە خـۆی بخاتـە خـوارەوە، هـەر دەگەيشتە شوێنێك بۆ ئەوەی خۆی فڕێ بداتە خـوارەوە جوبرەئيـل دەهاتـەلای و پێـی دەگـوت: ئـەی محمـد تـۆ پەيامبـەری خـوای، ئـەويش هێوردەبـووەوەو دەگەڕايەوە،ئەگەر وەحی بۆ ماوەيەكی درێژ بووەستايە بێشك ئەم حاڵەتە دووبارە دەبووەوە.

لێرەدا دوو پرسيار لەبيری خوێنەردا خۆی فەرزدەكات: بۆچی محمد ئەوەندە بۆ مردنی وەرەقە دڵتەنگ بوو كەكاربكاتە ئەوەی خۆی بكوژێت كەچی لەكاتی مردنی ماميدا (ابو طالب) ئەو خەمە گەورەيەی نـەبوو لەكاتێكـدا ئـەم مامەيـەی بەخێوی كردو لەقوڕەيشيش پاراستی! ئەی بـۆ بـەو ئاسـتە خـەمی نـەخوارد بـۆ حەمزەی مامی كەلەشەڕی دژ بەكافراندا كوشتيانو لاشەكەشيان شێواند؟؟




پرساری دووهەم: بۆچی بەمردنی وەرەقە بن نەوفل وەحیش وەستا؟ ئایا جوبرەئیلیش خەمی خواردو بریاریدا وەحی دانەبەزێنێ؟ یاخود (ورقة بن نوفل) خودی خۆی وەحی بوو؟




# بەشی چوارهەم

# قورئان

## کۆکردنەوەی قورئان

پەیامبەر لەتەمەنی چل سالّیدا بانگەوازەکەی دەستپێکردو لەتەمەنی شەستو سێ سالّیدا مرد، لەماوەی بیست وسێ سالّدا وەحی بۆ هاتووە. وەحیەکانیش بەچەند هۆکارێکەوە بۆی دابەزیون، بۆنموونە یەکێك پرسیاری شتێکی دیاری لێبکات وەك ڕۆحو مانگو لەوبابەتانە، یاخود ئەگەر گرفتێك سەریهەلّدا یان ویستی سوننەتێك دارِێژێ.

قورئان بەچەند ئایەتێکی پەرتەمەنی (متفرقە) دابەزیوە، هەندێکیان لەمەککەو ئەوی دی لەمەدینە دابەزیووە. لەژیانی محمددا (زید بن پابت) کاتب وەحی (نوسەری سروش)ی سەرەکی بووە، محمد لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە وەحی بۆدەگوتو ئەویش لەسەر شتێکی وەك پێست یان ئێسقان یاخود پەڕەی گەلاّ خورما دەینوسی، (عبدالله بن سعد بن ابی سرح) پێش ئەوەی هەلّبگەڕێتەوەو واز لەئیسلام بهێنێ بۆماوەیەك کاتب وەحی بووە، هەلّگەڕانەوەی لەئیسلام لەبەر ئەوەبوو بانگێشەی ئەوەی دەکرد لەکاتی نوسینەوەی وەحییەکاندا چەند




پێشنیارێکی دەکرد بۆ چاکردنی ئایەتەکانو محمدیش ڕەزامەندی لەسەر ئەو گۆڕینە هەبووە، ئەمەش وای لێکرد بلێ ئەگەر ئەوانە وەحی بوونایە ئەوا محمد ڕازی نەدەبوو ڕاستی بکەمەوە.

وادەردەکەوێ کە(علی بن ابي طالب) قورئانی کۆدەکردەوەو لەپەڕتوکێکی تایبەت بەخۆی دەینووسیەوە. محمدیش لەتەواوی ژیانیدا فەرمانی نەکردووە کەقورئان کۆبکرێتەوە یان وەك ئەوەی ئێستا هەیە سورەت دابەش بکرێ، تەنها بەوە وازی هێناوە کەپیاوان قورئانیان لەبەرکردووە.

لە خەلافەتی ئەبوبەکردا عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵی کۆبووەوەو پێشنیاری کۆکردنەوەی قورئانی کرد چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانەی کەلەگەڵ محمددا ژیاونو قورئانیان لەبەربووە کوژراون بەتایبەت لەشەڕی یەمامەدا دژ بە موسەیلەمەی کەزاب (درۆزن). بەڵام ئەبوبەکری صدیق سەرەتا ڕێگری کرد لەبەرئەوەی خودی پەیامبەر ئەم کارەی نەکردووەو فەرمانی کۆکردنەوەشی نەداوە، بەڵام دوای پێداگرتنی عومەر ڕازی دەبێو داوای لە(زید بن ثابت) کرد کۆی بکاتەوە, دەڵێن زەید وتویەتی: ئەبوبەکر بانگی کردمو پێی وتم کەعومەر پێی لەسەر ئەوە داگرتووە قورئان کۆبکەمەوە، سەرەتا ڕازی نەبووم چونکە پەیامبەر (د.خ) لەژیانیدا کۆی نەکردبۆوە، ئەگەر کۆکردنەوەی




کارێکی گرنگ بوایه ئەوا پەیامبەر خۆی دەیکرد، بەلاّم زۆر لەصەحابەکانی پەیامبەر لەکارەساتی یەمامەدا کوژرانو زۆر لەوئایەتانە ون بوون کەلەبەریان کردبوو لەوە دەترسام هەمووی ون بێت لەبەر ئەوە بەپێشنیارەکەی عومەر رازی بووم.

ئەبوبکر کۆکردنەوەی قورئانی بەچەند پیاوێك سپارد سەرەکیترینیان زەیدی کوری سابت بوو کەلەوکاتەدا گەنجێکی تەمەن بیست ساڵەبوو. مێژوونوسان ناکۆکن لەسەر ژمارەو ناوی ئەوکەسانەی یارمەتیی زەیدیان داوە. بەهەر شێوەیەکیش بێت لەکۆتاییدا زەید قورئانی کۆکردەوە. بەسەرچەند دەرگایەکدا دابەشی کردو دایە دەست ئەبوبکر. لەدوای مردنی ئەبوبکر کەدووساڵ بەسەر خەلافەتیدا تێپەڕبوو درایە دەست خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب لەدوای مردنی ئەویش قورئانەکە بە (حەفصە)ی کچی عومەرو کۆنەژنی پەیامبەر سپێردرا, کەلەدوای پەیامبەر بەبێ مێرد مابووەوە.

لەراستیدا ئێمە نازانین کەی قورئان کۆکراوەتەوە چونکە یەکەم نوسراو دەربارەی کۆکردنەوەی قورئان نوسرابێت لەکتێبی (الطبقات)ی (ابن سعد) دا بوو ساڵی (844)ی زایینی دواتر بوخاری لەساڵی 870ی زایینیو ئینجا صەحیحی موسلم لەساڵی (874)ی زایینی. ئەگەر وایدابنێین کەپەیامبەر




لەساڵی (632)ی زایینیدا مردبێت ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەو مێژووەیەیە کەزیاتر لەدوو سەد ساڵ لەپاش مردنی پەیامبەر نوسراوەو پشتی بەچەند کەسانێك بەستووەو لەڕێی چەند سەنەدێکەوە بووەو ئەویش بۆکەسێکی دیکەی گێڕاوەتەوە. بەم شێوەیە هاتووە تا نوسراونەتەوە. جالەبەرئەوەی مێژوویەکی نوسراوی ئەوماوەیە نەبووە پشتبەستن بەو سەنەدانە متمانە لای خوێنەر دروست ناکات.

بەبێ گومان ژمارەیەکی زۆر لەحەدیسی هەڵبەستراو خراوەتە پاڵ پەیامبەر بەسەنەدێکی باشیش. تەنانەت کتێبە بەناوبانگەکانی حەدیسیش وەك ئەوەی (صحیح البخاری) کەلەساڵی 238ی کۆچیدا مردووە زەحمەتە پشتی پێببەسترێت چونکە نزیکەی دووسەد ساڵ لەدوای مردنی پەیامبەر کۆکراونەتەوە. ڕۆژهەڵاتناس (گولدزر) دەڵێ: ناکرێ بڵێین هیچ حەدیسێك ڕلستەو پەیامبەر گوتویەتی چونکە دروستکردنو سەرهەڵدانی نوسینەوەی حەدیس لوتکەکەی لەدەوڵەتی عەباسیدا دەرکەوت کەتێیدا خەلیفەکان هەوڵیاندا پاساوێك بۆ داگیرکردنی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان بدۆزنەوە، بەم هۆیەوە هانی زاناکانیاندا بەداهێنانی حەدیس پشتگیرییان لێبکاتو سەرزەنشتی




عەلەوییەکانیش بکات.[1] هەندێك لەگێڕەرەوە توانیان زیاتر لەسێ سەد هەزار حەدیس کۆبکەنەوە کەهەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەیاندا ناکۆکن، بوخاریش تەنها دووهەزاری بەراست زانیوەو بۆ ئەوانی دیکەش پێی وایە دراونەتە پاڵی. جا ئەگەر خەڵکی لەکۆکردنەوەو خستنەپاڵی حەدیس بۆ پەیامبەر درۆیان کردبێت ئیتر چۆن بڕوا بەو ریوایەتانە بکەین کەلەسەر کۆکردنەوەی قورئان وتراون؟!.

ئەوەتا دەربارەی ئەو صەحابانەی لەژیانی پەیامبەردا قورئانیان کۆکردۆتەوە (ابن سعد) پێمان دەڵێ ئەمانەبوون: أبي بن كعب، معاذ بن جبل، زيد بن ثابت، ابو زيد، ابو درداء، تميم الداري، سعد بن عبيد، عبادة بن الصامت، ابو ايوب، عثمان بن عفان. کەچی هەمان نوسەر لەلاپەڕە (113)دا لە(الطبقات) پێمان دەڵێ: ئەوەی قورئانی کۆکردەوە (عثمان بن عفان) بوو لەخەلافەتی عومەردا نەك لەژیانی پەیامبەردا وەك پێشتر باس کرا..[2] لەحەدیسێکی تردا (ابن سعد) دەڵێ عومەری کوڕی خەتتاب لەچەند بەشێکدا قورئانی کۆکردۆتەوە.

بەڵام بوخاری پێمان دەڵێ: قورئان لەکاتی ژیانی پەیامبەردا لەلایەن ئەم صەحابانەوە کۆکراوەتەوە: ابی بن کعب، معاژ بن جبل، زيد بن پابت، ابو زيد.

[1] Ibn Warraq, The Origins of the Koran, 1998, Prometheus Books, p20.

[2] Same reference p 152




لەحەدیسێکی دیکەدا دەڵێ: کۆکەرەوەکان ئەمانەبوون: ابو درداء، معاذ بن جبل، زيد بن ثابت، ابو زيد. لەلاپەڕە (392)ش دەڵێ لەسەردەمی ئەبوبەکردا کۆکراوەتەوە نەك لەسەردەمی پەیامبەرداو دەڵێ: زيد بن پابت وتویەتی لەدوای شەڕی یەمامە ئەبوبەکر لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتاب بانگیان کردمو ئەبوبکر پێی ووتم: زۆر لەو پیاوانەی قورئانیان لەبەربوو لەشەڕی یەمامەدا کوژراون لەوەدەترسم ئەوانی تریش بکوژرێنو شتێك لەقورئان ونبێت، وای دەبینین کەقورئانمان بۆ کۆبکەیتەوە، منیش بەعومەرم ووت: چۆن کارێك دەکەی کەپەیامبەر (د.خ) نەیکردووە؟ عومەر ووتی: سوێند بەخوا ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە. عومەر ئەم قسەیەی زۆر دووپات دەکردەوە تا دڵنیا بووم بۆ کۆکردنەوەی.[3]

بەم چیرۆکە تێدەگەین کەلەزەمەنی خەلافەتی ئەبوبکردا لەلایەن زەیدی کوری سابت قورئان کۆکراوەتەوە.

لەریوایەتێکی تردا (حذيفة بن يمام) کەلەگەڵ خەڵکی شامدا بەشداری شەری ئەرمینیای کردووەو هەروەها لەگەڵ خەڵکی عێراقدا لەئازەربایجان شەڕی کردووە، سەری سوڕماوە لەو هەموو شێوە زۆرانەی کەقورئانیان

[3] Same reference p 99




پێخوێندووەتەوە, (لەوکاتەدا بۆ  زۆربەی زۆری هەر وشەیەکی قورئان بەحەوت جۆر دەخوێنرایەوە کەزۆر جار ماناکەی پێدەگۆڕا–وەرگێڕ) بە عوسمانی ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران قورئان لەسەر یەك شێوە زمانی ئەم نەتەوەیە کۆبکەرەوە پێش ئەوەی ناکۆکی لەکتێبی خوادا دروست ببێ وەك چۆن لای یەهودیو ئەنصارییەکان دروست بووە. ئیتر عوسمان دەنێرێتە شوێن حەفصەی کچی عومەرو پێی دەڵێ ئەو مەصحەفەی لای خۆتمان بۆ بنێرە با لەچەند بەرگێکدا بینوسینەوەو دوایی بۆت دەنێرینەوە.[4] حەفصە ئەوەی خۆی بۆ عوسمان ناردو عوسمانیش فەرمانی کرد بە (زید بن ثابت، عبدالله بن زبير، سعيد بن العاص، عبدالرحمن بن الحارث بن هشام) کەقورئان لەچەند چاپێکدا کۆبکەنەوەو ئەگەر لەسەر شێوەی خوێندنەوەی ناکۆك بوون ئەوە لەسەر شێوەزاری قورەیش بینوسن چونکە قورئان لەسەر شێوەزاری ئەوان هاتۆتە خوارەوە. کاتێکیش مەصحەفەکەیان نوسیوو تەواو بوون عوسمان مەصحەفەکەی حەفصەی ناردەوەو لەپێنج نوسخەکە چواریانی نارد بۆ کوفەو بەسرەو دیمەشقو میسر، یەکێکیشیان لەمەدینە گلدایەوەو فەرمانی دا هەموو جۆرە مەصحەفەکانی تر بسوتێنن.

[4] Introduction to The Quran, Montgomery Watt & Richard Bell Edinburgh, p42




هەروەها کتێبی (فهرست)یش دەڵێ: ئەوانەی لەژیانی پەیامبەردا قورئانیان کۆکردۆتەوە ئەمانە بوون: علی بن ابیطالب، سعد بن عبید، ابو درداء، معاذ بن جبل، ابو زید، ابي بن كعب، عبید بن معاویة.

لێرەدا دەبینین (فهرست) عەلی کوری ئەبی تالب‌و عوبەیدی کوڕی معاویەی خستۆتە سەر ئەو لیستەی کەبوخاری‌و (ابن سعد) ناویان بردوون.[5]

ریوایەتێکی دیکە سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان هەیەو دەڵێ: ئەوەی قورئانی کۆکردۆتەوە خەلیفەی ئەمەوی (عبدالملك بن مروان) (684–704) بوو کەبەیارمەتی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی تەواوی کرد. دەڵێن: کەخەلیفە (عبد الملك بن مروان) وتویەتی: زۆردەترسم لەمانگی رەمەزاندا بمرم چونکە لەومانگەدا لەدایك بووم، لەومانگەدا لەشیر دابڕامەوە، لەومانگەدا قورئانم کۆکردەوە، هەرلەومانگەشدا بەخەلیفەی موسوڵمانان هەڵبژێررام.[6]

جەلالەدینی سیوتی‌و سەعالەبی ئەم چیرۆکە لە(عبدالملك)ەوە دەگێڕنەوە

چیرۆکێکیش لەکتێبی (معجم یاقوت) ئەم ناکۆکیانە روون دەکاتەوە: (اسماعیل بن علی الخطیي) لەکتێبی (التأریخ)دا چیرۆکێکی نوسیوەو دەڵێ:

---

5 نفس المصدر ونفس الصفحة

6 Chron. Arab., Edit. Beirut, p. 194 / Quoted by Ibn Warraq, The Origins of Koran, p 102 4




پیاوێك لەبەغداد هەبوو ناوی (شنبود)بوو، ئەم پیاوە خوێندنەوەو دراسەی قورئانی دەكرد بەشێوەیەكی جیاوازتر لەوەی لەم مەصحەفەی ئێستادا هەیە كەپێی دەگوترێ مەصحەفی عوسمان، ناوبراو لەسەر شێوە خوێندنەوەی (عبداللە بن مسعود)و (ابی بن كعب)و چەند كەسێكی دی قورئانی دەخوێندەوەو لەگەڵ خوێندكارەكانی دیكە مشتومڕی دەكردو بەسەریشیاندا سەردەكەوت، تا ناوبانگی دەركردو وای لێهات پشتگوێ خستنی ئاسان نەبێت لەبەر ئەم هۆیە سوڵتان لەساڵی 828دا ناردی بە شوێنیداو لەماڵی وەزیر (محمد بن مقلە) ئامادەكرا كەتێیدا كۆمەڵێك قازیو خوێنەری قورئان ئامادەكرابوون بۆ دادگایی كردنی، شەنبوزیش ئینكاری لەشێوە خوێندنەكەی خۆنە نەدەكرد بەڵكو بەرگری دەكرد. وەزیریش هەوڵیدا رازی بكا بەوەی قورئان لەسەر خوێندنەوەی ئەو مەصحەفانە نەخوێنێتەوە كەلەگەڵ مەصحەفەكەی عوسماندا ناكۆكی لەسەرە، ئەویش رازی نەبوو، هەربۆیە ئامادەبوان پێیان لەسەر ئەوە داگرت سزای بدەن تا لەو جۆرە خوێندنەوەیەدا دەوەستێت. ئیتر وەزیر فەرمانی دا جلەكانی لەبەرداكەنو جەلدی بكەن. تارازی دەبێت، دوای ئەوەی دە قامچی درا




لەپشتی بەوە رازی بوو ئەو شێوە خوێندنانەوەی خۆی بلاّونەکاتەوە. (شیخ محمد السرفی) دەڵێت: شەنبوز چەندین شێوە خوێندنەوەی تۆمار کردووە.[7]

بەلاّم (الکندی) کەنەصرانی بوو، ئەو کندییە نا کەموسولّمان بوو، لەسەردەمی خەلافەتی موئموندا ساڵی 830ی زایینی، واتە نزیکەی چل ساڵ پێش ئەوەی بوخاری صەحیحەکەی بنوسێت نامەیەك بۆ هاوەڵێکی موسولّمان دەنوسێ‌و دەڵێ: (راهیب بوحەیری کەناوە راستەقینەکەی سیرگیاسە راهیبێکی نستوری بوو، بەهۆی تاوانێکەوە کەئەنجامی دا لەکەنیسە دەرکرا، لەبەرئەوە ئارەزوومەندانە رووی کردە دوورگەی عەرەب تا لەوێ تەوبەبکات، لەوێ چاوی کەوتووە بە محمدو گفتوگۆی لەگەڵ کردووە، لەدوای مردنی ئەم راهیبە محمد چاوی کەوتووە بەدوو پزیشکی یەهودی کەناویان عەبدوڵلاّو کەعب بووەو کاریگەریەکی زۆریان بەسەرەوە هەبووە، لەکاتی مردنی محمدیشدا لەسەر ئیعازی یەهود (عەلی کوری ئەبی تالب) بەیعەتی بەخەلافەتی ئەبوبەکرد نەدا، کاتێك زانی لەم بارەیەوە هیچی پێناکرێ لەدوای چل رۆژ لەمردنی پەیامبەرەوە چووەلای ئەبوبەکرو بەیعەتی پێکرد. ئەو کاتەی بەیعەتی دا پرسیاریان لێکرد،

7 Dictionary of Learned Men of Yakut VI pp 301 (edit. D S Margoliouth) Quoted by Ibn Warraq, Origins of the Koran, p 103




ئەی باوكی حەسەن چی وای لێكردی هەتا ئێستا بەیعەت نەدەی؟.. ئەویش وەڵامی دانەوە: خەریكی كۆكردنەوەی قورئان بووم كەپەیامبەر پێی سپاردبووم. هەندێك كەلەوێ ئامادەبوون وتیان كەچەند بەشێكی قورئانیان لەلایەو هەموو ڕێكەوتن لەسەرئەوەی هەموو قورئان لەیەك كتێبدا كۆبكرێتەوە. ئیتر هەموو ئەو سورەتو ئایەتانەی كەپیاوان لەبەریان كردبوو ئەوەندەی بۆیان كرا كۆیان كردەوە وەك سورەتی (براءة) كەیەكێك لەعەرەبە دەشتەكیەكان بۆی خوێندنەوە، چەند ئایەتێكیش لەچەند كەسێكی دی، هەروەها لەگەل ئەوانەی كەلەسەر ئێسقانو گەلای دارخورماو بەردو تەختە نوسرابوون كۆكرانەوە.

كندی بەردەوام دەبێو دەلێت: (لەسەرەتادا هەمووی لەیەك كتێبدا كۆنەكرایەوە بەلكو لەچەند تابلۆیەكدا بوون، دوایی ناكۆكی لەسەر شێوەی خوێندنەوەیان لەناوخەلكیدا بلاوبووەوە. هەندێك لەسەر شێوەی عەلی دەیانخوێندەوە هەندێكیش لەسەر شێوەی ئەوپارچە تابلۆیانەی كەئاماژەمان بۆكرد، هەندێكی دیكەش لەسەر شێوەخوێندنەوەی (ابن مسعود)و (ابی بن كعب) كاتێ عوسمان بووە خەلیفە ناكۆكیەكان لەهەموو لایەكەوە تەشەنەی سەند، یەكێك بەشێوەیەك ئایەتێكی دەخوێندەوە كەزۆرجیاوازبوو لەوەی كەسێكی دی هەمان ئایەتی دەخوێندەوە. كاتێك كێشەی دروستبوونی




خوێندنەوەكان خرایە بەردەم عوسمان لەكەرتبوونی موسولَمانان ترسا هەربۆیە بریاریدا ئەوەندەی بۆیان دەكرێت مەصحەفەكان كۆبكەنەوە لەگەڵ ئەو مەصحەفەی لەسەرەتای خەلافەتیدا كۆكرابوونەوە، بەڵام ئەو مەصحەفەیان نەهێنا كەلەلای عەلی بوو، ئوبەی بن كەعبیش مردبوو، بۆ مەصحەفەكەی عەبدوڵلای كوڕی مەسعودیش داوایان لێكرد بەڵام ئەو رازی نەبوو بیانداتێ، ئیتر داوای لە(زید بن پابت)و (عبداللە بن عباس) كرد قورئان كۆبكەنەوەو لەهەموو هەڵەو خەوشێك راستی بكەنەوە. كاتێكیش كۆتاییان بەكۆكردنەوەی هێنا چوار نوسخەیان بە رێنوسی گەورە گرتەوەو نێردران بۆ مەككەو مەدینەو شامو كوفە.

نوسخەكەی مەككە هەتا ساڵی دووسەدی كۆچی لەوشارەدا مابووەوە. كاتێك (ابو سرایە) مەككەی داگیركرد ئەو نسخەیە ون بوو، بۆی هەیە سووتابێت. نوسخەكەی مەدینەش لەخەلافەتی یزید بن معاویە وون بوو. عوسمان پاش كۆكردنەوەی قورئان فەرمانی دەركرد جگە لەمەصحەفە سەرەكییەكە هەموو ئەوانی دیكە بسوتێنرێت، بەڵام لێرەو لەوێ چەند دانەیەك مابوونو عەبدوڵلای كوری مەسعودیش لەماڵەكەی خۆیدا مەصحەفەكەی خۆی پاراستو بۆ نەوەكانی وەك میرات مایەوە، هەروەها مەصحەفەكەی عەلیش بەهەمان شێوە.




دوایی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی هاتو هەموو مەصحەفەکانی کۆکردبووەوەو سوتاندنیو مەصحەفێکی نوێی دروست کردو چەند بەشێکی زۆری لەم مەصحەفەی عوسمان سڕییەوە لەناویدا چەند ئایەتێك کەتایبەت بوون بە ئەمەوییەکان کەتێیدا چەندین ناوی کەسایەتی لەهۆزی بەنی ئومەییەی تێدابوو.[8]

حەجاج شەش نوسخەی لەمەصحەفە تازەکە گرتەوەو ناردیە شەش شوێن میسر، شام، مەدینە، مەککە، کوفە، بەسرە.

هەروەها دوژمنایەتی نێوان ئەبوبەکرو عەلی وە عومەرو عوسمان لای هەموو کەس ئاشکرابوو، لەئەنجامی ئەم دوژمنایەتەشەوە هەریەکە بۆخۆی چەند ئایەتێکی دەخستە ناو قورئانە کەپاڵپشتی لێبکاتو هەڵوێستی لایەنەکەی دی لاواز بکات، هەروەها ئەوئایەتانەشی دەسڕیەوە کەزیانی پێدەگەیاند.

ئیتر چۆن دەتوانین جیاوازی بکەینە نێوان ئەصڵو نا ئەصڵ؟ ئەی بۆ ئەوە بەشانەی حەجاج سوتاندنی چی بڵێین؟).

8 W Muir, The Caliphate: Its Rise, Decline and Fall (1915), Quoted by Ibn Warraq, The Origins of the Koran, pp108




دوایی کندی بەهاوەڵە موسوڵمانەکەی دەڵێ: (هەموو ئەوانەی بۆم باس کردیت لەرۆشنبیرە بڕوا پێکراوەکانی موسڵمانانەوە وەرگیراوەو هیچ شتێکم لەلای خۆمەوە نەوتووە وتەنها ئەوانەم باس کردووە کەلەلایەن خۆتانەوە بەڵگەی بڕوا پێکراوی هەیە).

کاتێك خەلیفە (متوكل) ئەم نامەیەی کندی بینی واتە دوای بیست ساڵ لەنوسینی ئەو نامەیەی کندی داوای لەپزیشکێکی موسوڵمان کرد (علي بن ربان الطبري) ساڵی 855ی زایینی کەوەڵامی ئیسلام لەسەرئەم نامەیە بنوسێت. تەبەریش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو نوسەرە نەصرانیەو بەرگریکردن لەئیسلام کتێبێکی بەناوی (کتاب الدینو الدولە)ی نوسی، بەڵام کاتێك کەدێتەسەر ئەوەی چیان دەربارەی کۆکردنەوەی قورئان ووتوە هیچ گازندەیەکی نەنوسیوەو تەنها بەوەوە وەستاوە کەوتویەتی:

(ئەگەر ئەو پروپاگەندەیە بەراست بزانین کەدەڵێن صەحابە تۆبەکارەکانی پەیامبەری خوا بۆی هەیە قورئانیان کەمو زیاد کردبێت، کەواتە دەتوانین هەمان شتی دەربارەی شوێنکەوتوانی عیسای کوری مریەم بڵێین).

دیارە ئەم وەڵامدانەوەیەش تا بڵێی لاوازە چونکە هەمووومان دەزانین کەئیسلام دەڵێ ئینجیلو تەورات تەحریفی زۆریان تێدایە.

هەروەها لـەنێوان مەصحەفەكانیـشدا نـاكۆكی هەیـە، هەنـدێكیان زیادەیـان تێدایەو هەندێكیان كەمیان هـەڵگرتووە، بۆنموونـە لەسـورەتی (المائـدة 89) {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِـذُكُم بِمَـا عَقَّـدتُّمُ الأَيْمَـانَ فَكَفَّارَتُـهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِـسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيـرُ رَقَبَـةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّام ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْـتُمْ وَاحْفَظُـواْ أَيْمَـانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}

تەبەری دەڵێت ئوبەی كوڕی كەعبو عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود لـەدوای (ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ) وشە (المتتالية)یـان لەمەصـحەفەكەی خۆیانـدا نوسـیبوو، (واتـە سـێ ڕۆژی یـەك لـەدوای یـەك نـەك, وەرگێـڕ) بـەم شـێوەیە كەفارەتەكـە لەسـەر موسوڵمانان گرانتر دەبێت چونكە دەبێ سێ ڕۆژی لەدوای یەك بەرۆژوو بێت.

وادەردەكەوێت كەخودی پەیامبەر ئاڵوگۆڕی بەئایەتـەكان دەكـرد بەتایبـەت ئـەو كاتانـەی كەهەنـدێك خـەڵكی شـیكایەتیان لـەلادەكرد یـاخود پرسـیاریان لێدەكرد، بۆنموونە (البخـاری) دەڵێـت كاتێـك ئایـەتی 95 لەسـورەتی النـساء دابەزی (.....!!) پیاوێكی كوێر (ابن ام مكتوم) لای پەیامبەر شیكایەتی كـردوو ووتی: من كوێرمو توانای جیهادم نییە لەبـەر ئەمـە خـوا فـەزڵی موجاهیـدەكان بەسەرمدا زیاد دەكات، هەربۆیە لەدوای (من المؤمنين) زیادەی (غير اولي الضرر)




بۆ داده‌نرێت‌و ئایه‌ته‌که به‌م شێوه‌یه‌ی لێدێت: {لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا}.[9]

هه‌مان ڕووداو (الواحدی النیسابوری) باسی ده‌کاو له‌(زید بن ثابت)ه‌وه ده‌ڵێت: کاتێك ئه‌م ئایه‌ته دابه‌زی (لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ) من له‌لای پەیامبه‌ر بووم‌و باسی (اولي الضرر) تێدا نه‌بوو (ابن مكتوم)یش ووتی: باشه من چۆن جیهاد بکه‌م که‌کوێرم‌و چاوم نابینێ؟!. زه‌ید درێژه‌ی به‌ قسه‌کانی ده‌داو ده‌ڵێ: ئیتر پەیامبه‌ر له‌هۆش خۆی چوو، چووه‌ دونیای وه‌حییه‌وه‌، به‌سه‌ر ڕانمدا پاڵکه‌وت، سوێندبه‌وه‌ی نه‌فسی منی به‌ده‌سته (خوا) به‌شێوه‌یه‌ك له‌سه‌ر ڕانم قورس بوو له‌وه‌ ده‌ترسام خوا بیباته‌وه‌، دوایی به‌ئاگا هاته‌وه‌و پێی وتم: بنوسه (لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ) منیش نوسیم.[10]

[9] النساء 95

[10] أسباب النزول للواحدي، طبعة 1968، مؤسسة الحلبي بمصر، ص 117




ئەوە هەمان ئەو (ام مكتوم)ەیە کەخوا بەهۆی ئەووەوە سەرزەنشتی پەیامبەری کرد کاتێك چووە لای پەیامبەرو پرسیاری شتێکی لێکرد پەیامبەریش خۆی گرژومۆن کردو پشتی تێکرد، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند: ({عَبَسَ وَتَوَلَّى, أَن جَاءهُ الْأَعْمَى}.[11]

لەبەرئەوەی نابیناکە هاتەلای رووی گرژکردو رووی وەرگێڕا.

(ابن عباس) یش دەڵێ:[12] کاتێك ئایەتی 228 لەسورەتی بەقەرە دابەزی:

{وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ}.

(ژنانی تەڵاقدراو دەبێ سێ مانگا نەچاوەڕێ بکەنو بۆشیان حەڵاڵ نییە ئەوە بشارنەوە کەخوا لەڕەحمیاندا چی دروست کردووە ئەگەر باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە).

---

[11] عبس 1-2

12 تنوير المقباس من تفسير ابن عباس: للفيروزي – ص 358- الطبعة الثانية 1950 مكتبة مصطفى البابي الحلبي – مصر




(معاذ بن جبل) هەڵدەسێو بەپەیامبەر دەڵێ: ئەی ماوەی چاوەڕوانی ئەو ژنانە چەندە کەچوونەتە تەمەنی بێئومێدییەوەو تووشی مانگانە نابن؟.. هەروەها پیاوێکی دیکە هەڵساو ووتی: ئەی پەیامبەری خوا دەربارەی ئەو ژنانەی لەبەر بچوکیان توشی مانگانە نابن ئایا ئەوەمان پێناڵێت چاوەڕوانی ئەوانە چەندە؟ .. پیاوێکی دیکەش هەڵساو ووتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەوەشمان پێناڵێت کەماوەی چاوەڕوانی ژنی دووگیان (حاملة) چەندە؟..

لەوەڵامی ئەوپرسیارانەدا ئەم ئایەتە دابەزی:

{وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا}.[13]

ئەوژنانەی تەمەنی بێئومێدیان تێپەڕاندووەو توشی مانگانە (حيض) نابن ئەگەر کەوتنە گومانەوە کەتوشی مانگانەدەبن یان.. ئا ئەوە سێ مانگ چاوەڕێ بکەن، هەروەها ئەوانەشی کەبەهۆی بچووکیەوە نەکەوتوونەتە مانگانەوە ئەوانیش سێ مانگ چاوەڕێ بکەن، ئەوانەشی کەدووگیانن ماوەی چاوەڕوانیان ئەوەندەیە کە(سك)ەکەیان دادەنێن.

13 الطلاق 4

ئەگەر ئەم ڕوایەتانە راست بن ئەوە بەئاسانی دەتوانین جیاوازیو ناكۆكی هەندێك ئایەت لەمەصحەفەكان تێبگەین، بەشێوەیەك كەسێكیان گوێی لەئایەتی یەكەم بووەو نوسیوێتی وگوێی لەئایەتی دووهەم نەبووە بەڵكو ئەوانی دیكە گوێیان لێبووەو نوسیویانە. بەوپێیەی پێشتر نوسیومانە دەتوانین بڵێین لەناو ئیسلامدا ئیجماعێك (هاوڕا..هاودەنگی)یەك بۆ كۆكردنەوەی قورئان لەسەر ئەم پێكهاتەیەی ئێستای نییە. وەك بینیمان خەڵكی هەنو دەڵێن راستەوخۆ دوای مردنی (محمد) عەلی قورئانی كۆكردۆتەوە، هەندێكیش دەڵێن: (زيد بن ثابت) لەخەلافەتی ئەبوبەكردا كۆی كردۆتەوە، هەندێكیش دەڵێن (زيد بن ثابت) لەخەلافەتی ئەبوبكردا كۆی كردۆتەوەو داوییەتی بەحەفصەی كچی عومەری كوڕی خەتتاب تا پارێزگاری لێبكات. هەندێكی دیكەش دەڵێن كەعوسمان داوای لەزەید كردووە بەكۆكردنەوەی، هەندێكیش پێیان وتوین كەحەجاجی كوڕی یوسف ئەم مەصحەفەی ئێستای نوسیوە، نوسینی عەرەبی هەتا خەلافەتی ئەمەویش سەرو بۆری خاڵبەندی سەرپیتەكان نەبووە تا (سیبوی) هاتو نیشانەو ژمارەی بۆداناو خاڵبەندی كرد. مرۆڤ زۆربەئاسانی هەست بەو پەرێشانیەی كەسێك دەكات كەدەیەوێت ئایەتە كۆكراوەكانی ناو مەصحەفە بخوێنێتەوە چونكە پیتەكان خاڵبەند نەكرابوون، نەدەكرا بەئاسانی جیاوازی بخرێتە نێوان

پیتەكانی (ب+ت+ث) هەروەها زۆرگرانیش بووە جیاوازی بخرێتە نێوان (ط+ظ، د+ذ، س+ش، ر+ز).

دەڵـێن پیاوێـك بـەناوی حـەمزە سـورەتی بەقـەرەی دەخوێنـد كەلەئایـەتی دووهەمدا دەڵێ: (ذلك الكتاب لا ريب فيه) لـەبەر نەبوونی خاڵبەنـدی پیتـەكان بەم شێوەیە (لازيت فيه) خوێندییەوە، هەرلەو كاتەوە ئەم پیاوە ناونراوە بە (حمـزە الزيات).

لەبەرئەم هۆیە قورئان لـەسەر شێوەی وتنەوەو تەلقین دەخوێندرا, بـۆ ئـەوەی تێكەڵاوییەك دروست نەبێ لەنێوان ئەو وشانەی كەخاڵ لەسەر پیتەكانی نییە. بەم هۆیەوە جیاوازی كەوتە نێوان خەڵكەوەو هەركەسەو بەوپێیـەی كەمامۆسـتاكەی فێری كردبوو قورئانی دەخوێندو لەتواناشـیاندا نـەبوو لـێكۆڵـینـەوە لەقـسەكانی مامۆستادا بكەن چونكە وشەیەك خاڵو نیشانەی پێوە نەبێت هـی ئەوەیە تـەئویل بكرێت. بۆ نموونە دەبینین لەسورەتی (الفرقان 48)

{وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَـيْنَ يَـدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَـا مِـنَ الـسَّمَاء مَـاء طَهُورًا}

لەهەندێك ڕیوایەتدا ئاوا دەیخوێنرێتەوە (هو الذي ارسل الرياح نشرا بين يدي رحمته)[14] واتە وشەی (بشرا) گۆڕاوە بۆ (نشرا) وشەی (نشرا) بەمانای دەسپێکردنی بارانبارینە. لەبەرئەم هۆیە دەبینین (احمد بن موسى بن مجاهد) (نۆ) شێوە خوێندنەوەی جیاوازی ئەژمارد کردووە. هەروەها بوخاری دەڵێ: مسوەرەی کوری موخرەمە گوێی لەعومەری کوڕی خەتتاب بووە دەیوت: لەژیانی پەیامبەردا گوێم لەهشام بن حکیم) بووە سورەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوەو خۆشیم بەخوێندنەوەکەی دەهات، ڕۆژێکیان ئایەتی لەسەرچەندین پیت دەخوێندەوە (مەبەستی لەشێوە خوێندنەوەکانە-وەرگێڕ) کەبەو شێوەیەی ئەو پەیامبەر بۆی نەخوێندوینەتەوە، لەوکاتەدا بەجەماعەت نوێژمان دابەستبوو، ئارامم گرت تا سلاوی کۆتایی نوێژی دایەوە چووم ریداکەیم راتەکاندوو پێم ووت: کێ ئەم سورەتەی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە بۆت کەئێستا خوێندتەوە؟ ووتی: پەیامبەری خوا بۆمی خوێندومەتەوە. پێم ووت: درۆت کرد، چونکە پەیامبەری خوا بۆی خوێندومەتەوەو بەو شێوەیەی تۆ نەبووە.

پێش خۆمم داو بردمەلای پەیامبەری خوا ووتم: من گوێم لەمەبوو سورەتی فورقانی بەشێوەیەك دەخوێندەوە کەتۆ بەوشێوەیە نەتخوێندۆتەوە. پەیامبەر ووتی:

---

[14] تفسير الجلالين، ، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة، بيروت، ص 3




ئەی هیشام ئادەی بیخوێنەرەوە: هیشامیش وەك ئەوەی عومەر گوێی لێبوو چەند دانەیەكی خوێندەوە. پەیامبەر ووتی: راستە ئاوا دابەزیوە، دوایی ووتی ئادەی عومەر تۆش بیخوێنەرەوە منیش بۆم خوێندەوە بەو شێوەیەی كەخۆی بۆی خوێندومەتەوە، پەیامبەر ووتی: راستە هەروەها ئاوا دابەزیووە، قورئان لەسەر حەوت شێوە خوێندنەوە دابەزیووە چۆن ئاسان بوو ئێوەش ئاوا بیخوێننەوە.

وادەردەكەوێت خودی پەیامبەر لەكاتێكەوە بۆكاتێكی دی خوێندنەوەی خۆی دەگۆڕی بەشێوەیەك كەخۆی وەبیری هاتبێتەوە. ئەوەتا هیشام گوێی لێبووە كەسورەتی فورقان دەخوێنێتەوەو هەربەو شێوەیەی كەئەو لێی بیستووە لەبەری‌كردووە، دوایی لەكاتێكی دیكەدا عومەر هاتووەو گوێی لێبووە پەیامبەر بەشێوەیەكی جیاواز ئەو ئایەتەی خوێندووەتەوە. تەنانەت لەكاتی ژیانی پەیامبەرو بەرەزامەندی خۆی قورئان بەچەند شێوەیەكی جیاواز خوێندراوەتەوە، ئیتر ئەبێ لەدوای مردنی چاوەڕێی چی بكەین. ئەوەی روویداوە ئەوەیە كەقورئان بەبەردەوامی بەچەند شێوەیەك خوێندراوەتەوە تا حەججاج لەمەصحەفێكی خاڵبەنیدا نوسیویێتی زانایانیش هاودەنگن لەسەر ئەو حەوت شێوە خوێندنەوەیە كەمحمد وتویەتی.




ئەگەر ئەوەراست بێت کەخەلیفە ئەبوبکر هەریەك لە(زید بن ثابت، ابي بن كعب، معاذ بن جبل، ابا يزيد)تەكلیف كردبێ بەكۆكردنەوەی قورئانو قورئان كۆكرابێتەوەو درابێتە دەستیو دوایی درابێتە دەستی حەفصەی كچی عومەر بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبكات، ئیتر بۆچی خەلیفە عوسمان جارێكی تر داوا لە(زيد بن ثابت) دەكات قورئان كۆبكاتەوە؟؟ بۆچی عوسمان نوسخەكەی لای حەفصە وەرنەگرتوو لەبەری نەگرتەوەو نەینارده شارەكانی تر؟؟ لەكاتێكدا ئاگای لەوەهەبووە كەحەفصە هەموو قورئانی لەلایە كەزەید لەخەلافەتی ئەبوبكردا كۆی كردۆتەوە بەوبەڵگەیەی كەناردوویەتی بەشوێن حەفصەداو داوای ناردنی ئەو مەصحەفەی لێكردووە كەلەلای بووە؟! ئایا كاتێك كەعوسمان داوای لەزەید كرد قورئان كۆبكاتەوە بۆچی زەید ئەو قورئانەی نەهێنا كەلەسەردەمی ئەبوبەكردا كۆی كردبووەوەو بیداتە دەستی؟؟ بۆچی خۆیو هاوكارەكانی دیكەی بە كۆكردنەوەی قورئان بۆچەند ساڵێك هیلاك كرد؟؟ مەگەر هەرخوا بزانێو ئەگەر خۆشی زانیبێتی ئەو قورئانەی لەخەلافەتی ئەبوبەكردا كۆی كردۆتەوە تەواو نییەو كەموكوڕی تێدایەو چەند ئایەتێكی زیادەی تێدایە كەلەبنەڕەتدا قورئان نین؟!




دەتوانین بڵێین یان ئەو مەصحەفەی کەزەید لەخەلافەتی عوسماندا کۆی کردۆتەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو مەصحەفەی لەخەلافەتی ئەبوبەکردا کۆی کردبووەوە، ئەم قسەیەش هەردوو تاکی دەرگا واڵادەکاتو بۆ ئەو قسەیەی کەیەکێك هەموو مەصحەفەکان جیاوازیان تێدایە، یان زەید لەخەلافەتی ئەبوبەکردا قورئانی کۆنەکردۆتەوە، ئەم قسەیەش گومان دەخاتە سەر هەموو مەسەلە سەنەدییەکانو لەدواییشدا هەموو حەدیسە سەنەدییەکانیش دەگرێتەوە چونکە چیرۆکی کۆکردنەوەی قورئان لەخەلافەتی ئەبوبەکردا پاڵپشتە بەسەنەدێك کەپێشتر گومانی لەسەرنەبووە.

ئەوەی کەگومانی تێدانییە ئەو چەند مەصحەفانەیە کەلەماوەی چەند ساڵێکدا کۆکراونەتەوەو جیاوازی زۆریان تێدایە، بۆ نموونە (ابو عبید القاسم بن سلام) لەدایکبووی 154ی کۆچی کەلەژێردەستی مامۆستایانی کوفەو بەسرە دەرسی خوێندووەو بووەبە مامۆستایەکی بەناوبانگ لەشاری بەغداو زانایەکی زمانەوانیو قازی بووە، کتێبێکی نوسیوە (فضائل القرآن) تێدا دەڵێ: کوڕی عومەر وتویەتی: ڕەنگە هەر یەکێك لەئێوە بڵێ هەموو قورئانم پێگەیشتووە نازانێت




کەهەمووی نییە, چونکە زۆر لەقورئان چووەو نەماوە، بابڵێ: ئەوەی کەهەیەو دەرکەوتووە پێمگەیشتووە.[15]

هەروەها لەچەند سەنەدێکەوە عائیشە وتوویەتی: سورەتی (الاحزاب) لەرۆژانی پەیامبەردا دەخوێندرایەوەو دووسەد ئایەت بووە، بەڵام دوایی کەعوسمان قورئانی کۆکردۆتەوە نەیتوانی زیاتر کۆبکاتەوە لەوەی کەئێستا هەیە.[16]

(زید بن حبیش)یش وتویەتی: ئوبەی کوڕی کەعب پێی وتم: ئەی (زید) چەند ئایەتت لەسورەتی (الاحزاب) خوێندۆتەوە؟ منیش پێم ووت حەفتاو دوو یان حەفتاو سێ ئایەت، ئەویش ووتی: لەدرێژیدا وەك سورەتی (البقرة) بوو کەتێیدا ئایەتی (ڕەجم)مان دەخوێندەوە. پێم ووت: ئایەتی ڕەجم کامەیە؟

ووتی : (الشیخ والشیخة اذا زنیا فارجموهما البتة نکالا من الله والله عزیز حکیم)

ئم ئایەتە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لابراوە.[17]

---

15 الناسخ والمنسوخ تأليف هبة الله سلامة بن نصر بن علي البغدادي/ دراسة وتحقيق الدكتور موسى بناي علوان العليلي، الدار العربية للموسوعات – بيروت ص 32

16 نفس المصدر، ص 29

17 نفس المصدر، ص 28

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (بەپێی چەند سەنەدێك) پەیامبەری خوا ئایەتی ڕەجمی بۆ دەخوێنینەوە. ئیبن کەسیرەش لەعوتبەی کوری مەسعودەوە دەڵێ کەئیبن عەباس پێی ڕاگەیاندووە عومەری کوری خەتتاب لەدانیشتنێکدا هەڵساوەو سوپاس و ستایشی خوای کردووەو دوایی وتویەتی: ئەی خەڵکینە خوای گەورە محمدی بەحەق ناردووە، کتێبێکیشی بۆ دابەزاندووە، لەوانەی دایبەزاندووە ئایەتی ڕەجمە، پێکەوە خوێندمانەو لێی تێگەیشتوین و حوکمەکەیمان جێبەجێ کردووە، لەوە ترسام زەمانێکی دوور بەسەر خەڵکیدا تێپەڕبێ و قسەکەرێك بڵێ کوا ئایەتی ڕەجم لەناو قورئاندا نابینین بەمەش بەردەوام یەکێك لەو ئەرکانەی خوا دایبەزاندووە پشتگوێ بخرێت، گەر لەبەرئەوە نەبوایە بوترێت یان کەسێك قسە بکاو بڵێ عومەر زیادەی خستە سەر کتێبی خوا کەلەبنەمادا تێیدا نییە ئەوا وەك خۆی چۆن دابەزیوە دەمچەسپاند.[18]

هەروەها (عبد الغفار بن دواد) لەرێگەی (لحی) ئەویش لەرێگەی (علی بن دینار) دەگێڕێتەوە عومەری کوڕی خەتتاب بەلای پیاوێکدا تێپەڕدەبێ کەئایەتێکی لەمەصحەف دەیخوێندەوە، کاتێك ئەمەی خوێندەوە {النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ

18 نفس المصدر ونفس الصفحة




الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَن تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُم مَّعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا}.[19]

عومەر پێی ووت: لێم جیانەبیتەوە تا ئوبەی کوڕی کەعب دەگاتە لامان، کاتێك هات عومەر پێی ووت: ئەی ئوبەی ئادەی باگوێمان لێتبێت کەئەم ئایەتە دەخوێنیتەوە. ئوبەی ئایەتەکەی خوێندەوە بەبێ (وهو ابوهم)و بەعومەری ووت ئەوە لەوشتانەیە کەلەقورئان دەرهاتووە. هەربەم شێوەیە موعاویەو موجاهیدو عەکرەمەو ئەلحەسەن گێڕاویانەتەوە.[20]

لەمەصحەفەکەی ئوبەیشدا بەپێی ڕاڤەکەی قورتوبی (القرطبي) هەمان ئایەت دەبینین دەڵێت: {النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وهو أب لهم وَأُوْلُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَن تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُم مَّعْرُوفًا كَانَ ذَلِك فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا}

ئیبن عەباسیش ئاوا خوێندویەتیەوە (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وهو اب لهم وَأَزْوَاجُهُ..[21]

---

[19] الاحزاب 6

20 تفسير أبن كثير للآية السادسة من سورة الاحزاب

21 تفسير القرطبي للآية السادسة من سورة الاحزاب




لێرەدا جیاوازی لەرێکخستنو ریزبەندی وشەکاندا دەردەکەوێ، ئەمەش گەر تێبگەین ئاساییە چونکە قورئان بۆماوەیەکی زۆر ئەزبەرکراو بووەو نەنوسراوەتەوە تابۆی بگەڕێنەوە، بیرەوەری مرۆڤیش چەندێك بەهێزبێت هەردەبێ جارجار راستی نەپێکێ.

بەچەند سەنەدێك (ابو سفیان الكلاعي) دەگێڕێتەوە کەرۆژێکیان (مسلمە بن مخلد الانصاری) پێی گووتون: دوو ئایەتی قورئانم پێ بلێن کەلە مەصحەفەکەدا نەبێت، هەرچەند (ابو کنود سعد بن مالك) لەوێ بوو بەڵام هیچیان پێنەوت، (ابو مسلمە)ش ووتی:

((ان الذين آمنوا وهاجروا في سبيل الله بأموالهم و أنفسهم ألا ابشروا وأنتم المفلحون) هەروەها (الذين اووهم وتضرهم وجادلوا عنهم القوم الذين غضب الله عليهم اولئك لاتعلم نفس ما اخفى لهم من قرة اعين جزاء بما كانوا يعملون)[22]

ئەوەتا (ابو عبيد) پاگەندەی ئەوە دەکات ئەم دووئایەتە کەئەو لەبەری کردووە لەقورئان دەرهێنراوە.

22 الاتقان في علوم القرآن لجلال الدين السيوطي، المطبعة الازهرية بالقاهرة 1318، المجلد الثاني ص 25 نقلاً عن الناسخ والمنسوخ للبغدادي، ص 31 (مصدر سابق)




(ابو عبيد)دەڵێ: ئەم چەند پیتەی لەم چەند لاپەڕەیەدا باسمان كردوون چەند شتێكی زیادەیەو لەنێوان زانایاندا باس‌و ئاڵوگۆڕ ناكرێ چونكە وتویانە ئەوئایەتانە لەوانەدەچن كەلەنێوان بەرگی ئەمدیوو ئەودیووی كتێبەكەدایە، بەڵام لەكاتی نوێژدا دەیانخوێندەوە هەر لەبەرئەوەش هەركەسێ ئینكاری لەنەبوونی ئەم پیتە زیادانە بكردایە بەكافریان نەزانیوە چونكە بەبۆچوونی ئەوان كافر ئەوكەسەیە كەئینكاری لەو نوسینانە بكات كەلە نێوانی بەرگەكەیدا هەیە.[23]

هەندێك ئایەتیش كەبەوەحی (سروش) دابەزیوە، وەك خۆیان دەڵێن، بۆماوەیەك ماوەتەوەو خوێندویانەتەوەو دوایی وون بووە. ئەوەتا (محمد بن مرزوق) باسی یەكێك لەوئایەتانەمان بۆدەكات‌و لەرێی چەند سەنەدێكەوە دەڵێن: پەیامبەر (چل) یان(حەفتا) پیاوی ناردە (بئر معونه) لای بیرەكەش (عامر الطفيل الجعفري) لێبووە. صەحابەكانی پەیامبەر چوون لەگەڵ خۆیان بیرهەڵكەندێكیان هێنا تا ئاو لەبیرەكە دەربهێنێت، لەوكاتەدا (ابن ملحان الانصاري) هات بۆ ئەوەی نامەكەی پەیامبەر بگەیەنێتە خەڵكی (بئر معونه) پیاوێك لەسوچی خانووەكەوە بۆی دەرپەڕی‌و تیرێكی لێدا كەلەلایەكەی ئەودیوییەوە دەرچوو, وتی ئەڵڵاهو ئەكبەر, بەخوای كەعبە بردمەوە, ئینجا

---

23 Ibn Warraq, The origins of Koran, p 153

گەڕایەوە بۆلای برادەرەکانی. ئەوانیش بەدوای کەوتن تاشوێنەکەیان زانیو برادەرەکانیان هێنایە چاڵە ئاوەکەوەو هەموویانیان کوشت. {فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَاهُ آتِنَا غَدَاءنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَذَا نَصَبًا} (62) سورة الكهف

خواش ئەم ئایەتەی لەسەر دابەزاندن: (بلغوا عنا قومنا انا قد لقينا ربنا فرضى عناء رضينا عنه)[24]

ماوەیەك ئەم ئایەتەمان دەخوێندەوەو دوایی نەسخ بووەو لەقورئانیشدا نەما، لەجیاتی ئەو ئەم ئایەتە دابەزی: {وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ}.[25]

(وامەزانن ئەوانەی لەپێناوی خوادا کوژراون مردوون، بەڵکو ئەوانە زیندوونو لەلای خوا بەهرە مەندن لەڕزقو ڕۆزی.

هەروەها (ابو عبید) لەچەند سەنەدێکەوە دەڵێ: ئەگەر پەیامبەر وەحی بۆبهاتایە دەچووینە لای و دەمانزانی وەحی چی بۆ هاتووە، دەڵێ ڕۆژێك چومە لای پەیامبەر ووتی: خوا دەڵێ: انا انزلنا المال لاقام الصلاة وايتاء الزكاة، ولو

24 تاريخ الطبري، المجلد الثاني ص 83 (مصدر سابق)
[25] ال عمران 169




ان لابن آدم واديا لاحب ان يكون اليه ثاني، ولو كان اليه الثاني لاحب ان يكون اليهما الثالث، ولا يملأ جوف ابن آدم الا التراب، ويتوب الله على من تاب)[26]

هەروەها هەندێك سورەت هەن زۆر بەروونی پێیانەوە دیارە کەچەند زیادەیەکی چووەتەسەر، جائیتر ئەم زیادەخستنە سەرە لەکاتی کۆکردنەوەی قورئان بوو لەلایەن (زيد بن ثابت)ەوە یاخود دوای ئەو؟؟ یەکلایی کردنەوەی ئەمەش زەحمەتە. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو سورەتانە ئەوەمان لەلا روون دەکەنەوە کەقورئان (ئەم قورئانەی کەئێستا هەیەو پێی دەگوترێت مەصحەفی عوسمان – وەرگێڕ) وەك ئەوەی محمد بۆ صەحابیەکانی خوێندۆتەوە نەنوسراوە. بۆنموونە سورەتی (المدثر) لەچەند ئایەتێکی کورت پێکهاتووە کەسەروای کۆتایی ئایەتەکان پیتی (ر) بەڵام لەناویدا ئایەتی (31) لەناوەراستدا ئەگەرچی لەگەڵ سەرواو پیتی (ر) دێتەوە بەڵام لەگەڵ درێژی ئایەتەکەدا ناگونجێ بۆ نموونە:

{يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ}

{قُمْ فَأَنذِرْ}

{وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ}

---

26 ألاتقان في علوم القرآن للسيوطي، المجلد الثاني، ص 25/ نقلاً عن الناسخ والمنسوخ: لهبة الله بن سلامة البغدادي، تحقيق الدكتور موسى بناي العليلي، ص 30 (مصدر سابق)

{وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ}

{وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ}

{وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ}

{وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ}

ئەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تالەئایەتی 31دا لەپڕ درێژ دەبێتەوە

{وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ}

جارێکی دی کورت دەبنەوە

{كَلَّا وَالْقَمَرِ}

{وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ}

{وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ}

زۆربە روونی دیارە ئایەتی (31) لەگەل ئایەتەکانی دیکەدا ناگونجیٚو دواتر خراوەتە سەری، ئەمەش بەلگەیەکی یەکلاکەرەوەیە کەقورئان چەند ئایەتێکی




تێخراوە کەلەبنەڕەتدا لەسورەتەکەدا نەبووەو چەند ئایەتێکیش سڕاوەنەتەوە. ئەمەش وامان لێدەکات بلێین ئەو قورئانەی ئێستە لەبەر دەستماندایە ئەو قورئانە نییە کەمحمد پیت بەپیتی ووتوە.

دەشتوانین بلێین بۆماوەیەکی زۆریشی بەدرێژایی دابەزینی وەحی قورئان دەماودەم لەکەسێکەوە چووە بۆ کەسێکی دی، ماوەکەش بیستو سێ ساڵە، لەباشترین حاڵەتیشدا گریمانەی ئەوەدەکەین تا خەلافەتی عوسمان درێژەی کێشابێت، کەنزیکەی چل ساڵ دوای دابەزینی پەیامەکەی محمدە، لەخراپترین حاڵەتیشدا گریمانەی ئەوەدەکەین هەتا زەمەنی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی لەدەوڵەتی ئەمەویدا (90ی کۆچی) درێژەی کێشا بێت. جا ئایا ئەوە دەچێتە ئەقڵەوە کەئەو هەموو ئایەتە لێکچووانە بەو ژمارە زۆرەیەوە لەبەربکرێو لەهۆشو بیری کەساندا مابێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دەخالەتو تێکەڵاوییەك رووی نەدابێ؟ ناتوانرێ ئەو هەموو ساڵە پشت ببەسترێ بەبیرو هۆشی مرۆڤی ئاسایی‌و چەند چیرۆکێکیش ئەم راستیە دەسەلمێنن.

بۆنموونە لەکاتێکدا خەلیفە مەنصور لەگەڵ یەکێك لەعەلەوییەکان کەوتە ناکۆکییەوەو دەیویشست ئەوە بسەلمێنێ کەدەکرێت بە (مام) بگوترێت (باوك)،




ئینجا بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونەی خۆی ئایەتی 38 لەسورەتی یوسفی هێنایەوە کەدەڵێت:

{واتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَآئِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَن نُّشْرِكَ بِاللّهِ مِن شَيْءٍ ذَلِكَ مِن فَضْلِ اللّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ}

وادەردەکەوێ خەلیفە منصور مەبەستی لەئایەتی 133 لەسورەتی بەقەرە بوبێت[27] کەدەڵێ:

{أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ}

ئەم ئایەتەش گوتەی مەنصور دەسەلمێنێ چونکە باوکی یەعقوب ئیسحاقە بەلاّم کوڕانی یەعقوب پێیان ووت (ئێمە خوای باوانی تۆ دەپەرستین) تێیدا مامی (اسماعیل) پێش باوکی هێناوەتە ئاراوە.

شتی سەرسوڕهێنەر لێرەدا ئەوەیە نە(المبرد)و نە(ابن خلدون) کەهەردووکیان ئەم چیرۆکەیان باس کردووە بەم هەڵەیەیان نەزانیوە کەلەسورەتی یوسف ئایەتی

[27] Ibn Warraq, The Origins of the Koran, 1998, Prometheus Books , p. 156 4 Noldeke, Neue Beitrage Samitischen Sprachwissenschsft, p. 36, Quoted in




38دایە.!! بەڵام تەبەری ئەگەرچی پێی زانیوە بەڵام ئایەتەکەی سورەتی بەقـەرەی باس نەکردووە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەپـشت تـەنها بـەزاکیرە نابەسـترێت. لەبەرئەمەشە دووبارەبوونەوەو نەسخ لەقورئانـدا روویـداوە چـونکە موسـڵمانان پێش ئەوەی قورئان لـەمەصحەفێکدا بنووسنەوە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێـژ پشتیان بەزاکیرەی خۆیان بەستووە.




# ڕه‌وانبێژی له قورئاندا

ئه‌و كتێب‌و گوتارانه‌ی ده‌رباره‌ی قورئان بڵاوكراونه‌ته‌وه له‌سه‌ر ڕه‌وانبێژی، ئیعجاز (موعجیزه, كارێكی له‌راده‌به‌ده‌ر كه‌كه‌س نه‌توانێت بیكات) پێشكه‌وتنه زانستیه‌كه‌ی كه‌سه‌دان ساڵ پێش زانستی سه‌رده‌م كه‌وتووه، له‌زۆریدا ناتوانین سه‌رژمێریایان بكه‌ین. دواترو له‌كاتی خۆیدا دێینه سه‌ر هه‌موو سه‌رباسه‌كان، به‌ڵام بۆ ئه‌وه‌ی لۆژیكانه گفتوگۆی قورئان بكه‌ین پێویسته به‌سه‌ر دوو به‌شدا دابه‌شی بكه‌ین, به‌شی یه‌كه‌م: زمانه‌وانی قورئانه‌و به‌شی دووه‌میش: ناوه‌ڕۆكه‌كه‌یه‌تی. باسه‌رەتا به‌زمانه‌وانی قورئان ده‌ست پێبكه‌ین.

ئه‌و زه‌حمه‌ته‌ی كه‌رووبه‌رووی خوێنه‌ر ده‌بێته‌وه ده‌توانین له‌چه‌ند ده‌رگایه‌كدا كۆی بكه‌ینه‌وه.

1. زۆریی به‌كارهێنانی سه‌روا كه‌له‌هه‌ندێك حاڵتدا زیانی به‌واتا گه‌یاندووه.[1]

1 سجع، سةروا, سةروابيَذى، ثارضة وتاريَك كة كؤتاييةكانى بةسةروايةك ريَكخرابيَت، دواثيتةكانى هةموو رستةيةك وةك يةك وابن، يان لةخويَندنةوةدا بةيةك طونجاو بنء هةمان مؤسيقايان هةبيَت– وةرطيرِ.




2. گۆڕانی شێوازی گوتاربێژ یان قسەبێژ لەکەسی یەکەمەوە بۆ کەسی سێهەمو بەپێچەوانەشەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاوڕدانەوەیەك بۆ ناوەڕۆکی ئایەتەکە بکرێ.

3. تێکەڵی لەنێوان کرداری ڕابردوو کرداری داهاتوو لەهەمان ئایەتدا، هەروەها تێکەڵی لەنێوان تاكو کۆدا.

4. مانای وشەو ڕستە بۆکەسی ئاسایی، تەنانەت بۆ خودی ڕاڤەکارانیش ڕوون نییەو ئەم چەمکەش لەزۆرییو ناکۆکی نێو ڕاڤەکان بۆ وشەو ئایەتەکان چەند دانەیەك دەردەهێنین.

5. ئەو ڕستانەی کەهەڵەی ڕێزمانیان تێدایە.

6. ئەو ڕستانەی کەلەگەڵ ناوەڕۆکدا نایەنەوە.

سەرەتا بە سەروا دەست پێدەکەین، پێش ئەوەی ئیسلام ببێت عەرەبی جاهلی ئەگەرچی بەئاینەکانی دیکەو بیرۆکەی یەکانەییو پەرستنی یەك پەروەردگار بەئاگابوون بەڵام بەشی زۆریان بتپەرست بوون.

جا ئەگەر باوەڕیان بەیەك خواو ئاسمان هەبێ یان بەچەند بتێك کەوەك پەروەردگار یاخود وەسیلەیەك بۆ ئەوەی بەخوا سەرەکیان بگەیەنێت نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ خوا یان بتەکەدا بکەن، بۆیە دەبوو ناوەندێکیان




هەبێت ئەو ناوەندەش قەشە, کاهن) بوو. وشەی کاهن لەوشەیەکی عیبریەوە هاتووە (کاهن) (کوهین – Kohen) کەئەویش لەوشەیەکی ئارامیەوە وەرگیراوە (کاهنا – Kahna)[2] (کوهین) ی عیبریش پیاوی ئایین، دەگرێتەوە کەهەموو کارو فەرمانێکی ڕاڤەکردنی تەوراتو یاسا گشتیەکانی ئایینە, بەلاّم لەزمانی عەرەبیدا وشەی (کاهن) بەمانای پیاوێکی (متکهن–غەیبزان) دێت کەپێشبینی غەیب (نهێنیەکانی میتافیزیك – ماوراء الطبيعة – وەرگێڕ) دەکاتو دەربارەی ڕووداوەکانی دوارۆژ قسە بۆ خەڵکی دەکات. بۆ کاهینەکانیش بە پێوەلکاندنو بەکارهێنانی زۆری سەرواو زیادەڕەوی لەقسەکردنی پەنهانیو نادیار ناسراون. سروشتی پیاوانی ئاینیش ئەم شێوازە دەخوازێ تا کاهن خۆی نەبەستێتەوە بەقسەیەکی خۆیەوە کەبۆی هەیە لەپاشەڕۆژدا ڕوونەدات یاخود پێچەوانەکەی ڕووبدات. لەم حاڵەتەدا کاهن بەبەکارهێنانی ئەو جۆرە قسە پەنهانیانە دەرگایەك بۆ ڕزگاربوونی خۆی والاّدەکات.

یەکێك لەو گوتانەی کەبۆ کاهینەکانی دەگێڕنەوە سوێندخواردنە بە هەسارەو خۆرو مانگو ئەستێرەو شەوو ڕۆژو درەختو ڕەشەباو ..تاد.

2 تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 190 (مصدر سابق)




مەبەستیش لەم سوێندخواردنە ئەوەیە لەکاتی قسەکردندا کاریگـەری بەسـەر دەروونی گوێگرو کـانی دی دروسـت بکـات تـا لـەو شـێوازە ناسـراوە دوور بکەوێتەوە کەهەیە.

مێژوونوسان چەند نموونەیەکمان بۆ دەهێننەوە کەبە (سەروای کاهینەکان) ناسراوە، هەروەها وشەی (کاهن)یش لەقورئاندا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو قورەیشیانە هاتووە کەپەیامبەریان بەوە تاوانبارکرد کەکاهینەو لەسەر ڕێی کاهینەکان قورئان دەڵێت. ئەوەتا لەسورەتی (طور29)دەبینین نوسراوە {فَذَكِّرْ فَمَا أَنتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ} هەروەها (42) سورة الحاقة {وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ}.

بەهەمان شێوە قورەیشیەکان محمدیان بە شاعیر تاوانبار کرد، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا (کاهینیو شاعیری) لەجاهلیدا بۆچونێك بوو گوایە وەحییەك (سروش) هەیە دەدرێ بەکاهن بۆ قسەکانیو دەدرێت بە شاعیر بۆ ڕێکخستنی شیعرەکانی. ئەم (وەحی)یەش شەیتان دەیهێنێ (شەیتانی شاعیر)، هەروەها (شەیتانی کاهن)یش هاتووە، چونکە کاهن زانستەکانی لەجنۆکەوە وەردەگرێ، هەروەها باوەڕیان وابووە کەشاعیر شەیتانی هەیەو لەڕێکخستنی یارمەتیدەرن بۆ ڕێکخستنی شیعری باش. لەبەرئەوە دەبینین خودی شاعیرەکان لەسەرەتای




قەسیدەكانیاندا لەگەڵ شەیتاندا قسەدەكەن. بۆ نموونە (امرؤ القیس) لەسەرەتای شیعرە بەناوبانگەكەیدا كەلەشیعرە هەڵواسراوەكان (المعلقات)ی كەعبەبوو دەڵێ:

قفا نبك من ذكرى حبيب ومنـزل    بسقط اللوى بين الدخول فحومل

هەندێك پێیان وایە لەگەڵ شەیتانەكەیدا قسەدەكات، دەشڵێن لەگەڵ دوو هاوەڵیدا قسەی كردووە، هەروەها دەشڵێن لەگەڵ یەكێكدا قسەی كردووەوو وای نوسیوە كەلەگەڵ دووانداا قسەی كردبێت چونكە عەرەب نەریتیان وابووە دەربڕینی قسەكردن لەدوواندا بەتاك یان بەكۆ دەردەخەن، ئەمەش لەبەرئەوەی عەرەب وایكردووە پیاو وەك دوو كەسی شوێنكەوتەی خوارخۆی وایە، وەك شوانی حوشترو شوانی مالآتەكەی.[3] بەهەر حاڵ ئەگەر شاعیرێك لەشیعرەكانیدا قسەی لەگەڵ دوو شەیتان یان دوو هاوڕێی وەهمی كردبێت ئەوا قورئانیش هەمان ڕێچكەی گرتۆتەبەر.

عەرەبیش وایدەبینی كەكاهن هێزێكی لەرادەبەدەری هەیەو توانای وەرگرتنی (وەحی) لەو هێزە هەیە كەلەوێنەی پیاوێكی نەبینراودا وێنا كراوەو وەحی دەداتە كاهن، ئیتر ئەم كاهنە بەشێوەیەك دەبێژێ كەلەگەڵ پایەو ئاستی خۆیدا بگونجێ و

3 شرح المعلقات السبع للزوزني، دار الجيل، بيروت ص 7




وەلاَمێکیش بێت بۆ ئەو پرسیارانەی رووبەرِوی دەبنەوە. نەبینراوەکەشیان ناوناوە شوێنکەوتە (تابع) چونکە شوێنکەوتەو هاوەڵی کاهنە، شوێنی دەکەوێو پێشنیاری خۆی دەداتیو بەرچاوی روون دەکاتەوەو نهێنیەکانی بۆ دەردەکات.

جاهیلەکان چەند چیرۆکێکیان لەسەر کاهینەکان هەیە کەلەجیهانی واقعدا دەریهێناونو کردونی بە کۆمەڵێك کەسایەتی خورافی، بۆ نموونە کاهینێك (سطيح) هەبوو کەناوی تەواوی (ربيع بن ربيعه بن مسعود بن مازن بن ذئب) پێیان دەگوت (سطيح الذئي) چونکە بەپشت دەچووەوە بۆ سەر (ذئب بن عدي) مێژوونوسان دەڵێن ئەم سەتیحە بەوێنەی پۆشاکی چرچ پارچە گۆشتێکی چرو لۆچ بوو جومگە نەبێ ئێسقانی پێوەنەبووە، دەموچاوی بە سنگیەوە نوسابوو، نەسەری هەبووە نەگەردن، یەکێك بووە لەبەناوبانگترین کاهنی سەردەمەکەی خۆیو کیسرا کەسێك بەناوی (عبد المسيح بن بقله الغسانی) دەنێرێتە لای تا پرسیارو راڤەی ئەو خەونەی لێبکات کەلەخەونیدا بینیبووی لەکاتی لەدایکبوونی محمددا تاقی کیسرا شەقی بردووە.[4]

4 عجائب المخلوقات للقزويني, المجلد الاول،ص 371/ نقلاً عن تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 196 (مصدر سابق)




راڤەی زانایانی ئیسلامیش بۆ کاهنی ئەوەیە: شوێنکەوتە (تابع) گـوێی خـۆی شل دەکات بۆ فریشتەکانو ئینجا ئەوەی گوێی لێدەبێت دەیداتە کاهن، کاهنیش ئەوەی گوێی لێبووە دەیگەیەنێتە خەڵکی، ئـیتر دەبـووە پێـشبین. ئەمـەش پـێش سەردەمی ناردنی پەیامبەران، کاتێك کەئیسلام هاتو قورئان دابـەزی کـەئاسمانی لەشەیتانەکان پاراستو نەفرەتـەکانیان بـۆ نێـردرا، تـەنها ئەوەنـدەماوە گوێیـان هەڵخەن بۆ رازونیازی ئەوەی بەسەروی هەموانەوەیە، ئینجا پێش ئەوەی نەیزەکی (کشانی ئەستێرە) بەرکەوێت بیگەیەنێتە خوارەوە، بۆئەمەش ئاماژەیەك هەیـە {إِلَّـا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ}.[5]

قورئان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەشەیتانەکان لەکۆندا لەئاسمان دادەنیـشتن تاگوێیـان لـەوەبێت خواچـی بەفریـشتەکان دەڵـێ ئـەوانیش بگەڕێنـەوە بـۆلای کاهینەکانو پێیان بڵێن چی لەسەر زەوی روودەدا، تا ئەو کاتـەی خـوا محمـدی وەك پەیامبەر نارد بڕیاریدا پاسەوانی ئاسمان بکات.

وا دەردەکەوێت پێشتر کەخوا ئیبراهیمو نـوحو موسـاو عیـساو پەیامبـەرانی دیکەی نارد هیچ گوێی نەدابوو بەوانەی گوێیان هەڵدەخست هەتا محمـد هـاتو عەرەب بەوە تاوانباریان کرد کەکاهینە، ئیتر خوا بڕیاریدا پاسەوانی ئاسمان بکات

---

[5] الصافات 10




تا تۆمەتی سەر پەیامبەرەکەی ڕەت بکاتەوە. سەروا لای محمد شتێکی نامۆ نەبوو، ئەوەتا ئیمامی ئەحمەد لەڕێی چەند سەنەدێکەوە دەڵێ: کاتێـک کەپەیامبـەر چـووە شاری مەدینەوە خەڵکی ڕاچەنین‌و سڵەمینەوە، منیش لەوانەبووم کەسـڵەمیمەوە، کاتێك دەموچاوی دەرکەوت‌و تەماشـام کـرد زانـیم کەدەموچـاوێکی درۆزنانـە نییە، یەکەم شتێکیش گوێم لـێبوبێت ئەوەبوو کەگوتی: (افشوا السلام, واطعمـوا الطعام, وصلوا بالليل والناس نيام, تدخلوا الجنة بسلام) ئاشتی بڵاوبکەنەوە، نـان بدەنە برسی، لەکاتێکدا خەڵکی نوسـتووە نیـوە شـەو نوێژبکـەن، تـا بەبێخـەم بەئاسانی بچنە بەهەشتەوە.[6]

سـەروا بڕبـڕەی پـشتی زمـانی قورئانـە، بەئاسـتێك کەمحمد نـاوی شـت‌و شـوێنەکانی دەگـۆڕی تـا لەگـەڵ سـەروای سـورەتەکەدا بگونجـێ، بـۆ نموونـە لەسورەتی هەنجیردا (تین) ئایەتی (2) دەبینین هـەردوو ووشـەی (طـور , سـيناء) گۆڕاوە بۆ (طور سينين) بۆئەوەی لەگەڵ سەرواکەدا یەکتانگیر ببێت:

وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ
وَطُورِ سِينِينَ
وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ

---

6 مختصر السيرة، لابن كثير ص 172 (مصدر سابق)




لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ

ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ

إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ

فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ

أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ

لە راستیشدا شوێنێك یان چیایەك بەناوی (طور سینین)ەوە نییە، تەنانەت وشەی (طور) وشەیەكی عەرەبی نییە، بەڵكوو وشەیەكی عبرییەو واتای چیا، شاخ (جبل) دەگرێتەوە ئەو چیایەش لە(سیناء) دایە لەبەرئەوە ناونراوە بە (جبل سیناء) یاخود (طور سیناء)، بۆیە دەبینین بەم ناوە راستەیەوە لەسورەتی (المؤمن-20) بەكارهاتووە {وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاء تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ} هەروەها دەبینین لەسورەتی (الانعام – 85) ناوی چەند پەیامبەرێك هاتووە {وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ}.

هەروەها لەئایەتی (123-الصافات)دا وشەی (الیاس) دووبارە بۆتەوە: {وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنْ الْمُرْسَلِينَ}




بەڵام بەشێوەیەکی کتوپڕ لەئایەتی 130 ی هەمان سورەت نـاوی دەگـۆڕێ بۆ (الياسين) بۆئەوەی لەگەڵ سەروای (سلام على الياسين) ئەمە (آل ياسين) نییـە بەڵکو (إل ياسين)ە بەکەسرەی ژێر ئەلفی یەکەم.

بەشی هەرەزۆری قورئان سەرواداره چونکە خوێندنەوەی سەروایی وەك شیعر وایەو لەبەرکردنی ئاسانە، مرۆڤی سەرەتاییش هەزاران ساڵ پـێش ئـەوەی فێـری نوسـین ببێـت فێـری سـەماو گـۆرانیو شـیعر بـووە. مـرۆڤ فێـری پەخـشانو لەبەرکردنی نەبوو هـەتا فێـری نوسـین بـوو، ئـەویش لەبـەرگرانی لەبـەرکردنی پەخشان.

هەندێك خەڵکی بەهۆی پاڵنەرەکانیەوە کەقورئان بکاتە تاکـە سەرچـاوەیەك بۆئەو ڕووداوانەی پێـشتر ڕوویـان داوەو دواتـریش لەجیهانـدا ڕوو دەدەن ئـەم حەقیقەتە سادەیەیان پشتگوێ خستووە. ئەوەتا پرۆفیسۆر (حميـد الله) لەپێـشەکی وەرگێڕانە قورئانیەکەی بۆ زمانی فەرەنسایی دەڵێ: خوا لەیەکەم سورەتیدا کـەبۆ پەیامبەری دابەزاند باسی قەڵەمی کردووە تا گرنگی قەڵـەم وەك وەسـیلەیەك بـۆ گەشەسەندنی زانستی مرۆڤایەتی بسەلمێنێ. پرۆفیسۆر لەوەرگێڕانەکەیدا بەردەوام




دەبێو دەڵێ: ئەوەش گرنگی پەیامبەر دەردەخات بۆ کۆکردنەوەی قورئانو پاراستنی بەنوسین.[7]

بێگومان پرۆفیسۆر (حميد الله) ئەوەی لەبیر چووە کەزانایان کاتی دەرکەوتنی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەسەرئەم زەوییە دەگێڕنەوە بۆ نزیکەی پێش حەوت ملیۆن ساڵو لەگەڵ پێشکەوتنیدا فێری راوو پیشەسازی ئامێرو دروستکردنی بەلەمو کەلوپەلی جەنگ بوون، هەروەها فێری ڕێکخستنی شیعرو وێنەو هونەری چیرۆك (میللیو فۆلکلۆر)و دروستکردنی پۆشاكو شتی دیکەی وەك دەرخستنی ئاگرو فێربوونی کشتوکاڵ بووە، ئەمەش هەزاران ساڵ پێش ئەوەی فێری خوێندنەوەو داهێنانو دروستکردنی قەڵەم ببێت.

هەورەها زانانیان هاوڕان لەسەرئەوەی داهێنانی زمان پەیوەندییەکانی مرۆڤو گواستنەوەی بیرورِازی نێوانیان ئاسان کرد دواتر زمان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ نەك قەڵەم وەك پرۆفیسۆر (حميد الله) دەیلێ!! جا ئەگەر قەڵەمو خوێندنەوە لەلای خوا ئەوەندە گرنگی هەبێ وەك چۆن باسی قەڵەمی لەیەکەم دابەزینی سورەتدا بۆ پەیامبەر هێناوەتە گۆڕێ ئیتر بۆچی خوا پەیامبەرێکی ئومی

---

7 The Bible, The Quran and Science,by Dr Maurice Bucaille, Published by Tahrike Tarsile Quran Inc. New York, p 134

هەڵدەبژێری نەدەخوێنێتەوەو نەدەنوسیێ، وەك هەندێك لەموسوڵمانەكان باسی دەكەن؟؟!.

لەبەرئەوەی لەسەرتادا قورئان نەدەنوسراو پاڵپشتی سەرەکی موسوڵمانان لەبەرکردنبووە، ئەوا لەلایەکی دیکەوە پشتبەستن بەسەرروا باشترین وەسیلە بووە بۆئەوەی یارمەتیان بداو ئەزبەری بکەن.

بەڵام کێشەی سەروا لەدووبارە بوونەوە دا خۆی دەبینێتەوە بەتایبەتی ئەگەر سورەتەکە درێژبوو، چونکە سەروابێژەکە (دانەری سەرواکە) لەکاتی دانای وشەی زۆر کەلەگەڵ سەروای کۆتاییدا بێتەوە بەزەحمەت بۆی چارەسەر دەبێت، بۆیە دەبینین لەسورەتە درێژەکاندا چەند جارێك سەرواوەکە دەگۆڕدرێتو چەند وشەیەکیش چەند جارێك دووبارە دەبنەوە، لەهەندێك کاتیشدا قورئان چەند وشەیەك دائەتاشێ بۆ هاتنەوەی لەگەڵ سەرواوەکاندا کەلەوەو پێش ڕووینەداوە.

بۆنموونە ئەگەر سورەتی مریەم وەربگرین لەئایەتی دووهەمەوە تا ئایەتی سیوسێ دەبینین دواین وشە بەپیتی (یا) کۆتایی دێت یا لەئایەتی بیستەمەوە دەست پێبکەین:

قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا




قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا

فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا

فَأَجَاءهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا

فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا

وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا

فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا

فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا

يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا

فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا

قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا

وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا

وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا

وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا




لە ئایەتی سیو چوارەوە سەرواوەکە دەگۆڕێت بۆ پیتەکانی (ون)

ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ

مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ

دوایی دەگۆڕێ بۆ (م)

وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ

فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ

ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ (ن)

أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا لَكِنِ الظَّالِمُونَ الْيَوْمَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ

إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ

داتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرواوی (یا)

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا

هەتا ئایەتی 74 بەردەوام دەبێت دوایی سەرواوەکە دەگۆڕێت بۆ (دا) وەکو (جندا)و (ولدا) تا کۆتایی سورەتەکە.

هێنانە ناوەوەی دوو یان سێ ئایەت لەناوەڕاستی سورەتەکەدا کەسەرواو کراونو لەگەڵ ئایەتەکانی دیکەدا جیاوازییان هەیە ئەمە وای لەکۆمەڵێك خوێنەری قورئان کردووە بڵێن، کەئەم ئایەتانە پاشتر خراوەتە سەر سورەتەکەو پێشوەختو لەسەرەتادا بەشێکی ئەو سورەتە نەبووە.

لەهەمان سورەتی مریەمدا دووبارە بوونەوەیەکی بێسوود دەبینین. لەکاتێکدا قورئان لەسەر زەکەریاو یەحیای کوڕی ئەودێ، دەربارەی یەحیا دەڵێ: {وَسَلَامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا}.[8]

سڵاوی لێبێت ئەو ڕۆژەی لەدایکبوو، ئەو ڕۆژەی دەمرێو ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێتەوەو هەڵدەسێتەوە.

هەروەها کاتێك کەباسی عیسا دەکات هەمان ئایەت دووبارە دەبێتەوە: {وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا}.[9]

لە ئایەتی دەی هەمان سورەتدا

{قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا}.

سەرواوەکە لەئایەتی حەڤدەدا دوبارە دەبێتەوە

[8] مريم 15
[9] مريم 33

{فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا}.

لەئایەتی (68) دا نوسراوە:

{فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا}

سەرواوەکە لەئایەتی (72) دووبارە کراوەتەوە

{ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا}

بە روونی دیارە دووبارەکردنەوەی ئەم وشانە دەگەڕێتەوە بۆ گرانیو نەدۆزینەوەی وشەی گونجاوی دیکە کەلەگەڵ سەرواوەکانی دیکە بگونجێن.

هەروەها داتاشینی وشە کەلەوەوپێش نەزانراوو نەناسراوبێت لەئایەتی (74)ی هەمان سورەتدا دەبینین {وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَاثًا وَرِئْيًا}

ئەم داتاشینە (وَرِئْيًا) بەراستی شتێکی نامۆیە!! چونکە ئەم وشەیە لە(رأى) بینی لە(رؤية-بينين)ەوە دروستکراوە، بۆ گونجاندن لەگەڵ سەرواوەکەدا وتویەتی (رءيا)و لەنامۆیی ئەم داتاشینەشدا راڤەکارانیش زۆربەگرانی لێکیدەدەنەوە، قورتوبی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: (اب عباس دەڵێ: وشەی – رءيا– واتە دیمەنێکی جوانو پێنج شێوە خوێندنەوەی تێدایە، خەڵکی مەدینە بەم جۆرەیە (وريا) بەیەك (ی)ی نەرم دەیانخوێندەوە هەروەها (ابن عباس) دەڵێ:




لەمەصحەفەكانی دیكەدا (رویا) نییە بەڵكو (وزیا)یە (أحسن أثاثاً وزیا)، بە (ز) نەك بە (ر) خەڵكی كوفەش بە هەمزە (ورئیا) دەیانخوێندەوە. (ابو أسحق) دەڵێ دەكرێ بە (ریئا) بخوێندرێتەوە (وهم أحسن أثاثاً وریئا) بە (ی) دوای هەمزە).

لەسورەتی (النبأ) كاتێك كەخوا پێناسەی بەهەشت دەكات:

{إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا}

{حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا}

{وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا}

{وَكَأْسًا دِهَاقًا}

{لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا}

وشەی (كذابا) لەوشەی (كَذَبَ، يَكذِبُ، كذباً)ەوە داتاشراوە (درۆی كرد، درۆدەكات، درۆكردن) سەرچاوەی سەرەكی بۆ ئەم وشەیە (كـذباً) درۆكردنە، بەڵام بۆ تێپەڕاندنی وشەی سەرواوەكە ئەم وشەیە داتاشـراوەو لـەجیاتی (كـذباً) نوسراوە (كذابا) ڕەنگـە خوێنـەر تێبینـی ئـەوە بكـات كەئایـەتی (34) لەگـەڵ سـەرواوەكەدا نایەتـەوە وەك هەنـدێك لەلێكۆڵـەرەوان دەڵـێن لـەم دواییانـەدا خراوەتە سەری.




هەروەها دووبارە بوونەوە وەڕس بوون (ملل) دروست دەکات بۆ نموونە سورەتی (الرحمن) کەتێیدا (78) ئایەتی تێدایەو هەموویان سەرواونو پیتی (أ،ن) جگە لەئایەتە سادەکان، بەهەر هۆیەك بێت نوسەر ئەم ئایەتەی {فَبِأَيِّ آلَاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ} لەئایەتی دوانزەوە خستۆتە پاش هەموو بابەتەکان. ئەم جۆرە دەربڕینە لەسورەتەکەدا کە(78) ئایەتە (31) جار دووبارە بۆتەوە، ئیتر ئایا ئەم دووبارە بێزارکەرە چ سودێك بە ئامانج دەگەیەنێت؟؟.

سورەتی (الرحمن) ڕۆژانی جاهیلیمان بیردەخاتەوە کەشاعیرەکان قسەیان لەگەڵ شەیتانەکانیان یان هاوەڵەکانیان دەکرد تا لەڕێکخستنی شیعرەکاندا هاوکاری بکەن (فقابل من ذكرى حبيب ومنزل...) ئەوەتا قورئان بەنەریتی جاهلی گفتوگۆی شەیتان دەکات (وەك قورئان خۆی دەڵێت شەیتانی موسوڵمان هەیە). زاناکانی ئیسلام دەڵێن: قورئان لەم سورەتەدا گفتوگۆ لەگەڵ ئینسو جن دەکات، هەربۆیە لەداڕشتندا لەبەرامبەر دووکەسدایە، بەڵام لەهەمان سورەتدا کەقورئان ویستی قسە لەگەڵ ئینسو جندا بکات وتی:

{يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ}.[10]

[10] الرحمان 33

رووی دەمی لەو وشەیەدا بۆ كۆیە نەك بۆ دووكەس.

هەندێك جاریش وشەی زیادە دادەنرێ نەك بۆ رونكردنەوەی وێنەكە بەڵكو بۆ تەواو كردنی سەرواوەكە، بۆ نموونە لەسورەتی (الشعراء – 76) وشەی (الاقدمون) زیاد دەكرێ بەبێ ئەوەی پێویستی پێی بێت, با بڕوانینە ئایەتەكانی 72, 73, 74, 75, 76

{قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ}

{أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ}

{قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آبَاءنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ}

{قَالَ أَفَرَأَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ}

{أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمُ الْأَقْدَمُونَ}

لێرەدا وشەی (الاقدمون) كەلەئایەتی (76)دا هاتووە (پێشینەكان, دێرینەكان) هیچ سودێك بەئامانج ناگەیەنێت چونكە باوانی (باوكو باپیرو باپیرە گەورەو ...تاد) كۆنو باوانی نوێ لەئارادانییە، چونكە وشەی باوان دەمانگێڕێتەوە بۆ دواوەو ڕەنگە بمانگەیەنێتە ئادەمیش، ئێمە هەموومان نەوەی ئادەمین، لەكاتێكدا دەڵێن (بنی اسرائیل, نەوەكانی ئیسرائیل) دەگەرێتەوە بۆ یەعقوبی كوڕی ئیسحاق. كەواتە وشەی (آباؤكم, باوانتان) پێویست بەپێناسە

ناکات وەك لەئایەتی (74) دابەڕوونی دیارە کەوتویەتی {قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آبَاءنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ} باوانمان بینیوە ئەئاوایان کردووە)و لەم ئایەتەدا پێناسەی باوان (اباونا) نەکردووەو پێی نەناسیوین چونکە ناسراوە بەڵام سەرواوی سورەتو ئایەتەکان واپێویستی کرد کەکۆتایی ئایەتەکە بەپیتی (ن) کۆتایی پێ بێنێت بۆیە وشەی (الاقدمون) چووە ناوی.

بەڵام بۆ مەسەلەی زمانەوانی ئەوا زۆر بەنارەحەتی دەتوانین شوێنیکەوین چونکە قورئان شێوەی دارشتنی گوتاربەندی خۆی دەگۆڕێ لەتاکەوە بۆ کۆو لەقسەکەرەوە بۆ گوێگر لەهەمان ئایەتدا. بۆ نموونە سورەتی(الانعام -99)

{وَهُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُواْ إِلِى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَلِكُمْ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ}

ئەو (خوا) باراناوی لەئاسمانەوە دابەزاندو بەو هۆیەوە چرۆوچەکەرەی هەموو رووەکێکیان پێدەرهێناو سەوزمان کرد ئینجا لاسکی سەوزی لێپەیدادەکەین، زنجیرە دانەی سەفتەکراوی لێدروست دەکەین، لەدارخورماش لەلقو چڵە پۆپەکانی هێشوی خورما شۆڕدەبێتەوە، هەروەها باخی رەزوترێو زەیتونو




هەناریش، هەیانە لەڕوالەتدا شێوەیان لەیەك دەچێو هەشیانە لەیەك ناچن، جا تەماشای بەرهەمەكەی بكەن كەبەردەگرێو پێدەگات، بەڕاستی ئەو شتانە چەندین بەڵگەهەن بۆ كەسانێك كەباوەڕ بهێنن.

لە سەرەتای ئایەتەكەدا واپێناسە كراوە كەخوا بەتەنها خۆی باراناوی لەئاسمان دابەزاندووە، بەلام دوای ئەو ڕستە بچوكە بەبێ هیچ ئاگادارییەكی پێشوەخت زمان لەكەسی سێهەمەوە دەگۆڕێت بۆ كەسی یەكەمو خوا خۆی دەبێ بەقسەكەر، لەكاتێكدا شێوە دارشتنەكە دەبوو لەجیاتی (فأخرجنا بە) بنوسرایە (فأخرج بە) هەروەها بڕوانە ڕێزمانی هەمان ئایەتەكە، زۆربەی وشەكان هەڵگری نەهێن چونكە لەپێناسەدا (مفعول بە) دەبن، خوا بارانی باراندووەو تۆو دنكەو چرۆی لێ پەیدا كردووە، كەچی بەشێوەیەكی زۆر خێرا (مفعول بە) دەگۆڕێت بۆ (مبتدأ مرفوع) لەناوەڕاستی ڕستەكەدا. سیاقی وتنەكەش ئەوە دەخوازێ كەخوا لەدارخورما هێشووی خورمامان بۆ شۆڕبكاتەوەو بنوسرێ (قنواناً دانیة) كەچی دەبینین لەئایەتەكەدا نوسراوە (قنوان دانیةٌ) بەرەفع كەدەبێتە موبتەداو خەبەرەكەشی وشەكانی (ومن النخل)ەو دوایی ئایەتەكە بە نەصیی وشەكان بەردەوام دەبێت چونكە مەفعول بهێن. هەر لەسورەتی (الانعام 114) كاتێك

یەهودەكان داوایان لەمحمد كرد كەدادوەرێك بخاتە نێوان خۆیو ئەوانەوە ئەویش بەم ئایەتە وەڵامیان دەداتەوە:

{أَفَغَيْرَ اللّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنَزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلاً وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ}

(ئایە ڕەوایە جگە لەخوا كەسێكی دیكە بكەمە دادوەر؟ لەكاتێكدا ئەو كتێبێكی بۆ دابەزاندون هەموو شتێكی تێدایە، ئەوانەش كەكتێبمان بۆ هێناون "لەیەهودو مەسیحی" باش دەزانن كەقورئان هەقەو لەلایەن خوای تۆوەیەو ئیتر تۆ مەچۆرە ریزی گومانداره‌كانەوە).

لەسەرەتای ئایەتەكەدا محمد قسەكەرەو قسە لەگەڵ یەهود دەكاو پێیان دەڵێت: ئایا ڕەوایە جگە لەخوا كەسێكیدی بكەمەدادوەر لەكاتێكدا كتێبێكی بۆ دابەزاندوون لەهەموو شتێكی بەدرێژی تێدایە، كەچی لەناكاو كتوپڕدا خوا دەبێتە قسەكەرو بە محمد دەڵێت، ئەوانەش كەكتێبمان بۆ هێناون باش دەزانن كەقورئان ....تاد.).

زانایانی ئیسلام هەوڵدەدەن لێكدانەوە بۆ ئەم ئایەتە بكەنو لەئەنجامدا بڵێن وشەی (قل) بخرێتە پێش (والذين آتيناهم) بەڵام ئەم پاساوەشیان شیاوی وەرگرتن نییە چونكە خوا گەربیەوێ وشەی (قل –بلێ) بەكاربهێنێ بێ هیچ پێچو پەنایەك




بەكاریدەهێنا لەو شوێنەی كەدەیویست. بۆ ئەم راستیەش دەبینین لەقورئاندا نزیكەی (250) جار وشەی (قل –بڵێ) بەكارهاتووە، بۆ نموونە لەئایەتی (91)ی هەمان سورەتدا بەكارهاتووە: {وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاء بِهِ مُوسَى نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُواْ أَنتُمْ وَلاَ آبَاؤُكُمْ قُلِ اللّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ}

دەبوو محمد بە پرسیارێك لەیەهودیەكان دەستی پێبكردایەو ئایەتەكەی بە (من انزل الكتاب – كێ قورئانی دابەزاندوە) راستەوخۆ وەڵامیان بداتەوە ئەوسا ئێمەش وشەی (قل)مان دەخستە سەری وەك راڤەكاران داوامان لێدەكەن، بەڵام ئەوەی بەروونی دیاری ئەگەر خوا بیویستایە وشەی (قل)ی بخستایەتە ناوی بێ هیچ پێچو پەنایەك و بەڕوونی دەیكرد.

زۆرترین رێژەی وشەی (قل) لەسورەتی ئەنعامدا بەكارهێنراوە، ئەوەتا:
{قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَـهٌ غَيْرُ اللّهِ يَأْتِيكُم بِهِ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ} (46) سورة الأنعام.
{قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلاَّ الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ} (47) سورة الأنعام

{قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلاَ تَتَفَكَّرُونَ} (50) سورة الأنعام

{قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ قُل لاَّ أَتَّبِعُ أَهْوَاءكُمْ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُهْتَدِينَ} (56) سورة الأنعام

{قُلْ إِنِّي عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ} (57) سورة الأنعام

{قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ لَقُضِيَ الأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ} (58) سورة الأنعام

{قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعاً وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ} (63) سورة الأنعام {قُلِ اللّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ} (64) سورة الأنعام

{قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعاً وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ} (65) سورة الأنعام




بەکورتی وشەی (قل) (39)جار لەسورەتی ئەنعامـدا بـەکارهاتووە، ئـیتر ئایـا هیچ هۆیەك هەیە وامان لـێبکات بلـێین خوا ویستویەتی وشەی (قل) لــەو ئایەتـەی باسمانکرد دابنێ بــەڵام دایـنـەناوەو بەکارینـەهێناوەو وازی لـێهێنـاوە بـۆ زانایـانی ئیسلام تا ئەوانیش پێمان بلـێن لەئێمەیان دەوێ ئەم وشەیە لەئایەتەکەدا دابنێین؟!.

هەمان شتیش بەسەر یەکەم سورەتی مەصـحەفەکەدا جێبـەجێ دەکـرێ، واتـە سورەتی فاتحە، بەروونی دیارە ئەم سورەتە پارانەوە بووەو محمد پارانەوە (دوعا)ی پێکردووەو بەشـێك نییـە لــەقورئان.. وەك نـەرێتی هەمیـشەیی زانایـانی ئیـسلام دەڵێن: وشەی (قل-بڵێ) بخەرە سەرەتای سورەتەکەوە. جا ئەگەر خوا بیویـستایە وشەی (قل) بەکاربهێنێت ئەوە دەیکرد، وەك لەسورەتەکانی (الفلق)و (النـاس)دا کردی! کەهەردووکیان وەك سورەتی فاتحە دوعان.. لەسورەتی فەلەقـدا دەڵـێ: قل اعوذ برب الفلقو لەسورەتی (الناس)دا دەڵێ: قل اعـوذ بــرب النـاس. ئـەی بۆچی لەسورەتی فاتحـەدا نـەیوت (قـل الحمـد الله رب العـالمين)؟ (ابـن مـسعود) کـەکاتب وەحـی (نوسـەری سـرووش)ی پەیامبـەر بـووەو یەکێکـە لــەزانا بەناوبانگەکانی فەرموودە (حـديث)ـە وادایـنـاوە کەهەرسـێ سـورەتی (الفاتحـة، الفلق، الناس) قورئان نەبن.[11]

---

Ali Dashti, p. 48 11




لە سورەتی (فاطر) ئایەتی (9) {وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ}

(خوا –با – دەنێرێو هەڵمی دەریاکانی پێدەگوێزێتەوەو دەیکات بەهەور دەینێرین بۆ وڵاتێکی وشكو مردوو ئەو زەوییەمان پێ زیندوو کردبووە لەدوای ئەوەی مردبوو).

لەم ئایەتەدا قسەکەر لەکەسی سێهەمەوە دەگۆڕێ بۆ کەسی یەکەم. لەسەرەتادا ئایەتەکە دەڵێ (خوا دەینێرێو هەڵمی دەریاکانی پێدەگوازێتەوەو دەیکات بەهەور) کەچی لەناکاو خوا کەسی یەکەم قسە دەکات (دەینێرین بۆ وڵاتێکی وشكو مردوو ...تاد).

ناوەرۆکی ئایەتەکە لەسەر کرداری ڕانەبردوو ڕاوەستاوەو دوایی تێکەڵ بەکرداری ڕابردوو دەبێ. وشەی (فتپير) کردارێکی ڕانەبردووە (فعل مـجارع) لەناوەڕاستی ڕستەیەکدایە کەهەموو ڕابردووە. لحكاية الحال الماضية). ئیتر لەمەدا هیچ ڕەوانبێژییەك هەیە؟

لە سورەتی (الحج) ئایەتی (63): {أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ}.




(ئایا نەتبینیوە خوا بارانی لەئاسمانەوە باراندووەو زەوی پێ سەوز دەبێت خـوا وردبینو بەسۆزو دلۆڤانو بەئاگایە).

جارێکی دیکە قورئان کرداری ڕابـردوو لەگـەڵ ڕانـەبردوو لەیـەك ڕسـتەدا کۆدەکاتەوە. وشەی (فتصبح) دەبـێ بنوسـرێ (فأصـبحت) چـونکە خوابـارانی (باراندووە) نەك (دەیبارێنێ).

ئەمـەش ئایـەتێکی دیکەیـە کەلـەنێوان ڕابـردوو ڕانـەبردوو تێکـەڵ بـووە، لەسورەتی (الشعراء) ئایەتی (4) دەڵێ:

{إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّن السَّمَاء آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ}

(گەربمانەوێت بەڵگەیەکیان (موعجیزەیەکیان) لەئاسمانەوە بۆ دائەبەزێنین ئـیتر گەردنیان بۆی ملکەچو زەلیل بووە) زانایان دەڵێن: نیوەڕستەی (گەردنیان بـۆی ملکەچو زەلیل بـووە) بەواتایـەکی ڕانـەبردوو بـەکارهاتووە، ئـیتر ئـەم هـەموو پێچاوپێچەی بۆچی بوو زۆرئاسان بوو بیوتایە (فتضل)؟!..

تەنها تێکەڵبوونی ڕابردوو لەگەڵ ڕانەبردوودا تاکە شتێکی نابەدەر نییە لـەم ئایەتەدا ئەوەتا وشەی (خاضعین) بەکارهاتووە، ئەمە حاڵەتێکـە هـەموو ئاقڵـەکان لەپیاو لەخۆدەگرێ تا پێناسەی (اعناقهم – گەردنیان) پێبکاتو ئەم وشەیە کۆی ئاقڵەکان نییە، لەڕێزمانـدا ئـەو نـاوەی ئێـستا بـەکاردەبرێ لەگـەڵ چـۆنایەتیو




چەندایەتی خاوەن ناوەکەدا یەکانگیردەبێ، لەبەرئەوەوە راستر دەبوو گەرببوتایە (فظلت اعناقهم لها خاضعة) بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ئایەتەکانی ئەم سورەتە بە (ین) کۆتایی دێت بەناچاری وتویەتی (خاضعين).

قورئان لەزۆرجێگەداو لەهەمان ئایەتدا زۆرجار ئەم تێکەڵییەی لەنێوان تاك و کۆدا دروست کردووە، بۆنموونە سورەتی (النحل–66) {وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِلشَّارِبِينَ}

(الانعام) کۆیەو مەبەستی ئاژەڵەکانە, دەبوو بیوتایە (نسقيكم مما في بطونها، بەڵام حوکمی تاکی داوەتێو وتویەتی (بطونه) (مەبەستی نوسەر لەدیاریکردنی (ه –ها) کەیەکەمیان بۆ نێرەو دووهەم بۆ مێ، لەبەرئەوەی وشەی (الانعام) کۆیە دەبوو لەوشەی دوایدا وەك مێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکردایە نەك بەپێچەوانەوە– وەرگێڕ) راڤەکان دەڵێن بۆیەکردویەتیەوە بەتاك مەبەستی لەوشە ڕەسەنەکەیە کە(النعم) (الانعام)، کۆ –النعم، تاك)و مانای وشەی نعم لەگەڵ زەمیرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاژەڵ، سەرباری ئەوەی (الانعام) واتە (حيوانات).

هەروەها هەمان ئایەت لەسورەتی (المؤمنون) دووبارە کراوەتەوە بەڵام ئەمجارە راستیەکەی نوسراوە، واتە لەجیاتی (بگونه) نوسراوە (بگونها)و ئایەتی 21




لەسورەتی المؤمنون ئاوا نوسراوه: {وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ}

هەروەها زۆر لەقورئاندا هەیە کە(گوتن)و (واتا)کەی نامۆیە، بۆنموونە لەسورەتی (المرسلات) کاتێك لەئایەتی (32) بەدواوە پێناسەی ئاگری دۆزەخ دەکات دەڵێت: {كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ} سەرەتا وشەی (جِمَالَتٌ) ئەگەرچی لەقورئاندا بەکۆی تێکەڵی مێینە (جمع تكسير)و لەبەرامبەر تاکەکەی (جمل) هاتووە بەڵام بەڕاستی ئەمە کۆیەکی نامۆیەو لەبەکارهێناندا شازە، چونکە ئەوەی ناسراوە وشەی (جمال)ە نەك (جِمَالَتٌ).

لەدواییشدا پێناسەی ئەم حوشترە دەکات کەرەنگی زەردە..!! لەکاتێکدا هیچ حوشترێکی زەرد نییە.!! بۆ پاساویش راڤەکان دەڵێن کاتی خۆی عەرەب بەوجۆرە حوشترەیان دەوت حوشترێکی زەرداوی چونکە زەردێك لەناو رەشەکەدا هەبووە. جا ئایا لەمە ئەوە تێبگەین کەبەنی ئیسرائیل هەمان مەبەستی هەبوو کەوتیان (البقرة الاسود اصفر) چونکە خوا پێی وتبون { إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ}.[12] ئێمە نازانین بۆچی عەرەب بەهەموو شتێکی رەش دەڵێن رەش بەڵام بەپیاهەڵدانێك حوشتری رەش دەکەن بەزەرد بەڵام بەمانگاو

[12] البقرة 69




بزنی رەشیان نەگوت زەرد؟! (لەكاتێكدا هیچ رەنگێك نییە پێی بوترێت رەش، بەڵكو ئەوەی هەیە یاریدەری رەنگە بنەرەتیەكانە كەسیٚدانەی سەرەكین سوور، زەرد، شین–وەرگێڕ).

لەسورەتی (الفرقان –68) {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا}

وشەی (أثاما) لەزمانی عەرەبیدا هیچ نییە، پێویست بوو قورئان بەزمانێکی عەرەبی روونو ئاشكرا دابەزییایە. تەنانەت راڤەكانو زانایانی زمانەوانیش لەسەر واتای وشەی (أثاما) رێكنەكەوتوون، (عبدالله بن عمر) دەڵێ (أثاما) دۆڵێكە لەدۆزەخدا، (عكرمە)ش دەڵێ چەند دۆڵێكە لەدۆزەخدا تێیدا ئەشكەنجەی زیناكاران دەدرێ، (قتادە)ش دەڵێ: (أثاما) واتە (نكالا)، هەروەها دەشڵێن مەبەستی بیرێكە لەقولایی دۆزەخدا، (السدي)ش دەڵێ واتە پاداشت.[13]

وای بۆدەچم كە(السدی) ئەم تەفسیرەی لەكوێ گشتی مانای ئایەتەكە هێناوە چونكە جگە لەو هیچ كەسێكی دی ئەم مانایەی نەهێناوە، وشەكەش لەبنەڕەتدا لەلای عەرەب بەربڵاوو بەكارهاتوو نەبووە، ئەگەر مانای وشەكە دۆڵێكی ناو دۆزەخ بگەیەنێت ئەوا بەپێی بۆچوونی راڤەكارەكان چۆن عەرەب

---

13 تفسير أبن كثير للآية 68 من سورة الفرقان/ وتفسير القرطبي كذلك




ئـه‌م وشـه‌یه‌ی هێنـاو بـه‌كاریهێنا له‌كاتێكـدا پـێش ئیـسلام هـیچ زانیارییـه‌كیان ده‌رباره‌ی دۆزه‌خ نه‌بووه؟ له‌مانای ئایه‌ته‌كـه واده‌رده‌كـه‌وێت (ئـه‌وه‌ی ئه‌وشـتانه بكات پاداشتی ده‌درێتێ). سه‌رباری ئه‌وه‌ی زانایـانی ئیـسلام ماناكـه‌یان نـه‌زانیوه وه‌ك له‌ته‌فسیره‌كانیاندا به‌رروونی نـاكۆكی ده‌بینـرێ، بـه‌ڵام راسـتیه‌كه‌ی ئه‌وه‌یـه قورئان وشه‌ی (أپاما)ی بۆ ئـه‌وه بـه‌كارهێناوه كه‌له‌گـه‌ڵ سـه‌رواوی ئایه‌تـه‌كانی دیكه‌دا بێته‌وه.

هه‌روه‌ها له‌سوره‌تی (العنكبوت 64) {وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ}.

راڤه‌كاران زۆر به‌زه‌حمه‌ت توانیویانه ته‌فسیری وشه‌ی (حیوان) بكه‌ن، وتویانه وشـه‌ی (حیـوان) واتـای ژیـانی هه‌میـشه‌یی ده‌گرێتـه‌وه، قورتـوبیش (القـرطبي) له‌ته‌فسیره‌كه‌یدا ده‌ڵێ (حیوان) هه‌موو شتێكی زینـدوو ده‌گرێتـه‌وه، یـان واتـای بیرێك له‌به‌هه‌شت ده‌گرێته‌وه. هه‌نـدێكیش ده‌ڵـێن بنـه‌ره‌تی وشـه‌كه (حییـان)وه‌و یه‌كێك له‌(ی) گۆڕاوه بۆ (و)و وشه‌ی (حیوان) دروست بووه.[14] ئـه‌م قـسه‌یه‌ش نـامۆو قورسـه چـونكه عـه‌ره‌ب پیتـی (و)ی گۆڕیـوه بـۆ (ی) ئه‌گـه‌ر پێكـه‌وه كۆببنـه‌وه‌و یه‌كـه‌میان سـكونێكی له‌سـه‌ربێت وه‌ك (نویـة) لـه‌(نـوی)، (ینـوي)

14 تفسير القرطبي للآية 64 من سورة العنكبوت




کەلەبنەڕەتدا (نویە) یەیە، بەڵام بەهۆی کۆبونەوەیانو هەبوونی سکون لەسەر پێشترەکەیان (و)و (ی) هەڵگەڕاونەتەوەو (ی) بە (ی)ەوە نوساوەو بووە بە (نیە)، جا ئەگەر (ی)و (و) بگۆڕین بۆ پەککەوتنیان ئەوادەبوو (فأحيينا بە الارض) بگۆڕن بۆ (فأحوينا به الارض).

هەروەها لەسورەتی (عبس)دا {فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا, وَعِنَبًا وَقَضْبًا} .[15]

(ئینجا دانەویڵەمان تێدا رواند هەروەها ترێو قَضْبًا .

هیچ یەکێك لەراقەکان نازانن مانای (قضبا) چییە!! (ابن کثیر) دەڵێ: (القضب) ئەو سلکی رووەکەیە کەمێروو دەیخوات. (ابن عباس) یش هەمان بۆچوونی هەیە. (الحسن البصری)یش دەڵێ: (ئالیك – ئاژوو)ە. خەڵکانی دیکەش شتی تر دەڵێن. لەهەمان سورەتدا {وَفَاكِهَةً وَأَبًّا} .[16] زوحاك دەڵێت (الاب) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کەلەسەر زەوی دەڕوێن. (ابو زرین)یش دەڵێ ماناکەی رووەکە، (ابن عباس)یش دەڵێ (الاب) ئەو بەرهەمە رووەکیانە دەگرێتەوە کەمرۆڤو ئاژەڵ دەیخۆن. هەروەها (ابن عباس)و (الحسن) دەڵێن:

[15] آيات 27 و 28
[16] الاية 31

(ألاب) ئەوەیە كەمرۆڤ نایخوات، ئەوەی مرۆڤ دەیخوات ناوی (الحصيد)ەو لەمەدحی پەیامبەریشدا بەكۆپلە شیعرێك ئەم راستیە سەلمێنراوە:

له دعوةُ ميمونةُ ريحها الصبا.. ..بها ينبت الله الحصيدةَ والأبا

ئەم كۆپلە شیعرە بەبێگومان كەسێك وتویەتی كەموسوڵمان بووەو وشەی (ألاب)ی لەقورئاندا بیستووەو خستویە ناو شیعرەكەیەوە بەبێ ئەوەی ماناكەی بزانێ چونكە لەگەڵ سەروای شیعرەكەیدا هاتۆتەوە چونكە هەموو لایەكیش دەزانن (الحصاد, دروێنە) لەكشتوكاڵەوەیەو كەسیش مانای (ألاب) نازانێ.

هەورەها (ابن عباس) دەڵێ: (ألاب) بەرووبوومە تەڕەكانە (مەبەست ئەوە بەروبومانەیە كەهێشتا بە درەختەكەوەنو لێنەكراونەتەوە – وەرگێڕ) زوحاكیش دەڵێ هەنجیرە.

بەوەی باسمان كرد بەروونی دیارە كەس مانای وشەكە نازانێت، ئەوەتا (ابن عباس) بەچوار جۆر تەفسیری جیاجیا بۆ ئەم وشەیەی دەكات. (الكلبي)یش دەڵێ: ألاب هەموو سەوزەیەك دەگرێتەوە، هەندێكیش دەڵێن میوەی تەڕە (وەك كاهو، وەرگێڕ).

پرسیاریشیان لەخەلیفە ئەبوبكر كردووە لەسەر تەفسیری {وَفَاكِهَةً وَأَبًّا} وتویەتی: چ ئاسمانێك دامدەپۆشێ و چ زەوییەك دەمگرێتە خۆی گەر بڵێم




لەقورئاندا شت هەیەو نایزانم؟.. (أنس بن مالك)یش دەڵێت: گوێم لێبووە عومەری کوڕی خەتتاب ئەم ئایەتەی خوێندەوەو دوایی ووتی: مانای هەموو ئەمانەمان زانی، ئەی مانای (ألاب) چیە؟ دوایی گۆچانەکەی دەستی بەرز کردەوەو وتی: خوا بۆ سەپاندنی ئائەمە تەمەنی درێژکردووم.[17] (واتە سەپاندنی هێزی گۆچانەکەی – وەرگێڕ).

جا ئەگەر خەلیفە عومەرو خەلیفە ئەبوبەکرو ئیبن عەبباس ماناکەی نەزانن ئایا ئەوە دەچێتە ئەقڵەوە شاعیرێك لەرێکخستنی ئەو کۆپلە شیعرەی ناوبراودا بەماناکەی بزانێ؟!.

ئەم وشەیە لەوانەیە سریالی بێتو بنەڕەتەکەی (Ebba) یاخود لەوشەیەکی عیبری داتاشرابێت (Ebh) بەلاّم بەهیچ شێوەیەك عەرەبی نییەو عەرەبیش ماناکەی نازانێت.

لەسورەتی حەجیش ئایەتی 29: {ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ}

وشەی (تَفَثَهُمْ) عەرەبی نییەو کەس ماناکەی نازانێو وتنو بیستنیشی گرانە.

---

17 تفسير أبن كثير للآية 31 من سورة عبس




قورتوبی لەشیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: دوای سەربڕینی قوربانییەکان بچن بەلای کاروباری حەجیانەوە وەك قژوریش تاشین، فڕێدانی بەردی ڕەجم، لابردنو کۆکردنەوەی پرژو بلاوییەکانی دوای ئەم کارانە دەگرێتەوە. (الازهری)یش دەڵێت: (التفث) کورت کردنەوەی سمێڵو نینۆککردنو هەڵکێشانی موی بنباڵو تاشینی تووکەبەرە.

هەروەها ئەزهەری دەڵێت: ئەم وشەیە لەقسەکردنی عەرەبدا نەناسراوە جگە لەگوتەیەکی (ابن عباس)و ڕاڤەکاران. (ابن العربی)یش دەڵێ: ئەم دەربڕینە زۆر نامۆیەو خەڵکی عەرەب نە بەکاریان هێناوەو نە خستویانەتە شیعرەوەو نە سەری خۆیانیان پێ قاڵ کردووە. جا ئەگەر خەڵکی عەرەب ماناکەی نازانن ئیتر بۆ تێگەیشتنی دەبێ بەخت یاوەری چ کەسێکی ناعەرەب بێت؟

قورئان وشەگەلێکی زۆری بەکارهێناوە نەلەزمانی عەرەبیدا هەیەو نەمانایەکی ڕوونو سەر لێدەرکردنی هەیەو زۆرترین ڕاڤەکاریش لەتەفسیرەکانیاندا ناکۆکن.

لەسورەتی (الحجر87): {وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ}.

هەندێك لەڕاڤەکاران دەڵێن مەبەست لە(سبع) حەوت سورەتە درێژەکەی قورئانە. هەندێکیش دەڵێن مەبەستی حەوت ئایەتەکەی سورەتی فاتحەیە، بۆ ئەم بۆچوونەشیان فەرمودەیان بە نموونە هێناوەتەوە قورتوبیش لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ




مەبەست لە(المثاني) مەبەستی هەموو قورئانە بەو بەڵگەیەی کەلەسورەتی (الزمر-23)دا وتویەتی: {اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ}.

وادەردەکەوێ کەتەفسیرەکەی قورتوبی لەگەڵ ئایەتەکەدا یەکناگرێتەوە چونکە ئایەتەکە دەڵێ: {وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ}.

(حەوت ئایەتمان لەهەشت پێداویت لەگەڵ قورئاندا) ئەگەر بلێین وشەی (المثاني) مەبەستی هەموو قورئانە ئەی چۆن دەبێت دووجار بلێین وشەی (هەموو قورئانمان پێداویت لەگەڵ هەموو قورئاندا) هەروەها حەوت سورەتە درێژەکەش بەشێکە لەقورئان، لێرەدا ڕەوانبێژی نامێنێ گەر (گشت) بەسەر (بەش)دا بچەمێنێتەوە، ئەگەر ئەوەش بکرێ و ڕێگەی پێبدرێ ئەوە کەس نازانێ (المثاني) چییە..! باشتر وابوو قورئان بەزمانێك قسەی لەگەڵ خەڵك بکردایە کەتێی بگەیشتنایە.

هەروەها لەسورەتی (الحاقة-36): {وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ}

کەس نازانێ مانای (غسلين) چییە، بەلام لەگەڵ سەرواوی سورەتەکەدا دەگونجێ بۆ نموونە بڕوانە ئەم سێ ئایەتە:




{وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ}

{فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ}

{وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ}

هەروەها لەسورەتی (الانسان – 18): {عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا }

لێرەشدا كەس نازانێت مانای (سلسبيلا) چییە. تەفسیرەکەی جەلالەین دەڵێ: سلسبيلا واتە ڕۆشتنەخوارەوەی پاروی جوینكراو بەناو قوڕگدا. لەتەفسیری (ابن كثير) یشدا (عكرمة) دەڵێ ناوی بیرێکە لەبەهەشت. موجاهیدیش دەڵێ بەگیراوەی دەرمانێك دەڵێن کەزۆر بەخێرایی بگاتە شوێنی خۆی. قیتادەش دەڵێ: ئاوێکی هێمنو ڕێکچوو. بەڵام تەفسیری قورتوبی دەڵێ: سەلسەبیل شەرابێکی بەتامەو عەرەب دەڵێ سلس، سلسیل، واتە خواردنێکی خۆش و بەتام (سلسل الماء في الحلق) واتە چوونە خوارەوە (سلسته) واتە تێرژاند.

من نازانم چۆن تەفسیری جەلالەین هەڵسوکەتی لەگەڵ سلسبيلا کردووە کەهاوپێچی کردووە لەگەڵ گوتەی عەرەب بەسلسو سلسالو سلسیل، هەرچۆنێك بکەین لەگەڵ ئەم وشانەدا ناتوانین لەسلسبيلا تەواوببین و بگەینە ئەنجام. (ابو عالية)و (مقاتل) دەڵێن لەبەرئەوە ناونراوە (سلسبيلا) چونکە




ڕێگەیان بـۆ ئەروێنێتـەوەو لەبەهەشـتی بەریـنداو لەماڵەکانیانـدا لـەسەرچاوەی عەرشەوە ئەو ڕەوینەوەیان بۆ هەڵدەقوڵێت.[18]

هـەموو ئاوێـك لەشـارە تازەکانـداو لەخانوەکانمانـدا بـەناو جۆگەیـەکی دیوارپۆکراودا دەڕوات جا ئایا ئەمە ئاوی سەلسەبیلایە یـان مەرجـە لەبەهەشـتی بەرینەوە هەڵقوڵێ؟؟.سەرسوڕهێنەرترین تەفسیرەکان ئەوەیەکە (قفال) لەتەفسیری جەلالـەیندا هێناویەتیو دەڵێـت (سلـسبیلا) ئـەو کانیـاوە شـەریفەیە کەلـەنێوان پەرژینەکانی ئەملاو ئەولایـەوە دەڕواتو ئەمـەش لەعـەلی کـوڕی ئـەبی تاڵبـەوە ڕیوایەتییان کردووە).

لێرەدا دەبینین وشەی (سلـسبیلا)ی کردووە بە دوو بەشەوە (سل)و (سـبیلا).

بەڵام کێشەکەی لەوەدایە ئایەتەکـە دەڵێـت (کانیـەك بەسلـسەبیلا نـاودەبریێ)و ناکریێ بلێین ناوی سەلو سەبیلایە بەڵکو سەلسەبیلایە.

(القفال) بۆ ڕزگاربوونی لەم کێشەو گرفتە دەڵێ: (مانای ئەم وشـەیە لـەلای فریـشتەکانو چـاکەخوازانو ئـەهلی بەهەشـتـ هەیـە) ئـەم شـیکارییە ئـەوەمان بۆدەردەخات کەچۆن زانایانی ئیـسلام بـەدەوری بازنەیـەکی بۆشـدا پـێچو پـەنا

18 تفسير القرطبي للآية 18 من سورة الانسان

دەكەنو دەخولێنەوە، لەجیاتی ئەوەی بلێن هیچ لەمەبەستی ئەم وشەیە تێناگەین دێنو وشەكەی قورئان بەناموێیی وسەرنجڕاكێش شی دەكەنەوە.

لەسورەتی (المطففين)یشدا چەند وشەیەك لەچەند ئایەتێكدا هەیە تێگەیشتنی گرانە. بۆنموونە بڕوانە ئایەتەكانی 7و8و9ی سورەتەكە:

{كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ}

{وَمَا أَدْرَاكَ مَا سِجِّينٌ}

{كِتَابٌ مَّرْقُومٌ}

هەروەها لەهەمان سورەتدا ئایەتەكانی (18-19-20)

{كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ }

{وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ}

{كِتَابٌ مَّرْقُومٌ}

بەپێی ئەم ئایەتانە هەردوو وشەی (علیین)و (سجین) هەردووكیان مانای (كتێبێكی بلندو بەناوبانگ) دەگەیەنێت. یەكێكیان بۆ ستەمكارانو ئەوی دیكە بۆچاكە خوازان. لێرەدا قورئان زمانێكی نەناسراو بەكاردەهێنێ تا رستەیەكی سادە بگەیەنێتە ئێمە ئەویش ئەوەیە: دوو كتێب هەیە، یەكێكیان بۆ ستەمكارانو




ئەوەی دیکە بۆ چاکەخوازان. جا ئایا ئەوە بۆئێمە گرنگە تا ناوی ئەوکتێبە بزانین؟

سەرباری ئەوەش قورئان دەڵێت یەك کتێب هەیە (وَعِنـدَهُ أُمُّ الْكِتَـابِ) (39) سورة الرعد {لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ} (22) سورة البروج

ئەو کتێبەی کەخوا هەر لەئەزەلەوە لەئاسمانی حەوتەمدا دەیپارێزێو تێیدا هەموو شتێکی بەگەورەو بچووکەوە تۆمارکردووە دەربارەی هەموو مرۆڤێك تەنانەت پێش ئەوەی لەدایکیش بێت, هەروەها بۆ هەرکەسێك کتێبێکی تایبەت بەخۆی هەیە کەرۆژی قیامەت وەریدەگری، تیایاندا هەیە کتێبەکەی لەدەستی راستیەوە دەدەنێو هەمیشە لەدەستی چەپیەوە دەیدەنێ تا ئەوانە بخوێنێتەوە کەلەژیانی دونیادا کردوونی. ئیتر حیکمەتی ئەوە چییە دوو کتێب هەبێت یەکیان بۆ ستەمکارانو ئەوی دی بۆ چاکەخوازان چونکە لەوێ بۆ هەموو کەسێك کتێبێکی تایبەت هەیەو لەوحی مەحفوز هەیەو هەموو وردەکارییەکی تێدایە، نە لێی دەگۆڕێو نە لێی ون دەبێت؟ .. بۆ ئیحتیاتیش گەر بڵێین دوو کتێب هەیە یەك بۆ ستەمکارانو یەك بۆ چاکەکاران، ئایا ئەمە ئەوە دەهێنێ ئایەتێکی بۆ دابەزێنرێتو ناوەکانی ئەو دوو کتێبەمان پێ بڵێت؟؟.. ئایا ئەمە لەئاکارو رەفتارمان دەگۆڕێ، یان بانگەوازمان دەکات بۆ بڕواهێنان؟!. جێی خۆیەتی بڵێین




کەقورئان وشەی (وما ادراك) (تو چـوزانی چـییه) ی دوانـزە جـار بـەکارهێناوە تاچەند وشەیەکمان بۆ شیبکاتەوە کەنامۆو نەناسراونو لای عەرەبیش لەوکاتەدا ناسراون. دواتر کەمێك لەبارەی ئەم چەند وشەیە دەدوێین.

لەسورەتی (الفیل)دا {وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ}(3) {تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ}4

(ابن کثیر) دەڵێ: (طیر أبابیل) باڵندەی ئەبابیل باڵندەیەکـە لـەدەریادا دەژی وەك (الخطـاطیف،و البلـسان) (نـاوی دووجـۆر باڵنـدەن) قورتـوبیش دەڵـێ: باڵندەیەکە لەئاسمان نەپێـشتر بینـراوەو نەپاشـتریش دەبینـرێ: (الـضحاك) دەڵـێ کە(ابن عباس) وتویەتی گوێم لێبـووە پەیامبـەر گوتویـەتی: باڵندەیەکـە لـەنێوان ئاسمانو زەویدا هێلانەی کـردووە هـەر لەوێـدا هـەڵهاتووەو بـووە بەجوجەڵـەو گەورە بووە. هەروەها (ابن عباس) دەڵێ: وەك سەگ چوارپەلو چـنگو پەنجـەو نینۆکی هەبووەو وەك باڵندەش باڵی هەبووەو کەلەدەریاوە هاتۆتە دەرەوە حەوت سەری هەبووە.

ئەمە باڵندەی ئەبابیل: بۆ وشەی (سجیل)یش کەسمان راستەقینەکەی نـەزانیوە. نوحاس دەڵێ واتە (زۆر زۆر)، سیلو سجیل یەك شتن، (محمد بن الجهم) دەڵـێ: سجیل واتە قوڕەو دەکولێنرێت تاوشك دەبێتـەوەو وەکـو وردە زیخی لێـدێت.




(سعيد بن جبير)یش دەڵێ: ئاخاوتنێكی عەرەبی نییەو لەبنەڕەتدا پێكهاتووە لە(سنج و جيل) یاخود سنكو كیل، ئەمانەش فارسینو واتای بەردو قوڕ دەگەیەنن. كەچی لەقورئان لەسورەتی (الـذاريات–33) دا دەڵێ: (با بەردبارانیان كەین لەبەردێك كەلەقوڕ دروستكراوە) كەواتە ئەوەش ڕاست نییە، (ابن يزيد) دەڵێ: سجيل ناوی ئاسمانی دونیایە، عەكرەمەش دەڵێ دەریایەكی هەڵواسراوە لەنێوان زەویو ئاسماندا لەوێوە بەردەكان باریون، هەروەها دەڵێن شاخێكە لەئاسماندایە، هەروەها دەڵێن ئەو تۆمارەیە كەبەسەریاندا دێت واتە ئەو نوسراوەیە (قەدەر, موسیبەت) كەهەردەبێ بەسەریاندا بێت.[19]

بۆی هەیە لەبنەڕەتدا وشەیەكی ئارامی (sgyl) بێت كەبەمانای بەردی پەرستگا دێت.[20] ئەوە جێی سەرنج بێت ئەوەیە ڕاڤەكاران تەفسیری وایان هێناوە كەهیچ پەیوەندییەكیان بەیەكەوە نییە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت كەئەوان واتاكانی ئەم وشە نەناسراوو نامۆیانە كەلەوەوپێش نەیانبینیبوو بەشتی دیكە ئەخەملێنن.

---

19 تفسير أبن كثير للآية الثالثة من سورة الفيل

20 F. Leemhuis. Quranic sijjil and Aramaic sygl, JSS 27 (1982) 47- 56 (Quoted in What the Koran Really Says, Ibn Warraq, (Prometheus Books, 2002




وشەی (الفرقان) چەندین جارو بەمانای جیاواز جیاواز لەقورئاندا هاتووە. بۆ نموونە: لەسورەتی (بەقەرەدا53) {وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ}

ئینجا ئەو کتێب-تەورات-و فورقانەی بۆ موسامان هێنا..تاد.

لەهەمان سورەتدا-185 نوسراوە {شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى}

(مانگی ڕەمەزان، ئەو مانگەی کەقورئانی تێدا هاتە خوارەوە، ڕێنموویی بەخشە بۆ خەڵکیو بەڵگەی زۆری تێدایە لەهیدایەتو فورقان).

لە سورەتی (آل عمران) ئایەتەکانی 3و4 {نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ, مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ الْفُرْقَانَ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِ اللّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ}

(خوا قورئانی بۆ تۆ ڕاستو دروست دابەزاند بەڕاستی دانەری کتێبەکانی پێشوتریشەو تەوراتو ئینجیلیشی دابەزاندووە، ئەوکتێبانە پێشوەخت هیدایەتکەری خەڵك بوون، فورقانیشی دابەزاندووە ...تاد).

هەروەها لەسورەتی (الانفال-41) {وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ




بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَان يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَان وَاللّهُ عَلَـى كُـلِّ شَـيْءٍ قَدِيرٌ}

(ئاگاداربن‌و باش بزانن هەردەستکەوتێکتان بوو ئەوە بێگومان پێنج یەکی بـۆ ئەمانەیە خوا، پەیامبەر، خزمانی نزیکی پەیامبەر، هـەتیوان، هـەژاران‌و ڕێبـواران، ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخواو بەوەی بـۆ پەیامبـەرمان دابەزانـدووە لـەڕۆژی فورقاندا ئەو ڕۆژەی دوو کۆمەڵ لـەشکر پێکدا هەڵپژان...).

لە سورەتی پەیامبەرانیشدا (الانبیاء-48) {وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاء وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ}

(بێگومان ئێمە بۆ موساو هارون فورقانمـان بۆهێنـا، ئـەم فورقانـە ڕوونـاکی‌و یادخەرەوەیە بۆ پارێزکاران).

هەروەها لەسورەتی (الفرقان-1) دەڵێ: {تَبَـارَكَ الَّـذِي نَـزَّلَ الْفُرْقَـانَ عَلَـى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا }

(پیرۆزە ئەو زاتەی فورقانی دابەزاندووە لەسەر کۆپلەی خـۆی تابێتـە هـۆی هوشیارکەرەوە لەهەردوو سەردەمەکەدا).




بەشی زۆری راڤەكاران هاوڕان لەسەر ئەوەی فورقان جیاكەرەوەی راستو ناراستە. بەلاّم (ابن عباس) دەڵێ: فورقان واتە دەروازەیەكی رزگاركەر. (موجاهید)یش بۆی زیاد كردووەو دەڵێ: لەم دونیاشو لەودونیاش.

لە ریوایتێكی دیكەدا (ابن عباس) دەڵێ: فورقان واتە سەركەوتن، چونكە دەڵێن مەبەستی لەشەڕی بەدر بووە، لەبەرئەوەی خوا لەورۆژەدا راستو ناراستی لەیەك جیاكردۆتەوە، قیتادەش دەڵێ: فورقان مەبەستی حەلاڵو حەرامەكانی تەوراتە، رازیش دەڵێ: رەنگە مەبەستی لەتەورات یان بەشێكی تەورات یاخود یەكێك لەموعجیزەكانی موسا بێت وەك گۆچانەكەی دەستی. لەوانەشە مەبەستی شەقبوونی دەریاكە بێت بۆ موسا. بەلاّم رازی لەدوا بۆچوونیدا لەسەر ئەوەی (فورقان تەوراتە) دەوەستێت: هەروەها دەڵێن فورقان قورئانە، چونكە خوا فورقانی بۆ موسا دابەزاندووە هەروەها بۆ محمدیشی دابەزاندووە، ئەمەش وامان لێدەكات بلێین فورقان رەنگە مەبەستی (كتاب) بێت.

بەلاّم چۆن دەبێت ئەم بۆچوونە وەربگرین لەكاتێكدا ئایەتی-29ی ئەنفال دەڵێت: {يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ}




(ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئەگەر تەقوای خوابکەن ئەوە خوا دەروازەیەکی ڕزگاربونتان لێدەکاتەوە). چونکە ئەم مانایەی لـەم ئایەتـەدا هەیـە لەگـەڵ هـیچ مانایەکی پێشووتر ناگونجێ، کەواتە مانای فورقان چییە؟..

وشەیەکی دیکەش هەیە پێش ئەوەی قورئان دابەزێت لەلای عـەرەب ناسـراو نەبووە ئەو وشەیەش (کلالـە)یە {وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُـن لَّهُـنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِـيَّةٍ يُوصِـينَ بِهَـا أَوْ دَيْـنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُـنَّ الـثُّمُنُ مِمَّـا تَرَكْتُم مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلاَلَةً أَو امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوَاْ أَكْثَرَ مِن ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاء فِـي الثُّلُثِ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَآ أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّ وَصِيَّةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ (12) سورة النساء }

دەربارەی واتای ئەم وشەیە (كَلاَلَةً)پرسیاریان لەئەبوبکری صـدیق کـردووە ئەویش وتویەتی: من لـەخۆمەوە ئەم وەڵامەتان دەدەمـەوە ئەگـەر پێکـام ڕاسـت دەرچوو ئەوە لەخواوەیە، ئەگەر هەڵەبووم ئـەوە لـەمنو لەشـەیتانەوەیەو خـواو پەیامبەر بێتاوانن, وشەی (کلالة) بەکەسێك دەوتـرێ نـەکوڕی هـەبێو نـەباوك، قورتوبیش لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: وشەی کەلالـە لەئکلیل (الاكليل)ەوە هـاتووە,




بێ گومان ئەمەش خەملاندنەو هیچ بەڵگەیەك نییە بۆئەوەی وشەی (كلالـة) لە(الاكليل)ەوە هاتبێت. تەبەری بیستو حەوت واتای بۆ وشەی (كلالە) هێناوە ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی ماناكەی نازانن.

(منتجمري واط)پێی وایە نزیكەی حەفتا وشە لەقورئاندا بەكارهاتووە كەعەرەبی نین، نیوەی وشەكان لەو ئاخاوتنانە وەرگیراون كەلەئایینی مەسیحیدا بەكاردەهێنران، بەتایبەت زمانی سریانیو ئەسیوبی، نزیكەی بیستو پێنج وشەش لەعیبریو ئارامیو هەندێك وشەی سادەی فارسیەوە وەرگیراون.[21]

چەند وشەیەكیش لەقورئاندا هەن وادەردەكەوێ مەبەستی ماناكەی پێچەوانەبێت، بۆنموونە لەسورەتی تەها (طه-15) هاتووە {إِنَّ السَّاعَةَ ءاَتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَى}

(رۆژی قیامەت بەرێوەیەو نزیكە بیشارمەوە) لەراستیدا رووداني قیامەت شاراوەیەو كەس نازانێت كەی دێت، لەوانەیە قورئان لێرەدا مەبەستی دەرخستنی بێت (اظهرها) نەك شاردنەوە قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: ئایەتێكی گرفتاویە، سعید بن جبیر ریوایەت دەكاتو دەڵێ: ماناكەی دەرخستنە

21 Introduction to The Quran, W Montgomery Watt and Richard Bell, Edinburgh, p 85




لەشاردنەوەی شتێکدا, لێی دەشارمەوە کەواتە لێم دەرخست. هەندێك لەشارەزایانی ڕێزمانیش دەڵێن: دەکرێت وشەی (أخفيها) بە زەمەی هەمزە بنوسرێت وماناکە دەرخستنە. بەمەدا دەردەکەوێت کەشارەزایانی ڕێزمانیش هیلاکن بەدەست تەفسیری ئەم ئایەتەوە، ئەی ئیتر بۆ خەڵك بەگشتی ئەبێ چۆن بێت؟!

لەهەندێك حاڵەتیشدا قورئان ئەوشتانە پێچەوانەدەکاتەوە کەلەناو خەڵکا ناسراوو ئاساین، بۆ نموونە لەسورەتی (البينه-2-3) {رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُّطَهَّرَةً , فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ}

(ئەویش پەیامبەرێکە لەلایەن خواوە پەڕەو نامەی بێگەردیان بەسەردا دەخوێنێتەوە، چەندەها کتێبی پڕبەهای تێداهەیە).

ئەوەی زانراوە ئەوەیە کەکتێب چەندین پەڕاوی تێدایە نەك بەپێچەوانەوە کەلەقورئاندا هاتووە، بەڵام باوازبهێنین بزانین قورتوبی لەتەفسیرەکەیدا لەسەرئەم ئایەتە چی ووتوە: وشەی (کتب) کتێبەکان لەم ئایەتەدا بەمانای یاساکان هاتووە چونکە خوا فەرموویەتی {كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ}[22]

22 سورة المجادلة 21

بەمانای دادوەری بۆ زۆرینـە، هـەروەها دەڵـێ: سـوێند بـەخوا نێـوانی ئێـوە بەکتێبی خوا داوەری دەکەم. ئینجا داوەری دەکاو حـوکمی ڕەجـم دەردەکـات لەکاتێکدا حوکمی ڕەجـم لەقورئانـدا نەنوسـراوەتەوە. هـەروەها دەڵـێن کتێبـە پڕبەهاکان قورئانە، لەبەرئەوەش نوسراوە (کتـب- کتێبـەکان) چـونکە جۆرەهـا بەڵگەو قەواڵەی لەخۆگرتووەو ئاشکرابووە.

جا ئایا خوێنەر بەم تەفسیرە رازی دەبێ؟.. مـن رازی نـەبووم. قورتـوبی وەك ڕاڤەکارەکانی دی بەدەوری بازنەیەکی بۆشـدا دەخولێتـەوەو هەوڵـدەدات لـەم دەردی سـەرییە دەرگـای رزگـاربوونی خـۆی بدۆزێتـەوە کەتیێـدا وایـداناوە لەپەڕاودا کتێب هەبن نەك بەپێچەوانەوە.

نموونەی زۆرهەن لەبەکارهێنانی چەندوشەیەکی نەزانراو نەناسراو لەقورئانـدا تەنها بۆئەوەی لەگەڵ سەرواکاندا دێتەوە بەکارهاتوون. کاتێـك کـەقورئان ئـەم جـۆرە وشـە نەناسـراوانە بۆهاتنـەوەی سـەرواکان بـەکاردەهێنێ ئـەوا هـیچ ڕەوانبێژییەکی تێدانابینرێ. پێویست وابـوو قورئـان بـەزمانێکی عـەرەبی ڕوونو ئاشکرا (بلسان عربي مـبين) بنوسـرێ لەلایـەن هـەموو کەسـێکەوە بناسـرێنەوە کەچی زانیمان وانییەو راڤەکارانیش زەحمەتێکی زۆر دەچێژن بۆ شـیکردنەوەیان، ئیتر ئەبێ لای موسوڵمانی عەوام چۆنبێت؟




نموونەی زۆر هەن کەقورئان چەندین وشەی نامۆی بەکارهێنابێت تەنها بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرواکەدا بگونجێت. لێرەدا ئەو کاتەی کەقورئان ئەم وشە نامۆیە بەکار دەهێنێت هیچ ڕەوانبێژییەکی زمانەوانی بەمانای تێگەشتنی تێدا نییە, مادامەکی قورئان بەزمانی عەرەبیی ڕوون دابەزیوە دەبوو بەزمانحاڵی عەرەب دابەزیبایە, بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەتا زانایانیش بەزەحمەت زۆربەی وشەکان شیدەکەنەوە, جائیتر بۆ خەڵکە عەوامەکە چی بڵێین.! لەسەرەتاکانی ئیسلامدا لەلایەن موعتەزیلەکانەوە تێبینی ئەم چەمکە کرابوو، لەوانە (ابراهیم النظام) کەوتبوی ڕیزبەندیو زمانەوانی قورئان هیچ موعجیزەیەکی تێدانییە. نوسەرو دادوەری ئەندەلوسی (ابو محمد بن احمد بن حازم) لەکتێبەکەیدا (الملل و النحل) پشتگیری لەم بۆچونە کردبوو، هەروەها لەناو موعتەزیلەکانیشدا (ابو الحسن عبدالرحمن بن محمد الخیاط ).[23]

هەروەها لەناو زۆر لەئایەتەکاندا هەڵەی ڕێزمانی هەیە، بڕوانە سورەتی (المائدة–69) {إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّابِؤُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وعَمِلَ صَالِحًا فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ}

23 Ali Dashti, p. 48




یاسای ڕێزمان وادەخوازێ کەوشەی (الصائبون) مەنصوب بێت چونکە ناوی (ان)و هەموو ناوێکی دیکەی (ان) لەئایەتەکەدا مەنصوبە (مەبەست لەپێناسەی ڕێزمانی عەرەبییەو نوسەر بەو یاسایە ڕەخنەکانی دەخاتەڕوو، ئەوەی شارەزایی لەتەواوی لەڕێزمانی عەرەبیدا هەبێت زۆر بەئاسانی لەمەبەستی نوسەر تێدەگات-وەرگێڕ) هەموو ناوەکان مەنصوبن جگە لە(الصائبون) ڕاستر وابوو کە(الصائبين) بوایە. گەر بڕوانینە ئایەتی 17 لەسورەتی (حج) دەبینین ئەم وشەیە بەڕاستی نوسراوە الصائبين کەهەردەبی واش بێت.

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ}

هەروەها لەسورەتی (النساء-162) دا {لَّكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ وَالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَالْمُقِيمِينَ الصَّلاَةَ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أُوْلَئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا}

وشەی (المقيمين) لەگەڵ بنەماكانی ڕێزمانی ناسراوی عەرەبیدا نایەتەوە، وشەیەکی عەتفە لەسەر (الراسخون)و پێویستە مەرفوع بێتو مەنصوب نییە وەك لەئایەتەکەدا هاتووە. مەعتوف بەبەردەوامی جێکەوتەی ئەوەیە کەعەتفی لەسەرە. قورتوبی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: (الحسن)و (مالك بن دينار)و هەندێکی دی




بەعەتف (المقيمون)یان دەخوێندەوە، بەڵام (سيبويه) دەڵێ: نەصبە لەسەر مەدح.

ئەمەش ئەو قسە بەناوبانگەی یەكێك لەعەرەبە ئەندەلوسییەكانمان وەبیردێنێتەوە كەكاتێك دادوەری ئەندەلوسی (ابو محمد علی بن حزم) ووتی قورئان لەناوەڕۆكدا هەڵەی ڕێزمانی تێدایە، پیاوە ئەندەلوسییەكە پێی ووت: جا كەئێمە قورئانمان هەبێت ڕێزمانمان بۆچییە؟.. ئەگەر قورئان لەگەڵ ڕێزماندا یەك نەكنەگرنەوە پێویستە بنەماكانی ڕێزمان بگۆڕین, هەرئەمەش لە(سيبويه) تێدەگەین چونكە دەڵێ ئەو وشەیە نەصبە لەسەر مەدح.

لە سورەتی (الحجرات-9)دا {وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ }

وشەی اقْتَتَلُوا دەبوو بنوسرایە (اقتتلا) چونكە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خێڵ واتە دوانەنو (اقْتَتَلُوا) هێمایە بۆ كۆ (جمع)

لەسورەتی (الحج-19)دا {هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ}

وشەی (اختصموا) پێویست بوو بنوسرێ (اختصما) چونكە دەگەڕێتەوە بۆ دووان نەك بۆ كۆ. (خصمان).




هەروەها لەسورەتی (بەقەرەدا –177) {لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ}

بەرووني ديارە نيوەرستەی (ولكن البر من آمن بالله) لەگەڵ لۆژيكی ئايەتەكە نايەتەوە، راستتر دەبوايە بنوسرايە (ولكن البار...) بۆئەمەش ريزمانەوانی گەورە (محمد يزيد المبرد) هەمان بۆچوونی هەيە، تەفسيری جەلالەينيش دەڵێ: بە (البار) خوێندراوەتەوە.[24]

لەسورەتی (طه–63) {قَالُوا إِنْ هَـٰذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى}

وشەی (هذان) ناوی (إن) پێویستە مەنصوب بێتو بنوسرێن (هذين) واباس دەكەن كەعوسمانی كوڕی عەففان بە (هذين) خوێندویەتیەوە هەروەها عائیشەی خێزانی پەیامبەریش. تەفسیری جەلالەین دەڵێ: بەخۆیانیان ووت (ان هذين).

24 تفسير الجلالين، الطبعة الثالثة، ص 27 (مصدر سابق)




بەڵام قورتوبی دەڵێت (ابو عمرو) بە (ان هذين لساحران) دەیخوێندەوەو ئەمەش لەعائیشەو عوسمان وچەند صەحابەیەکی دیکە دەگێڕنەوە، هەروەها (الحسن، سعید، جبر، ابراهیم النخعی)و چەندانی دیکە لەشوێنکەوتوان (تابعین) بە (هذين) دەیانخوێندەوە، هەروەها لەلای (عیسی ابن عمرو، عاصم الجحدری)و ناوی (النحاس)یشمان بردووە بە (هذين) خوێندویانەتەوە. ئەم شێوە خوێندنەوەیەش لەگەڵ ڕێزماندا دێتەوە بەڵام لەگەڵ قورئاندا ناکۆکە.

دەڵێن (عبدالله مسعود) بە (ان هذان ساحران) خوێندویەتیەوە، (الكسائي) لەخوێندنەوەی عەبدوڵلادا (ان هذان ساحران) وەریگرتووە، (أبی بن کعب)یش وتوویەتی: کەئاوای دەخوێنمەوە (ان هذان) شەرم لەخوا دەکەم.

ئەمەی دواین کەس دەزانێ کەهەڵەیەکی ڕێزمانییە وشەرم لەخوادەکا کەبڵێ (ان هذين) چونکە ناچێتە ئەقڵەوە خوا لەرێزماندا هەڵەبکات.

لەسورەتی (الاعراف-160) {وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ}




هەمومان دەزانین تایبەتمەندێتی ژماردن بەهۆی جیاوازی ژمارەوە جیاوازی تێدەکەوێ. ژمارەکان لەیەکەوە بۆدەیەو دواتریش کۆ دەبێت. بۆنموونە (تسعة النساء) ئیتر لەیانزە بەرەوژوور وشەکە تاك دەبێ چونکە کۆماناکە دەدرێتە ژمارەکەو دەڵێین: (اثنى عشرة سبطا) (دوانزدە هۆز) نەك (اثنى عشرة اسباطا- دوانزدە هۆزەکان).

هەروەها لەقورئاندا چەند ئایەتێك دەبینین کەنیوەی ئایەتەکە هیچ پەیوەندییەکی بەنیوەکەی دیکەیەوە نییە. بۆ نموونە سورەتی (النساء-3) وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا.

ئەگەر لەوە ترسان کەدادپەروەر نەبن لەگەڵ کچە هەتیوەکانتاندا, ئەوە لەئافرەتانی دیکە ژن بهێنن دوو دوو, سێ سێ, چوار چوار, ئەگەر ترسان لەوەی کەناتوانن لەنێوانیاندا دادپەروەر بن, ئەوە یەك ژن بهێنن لەگەڵ ئەو کەنیزەکانەی کەهەتانە بۆ ئێوە ئیتر بەسە کەستەم نەکەن.

ئایا پەیوەندی دادپەروەری کچی هەتیو بەژنهێنانی دوانو سیانو چوارەوە چییە؟ قورتوبی دەڵێت: (ئەگەر ترسان لەدادپەروەری کچە هەتیوەکان - لەمارەییو نەفقە- ئەوە بالەژنانی دیکە بهێنن). لەعائیشەوە دەگێڕنەوە

(لەوەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: کچە هەتیوو لەماڵی بەخێوکەریدایەو بەسامانەکەی (واتە سامانی کچە هەتیوەکە –وەرگێڕ) هاوبەشی خاوەن ماڵ دەکاو خاوەن ماڵ جوانیو سامانی ئەم کچە هەتیوە دەچێتە دڵیەوەو دەیەوێت بیخوازێت بەبێ ئەوەی دادپەروەری لەگەڵ بکات چونکە هەرئەوەندەی مارەیی دەداتێ کەپیاوێکی دی دەیدات.

لەبەرئەوە نەهییان لەونیکاحە کردووە ئەگەر دادپەروەرزانە لەگەڵی نەجولێنو زورترین مارەییان نەدەنێ وزیاتر نەبێ لەوەی دەیدەن، ئەگەر..نا فەرمانیان پێکراوە جگە لەوان ژنی دیکە بهێنن ئەوەندەی بۆیان دەکرێت.

(ابن عباسو ابن جبیر) دەڵێن: مانای (ان خفتم الا تقسطوا في اليتامى) ترسیان لەژنان لەوەوە هاتووە کەکاتی خۆی ڕێگرییان لەکچە هەتیو دەگرتو پلاریان تێدەگرتنو لەژنانی دیکەیان نەدەگرت).

تەفسیری عائیشە هیچ پەیوەندیەکی بەواقیعەوە نییە، چونکە کچە هەتیو لەماڵی بەخێوکەریدایە کەزۆربەی جارەکان مامی کچەکەن یان خاڵی کچەکەنو مارەکردنیان لەلایەن ئەوانەوە کارێکی حەرامەو ناتوانێ زەواجی لەگەڵ بکات جائیتر تەماحی لەجوانیەکەی کرد یان لەداراییەکەی یان تەماح نەکات..!! ئایا




لەورۆژانەدا چەند هەتیو هەبوونو دەوڵەمەندبوون هەتا پێویست بکات ئایەتێکی قورئانی بۆدابەزێتو ڕێگە لەبەخێوکەری بگرێت ماڵو داراییەکەی نەخوات؟!

تەفسیرەکەی تریش لەگەڵ لۆژیکدا پێکنایەت. (ئەگەر زانیتانو لەوەترسان دادپەروەری لەنێوان کچە هەتیوەکاندا ناکەن) مارەیی ژنەکانی دیکەدا چۆنە؟ (ژنی دیکە بهێنن) ئەی دادپەروەری لەمارەیی ژنەکانی دیکەدا چۆنە؟ ئایا ئەمە ڕەوای هەقە دادپەروەر نەبین لەپێدانی مارەییداو بچین ژنی دیکە دوو دوو، سێ سێ، چوارچوار بهێنین؟ من پێموایە ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك ناچێت بەلای مارەیی ژنی هەتیوودا، بەڵکو تایبەتە بەهەتیوی بچووك لەهەردوو ڕەگەز کوڕو کچ، کەباوکیان مردووەو لەسەرشانی مامیان یان خاڵیان جێی هێشتوون.

بەهەرهۆیەك بێت (قسەکەری ئایەتەکە) ئەم نیوە ئایەتەی تەواو نەکردووە ڕەنگە ئەوکەسەی قورئانی کۆکردۆتەوە بەهەڵە ئەمەی نوسیبێت، هەروەها ڕەنگیشە نیوەی دووهەمی ئایەتەکە لەکاتی کۆکردنەوەی قورئاندا بەهەڵە لەوشوێنەدا دانرابێت، یان بەشی نیوەی یەکەمی تیاچووە وەك زۆرلەو ئایەتانەی کەپێشتر باسمان کردون.




لەسورەتی (فاطر-8) {أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ}

(ئایا ئەوكەسەی كەكردەوە خراپەكانی بۆ رازێنراوەتەوەو بەجوانیو چاكی دەبینێ، بەراستی خوا ئارەزووبكات هەركەس گومڕابكات دەیكاتو هەركەسێكیش هیدایەت بدات دەیداتێ، تۆ خەفەتیان بۆ مەخۆو خۆت مەفەوتێنە، بەراستی خوا بەئاگایە لەوكارانەی دەیكەن.

لەسەرەتای ئایەتەكەدا پرسیار دەكات (ئایا ئەوكەسەی كەكردەوە خراپەكانی بۆ رازێنراوەتەوەو بەجوانیو چاكی دەبینێت) بۆ لەم كاتەدا مرۆڤ پێشبینی ئەوەدەكات كەبەراوردێك بكات لەگەڵ كەسێكی دی وبلێ (كمن اهتدى)، بەڵام لەجیاتی ئەم بەراوردكاریە دەبینین نوسراوە (خوا ئارەزوو بكات هەركەس گومڕابكات ئەوە دەیكات) سەرەتای ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەناوەڕاستو كۆتایی ئایەتەكەوە نییە، قورتوبی وتویەتی: (ئەمە قسەیەكی عەرەبی نوێیەو كەم كەس دەیزانێ) بەڵام قورئان بۆ كەسانی كەم دانەبەزیوە.!

هەندێك ئایەتیش هەن رستەی ڕەخنەیان تێدایە كەچی هیچ لەمانای ئایەتەكە ناگۆڕێو هیچ هۆیەك نییە ئەو رستەیە بچێتە ناو ئەو ئایەتەوە. بۆ نموونە

لەسورەتی (الانعام-151) {قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلاَّ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلاَدَكُم مِّنْ إمْلاَقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلاَ تَقْرَبُواْ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ}

(ئەی پەیامبەر بەخەڵكی بڵێ وەرن بائەو شتانەتان پێ بڵێم كەپەروەردگار لەسەرتان حەرامی كردوون شەریك بۆخوا دامەنێن، ڕەفتارتان لەگەڵ دایكو باوكتاندا چاك بێت، منداڵانتان لەسەر برسێتیو نەداری مەكوژن چونكە ئێمە رزقو رۆزی ئێوەو ئەوانیش دابیندەكەین، نزیكی تاوانی ئاشكراو پەنهانی مەكەون، هیچ كەس مەكوژن كەخوا حەرامی كردووە بەحەق نەبێت، ئەوەی كەبۆم خوێندنەوە بۆئەوەیە بەڵكو ژیرو هۆشمەندبن).

هەموو ئایەتەكە باس لەچەند شتێك دەكات كەخوا حەرامی كردووەو نەهی لێكردووە، بەڵام لەناوەڕاستی ئایەتەكەدا نوسراوە (لەگەڵ دایكو باوكتاندا ڕەفتار چاك بن) ئەم حوكمەش بەڕوونی دیارە كەلەحەرامكراوەكان نیە بەڵكو بەسەهو لەو شوێنەدا جێی بۆكراوەتەوەو خوا چاكی لەگەڵ دایكو باوكدا حەرام نەكردووە.




چەند وشەيەكيش بەزيادە خراوەتە ناو چەند ئايەتێك كەزەحمەتێكی زۆری بۆ راڤەكاران دروست كردووە، سورەتی (الانبياء-104)دەڵێ: {يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاء كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ}.

(رۆژێك دێت ئاسمان دەپێچينەوە وەك چۆن لاپەڕەكانی كتێبێكی كراوە دادەخرێت، ئەئاوا دايدەخەين‌و وەك سەرەتاوەی لێدەكەينەوە ئەوە پەيمان بێت لەسەرمان‌و بێگومان ئەنجاميشی دەدەين).

وشەی (كتب) هيچ سودێك بەماناكەی ناگەيەنێت بەڵكو شيكردنەوەكەی ئاڵۆز دەكات. (ابن عباس و مجاهد) دەڵێن: وەك داخستنی پەراوەكراوەكانی كتێب واتە: وەك داخستنی پەڕاوگە بەهەموو ئەوشتانەوە كەلەسەری نوسراون، ئەو لامەی بەوشەی (كتب)ەوە نوساون واتە (لەسەر)و ئيبن عەباسيش هەرواى وتووە.

لەريواتێكی ديكەدا هاتووە: (سجل) لەكۆندا ناوی يەكێك لەنوسەری سروش (كاتب وحی) بووە، وشەی (سجل) لەبنەڕەتدا واتە (دلو) گوتراوە (ساجلت الرجل، اذا نزع دلواً ونزعت دلواً).

بۆچونێكی دیكەش هەیە كە(سجل) نوسینی دوو شاعیر دەگرێتەوە پێكەوە چەند كۆپلەیەكی شیعری بنوسن، ئیتر ئەم وشەیە خوازراو بوو بە (مكاتبە- مساجلە) كەواتە (سجل) پەڕەیەكی نوسراوە. ڕۆژێك دێت ئاسمان وەك پەرەی كراوە دادەخەین. ئەوەی واتای ئایەتەكەی دژوارو ئاڵۆز كردووە وشەی (للكتب)ە.

لەسورەتی لوقماندا كاتێك لوقمان ئامۆژگاری كوڕەكەی دەكات:

{وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ, وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ, وَإِن جَاهَدَاكَ عَلى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ, يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ, يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ, وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ, اقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ}

(لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی کردو پێی وت: کوڕەکەم هاوەڵ بۆ خودا دامەنێ، هاوەڵدانان ستەمێکی زۆر گەورەیە، ئێمە فەرمانمان بەمرۆڤ داوە ڕەفتاری چاك لەگەڵ دایكو باوکیاندا بنوێنێت دایکی بەئازارو لاوازیو بێتاقەتییەوە هەڵیگرتووەو بڕینەوەشی لەدوای دووساڵ فەرمانمان پێدا ئەی مرۆڤ سوپاسگوزاری منیشو دایكو باوکیشت بە, هەر بۆلای منیش دەگەڕێنەوە، گەر دایكو باوکت هەوڵیاندا بەبێ هیچ بەڵگەیەك هاوەڵ بۆ من بڕیاربدەی ئەوە ملکەچیان مەبەو لەدونیادا باش بە بۆیان, شوێنی ڕیبازی ئەوانە بکەوە کەبۆلای من دەگەڕێنەوە چونکە لەوەودوا گەڕانەوەتان بۆلای منەو پێتان دەڵێم کەلەدونیادا چیتان کردووە، ئەی کوڕم گەر گوناهێك بەقەد تۆوی خەرتەلەیەك هەبێتو لەناوبەردێکداو لەئاسمانەکان یان لەزەویدا حەشار درابێت خوا دەیهێنێتەوە مەیدان چونکە خواشتی لێ شاراوە نییەو بەئاگایە، ئەی کوڕم نوێژبکەو فەرمان بەچاکەبدەو قەدەغە لەگوناه بکە ئارام بگرە لەو ناخۆشیانەی توشت دەبێت ئەوانەی لەسەرت نوسراون هەردەبێت ڕووبدەن لەخەڵکی ڕووت وەرمەگێرە بەسەر زەویدا بەنازو فیزەوە مەڕۆ بەڕێدا خوا هەموو کەسێکی بەفیزو فەخر فرۆشی خۆش ناوێ، هەوڵ بدە لەڕۆشتندا ڕیكو پێك هەنگاو بنێ دەنگت نەرمو لەسەر خۆبکەرەوە چونکە بێزارترین دەنگ دەنگی کەرە).




لەئایەتی سیانزەدا ئەوەی قسەدەکات لوقمانەو وەعزی کوڕەکەی دەکات، دوایی لەناکاو لەئایەتی چواردەدا قسەکەر دەبێتە خواو ئامۆژگاری مرۆڤ دەکات کەلەگەڵ دایكو باوکیدا چاك بێتو دووگیانی (حمل) دەخاتە سەرو شیردەری بەدووساڵ دیاری دەکات دوایی منداڵ لەدایك جیادەکاتەوە، لەئایەتی پانزەشدا خوابەردەوام وەعزی مرۆڤ دەکات. دوایی لەناکاو دەگەڕێتەوە سەر قسەکەرێکی دی کەلوقمانەو ئایەتی شانزەو ئایەتەکانی تر ئامۆژگارییەکانی بۆ کوڕەکەی پێ تەواو دەکات, ئایەتەکانی چواردەو پانزە بەشێوەیەکی هەڵە خراوەتە ئەوشوێنەو لەبنەڕەتدا بەشێکی ئەو سورەتەنین.

بائەم ئایەتانەی پاڵ یەك لەسورەتی (المعارج) بخوێنینەوە

{فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ }

{عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ}

{أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ}

{كَلَّا إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّمَّا يَعْلَمُونَ}. [25]

دوایین وشەی دوو ئایەتی یەکەم لەگەڵ ئەوەی سەروادارن بەڵام بیستنیان گرانەو گومان دەکەین کەوشەکان عەرەبی بن، بەڵکو لەدەروازەیەکی نامۆوە

---

[25] آيات 36 – 39




ئاخاوتنی پێکـراوه تـا وه‌ك كاهینـه‌كان له‌كۆنـدا ده‌یـانكرد كاریگـه‌ری به‌سـه‌ر ده‌روونی گوێگره‌وه هه‌بێت, دوو ئایه‌ته‌كه‌ی دواتـر لـۆژیكی تێـدا له‌وشـه‌كان سه‌رسورهێنه‌رتره كه‌ده‌ڵێت: (ئایا هه‌ریه‌ك لـه‌وانه به‌ته‌مان بچنه به‌هه‌شته‌وه، نه‌خێر ئێمه له‌شتێك دروستمان كردوون كه‌خۆیان ده‌زانن چییه.)

. خوا ده‌ڵێ نابێ به‌ته‌مای ئه‌وه‌بن بچنه به‌هه‌شته‌وه چونكه لـه‌تۆو دروسـتمان كردوون، به‌ئاوی ره‌حه‌تبوون دروست كراونو خۆشیان ده‌زانن، جاله‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌و ئاوه دروست كراون نابێ به‌ته‌مای ئه‌وه‌بن بچنه به‌هه‌شته‌وه.

قورتـوبی له‌ته‌فیـسیره‌كه‌یدا ده‌ڵێـت (بێباوه‌ڕه‌كـان گاڵتـه‌یان به‌موسـوڵمانان ده‌كرد ئیتر خوا وتی: ئێمه له‌شتێك دروستمان كردون كه‌خۆشیان ده‌زانن چییه، ئه‌وشته‌ش پیسه‌و شایانی ئه‌و فیزو لـه‌خۆبایی بونـه‌یان نییـه) سـه‌رباری ته‌فـسیری قورتوبی لۆژیك به‌نامۆیی ده‌مێنێته‌وه, فلاَنه كه‌سه‌كان له‌شـتێكی پـیس دروسـت كراونو نابێ له‌خۆیان بایی بن‌و به‌ته‌مابن بچنه به‌هه‌شت!!.

له‌سوره‌تی (القیامه–14) {بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَـصِيرَةٌ} لـه‌جیاتی ئـه‌وه‌ی بلێ (بصیر) تا پێناسه‌ی مرۆڤ بكات ده‌ڵێ: (بصیره) موفه‌سـیره‌كان ده‌ڵـێن (ة)ی كۆتایی بۆ زێده‌ڕۆییه (مبالغه). ئێمه‌ش پرسیار ده‌كه‌ین چ پێویست بـه زێـده‌ڕۆیی

دەكات؟! لێرەدا قورئان باسی حەقیقەتێك دەكات كەئەویش مرۆڤ خۆی شاهیدە بەسەر خۆیەوە، ئیتر بۆچی پێویست بەزیادەڕۆیی دەكات؟!

لەم دەرخستەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە لەناو قورئاندا چەندین شت هەن ئاسایی نین و نوێنەرایەتی هیچ جۆرێك لەڕەوانبێژی دارشتنەكەی ناكەن، بەڵكو سەروا فەرزی كردووە كەهیچ سورەتێكی قورئان بەبێ سەروا (سجع) دانەرێژراوە. هۆكەشی وەك پێشتر باسمان كرد ئەوەیە كەنوسینی سەروا لەبەركردنی ئاسانترە، لەبەرئەوەی ئەوكاتانەی وەحی دادەبەزی لەبەردەكران هەردەبوو بۆئاسانكاری سەروا بەكاربهێنرێت تا لەبەركردنی ئاسان بێت.




## سحر لەقورئاندا

ئەو هۆکارانەی بۆ جەنگی ئاسایی‌و ئاسان لەدژی هێزی شەڕ لەلای مرۆڤی سەرەتایی هەبوون بەس نەبوو بۆ شەڕ لەدژی هێزی دڕندە, بەخەیاڵی خۆی وێنای چەند بونەوەرێکی کرد کەبەهێزی لەڕادە بەدەری دەتوانیٚ زۆرانبازی دوژمنانی پێبکات. وادەهاتە خەیاڵیانەوە کەئەم بونەوەرانە دادی ئیلاهین‌و پشتیان بەو هێزەیە کەلەئاسمانەوە دەستیان دەکەوێت.. ئەم هێزانە ناونران بە(جن–جنۆکە)و دابەشیان کردون بەسەر جنۆکەی خێر کەمرۆڤ لەرێگەی ئەم جنۆکانەوە دەتوانیٚ ئەو شتانە بۆخۆی دەستەبەر بکات کەلەتواناى خۆیدا نییە ، هەروەها بەسەر جنۆکەی شەڕیش بۆ تۆڵەسەندنەوە لەدوژمنان یارمەتیدەریان بێت‌و بۆ ئەمەش هێزو ناوو سیفەتی بەدەر لەئاساییان خستە پاڵ جنۆکەو بەخوایان شوبهاند.

مرۆڤ وای بۆ دەچوو کەکۆمەڵگەی جنۆکە وەك کۆمەڵگەی مرۆڤە لەرووی پێکهاتەوە وەك یەك نین، دادوەرو بەڕێوەبردنو خێرو شەڕی تێدایە، بەلاٚم یەکێك لەسیفەتەکانی ئەم گۆمەڵگەیە (جنۆکە) ئەوەیە لەماڵی مرۆڤدایەو لەگەڵی دەژی‌و دەچێتە لەشو دەچێتە جلو خواردنو بیرو پەیوەندیە سێکسیەکانیەوە.




مرۆڤ بەشێوەیەك وێنای جنۆكەی كردووە كەبەچاوی ئاسایی نابینرێت هەر بۆیە شێوازێكی تایبەتی بۆ مامەڵەكردنی نێوان خۆیو ئەوان رێكخست, لەسەر كەسایەتی خۆشیان سیفەتی ناوازەیان بۆ پێكهاتەو شوێنی ژیانو دەنگو رەفتار زیاد كرد. بەلاّم چەند شتێكی دیكە لەهزری مرۆڤدا وایلێكرد بۆ گەیشتن بەئامانج بگەرێت بەشوێن چەند وەسیلەیەكی نوێدا، وەسیلەیەك كەبتوانیٚ ببینیۆ دەستی بۆ بەرێت لەكاتێكدا كەناتوانێت كەسایەتی جنۆكە ببینێت یا دەستی بۆ ببات، لێرەوە مرۆڤ بەرەو رووی سیحر چوو.[1]

(ابن خلدون) پێناسەی سیحری كردووە كە(زانستێكە بەچۆنێتی ئامادەكردنی وزەو توانستی دەروون لەناو ئادەمیزاددا لەسەر ئەو كاریگەریانەی لەجیهانی توخمەكاندا هەیە بەبیٚ دەستنیشانكردن).[2]

بوخاریش كاهینو سیحری پێكەوە كۆكردۆتەوە، چونكە سەرچاوەی سەرەكی هەر دوولایان یەك شتە ئەویش شەیتانەكانن.

[1] سليمان مظهر: قصة الديانات ص 25 (مصدر سابق)

[2] مقدمة ابن خلدون، المجلد الثالث، ص 126 / نقلاً عن تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 338 (مصدر سابق)




(ابن خلدون) سیحری بەسەر سیٚ جۆردا دابەش کردووە: سیحریٚك بەو واتاو تیٚگەیشتنەی لای فەیلەسوفەکان هەیە کەئەویش کاریگەری خواستە لەرادەبەدەرەکانە بەبیٚ بەکارهیٚنانی هیچ ئامرازیٚك (سایکۆکنیزیس, وەرگیٚر)، هەروەها تەلٚسەم، ئەمەش کاریگەرییەکی دیاریکراوە کەلەمیزەو جولٚەی هەسارەو توخمەکانیان سەرچاوە دەگریٚ، یاخود تایبەتمەندییە سەرنجراکیٚشەکانی خودی ساحیر کەکاریٚك دەکات بینەر لەدەرەوە شتیٚك ببینیٚت کەلە راستیدا هیچ شتیٚك نییە. ئەم دوایین پیٚناسەیەش بەسەر سیحرەکاندا جیٚگیر بووە. هەروەها سیحر لەلای زانایانی زمانەوانی ئیسلام ئەو کارەیە کەلە شەیتانی نزیك دەکاتەوە.

لەو میٚژووە کۆنەی کەگەیشتۆتە لامان تیٚیدا سیحرو یەهود پیٚکەوە گریٚدراون، نوسراوەکانیان دەگەڕیٚەوە بۆ سولەیمانو جنۆکەکانی، ئەمەش بەلٚگەیە لەسەر کایگەری یەهودو ئەفسانەکانیان لەم دەروازەیەوە هەروەها لەسەر دەروونی خەلٚکی جاهلی ئەو سەردەمەش. لە راستیدا زۆرینەی ساحیرەکان یەهودی بوون، جاهیلەکان لەناوچە دوورەکانەوە دەچوونە لایان چونکە باوەڕیان بەزانستەکەیان هەبووە. یەهودیەکان زانستەکانیان دەگەڕاندەوە




بۆ (بابل)، لەبەر ئەوە دەبینین حەدیسەکانو مێژووی عەرەب زانستی سیحریان گێڕاوەتەوە بۆ بابلو یەهودییەکان.

موسڵمانەکانیش زۆرترین باسی سیحریان لەعیبرانیەکانەوە وەرگرتووە بەتایبەت لە(وهب بن مینە)و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا بوونو لەیەهودییەوە بوونە موسڵمان.

بەهەمان شێوە ڕاڤەکاران ئاماژە بۆ کاریگەری میسرییەکان دەکەن لەسەر سیحری یەهودییەکان، هەروەها کۆکراوەی هەموو سیحرەکان لەچەند کتێبێکدا کەلای سولەیمان پارێزراو بوون بەسیحرەکەی مرۆڤو جنۆکەی ڕێکدەخست. دوای مردنی سولەیمان شەیتانەکان سەرۆکەکانی ئیسرائیلیان بەشوێن گەنجینە گەورەکەی سولەیمان ئاگادار کردو ئەوانیش دەریان هێناو لێوەی فێری سیحر بووون.[3]

جیاوازی نێوان کاهینەکانو ساحیرەکان ئەوەیە کاتێك کاهینێك پێشبینی دەکات بەڵگەکانی ئەو قسانەن کەبۆ خەڵکی دەیانکات، بەڵام سیحر کردارێکی کاریگەرە لەسەر ڕۆحەکان تا ئەو کارە بکەن کەداوایان لێدەکرێت.

[3] عمدة القارئ، المجلد الاول، ص 278 / نقلاً عن تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 338 (مصدر سابق)




ناتوانرێت سحرێك بكرێت گەر بەكارێكەوە گرێ نەدرێت. هونەرێكی لەم شێوەیەش بەراستی خەڵەتێنەرە، خەڵكانێكیش هەن بۆ خێری خۆی یان گەیاندنی زیان بەدوژمنانی نایانەوێ گاڵتەو سوكایەتی بەهێزی شاراوە بكات. لە بەر ئەم هۆیە ساحیرەكان كاریگەرییەكی ترسناكیان لەسەر مێژوو هەبووە، سەربارەی بەرگری هەندێك ئاین لێیان.!!

سحر لەعیبریدا ناودەبرێ بە(Keshef) ئەم وشەیەش وەك زۆربەی زاراوەكانی دیكەی عیبرانی پەیوەندی بەروحە پەنهانەكانەوە هەیەو بنەرەتییەكەی نازانرێ چییە. یەهودیش شێگیر بووە لەسەر سحرو سیحربازەكان بەڵام نەیتوانیوە لەناو عیبرانیەكاندا لەناوی ببات.

كاری سحر بەسحر بەتاڵ ئەبێتەوە، كاتێك ژنێك هەوڵدەدات سیحر لەمێردەكەی بكات تا لەناو ژنەكانی تریدا تەنها لای ئەم بێت‌و دوو بەدوو بن، هەر دەبوو لەبەرامبەر ئەم كارەیدا ڕووبەڕووی هەمان كار ببێتەوە لەلای ژنەكانی دیكە.

سحر بۆ داگیرساندنی ئاگری عەشق بەكار دێت، هەروەها بۆ بەرێوەچونی كینەو رقیش لەدەرووندا بەكار دەهێنرێت، ساحر چارەسەری گەلێك نەخۆشی دەكات، بەڵكو هەموو نەخۆشییەك، چونكە نەخۆشی لەبۆچوونی ساحیرە




کۆنەکاندا هیچ نەبووە جگە لەوەی روحێکی شەڕاوی لەگەڵ لەشی نەخۆشدا تێکەڵاو بووەو لەشی نەخۆشیش بەدەرکردنی ئەو رۆحە نەبێت چاك نابێتەوە. دەرکردنی روحیش لەتایبەتمەندییەکانی ساحیرەکانە. وشەی (طبيب) لەم سەرچاوەیەوە سەریگرتووە، (طب) پزیشکی، لەزماندا واتە سحر، (المطبوب) واتە نەخۆش، واتە سیحر لێکراو، (الطاب) پزیشك، واتە ساحر.[4]

لە جاهلیدا یەکێك لەرێگاکانی سیحر جادووگەری بووە. جادوگەری یەکێکە لەرێگە ناسراوەکانی سیحر لەلای عیبرانیو ئاشووریو..تاد لەنوسینە بزماریەکاندا چەند زانیارییەك دۆزراونەتەوە باس لەچۆنێتی خۆپاراستن لەخراپەی ئەو رۆحە پیسانە دەکەن کەبە هۆیانەوە سیحر لەمرۆڤ دەکەن.

چاوەزاریش چەکێکی زۆر بەسوودە بۆ کردنەوەی گرێی پیاو لەکاتی دەستپێکردنی جووتبوون لەگەڵ هۆگرەکانیدا, ئەمە لەکاتی پەیامبەردا بەربڵاو بووە, زانایانی عەرەب رێگەیانداوە بەو چاوەزارەی کە زیانی نییە..!! ئەم چاوەزارەش وایە مرۆڤ لەکاتی دانیشتنی لەشوێنێکی چۆڵەوانیدا بەهەردوو دەستی راستو چەپی مشتێك لەخۆڵەکە بباو پاشان لەناو ئاودا بیتوێنێتەوە

[4] صحيح مسلم، المجلد السابع، ص 14/ نقلاً عن تاريخ العرب قبل الاسلام المجلد الخامس ص 240 (مصدر سابق)

بخوێنێ بەسەریداو دواتر خۆی پێ بشوات. ئەم ئاکارو پیاهەڵدانە بەعەرەبی بووەو ئەوە نیشان دەدات چاوەزاری دیکە هەبوو بێت کەعەرەبی نەبێت, وەك ئەو چاوەزارانەی کەیەهودییەکان دەیانکرد, تێیدا نزای عیبرییان بەکار دەهێنا, هەر بۆیە ئیسلام نەهی لێکرد.[5]

نوشتەش بەکاریان دەهێنا بۆ چاکردنەوەی دەردو بەڵاکان, وەك (تا)و فێ‌و مارگەستەو دووپشكو لەو شێوانە, بەخوێندنی شتێك بەسەر نەخۆشەکە یاخود لەسەر شوێنی نەخۆشیەکە پاشان فووکردن بەسەریدا, یان دانانی شتێکی نوسراو. زانایانی حەدیس باسیان لەوە کردووە پەیامبەر نەهی لەو نوشتەیە کردووە کەبەزمانی عەرەبی نەنوسرابێت.[6]

سەبارەت بە(فاڵیش, الجبت) عومەری کوڕی خەتابی وتویەتی: فاڵ سیحرەو جادوگەرەکەشی شەیتانە (العلامة ابو نصر بن اسماعيل بن حماد الجوهري) لەکتێبەکەیدا (الصحاح) دەڵێ: فاڵ وشەیەکە لەسەر بتو کاهنو سیحرەکانو ئەوانەی وەك ئەوانە وان، هەروەها دەڵێ وشەی جبت (فاڵ) وشەیەکی عەرەبی

---

[5] تاريخ العرب، المجلد الخامس، ص 344 ( مصدر سابق)

[6] لسان العرب ، المجلد 19، ص 49 / نقلاً عن تاريخ العرب، المجلد الخامس، ص 350




پەتیو ڕووت نییە چونکە سێ پیت (ج، ب، ت) پێکەوە کۆبونەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پیتێکی پەیوەندیداری وەك (و، ی، ا) لەو وشەیەدا هەبێت.

ئەوەشی لەنێوان موسوڵماناندا ناسراوە ئەوەیە کەئیسلام نەهی لەمومارەسەی سیحر کردوە. بەبەڵگەی فەرمودەیەکی: (اجْتَنِبُوا الْمُوبِقَاتِ الشِّرْكُ بِاللَّهِ، وَالسِّحْرُ) خۆتان بپارێزن لەهاوەڵ دانان بۆ خواو لەسحر. هەروەها لەقورئانشدا سورەتی (النساء ـ 51)دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً.

ئایا ئەوانە نابینیت کەکتێبیان بۆ هاتوە, وەك یەهودیو مەسیحی, بڕوایان بەفالۆ پەیکەر هەیە؟

سەرباری ئەمەش کەئیسلام باوەڕی پێیان نییە کەچی لەگوتەو کرداری پەیامبەرو هەندێك سورەتی قورئاندا دەبینین پەیامبەر داندەنێ بەهەبونی سحرو پەنا لەسحرو ساحر دەگرێ. لەژیاننامەی پەیامبەردا باس کراوە کەهۆکاری دابەزینی سورەتی (الفلق) (اسباب النزول) ئەوەیە کە(لبید بن اعصم الیهودی سحرێکی لە پەیامبەر کردوەو سحرەکەی خستۆتە ناو بیرێکی تیرەی (بنی زریق) کەناوی بیری (زروان) بووە, ئیتر خوا پەیامبەری لەو سحرە ئاگادارکردوە




ئەويش دەنێرێ بەشوێن (علي بن ابي طالب)و (عمار بن ياسر) ئەوانيش دەچن هەموو بيرەكە لەئاو خاڵی دەكەنەوەو سحرەكە دەردەهێنن‌و دەگەڕێنەوە بۆ لای پەيامبەر كەسحرەكەيان كردەوە بينيان لەناو سحرەكەدا هەندێك تاڵە قژو چەند دانێكی شانە بەدەزويەكەوە لول بوەو يانزە گرێی لێ دراوە, پەيامبەر, كەبەو سحرە نەخۆش كەوتبو, فەرمانی كرد پەنا بەهەردوو سورەتی (الفلق, الناس)بگرن‌و كۆی ئايەتەكانی ئەم دوو سورەتەش يانزە ئايەتە، لەگەڵ خوێندنی هەر ئايەتێكدا گرێيەك دەكرايەوەو تەندروستی پەيامبەر كەمێك باش دەبوو تاهەموو گرێكان دەكرانەوەو پەيامبەريش وەك لەبەستەوە پێوەند كرابێتەوە چوست‌و چالاك هەستاوەتە سەرپێ.[7]

سەرەتا بالەسورەتی فەلەق بڕواین

سورة الفلق

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ

مِن شَرِّ مَا خَلَقَ

وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ

وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ

---

[7] تفسير الجلالين، الطبعة الثالثة، ص 60 (مصدر سابق)




وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ

بلّێ: پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی بەرەبەیان دەهێنێت

لەهەموو ئەو شەڕو خراپانەی دروستی کردوە

لەشەڕو خراپەی شەو کەتاریك دادێت

لەشەڕو خراپەی ئەو کەسانەی جادوگەرنو پەتو دەزو گرێ دەدەنو فووی پێدا دەکەن

لەشەڕو خراپەی بەخیل کەبەخیلی دەبات.

ئایا ئیمان بەسحر لەمە زیاتر دەبێت چی بێت..؟.

ئەوە ئەو پەیامبەرەیە کەپێی وتبووین {قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا}.[8] هیچ شتێك تووشمان نابێت مەگەر پێشتر خوا لەچارەی نوسیبین. ئەوەتا لەترسی جادوگەریو گرێبەستی دوعا پەنا بەخوا دەگرێ جا ئەگەر راست بێت توشی هیچ شتێك نابین مەگەر ئەوانە نەبێت کەخوا لەچارەی نوسیبن ئیتر هیچ پێویستییەکمان بەوە نییە لەخوا بپاڕێینەوە تا لەشەڕو خراپەی جادوگەرو گرێی سحر بمانپارێزێت چونکە ناتوانێ هیچ زەرەرێکمان پێبگەیەنێت جگە لەوەی کەخوا لەچارەی نوسیوین، لەم حاڵەتەشدا خوا مۆڵەتی داوە بەساحر تا

[8] التوبة 51




زەرەرمان پێبگەیەنێت‌و لەم سەرو بەندەشدا پێویست بەوە ناکات کەداوا لەخوا بکەین لەوان بمانپارێزێت چونکە خوا پێشتر مۆڵەتی داونو دادی خۆی ناگۆرێ لەبەر ئەوەی لەلەوحی مەحفوزدا هەر لەئەزەلەوە لەسەرمان نوسراوە.

پەیامبەر تەنها لەجادوگەرو گرێبەری دوعا پەنا ناگرێت بەڵکو لەشەوی تاریکی ئەنگوستەچاویش پەنادەگرێ !! ئەوەی لەم ئایەتە تێدەگەین ئەوەیە ئەگەر شەو تاریکی کرد ئەوا شەڕو خراپە لەجیهاندا زیاتر دەبێت لەمەشەوە فرسەتی توشبونی زیانمان زیاتر دەبێت، چونکە شەیتانەکان لەشەوی تاریکی ئەنگوستەچاودا دەردەکەون.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین (الزمخشری) کەبڕوای بەسحر نەبووە، ئەم چیرۆکەی لەکتێبەکەیدا (الکشاف) باس نەکردووە. هەروەها جێی خۆیەتی بلێین لەقورئاندا زیاتر لەدوو سورەتدا باسی شەیتانەکان کراوەو سورەتێکی تەواویش بەناوی (الجن) جنۆکەوە هەیە.

لەناو ئەو جنۆکانەشدا تێیاندا هەیە کاتێك گوێیان لەخوێندنەوەی قورئان بووە موسڵمان بوون

قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا.[9]

[9] الجن 1

بلێ وەحیم بۆهاتووە کەدەستەیەك لەجنۆکە گوێیان گرتووە لەقورئانو ووتویانە ئێمە خوێندنەوەیەکی سەر سوڕهێنەرمان بیست.

چیرۆکنووسە ئیسلامییەکانی مێژوو دەڵێن جنۆکە هەیە زەواجی لەگەڵ ژنی مرۆڤدا کردووە. قورئانیش دەڵێت کەجنۆکە لەئاگر دروستکراوە لەبەر ئەوە جەستەیەکی بینراویان نییە، هەر بۆیە دەتوانن بەئاسانی لەگەڵ ساحیرەکاندا تێکەڵ بنو لەدروستکردنی سیحردا یارمەتییان بدەن بەبێ ئەوەی کەس بیانبینێت. عەرەبی جاهیل وەك هەموو نەتەوە سەرەتاییەکان بڕوایان بەغەیبو شەیتان هەبووە، ئەم شتەش تێگەیشتنی ئاسانە، بەڵام پەیامبەرێك باوەڕ بەمە بکات لەلایەن خواوە بەئایینێك نێردراوە کەدوایین ئاینەو دەبێت هەموو کەسێك تا کۆتایی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە باوەڕی پێبکات، تێگەیشتنی ئەوا لەم حاڵەتەدا ئاسان نییە بەڵکو گرانە!!

ئیسلام بانگەوازی ئەوە دەکات بڕوامان بەجنۆکەو سیحر هەبێت، قورئانیش پێنج ناوی یەك لەدوای یەك بۆ شەیتان دەنوسێ! جن، جان، شەیتان، عفریت، مارد. (مارد) بەهێزترینیانەو جەربەزەترین بکوژە, جنۆکەش هەیە باڵی هەیەو دەفڕێت، هەروەها تێیاندایە لەشێوەی (مار) یان (سەگ) یان لەشێوەی مرۆڤدان.




لەبەر ئەمەیە دەبینین زانایانی ئیسلام چیرۆكی وایان داتاشیوە كەئەقڵ باوەڕی پێناكات. ئەوەتا (ابو عمر الازهری) دەڵێ ابن عباس وتوویەتی: (لەجاهلیدا شەیتانەكان لەنێوان سەفاو مەروادا كۆدەبونەوەو مۆسیقایان لێدەدا، هەروەها چەند بتێكیشیان لەوێ هەبووە).[10]

جا چۆن ئەوە بزانین كەئایا مۆسیقای جنۆكە وەك مۆسیقای ئادەمیزاد وەهایە؟ یان ئایا بتەكانیان وەك هەمان شێوە بتی عەرەبی جاهلی وابووە یاخود جیاواز بووە؟.. ئەگەر جیاوازبووە ئایا لەلایەن ئادەمیزادەوە دەبینران، یاخود وەك ئەوانەی دەیانپەرستن پەردەپۆش كرابوون؟

هەروەها (سورەتی الناس)یشدا هەندێك شت دەبینینەوە

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ,

مَلِكِ النَّاسِ,

إِلَهِ النَّاسِ,

مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ,

الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ,

---

[10] المقبول من أسباب النزول/ للدكتور أبو عمر نادي بن محمود حسن ألازهرين ص 88 / نقلاً عن النص المؤسس ومجتمعه لخليل عبد الكريم، ص 165 (مصدر سابق)




مِنَ الْجِنَّةِ وَ النَّاسِ

بڵێ پەنادەگرم بەپەروەردگاری خەڵکی.

بەپادشای خەڵکی.

بەخوای خەڵکی.

لەشەڕو خراپەی وەسوەسەکەری خەنناس.

ئەوخەناسەی کەوەسوەسە دەخاتە دڵی خەڵکەوە.

لەجنۆکەو لەخەڵکیش.

ئەوەتا جارێکی دی پەیامبەر لەترسی شەڕو خراپەی وەسوەسەی خەنناس (خەنناس بەپێی عەقیدەی ئایینی ئەو شتەیە کەنیازی شەڕو خراپە دەخاتە دڵی خەڵکەوە)، پەنا بەخوا دەگری!!جائەگەر لەجنۆکە بێت یان لەمرۆڤ ئەوهەر پەنا بەخوا دەگرێ. ئەمەش بەهەمان شێوە داننانە بەهەبوونی سحرو توانای جنۆکەو مرۆڤ بەگەیاندنی زەرەرو زیان بەموسڵمانان لەڕێگەی وەسوەسەی دڵییەوە، ئەمەش ئەو پەڕی بڕواهێنانە بەغەیب کەسحریشی تێدایە.

قورئان لەسورەتی (البقرة–102)دا باسی جنۆکەکانی سولەیمانو سحرو هاروتو ماروت دەکات. {وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ

بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ}

شەیتانەکان خەڵکیان فێری سحر دەکردو فێری ئەوەیان دەکردن کەلەبابلدا بۆ هەردوو فریشتە هاروت وماروت دابەزیبوو، ئەوانیش کەسیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد تا پێیان نەوتایە ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەی تۆیەو خۆت کافر مەکە، لەو فریشتانە شتی وافێربوون کەژنو مێردیان لەیەك جودا دەکرد، ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بەکەس بگەیەنن مەگەر ئارەزووی خوای لەسەربێت ئەو خەڵکەش فێری شتێك دەبن کەزیانیان لێدەداو هیچ سودێکی نییە بۆیان.

ئەوەتا ساحیرەکان جارێکی دی بەپرسو مۆڵەتی خوا زەرەر بەخەڵکی دەگەیەنن، جا ئەگەر ساحیرەکان لەتوانایاندا هەبێت بەنوشتەو چاوەزار زیان بەخەڵکی بگەیەنن، خەڵکیش لەبەرامبەر زیانی نوشتەی ساحیرەکەدا نوشتەو چاوەزار دژ بەو پارێزگاری لەخۆی بکاتو چاوەزارو نوشتە بەگەردنیاندا

هەڵبواسن ئیسلامیش هانی ئەم نەریتەیدا، زانایانی ئیسلامیش دەڵێن ڕقمان لەو نوشتانە دەبۆوە كەبەزمانی عەرەبی نەدەنوسران.

لەكتێبی (موطا مالك)دا نوسراوە (ئەبوبەكری صدیق دەچێتە لای عائیشە كچی خۆیو خێزانی پەیامبەر، دەبینێ نارەحەتی خۆی بۆ یەهودییەك باس دەكاو ئەویش نوشتەی بۆدەكات، ئەبوبەكر بەیەهودییەكە دەڵێت: بەكتێبی خوا نوشتەی بۆ بكە، واتە تەورات وئینجیل). بۆیە هەتا ئێستاش ناوچە گوندنشینەكانی ولاتانی عەرەبی نوشتەو دوعاوچاوەزار لەخۆیان دەدەن تالەشەیتان بیانپارێزیو ئازاریان لێ دوور بخاتەوە.

زمانی قورئانیش شتێك لەسیحرو تەڵسەمی تێدایە هەندێك سورەت هەن سەرەتای دەست پێكردنیان بەچەند پیتێك دەست پێدەكات، كەهیچ مانایەكی زانراوو ناسراوی نییە، وەك هێمایەك بۆجفرە (هێمای نوسین) بەكارهاتووە. پێنج سورەت هەن بە(ا)و(ل)و(م) دەست پێدەكەن، سورەتی (الرعد) بە(ا)و(ل)و(م) دەست پێدەكات، سورەتی مەریەم بە(ك)و(ە)و(ی)و(ع)و(ص) دوو سورەتیش سەرەتاكانی بە(ط)و(س)و(م)، سورەتی (النمل)یش كەدەكەوێتە نێوان دوو سورەتەكەی پێشوو بە(ط)و(س) دەست پێدەكات، شەش سورەتیش بە(ح)و(م)و سورەتی (الشوری)ش بە(ح)و(م)و(ع) و(س)و(ق)و سورەتی (الاعراف)




بە(ا)و(ل)و(م)و(ص) دەست پێدەكەن، سورەتیش هەیە بەیەك پیت (ق)یاخود (ص) دەستیان پێكردووە. هەندێك سورەتیش بەدوو پیتی لەسەر یەك دەستیان پێكردووە (طه) و(یس). بەكورتی (29)سورەت بەپێچوپەنای نادیار دەستی پێكردووەوە كەس ماناكانی نازانێ. هەندێك لەرۆژهەڵاتناسان وەك (هیرشفیلد)[11] وای بۆدەچن كەپیتە یەكەمەكان لەپیتی ناوی ئەو كەسانەن كەیارمەتی (زید بن ثابت)یان داوە لەنوسینەوەی قورئاندا، هەندێكی دی وای بۆ دەچن نوسینی ئەم پیتانە گاڵدانە (نیشانە بۆكردن, گاڵدان, ئیعاز) بۆ ئەو عەرەبانەی كەبڕوایان بەسیحرو ئەو كاهینانە هەیە كەلە تەلیسمەكانیاندا پێچو پەنایان بەكارهێناوە، تا بڵێن قورئان لەمحمدەوە نییە بەو بەڵگەیەی كەكۆمەڵێك پێچو پەنای تێدایە مانای نییەو تەنانەت خودی محمدیش لێی تێناگات.

بەهەرحاڵ ئەم پێچو پەنایانە هیچ خزمەتێك بەمەبەستێكی لۆژیكی ناكات، چونكە قورئان بۆ ئەوە دابەزیوە كەنامەیەكی دیاریكراو بگەیەنێتە خەڵكی، بەزمانی خۆیشیان دابەزیوە، جا ئیتر دابەزاندنی هێما چییە لەكاتێكدا ئەوانەی بانگەشەشی بۆ دەكەن لێی تێناگەن؟

[11] Introduction to the Quran, W Montgomery Watt and Richard Bell, Edinburgh, p 63




قورئان لەسەرەتای سورەتەكاندا ئالودەی سوێند خواردن بووە بەهەمان وێنەی ئەو كاهینانەی لەهەموو قسەكردنێكیاندا سوێندیان بەكاردەهێنا تاوای بهێننە خەیاڵی گوێگر توانایان بەسەر هەموو شتێكدا دەشكێ, بەئەندازەیەك بەشێوەیەك سوێند دەخۆن گوایە ئەوەی ئەوان داوایان كردووە ڕوو دەدات.

لەقورئاندا حەڤدە سورەت هەیە سەرەتاكانیان سوێندە. خوا سوێند دەخوات بەهەنجیرو زەیتون (والتين والزيتون) سوێند دەخوات بەئەستێرە كەدەجوڵێ و نامێنێ {وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى} . هەروەها بەئاسمانێك كەئەستێرەو هەسارەی تێدایە {وَالسَّمَاء ذَاتِ الْبُرُوجِ} . بەچێشتەنگاو {وَالضُّحَى} . بەبەرەبەیان {وَالْفَجْرِ} . و لەو بابەتانە.

هەندێك سوێندیش هەیە لەناوەڕاستی سورەتەكەدایە، لەسورەتی (الانشقاق) لەئایەتی شانزە بەدواوە هەموی سوێندە، {فَلَا أُقْسِمُ بِالشَّفَقِ, وَاللَّيْلِ وَمَا وَسَقَ, وَالْقَمَرِ إِذَا اتَّسَقَ, لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ}

سوێند بەئاسۆی سوور, بەشەوو ئەوەی تیێدا كۆدەبێتەوە، بەمانگی تەواو درەخشان (مانگی چواردە) ئێوە تێپەڕ دەبن و یەك لەدوای یەك گۆڕانكاری بەسەرتاندا دێت.




ئایا گرنگی ئاسۆی سوور چییە واخوا سوێندی پێدەخوات؟! ئەی ئەو بەکارهێنانە سەرسوڕهێنەرەی ئاخاوتنە چییە کەپێناسەی شتێکی ئاسایی دەکات؟. بەکارهێنانی ووشەی (وسق) تەنها بۆ ئەوەیە مانای کۆکراوەکانی شەومان پێبلێ، یاخود ووشەی (اتسق) لەگەڵ مانگدا بۆئەوەیە مانگ بەتەواوی نیشان بدات، هەموو ئەمانە خزمەت بەمەبەست ناکەنو ئەگەر بۆ بەرێوەچونی سەرواکانو سەرسامیو ئاخاوتنێکی نامۆ نەبێ بەکارهێنانیان هیچ زەرورەتێکی تێدا نییە.

هەندێك سوێند هەیە بەهیچ جۆرێك تێگەیشتنیان نییە، بۆ نمونە (الصافات 1-3)دەڵێت:

وَالصَّافَّاتِ صَفًّا, فَالزَّاجِرَاتِ زَجْرًا, فَالتَّالِيَاتِ ذِكْرًا.

سوێند بەفریشتە ڕیزبووەکان، بەو فریشتانەش دەخوڕن بەسەر ستەمکاراندا، بەوانەش کەپەیامی ئاسمانی بۆپەیامبەران دەخوێننەوەو..

وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا, فَالْحَامِلاتِ وِقْرًا, فَالْجَارِيَاتِ يُسْرًا, فَالْمُقَسِّمَاتِ أَمْرًا.[12]

سوێند بەو باو هەورەی هەڵم هەڵدەگرێو پەخشی دەکات، بەهەڵگرانی باری قورس وگران، سوێند بەو هەورو کەشتییانەی لەئاسمانو دەریادا دێنو دەچن، بەو فریشتانەی کارەکان دابەش دەکەن.

---

[12] الذاريات 1-4




وَالْمُرْسَلاتِ عُرْفًا, فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفًا, وَالنَّاشِرَاتِ نَشْرًا.[13]

سوێند بەو فریشتانەی کاری ئاسایی بەڕێوە دەبەن, بەو گەردەلولانەی با هەڵدەکەن، بەو فریشتانەی شت بڵاودەکەنەوە.

ئەو پرسیارەی کەلەهۆشماندا سەرهەڵدەدات ئەوەیە بۆچی خوا ئەوەندە پێویستی بەسوێند خواردنە بۆ کۆیلەکانی؟! هەموومان کۆیلەی خواین! ئایا پێویست دەکات گەورە سوێند بۆ کۆیلەی خۆی بخوات تا بڕوای پێبکات؟ بەبۆچونی من قورئان جارێکی دیکە هەوڵدەدات جاهیلەکان لەنەریتی خۆیاندا بەرێوە بچن لەوانەش سوێندخواردنی بەردەوام. جاهیلەکان لەقسەکردندا ئالوودەی سوێندخواردن دەبوون، هەمیشە دەیانگوت: بەوەلآ ئەوە دەکەم، بەوەلآ لەگەردنت دەدەم...تاد.

هەموو شێوە سوێندەکان لەقورئاندا لەکاتی تەفسیرکردنیاندا ڕاڤەکارانی توشی تەنگەبەری و نارەحەتی کردووە، چونکە زۆرینەی سوێندەکان بە(لا) دەستی پێکردووە. (لا). (ولا اقسم بالشفق)و (ولا اقسم بالخنس)..تاد. ڕاڤەکاران دەڵێن (لا) زیادەیەو خوا ویستویەتی بڵێ (اقسم بیوم القیامە).

[13] المرسلات 1 – 3




ئەم بۆچونەی راڤەكاران هەڵەیە، چونكە خوا پێویستی بەوە نەبووە هەموو جارێ (لا)یەكی زیادە دابنێ تا سوێندی پێ بخوات، ئەگەر یەكجار بەكاربهێنرایە، ئەوە تێدەگەیشتین، بەلاَم ئەوەی ڕوودەداو هەموو جارێ سوێندی پێبخوات كارێكی پێویست نەبوو. گەر ڕاڤەكاران ئاگاداربن ئەو كاتەی كەقورئانی تێدا كۆبووەوە هیچ نیشانەیەكی ژمارەكراو لەزمانی عەرەبیدا نەبووەو ئایەتەكە (لا اقسم) نەبووە بەڵكو (لأقسم) بووەو ئەو (ل)ە بۆ دڵنیا كەرەوەیە، وەك ئەوە بڵێین: (لافعلن كذا). بەلاَم لەبەرئەوەی ئەلفەكە بەبێ هەمزەی سەرەوەی نوسرابوو بە(لا) خوێندرایەوەو لەجیاتی (لأقسم) بوو بە(لااقسم).




## چیرۆكه‌كانی قورئان

قورئان له‌ناوه‌ڕۆكدا بڕێكی ته‌واو زۆر چیرۆك ده‌رباره‌ی په‌یامبه‌رانو میلله‌تانی رابردووی تێدایه، به‌تایبه‌تی میلله‌تانی به‌نی ئیسرائیل. له‌دوای باسكردنی هه‌موو په‌یامبه‌رانی ئیسرائیل هه‌ر له‌كۆچه‌كه‌یانه‌وه تا ونبوونیان له‌بیاباندا بۆ ماوه‌ی چل ساڵ ده‌بینین قورئان ئالوده‌ی موسای په‌یامبه‌ر بووه، چونكه له‌(36) ئایه‌تداو نزیكه‌ی (109) جار باسی موسا كراوه. هه‌ر جارێكیش باسی ده‌كات دووباره‌بووه‌وه‌ی ئه‌و شتانه‌یه كه‌له‌سوره‌تی به‌قه‌ره‌دا باسكراوه. هه‌موو چیرۆكه‌كانی موساو به‌نی ئیسرائیل كه‌له‌سوره‌تی به‌قه‌ره‌دا ده‌یخوێنینه‌وه به‌شێوه‌یه‌كی درێژ له‌سوره‌ته‌كانی (المائدة، یونس، الاعراف، النمل، طه)و له‌چیرۆكو سوره‌تی دیكه‌دا دووپات ده‌بنه‌وه. هه‌روه‌ها ئیبراهیمی په‌یامبه‌ریش له‌(25) سوره‌تدا باسكراوه.

ئه‌گه‌ر قورئان ئه‌و چیرۆكانه‌ی بۆ وه‌عزێك (وه‌عز, ئامۆژگارییه‌كی هه‌ڕه‌شه‌ئامێز) یان یاسایه‌ك له‌(فقه) بدایه ئه‌وه له‌وه تێده‌گه‌یشتین ئه‌و دووباره‌بوونه‌وه‌یه‌ی بۆ پێله‌سه‌رداگرتن بووه, به‌ڵام دووباره‌بوونه‌وه‌ی هه‌مان چیرۆك كه‌زۆرجار له‌شه‌ش تا حه‌وت جار ده‌بێ, هیچ پاساوێكی تێدا نابینم.




لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك چیرۆك پێكهاتووە لەخورافەو ئەفسانە، هیچ مرۆڤێك گەر بەئاستەم ئەقڵی لەكارا بێت ناتوانێ باوەڕیان پێبكات، بۆ نموونە: لەسورەتی یونسدا كەحوتێك یونس قووت دەداو لەسكی حوتەكەدا چەند ڕۆژێك دەمێنێتەوەو دواتر بەرووتی فڕێی دەدات. قورئان دەڵێ: ئەگەر یونس سوپاسو ستایشی خوای نەكردایە ئەوە هەتا ڕۆژی قیامەت لەسكی حوتەكەدا دەمایەوە.

لێرەدا خۆمان لەبەردەم دوو كێشەی گەورەدا دەبینینەوە:

یەكەم/ چۆن حوتەكە یونسی بەتەواوی قووتدا بەبێ ئەوەی پارچە پارچەی كردبێت؟. ئێمە دەزانین گەورەترین ماسی لەزەریاكاندا حوتەو پێی دەگوترێت (Whale), لەجۆری (قرش)یش گەورەترە. بەڵام تەنانەت ئەم حوتەش وەك ماسی لەجۆری قرش بۆ پارچەپارچەكردنی خواردنو قوتدانی پشت بەددانەكانی دەبەستێت كەلەگوێزان تیژترە.

ئەگەر وای دابنێین حوتەكە یونسی بەتەواویو بێ بڕینو جوین قوتدا ئایا لەكوێوە یونس هەناسەی داو ئۆكسجینی لەكوێ بوو؟ چۆن چەند ڕۆژێك لەسكی حوتەكەدا ژیا بەبێ ئەوەی ڕژێنەكانی هەزمكردنی ناو گەدەو ڕیخۆڵەكانی كاری تێبكات؟




دووهەم/ قورئان دەڵێ: "ئەگەر یونس لەستایشکەرانی خوا نەبوایە ئەوا تا رۆژی قیامەت لەناو سکی حوتەکەدا دەمایەوە". ئەمەش بۆی هەیە هەزاران یاخود ملیۆنان ساڵ یونس لەناو سکی حوتەکەدا بمایەتەوە، یاخود حوتەکە بمردایەو یونسیش لەگەڵی بمردایە، جا ئایا ئەوە دەچێتە ئەقڵەوە حوتێك هەزاران ساڵ بژی؟

ئەگەر وای دابنێین یونس بەموعجیزەیەکی خوایی توانی لەناو سکی حوتەکەدا بۆ ماوەی سێ شەوو رۆژ هەناسەی دابێت، ئایا چ سوودێك لەپشتەوەی ئەم چیرۆکەوە هەیە؟ ئایا مەبەست لەوەدایە خوا قەناعەتمان پێبکات لەتوانایدا هەیە موعجیزە بکات لەکاتێکدا قورئان چەندین موعجیزەی تری بۆ گێڕاوینەتەوە کەموساو عیساو ئەوانی دیکە پێی هەڵساون؟ یاخود مەبەست شتی دیکەیەو لەئێمەی پەنهان دەکات؟.

ئاشکرایە هەموو چیرۆکەکە لەتەوراتەوە وەرگیراوە، کاتێك خوا فەرمان دەدات بەیونس (Jonah) بڕوات بۆ شاری نینفا (نینوی) تا لەباروودۆخی خەڵکەکە بگات، بەڵام یونس هەڵهات بۆ شارێکی دیو سواری کەشتییەك بوو تا پێی بگاتە شاری (تارشیش). لەکاتی گەشتەکەیدا دەریا شەپۆلی داو هیچی وای نەمابوو کەشتییەکە ژێر ئاو بکەوێت، یونس بەسەرنشینەکانی کەشتیەکەی




وت: فرێم بدەنە دەریاکەوە تا ئارام بگرێت. ئەوانیش یونسیان فرێدایە دەریاکەوەو دەریاکەش هێمن بووەوەو لەنگەری گرت. حوتێکی گەورە یونسی قوتدا، ئیتر یونس بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لەسکی حوتەکەدا ماوەتەوە تا لەسەر وشکانییەك فڕێی دەداتە دەرەوە.[1]

یەکێك لەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی کۆکردنەوەو بەشبەشکردنی قورئان ئەوەیە کەسورەتێك هەیە بەناوی یونس‌و سەدو نۆ ئایەتی تێدایە کەچی یەکجار ناوی یونس دەبات:

{فَلَوْلاَ كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ آمَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الخِزْيِ فِي الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ}.[2]

دەبوو خەڵکی شارەکە باوەڕیان بهێنایەو سوودبەخشی بدایە بۆیان، بەڵام باوەڕیان نەهێنا جگە لەقەومی یونس کەسزای سەرشۆڕیمان لەدونیادا لەسەر هەڵگرتن‌و تا ماوەیەك لەناو نیعمەت‌و خۆشیدا بوون).

[1] سفر جونا " یونس"، الاصحاح الاول، ألآية 17
[2] یونس 98




کەچی لەسورەتی (الصافات)دا بەدووررو درێژی چیرۆکی یونس لە(10) ئایەتی یەك بەدوای یەکدا دەبینینەوە!، باشتر وابوو ئەم سورەتەیان ناو بنایە سورەتی یونس.

هەروەها سورەتێکی دیکە هەیە ناوی (النحل)ەو (128) ئایەتە کەچی تەنها لەدوو ئایەتدا (68و 69)دا باسی (النحل) دەکات.

ئەو ئایەتەشی لەسورەتی یونسدا هەیە تێگەیشتنی قورسە. چونکە (إِلاَّ) کەلەئایەتەکەدا هاتووە وەسیلەیەکی سەربارییە، بۆ نموونە دەڵێیت: هەموو خەڵکی بڕوایان هێنا جگە لەئەبو لەهەب (امن الناس کلهم إلا أبو لهب) ئەگەر ئەم ئایەتە جێبەجێو بەو شێوەیە وەریگرین دەبینین (إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ آمَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الخِزْيِ)

(جگە لەقەومی یونس کاتێك باوەڕیان هێنا ئێمەش سزای سەرشۆڕی دونیامان لەسەر هەڵگرتن)

لەمەوە تێدەگەین ئەوانەی پێش ئەوان باوەڕیان هێنابوو سزاکەیان لەسەر هەڵنەگیرێتو بڕواهێنانیان بەخوا هیچ سوودێکی نییە بۆیان. هەروەها (لولا) پیتێکی ڕێگرە لەبووندا، بۆ نموونە دەڵێت:

(فَلَوْلاَ كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا).

(لولا) پیتێکی بەرگرە, ئەڵێن: ئەگەر رووباری نیل نەبوایە میسر بیابانێك بوو بۆخۆی, لێرەدا بوونی نیل بەرگر بوو بۆ ئەوەی میسر نەبێتە بیابان, کەوابوو ئەگەر گوندەکە باوەڕیان نەهێنایە خوا ئازاریانی ئەدا, بەڵام باوەڕیان بەرگربووە لەبەردەم ئازاردانیان, مانای وایە ئیمانەکەیان سوودی هەبوو, ئالێرەدا ماوە بۆ ئەگەری دیکە نییە چونکە گوندەکە تەنها سوودیان لەباوەڕیان وەرگرت, هەروەها قەومی یونسیش باوەڕەکەیان سوودی پێبەخشین.

هەروەها لەچیرۆکەکاندا چەند شتێك هەن وەك یەك وانو هیچ سوودێکی بۆ موسڵمانان تێدا نییە، بۆ نموونە سورەتی بەقەرەدا:

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ, قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ, قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ, قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ الْبَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّا إِن شَاء اللّهُ لَمُهْتَدُونَ, قَالَ




إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ فَذَبَحُوهَا.[3]

(موسا بەقەومەكەی دەڵێت: خوا فەرمانتان پێدەكات مانگایەك سەربڕن، قەومەكەی پێیان وت: لەپەروەردگارت داوا بكە شێوەی مانگاكەمان پێ بڵێ، ئەویش پێیان دەڵێ مانگاكە نە پیرەو نە پارێنە, بەڵكو میانە ساڵە. پرسیاری ڕەنگەكەیان لێكرد، وتی: ڕەنگ زەردێكی تۆخەو چاوی تەماشاكەران گەش دەكاتەوە. پێیان وت: بەراستی مانگاكان سەریان لێتێكداوین جارێكی دی پرسیاری لێبكە. موسا وتی خوا دەڵێ: مانگایەكە ڕانەهێنراوە جووت بكاو زەوی بكێڵێت‌و یەك ڕەنگەو هیچ پەڵەیەكی تێدا نییە. وتیان ئێستا بەراستی پێت وتین‌و مانگایان هێناو سەریانبڕی).

ئایا خەڵكی چ سوودێك لەچیرۆكێكی لەم شێوەیە وەردەگرێت؟ بۆچی خوا سووربوو لەسەر ئەوەی مانگایەكی دیاریكراو سەربڕن؟ بۆچی داوای كردووە مانگای بۆ سەربڕن؟ ئایا دەیویست قوربانی بۆ سەربڕن وەك چۆن قوربانیان بۆ بت سەردەبڕی؟!

---

[3] البقرة 67, 71




بەڵام چیرۆكی موساو كوڕێك لەگەڵ یەكێك لەپەیامبەرانی خوا (الخضری پەیامبەری خوا) باوەڕی پێناكرێ, موساو كوڕەكە دەردەچن‌و لەگەڵ خۆیاندا ماسییەكی وشككراوەی خوێدار هەڵدەگرن تا بەشی ڕێگای (مجمع البحرین)یان بكات:

بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا, فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَاهُ آتِنَا غَدَاءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَذَا نَصَبًا, قَالَ أَرَأَيْتَ إِذْ أَوَيْنَا إِلَى الصَّخْرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ وَمَا أَنسَانِيهُ إِلاَّ الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَبًا, قَالَ ذَلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ فَارْتَدَّا عَلَى آثَارِهِمَا قَصَصًا, فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَا آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا, قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا, قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا, وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَى مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْرًا, قَالَ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ صَابِرًا وَلا أَعْصِي لَكَ أَمْرًا, قَالَ فَإِنِ اتَّبَعْتَنِي فَلا تَسْأَلْنِي عَن شَيْءٍ حَتَّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا, فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا رَكِبَا فِي السَّفِينَةِ خَرَقَهَا قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا. قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا, قَالَ لا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا,




فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا لَقِيَا غُلَامًا فَقَتَلَهُ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُّكْرًا, قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا.[4]

کاتێك دەگەنە نێوان دوو دەریاکەوە ماسییەکەیان لەبیرچوو، کوڕەکە زانی بەڵام قسەی نەکردو هەردووکیان خۆیاندا بەدەم ڕاڕەوی دەریاکەوە. کاتێ تێپەڕین موسا داوای خواردنی لەهاوەڵەکەی کرد, ئەویش پێی وت کەماسییەکەی لەسەر تاشە بەردێك لەبیرچووەو دوایی بەشێوەیەکە سەرسوڕهێنەر ماسییەکە زیندوو بووەتەوەو خۆی کردووە بەناو ئاوەکەداو ڕۆشتووە. موساو کوڕەکەش کاتێك گەیشتنە یەکێك لەبەندەکانمان پەیامبەری خوا (الخضر) کەزانستو زانیاریمان پێبەخشیبوو موسا داوای لێکرد کەمۆڵەتی بداو دوای بکەوێت تالەو زانستو زانیارییە بەهرەمەند بێت, ئەویش پێی دەڵێت تۆ ناتوانی لەگەڵ مندا خۆڕاگر بیت تۆ چۆن دەتوانیت خۆڕاگربیت لەسەر شتێك کەهیچی لەبارەوە نازانیت.. موسا پێی وت بەخواستی خوا دەمبینیت کە ئارام بگرمو لەفەرمانەکانت دەرنەچم.. بەکەرتی سواری ئەو کەشتییە بوون کەهی کۆمەڵێك ڕاوچی بوو. (الخضر)ی پەیامبەر درزێکی کردە کەشتییەکەوە چونکە دەیویست

[4] الكهف 61 , 71 (نوسەر بەکورتی ئایەتەکانی هێناوەتەوە بەڵام من هەموویانم نوسیوەتەوە. وەرطێڕ)




لەكاری بخات لەبەر ئەوەی پادشای وڵاتی راوچییەكان بەزۆر كەشتی خەڵكی داگیر دەكرد..تاد

ئەمە كورتەی چیرۆكەكەیەو نازانین چۆن ماسیەكی وشككراوە زیندوو دەبێتەوەو مەلە دەكات، هەروەها نازانین بۆچی كەشتییەكەیان بەتاڵان نەبرد پێش ئەوەی ئەمان سواری بن، ئایا لەلای پادشا كارێكی گران بوو كەشتییەكی دزراو داگیر بكاتو دوایی درزە بچوكەكە چاك بكاتەوە؟ چونكە ئەو درزە بچووك بووە, ئەگەر گەورە بووایە كەشتیەكە بەموساو ئەوانەی كەسواری بوون ژێر ئاو دەكەوتن.

لە درێژەی چیرۆكەكەدا كاتێك لەكەشتییەكە دێنە خوارەوە (الخضر)ی پەیامبەر لاوێكی كەم تەمەن دەكوژێ، چونكە لەوە دەترسا ئەم لاوە گەورە بێ‌و دایكو باوكە ئیماندارەكەی خۆی نارەحەت بكاو داوایان لێبكات كافر بن.

پێم وایە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەسەر ئەم زەوییە نەبووە منداڵێك داوا لەدایكو باوكی بكات كوفر بكەن، چونكە مندال لەسەر ئایینی ئەوان پەروەردە دەبێت. خودی قورئانیش لەچەندین ئایەتدا دەڵێت: خەڵكی ئەو شتانە دەپەرستن كەباوو باپیرانیان لەسەری راهاتوون. سورەتی بەقەرە 133 دەڵێت:




أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ.

(ئایا ئێوە ئامادەی سەرەمەرگی یەعقوب بوون؟ ئەو کاتەی بەکوڕەکانی وت: دوای مردنم چی دەپەرستن؟ وتیان: خوای تۆو باوو باپیرانت دەپەرستین کەخوای ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو هەر یەك خوایە).

هەر بۆیەش چەندین ئایین لەم جیهانەدا دەبینین منداڵەکان ئەوانە دەپەرستن کەباوانیان لەسەری راهاتوون. زۆر شاز هەڵدەکەوێ ئایینی باوانی بگۆڕێ، ئەگەر ئەمەش کرا چاوەڕێی ئەوە ناکەین داوا لەدایكو باوکی بکات ئایینیان بگۆڕن، ئەگەر ئەمەشی کرد ئەوان دەتوانن رەتی بکەنەوە بەهەمان ئەو شێوەیەی کەئیبراهیم داوای لەباوکی کرد واز لەبت پەرستی بهێننو شوێنی ئایینە نوێیەکەی بکەون، باوکیشی رازی نەبوو واز لەبتپەرستی بهێنێ. کاتێکیش محمد داوای لەمامی (ابي طالب) کرد کەلەسەرەمەرگدا بوو موسڵمان بێت، مامی رازی نەبوو، جا ئایا ترسو گومان لەوەی منداڵێك باوکی ناڕەحەت دەکات بەسە بۆ ئەوەی بیکوژێت؟




ئەی بۆ خوا ئەو کوڕە کافرە ناکوژێ کەبەدایكو باوکی دەڵێت (ئۆف لەدەست ئێوە داوام لێدەکەن لەسەر شتێك نەمێنم کەساڵەهایە باوەڕمان پێیەتی؟ ئەوەی کەئێوە دەیلێن جگە لەقسەیەکی کۆنو ئەفسانەیەکی دێرین هیچ شتێکی دیکە نییە).

{وَالَّذِي قَالَ لِوَالِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَا أَتَعِدَانِنِي أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتْ الْقُرُونُ مِن قَبْلِي وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ اللَّهَ وَيْلَكَ آمِنْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ}.[5]

باوكو دایکەکە پەنایان بەخوا گرت بەڵام خوا وەك (الخضر) نەیکوشت. ئەوەتا ئەو منداڵە بەدایكو باوکە ئیماندارەکەی دەڵێت ئایینی ئێوە ئەفسانەیەکی دێرینەو باوكو دایکیشی بەخوا پەنای لێدەگرن بەڵام خوا نایکوژێ ئیتر بۆچی (الخضر) ئەو منداڵەی کوشت؟.

وەك پێشتر باسمان کرد لەسورەتی ل(لقمان: 15)دا کاتێك خوا ئامۆژگاری مرۆڤ دەکا دەلێ:

[5] (17) سورة الأحقاف




{وَإِن جَاهَدَاكَ عَلى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ} .

(گەر باوكو دایكت هەوڵیاندا بێ هیچ بەڵگەیەك هاوەڵ بۆ من دابنێن ملكەچیان مەبەو لەدونیاشدا كاروكردەوەی چاكیان لەگەڵ بكەو شوێن ڕێبازی ئەو كەسانە بكەوە كەبۆلای من گەڕاونەتەوە...تاد.

ئەوەتا خوا ئامۆژگاری مرۆڤ دەكاو پێیان دەڵێ ئەگەر باوكو دایكتان هەوڵیانداو كۆششیان كرد هاوەڵ بۆ من دابنێن تۆ ملكەچیان مەكە، دەتوانرێت هەمان شتیش بەو دایكو باوكە بوترێت كەكوڕەكەیان هەوڵی دەدا كوفریان پێبكات. لێرەدا قورئان بەكەسی نەوتووە ئەو كەسە بكوژە كەهەوڵدەدات هاوەڵ بۆ من دابنێت، بەپێچەوانەوە پێی وتووە لەدونیادا كاروكردەوەی باشیان لەگەڵ بكە. بۆیە لێرەدا هیچ لێبوردنێك بە(الخضر)ی پەیامبەر لەسەر كوشتنی مێردمنداڵەكە نییە.

هەروەها چیرۆكی زیندووكردنەوەی مردوو لەچەندین سورەتی قورئاندا دووبارە بووەتەوە. لەسورەتی(بەقەرەدا260) ابراهیم پرسیار لەپەروەردگاری دەكاو دەڵێ:




وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ.

(کاتێك ئیبراهیم وتی پەروەردگارم نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە. خوا وتی: بۆچی باوەڕت بەمن نەهێناوە؟ وتی: بەڵێ بەڵام با دڵم ئارام بگرێ. خوا وتی: کەواتە چوار باڵندە بهێنەو جوان سەرنجیان بدەو دوایی هەموویان سەربڕەو گۆشتەو پەڕیان تێکەڵ بکەو لەسەر هەر لوتکە شاخێك بەشێکیان دابنێ، پاشان بانگیان بکە ئەوانیش بەپەلە دێنەوە بۆلات..).

هەروەها کاتێك بەنی ئیسرائیلیش کەسێکیان کوشت خوا پێی وتن "زمان"ی ئەو مانگایەی بۆ خوایان سەربڕیوە بیکێشن بەکوژراوەکەدا بەمەش خوا مردووەکەی زیندوو کردەوە: فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)[6]

لەسورەتی (الکهف)یشدا خوا کەسەکانی ئەو ئەشکەوتەی لەگەڵ سەگێکدا مراندو دوای سێ سەد ساڵ یان زیاتر زیندووی کردنەوە. هەروەها سورەتی بەقەرە لەئایەتی 259دا پێمان دەڵێ:

---

[6] البقرة 73




أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.

یاخود وەك ئەو کەسەی کەهەموو خانووەکانی بەسەر سەربانەکەیدا تەپیبوون وتی: ئاخۆ خوا چۆن ئەم شارۆچکەیە زیندوو دەکاتەوە؟! (ئەگەر چی عوزێر پەیامبەر بووە بەڵام بەپێی ئەم ئایەتە گومانی هەبوو خوا مردوو زیندوو بکاتەوە..وەرگێڕ) بۆیە خوا بۆ ماوەی سەد ساڵ مراندیەو دوایی زیندووی کردەوە بەبێ ئەوەی خواردنەکەی بۆگەن بکات. قورئان دەڵێ: عیساش مردووی زیندوو کردووەتەوە.

ئەم هەموو چیرۆکەش قەناعەت بەکەس ناکات گەر بەچاوی خۆی نەیبینێ..!! ئیتر سوودی ئەم هەموو دووبارە کردنەوەیە لێرەدا چییە؟ ئایا محمد پێشبینی ئەوەی دەکرد بەهێنانەوەو دووبارەکردنەوەی ئەم چیرۆکانە قەناعەت بەعەرەبی نیوە دوورگە بکات تا بڕوای پێبکەن؟.




یاخود چیرۆکی ئەسراو میعراج لەتێگەیشتنی ئەقلّیەتی ئەو پیاوە ئاینییانەی کەجگە لەدین هیچ شتێکی دی نازانن شوێنێکی تایبەت دەگرێ، جا بۆ نا کەئەوان چەندین موعجیزەیان بەمحمدەوە لکاند کەلەلای موساو عیسایش نەمانناسیوە. ئایەتێك لەسورەتی (الأسراء)دا هاتووە:

{سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ}[7]

ستاییش بۆ ئەو کەسەی شەورەوی بەکۆیلەیەکی خۆی کرد لەکەعبەوە بۆ مالّی پیرۆز کەچواردەوریمان پیرۆز کردووە تا هەندێك بەلّگەی خۆمان دەربخەین، هەر خوا بیستەرو زانایە".

بەلاّم با ئەو چیرۆکە بخوێنینەوە کە(ابن کثیر) لەتەفسیرەکەیدا نوسیویتی، لەکاتێکدا ئیبن کەسیر بەیەکێك لەزانا دەرکەوتووەکان دەژمێردرێت، (خوا شەورەوی کرد بەمحمد لەمزگەوتی حەرام "کەعبە" لەمەککە بۆ مزگەوتی "الاقصی" خاکی پەیامبەران لەتەنیشت ئیبراهیمی خەلیل سلاّواتی لێبێت، لەبەر ئەوە هەموو پەیامبەران لێی کۆبوونەوەو لەشوێن و مالّی خۆیاندا خزمەتیان کرد،

[7] (1) سورة الإسراء

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی محمد پێشەوای گەورەو سەرۆکی یەکەمە سڵاواتی خوا لەوو لەهەمووان بێت).

(أنس بن مالك)یش دەڵێت: ئەو شەوەی شەوڕەو بەپەیامبەر کرا لەمزگەوتی کەعبەوە، پێش ئەوەی وەحی بۆ بێت سێ کەس هاتن بۆلای کەلەوکاتەدا پەیامبەر لەمزگەوتی کەعبە خەوتبوو، یەکێکیان وتی ئەوە کێیە؟ ناوەڕاستیان وتی: ئەوە چاکترینیانە، دواین کەس وتی با ئەمەیان ببەین, ئەو شەوە کەس نەیبینین تا شەوی دواتر هاتنەوە, ئەو کاتە پەیامبەر ئەگەرچی چاوی نوستبوو بەڵام دڵی دەیڕوانی چونکە چاوی دەخەوێو دڵی دەڕوانێ, هەروەها هەموو پەیامبەران چاویان دەنوێو دڵیان نانوێ, هیچ قسەیان لەگەڵ نەکرد, هەڵیانگرتوو لەلای بیری زەمزەم دایاننا, ئینجا یەکێك لەجوبرەئیلەکان هاتو سنگی پەیامبەری لەخوار گەردنییەوە تا ناوکی هەڵدڕیو بەئاوی زەمزەم ناو سكو سنگی شۆرد تا لەهەموو شتێکی خراپە پاك پاکی کردەوە, ئینجا تەشتێکی ئاڵتوونی هێنا کەپڕبوو لەنووری ئاڵتوونیو سنگو گەردنیان پڕکرد لەباوەڕو دانایی, ئینجا سنگیان داخستەوەو لەگەڵ خۆیان بەرزیانکردەوە بو ئاسمانی دونیا, تەقەیاندا لەیەکێك لەدەرگاکانو خەڵکی ئاسمان هاواریان کرد ئەوە کێیە؟؟ وتی ئەوە منم جوبرەئیل.. وتیان کێت لەگەڵدایە؟؟ وتی محمد.. وتیان




ناردویانە بەشوێنیدا؟؟ وتی بەڵێ.. وتیان بەخێرو خۆشی.. دەرگایان لێكردەوەو خەڵكی ئاسمان لەناو خۆیاندا لەخۆشی هاتنی پەیامبەر مژدەیان دەدا بەیەكتر لەكاتێكدا نەیاندەزانی خوا چی لەخەڵكی زەوی دەوێت تا پێیان بلێت.. لەئاسمانی یەكەم ئادەمیان بینی, جوبرەئیل بەمحمدی وت ئەوە باوكە ئادەمتە سلاوی لێبكە, محمدیش سلاوی لێكردو ئادەم وەلامی دایەوەو وتی كوڕی خۆم بەخێرو خۆشی هاتی, بەڕاستی تۆ كوڕێكی زۆر چاكی منیت. هەر لەو ئاسمانەدا دوو ڕووباری بینی, محمد پرسی ئەی جوبرەئیل ئەمانە چین؟؟ ئەویش وتی ئەمانە سەرچاوەی نیلو فوراتن. هەر لەو ئاسمانەدا دەگاتە ڕووبارێكی دیكە, لەسەر ڕووبارەكە كۆشكێك لەمرواریو ئەلماس درووستكرابوو, دەستی خستە ناو ئاوەكەوە مسكو أذخر (ناوی دوو بۆنداری عەرەبین) بینی, بەجوبرەئیلی وت ئەمە چییە؟؟ ئەویش وتی ئەمە ئاوی كەوسەرە كەپەروەردگارت بۆی شاردویەتەوە. ئینجا بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانی دووهەم, ئەوەیان وت كەفریشتەكانی ئاسمانی یەكەم پێیان وت، ئەوە كێیە؟ ئەوە منم جوبرەئیل. كێت لەگەڵدایە؟ وتی: محمد(ص) وتیان ناردویانە بەشوێنیدا؟ وتی: بەڵێ. وتیان: بەخێرو خۆشیەوە بێت. ئینجا سەركەوتن بۆ ئاسمانی سێهەمو ئەوەیان وت كەلەئاسمانی یەكەمو دووهەمدا وتیان. ئینجا سەركەوتن بۆ ئاسمانی پێنجەمو

شەشەمو حەوتەمو ئەوەیان وتووەتەوە كەپێشتر وتبویان. لەهەموو ئاسمانێكدا پەیامبەری تێدا بووەو ناوی بردوون. لەئاسمانی دووهەمدا ئیدریسی بینیوە، هاروونی لەچوارەمدا بینیوە, یەكێكیش لەپێنجەمدا كەناوەكەییم بیرچۆتەوە، لەشەشەمدا ئیبراهیمی بینیوە، لەحەوتەمدا موسای بینیوە كەبەهۆی ئەوەی قسەی لەگەڵ خودا كردبوو لەحەوتەمدا دایناببوو. بەخوای وت: "ئەی پەروەردگارم پێم وانەبوو كەس بەسەر مندا بەرز بكەیتەوە" كەچی خوا محمدی بۆ شوێنێكی بەرزتر برد كەكەس نازانێ چییەو چۆنە خوای گەورە خۆی نەبێت، تا گەیشتە عەرشی پەروەردگار، ئینجا خوای بەعیزەت بۆی چەمییەوە تا لەپەیامبەر نزیك بووەوە بەئەندازەی نێوان ئەم سەرو ئەوسەری داركەوانی تیرێك, پێی ڕاگەیاند كە:"دەبێ نەتەوكەت لەماوەی شەوو ڕۆژێكدا پەنجا نوێژ بكەن" ئینجا دابەزی تا گەیشتە موساو ئەویش گرتیو پێی وت: ئەی محمد خواكەت فەرمانی چی پێكردی؟ ئەویش وتی: فەرمانی پێكردم لەشەوو ڕۆژێكدا پەنجا نوێژی بۆ بكەم. پێی وت: نەتەوەكەت توانای ئەوەیان نییە لەشەوو ڕۆژێكدا پەنجا نوێژ بكەن بگەڕێوە بۆلای پەروەردگارت بەڵكو كەمی بكاتەوە، پەیامبەر سەیرێكی جوبرەئیلی كردووە وەك بلێی ئایا دەكرێت، جوبرەئیلیش پێی وت: بەڵێ ئەگەر خۆت ئارەزووت لێبێت، محمدی بەرزكردەوە بۆ لای خواو پێی وت: ئەی

پەروەردگار ئەو ئەرکە لەسەرمان کەم بکەرەوە چونکە نەتەوەکەم توانایان نییە. خوا دە نوێژی لابردو بۆی کرد بەچلو گەڕایەوە، موسا گرتیەوەو پێی وتەوە کەبڕواتەوە بۆلای خواو داوای لێبکات کەمتری بکاتەوە، خواش لەهەموو جارێکدا کەمتری دەکردەوە تا گەیشتە پێنج نوێژ. ئەمجارە موسا پێی وتەوە، جارێکی دی بچۆرەوە بۆلای خوا تاکەمتری بکاتەوە چونکە من زۆر دەوروخولی بەنی ئیسرائیلم داوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن بەڵام لاواز بوونو نوێژیان تەرك کردو نەتەوەکەی تۆش لەدڵو لەشو چاوو بیستندا لاوازترن، داوای لێبکە زۆر کەمتری بکاتەوە. محمدیش سەیرێکی جوبرەئیلی کردو داوای لێکرد بیباتەوە بۆ سەرەوە، جوبرەئیلیش بێئەوەی پێی ناخۆش بێت بۆ جاری پێنجەم بەرزی کردەوەو بەخوای وت: پەروەردگارم نەتەوەکەم بەدڵو گوێو چاوو لەش لاوازن ئەم ئەرکەی لەسەرمانە کەمتری بکەرەوە. خوای تەبارەكو تەعالەش پێی وت: ئەی محمد. محمدیش وتی: لەدەورت گەڕێم بەرزو پیرۆزو بێگەردی هەر بۆ تۆیە. خوا وتی: بەپێی ئەوەی ئەم ئەرکە لەکتێبی (لوح المحفوظ)دا نوسراوە کەم ناکرێتەوە کەئەویش پەنجا نوێژە بەڵام لەبەر ئەوەی یەکجار بەدەجار پاداشت دەدەمەوە ئەوە پێنج نوێژ لەسەرتانە. محمد گەڕایەوەو موسا پێی وت: ها چیت کرد؟ محمد وتی: کەمی کردەوە بەوەی لەجیاتی پێنج نوێژ پاداشتی پەنجا نوێژمان




بۆ بنوسێ. موسا وتی: سوێند بەخوا دەوروخولی بەنی ئیسرائیلم دا لەوە کەمتر بکەن کەچی نەیان کردو وازیانهێنا بڕۆرەوە بۆلای خوا با کەمتری بکاتەوە. محمد پێی وت: سوێند بەخوا شەرمم کرد لەپەروەردگارم لەوەی جیاوازبم. موسا وتی: بەناوی خواوە دابەزە. ئەویش دابەزیو لەمزگەوتی حەرامدا (کەعبە) بەئاگا هاتەوە. "بوخاری" لەکتێبی (کتاب التوحید)دا ئەم ڕووداوە مێژووییەی ڕیوایەت کردووە.[8]

ئەوەی بەروونی لەم ڕیوایەتەدا دیارە ئەوەیە کەمحمد نوستووەو زیارەتی مزگەوتی "ئەقسا"ی کردووە، ئەو مزگەوتەی کەپێش پەیامەکەی وجودی نەبووە، چونکە پەرستگای (سلێمان) لەو شوێنەدا بووە. لەوێشەوە بەرەو ئاسمان بەرزبووەتەوەو خوای بینیوە کەبەسەر موسڵماناندا فەرزی کرد کەهەموو شەوو ڕۆژێ پەنجا نوێژی بۆ بکەن‌و محمدیش ڕازی بووە، بەڵام دەخاڵەتی موسا وایکرد کەم ببێتەوە بۆ پێنج نوێژ. کەواتە هەموو چیرۆکەکە خەون بینین بووە، چونکە ناچێتە ئەقڵەوە محمد بەلەشی خۆیەوە لەمەککەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم بفڕێو لەڕێگە لەقودس لابدات، دوایی بگەڕێتەوەو ئەمەش لەیەك شەودا بێت.

[8] مختصر السيرة لابن كثير، ص 110 (مصدر سابق)




عائیشە دەڵێت: لەشەوی ئیسراو میعراجدا لەشی محمد لەسەر جێگەكەی بووە تا رۆژ بووەتەوە لەو جێگەیە دوور نەكەوتووەتەوە. نەك هەر میعراج بۆ ئاسمان بەڵكو ئەسراش لەمەكەوە بۆ قودس لەیەك شەودا لەو رۆژانەدا بڕواپێكردنی گران بووە، بەڵام دەكرێ بڵێین ئەو ئەسرایەی لەمەككەوە بۆ قودس رۆحی بێت.

بەڵام پرسیار ئەوەیە: چ سوودێك لەپشت ئەمەوە هەیە؟ بۆچی محمد چووە ناوەڕاستی شوێنگەی یەهودیو مەسیحی لەقودس؟ ئایا مەبەستی سەردانی پەرستگای (سلێمان) بوو وەك لە(بەلقیس) زیارەتی كرد؟ لەو كاتانەداو لەقودسدا موسڵمانی تێدا نەبووەو مزگەوتی تێدا نەبووە سەرباری مزگەوتی ئەقساش.




# هەڵە مێژووییەکان لە قورئاندا

هەندێك هەڵەی مێژوویی لەقورئاندا هەیە والەخوێنەر دەكات گومانی هەبێت لەوەی قورئان لەلایەن خوایەكەوە دابەزێرابێت كەدروستكەری هەموو شتێكەو مێژووی خولقاندنیشی دەزانێت. بۆنمونە كاتێك قورئان لەگەڵ مریەمی دایكی عیسا دەدوێ، پێی دەڵێت: (یا اخت هارون) (ئەی خوشكی هارون) مەبەستی لەهارون برای موسایە.. هەڵەكەش بەڕوونی دیارە، چونكە جیاوازی زەمەن لەنێوان مەریەمو هاروندا زیاتر لەهەزارو پێنج سەد ساڵە. راستیەكەش ئەوەیە موساو هارون خوشكێكیان هەیە بەناوی مەریەم (Miriam) بەڵام دایكی عیسا ناوی (ماری)ە (Mary) بەڵام عەرەب ناویاننا مریەم. لێرەوە تێكەڵاویەك لەنێوانیاندا دروست بووە. زانایانی ئیسلام هەوڵیانداوە بەچەندین رێگە ئەم هەڵەیە راست بكەنەوە, قورتوبی لەتەفسیرەكەیدا دەڵێ: (مریەم لەباوكیەوە برایەكی هەبوو ناوی هارون بوو، ئەم ناوەش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ئەم ناوەش لەناو بەنی ئیسرائیلدا زۆر بەكاردەهێنرا بۆ پیرۆزی و خۆشەویستی هارونی برای موساو ئەم هارونە یەكێك بوو لە نمونەیترین پیاو لەبەنی ئیسرائیلدا. هەروەها




دەڵێن ئەو هارون ناوە لەو زەمەنەدا پیاوچاکێك بووە لەرۆژی مردنیدا چل هەزار کەس بەدوای جەنازەکەیەوە بوونو هەر هەموویان ناویان هارون بووە.[1]

هەروەها لە صەحیحەکەی موسلیمیشدا لە (المغیرە بن شعبە)وە دەگێڕنەوە: (کاتێك چوومە نەجران پرسیاریان لێکردم ئێوە دەڵێن (یا اخت هارون) کەچی موسا ئەوەندەو ئەوەندە پێش عیسا بووە. کاتێك چوومەلای پەیامبەر لەو بارەیەوە پرسیارم لێکرد ئەویش ووتی: ئەوان لەپێشووتردا ئاوا ناوی پەیامبەرە چاکەکارەکانیان دەنا). زەمەخشەریش دەڵێ: لەنێوان موساو هارونو لەگەڵ مریەمدا هەزار ساڵ یان زیاتر هەیەو بەلای ئەوەدا ناچێت کە مریەم خوشکی هارونو موسا بێت.[2]

لە سورەتی چیرۆکەکاندا هاتووە: {وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَل لِّي صَرْحًا لَّعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ}.[3]

---

[1] تفسير القرطبي للآية 28 من سورة مريم

2 تفسير القرطبي للآية 28 من سورة مريم

[3] القصص 38




(فرعەون ووتی ئەی خەڵکینە جگە لەخۆم کەسی دیکە شك نابەم خوای ئێوە بێت. ئەی هامان لەقوڕی سورەوەکراوە قەلایەکم بۆ دروست بکە تا پێیداسەرکەوم بەڵکو خوای موسا ببینم، من وای بۆدەچم موسا درۆزن بێت).

هەروەها {وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ}.[4]

(هەروەها فرعەون ووتی ئەی هامان قەلایەك –بورجێکم بۆدروست بکە بەڵکو پێی بگەمە هۆکارەکان).

هامان وەزیری پادشای (أهاسورس– Ahasuerus) پادشای فارسەکان بوو کە دەسەلاتی لەهیندەوە تاحەبەشە هەبوو. وەزیری فرعەون نەبووە. چیرۆکەکانی تەوراتیش باس لەوە دەکەن کەهامان لەیەهودییەك (موردخای) تورەدەبێ‌و پادشا (أهاسورس) قایل دەکات کەپێویستە هەموو یەهودییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی فارسی بکوژرێت چونکە پیلانیان بۆ کوشتنی پادشا داناوە. بۆ ئەم قەتلوعامەش رۆژی (13)ی ئازار دەستنیشان کرا. کاتێك شاژن، ژنی پادشا کەیەهودی دەبێت بەمەدەزانێ پادشا قایل دەکات دەعوەتێك سازبکاو تێیدا میوانداری هامان بکرێ. رۆژی دەعوەتەکە شاژن لەپادشا پاڕایەوە و هامانی بەوە تاوانبارکرد کە دەیەوێ یەهودییەکان بەبێ هیچ تاوانێ کۆبکاتەوەو لەناویان ببات. پادشا

---

[4] غافر 36




تورەدەبێ و لەكۆشكەكە دێتە دەرەوەو دەچێتە باخچەكەوە كاتێك گەڕایەوە دەبینێ هامان خۆی داوە بەسەر قاچی شاژنداو لێی دەپاڕێتەوە، بەڵام پادشا واتێگەیشت كە هامان نیازی خراپی لەشاژن هەیە، بڕیاریدا لەسێدارە بدرێو یەهودییەكانی لێپاراست. هەروەها ڕێگەیدا بەیەهودییەكان ڕۆژی (13)ی ئازار لەدژی دوژمنان جەنگ بكەن. كە جەنگیان كردو سەركەوتن ڕایانگەیاند ڕۆژی (14)ی ئازار ڕۆژی پشوی ڕەسمی یەهودیەكان بێو ناویاننا (بوريم –Purim) [5] بەمەشدا دەردەكەوی هامان وەزیری فرعەون نەبووەو تەنانەت لەمیسریشدا نەبووە.[6]

لە سورەتی (الانعام–84) قورئان لەسەر ئیبرراهیم قسە دەكاو دەڵێ:

{وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ كُلاًّ هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ}

(ئیسحاق و یەعقوبمان پێبەخشیو هەردوكیانمان ڕێنمویی كرد)

بەهەمان شێوە لەسورەتی (الانبياء – 72) دەڵێ:

{وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً وَكُلًّا جَعَلْنَا صَالِحِينَ}

5 Ency. Britannica, under Purim
6 The Old Testament, Book of Esther




(ئیسحاق و یەعقوبمان پێبەخشی هەریەك لـەوانەمان كردە پیاوچاك)

بەپێی ئەم دوو ئایەتە ئەوە دەردەكەوێت خوا دوو كوڕی بەخشیوە بەئیبراهیم، ئیسحاق و یەعقوب. بەڵام ئەمە هەڵەیە چونكە یەعقوب كوڕی ئیسحاقە نەك كوڕی ئیبراهیم. ڕاڤەكان لـەسەدەی هەشتی میلادی پاش دیراسەكردنی مێژووی یەهودی ئەم ڕاستیەیان بۆدەركەوتووە كە یەعقوب كوڕی ئیسحاقە, بەڵام زیادەیان خستە سەر ڕاڤەكانیانو وتیان: (خوا مژدەی دا بە ئیبراهیم و سارای ژنی كە ئیسحاقیان بداتیّو دوای ئەویش یەعقوب، واتە ئیبراهیم كوڕەزایەكی لـەئیسحاق دەبێ) بەڵام لـەدرێژەیدا دەڵێ: هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت كەیەكەم جار ئیسحاق لـەدایك دەبێو دوایی ئیبراهیم كوڕێكی دیكەی دەبێ كە یەعقوبە، ئەمەشیان ڕاسترە چونكە ئیبراهیم لـەخوا دەپاڕێتەوە پێش ئەوەی بمرێت كوڕێكی بداتێ چونكە خۆی و ژنەكەی پیربوونو پەكیان كەوتووە، جا واباشترە كەخوا مژدەی ئەوەیان بداتێ كەكوڕێكیان بداتێ نەك مژدەی ئەوەی كەكوڕەكەیان كوڕێكی دەبێت و دەبنە كوڕەزا.!! چونكە ئەوان پیربوون، جائەگەر خوا مژدەی ئەوەشی پێبدانایە ئەوە سروشتی بوو كەمژدەی یەكەم منداڵیان بداتێ ئیسحاق پاش دووگیانی دوانەی دەبێت (إساو Esau




لەگەڵ یەعقوب، یەکەم جار ئیساو لەزکی دایکی دەکەوێ دوایی یەعقوب)[7] جا ئەگەر تەفسیرەکەیان راست بێت دەبێ ئایەتەکە بینوسیایە (ومن بعد اسحاق إساو) چونکە ئیساو براگەورەی یەعقوبە. کەواتە تەفسیرى لۆژیکی لێرەدا ئەوەیە کەمحمد وایزانیوە یەعقوب لەدوای ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمە.

لە سورەتی (النساء–163) {إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَعِيسَى وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا}

(ئێمە بۆ تۆ وەحیمان ناردووە وەك چۆن وەحیمان بۆ نوح و پەیامبەرانی دوای ئەوناردووە، هەروەها وەحیمان ناردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوب هەروەها لەکوڕەکانیشیان لەگەڵ عیساو ئەییوبو یونسو هارونو سولەیمانو زەبوریشمان بەخشی بەداوود).

وادەردەکەوێ خوا وەحی بەزۆر کەس داوە، لەناویاندا هەیە کەلەمەسیحیو یەهودییدا ئیعترافی پێکراوە، هەروەها هەندێك ناویش کەئیسلام خۆی زیادی کردووە، هەموو ئەوانەش بەبێ ڕیزبەندی مێژوویی. لەم ئایەتەدا پێمان دەڵێ کەوەحی داوە بە(اسباط) ئەسباتیش چەند لقو هۆزێکی بەنی ئیسرائیلن کەدوای

---

7 سفر التكوين، الاصحاح 25، الآية24

کۆچیان لەمیسرو ونبوونیان لەبیاباندا دروست بوون. چۆن خوا وەحی بۆناردن.؟ ئایا پەیامبەرێکی بۆهەموو هۆزێك نادووە؟ ئەمە لەگەل مێژوویی یەهوددا ناکۆکەو ناگونجی یان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەبێ پەیامبەر وەحی داوەتە هۆزەکە؟.

بۆ سولەیمان و داود مێژووی یەهود باسی کتێبی ئەم دوانەی نەکردووە وەك تەورات و زەبوور کتێبیان هەبوبێت. بەڵکو داوود سەربازێکی جەنگاوەربووە لەسوپای سائوون پاشا (طالوت) لەگەل پادشادا نێوانی تێکچووە، هۆزەکەی خۆی (جود) بردوو لە بیابانێکدا گیرسانەوە تا پادشا سائوول مرد، گەڕایەوە و لەگەل پادشای فەلەستینیەکان پەیماننامەیەکی بەست مەملەکەتی (جودا)ی پێکهێناو پایتەختەکەی ناونا خەلیل (Hebron) لەدوای حەوت ساڵ کاتێك کە پادشای ئیسرائیل تیرۆرکرا ئیسرائیلیەکان داودیان بۆ پادشایەتی هەڵبژارد. ئینجا داود پایتەختەکەی گواستەوە بۆ قودس و بەهۆی هێنانی (تابوت السكينة – The Ark of the corenant) شارەکەی کردە پایتەختی ئایینی ئیسرائیلییەکان. بۆ بەڕێوەچوونی دەسەڵاتەکەی تایفەیەکی ئایینی بەناوی (یهودی Yahweh) هەڵبژاردو ئایینی ئەوانی کردە ئایینی رەسمی دەوڵەت.




وردە وردە هەموو هۆزەکانی دەوروبەری چۆکیان بۆ داودو مەملەکەتێکی گەورەی پێکهێنا. دەڵێن بەشێکی زۆر لەپاڕانەوەو موناجاتی ئایینی لەشێوەی شیعردا کۆکردۆتەوە کەدواتر ناونراوە (مزامیر داود – ئاوازو سرودەکانی داود) ئەم ئاوازو سرودانە لەدوای دەربەدەرکردنی یەهودی ساڵی 539ی زایینی کۆکراوەتەوە. داود لەدەوروبەری ساڵی 1000ی پێش زایینی ژیاوە، لەبەرئەوە مێژوونوسان گومانیان هەیە داود نوسەری ئەو سرودانە بێت یاخود بۆی دابەزێنرابێتە خوارەوە.[8]

لە سورەتی (النساء-163) {إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَعِيسَى وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا}

تێیدا هاتووە (ئێمە زەبورمان بەداودی بەخشی). کەچی مێژووی یەهودی ناڵێت داود پەیامبەر بووەو باسی هیچ کتێبێکی ئاسمانی نەکردووە. مێژوو باسی ئەوە دەکات کە داود (جالوت –Goliath)ی کوشتووەو سەرکردەیەکی گەورەی سوپاکەی بووە بەڵام باسی هیچ شتێك لەپیشەکەی ناکات کە زرێپۆشو قەڵغانی دروست کردووە و ئاسنی بۆ نەرم و نیان کراوە. کاتێك کە

8 Why I am not a Muslim, Ibn Warraq, p 134

داودیش دەمرێت سولەیمانی کوڕی لەشوێن خۆی جێدەهێڵێت. سولەیمانیش لەدوای ئەوەی زڕبراکەی خۆی دەکوژێ کە ململانێی دەسەلاتی لەگەڵ دەکرد لەساڵی 965 تا 932ی پێش زایین حوکمڕانی دەکات. پەرستگایەکی بۆ خوای (یهودی) لە قودس دروست کرد کەلەدواییدا بەپەرستگای سولەیمان ناسرا. ئینجا حوکمڕانی لەولاتەکەیدا ڕێکخستو قەوارەی گەورەتر کردو هەموو هۆزەکانی ناوچەکەی داگیرکردو سنووری مەملەکەتەکەی لەفەلەستینەوە کشا بۆ سوریاو حەبەشە. زۆر گرنگی دەدا بەشارنشینی و جێی نیشتە جێبوون بۆ سوپاکەی چونکە لەگەڵ گەورەبوونی مەملەکەتەکەیدا ئەویش گەورە دەبوو!

بەجێگەیاندنی بەرنامەیەکی ئاوها گەورە وای لە سولەیمان کرد بۆ کارکردن تێیدا هێز لەگەڵ پیاوانی مەملەکەتی یەهودو دەرەوەی یەهود بەکاربهێنێ، لەسەر هەموو پیاوێك دەبوو لەهەر سێ مانگدا یەك مانگ لەکاری بینادا کاری بکردایە. چەند شارێکی دروستکرد وەك (تدمر) و چەندانەی دیکە.[9] لەبەرهۆی زۆریی کارکردن لەمەملەکەتەکەیدا خەڵکە عەوامەکەی یەهود وایان دانا کە جنۆکە یاریدەی سولەیمانی داوە بۆ دروستکردنی ئەو شارانەو لەزمانی ئاژەڵانیش

---

9 Ency. Britannica, under " Solomon

تیدەگەیشت، هەروەها سوپایەکی لەجنۆکەو باڵندەهەبووە. ئیسلامیش چەند چیرۆکێکی زیادەی لەسەر ئەم بۆچونە دروستکرد.

یەك لەوشتانەی کەسولەیمان ناوبانگی پێدەرکردووە کۆشکەگەورەو بەرفراوانەکەی بووە لەگەل فرە ژنییەکەی. دەڵێن حەوت سەد ژنی هێناوە. شاژنە (سبأ)یش زیارەتی کردووە. کاتێك کە سولەیمان گەورەدەبێ ئایینەکەی خۆی بیردەچێتەوەو شوێن ئایینی ژنەکانی دەکەوێ‌و خوای (أشتورا) خوای ناوچەی صەیدا لە لوبنان دەپەرستێ، بەم هۆیەوە خوا لێی تورە دەبێ‌و بڕیار دەدات لەدوای مردنی پادشایەتی لە کەسوکارەکەی بسەنێتەوە.[10]

سورەتی (ال عمران–46) دەربارەی عیسای کوڕی مریەم دەڵێ:

{وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ}

(عیسا بە کۆرپەلەیی و بەپیریێتی قسە بۆ خەڵکی دەکات‌و لەپیاوچاکانە).

(ابن كثير) لە تەفسیرەکەیدا لەرێگەی چەند سەنەدێکەوە دەڵێ: (پەیامبەر وتویەتی کەس لەکۆرپەییدا قسەی نەکردووە سێ کەس نەبێ، عیساو منداڵێك لەزەمەنی –جريج– و منداڵێکی دیکە) کەئەمە ئەقڵ نایبڕێ، سەرباری ئەمەش

10 الملوك الاول، الاصحاح الحادي عشر، ألآية 4 وما بعدها

باوایدابنێین عیسا لەکۆرپەلەیدا قسەی بۆ خەڵك کردووە، ئەی ئەومندالانە کێن قسەیان کردووەو کەی قسەیان کردووە؟

یان ئەگەر بڵێین عیسا لەکۆرپەلەییدا قسەی بۆ یەهودی و نەصرانی کردووە، بەلآم پێمان نالێت لەکام مێژوویاندا، خۆ ئەگەر بلێین لە کۆرپەلەییدا قسەی کردووە بەلآم خۆ لەپیریدا قسەی نەکردووە چونکە لەتەمەنی سیوسێ سالێدا لەخاچ درا..!!

راقەکاران هەولیان داوە ئەم هەڵەیە پینەپەرۆبکەن بەوەی (ابن کپیر) دەڵێ: (لە پیریدا ئەوکاتە دەگێڕێتەوە کەخوا وەحی پێدەکات لەدوای ئەوەی لەئاسمان دادەبەزێت). (ابن جریج)یش لە موجاهیدەوە دەڵێت: (الکهل واتە تەمەنی پەککەوتن و تەمەنی پەککەوتنیش ئەوکاتەیە کەکەسێك بەباشی بفامێ) ئەمەش تەفسیرێکی قەناعەتکار نیە، (الاخفش) دەڵێ: تا تەمەنی شانزە سالێ پێی دەوترێ مندال، لە شانزە سالییەوە تا سی و دوو سالێ پێی دەگوترێ گەنج و لەتەمەنی سیو سێ سالێەوە پێی دەگوترێت کهل) [11] ئەم وردە پێناسەیەش لاوازە چونکە هیچ کەسێك پشتگیری ئەوەناکات گەنجێك تەمەنی سیو سێ سالآن بێت کەچی وەك پەککەوتە یان بەتەمەن یان پیر بێت.

---

11 تفسير القرطبي للآية 46 من سورة آل عمرآن




هەندێك وای بۆ دەچن کەمەسیح نەکوژراوەو لەخاچ نەدراوە بەڵکو خوا بۆلای خۆی بەرزی کردۆتەوەو لەئاسماندا دەژی‌و دوایی خوا دایدەبەزێنێتەوەو دەژی تا پیردەبێ‌و بەپیری قسە بۆ خەڵکی دەکات.

{وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا}.[12]

(ئەو قسەیان کە دەڵێن ئێمە مەسیح، عیسا کوڕی مریەم پەیامبەری خوامان کوشتووە، لەراستیدا نەیانکوشتووە و لەخاچیان نەداوە بەڵکو لێیان تێکچووە، ئەوانەی لەم بارەیەوە ناکۆکن خودی خۆیان گومانیان لەکوشتنەکەی هەیەو هیچ بەڵگەیەکی زانستیان نییە جگە لەگومان نەبێت بەدڵنیاییەوە نەیانکوشتووە).

ئەوەی ئەم تەفسیرەی گران کردووە ئەوەیە ئەگەر خوا عیسای بەزیندوێتی بۆ ئاسمان بەرزکردبێتەوە ئەوا ئێستا لەوێدا ژیان بەسەردەبات و لەدوا رۆژدا کەدایدەبەزێنێتەوە ئەو کاتە تەمەنی هەزاران ساڵە..!! ئەوەش ئەقڵ نایبڕێت..

چارەسەری دووهەم ئەوەیە خوا لەسی‌و سێ ساڵیدا تەمەنی رابگرێ‌و لەسەر ئەو تەمەنە بەردەوام بژی تادوای هەزاران ساڵ بۆسەر زەوی دایبەزێنێتەوە، ئەگەر

---

[12] النساء 157




ئەم لۆژیکەمان قبوڵبێت ئەو کاتە عیسا کەدادەبەزێت کەسێکی گەنجە: ئیتر حیکمەتی ئەوەچییەو چۆنە خوا عیسا پیر بکات تاقسە بۆ خەڵکی بکات؟

لە سورەتی (الا عمران–55). {إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ}

خوا بە عیسای فەرموو من تۆ دەمرێنمو بلّندت دەکەمەوە بۆلای خۆم.

هەروەها لەسورەتی (المائدە–117) کاتێك خوا قسە لەگەڵ عیسادا دەکات پێی دەڵێ: ئایا تۆ بەخەڵکیت وتووە منو دایکم بەبێ خوا بپەرستن؟ عیساش پێیدەڵێ:

{مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ}

(من هیچ شتێکم پێ نەگووتون جگە لەوەی تۆ فەرمانت پێداوم ئەویش ئەوەیە تەنها خوا بپەرستن کە پەروەردگاری منو ئێوەشەو من هەتا لەناویاندا بووم شاهیدبووم بەسەریانەوە، ئینجا کاتێك منت مراند ئیتر ئەوە خۆت چاودێربویت و هەرخۆت شاهیدیت بەسەریانەوە).

ئەوەتا عیسا بەخوا دەڵێ: (فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي, کاتێك تۆ منت مراند) کەواتە عیسا مردووە یان لەخاچ دراوە و مردووە یان بەمردنی ئاسایی مردووە و بەزیندوێتی خوا هەڵینەکێشاوە بۆلای خۆی. بەڵام قورتوبی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: (خوا بەعیسا دەڵێت: من تۆ دەمرێنم لەپاش ئەوەی لەئاسمانەوە دادەبەزێنم و مەسیحی دەجال دەکوژیت) هەروەها (الحسن) و (ابن جريج) دەڵێن (انی متوفيك) (من تۆ دەمرێنم) واتە دەتگرم و بەرزت دەکەمەوە بۆ ئاسمان بەبێ ئەوەی بمریت. زوحاکیش دەڵێت: ئەوەی کە کوشتیان عیسا نەبوو بەڵکو یەکێك بوو لەحەوارییەکان و خوا پەڕوباڵی بۆ عیسا دروست کردو پۆشاکی نوری پێ پۆشیو لەگەڵ فریشتەکاندا بەرەو ئاسمان فڕی.!! هەموو ئەم قسانە زۆر گرانە باوەڕی پێ بکرێت.

هەروەها لەچیرۆك ئیبراهیم و ئیسماعیلشدا گرفت هەیە، لە سورەتی (الصافات– لەئایەتی101–110)

{فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ, فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ, فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ, وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ, قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا

كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ, إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاء الْمُبِينُ, وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ, وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ, سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ, كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ}

(مژدەمان پێدا کە منداڵێکی ژیرو هوشیاری پێدەبەخشین، کاتێك ئەو کوڕە گەورەبوو هاتوچۆی دەکرد ئیبراهیم پێی ووت کوڕم لەخەوندا بینیم کەتۆ سەردەبڕم، جا تۆ دەڵێی چی؟ وتی ئەی باوکە ئەوە بکە کەخوا فەرمانی پێداویت. گەر خوا ئارەزوو بکات لەوکەسانە دەبم کە ئارام دەگرن، کاتێك هەردووکیان تەسلیمی فەرمانی خوا بوون ئیبراهیم ئیسماعیلی بەڕوودا خست بۆئەوەی سەری ببڕێ، ئێمەش بانگمان کرد ئەی ئیبراهیم بەراستی خەوەکەت هێنایەدی، ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، ئەمە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕوونە، قۆچێکی قوربانی گەورەمان بۆنارد، پاشان لەناو گەلان‌و نەوەکانی داهاتوودا ناوی ئیبراهیممان بە زیندوویەتی هێشتۆتەوە، سڵاو لەئیبراهیم، ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، ئەو یەکێکە لەبەندە ئیماندارەکان، مژدەی لەدایکبوونی ئیسحاقمان پێبەخشی کە پەیامبەرێکی چاکە کاربووە)

لەم ئایەتانە وا تێدەگەین خوا فەرمانی کردووە بەئیبراهیم تا ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێت چونکە ڕارەوی ڕووداوەکان وادەخوازێ. هەروەها لەدوای

بڕیاری بەقوربانکردنی (بذبح العظيم) اسماعیلی یەکەم کوڕی نەبێت خوا مژدەی ئیسحاقی ئەدا بە ئیبراهیم.

بەڵام مێژووی یەهودی دەڵێ خوا فەرمانی بەئیبراهیم داوە کە ئیسحاق سەربڕێ نەك ئیسماعیل و زۆربەی هەرە زۆری زانایانی ئیسلامیە سەرەتاییەکانیش لەسەر ئەمە هاوڕان. ئەوەتا (ابن كثير) لە تەفسیری ئایەتەکەدا دەڵێت: (ئەوبەردەی لە (منى)یە (شارۆچکەیەکی نزیك بە مەککەیە) هەر لەکۆنەوە پیرۆزبووە ئەوە ئەو بەردەیە کە ئیبراهیم ویستی لەسەر ئەو بەردە کوڕەکەی خۆی (ئیسحاق) سەربڕێ بیکاتە قوربانی). هەروەها (حمزة الزيات) لە (ابن مسيره) وە دەگێڕێتەوە: یوسف ڕووبەڕوو بە پادشای ووت: وا ئارەزووتە لەگەڵ من نان بخۆیت لەکاتێکدا سوێند بەخوا من یوسف کوڕی یەعقوب کوڕی ئیسحاقی سەربڕاوی خوای کوڕی ئیبراهیمی خەلیلوڵڵام) هەروەها (عبدالله بن مسعود) دەڵێ: یوسف کوڕی یەعقوب کوڕی ئیسحاقی سەربڕاوی خوای کوڕی ئیبراهیم خەلیل ڵڵایە) (عکرمە) لە (ئبن مسعود)ەوە دەگێڕێتەوە کە ئیسحاقە نەك ئیسماعیل. هەروەها (ابن اسحاق) لە (عبدالله بن ابي بكر عن الزهري عن ابي سفيان عن العلاء بن جارية عن ابي هريرة عن كعب




الاحبار) دەڵێت: ئیسحاقە. (البقولی)یش لە (عمر و علی و ابن مسعود و العباس)ەوە دەڵێت ئیسحاقە نەك ئیسماعیل.

هەندێك زانایان مشتومڕی ئەوە دەكەن كە قوربانیەكە ئیسماعیل بووە چونكە خوا مژدەی داوە بە ئیبراهیم  كە ئیسحاقی دەداتێو دوای ئیسحاقیش یەعقوبی دەداتێو دەڵێن چۆن خوا بەئیبراهیم دەڵێ كەدوای ئیسحاق یەعقوبی دەداتێ و دوای پێی دەڵێت ئیسحاق سەرببڕە.

بۆ وەڵامی ئەم قسەیەشیان قورئان دەڵێت مژدەمان پێدا كە ئیسحاقی دەبێو دوای ئەویش یەعقوب. مەبەست لەمە یەعقوب كوڕی ئیسحاق نییە بەڵكو برای ئیسحاقە وەك پێشتر ڕوونكردنەوەمان لەسەردا. هەمان چیرۆك لەتەوراتدا هەیە لەسفری (تكوین الاصحاح 21، ئایەتی 12) دەڵێ: (ئێمە لە ئیسحاقەوە نەوەكانی تۆ ....تاد) لە هەمان سفرەوە (الاصحاح 22، ئایەتی 2) دەڵێ: پەروەردگار ئیبراهیمی بانگ كردو پێی ووت (كوڕەكەت بگرە، ئیسحاقی تاقانە كوڕت، وەریبگرەو سەریببڕە).

ئیتر چۆن دەبێ بلێ نەوەكانی ئیسحاق ئاوایان لێدەكەین دوایش پێی دەڵێ سەریببڕە؟




ئەو هەڵەیەی لە تەوراتدا هەیە لە قورئانیشدا دووبارە کراوەتەوەو واباس دەکەن کە قورئان لەتەوراتی وەرگرتووە، ئێمە دەزانین کەخوا مژدەی ئیسماعیلی بە ئیبراهیم نەداوە، بەڵکو مژدەی تەنها بەئیسحاق داوە بۆیە لەکاتێکدا خوا لەسورەتی (الصافات-101) دا دەڵێت: (مژدەمان پێدا کە منداڵێکی هوشیارو دانای بدەینێ. کاتێ پێمان بەخشیو توانای هاتوچۆی هەبوو ئیبراهیم بە منداڵەکەی گووت: کوڕەکەم لەخەوما دەبینم تۆ سەردەبڕم). ئەم ئایەتە مەبەستی ئیسحاقە چونکە تاکە منداڵێکە کەخوا مژدەی بەئیبراهیم پێدابێت.

جاری وەها هەیە قورئان هەندێك شت دەهێنێ کەلەهیچ کوێی مێژوودانییە و خەڵکیش هیچ شتێکی لەبارەوە نازانن. (سورەتی الدخان-37) دەڵێ: {أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ}

(ئایا ئەمان چاکترن یان قەومی (تبع) و ئەوانەی پێش ئەوانن؟ ئێمە هەمووانمان لەناوبرد چونکە ئەوانە تاوانبار بوون).

راڤەکاران دەڵێن (تبع) پەیامبەر یان پیاوچاکێك بووە. جائەگەر کە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە قەناعەت بە عەرەب بکاتو ئەوانیش (تبع) نەناسن، ئیتر سوودی پرسیارەکەیان چییە کەدەڵێ: (ئەمانە چاکترن یان قەومی (تبع)؟.

مێژووی یەهودی پێمان دەڵێ کەیەهودیەکان دوورخراوەی میسر بوون و فرعەون لەهەموو کارێکی گرانو نارەحەتی میسردا بەکاریهێناون. موسا لەفرعەون پاڕایەوە ڕێگەیان پێبدات لەمیسر بچنەدەرەوە و فرعەونیش ڕەفزی کرد تا ئەو کاتەی خوا لافاو و خوێنو (بۆق)ی بەسەریاندا باراند. فرعەون ڕێگەی نەئەدا لەمیسر بچنە دەرەوە چونکە هێزی کاربوون لەمیسردا و ئابووری ئەو وڵاتە پشتی بەهێزی کاری ئەوان بەستبوو. هەموو جارێك خوا سزاو بەڵای بەسەر میسرییەکاندا بهێنایە فرعەون داوای لەموسا دەکرد لەخوا بپارێتەوە ئەو سزاو بەڵایەیان لەسەر هەڵگرێ لەبەرامبەر ئەوەشدا فرعەون ڕێگەبدات بەموساو بەنی ئیسرائیلییەکان لەمیسر بچنە دەرەوە. هەموو جارێکیش فرعەون لەپەیمانی خۆی پەشیمان دەبووەوە. تەنانەت قورئانیش دانبەوەدا دەنێت کە یەهودییەکان لەمیسردا دەچەوسێنرانەوە. لەئایەتی (30) سورەتی (الدخان) خوا لەو عەزابە ڕزگاریان دەکات: {وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنَ الْعَذَابِ الْمُهِينِ}

(ئێمە ئیسرائیلیەکانمان لەچەوساندنەوەی فرعەون ڕزگارکرد).

هەروەها سورەتی (الاعراف-134). {وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَآئِيلَ}




(هەرکاتێك بەڵایان بەسەرهاتایە دەیانوت ئەی موسا بەو پەیمانەی خواپێی داویت لێی بپاڕێرەوە سوێند بەخوا ئەگەر ئەم بەڵایەمان لەسەر هەڵگری باوەرت پێدەکەین و ڕێگەدەدەین بەنی ئیسرائل لەگەڵ خۆت بەئازادی بچنە دەرەوە) ئەوەتا فرعەون بەموسا دەڵێت بەنی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین هەتا ئەوکاتەی موسا لەگەڵ بەنی ئیسرائیلدا بەشەو رایکرد فرعەونو سەربازەکانی شوێنیان دەکەون تا ڕێگەیان نەدەن لەمیسر بچنە دەرەوە. کەچی لەسورەتی (الاسراء103) قورئان پێمان دەڵێ: فرعەون ویستویەتی ئیسرائیلیەکان بەزۆر لەمیسر بچنەدەرەوە لەبەر ئەوەش خوا خۆیو ئەوانەی لەگەڵی بوون خنکاندنی:

{فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ الأَرْضِ فَأَغْرَقْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ جَمِيعًا}

(فرعەون ویستی بەیەکجاری و بەسوکایەتییەوە لەسەر زەوی میسر دەربەدەریان بکات بۆیە ئێمەش خۆیو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون نوقمی دەریامان کردن).

تەبەریش لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: (وشەی (يَسْتَفِزَّهُم) واتە بیانکاتە دەرەوە).

لەلایەکەوە قورئان دەڵێ فرعەون نەیدەهێشت موساو ئیسرائیلییەکان بچنە دەرەوەی میسر، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێ فرعەون زۆری بەکارهێناوە تا

لەميسر دەربكرێنە دەرەوە، ئەمەش پێچەوانەی چەند بەشێكی قورئانو مێژووی ناسراوە.

لەسورەتی (يوسف-77) كاتێك جامولكەو دەفری پاشايان لە كوپەلەكانی (بنيامين) برای بچوكی يوسف دۆزييەوە براكانی وتيان:

{قَالُواْ إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا وَاللّهُ أَعْلَمْ بِمَا تَصِفُونَ}

(ئەگەر ئەو دزی بكات ئەوە بێگومان براكەشی لەوەوپێش دزی كردووە، ئينجا يوسف ئەو قسەو تۆمەتەی لەدڵی خۆيدا هێشتەوە).

تەبەری لەتەفسيری ئايەتەكەدا دەڵێت: مەبەستيان لەوقسيە كەوتويانە (بێگومان براكەشی لەوەوپێش دزی كردووە) ئەوە يوسفە چونكە يوسف (بت) يێكی ئاڵتوونی لەباوەپيارەكەی دزی بوو دوايی شكاندبووی. هەروەها لەتەوراتيش (سفر التكوين، الاصحاح 31 الايه 19) دەڵێ: دزەكە يوسف نەبووە بەڵكو دايكی بووە كەناوی (راچيل Rachel) بووە كە بتە ئاڵتوونيەكانی لەماڵی باوكی دزی پێش ئەوەی لەگەڵ مێردەكەيدا (ايوب) بچنە دەرەوە.




## هەڵە ژمارەییەكان لە قورئاندا

لە قورئاندا هەندێك هەڵەی ژمارەیی دەبینین كە زانایانی ئیسلام هەوڵیانداوە بەچەندین شێوە تەفسیری بكەن. لە سورەتی بەقەرە – 233 هاتووە:

وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ.

دایكان دووساڵی تەواو شیردەن بە بە منداڵەكانیان. ئەگەر كەسێك ویستی شیری تەواو بدات دەبێ دایكان دوو ساڵ تەواو شیربدەن بە منداڵەكانیان).

لە سورەتی (الاحقاف – 15) شدا دەڵێ

{وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا

(فەرمانمان بە مرۆڤ داوە كە ڕەفتاری چاك لەگەل دایكو باوكیاندا بكەن، چونكە دایكی بە ئازارەوە هەڵیگرتووەو بەدەم ئیشو ئازارەوە بوویەتی، سكپڕبوونو لە شیربڕینەوەی (30) سی مانگی تەواوە).




لێرەدا بە روونی دیارە کە ماوەی شیردان لە دوو ساڵ کەمترە چونکە دووگیانی (حمل) نۆمانگەو بۆ شیردان لە سی مانگەکە بیستو یەك مانگ دەمێنێتەوە، هەروەك لە ئایەتەکەدا هاتووە.

زانا یانیش بۆ ئەم هەڵخلیسکانە بۆ دۆزینەوەی تەفسیرێکی گونجاو تووشی ناکۆکی بوون. هەندێکیان دەڵێن ئەگەر دووگیانی ماوەی نۆ مانگی خایاند ئەوە شیردەرایی بیستو یەك مانگە مەبەستی ئایەتەکە بۆ سی‌مانگ ئەوەیە کەمترین کات بۆ دووگیانیەکە دانراوە کە ئەویش شەش مانگە.

گرفت لەم گوتەیەدا ئەوەیە ماوەی دووگیانی زۆرینەی هەرە زۆری کات لەلای بەشی هەرە زۆری ژنان نۆمانگەو لەدایکبوونی مندال بە شەش مانگ لە شتە (شاز) ناوازەکانە شەرعیش هەمیشە بایەخ بەشتە ناسراوو بەربلاوەکان دەداتو لەسەر شتی ناوازە شەرع پێکناهێنرێت. تەنانەت ئەگەر بێتو شتی ناوازەش وەربگرین ئەوا لەدایکبوونی مندال لە شەش مانگدا بە (لەبارچوون) دادەنرێت چونکە کۆرپەلە لە دوای بیستو هەشت هەفتە نەبێ کە دەگاتە حەوت مانگ گەشەناکاو ناتوانی لە دەرەوەی رەحمی دایکی بژی، تەنانەت لە پێش سێ دەیەو تائێستاو لەگەڵ پێگەیشتنی زانستی مۆدێرندا دەرکەوتووە کە




نسبەتی ئەو كەسانەی بەحەوت مانگی لە دایك دەبن‌و دەژین ڕێژەیان كەمەو لەسەدا دە (10٪) تێپەڕنابن.[1]

بەڵام ئەوانەی بە شەش مانگی لە دایك دەبن بە (لەبارچوون) یان بە منداڵێكی ناكام ناتەواو كەموكوڕ دادەنرێ‌و بەم هەموو زانستەوە بیست تا سی ساڵ لەمەو پێشیش هەتا ئێستا كەس نەژیاوە، جا ئیتر كاتی سەرهەڵدانی ئیسلام ئەبی چۆن بیت؟!.

ئایا ئەقڵ ئەوە وەردەگرێ یەكێك لەو پێشینانە ژیابێت تا گوێبیستی ئەم ڕاڤەكارانە بێت چی دەڵێن؟.

لە سورەتی (الاعراف – 54) {إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ}

(خوای پەروەردگارتان لە ماوەی شەش ڕۆژدا زەوی‌و ئاسمانەكانی دروست كرد دوایی چووە عەرشی فەرمانڕەوای)

بەڵام لە سورەتی (فصلت 9+12) دەڵێت:

1 A Textbook for Midwives by Margaret Miles, Livingstone, Edinburgh and London, 1966, p 43




{فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ}

پیانبلێ: باشە ئێوە باوەڕتان بەو خوایە نیە کە لەماوەی دوو ڕۆژدا زەوی دروست کرد..و ..و.. ئینجا لە ماوەی چوارڕۆژدا کێوەکانی دامەزراندو بەرەکەتی زۆری تێدا دابینکردوو هەموو رزقو ڕۆزییەکانی بڕیاریدا، ...و...و...و لە ماوەی دوو ڕۆژدی دیکەدا حەوت چین ئاسمانی دروست کرد و..و..و..).

لە ئایەتی یەکەمدا ئاسمانو زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست کرد بەڵام لە ئایەتی دووهەمدا لە هەشت ڕۆژدا دروستی کرد.

زانایان هەوڵیانداوە تەفسیری ئەم ناکۆکییە بکەنو سیوتی لە تەفسیرەکەیدا (الجلالین) دەڵێت: (خوا لە ماوەی دوو ڕۆژدا زەوی دروست کرد کە یەك شەممەو دوو شەممە بوو، دوایی کاروبارو رزقو ڕۆزیەکەی لە چوار ڕۆژی تەواوکراوەدا تەواکرد) سیوتی لێرەدا چوار ڕۆژەکە لە یەکەم ڕۆژی دروستکرنی زەوییەوە دەستپێدەکات کە یەك شەممەیەو دروستکردنی تەواوی زەوی بە هەموو شتەکانیەوە لەو چوار ڕۆژەدا تەواو دەکات، ئینجا ئاسمانی لە دوو ڕۆژدا دروست کرد) بەم شێوەیەش کۆی ڕۆژەکان دەبێت بە شەش, منیش




پێم وایە ئەم تەفسیرە قەناعەت بە کەس ناکات چونکە خودی قورئان دەڵێ زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە، ئینجا شاخو گیاو ئەو شتانەی لە چوار ڕۆژدا دروست کردووە ئەوە پێویستی بەو ئایەتە نەدەکرد (ئایەتی 9 فصلت) کەدەڵێ لە دوو ڕۆژدا دروست کراون. چونکە ڕستەیەکە سوودی نییەو هیچ پێویستی نەدەکرد ئەو ئایەتە بوترێت.! بە مانایەکی دی ڕستەیەکی تێئاخنراوەو نابێ وابێ، قورئان دەبێ بێگەرد بێت.

هەروەها ناکۆکی ژمارەیی هەیە دەربارەی ژمارەی ئەو فریشتانەی کە خوا لە شەڕی بەدردا بۆ یارمەتیدانی ئیماندارانی ناردوونی. لە سورەتی ئەنفالدا (5) هاتووە

{إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِين}

(یادی ئەو کاتانە بکەنەوە کە لە پەروەردگارتان دەپارانەوەو داوای یارمەتیتان لێدەکرد، خواش خێرا هات بەهاناتانەوەو وتی بە هەزار فریشتە یارمەتییان دەدەم)

کەچی لە سورەتی (أل عمران – 142) دەڵێ:

{إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلاَثَةِ آلاَفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُنزَلِينَ}




(لە پێش ئەم ئایەتەدا باسی شەڕی بەدر دەكاتو دەڵێت: وەرگێر) (وە بیریان بهێنەوە كاتێك بە ئیماندارانت دەوت ئایا ئەوەندە بەس نییە كە پەروەردگارتان بەسێ هەزار فریشتە كۆمەكتان بكاتو بۆتان دابەزێنێت؟).

هەروەها لە هەمان سورەتدا ئایەتی 125 دەڵێ:

{بَلَى إِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَـذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلافٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُسَوِّمِينَ}

(بەڵێ ئەگەر خۆراگربن هەر ئێستا دێن بۆلاتانو پەروەردگارتان پێنج هەزار فریشتەی نیشانەدار بۆ كۆمەكیتان ڕەوانە دەكات).

دەبینین سەرەتا بە هەزار فریشتە دەستی پێكرد دوایی بووە سێ هەزار فریشتەو دوایی پێنج هەزار، ئەم ژمارە زۆرەش لە چەند شوێنێكی جیاواز نەبووە بەڵكو هەمووی لە شەڕی بەدردا بوو، چونكە (حسين بن مخارق) لە (سعيد عن الحكم عن مقسم عن ابن عباس)ەوە دەڵێ: فریشتە جگە لە شەڕی بەدر هیچ شەڕێكی دیكەی نەكردووە.[2]

2 تفسير القرطبي للآية 124 من سورة آل عمران




وەك لــە ئایەتەکــەدا هــاتووە (والملائکــة المــسومین) فریــشتەی نیــشانەکراو، صەحابەکان لــە جــۆری شــێوازیاندا بۆچــوونی جیاوازیــان هــەبووە. هــەیانبووە دەیــانوت شــێوەیان مێــزەر ســپی بــوون، هەنــدێکی دیکــەش دەیــانوت مێــزەر سووربوون، هەندێکی دی دەیــانوت مێــزە زەردبــوون. هەنــدێکی دیکــەش وای بۆچووبون کەشێوازیان بەئەســپەکانیانەوە بــووە. ئێمــەش دەزانــین کــە ســورەتی (فاطر) لە ئایەتی یەکەمیدا دەڵێ:

{الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}

(سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەدیهێنەری ئاسمانو زەوییە، فریشتەکانی کردووە بــە نوێنەری خۆی کە خاوەنی چەندەها باڵن، هەیانە دووباڵــی هەیــە، هەیانــە ســێو هەیانە چوار)

ڕەنگە پرسیار بکرێ، گەر فریــشتە بــاڵی هــەبێت هەنــدێك بــە دوو باڵــەوە هەندێکیان بەسێ باڵ یان بەچوار باڵەوە ئــیتر بۆچــی ئــەم فریــشتانە لــە شــەڕەی بەدردا پێویستیان بە ئەسپ هەبووە؟ ئایا بە فڕینــەوە شــەڕکردنیان باشــتر نــەبوو؟ ئەوەی دەرکەوتووە لەهەموو جەنگە مۆدێرنەکانــدا چــەکی ئاســمانی ســەرکەوتن بەدەست دەهێنێت, ئەو هەموو ناکۆکییە لەسەر ڕەنــگو شــێوەیان بەڵگەیــە بــۆ

ئه‌وه‌ی هیچ صه‌حابه‌یه‌ك فریشته‌ی نه‌دیوه!! به‌ڵكو باوه‌ڕیان به‌و قسانه كردووه كه پێیان گوتراوه.

جا ئه‌گه‌ر نه‌توانرێت فریشته ببینرێت ئیتر حیكمه‌تی ئه‌وه چییه نیشانه به شێوازیانه‌وه هه‌بێت، زه‌رد بێت یان سور؟؟.

هه‌روه‌ها بابه‌تی مانگانه‌ی ژنانی ته‌ڵاقدارو ئه‌وانه‌ی مێرده‌كانیان ده‌مرن له سوره‌تی به‌قه‌ره‌دا (228):

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ.

ده‌بینین ژنی ته‌ڵاقدراو ده‌بێ سێ جار مانگانه (عادة.. حيض) چاوه‌ڕێ بكه‌ن بۆیان حه‌ڵال نییه ئه‌وه‌ی له ره‌حمیاندا خوا دروستی كردووه بیشارنه‌وه).

مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی له سێ مانگانه یاخود سێ مانگ چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌یه بزانرێت ئایا ئه‌و ژنه له مێرده‌كه‌ی دووگیان بووه یان نا، سێ مانگیش به‌بێ گومان به‌سه بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی بزانن دوو گیانه یان نا.

به‌ڵام له هه‌مان سوره‌ت ئایه‌تی 234 ده‌بینین نوسراوه:




{وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ }

(ئەو پیاوانەتان كە دەمرن پێویستە ژنەكانیان چوار مانگو دە شەو چاوەڕێی بكەنو شوونەكەنەوە).

ڕەنگە كەسێك پرسیار بكات بۆچی مانگانەی ژنانێك كە مێردەكەیان تەڵاقیان داون ماوەكەی جیاوازە لە مانگانەی ئەو ژنانەی كە مێردەكانیان مردوون؟؟. ئایا بۆ زانینی دووگیانەی ژنێك كە مێردەكەی مردبێت پێویستی بەكاتی زیاترە تا دەربكەوێ دووگیانە یان..نا.؟؟.

بەپێی ئەوەی لە هەردوو صەحیحەكەدا هاتووە ڕاڤەكاران دەڵێن: گەر كەسێك خوا دروستی كرد ئەوا بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە زكی دایكیدا تەنها تۆو كۆدەبێتەوە دوایی ئەوە بە ڕێژەی هەمان ڕۆژ هەڵواسین ڕوودەدات، دوای ئەوە بۆماوەی چل ڕۆژ خواردنی تەواو گەورەی دەكات ئینجا خوا فریشتەیەك دەنێرێ تا بە فوو ڕۆحی بكات بە بەریدا.

كۆی ڕۆژەكان دەكاتە سەدو بیست ڕۆژ واتە چوار مانگ.




(سعيد بن المسيب) (پرسیاری کرد: بۆچی (10)ڕۆژ, دە ڕۆژی لەکۆتاییەکەیدا زیادەیە!؟. ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت لەو ڕۆژانەدا فریشتە رۆح دەکاتە ناوییەوە).

جا ئایا فریشتە بۆ فوو پیاکردنێکی ڕۆح بەناو کۆرپەلەدا پێویستی بە دە ڕۆژ هەیە؟.. جا ئەگەر هێشتا بەفوو ڕۆح نەکراوەتە ناو کۆرپەلەکەوە ئیتر بۆچی بۆ زانینی دووگیانی مێردمردوو پێویستی بە چورمانگو دە ڕۆژ هەیە, ئەی بۆ ماوەی مانگانەی ژنی تەڵاقدارو سێ مانگە؟؟. لەوە سەختتریش ئەوەیە کەنیزەك (مملوكة – جارية) گەر تەڵاق بدری مانگانەی دوومانگەو گەر مێردی مرد دوومانگو دە ڕۆژە..!!.

ئەگەر قورئان بۆ هەموو خەڵك دابەزیوە وەك زانایانی ئیسلام دەیڵێن بۆ هەموو سەردەمێکیشە, بۆچی هیچ ئیعتیبارێك بۆ پێشکەوتنی ئەم سەردەمەو سەردەمەکانی داهاتوو دانەنراوە؟... ئێمە ئێستا دەتوانین تەنها لە دوای دوو هەفتە لە دواکەوتنی مانگانەی ژن یەکسەر بزانین ئەو ژنە دووگیانە یان.. نا، ئەمەش بەهۆی پشکنینی تاقیگەیی لە (میز) یان (خوێن) یان پشکنینی ژنەکە بە شەپۆلی سەروو دەنگەکانەوە (ultrasound) بەروونی دەردەکەوێت. جا ئایا ئیتر هیچ پێویستیمان بە مانگانە دەبێت سێ مانگ بێت یان چوارمانگو دە




ڕۆژ؟؟. ئەی بۆ ئەو ئافرەتانە چی بڵێین کە نەشتەرگەری بۆ کراوەو ڕەحمی بچڕاوەو ئیتر ناتوانن دووگیان بن، ئەگەر تەڵاقدار یاخود مێردەکەی مرد ئایا مانگانەی بەسەردا جێبەجێدەکرێ؟؟.




## بەشی پێنجەم

## ئیسلام و زانست

چەندین کتێب هەرکتێبەی لەچەندین بەرگدا دەربارەی موعجیزەی زانستی قورئان هەن, لێرەدا هەندێکیان دەخەینە روو. لەوانەشە تووشی وەڵامدانەوەی هەندێکیان ببم بەتایبەتی کتێبی (the bible the quran and science)ی (دکتۆر موریس بوسیل).

ئەو راستییە سادەیەی کەدەبێت خەڵکی لێی بەئاگابن ئەوەیە کەقورئان وەك پەیامێك هات قەناعەت بەخەڵکی بکات کەخوا هەیەو دواتریش هەندێك یاسایان بۆ روون بکاتەوە. باوەڕم وایە قورئان بۆ ئەوە دانەبەزیوە پێشبینی ئەو گۆڕانکارییە زانستییانە بکات کەلەداهاتوودا دوای هەزاران ساڵ روو دەدەن. ئەو خەڵکانەی هەوڵ دەدەن قورئان بکەنە کتێبێکی کیمیاو فیزیا هیچ خزمەت بەقورئان ناگەیەنن چونکە توێژینەوە لەقورئان چەندین پێچەوانەوە نادروست لەگەڵ زانستی سەردەمدا دەسەلمێنن.




با لەئەلفەو بای فیزیاوە دەست پێبکەین تا بیرۆکەیەکمان دەرباری ئەم جیهانە هەبێت کەتیێدا دەژین. سەرەتا لەتیشکەوە دەست دەکەین کەخێراییەکەی لەیەك چرکەدا (186,000) میلە. تیشکی خۆریش (93) ملیۆن میل لەئێمەوە دوورە, هەشت دەقیقەی پێدەچێت تا دەگاتە لای ئێمەو لەبەرەبەیاندا ڕۆژ هەڵدێت.

ئەم جیهانەی ئێمە لەچەندین مەجەرە پێکهاتووە، ئەو مەجەرەیەی کە زەوییەکەی ئێمەو خۆری تێدایە ناونراوە (the milky way)و لەبلیۆنەها ئەستێرە پێکهاتووە، هەندێکیان لەخۆرەکەی ئێمە گەورەترن. زەویش لەچەقی بازنەی ئەم مەجەرەیەوە (26,000)ساڵی تیشکی دوورە. گەر بزانین کەساڵێکی تیشکی یەکسانە بەو ماوەیەی کەتیشك تێپەڕ دەبێت لە3/26 ساڵ (تیشك لەرۆژێکدا 16/070/400 میل دەبرێت، واتە نزیکەی شانزە ملیۆن میل، ئەگەر ئەم ژمارەیە کەڕەتی (365) ڕۆژ بکەین ئەوا ئەو ماوەیەمان چنگ دەکەوێت کەتیشك لەساڵێکدا دەیبڕێت، یەك ساڵی تیشکیش دەکاتە نزیکەی (190/384/000/000 میل) دووری زەویمان لەچەقی مەجەرەکەوە بۆ دەردەکەوێت. لەکاتێکدا دووری خۆر لەچەقی مەجەڕکەوە ماوەیەکە کە مرۆڤ بەناڕەحەت دەتوانێ وێنای بکات کەدەگاتە




(200/000/000/000/000/000) ژمارە دوو لەدوایەوە حەڤدە سفر. جا ئەگەر ملیۆنەها مەجەرەی دیکە بخەینە سە ری ئەو کاتە گەورەیی‌و قەبەیی ئەم گەردوونەمان بۆ دەردەکەوێت.

با لەدرووستکردنی زەویی‌و ئاسمانەوە دەست پێبکەین کەزانایان بەو شێوە دەیبینن. (د. موریس) دەڵێ (لەسەرەتادا ئەم جیهانە بریتی بووە لەتۆپەڵە غازێکی هایدرۆجین‌و هیلیوم‌و ناو دەبرێ بە(nebula) بەربەرە غازەکان دابەشی چەندین تۆپەڵە بوون کەقەوارەیان جیاواز بووە، هەندێکیان قەبارەی دەگاتە سەد ملیۆن ئەوەندەی قەبارەی خۆر, قەبارەی خۆریش یەکسانە بە (300/000) جار لەزەوی گەورەتر. لەئەنجامی ئەم دابەشبوونە چەندین مەجەرە درووست بوون کەبلیۆنەها ئەستێرەی تێدا بێت. هەندێکیان چەندین جار لەخۆری ئێمە گەورەترە. بەهەمان شێوە چەندین هەسارەی وەك زەوی‌و زوحەل‌و مەریخ درووست بوون. هەردەبێ وەك ئەم زەوییەی ئێمە زەوی دیکە هەبێت‌و تا ئیستاش زانست نەیدۆزیبێتەوە.

کاتێکیش غازەکان دابەش بوون‌و خۆرو هەسارە درووست بوون رووی سەرەوەی خۆرو هەسارەکان بەهۆی کارلێکردنی گەردیلەکانەوە کەبەردەوام لەناوەوەی خۆرو هەسارەکاندا بەردەوام بوو لەپلەیەکی تەواو بەرزی گەرمی




دابوو. رووی زەویش ئەوەندە گەرم بو بەکەڵکی ژیان نەدەهات. هەروەها هیچ ریزبەندییەك یان رێکخستنێك بۆ پێکهاتەی ئەم تەنە ئاسمانیانە نەبووە.[1]

هەروەها (د. موریس) دەڵێت (زانایان تەمەنی مەجەرەی ئێمەیان بەدە بلیۆن ساڵ مەزەنە کردووە. خۆرو زەوییەکەشمان تەمەنیان نزیکەی چوار بلیۆن‌و نیو ساڵە, ئەم مەجەڕەیەی ئێمەی تێداین (the milky way) سەد بلیۆن ئەستێرەی تێدایەو وێناکردنی ئاسان نییەو تیشك پێویستی بە(90/000) ساڵی تیشکی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لەمسەرەوە بچێتە ئەوسەر).[2]

بە دانپێدانانی (د. موریس) زانستی سەردەم ئەمە دەڵێ، ئێستا با بڕوانین قورئان چی دەڵێت:

{قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ, وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاء لِّلسَّائِلِينَ, ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا

---

[1] The Bible The Quran and Science By Dr Maurice Bucaille Published By Tahrike Tarsile Quran Inc, New York 1982, P150

[2] Same Reference, p 151




طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ, فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ.[3]

(بلێ، باشه ئێوه باوەڕتان بەوە نییە خوا لەماوەی دوو ڕۆژدا زەوی درووست کردووەو هاوەڵی بۆ دادەنێن، ئەوەیە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە، زەوی شاخەکانی دامەزراندووەو هەموو رزقو ڕۆزییەکانی تێدا بڕیارداوە ئەمانەشی لەماوەی چوار ڕۆژدا تەواو کرد تا نیازو داخوازییەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکات، ئێنجا ویستی ئاسمان ڕێك بخاتو دروستی بکات کەدوکەڵ بوو، ئینجا خوا بەئاسمانو زەوی وت ئایا ئێوە بەخۆشی خۆتان دێنە ژێر دەسەڵاتمەوە یاخود بەزۆر؟ وتیان ئێمە ملکەچی تۆین، لەماوەی دوو ڕۆژی دیکەدا ئاسمانەکانی کردە حەوت چین (تەبەقە)و فەرمانی بۆ هەر چینێکیش کرد، ئاسمانی دونیاشمان بەئەستێرە ڕازاندەوەو کردمانە چراخانو هۆی پاراستن لەشەڕی شەیتانەکان ئەوانە هەمووی بەویستی خوایەکی باڵا دەستو زانایە).

کۆی مانای ئایەتەکە ئەوەیە خوا لەماوەی دوو ڕۆژدا زەوی دروست کرد کەیەك هەسارەیە، ئینجا لەماوەی چوار ڕۆژدا شاخەکانی داکوتاو رزقو ڕۆزی دابەشکرد، ئینجا ئاسمانی درووست کرد کەدووکەڵ بوو هەموو مەجەرەکانی

---

[3] فصلت 9 , 12

درووست كرد كەپێشتر باسمان كرد بوو لـەگەڵ خۆرو بلیۆنەها ئەستێرە كەرووبەری هەندێكیان چەندە ملیۆنێك لەخۆر گەورەترە، كەرووبەری خۆر دەگاتە سێ سەد هەزار جار لـەرووبەری زەوی هەروەها چەندین هەسارەی دروست كرد كەهەندێكیان وێكچووی زەوین‌و بۆی هەیە زانست لـەپاشەڕۆژدا ئاشكرای بكات وەك (د. موریس) دەیلێت، هەموو ئەمانەی لـەماوەی تەنها دووڕۆژدا دروست كرد، ئایا ئەمە لـەگەڵ زانستدا یەكدەگرێتەوە؟؟.

(د. موریس)دەڵێ: ئەو ڕۆژانەی لێرەدا باس كراون ئەو ڕۆژانە ناگرنەوە كەئێمە دەیزانین‌و خوا مەبەستی لـەماوەیەكی زۆری زەمەنییە كەبۆی هەیە یەك ڕۆژ بگاتە هەزاران ساڵ.

ئەگەر بێت‌و ڕەچاوی ئەم بۆچوونەش بكەین پێویستە (ماوە)ەكان بەدرێژایی زەمەن وەك یەك یەكسان بن تا بتوانین وەك ڕۆپێوێك بەكاری بهێنین چۆن دەبێ خوا هەسارەیەك لـەدووماوەی جیاوازدا دروست بكات؟ رزق‌و ڕۆزی ئەو هەسارەیەش لـەچوار ڕۆژدا پێوانەبكاو دوایی ئەستێرەش دروست بكات كەماوەكەی ناژمێردرێ‌و وێنای ئاسان نییە تەنها لـەدوو ماوەدا؟ لۆژیك پێمان دەڵێ شتێك هەیە لـەژمارەدا نسبیەو قبوڵ ناكرێ. چونكە (د. موریس) پێشووتر پێی وتین تەمەنی مەجەرەی ئێمە دە بلیۆن ساڵەو تەمەنی خۆرو زەویش چوار




بلیۆنو نیو ساڵە, هەردەبێ زۆرترین ئەستێرەی مەجەرەی ئێمە، گەر نەڵێین هەموو مەجەرەکانی دیکە، پێش زەوی درووست کراون. بەڵام ئایەتەکانی پێشوو لەقورئاندا پێمان دەڵێ خوا یەکمجار زەوی دروست کرد دوایی ئاسمانی دروست کردو ئینجا بەهەسارە درەخشاندنی. لەهەمان ئایەتدا قورئان پێمان دەڵێ خوا رزقو رۆزی زەوی مەزەنە کرد، واتە درەختو رووەكو شتی دیکە بۆ ژیانەڵای ئاژەڵان لەچوار رۆژدا یاخود لەچوار ماوەدا، وەك (د. موریس)یش هاوڕای ئەم بۆچوونەیە.[4]

هەروەها دوکتۆر دەڵێ: ئاوو زەریاکان پێش نزیکەی نیو بلیۆن ساڵ لەسەر زەوی دەرکەوتن.[5] کەواتە رووەك بەلایەنی کەمەوە پێش نیو بلیۆن ساڵ دەرکەوتووە، یاخود کەمتر لەو ماوەیە بەرێژەیەکی کەم، هەروەها کەواتە پێزانینو ژیانەڵای زەوی (قوت الارض) پێش چەند میلۆن ساڵێك نەبێت دیاری نەکراوە لەکاتێکدا تەمەنی زەوی چوار بلیۆنو نیو ساڵە. جا لەبەرئەوەی پێش ئەوە خوا ئاسمانی دروست نەکردبوو بەڵکو دوای تەواوبوونی دیاریکردنی ژیانەڵای زەوی، لەمەوە دەتوانین بڵێین تەمەنی ئاسمان لەچەند ملیۆن ساڵێك

[4] The Bible the Quran and Science, P 198
[5] Same reference p 190

تێپەڕ نابێت. بەڵام ئێمە ئێستا زانیومانە کەتەمەنی مەجەرەکەمان دەبلیۆن ساڵە، جگە لەمەجەرەکانی دیکە. ئیتر ئایا زانستی قورئان لەکوێی زانستی سەردەمدایە؟؟

بابڕوانینە ئەم ئایەتانە:

{أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاء بَنَاهَا, رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا, وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا, وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا, أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءهَا وَمَرْعَاهَا, وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا, مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ}.[6]

(ئایا زیندووکردنەوەی ئێوە سەخترە یان دروستکردنی ئاسمان، بەرێکوپێکی و بەبەرزییەوە سەقامگیری کردووە، شەوگارەکەی تاریك کردووەو چێشتەنگاویشی لێدەرهێناوە، دوای ئەوەش زەوی فراوان کرد، ئاوی لێدەرهێناو لەوەڕگای خست، کێوەکانیش بەتۆکمەیی داکوتی، هەمووی بۆ خۆشی ئێوەو ماڵاتەکانتان).

لێرەدا قورئان پێمان دەڵێ خوا ئاسمانی دروست کردو شەورۆژی بەدی هێنا واتە خۆری درووست کرد، دوایی زەوی فراوان کرد واتە رایخستو ئاوی لێدەرهێنا.

[6] النازعات 27 , 33

کەواتە دەتوانین بلێین خوا لەدوای درووستکردنی ئاسمان زەوی درووست کردووە، ئەمەش پێچەوانەی ئایەتەکانی پێشووە، یاخود یەکمجار زەوی دروست کرد بەڵام خڕ بووە دوایی پاش دروستکردنی ئاسمان زەوی تەخت کردووەو رایخستووە. ئەمەش دانپێدانانە بەوەی کەزەوی تەختە.

ئایەتی 31 پێمان دەڵێ کەخوا لەزەوی ئاوی دەرهێناوەو لەدوای ئەوەی ئاسمانی دروست کردووە ماڵاتی خستووە. لەبەر ئەوەی رووەك بەئاو نەبێت گەشە ناکات خوا ئاسمانو ئەستێرەی پێش تەختکردنی زەوی درووست کردووەو رووەکی لێدەرهێناوە کە دەبێتە ژیانەڵای زەوی. ئەمەش هەروەها پێچەوانەی ئەوەیە کەپێشتر قورئان پێی وتین خوا پێش ئەوەی لەماوەی دوو رۆژدا ئاسمان درووست بکات هات ژیانەڵای زەوی لەچوار رۆژدا دابین کرد.

هەندێك لەراڤەکاران بەجیاوازیو چۆنێتی درووستکردنی زەویو ئاسمانیان زانیوە، هەندێکیان دەڵێن: (وشەی (بعد ذلك – لەدوای ئەوە) کەلەئایەتەکەدا هاتووە واتە (مع ذلك – لەگەل ئەوەدا)، نەك لەدواییدا دروستی کردبێ بەڵکو پێکەوە درووستی کردوون).

قورتوبیش لەسەر ئەم بۆچوونە رەئی خۆی هەیەو دەڵێت (یەکێك وتوویەتی: تۆ زانیوتە کەکۆمەڵێك لەئەهلی تەئویل رووی قسەی خۆیان هەڵگێڕاوەتەوە




کەدەڵێ: (والارض بعد ذلك دحاها لەدوای ئەو زەوی فراوان کرد) گۆڕیویانە بۆ (والارض مع ذلك دحاها– لەگەڵ ئەودا زەوی دروست کرد) منیش پێی دەڵێم لەسەر ئەم وتەیەت کەدەڵێی (بعد– لەدوای) واتە (مع– لەگەڵ) کامەیە بەڵگەت، لەکاتێکدا (بعد–لەدوایی) بەرامبەرەکەی (قبل– لەپێشدا)یە؟.؟ دەڵێن ئەوەی لەمانای (بعد) لەقسەی عەربەدا ناسراوە ئەوەیە کەپێشتر وتومانە وشەیەکە لەدژی (قبل)و مانای (مع) ناگەیەنێت بەڵکو واتاکانی قسە ڕووبەڕووی گشتی دەبێتەوە بەو شێوەیەی ماناکەی لای خەڵك زانراو بێت نەبۆ شتی تر.[7]

هەروەها:

{وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاء لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِن بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ}.[8]

(خودی خوا ئاسمانەکانو زەوی لەماوەی شەش ڕۆژدا درووست کردو عەرشەکەشی لەسەر ئاو بوو).

[7] تاريخ الطبري، المجلد الاول، ص 38 (مصدر سابق)

[8] هود 7

وەك (ابن كثير)دەڵێت: (پرسیاریان لە (ابن عباس) كرد: كەدەڵێن عەرشەكەی لەسەر ئاو بووە ئەی ئاوەكە لەسەرچی بووە؟ لەوڵامدا دەڵێ: ئاوەكە لەسەر پتەوی (با)دا جێگیر بوو.) گەر وابێت كەواتە یەكەم شتێك خوا دروستی كردبێت (با)بووەو ئاوی لەسەر داناوەو دوایی عەرشەكەی لەسەر داناوە ئینجا زەوی‌و ئاسمانی دروستكردووە.

ئەگەر ئێمە تەنها لەسەر زانست قسە دەكەین دەڵێین (با) لەتوانایدا نییە ئاوێك هەڵگرێ كەسەرەوەی عەرشێكی لەسەر بێت!! گەر ئەوەمان مەبەست بێت كەئاو هەورە ئەوە (با) دەتوانێ هەور هەڵگرێ بەڵام هەور كەهەڵمی ئاوە ناتوانێ عەرش هەڵگرێ. هەر مرۆڤێكیش (تەم) ببینێ كەهەورێكی نزمە دەزانێ كەهەور توانای هەڵگرتنی هیچ شتێكی نییە چ جای عەرشیش.

لە راستیدا ئەم بیرۆكەیە لەیەهوودییەوە وەرگیراوە. لە (سفر التكوین)دا (الصحاح الاول) دەڵێ (لەسەرەتادا خوا ئاسمانەكانو زەوی دروست كرد، لەو كاتەدا زەوی چۆڵوهۆڵ بووەو تاریكی رووكارەكەی داپۆشبوو، رۆحی خواش لەسەر رووكاری ئاوەوە باڵەفرەی دەكرد. خوا وتی: با رووناكی دروست ببێت، رووناكی دروست بوو, خوا بینی رووناكی چاكە! بەمەش رووناكی‌و تاریكی لێك جیاكردوە. خوا رووناكی ناونا رۆژو تاریكیشی ناونا شەو. بەم

شێوەیە ڕۆژی یەکەمی بەیانیو ئێوارە تێپەڕبوو. هەروەها خوا وتی: بالەناوەڕاستی ئاوەکەوە سەهۆڵبەندان درووست بیٚ تا ببێتە جیاکەرەوەی نێوان ئاوێكو ئاوێکی دی، سەهۆڵبەندان دروست بوو, خوا سەهۆڵبەندانێکی دیکەی درووست کرد تا ببێتە جیاکەرەوەیەك لەنێوان ئەو ئاوەی لەژێرەوەدایەو ئەو ئاوەی لەسەر سەهۆڵبەندانەکەوەیە, ئینجا خوا سەهۆڵبەندانەکەی ناونا ئاسمانو بەم شێوەیەش ڕۆژی دووهەم لەبەیانیەوە بۆ ئێوارە تێپەڕی کرد. (واتە ڕۆژی دووەم تەواو بوو.. بەم پێیە شەوانە خوا پشووی دەدا- وەرگێڕ). هەروەها خوا وتی: باهەموو ئاوەکان لەژێر ئاسمان لەیەك شوێندا کۆببنەوە تا وشکانی دەرکەوێت, ئەمەش ڕوویدا. خوا بۆی دەرکەوت کارەکەی چاکە, ئەم وشکاییەی ناونا زەویو کۆبوونەوەی ئاوەکانیشی ناونا دەریاکان. هەروەها خوا وتی: بازەوی ڕووەكو گیا بڕوێنێو تۆو درەختی بەرداری لێدەرچێتو بەرهەکان هەر یەکەو بەپێی تۆوەکە لەسەر زەوی دەرچن. ئەمەش ڕویدا..تاد ئەمەش ڕۆژی سێهەم لەبەیانییەوە تا ئێوارەی خایاند. هەروەها خوا وتی: لەبەرگی ئاسماندا شتی بریقەدارو ڕۆشن هەبێت تانێوان ڕۆژو شەو جیا بکاتەوەو نیشانە بێت بۆ وەرزو ڕۆژو ساڵەکان...تاد.

بەم شێوەیە چیرۆكی درووستكردن (خولقاندن– خلق) بەردەوام دەبێت.
تەنانەت لەوانەیە یەهودییەكانیش ئەم بیرۆكەیەیان لەبابلییە دێرینەكان وەرگرتبێت.! وەك لەسەرەتادا بینیمان هەموو خواكان بەجارێك دەركەوتن هەر دووخوا پێكەوە لەئاوێكی پیرۆز دەركەوتن كەزۆر لەدێرینەوە هەبوو, سێ خوا گەورەكەش ئەمانە بوون: (ئپسو_apso خوای ئاوی بێگەرد)و ژنەكەی (تیامات tiamat خوای ئاوی سوێر)و (مومو mummu خوای ئاژاوە).
خواش شتەكانی دیكەی جیهانی درووست كرد.
زنجیرەی درووستبوون لەقورئاندا بەردەوام دەبێ و لەسورەتی (الذاريات– 47)دا دەڵێ:
وَالسَّمَاء بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ.
ئێمە ئاسمانمان بەدەستەكانی خۆمان دروست كرد، بەردەوامیش گەورەو فراوانی دەكەین.
لێرەدا وادە دەردەكەوێ خوا یان بەدەستەكانی خۆی ئاسمانی درووستكردووە یان بەفریشتەكانی سپاردووە. ئەمەش بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوەیە كەئاسمانی پتەوو بەدەست دروستكراوە، وتەی خواش كەدەڵێ ئاسمان پتەوە بۆ پێلەسەرداگرتنی ئەو گوتەیەیە، كەخوا شتێكی ویست تەنها ئەوندە بەسە بلێت




ببە، ئەگەر بیویستایە بەئاسمانی دەگوت ببە ئەویش دەبوو، بەڵام بۆ دڵنیابوونەوەی ئێمە دەڵێ بەدەست دروستم کردووە.

(د موریس) دەڵێت: (لَمُوسِعُونَ) ئەوە دەگەیەنێت بەردەوام گەردوون یاخود ئاسمان لەگەورەبوونو تەشەنە سەندندایە.[9] ئەمەش حەقیقەتێکی زانستییە چونکە سوڕانی مەجەڕەکان هێز درووست دەکات (Centrefugal Force).

ئەمەش وا دەکات لەیەکتر دووربکەونەوە. بەڵام وشەی (لَمُوسِعُونَ) لەزماندا واتە (سامانو دەوڵەمەندی) گەر وتمان (اوسع الرجل) واتە پیاوەکە دەوڵەمەندو پارەدار بوو. قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ (خوا دەوڵەمەندەو رزقی عەبدەکانی خۆی فراوان دەکات). جا بەردەوامبوونی دوورکەوتنەوەی مەجەڕەکان لەناو خۆیاندا واتە فراوان بوون، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەقورئان مەبەستی لەوە بێت.

هەن دەڵێن ئاسمان هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کەلەسەرومانەوەن یان بەرزکراونەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە (با) ئاسمانە، بۆ وڵامی ئەمەش بەڵگە هەیە کەئاسمان هەڵواسراوەو ئەم بەڵگەیەش لەسوڕەتی (الحج65) دەیدۆزینەوە:

---

[9] The Bible The Quran and Science, p173




{ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ}

(ئاسمانیش ڕاگیردەکات تا نەکەوێتە سەر زەوی, بەمۆڵەتی ئەو نەبێت)

کەواتە هەردەبێ ئاسمان هەڵواسرابێت تانەکەوێتە سەر زەوی. خۆ ناکرێ ئاسمانی ڕەق بکەوێتە سەر زەوی.

بەڵگەیەکی دیکەش هەیە لەسورەتی (الانبیاء-104)

{يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاء كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ }

(ڕۆژێك دێت ئاسمان دەپێچینەوەو وەکوو دووبەرگی کتێب دایدەخەین).

کەواتە هەر دەبێ ئاسمان تەختاییەکی پتەو بێت تا دواتر خوا بۆی بکرێ وەك لاپەڕەکانی پەڕە بیپێچێتەوە. هەموو ئەم ئایەتانە ئەوەمان پێ دەڵێن کەئاسمان هەڵواسراوە شتێکە دەستی بۆ دەبرێت‌و شتێکە درووست کراوەو دواتر دەپێچرێتەوە.

کەمێکی دیکەش زیاد دەکەین, دەبینین قورئان لەسورەتی (نوح-15)دا دەڵێ:

{أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا}




(ئایا نابینن خوا حەوت چین ئاسمانی دروست کردووە؟)

کەواتە ئاسمان (شتێکە، مادەیەکی رەقە) هەڵواسراوە.!! جا ئەگەر ئاسمان پتەو بێت، هەروەها خوا حەوت چین ئاسمانی درووست کردووە، ئینجا بەمانگو ئەستێرە درەخشاندوویەتی کەواتە دەبێ مانگو ئەستێرە لەئاسمانی دونیادا بێت تابیانبینین. چونکە خوا لەسورەتی (الصافات-6دا دەڵێ:

إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ.

(ئێمە ئاسمانی دونیامان بەجوانی هەسارەکان رازاندووەتەوە).

لە دەیەکانی رابردووی نزیکدا مرۆڤ گەیشتە سەر مانگو بەسەریدا رۆیشتو ئاسمانی نەدی. ئایا بەمە واتیبەگەین مانگ لەنێوان ئاسمانو زەویدا هەڵواسراوە؟ ئەی دەربارەی هەسارەکانی دی چۆن؟ ئەوەتا کەشتییە ئاسمانییەکان گەیشتنە مەریخو ئاسمان هەر نەدۆزرایەوە! دووربینەکانی بۆشایی ئاسمانی سەردەمی نوێ، بەتایبەت تەلیسکۆپ ( هوبارد) کەدەچێتە ناو جەرگەی شوێنێکی گەورەو فراوانو بلیۆنەها میل دوورنو خێرایی تیشك بۆ گەیشتن بەم ئەستێرانە پێویستی بەملیۆنەها ساڵ هەیە پێی بگات، بەڵام تا ئێستا ئاسمانمان نەدیوە. ئەی ئەوە چییە لێرەدا روویداوە؟ یان ئەوەتا ئاسمان وجوودی نییە، یاخود ئەوەتا ئاسمان شتێکی




ڕەق نییە. بەمجۆرەش کێشەوگرفت لەتەفسیری ئایەتەکانی قورئان دەبینینەوە کەدەڵێت ئاسمانمان بەدەست درووستکردووەو دەکرێ بکەوێتە سەر زەوی.

وَالطُّورِ, وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ, فِي رَقٍّ مَّنشُورٍ, وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ, وَالسَّقْفِ الْمَرْفُوعِ.[10]

(سوێند بەکێوی تور، سوێند بەکتێبی نووسراو، کەلەلاپەڕەی تەنکی گرنگدایە، سوێند بەماڵی مەعموور–شوێنێکە لەئاسمان– سوێند بەسەقفی بەرزو بڵند).

لەچیرۆکی ئیسراو میعراج (سەرخەرەو نیشاندان)دا لەچەند سەنەدێکەوە ئەبو هورەیرە دەڵێ پەیامبەر وتویەتی: (لەئاسمانی حەوتەمدا ماڵێك (خانوویەك، کۆشکێك–وەرگێڕ) هەیە بەناوی مەعموور هاوتای کەعبەیە، لەئاسمانی چوارهەمیشەدا ڕووبارێك هەیە پێی دەڵێن (الحيوان) هەموو ڕۆژێك جوبرەئیل خۆی لەو ئاوە هەڵدەکێشێ و دێتە دەرەوە ئینجا بەشێوەیەك خۆی ڕادەتەکێنێت کەحەفتا هەزار دڵۆپە ئاوی لێکدەکەوێتەوە خوارەوەو خوا لەهەر دڵۆپێك لەو دڵۆپانە فریشتەیەك درووست دەکاو دەنێردرێن بۆ ماڵی مەعمووری نوێژی تێدادەکەن.)

---

[10] الطور 1 , 5




هەروەها لەهەر دوو صەحیحەكەی بوخاریو موسلیمیشدا هاتووە كەپەیامبەر لەفەرموودەیەكی ئیسرادا دەڵێ لەدوای تێپەڕ بوونی لەئاسمانی حەوتەم بەرز دەبێتەوە بۆماڵی مەعموور كەهەموو ڕۆژێك خوای گەورە حەفتا هەزار دەنێرێتە ناوی و ناگەڕێنەوە بۆلای.

ئەگەر بڕوا بەئیسراو میعراج بكەین وەك ڕاڤەكاران دەیگێڕنەوە، لەگەڵ ئەو ماڵەی ناوی مەعمورە، كەواتە دەبێ پەیامبەر بلیۆنەها میلی لەیەك شەودا بڕیبێت بۆ ئەوەی گەڕابێتەوە بۆ زەوی، بەم حاڵەت واتە ئەو گەشتەی بەخێراییەك بڕیوە كەلەسەرووی خێرایی تیشكەوەیە. گەر ئێمە قسە لەسەر زانستو موعجیزەی زانستی قورئان بكەین ئەم كارە مەحاڵەو ناشێ بگونجێ. بۆی هەیە كە شتێكی میتافیزیك بێت (ماوراء الطبیعة، لەپشت پەردەوە- وەرگێڕ) بەمەش بەشێوەیەكی فعلی سەرنەكەوتووە بۆ ئاسمانی حەوتەمو لەئاسمانی دونیادا ئادەمی نەبینیوەو لەشەشەم ئیبراهیمی نەدیوەو لەحەوتەم (سدرە المنتهی)و ماڵی مەعموری نەدیوە.

گەر بڕوانینە دروستكردنی زەوی:

{وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ}.[11]

---

[11] الحجر 19




(زەویشمان راخستو چیاو كێوەكانمان لەسەر داكوتاو لەهەموو جۆرە رووەكێكو بەرەوبومان تێدا رواند).

(ابن كثير) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: (مد الارض, راخستنی زەوی واتە فراوانبوونیو تەختكردنی زەویو كێوەكانیشی وەك مێخەك لەسەر داكوتا تا لەنگەر بگری).

{وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا.[12]

(خودی خوا زەوی داخستو تێیدا شاخو رووباری دروستكرد).

{وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ}.[13]

(لەزەویدا كەژو كێومان داكوتا تا زەوی جێگیر ببێتو لارسەنگ نەبێت.

{وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلاً لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ}.[14]

(خوا لەسەر زەوی چیاكانی داكوتاند تا لەنگەر بگریو لەرزەو لارە لارەتان پێنەكەوێت, هەروەها رووبار ورێگەو بانیش

---

[12] الرعد 3

[13] الانبياء 31

[14] النحل 15




{خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ}.[15]

(بەچاوی خۆتان دەبینن ئاسمانەکانی دروست کردووەو ڕایگرتووە بەبێ پایەو کۆڵەکە لەزەویشدا کێوەکانی چەسپاوو جێگیر کرد کەلەنگەری زەوییان ڕاگرتووە).

{أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ بَنَاهَا, رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا, وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا.[16]

ئایا دروستکردنی ئێوە سەختەو گرانە یان ئاسمان کەبینای کردووە، بەبەرزییەوە ڕایگرتووەو بەهەڵواسراوی بەرپای کردووە، شەوگارەکەی تەواو تاریك کردووەو بەرەبەیانیشی دەرخستووە، لەدوای ئەوە زەویشی پانتاییو فراوان کرد.)

وشەی (دحا....یدحو) واتە پانتایی شتێك یاخود تەختایی شتێکی بازنەیی، هەروەك شاعیرێك دەیلێت کاتێك وەسفی نانەوایەك دەکات هەویرەکەی پان

15 لقمان 10

16 النازعات 27 , 29




وتەخت دەكات بەشێوەیەكی خڕ وەك شتێكی خڕی لیٚ بێتو پان كرابێتەوە ئینجا بیخاتە ناو تەنورەكەوە:

ان انسى لا انسى خبازا مررت به
يدحو الرقاقة وشك اللمح والبصر
ما بين رؤيتها في كفة كرة
وبين رؤينها غوراء كالقمر
الا بمقدار ماتنداح دائرة
من الماء يلقي فيه بالحجر.

ئەو زەوی ئاوا دەبینیٚ كەخڕییەكی هەویرییەو وەك مانگ چاڵیو قوڵیو بەرزیو نزمی تێدایە، بازنەیی وەك نان، واتە ژێری پێچەوانەیەو سەرەوەی تەختاوییە. هەموو ئایەتە ناوبراوەكانیش دەڵێن خوا زەوی بەشێوەیەكی رووتەخت درووست كردووەو تییدا كەژو كێوی بەخاكەكەدا داكوتیوەو چەسپاندووە تالەنگەر بگریٚ بەسەرماندا هەڵنەگەڕێتەوەو ژێراو ژوورمان نەكات چونكە تەختاییە.

هەرووەها لەسورەتی (الشمس5و6)

{وَالسَّمَاء وَمَا بَنَاهَا وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا}




(سوێند به‌ئاسمان‌و به‌و كه‌سه‌ی درووستی كردووه، سوێند به‌زه‌وی به‌رفراوان‌و پانتایی به‌رزو نزمی).

قورتوبی له‌ته‌فسیره‌كه‌یدا ده‌ڵێت (دحاها) واته پانتاییه‌كی به‌فراوانبوون له‌هه‌موو لایه‌كه‌وه. ئه‌م قسه‌یه‌ش (الحسن)و (مجاهد)و كه‌سانی دیكه وتویانه).

كاتێك قورئان باسی (ذي القرنين) ده‌كات ده‌ڵێت:

{حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا قُلْنَا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا}.[17]

(ڕۆیی هه‌تا گه‌یشته ئه‌و ناوچانه‌ی خۆر ئاوا ده‌بێت, بینی خۆر ده‌چێته ناو قوڕێكی ڕه‌شی لیتاوی‌و ئاوا ده‌بێت, هه‌ر له‌وێ قه‌ومێكی دی، ئێمه‌ش پێمان وت ئه‌ی (ذو القرنين) یان ئه‌وه‌تا به‌سزا ئه‌و قه‌ومه له‌ناوببه‌یت یان ئه‌وه‌تا چاكه‌یان له‌گه‌ڵ بكه‌یت).

ئه‌وه‌تا (ذوالقرنين) به‌سه‌ر زه‌ویدا ده‌ڕواو شوێنی خۆر ده‌كه‌وێ بزانێ له‌كوێ ئاوا ده‌بێت، كه‌ده‌گاته شوێنی ئاواره‌بوون ده‌بینێ خۆر ده‌چێته ناو گۆماوێكی پڕ له‌قوڕو لیتاوییه‌كی ڕه‌ش.

---

[17] الكهف 86




راڤەكاران دەڵێن بینی لەقوڕێکی ڕەشدایە. ئیتر ئەوە ئاشكرایە ئەگەر لەئیسلامدا زەوی تەخت نەبێت ئەوە دەبوو (ذي القرنين) بگاتە یەكێك لەدەریاكان (چونكە لەسەدا حەفتای زەوی بەدەریاكان داپۆشراون)و ئەوەی دەبینی كەخۆر لەئاسۆیەكەوە ئاوادەبیٚو وای دەهاتەبەرچاو كەلەیەكێك لەزەریاكاندا ئاوادەبێت. بەڵام لەبەرئەوەی لەبۆچوونی ئیسلامدا زەوی تەختە (ذوالقرنين) گەیشتۆتە كۆتاییو بینیویەتی خۆر لەقوڕ ولیتاوێكی ڕەشدا نوقم دەبیٚو ئاوا دەبێت.

(ابن كثير)یش لەتەفسیری ئایەتەكەدا دەڵیٚ (ذي القرنين) ڕێگایەكی گرتەبەر تا گەیشتە ئەو سەری زەوی لە خۆرئاواوە، خۆری بینی لەقوڕاوێكی ڕەشدا ئاوادەبیٚ. هەروەها ابن كثير دەڵێت: ئەمەش بۆچوونی (ابن عباسو مجاهد)ە.

جا ئەگەر زەوی تەخت نەبوایە ئەوە (ذي القرنين) نەیدەتوانی ڕێگا بگرێتە بەرو بگاتە ئەوسەری زەوی، بەڵكو بەچواردەوری زەویدا خولی دەخواردو دەگەیشتەوە ئەو شوێنەی لەسەرەتادا دەستی بەگەشتەكەی كردبوو.

لەهەمان سورەت ئایەتی (90) قورئان دەڵیٚ:

{حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَى قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا}




ڕۆیی هەتا کاتێك گەیشتە ناوچەکانی خۆرهەڵات، بینی خۆر لەسەر قەومێك هەڵدێت کەپەناگەیانمان نەداوە تا لەتینی خۆر خۆیانی پێ بپارێزن).

(ابن كثير) دەڵێ: (کاتێك گەیشتە ئەوسەری زەوی بینی خۆر لەسەر قەومێك هەڵدێ کەهیچ پەنایەکمان بۆ درووست نەکردوون نەخانوویەك یان درەختێك نییە ببێتە پەناگەیان تا سێبەریان بۆ بکاو لەگەرمی خۆر بیانپارێزێ.. سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ ئەو قەومە سوورێکی کورتە باڵا بوونو لەئەشکەوتدا دەژیانو زۆرترین خواردنیان ماسی بووە).

لەوەی پێشتر دەرمانخست تێدەگەین کەزەوی تەختەو خوا ویستی تەوازنی رابگرێت لەبەر ئەمە کەژو کێوی بۆ داچەقاندووە تالەنگەر بگرێو هەڵنەگەڕێتەوە. ئەم بیرۆکەیەش هەتا بڵێی کۆنە. بۆ نموونە میسرییە کۆنەکان نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش زایین وایاندانابوو کەزەوی تەختەو وەك پارەی ئاسن بازنەییەو وڵاتی میسر کەوتۆتە ناوەڕاستی زەویو هەموو وڵاتانەوە. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کەژو کێویان تێدایە[18]

---

[18] The Columbia Encyclopedia, Sixth Edition, under "EgyptianReligion"




(د. موریس) دانبەوەدا دەنێ کەپەیامبەرو صەحابەکان پێیان وابووە زەوی تەختەو دەڵێ: (مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ تێبگات کەچۆن شەو رۆژ بەدوای یەکدا دێن چونکە دەزانێ زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، قورئانیش وەسفی ئەم جوڵەیەی کردووە کەجۆرێك بێت لەخڕی بەڵام ئەمە بەلای کەسانی ئەو سەردەمەوە وەرنەدەگیرا.[19]

کەواتە پەیامبەریش نەیزانیوە کەزەوی خڕە دەنا هیچ نەبێ صەحابەکانی خۆی لێئاگادار دەکردەوە، کەواتە ئەو خەڵکەی قورئانیان لەسەر دابەزی نازانن کەزەوی خڕەو پەیامبەرکەشیان پێی ڕانەگەیاندوون چونکە لەوانەیە نەیزانیبێت، جا ئایا لەمەوە واتێبگەین کەقورئان بەشوێنکەوتنی شەو رۆژ ویستوویەتی گفتگۆ لەگەڵ نەوەکانی دوار رۆژدا بکات؟.

زانیمان کەبیرۆکەی تەختی زەویی لەسەدەکانی سەرەتاداو تەنانەت دوای ساڵی زاینیش لەئارادابووەو کەنیسە بەرگری لەبیرۆکەی تەختی زەوی کردووە. بەڵام لەسەدەی شەشی پێش زاییندا هەندێك لەئەندامانی کۆمەڵەی (PYTHAGOREANS) لەخواروی ئیتالیا کەبەهۆی ناوی زانای بیرکاری (pythagorus) ئەم ناوەیان لەخۆیان نابوو وتوویانە کەزەوی خڕەو

[19] The Bible The Quran and Science, p 171




بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. ئەمەش (د. موریس) لەکتێبەکەی خۆیدا باسی کردوە.[20] کەواتە بیرۆکەی خڕی زەوی لەپێش شەش سەدەی پێش زایین زانراو بووە، ئیتر چۆن تەفسیری قورئان بکەین کەبەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەخوا زەوی بەپانتاییەکی بازنەی ڕووتەخت درووست کردووەو پەیامبەرو صەحابەکانی نەیانزانیوە زەوی خڕە؟

ئەندامانی کۆمەڵەی (PYTHAGOREANS) لەلایەن کەنیسەوە کەوتنە بەهێرش و ئەشکەنجەو کوشتن، ئەمەش وای لەهەندێکیان کردبەرەو یۆنان رابکەنو لەوێ مەزهەبێك یان قوتابخانەیەك بۆ ئەم مەبەستە درووست بکەنو هەرکەسێك جۆرئەتی ئەوەی هەبوایە یاخود بیرۆکەی تەختایی زەوی ڕەت بکردایەتەوەو بیگوتایە خۆر بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە ئەشکەنجە دەدرا یاخود دەکوژرا. تەنانەت لەسەدەی پانزەی زایینیدا ئەم حاڵەتە بەردەوام بووە کاتێك کوپرنکس (Copernicus) زانای پۆلەندی وتی: زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو هەروەها بەدەوری خۆریشدا دەسوڕێتەوە بەزەندەقە تاوانباریان کرد، ئەگەر دوای بڵاوکردنەوەی تیۆرەکەی بەماوەیەکەی کەم نەمردایە بەتاوانی زەندەقە دادگاییان دەکردو دەیانکوشت، هەرووەك چۆن گالیلۆیان لەساڵی

[20] The Bible The Quran and Science, p 169

1534 لەئیتالیا دادگایی کرد کەوتبووی خۆر چەقی گەردوون نییە، دادگاییان کرد بەزیندانیو نەیاندەهێشت لەماڵەکەی خۆیدا بێتە دەرەوە تاهەشت ساڵ لەدوای بڵاوکردنەوی تیۆرەکەی مرد.

جا لەبەر ئەوەی باوەڕی ئیسلامییەکان وایە کەزەوی تەختە قورئان پێمان رادەگەینێت کەخوا کەژوکێوی لەسەر داچەقاندووە تا لەنگەر بگرێ. لەمەوە ئەوە تێدەگەین کەخوا لەئاسمانەوە کەژوکێوی بۆ زەوی هەڵداوە، چونکە هەڵدانو جێگیر بوون لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە. بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین کەژوکێو لەسەرەوە بۆخوارەوە نەهاتووە بەڵکوو لەئەنجامی جیابوونەوەی لەخۆرو گەرمی ناوەوە گرکان لەزەوییەوە بەرزبوونەتەوە.

بەهۆی قسەکردنمان لەئاسمان با بڕوانینە سورەتی (النور-42)

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاء..

(ئایا نابینی خوا بەئارامیو شێنەیی هەورەکان بەئاسماندا دەباو دوایی کەڵەکەیان دەکاتو پێکەوە پەیوەستیان دەکاتو لەکێوەکانەوە بەفر دەبارێنێو بەر ئەو کەسانە دەکەوێت کەخوا ویستیو ئارەزووی لەسەرە).




(ابن کثیر) لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کەلەئاسماندا کەژو کێوی تەرزە هەیەو خوا لێوەی تەرزە دەبارێنێ.[21] بەڵام (د، موریس) لەشەرحی ئەم ئایەتەدا دەڵێ خوا لەئاسمانەوە کێوی تەرزە دادەبارێنێ. ئەمەش ئاشکرایە گۆڕانێکی تەواوی ئایەتەکەیە کەدەڵێت لەئاسماندا لەکێوەکانەوە تەرزە دەبارێنێ.

ئێستا ئێمە دەزانین کەلەئاسماندا کێوی تەرزە نییە تا بەفر یان تەرزەی لێ ببارێ. بەفر بریتییە لەچەند دڵۆپە بارانێك لەکاتی دابەزاندنیدا بەهۆی ساردوسڕی کەش و هەواوە دەیبەستێ و دەکەوێتە خوارەوە, هەروەها تەرزەش لەئەنجامی ساردییەکی کەمتری کەش‌وهەواوە دروست دەبێ,[22] لێرەدا زانست لەگەڵ لۆژیکی قورئاندا زۆر لەوە دوورترە کەدەیزانین.

عەرەبیش وەك هەرخەڵکێکی دیکە لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانەوە لەسەر زەوی تێبینی ئەوەیان کردووە خۆر لەرۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ وادەبینرێ بۆ رۆژئاوا بەرێدەکەوێ و لەئاسۆیەکدا وون دەبێ تا لەرۆژهەڵاتەوە جارێکی دی دەرکەوێتەوە. بەم هۆیەوە شێوەی ڕاڕەوی مانگیش دەگۆڕێ. ئەم تێبینیە سادەیەش پێویستی بەزیرەکی و زانینی زانست نییە. قورئانیش ئەم تێبینیە سادەیەی

[21] The Bible Quran and Science, p 185
[22] Encyclopedia Britannica, under Snow




كردووەو لەچەندین ئایەتدا دووبارەی كردۆتەوەو پێ لەسەر ئەوەدا دادەگرێ كەخۆرو مانگ تاكاتی دیاری كراو لەسەر ڕاڕەوی خۆیان بەردەوام دەبن.

{اللّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لأَجَلٍ مُّسَمًّى يُدَبِّرُ الأَمْرَ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لَعَلَّكُم بِلِقَاء رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ}.[23]

(خوا ئاسمانەكانی بەبێ كۆڵەكە ڕاگرتووەو دوایی لەسەرتەختی عەرش دانیشت, ئینجا خۆرو مانگی دروستكرد تاكاتێكی دیاریكراو لەسەر ڕاڕەوی خۆیان بن).

{أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ}.[24]

(ئایا نەتبینیوە خوا شەوی تێهەڵكێش بەرۆژ كردووەو ڕۆژیشی تێهەڵكێش بەشەو كردووەو خۆرو مانگیشی فەراهەم هێناوە، تاكاتێكی دیاری كراو لەڕاڕەوی خۆیان بەردەوام دەبن..تاد.)

---

23 الرعد 22

24 لقمان 29

{يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ}.[25]

خوا شەو تێکهەڵکێشی ڕۆژدەکاو ڕۆژیش تێهەڵکێشی شەو دەکات، خۆرو مانگی فەراهەم هێناوە تاکاتی دیاریکراو لەڕاڕەوی خۆیان بەردەوام بن).

{خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ}.[26]

خوا ئاسمانەکانو زەوی دروست کردووە بە کەوانەیی, شەو بەسەر ڕۆژو ڕۆژ بەسەر شەودا دێنێت، خۆرو مانگی دروست کردووە تا کاتێکی دیاری کراو لەسەر ڕاڕەوەی خۆیان بن.

{وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ}.[27]

خوا شەوو ڕۆژی دروست کردووە، خۆرو مانگیشی دروست کردووە، هەریەکەیان لەخولگەی خۆیاندا مەلە دەکەن.

---

[25] فاطر 13

[26] الزمر 5

[27] الانبياء 22




گرنگ ئەوەیە تێبینی ئەوەمان کردووە قورئان بۆ یەك جاریش بێت باسی ئەوەی نەکردووە کەزەوی بۆ کاتێـکی دیاری کراو لەسەر ڕاڕەوەی خۆی بێت...!!

هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەباوەڕیان وابووە زەوی تەختەو جێگیرەو خۆرو مانگ بەدەوریدا دەسوڕێنەوە. ئەمەش لەو کاتو زەمەنەدا بیرۆکەیەکی بەربڵاو بووەو پشتیان بەو تێبینیەوە گرتووە کەخۆر لەرۆژهەڵاتەوە هەڵدێو لەرۆژ ئاواوە ئاوا دەبێت، بەچاو وادەبینرێت کەخۆر دەڕواو لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا رێگەی ئاسمانی دەبڕێ، هەروەها مانگیش.

(د، موریس)دەڵێ (قورئان ئەوە دەچەسپێنێ کەخۆر لەفەلەکدا راڕەو دەکات بەڵام هیچ پەیوەندییەکی فەلەك بەزەوییەوە دیاری ناکات. لەکاتی دابەزینی قورئاندا خەڵکی باوەڕیان وابوو کەخۆر دەجوڵێو زەویش جێگیرە. ئەم تیۆرەش هەر لەزەمەنی بەتلیمۆس لەسەدەی دووی پێش زاینییەوە بەربڵاو بووەو هەتا رۆژی (کۆپرنکس) لەسەدەی شانزەی دوای زایین بەردەوام بووە. لەگەڵ ئەوەی خەڵکی لەرۆژانی ژیانی محمدا لەسەر ئەو بیرۆکەیە بۆ هەندێك شت پشتیان پێدەبەست، بەڵام قورئان بەهیچ شێوەیەك باسی نەکردووە.[28]

[28] The Bible The Quran and Science, p 166

ئێمەش هەقمانە بپرسین بۆچی قورئان باسی ئەوەی نەکردووە کەزەوی خڕەو دەجوڵێ؟ تا بۆ عەرەبی بسەلمێنین بەتلیموس لەسەر هەڵەیەو وەك ئەو خوایەی ئەم گەردوونەی دروست کردووە نیهێنیەکانی گەردوون نازانی؟؟

قورئان، وەك (د. موریس)و نموونەکانی وەك ئەو پێمان دەڵێت، کتێبەکە لەسەدەی حەوتەمدا دابەزیوەو ناوەڕۆکەکەی هەموو وردەکارییەکانی زانستی مۆدێرنەی تێدایەو هیچ ئاشکراکردنێکی زانستی نوێ ئاشکرا نەبووە مەگەر لەقورئاندا هەبوو بێ، ئەی بۆ باسی خڕی زەوی‌و جوڵەی زەوی نەکردووە؟.

ئێستا ئێمە دەزانین کەمانگ بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە هەروەها بەدەوری زەویشدا لەماوەی بیست‌ونۆ ڕۆژدا دەسوڕێتەوە، زەویش بەدەوری خۆیدا لەماوەی 24 کاتژمێرداو بەدەوری خۆردا 365 ڕۆژ دەسوڕێتەوە، خۆریش بەدەوری خۆیدا لەماوەی 25 ڕۆژدا دەسوڕێتەوەو بەدەوری هیچ شتێکدا ناسوڕێتەوە، هەموو موجەڕەیەکیش لەناویاندا خۆرو مانگ‌و زەویش بەدەوری چەقی مەجەڕەکەدا 250 ملیۆن ساڵە دەسوڕێتەوە. ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەسوڕانی خۆر لەزەوی کەمترەو ئەویش لەمانگ کەمترە، جاڵە بەرئەوەی سوڕانی خۆر لەزەوی کەمترە بۆچی قۆرئان باسی ئەوە دەکات کەخۆر لەسەر ڕاڕەوی خۆی بەردەوام دەبێت تادەگاتە پەناگەی خۆی, ئەی بۆچی باسی




ئەستێرەو هەسارەکانی دیکە ناکات کەهەموویان لەراڕەودان تا دەگەنە پەناگەی خۆیان؟؟.




# ئیسلام و زانستی
## کۆرپەلە

زانایانی ئیسلام هەمیشە لەوە دڵنیمان دەکەنەوە کەقورئان بۆ هەموو کاتو شوێنێك (زمکان) لەبارەو لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی سەردەمدا دێتەوەو وەڵامی هەموو پرسیارێکی پێیە، جا ئێستا بابیبینینو بزانین دەربارەی دروستبوونی کۆرپەلە ئایا بەراستی قورئان پێش پێشکەوتنی زانست کەوتووە؟؟

قورئان لەسورەتی (الطارق -5) بەدواوە دەڵێ:

{فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ, خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ, يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ}

(با مرۆڤ تەماشای خۆی بکات لەچی دروست بوە، لەئاوێکی هەڵقوڵاو دروست بوە کەلەنێوان بڕبڕەی پشتو سکانەدا دەردەچیٚو لیٚوەی منداڵی پێی لەدایك دەبێت).

زانایان واتەفسیری دەکەن ئاوی هەڵقوڵاو ئەو تۆوەیە کەلەپیاوو ئافرەتەوە دەردەچێتو لیێەوە منداڵ درووست دەبێت.




ئاشكرايه ئافرەت وەك پياو ئاوى هەڵقولاّوى نيه تەنانەت جگه لەڕژێنەيێكى ليكن كەلەكاتى خرۆشاندا بۆريچەى منداڵدانى پێش جوت بوون بەسەر هێلكەيدا دەيرژێنێت بۆ تەڕبوونو ئاسانكردنى كردارى جوتبوون، جگه لەمە نەك ئاوى هەڵقولاّوى نيه بەلّكو بەهيچ شێوەيەك ئاوى نيه..!! ئەم ڕژێنەيەش هيچ دەورێكى لەدروستبونى كۆرپەلەدا نيه.! لەمەوە كۆرپەلە لەئاوێكى هەڵقولاّو دروست دەبێت كەلەپياوەوە دەردەچێت ئەمەش نيوەى چيرۆكەكەيە، چونكە هەر دەبیّ هێلكەدانى ئافرەت هەبێت بۆ كۆرپەلەكە, بەلاّم لێرەدا قورئان دەورى ئافرەت بۆ پێكهاتەى كۆرپەلەكە باس ناكات، ڕەنگە ئەمە لەكاتى سەرهەلّدانى ئيسلامدا تێگەيشتنى هەموو لايەك بێت چونكە هەموو ئەوەى كەدەيانبينى تۆوى پياوەكە بووە ئەوەشى نەياندەبينى هێلكەدانى ئافرەتەكە بووە.

گەر پرسيار بكەين لەكوێى پياوەوە ئاوى هەڵقولاّو دەردەچێت؟ قورئان دەڵێ لەبڕبڕەى پشتو سكانەدا (الترائب). ڕاڤەكاران هاوڕانين كە (الترائب) چييە!! پرسياريان لەابن عباس كردووە (الترائب) چييە؟؟ ئەويش دەڵێ ئەمە تەرائيبە، لەو كاتەدا دەستى خستۆتە سەرسنگى. بەلاّم موجاهيد وتويەتى تەرائيب نێوان هەردوو (شان)ە بۆ ناوەڕاستى سنگ. سەعيدى كوڕى جوبەيريش دەڵێ: تەرائيب نێوان هەردوو مەمكو هەردوو قاچو هەردوو چاوە. هەروەها (معمر بن




المدنی) دەڵێ واتێگەیشتووم لەگوتەی خوای گەورە کەدەڵێ (یخرج مابین الصلب والترائب) واتە گیراوەی دڵەو لەوێوە منداڵ دەبێت، ئەمەش بەپێی تەفسیری (ابن الکثیر).

بەڵام وەڵامەکەی قیتادە لەو کاتەدا بەباش زانراوەو هەتا ئێستاش درێژەی کێشاوە. ئەوەتا زۆربەی خەڵکی باوەڕیان وایە کەتۆو لەپشتەوە دەردەچێ و هەر لەکاریگەری ئەمەشەوەیە دەڵێن فلانە کەس پشتی فلانە کەسە. یان پیاوێك دەڵێ ئەمە کوڕمەو لەپشتمە.

لەڕاستیدا تۆو نەلەپشتەوە دەردەچێ و نەلەبڕبڕەی پشتو نەلەسکانەوە دەردەچێ. تۆو لەئامێرێکی ژێر میزەڵدانەوە پێك دێت، ئەو ئامێرە پێی دەگوترێت (البروستاته) هەروەها لەچەند کیسێك (گونیلە) کەپێی دەگوترێ (Seminal Vesicles) واتە: کیسەکانی تۆو، کەلەملاو ئەولای پرۆستاتەکەوەن. ئەو گیاندارانەی تۆودارن دوو گونیان هەیەو پاش یەکگرتنیان لەکاتی جووتبووندا تۆوەکە دەردەچێت تالەگەڵ هێلکۆکەی ئافرەتدا تێکەڵ بێتو کۆرپەلە درووست ببێ.




(د.موریس) ئەم ئایەتە لێکدەداتەوەو دەڵێ: ئەم ئاوە لەئەنجامی گەیشتنی ناوچە سێکسییەکەی پیاو کەبڕبڕەی پشتە لەگەڵ ئافرەتێکی گەیشتوو بەئۆرگازم دەردەچێت. ئەم تەفسیرەش باشترین تەفسیرە کەلەگەڵ تەرجەمەی ئینگلیزیو فەرەنسییەکەدا بگونجێ کەدەڵێت: ئاوەکە لەنێوان پشتو پەراسوودا دەردەچێت. بەڵام ئەم گووتەیە تەفسیرە زیاتر لەوەی وەرگێڕاویت.[1] لەڕاستیشدا تەرجەمەکەی ئینگلیزی یان فەرەنسی لەتەفسیرەکەی دکتۆر ڕاستترو گونجاوترە بۆ قورئان.

لەسورەتی (المؤمنون) لەئایەتی دوانزە بەدواوە دەڵێ:

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإنسَانَ مِن سُلالَةٍ مِّن طِينٍ, ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ, ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلقًا آخرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ.

بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان لەئاوێتەیەکی گیراوەی قوڕ دروست کردووە، ئینجا کردمانە تۆو لەخەستاوێکی جێگیردا، ئینجا تۆوەکەمان بەشوێنێکەوە هەڵپەسارد، ئینجا هەڵپەساردووەکەمان مەیاند (ئاوێك پاش ئەوەی ئەمەیێت– مەیین–).. ئینجا

[1] The Bible The Quran and Science, Dr Maurice Bucaille, p 221




بۆ ئەو تۆوە مەییوە ئێسقانمان درووست كرد ئینجا ئەم ئێسقانەمان بەگۆشت داپۆشی، دووایی لەشێوەی دروستكراوێكدا (وەك ئێستا) پێكمان هێنا، بەرزیو پیرۆزی لەو خوایەی چاكترین دروستكەرە.

ئێمە دەزانین كەووشەی (ئینجا)و (دووایی) لەو وشەو پیتانە پێكهاتووە كەبۆ بەستنەوەو بەدواداهاتنی مەبەستی هەمان چەمكە.

كەواتە والەم ئایەتە تێدەگەین كەلەپێشدا ئێسقانی درووست كردووە, دووایی گۆشتی كردووە بەبەردا، كەلەڕاستیشدا وانییەو شتێكی دیكەیە، بەڵام سەرەتا بابزانین ڕاڤەكارانو زانایانی ئیسلام چییان دەربارەی درووستكردنی كۆرپەلە ووتووە. (الاستاذ شمس الدین بن قیم الجوزیة) لە(ابن المسعود)ەوە دەگێڕێتەوە: پەیامبەری ڕاستگۆترین ڕاستبێژ وتویەتی: هەریەك لەئێوە لەسكی دایكیدا چل ڕۆژ خولقەتەكەی كۆدەكرێتەوە ئینجا بۆ ماوەی چل ڕۆژی دیكە بەهەلۆاسراوی دەمێنێتەوە، ئینجا بەمەییوی چل ڕۆژی دیكە دەمێنێتەوە، دوایی خوا فریشتەیەك دەنێرێ‌و بەفوویەك ڕۆحی تێدەكات.[2]

---

[2] ألامام شمس الدین محمد بن أبي بكر بن قیم الجوزیة، تحفة الودود بأحكام المولود، تحقیق الدكتور عبد الغفار سلیمان البنداري، دار الجیل، بیروت، ص276




ئیمامی ئەحمەد لەچەند سەنەدێکەوە دەڵێت: پەیامبەر وتویەتی (تۆو بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەڕەحمدا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری تێبکەویت، بەتەواوبوونی چل ڕۆژەکە هەڵدەپەسرێت، ئینجا چل ڕۆژ دەمەێت، ئینجا بەچل ڕۆژی دیکە ئێسقانی بۆ درووست دەبێت، جائەگەرخوا ویستی بیخولقێنێت فریشتەیکی بۆدەنێرێ، ئیدی فریشتەکە پرسیاردەکات: کوڕبێت یان کچ، خەفەتباربێت یان بەختەوەر، کورت بێت یان درێژ، کەم ئەندام بێت یان تەواو، ژیانەڵای و ئەجەلی چۆن بێت، تەندروستی باش بێت یان نەخۆش، هەموو ئەمانە لەچارەی دەنووسرێت. ئەم فەرموودەیەش متمانەی خۆی هەیە.[3]

(د.موریس) کەلێکۆڵینەوەی بۆ ئەم کتێبە کردووە لەلێکدانەوەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (ئەم گونجاندنە ڕاست نییە چونکە ناردنی فریشتەکە لەفەرموودەکەدا لەدوای چەند قۆناغێك هاتووەو بە(ثم) تەعبیری لێکردووە، ئەمەش لەتەرتیبو تەعقیبدا (ڕێکخستنی یەك لەدوای یەکو بەدواداچوونو قسە لەسەرکردن)دا ناتەواوە، بەڵکو گونجاندنی تەواو ئەوەیە کەپێشتر باسمان کردو لەگێڕانەوەکەی (ابن المسعود)دا هاتووە کەفریشتەکە دوای سێ چل ڕۆژی دێتو فووی پیادا دەکات بەڵام حەدیسەکەی (ابن المسعود) دەڵێ لەدوای دوو

[3] نفس المصدر ص 280 (ان الحادث بعد الاربعين الثالثة – تسوية الخلق عند نفخ الروح فيه)




چل ڕۆژی فریشتەکە دێت. حەدیسەکەی حوزەیفەش هەردوای دوو چل ڕۆژییە کەلەچلەی دووەمدا بەهەڵپەسێراوی خوڵقێنەرەکەی کۆدەبێتەوە, هەرئەویش بەباشی پێناسەی کردووە کەدەڵێت (بعد ماتستقر-دوای ئەوەی پەناوئارام دەگرێت) واتە تۆوەکە بەدیواری ڕەحمدا هەڵدەواسرێت.)

ئێمە کەقسە لەسەر زانست دەکەین ئیتر نازانم ئەو فریشتەیە چییە کەدکتۆر باسی لێوە دەکات. زانستی کۆرپەلەناسی وەك خوێندومانە باسی ئەوە ناکات کەفریشتە دەچێتە ڕەحمی ئافرەتی دوو گیانەوە تاکو ڕۆح بکاتە ناو کۆرپەلەوە. ڕەنگە لێرەدا زۆر گونجاو بێت لەدکتۆر بپرسین کێ بەفوو ڕۆح دەکاتە کۆرپەلەی سەگەوە کەلەکاتێکدا لەرەحمی دایکیاندان؟؟؟. چونکە ئێمە پێشتر لەفەرموودە صەحیحەکانی پەیامبەرەوە ئەوەمان زانیوە کەفریشتە ناچێتە ماڵێکەوە سەگی تێدا بێت، لێرەوە دەتوانین ئەمە بلێین فریشتە نەچووەتە ڕەحمی سەگێکی ئاوسەوە، ئەی لەکوێوە ڕۆح دەچێتە کۆرپەلەی سەگەوە؟؟. ئایا شەیتان فووی پیادا دەکات یان بەبێ فوو ڕۆحەکە دەچێتە ناو سەگەکەوە؟؟.. ئەگەر ئەمەی دواییە, ئیتر پێویست بەفریشتە ناکات بەفوو ڕۆح بکاتە ناو کۆرپەلەی مرۆڤەوە.

بە پێی فەرموودەکانی پێشوو کۆرپەلە لەدروستبونیدا کەبەقۆناغەکانی (تۆو)و هەڵواسراوی مەییندا سەدو بیست ڕۆژ دەخایەنێت دوای دە ڕۆژی دیکەش بۆ




فوو پیاکردنی رۆح، واته دوای زیاتر لەهەژدە هەفتە ئینجا رۆح دەکرێت بەبەریداو دیاری دەکرێت کوڕبێت یان کچ.

ئەم قسەیە لەزانستەوە زۆر دوورەو بابزانین زانست لەسەرپێکهاتنی کۆرپەلە چی دەڵێت: زانستی کۆرپەلەناسی (Embryolog) وەك لەزانکۆکانی پزیشکی مۆدێرندا دەخوێنرێ دەڵێت: گیانداری تۆون (ئەو گیاندارانەی تۆودارن) چلو شەش کرۆمۆسۆم هەڵدەگرن، یەکێك لەو کرۆمۆسۆمانە پێی دەگوترێ ئێکس(X) کەکرۆمۆسۆمێکی مێینەیە، یەکێکی تریش ناوی وای(y) کەنێرینەیە. لەکاتی جووتبووندا دەچێتە ناو ڕەحمەوەو لەناو بۆشایی ڕەحمدا دەگەڕێ تا دەچێتە ناو یەکێك لەو دوو لولەیەی کەنێوان هێلکۆکەو ڕەحم پێکدەگەیەنێت، جا ئەگەر ئەو هێلکۆکەیەی کەچلو شەش کرۆمۆسۆماتی هەڵگرتووەو دوانیان (X)نو کرۆمۆسۆماتی مێینەیان هەیە بەر تۆوەکە کەوت لەمەوە موتوربەکردن ڕوودەداو هێلکۆکەکە بەش بەش دەبێت بۆ دوو خانە, دواتر بۆ چوارو دوایی بۆهەشتو بەو شێوەیە درێژ دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا تۆخمەکە لەلولوکەدا بەرەو ڕەحم دەڕوات، ئەگەر گەیشتە ڕەحم ئەوە بەدیوارەکەیەوە دەلکێتو لەبەش بەش بووندا بەردەوام دەبێت، ئەگەر نەگاتە

ڕەحم ئەوا لەناو لولەکەدا بەردەوام بەش بەش دەبێت تا لولوکە دەتەقێتەوەو ئەمەش ناو دەبرێت بەدووگیانەیی لولەیی، واتە دووگیانی لەدەرەوەی ڕەحم.

بەڵام ئەگەر بچێتە ناو ڕەحمەوەو لەبەش بەشبوونی خۆی بەردەوام بوو، خانەکانی بۆ سێ چین لەیەکتر جیادەبنەوە (ئەکتودیرم، میسودیرم، واندودیرم) چینی یەکەم مۆخو ئەعصابو پێستی لێ دروست دەبێت، چینی دووەم ئێسقانو ماسولکەو دەماری خوێنی لێ دروست دەبێت، چینی سێهەمیش سییەکانو گورچیلەو پەنکریاسو ڕیخۆڵەی لێ دروست دەبێت، هەموو ئەم بەشانەش نەك یەك لەدوای یەك بەڵکو پێکەوەو وەك یەك گەشە دەکەن.

لە کۆتایی هەفتەی چوارەمدا درێژی کۆرپەکە دەبێتە یەك سانتیمەترو قورساییەکەی دەبێتە یەك گرامو سەرو لاشەو کلكو چەند شوێنێکی چاوەکانیشی دەردەکەون.

لەکۆتای هەفتەی هەشتەمدا درێژی کۆرپەکە سێ سانتیمەترو قورساییەکەشی دەبێتە چوارگرامو دەستو پەنجەو قاچو پێیەکانیو پەنجەکانی دەردەکەون. لێرەوە سەرەتای دەرکەوتنی یەکەم ئێسك لەلەشدا دەست پێدەکات، بەهەمان شێوە دەفەی شانیش. ئیسقانەکانی دیکەی هێشتا کڕکڕاگەن (ئێسکێکی نەرم)و دواتر بەهۆی سوێراوی کالسیۆمەوە کەبەسەر ئەم کڕکڕاگانەدا دەکەون دەبنە




ئێسقان.[4] لە کۆتای هەفتەی دوازدەهەمەوە تێیدا پێکهاتەی کۆرپەلەکە تەواوبووەو درێژی بۆتە نزیکەی نۆ سانتیمەترو کێشی بەشەست گرام. هەروەها منداڵدانی ئافرەتەکەیش گەشەی خۆی کردووە تا خواردنی پێویست لەرێی ئۆکسجینەوە بۆ کۆرپەلە بنێرێو گەشەی پێبدات. لەکۆتایی هەفتەی شانزەهەمدا دڵی دەکەوێتە پاڵنانو هەڵمژینی خوێن بەدەوری لەشداو لەو کاتەوە کۆرپەلەکە لەرەحمی دایکدا دەکەوێتە جوڵە لە دوای ئەوە زۆر بەخێرایی کۆرپەلەکە گەشە دەکاتو سوێراوی کالسیۆم بەسەر کرکراگەکاندا دەرژێت تا ببنە ئێسقان.

بۆنێریو مێی کۆرپەلەش ئەو ساتە وەختە دیاری دەکات کەتێیدا موتوربەکردنی هێلکۆکە دەکرێ..! ئەگەر هێلکۆکە کرۆمۆسۆمی وای(y)ی تێکەڵ بوو کۆرپەلەکە دەبێتە نێر، ئەگەر کرۆمۆسۆمی ئێکس (x)ی تێکەڵ بوو دەبێتە(مێ).

گیانداری تۆوداری نێر رەگەزی کۆرپەلەکە دیاری دەکات چونکە هێلکۆکەی ئافرەت تەنها کرۆمۆسماتی مێی هەڵگرتوە لەکاتێکدا تۆوداری نێر هەر دوو کرۆمۆسۆماتەکەی هەڵگرتووە، نێرو مێش.

---

[4] Margaret F Myles, A Textbook For Midwives, Third Edition, E & S Livingstone Ltd, 1966 P42

لێرەدا دەبینین لەكۆتای هەفتەی شانزەهەمدا شێوەی كۆرپەلە تەواو بووەو كەوتۆتە جولەو دڵی لێدەدات، كەواتە كۆرپەلەكە ژیانی بەبەرداهاتووە لەكاتێكیشدا كەدەجوڵێ كەهەندێك لەئێسقانەكانی سوێراوی كالسیۆمیان بەسەردا رژاوە، هەموو ئەمانە لەكۆتای شانزەهەمین هەفتەدا روودەدات نەك لەناوەراستی هەفتەی هەشتەمدا كەتێیدا فریشتە دێتو بەفوویەك رۆح دەكات بەبەریدا وەك حەدیسەكان لەپێشتردا باسیان لێوە كرد.

وەك پێشتر باسمان كرد یەكەم ئێسقان لەكۆرپەلەدا دەردەكەوێت دەفەی شانەو لەهەفتەی حەوتەمەوە دەست بەدەركەوتن دەكات ئێسقانەكانی دیكەیش لەسەرەتا كركراگەنو بەرە بەرە سوێراوی كالسیۆم دەینیشێنێتەوەو رەقی دەكات, هەندێك ئێسقانیش (وەك ئێسقانی قولە پێ) چەند ساڵێك لەدوای لەدایكبوون نەبێت بەتەواوەتی پێكنایەت.

كەواتە بیرۆكەی ئەوەی یەكەم جار ئێسقان دروست دەكرێو دوایش گۆشتی دەكرێ بەبەردا وەك لەقورئاندا هاتووە راست نییە.

هەمان بیرۆكە لەئایەتی (259 البقرە)دا دووبارە دەبێتەوە كەخوا پیاوێكو گوێدرێژەكەی دەمرێنێتو دوایی زیندوی دەكاتەوەو پێی دەڵێت: چەند




مایته‌وه‌؟.. پیاوه‌كه‌ وتی رۆژێك یاخود له‌رۆژێك كه‌متر، خوا پێی وت: نه‌خێر وانیه‌ تۆ سه‌د ساڵه‌ مردوویت‌و زیندوم كردویته‌ته‌وه‌ بڕوانه‌ گوێدرێژه‌كه‌شت:

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.[5]

بڕوانه‌ ئێسقانی گوێدرێژه‌كه‌ت كه‌چۆن پێكه‌وه‌ ده‌یانبه‌ستین‌و گۆشتی به‌به‌ردا ده‌كه‌ین‌و ئینجا زیندووی ده‌كه‌ینه‌وه‌.

ئه‌وه‌تا جارێكی دیكه‌ش له‌پێشدا ئێسقان دروست ده‌كات‌و پێكه‌وه‌ ده‌یانبه‌ستێت‌و دوایی گۆشتنی ده‌كات. ته‌نانه‌ت ئه‌و فه‌رموودانه‌ش كه‌دراونه‌ته‌ پاڵ پایه‌مبه‌ر به‌هیچ شێوه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ زانستدا یه‌كناگرنه‌وه‌، (ابن كثير) له‌ته‌فسیركردنی ئه‌و ئایه‌ته‌ی سه‌ره‌وه‌دا ده‌گێڕێته‌وه‌ كاتی خۆی خه‌ڵكی وشه‌كه‌یان پاش‌و پێش

---

[5] البقرة 259

دەخستو بە(المضغة عظما) دەیان خوێندەوە. (ابن عباس)یش وتویەتی ئەو ئێسقانە ئێسقانی بڕبڕەی پشتە.

لە چەند سەنەدێکیشەوە دەڵێ: ئەبو هورەیرە وتویەتی: پەیامبەر وتویەتی هەموو لەشێك لەنەوەی ئادەم ناسکەو ئاساییە ئێسقانی دواین بڕبڕەی کلکە نەبێت (دواهەمین ئێسکی بڕبڕەی پشت کەدەکەوێتە سەر پاشەڵ–وەرگێڕ). چونکە لەو ئێسقانەوە دروست بووەو هەر لەوێشەوە هەموو لەشی دروست دەبێت.

لە راستیشدا ئێسقانی کلکەپشت بەهێزترین ئێسقان نییەو ئەوەی ناسراو زانراوەو بەهێزترین ئێسقان لەلەشی مرۆڤدا ددانەکانیەتی چونکە لەمادەی (Enamel) پێکهاتووەو دواین شتە کەمرۆڤی مردوو لێی دەمێنێتەوە.

لە حەدیسێکی دیکەدا لەچەند سەنەدێکەوە (عبدالله) دەیگێڕێتەوە: رۆژێکیان یەهودیەك بەلای پەیامبەردا تێدەپەڕێت کەلەو کاتەدا قسەی بۆ ئەصحابەکان دەکرد، قوریشیەکان ووتیان: ئەی یەهودی, ئەمە (واتە محمد) پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کەپایەمبەرە.

یەهودیەکەش پێی وتن: ئێستا شتێکی لێدەپرسم پایەمبەران نەبێت کەس نایزانێت، وتی: ئەی محمد مرۆڤ لەچی دروست دەبێ؟..




پەیامبەر وتی هەموو شتێك لەتۆوی پیاوو تۆوی ئافرەت دروسدەبێت, تۆوی پیاو ئەستورەو قەفدارەو ئێسقانو عەصەب دروست دەکاتو تۆوی ئافرەتیش نەرمو نیانەو گۆشتو خوێن دروست دەکات.

ئاشکرایە ئەم قسەیە بەلای حەقیقەتدا ناچێتو پێویست ناکات لەسەری بدوێین.

ئەی بۆچی منداڵ شێوەی لەدایکی یان باوکی دەکات؟ ئەوە ئێمە دەیزانین کەپەیوەندی بەئەنجامی توخمی ویراسەوە هەیە کەمنداڵ بەهۆی پیتاندنی هێلکۆکەی دایکی لەلایەن باوکیەوە بۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر توخمی باوکی لەکاتی تێکەڵکردنیدا زیاتربوو ئەوە شێوەی دەچێتە سەر باوکیو گەر هی دایکی زیاتر بوو ئەوە دەچێتە سەرشێوەی دایکی. هەر دەشبێت منداڵ هەڵگری توخمی باوکیو دایکی بێت وە هەر لەمەشەوە منداڵ دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتی دایكو باوکی، بەڵام بابڕوانین زانایانی ئیسلام چی دەڵێن: لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە عائیشە وتویەتی: ئافرەتێك بەپایەمبەری ووت: گەر ئافرەتێك شەیتانی بوو خۆی بشواو لەشپیسی دەربکات؟.. وتی بەڵێ. عائیشە بەژنەکەی وتووە دەستت خۆش. پەیامبەر بەعائیشەی وت وازی لێبهێنە با پێی بڵێم شێوەی منداڵەکە دەچێتە سەر کێ، ئەگەر ئاوی ئافرەتەکە بەسەر ئاوی پیاوەکەدا




زاڵ بوو ئه‌وه شێوه‌ی منداڵه‌که ده‌چێته سه‌ر خاڵوانی, گه‌ر ئاوی پیاوه‌که به‌سه‌ر ئافره‌ته‌که‌دا زاڵ بوو ئه‌وه شێوه‌ی منداڵه‌که ده‌چێته سه‌ر ماموانی.

بێگومان که‌سانێك ئه‌م حه‌دیسه‌یان دروست کردووه که‌هیچ شتێك ده‌رباره‌ی فسیۆلۆجیا نازانن، گه‌ر ئافره‌تێك له‌سێکسدا ره‌حه‌ت بوو هیچ تۆوێکی لێ نایه‌ته‌ده‌ر تا به‌سه‌ر ئاوی پیاوه‌که‌دا زاڵ بێ یان ئاوی پیاوه‌که به‌سه‌ریدا زاڵ بێ..!! ئێمه پێشتر باسمان له‌وه‌کرد بۆریچه‌و هه‌ندێك رژێنه‌ی ئاوه‌کی بۆریچه ماده‌یه‌کی لیکن له‌کاتی خرۆشاندندا پێشجووت بوون ده‌ر ده‌کات تا کرداری هاتوچۆکه ئاسان بکات. به‌ڵام ئافره‌ت له‌کاتی ته‌واو ره‌حه‌ت بووندا که‌ته‌واو ده‌خرۆشێت (ئۆرگازم) هیچ ئاوێکی لێده‌رناچێت تابه‌سه‌ر ئاوی پیاوه‌که‌دا زاڵ ببێت یان هی ئه‌و به‌سه‌ر ئه‌مدا زاڵ ببێت.

دکتۆر (عبدالغفار البنداری) که‌لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی له‌سه‌ر (ابن قیم الجوزیه) به‌ئه‌نجام گه‌یاندووه ئه‌م حه‌دیسه لێکده‌داته‌وه‌و ده‌ڵێت:

(أخرجه مسلم، باب وجوب الغسل على المرأة بخروج المني منها/ والشبه هنا غير الجنس والنوع. فالشبه شئ بقدرة الله تعالى. وهو ما فُهم سببه في الطب الحديث بغلبة الصفات الوراثية التي تحملها الجينات الوراثية التي تتكون منها الحيوانات المنوية الموجودة في ماء الرجل او الجينات الوراثية التي تتكون منها




خلايا البويضة الموجودة في ماء المرأة. وهذا معنى أيهما علا أو سبق يكون منه الشبه).[6]

لێرەدا دکتۆر دوو جار کەوتۆتە هەڵەوە: هەڵەی یەکەم ئەوەیە کەهێلکۆکەی ئافرەت تەنها یەك خانەیە نەك چەند خانەیەك کەدکتۆر دەیلێت. هەڵەی دووەمیش ئەوەیە دەڵێت (هێلکۆکە لەئاوی ئافرەتدا هەیە) وانییە چونکە ئێمەش پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەئافرەت ئاوی نییە، بەم شێوەیە وەك چۆن گیانداری تۆودار لەئاودا مەلە دەکات بەپێچەوانەوە هێلکۆکە لەئاودا مەلە ناکات بەڵکو چەند دەزولەیەکی بچووك لەناو ئەو لولانەدا دەیجولێنێت کەهێلکۆکەو ڕەحم بەیەك دەگەیەنێت.

بەهۆیەکی نەزانراویشەوە قورئان دەربارەی تۆو پاش ئەوەی کەوتویەتی ئاوێکی هەڵقولاوە (دافق) کەچی دواتر دەڵێ ئاوێکی ڕیسواو بێ نرخە (مهين).

لەسورەتی (السجدة ـ8) دەڵێ: {ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاء مَّهِينٍ}

ئینجا پشتاوپشتی نەوەکانی لەئاوێکی ڕیسواو بێ بەها بەدیهێناوە.

هەروەها لەسورەتی (المرسلات ـ20)

{أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّاء مَّهِينٍ}

---

[6] أبن قيم الجوزية، تحفة الودود، ص 293 (مصدر سابق)

ئایا ئێمە ئێوەمان لەئاوێکی ڕیسواو بێ بەها دروست نەکردوە.

لەکاتێکدا هیچ هۆکارێك نابینمەوە بۆ ئەوەی تۆو ڕیسواو بێبەها بێت چونکە ئەگەر تۆو ڕیسواو بێبەها بێت ئەوا مرۆڤیش لەو دروست ئەبێ‌و بەهەمان شێوە ریسواو بێبەها دەبێت چونکە لق سەر بەبنەڕەتە، بەڵام (د.مۆریس) تەفسیرێکمان دەداتێ‌و دەڵێ: (پێناسەکردنی تۆو بەریسواو بێ‌بەها لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کەلەبۆری میزەوە دەردەچێت)[7]

جا ئەگەر وایە ئەی دەربارەی کۆرپەلە چی بلێن کەلەهێنەکەی (ئەندامی مێینەی) ئافرەتەوە دەردەچێت کەهەر لەو شوێنەشەوە خوێنی مانگانەی لێدەچۆڕێ‌و ئەم ڕۆچوونی خوێنەش لەو شوێنەوە لەئیسلام‌و یەهودیەتدا پیسترین شتە؟! هەروەها میزیشی لێوە دێتەدەر سەرباری ئەوەی شوێن‌و بۆری میز جیایە بەڵام لێوارەکانی ناوەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەت دەکاتەوەو لەوێوە میزەکە دێتە دەرەوە جا ئایا زێی ئافرەت پیسە؟ ئەگەر تۆو پیس بێت ئەوا ئەو تۆوە پیسە دەچێتە منداڵدانەوە کەواتە منداڵیش پیسە لەبەرئەوەی تۆوی پیسی تێدایە، جا ئایا ئەبێت کۆرپەلە پیس بێت لەبەر ئەوەی لەمنداڵدانەوە دێتە دەرەوە؟

[7] The Bible The Quran and Science, p 215

ئێمە دەزانین ماوەی دووگیانی (حمل)ی ئافرەت نۆ مانگەو بۆی هەیە دوو هەفتە یان كەمترو زیاتر ماوەكە بگۆڕێت، لەدوای ئەو ماوەیە گەر كۆرپەلەكە لەدایك نەبوو ئەوە دەمرێت، چونكە لیڤارەكانی منداڵان موولولەكان چەوردار دەكاتو وردە چەورییەكە زیاد دەبیۆ ڕەق دەبیۆ دوای ئەم كردارە منداڵدان ناتوانیۆ خۆراك بگەیەنێتە كۆرپەلەكەو دەمرێت.

لە بەر ئەم هۆیە پزیشكەكان ڕێگەنادەن بەوەی زیاد لەدوو هەفتە یان سیۆ هەفتە زیاتر ئەو كۆرپەلەیە بمێنێتەوە، لەم كاتەدا ئافرەتەكە لەژێر چاودێرییەكی وردی پزیشكەكاندا دەبێت تا حاڵی كۆرپەلەكە بزانن و لەكاتی دەركەوتنی هەر حاڵەتێك كەتەنگ بەكۆرپەلەكە هەڵبچنێتو بەشێوەیەكی باشی ئۆكسجینی پێنەگات یەكسەر پزیشكەكان كۆتایی بەو دووگیانە دەهێننو لەرێی وەسیلە زانستیەكانەوە دەستكردانە كۆرپەلەكە دەردەهێنن.

بەڵام بڕوانە زانایانی ئیسلام لەم بارەیەوە چی دەڵێن, (ابن قیم الجوزیە) دەڵێت: (دەربارەی زۆرترین ماوەی حەمل (ابن المذر) دەڵێت زانایان ڕایان جیاوازە، هەندێكیان دەڵێن زۆرترین ماوە دوو ساڵە، ئەم قسەیەش لەعائیشەو زوحاكو هورەمی كوڕی حەییان دەگێڕنەوە كەزوحاكو هورەم هەردووكیان دوو ساڵ لەسكی دایكیاندا ماونەتەوە سوفیانی سەوریش هەر وادەڵیۆ. هەندێكی




دیکەیشیان دەڵێن بۆی هەیە بگاتە سیٚ ساڵ. لە (اللیث بن سعد) گێڕاومانەتەوە کەوتویەتی (عمر بن عبدللە سیٚ ساڵ لەسکی دایکیدا بووە. هەروەها کۆمەڵەی سێهەمیش دەڵێن زۆرترین ماوەی حەمل چوار ساڵەو ئیمامی شافعیش هەروای وتووە.)[8]

ئێستا با بڕوانینە سورەتی (النحل ـ 66)

{وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِلشَّارِبِينَ}

(لەهەبونی ماڵات پەندو فێر بوون هەیە، لەنێو ئەو شتانەی لەناو سکیاندا هەیە لەنێوان تلّپەی هەرسکراو (پیسایی)و خوێندا شیرێکی پاكو بێگەرد بەرهەم دەهێنین بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە.)

با یەکەم جار بڕوانین (ابن کثیر) چۆن دەربارەی ئەم ئایەتە تەفسیری کردووە، دەڵیٚ:

(شیری بێگەرد واتە لەناو سکی ئاژەڵدا خوێن خۆی لەسپێتیو تامو چێژ دادەماڵیٚ، گەر خۆراك لەناو مەعیدەیدا گەیی ئیتر هەر یەکەیان بەرەوڕەوی خۆیاندا دەڕۆن, خوێن دەبێت بەعارەقەو بلاٚودەبێتەوە (لەکۆندا عەرەب پێی

[8] أبن قيّم الجوزية، ص 286 (مصدر سابق)




وابووه هەر كەسێك عارەقەی زۆر بكات ئەوە خوێنەكەی پڕە لەشەهامەت ـ وەرگێڕ) شیریش دەچێت بۆ گوان, میز دەچێت بۆ میزەڵدانو شیاكەش بۆ شوێنی دەرچوون (كۆم)و هەریەك لەوانە تێكەڵ بەیەك نابنو یەكناگرن. شیاكەش ئەو پاشەرۆیەیە كەلەریخۆڵەی ئاژەڵەكەدایەو لەوەوە شیاكە یان پشقل دروست دەبن).

هەر مرۆڤێك كەمێك زانستی هەبێت ئەوە دەزانێ كەشیر لەناو سكی مەڕو مانگا دروست نابێ بەڵكو گوان دروستی دەكات، هیچ مەجالێكی ئەوەی تێدا نیە ئەم شیرە لەگەڵ پیسایی یان خوێن تێكەڵ ببێ ئیتر ئەو قسەیەی كەدەڵێت (نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ) هیچ بەلای زانستدا ناچێت.

بەڵام بڕوانە (د. موریس) چی دەڵێت: (ئەو تەفسیرەی ابن كثیر هێناویەتی تەفسیری شەخسی خۆیەتی چونكە تەفسیرەكانی (بلاشیری)و پڕۆفیسۆر (حمیداللە) قابیلی قبوڵ نیەو لەنێوان بیرۆكەی ئەوانو بیرۆكەی سەردەمدا لەكەمترین ئاستیشدا یەك ناگرنەوە، ئەوەی زانراوە وەرگێر هەرچەندە ئەزمونی هەبێت هی ئەوەیە لەڕاستیە زانستیەكاندا وەرگێڕ هەڵە بكات تەنها ئەو كاتانە نەبێت كەخۆی واتە (ڕاڤەكار) لەو مەجالەدا تایبەتمەند بێت، باشترین تەفسریش بۆ ئەم ئایەتە ئەمەیە: لەناو ماڵاتەكاندا پەندو ئامۆژگاری هەیە لەهەموو ئەو




شتانەی لەناو لەشیاندا هەیە ڕێکیان دەخەین‌و لەو شتانەی لەناوگەی نێوان مندالّدان‌و خوێندا هەیە شیرێکی بێگەرد دەردەهێنرێ.)[9]

د.مۆریس بەردەوام دەبێ‌و دەڵێ: (لەجیاتی ئەوەی بوترێت من داخل بطونها, لەناو سکیدا, من ئەمەم هەڵبژاردووە من داخل اجسامها لە ناو لەشیداو من ئەمەم پێباشترە، چونکە ووشەی (بطن –سك) مانای ناوەند یان ناو شتێك دەگەیەنێت‌و ئەم ووشەیە لەزمانەوانی نەشتەرگەریدا (natomy) مانایەکی دیاریکراوی نییە. بیرۆکەی سەرچاوەی شیریش لەووشەی (بین– نێوان)ەوە دێت ئەم ووشەیەش بۆ مانای ئامادەبوونی دووکەس یان دووشت پێکەوە بەکار دەهێنرێت. ئەو ماددانەی کەشیریان لێ پێکدێت لەو گۆڕانکارە کیمیاییانەوە دروست دەبێ کەلەڕێڕەوی ئامێری هەرسکردنەوە ڕوودەدات، جا کاتێك ئەم گۆڕانکارییە دەگاتە پلەیەکی دیاریکراو لەهەرسکردندا لێی دەچێ‌و دەچێتە ناو سوڕی خوێنەوە. شیریش لەگوانەوە دەردەچێتە دەرەوە، بەلاّم ئەم گوانە ئەو خۆراکانە وەردەگرێ کەلەناو خوێندا هەیەو لەمندالّدانەوە هاتووە. ئەم ڕاستییانە لەرۆژانی ژیانی پەیامبەر محمددا، نەزانراو بووە. جا لەبەرئەوەی ئەو سوڕانی خوێنەی کە(ولیام هارفی) لەدوای دابەزینی قورئان بە(10)سەدە ئاشکرای کرد،

---

[9] هذه ترجمة المؤلف لما قاله د/ موريس بالانجليزية

بڕوام وایە ئاماژەی ئەم ئایەتە، کەباس لەتێکەڵبوونی خۆراك بەسوڕانی خوێنەوە دەکات، بەنیسبەت ئەو زەمەنەی کەئەم ئایەتەی تێدا دابەزی نابێ مرۆڤ تەفسیری بکات).[10]

تەفسیری دکتۆر بۆ ئەم ئایەتە زۆر شت هەڵدەگرێ کەپێویستە لێکی بدەینەوە:-

دکتۆر ووشەی (لەش, جسم)ی هەڵبژاردووە، چونکە ووشەی (بطن) پێناسەیەکی دیاریکراوی لەزانستی تەشریحدا نییە. جا لەبەرئەوەی دکتۆر پزیشکێکی نەشتەرگەرییە باش ئەوە دەزانێت کەووشەی (بطن) زۆر بەباشیو بەوردی لەزانستی تەشریحدا ناسراوەو پێی دەگوترێ (Abdomen) ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان (Diaphragm)و حەوز، سیلەو کەنارێك لەهەموو لایەکەوە سنووری بۆ کێشاوە. جا ئیتر ئەم دکتۆرە یان ئەوەتا بەئامانەتەوە شوێن زانست نەکەوتووە، یاخود نازانێ پێناسەی (بطن) بکات، ئەمەش دوورە لەڕاستییەوە.

2. یەکەم: دکتۆر دەڵێ کەوشەی (بطونها)ی گۆڕیوە بۆ (اجسامها)، تا تەفسیرەکەی پێبکات, چونکە وشەی (اجسامها) ماناکەی لەوشەی (بطونها) باشتر دێتەوە. لێرەدا دکتۆر وشەیەکی قورئانی گۆڕیوە، واتە خۆی خستووەتە

[10] The Bible The Quran and Science, p 209




شوینێکەوە کەچاکەرەوەی هەڵەکانی خوا بێت ئەمەش لەلایەن ئاینزاکانەوە قبوڵ ناکرێت.

3.دکتۆر دەڵێ ڕاڤەکاران چەندە ئاستی زانستییان بەرزبێت، ڕووبەڕوی هەڵەدەبنەوە، مەگەر ئەو زانایانەی تایبەتمەندن لەو بوارە دیاریکراوەی زانستدا. کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو تەفسیرانەی لەبەردەستدا هەن‌و تەفسیری هەر ئایەتێکیان کردبێ کەپەیوەندی بەزانستی گەردوون‌و فیزیاو کیمیاوە هەبێت پێویستە فڕێیان دەینە ئاوی دەریاکانەوە چونکە ڕاڤەکارانی کۆن تایبەتمەندیان لەو زانستەدا نەبووە ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات پرسیار بکەین بۆچی خوا بەزمانی زانست قسەی لەگەڵ عەرەب کردوە کەماناکەی نازانن لەکاتێکدا ئەو ویستویەتی قەناعەتیان پێ بهێنێ‌و بیانکاتە موسڵمان؟؟

بائێستا بڕوانینە ئاوی شرین‌و سوێر:

{مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ, بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ, فَبِأَيِّ آلَاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ, يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ}.[11]

[11] الرحمان 19 ومابعدها




(ئاوی دوو دەریای بەیەك گەیاندووەو تێكەڵیش نابن, چونكە لەنێوانیاندا بەربەستێك هەیەو نایەلێت تێكەڵ بن, جا ئیتر كام لەنازو نیعمەتی خوا بەدرۆ دەخەنەوە, لەو دوو جۆر دەریایە مراوی‌و مەرجانە دەردەچن).

وشەی (مرج) واتە (خلط) زەویەكی سەوز كەچیمەن دایپۆشێت, چونكە وشەی مروج چەند كێڵگەیەكی فراوانی سەوز دەگرێتەوە, وەك ئەوە وایە كەكێڵگەیەك تێكەڵی كێڵگەیەكی دیكەبوو بێت, بەمەش دەبێت (مروج– شاسعة). (معجم الوسیط)دەڵێت مروج واتە كێڵگەیەكی بەچیمەن داپۆشراوە.[12]

هەروەها لە قاموسی (الموحیط)ی فەیروز ئابادیدا نوسراوە (المرج) واتە دڵەراوكێ‌و پەشۆكان‌و بەسەریەكداكەوتن, بەڵام (ابن عباس) دەڵێ: (مرج) واتە (بەرێی كە...بەرێكردن)و كەخوا دەڵێ: (یلتقیان) مەبەستی لەوەیە كەرێگربوو تابەیەك بگەن, بەمەش لەنێوانیاندا بەربەستی دروست كردوە.

دەریای شیرینیش وەك لەئایەتەكەدا هاتووە ئەوە رووبارەكانەو ئەم هەموو پێچو پەنایەش هەولێكە تا لەو گێژاوە دەرچن (مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ, بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ) بەروونی دیارە مەبەستی تێكەڵبوونی ئاوی شیرینی رووبارەكانە لەگەڵ ئاوی دەریاكان.

---

[12] المعجم الوسیط: ابراهیم مصطفی وآخرون، المكتبة الاسلامیة للطباعة والنشر، استانبول

ئەوەش زۆر بەئاسانی دەزانرێ مەگەر چۆنها دەنا هەموو ڕووبارەكان دەڕژێنە دەریاكانەوە، جگە لەهەندێك ناوازە (شاز) كەدەڕژێنە دەریاچەكانەوە. ئیتڕچۆن دەڵێن بەربەستێكمان لەنێوانیاندا دروست كردووەو بەیەك ناگەن؟.[13]

لەراستیشدا ناتوانرێت راڤەیەكی زانستی بۆ (مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ) بكرێت.

ئەی چی دەربارەی ئەمە بلێن (يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ) لەو دوو جۆر دەریایە مرواریو مەرجان دەردەچن، یەكەم شت مرواری ناسراوە بەلاَم كەس نازانێت مەرجان چییە دەڵێن مرواریە بەلاَم زۆر بەبچوكی، ئەمەش موجاهیدو قیتادەو زوحاكو علی كوری ئەبی تالب وای دەڵێن, هەروەها كوری جوبەیر لەچەند سەلەفێكەوە دەڵێت: مەرجان مرواربیەكی گەورەی زۆر چاكە. هەروەها دەڵێن جۆرێكە لەگەوهەری سوور (السدی عن ابن مالك)یش دەڵێت مەرجان موتومورووی سورە.. بەڕونی دیارە كەیەكەم: وشەی (المرجان) بۆ ئەوە خراوەتە ناو ئایەتەكەوە لەگەڵ سەرواكەدا (سجع) یەك بگرنەوەو هیچ مانایەكی ناسراوی لەلای عەرەب نییە هەرچەندە قورئان بەزمانی عەرەبی دابەزیوە, دووهەم: واتێدەگەن لەم قسەیە (يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ) كەمرواری لەهەر

---

13 (لةهيض شويَنيَكى دونيادا دوو جؤر ئاو نيية تيَكةلَ بةيةك نةبن. ئةو ثروثاطةندةيةش كةهةيةو دةلَيَت لةدةرياى سثى ناوةراِستدا ئاويَكى لةم جؤرة هةية هيض بنةمايةكى راستىء نيية ـ وةرطيرَ).

دووکیانەوە ڕوباریش‌و دەریاش دەردەهێنرێ, ئەمەش ڕاست نییە چونکە ڕوبارێك نییە لەدونیادا مرواری تێدا بێت.

هەروەها لەسورەتی (الفرقان ـ 53)

{يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا}

هەر خوایە کەدوو دەریای لەپاڵ یەکدا داناوە ئەمەیان شیرین‌و خۆش‌و سازگار, ئەوەشیان تفت‌و تاڵ لەنێوانیاندا بەربەست‌و کۆسپی داناوەو ناهێڵێت تێکەڵ بەیەك بن.

هیچ شتێکی تازە لەم ئایەتەدا نییەو دووبارە کردنەوە نەبێت سوود بەهیچ مەبەستێك ناگەیەنێت.

بەلاَم لەسورەتی (فاطر- 12) دەڵێ

{وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}

(هەردوو دەریاکە وەك یەك نین، یەکێکیان سازگارو خۆش، ئەوی دیکەیان سوێرو تاڵ لەهەردووکیان گۆشتی تەڕو تازە دەخۆن‌و خشڵ‌و ئاڵتونی




لێدەردەهێنن‌و خۆتانی پێدەڕازێننەوە، ئینجا دەبینیت کەشتییەکان ئاوەکە شەق دەکەن تالەوانەی خوا داوییەتی بەهرەمەندبن بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن.).

لێرەدا قورئان پێمان دەڵێت کەئێمە لەرووبارەکاندا خشڵ‌و ئاڵتون دەردەهێنین، ئەمەش راست نییە.




## بەشی شەشهەم

## لۆژیکی قورئان

لەبەر ئەوەی پەیامبەر وەك موساو عیسا موعجیزەی نەبووە هەولّیداوە لەرێی لۆژیکەوە قەناعەت بەعەرەبی جاهلی بهێنێت، بەلاّم لۆژیکی قورئان لەگەڵ ئەو لۆژیکەی ئێستا هەمانە یەکنایەنەوە. بۆ نموونە بڕوانینە سورەتی (الکهف22) کاتێك خەڵکی مەککە دەربارەی ژمارەی ئەوانەی لەئەشکەوتەکەدا دەیان ساڵ خەوتن پرسیاریان لەپەیامبەر کرد ئەویش بەم ئایەتە وەلاّمیان دەداتەوە:

(سَيَقُولُونَ ثَلاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ قُل رَّبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم)

(دەڵێن سیان بوونو چوارهەمینیشیان سەگێك بووە، هەروەها دەشڵێن پێنج بوونو شەشەمیشیان سەگەکە بووە، ئەم قسانە راست نینو بەرد بەتاریکیەوە دەنێن، هەروەها دەڵێن حەوت بوونو سەگەکە هەشتەمیان بووە، ئەی پەیامبەر پێیان بڵێ هەر پەروەردگارم دەزانێت ژمارەیان چەندە).




جا ئیتر کامەیە لۆژیکی قورئان تا قەناعەت بەخەڵکی بکات کەقورئان لەخواوە دابەزیوە؟

وایاندەزانی خودا دەزانێت هەر لەبەر ئەوە بوو داوایان لەپەیامبەر کرد تا ژمارەی یارانی ئەشکەوت (اهل الكهف)یان پێ بڵێ، بەڵام لەبری وەڵامێکی ڕاستەوخۆ کەیەکسەر ژمارەکەی دیاری بکات کەچی قورئان باسی ئەو ژمارانە دەکات کەخەڵکی دەیلێنەوەو پێمان دەڵێت هەموو ئەو ژمارانەش خەمڵاندنن!!

جا کەواتە بۆچی ژمارەی ڕاستیمان پێناڵێ تا پەنا بۆ خەملاندن نەبەین؟

کوڕی باوکی حاتەم لەکوڕی عەباسەوە دەڵێت: ئافرەتێك هاتە لای پەیامبەرو ووتی: ئەی پەیامبەری خوا ئایا لەمیراتدا ژن نیو ئەوەندەی پیاو دەباو بەدوو ژن وەك یەك پیاو شاهیدی لێوەردەگیرێ، ئایا ئێمە لەهەموو شتێکدا واین؟؟ واتە ئەگەر ژنێك چاکە بکات ئایا نیوەی چاکەکەی بۆدەنوسرێ!!؟ پەیامبەریش بەئایەتی (32) لەسورەتی النساء وەڵامی دەداتەوە:

(وَلاَ تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ اللّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُواْ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُواْ اللّهَ مِن فَضْلِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا)

(ئاواتەخواز مەبن بۆ شتێك کەخوا فەزڵی داوە بەهەندێکتان بەسەر ئەوانی دیکەدا، پیاوان بەشیان هەیە لەوەی پەیدایان کردووە، ژنانیش بەشیان هەیە




لەوەی پەیدای دەکەن، ئێوە هەمیشە داوای فەزڵی خوا بکەن، چونکە خوا هەمیشە بۆ هەموو شتێك بەئاگایە).

ئەدی کوا وەڵامی پرسیاری ژنەکە کەئایا چاکەی ژن نیوەی بۆ دەنوسرێت یان هەمووی؟ هەموو ئەوەی کەقورئان پێی دەڵێ ئەوەیە کەئاواتەخوازی ئەو فەزڵە نەبێت کەخوا بەپیاوی بەخشیوە!! ئەم شێوە وەڵامە کاری قورئان بووە بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی لەپەیامبەریان کردووە.

بۆ نموونە کاتێك دەربارەی رۆح پرسیاریان لێکرد:

(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً )[1]

وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: رۆح مەسەلەیەکە پەیوەندی بەپەروەردگارمەوە هەیە.

هەروەها لەسورەتی البقره 189 پرسیار دەکەن (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)

دەربارەی دەرکەوتنەوەی کەوانەیی مانگ پرسیارت لێدەکەن تۆش پێیان بڵێ ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتی حەجو هەموو کاتەکانە بۆخەڵکی).

[1] الاسراء 85




ئەم وەڵامە هەمان ئەو نوسینەمان بیردەخاتەوە کەلەتەوراتدا نوسراوە (خوا ووتی بارِەونەقی خۆرو مانگ لەنێوان شەوو ڕۆژدا بەئاسمانەوە نوسابن تابنە نیشانەی وەرزەکانو ڕۆژەکانو ساڵەکان).[2] عەرەبی جاهیلیش دەیانزانی کەوانەیی مانگ بۆدیاریکردنی کاتی حەج کردنەو هەر لەوەشەوە مانگە حەرام کراوەکانو مانگەکانی دیکەیان دیاریدەکرد. هەروەها یەهودییەکانی مەککەش دەیانزانی دەرکەوتنی خۆرو مانگ بۆ زانینی کاتەکانی خەڵکە بەڵام ئەوان پرسیاریان لەپەیامبەر کرد کەبۆیان شیی بکاتەوە چۆن مانگ (هلال) کەوانەیی دەبێتەوەو گەورەو بچوك دەبێت, بەڵام نەیزانیوەو پێی ووتون بۆ دیاریکردنی کاتەکانی خەڵکە.

(زەکەریا چووبووە تەمەنەوەو ژنەکەشی نەزۆك بوو بەڵام بەو تەمەنەو نەزۆکییەوە ژنەکەی دوو گیان بوو قەومی زەکەریاش پڕوپاگەندەیان بۆ کرد, زەکەریاش لەخوا پاڕایەوە موعجیزەیەك نیشانی قەومەکەی بدات. وەرگێڕ) جابا بزانین خوا چی وەڵامی زەکەریا دەداتەوە

(قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا).[3]

---

[2] سفر التكوين: الاصحاح الاول، ألآية14

[3] مريم 10

(وتی پەروەردگارم موعجیزەیەکم پێبدە بانیشانی قەومەکەی بدەم ، خوا وتی موعجیزەکەت ئەوەیە سێ شەو قسە لەگەڵ خەڵکیدا نەکەیت)

جا ئایا زەکەریا بۆ ماوەی سێ شەوی لەسەر یەك قسە لەگەڵ خەڵکدا نەکات ئەمە دەبێتە موعجیزە؟؟.

لەهەمان سورەت (مریم26) خوا بەمریەم دەڵێ

(فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا)

(بخۆو بخۆرەوەو خەمیشت نەبێت، گەر کەسێکت لەخەڵکی بینی پێی بڵێ من نەزرم کردووە ئەمڕۆ بۆ خوای میهرەبان بەڕۆژوو بم و ئەمڕۆ هەرگیز قسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێکدا نەکەم).

ئەو نەزرو بڕیارەی مریەم کەئەو ڕۆژە قسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێکدا نەکات قەناعەت بەکەس ناکات کەبێئەوەی کەسێك دەستی بۆ بەرێت بەعیساوە دوو گیان بووە.

ئەو ساتانە پرسیاری ئەوەیان لێدەکرد کەچۆن بەبێ ئەوەی کەس دەستی بۆ ببات دوو گیان بووە، لەجیاتی نەزری ئەوەی ئەو ڕۆژە قسە لەگەڵ کەس نەکات




دەبوو قسەیان لەگەڵدا بکاو دوو گیانییەکەی خۆی شیی بکردایەتەوە نەك بەرۆژوو بێتو دەمکوت بێت.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کەخوا فەرمانی پێکردووە گەر هەر کەسێکی بینی ئەوە پێی بلێت بڕیاریداوە ئەو رۆژە قسە لەگەڵ کەسدا نەکات، ئەوەش حاڵەتێکی زۆر ئاساییە لەو رۆژەدا چەند کەسێکی بینیبێتو ئەم قسەیەی پێوتبن, بەم شێوەیە بەدرێژایی رۆژەکە قسەی کردووەو نەزرەکەی بەتاڵ بۆتەوە.

لەسورەتی (البقره258) کاتێك پاشا (النمرود بن کوش) لەگەڵ ئیبراهیمدا مشتومڕی دەبێت:

(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ)

(ئایا نەتڕوانیوەتە ئەو کەسەی (النمرود) کەمشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیمدا دەربارەی خودا دەکرد کەخوا پادشایەتی بە (النمرود) بەخشی بووە نەمرود, بەئیبراهیمی گوت: خوای تۆکێیە؟ ئیبراهیم ووتی خوای من ژیان دەبەخشێو دەشمرێنێ. نەمرود وتی جا ئەوە چییە منیش ژیان دەبەخشمو دەشمرێنم ، فەرمانی کرد کۆمەڵێکیان هێناو نەمرود هەندێکی لێکوشتنو وتی ئەوە مراندمن، لەوانی




دیکەش خۆش بوو ووتی ئەوە ژیانیشم بەخشی, ئیبراهیم پێی ووت: خوای من خۆر لەرۆژهەڵاتەوە دەهێنێ دەتۆ لەخۆرئاواوە بیهێنە. ئیتر نەمرود دەمکوت بوو، خوداش هیدایەتی قەومی زۆرداران نادات).

ئەم داوایەی ئیبراهیم ئاشکرایە سادەترین شێوازی لۆژیکەو هەر لەسەرەوە تا خوارەوە بەئاسانی وەردەگیرێت.. بۆ ئەوەی نەمروت ئیبراهیمی دەمکوتکردایە دەکرا زۆر بەئاسانی پێی بگوتایە: بەڵکو تۆ وابکە باخواکەت خۆر لەخۆرئاواوە هەڵبکاتو منیش دەیگێڕمەوەو لەڕۆژهەڵاتەوە هەڵیدێنم ، ئاشکرایە ئەو کاتە ئیبراهیم دەمکوت دەبوو.

لە سورەتی (هود ـ46) کورەکەی نوح ڕازی نابێ سورای کەشتیەکەی باوکی بێت:

(قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلاَ تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ)

خوا ووتی ئەی نوح ئەو لەخێزانی تۆ نەبوو چونکە کرداری چاك نەبوو، کەوایە تۆ داوای شتێك لەمن مەکە کەخۆت زانیاریت لەسەر نیە من ئامۆژگاریەکی ترسناکت دەکەم لەوەی بچیتە ریزی نەفامەکانەوە.

نوح لەئایەتی دوای ئەو پێی دەڵێ:




(قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلاَّ تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُن مِّنَ الْخَاسِرِينَ)

(ئەی پەروەردگارم بەڕاستی پەنا دەگرم لێت لەوەی شتێك بكەمو زانیاریم لێی نەبێ خۆ ئەگەر لێم خۆشنەبیو بەزەییت پێمدا نەیەتەوە ئەوە دەچمە ریزی زیان لێکەوتوانەوە).

(بە ڕاستی لۆژیکێکی سەرسوڕ هێنەر لەم گفتوگۆیەدا هەیە. وەرگێڕ) چونكە ئاشكرایە كەسێك پرسیار لەشتێك دەكات كەزانیاری لەسەر نیە جا ئەگەر زانیاری لەسەر هەبێت ئیتر پرسیار كردنەكە كات كوشتنو هیلاكیە.

كاتێكیش خەڵكی مەككە داوایان لەپەیامبەر كرد موعجیزەیەكیان بۆ دابەزێنێت خوا لەسورەتی (الاسراء59)دا وەڵامیان دەداتەوە:

(وَمَا مَنَعَنَا أَن نُّرْسِلَ بِالآيَاتِ إِلاَّ أَن كَذَّبَ بِهَا الأَوَّلُونَ وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُواْ بِهَا وَمَا نُرْسِلُ بِالآيَاتِ إِلاَّ تَخْوِيفًا)

هیچ شتێك ڕێگرمان نیە لەوەی موعجیزە بنێرین، ئێمە پێشتر بۆ پەیامبەرەكانی دیكەمان ناردووە بەڵام بەدرۆیان خستونەتەوە.

خوا قایل نەبو موعجیزەیەك بۆ (محمد) بنێرێ تەنها لەبەر ئەوەی زوتر ناردویەتی بەدرۆیان خستوەتەوە، جابا لێرەدا چەند موعجیزەیەك بخەینە ڕوو:




سەرەتا بەداود دەست پێدەکەین کەخوا ئاسنو (بای)ی بۆ خۆشو ئاسان کردو وای لەچیاکان کرد لەگەڵ داوددا ملکەچو ستایشی خوا بکەن کەچی قەومەکەی بەدرۆیان خستەوە.. وەك قورئان پێمان دەڵێ لەدوای داود سولەیمانی کوری ناردو فێری کرد لەگەڵ باڵندەدا قسە بکات جنۆکەو (با)و ئاژەڵی خستە ژێر دەستیەوەو سامانو دەسەڵاتێکی گەورەی دایە کەچی قەومەکەی ئەمیشیان بەدرۆخستەوە.. پاشان لەتاوێرێکی گەورە بەچکە حوشترێکی بۆ (ثمود)ی پەیامبەر دەرهێنا کەچی قەومەکەی بەچکە حوشترەکەیان بریندار کردو خۆشیان بەدرۆخستەوە.. دوای ماوەیەك خوا موسای ناردو لەجیاتی یەك موعجیزە نۆ موعجیزەی بۆ بەرهەم هێنا:

(وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ فَاسْأَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذْ جَاءَهُمْ فَقَالَ لَهُ فِرْعَوْنُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا مُوسَى مَسْحُورًا).[4]

ئێمە بۆ موسا نۆ بەڵگەی ڕوونو ئاشکرامان بۆ نارد،جا ئەی **محمد** لەئیسرائیلییەکان بپرسە کەموسامان وەك پەیامبەر بۆ نارد چییان ووت، فیرعەون بەموسای ووت: من وات دەبینم سیحرت لێکراوە. ) قەومەکەی بڕوایان پێنەکرد.

---

[4] الاسراء 101




هه‌موو ئه‌مانه‌ش ڕێگه‌ی له‌خوا نه‌گرت كه‌چه‌ند موعجیزه‌یه‌كی دیكه بۆ عیسا دابه‌زێنێ. وای له‌عیسا كرد به‌كۆرپه‌یی هه‌تا پیری قسه بۆ خه‌ڵك بكات‌و مردوو زیندو بكاته‌وه‌و نه‌خۆش چاك بكاته‌وه‌و له‌ئاسمانه‌وه گه‌زۆو شێلاقه (سلوی جۆره.. باڵنده‌یه‌كه) بۆیان ببارێنێ. جا ئه‌گه‌ر ئه‌و هه‌موو په‌یامبه‌رانه داوای موعجیزه‌یان كردبێت‌و خواش پێی دابن، سه‌رباری ئه‌وه‌ی به‌درۆیان خستونه‌ته‌وه، ئه‌ی بۆچی دوا په‌یامبه‌ری له‌موعجیزه بێبه‌ش كرد؟. ته‌نها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی په‌یامبه‌ره‌كانی دیكه‌یان به‌درۆ خستووه‌ته‌وه؟ وه‌ڵامه‌كه‌ی ئاشكرایه كه‌موحه‌مه‌د نه‌یده‌توانی خوانێك له‌ئاسمانه‌وه دابه‌زێنێت یان مردوو زیندوو بكاته‌وه له‌به‌ر ئه‌م هۆیه پێی ووتون خوا موعجیزه‌ی بۆ دانابه‌زێنێت چونكه پێشتر به‌درۆیان خستونه‌نه‌وه.

سوره‌تی (الزخرف 33-35) ده‌ڵێ:

(وَلَوْلا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِؤُونَ وَزُخْرُفًا وَإِن كُلُّ ذَلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالآخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ)

(ئه‌گه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه نه‌بوایه خه‌ڵكی هه‌موو ده‌بوونه یه‌ك نه‌ته‌وه (یه‌ك ڕیز.. یه‌ك پارچه) ئه‌وا هه‌ركه‌س باوه‌ڕی به‌خوا نه‌بوایه سه‌قفی خانووه‌كه‌یمان له‌زیو




بۆدروست دەکرد پلیکانەمان بۆ دروست دەکرد تا بەسەریدا سەرکەوێت هەروەها بۆ خانووەکانیان دەرگاو دەروازەی زیوینو شتی ڕازاوەمان پێدەبەخشین تالەبەریاندا پشوو بدەن، هەروەها نەخشو نیگاری جوان، جا ئەو هەموو خۆشگوزەرانییە ژیانی دونیا نەبێت هیچی دیکەنییە، ژیانی ئەو دونیاش لەلای پەروەردگارت تەنها بۆ خوا پەرستانە. )

مانای ئەم ئایەتە لەوەدایە گەر خوا نەترسایە ئەوە ئەوانەی سەرەوەی دەکرد. گەر وای دابنێین ئەم سورەتە لەمەککەدا دابەزیوە, ئەوە ژمارەی موسوڵمانان لەدەیان تێپەڕی نەکردووەو ئەوی دی لەقورەیش هەموویان لەبنەڕەتدا کافربوون. ئەگەر ئەمەش تێپەڕێنین ئەوا لۆژیکی قورئان لەوەدا قایلکەر نییە کەهەموو خانووەکان لەزیو دروست بکرێن، چونکە ئەو کارە دەبووە شتێکی ئاساییو سروشتیو کاریگەریی لەسەر بیروباوەڕی خەڵکی نەدەبوو. گەر بڕوانینە دەوڵەتە کەنداوییەکان دەبینین دەتوانن سەقفی خانووەکانیان لەزیو دروست بکەنو گەر ئارەزووش بکەن دەرگاو پلیکانەکانیشیان لەزیو دروست بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە وای لێنەکردوون واز لەئیسلام بهێننو کوفری خوا بکەن. وای دەبینین کەلۆژیکی قورئان وا باشتر دەبوو کەخوا خانوی موسوڵمانە سەرەتاییەکانی

مەککەی بکردایەتە زیو تا کافر بیبینیایە خوا توانای هەیە خەڵاتی موسوڵمانەکان بدات لەم دونیاش‌و لەو دونیاش.

سورەتی (محمد-15)دەڵێ:

(مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِّن مَّاء غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاء حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ)

(وێنەی ئەو بەهەشتەی خوا بەخواپەرستانی داوە ئاوایە، چەندەها ڕووباری پڕ لەئاوی سازگارو چەندەها ڕوباری شیری تێدایە کەتامی تێکناچێت، هەروەها چەندین ڕووبار لەشەرابی تامخۆش بۆ مەشروب خۆرەکان).

جا ئەگەر مەشروب دەکرێ وەك شتێکی زۆر چاك بکرێ بەخەڵات بۆ خواپەرستانو ئەوانەی لەخوا دەترسن‌و هەموو ئەوانە دەکەن کەئیسلام فەرمانیان پێدەکات ئەی بۆچی لەم ژیانە مەشروب حەرام کراوە؟؟ یاخود پرسیارەکە بەشێوەیەکی جیاوازتر بکەین: ئەگەر بتوانرێت لەم ژیانەدا مرۆڤ ئاوی سازگارو شیری تێك نەچوو شەرابی تام خۆش بخواتەوە ئیتر بۆچی بەکرداری چاکە




هەڵیدەخەڵەتێنیٚو دەستخەڕۆی دەكات تابچێتە بەهەشتەوەو لەژیانی ئەزەلیدا بیانخواتەوە؟

شتەكانی دیكەش وەك كچی پەری جوانو میوەو سەوزەی زۆرو ئەو منداڵە لوسكەلانەی كەلە بەهەشتدا هەنو وەك هێلكەی كولاٚوی دەست بۆ نەبراون، هەموو ئەمانە دەتوانرێت لەم دونیایەدا بەردەست بكەون. ئەوەیش كەخانوویەك لەئاڵتونو بەردی مەرمەڕ دروست دەكریٚ شتێكی وانییە كەبتوانریٚ زۆربەی خەڵكی پێی دەستخەڕۆ بكریٚ. ئەم دونیایە هەموو شتێكی تێدایەو تەنها شتێكی تیا نەبێت ژیانی ئەزەلییە (هەتا هەتایی).

جا لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی لەم دونیایەدا هەستیان پێدەكریٚو ناتوانریٚ پیشانی خەڵكەكە بدریٚ قورئان هاتووە پەنای بۆ هەڕەشەو پەیمانی سەخت بەئاگری دۆزەخ بردووەو بەشێوەیەك باسیان دەكات كەلە سەروی هەموو پێناسەیەكەوە بێت.

بائەوە بخوێینەوە كەشێخ (محمد سید طنطاوی) شێخی ئەزهەر لەسەر حەدیسێك دەربارەی ڕۆژی لێپرسینەوە نوسیوێتی:




(لەو شێوازە پڕ لەداناییەی کەبیروباوەڕی پێ قوول دەبێتەوە وەبیرهێنانەوەی خەڵکییە بەحاڵ وئەحواڵی ڕۆژی لێپرسینەوە, ئەو شێوەیەی کەقورئان وێنای ئەو ڕۆژەی پێکردووەو دڵ بۆی دەلەرزێ ئەوەیە کەدەڵێت:

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ, يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ).[5]

(ئەی خەڵکینە لەپەروەردگارتان بترسن، چونکە لەرزە لەرزی ڕۆژی قیامەت ڕوداوێکی گەورەیە، لەو ڕۆژەدا دەبینن هەموو شیردەرێك لەشیرخۆرەکەی بێئاگا دەبێت هەموو دوو گیانێك کۆرپەلەکەی دادەنێ‌و خەڵکی دەبینێ گێژوویژ وەك سەرخۆش وان, بەڵام سەرخۆش نین, بەڕاستی سزای خوا سەخت‌و سامناکە.)

خوای گەورە سورەتەکەی بەم ئایەتە دەست پێکردووە کەدەڕونی پێدەلەرزێ تاخەڵکی باوەڕی زیاتر بخەنە سەر باوەڕیان‌و یەقینیان بخەنەسەر یەقینین کەڕۆژی قیامەت حەقەو تۆڵەو پاداشتیش ڕاستە. بێگومان وەسفێکی تەواو ترسناکە، بەڵام

[5] الحج 1 -2




ئایا ئەوانەی بڕوایان هێناوە، وەك شێخ تەنتاوی دەیلێت، ئایا ئیمانداران بۆ زیاتربوونی باوەڕیان پێویستیان بەم ترساندنە هەیە؟

شێخ تەنتاوی لەسەر ترساندنی خەڵكی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

(لەزێدو مەقامی سێهەمدا قورئان باسی حاڵی ڕۆژی قیامەت دەكات بەشێوازێك كەهەڕەشەو گوڕەشەی ئەو ڕۆژە لەو كەسانە دەكات كەئەو ڕۆژە بەدرۆ دەخەنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

(فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ, وَخَسَفَ الْقَمَرُ, وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ, يَقُولُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ, كَلاَّ لا وَزَرَ, إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ, يُنَبَّأُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ, بَلِ الإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ, وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ.[6]

(كاتێك دێتەپێش چاو ئەبڵەق دەبێت، مانگیش دەگیرێت، خۆرو مانگ دەبن بەیەك، ئەو ڕۆژە مرۆڤ دەڵێت شوێنی دەرباز بوون لەكوێیە ،نەخێر ئیتر دەربازبوون نییە، دەبێت لای پەروەردگارت ئامادەبیتو ئۆقرە بگریت هەموو مرۆڤێك لەوڕۆژەدا پێشبینی كارو كردەوەكانی دەكات كەخۆی دەستپێشخەری كردووە، خۆی شاهیدە بەسەر خۆیەوە، هەرچەندە پاكانە بكاو بیانوو بهێنێتەوە بەكەڵك نایەت)

---

[6] القيامة 7 , 15




لەڕاستیدا قسەکردنی قورئان دەربارەی ڕۆژی لێپرسینەوە قسەیەکە لەهەموو سورەتەکانی قورئاندا هەیە بۆنموونە بەشی کۆتایی لەبەشەکانی قورئان بخوێنەرەوە دەبینیت لەگەڵ ئەوەی سورەتەکان کورتن بەڵام پڕن لەقسەکردن لەسەر حاڵ وئەحواڵی ڕۆژی قیامەت..[7] هەروەها سورەتی (الحج) پێناسەی ئەو سزاو بەڵایە دەکات ئەوانە دەیچێژن کەبڕوایان بەخوا نەکردووە

(هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ, يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ, وَلَهُم مَّقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ, كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ.[8]

(ئەمانە دوو دەستەی دژبەیەکن و کردیانە کێشە لەبارەی پەروەردگاریانەوە، جا ئەوانەیان کەبێباوەڕبوون پڕ بەبالآیان لەئاگر جلیان بۆ دووراوەو لەسەرویانەوە ئاوی کولاّو کوڵ بەسەریاندا دەڕژێت، ئەو ئاوە کوڵ بەکوڵە هەرچی لەناو پێستیان هەیە دەیتوێنێتەوە، ئینجا بەئاسن گورزیان تێدەسرەوێت ،هەر کات بیانەوێت خۆیان ڕزگار بکەن لەو سزایە هەڵبێن دەگێڕدرێنەوە ناوی‌و پێیان دەگوترێت سزای ئاگر بچێژن.)

---

[7] صحيفة الاهرام ، عدد يوم أول مايو 2003 :
http://www.ahram.org

[8] الحج 19 , 22




خوا باسی خۆی دەكات كەپڕ لەبەزەیی‌و میهرەبانییەو لەسەرەتای هەموو سورەتێكدا دەڵێ هەر خۆم بەبەزەیی‌و میهرەبانم، جا ئایا دوای وەسفكردنی ئەو هەموو عەزابە جۆراو جۆرە جەرگبڕە هیچ شتێك بۆبەزەیی‌و میهرەبانی دەمێنێتەوە؟؟

ئەوخەڵكانەی لێكۆڵینەوەی زانستی لەسەر تەورات دەكەن دەڵێن خوای موسا خوایەكی تورەو دڕندەیە، ئالودەیە بەجەنگ‌و كوشتنی خەڵكی، لەكاتێكدا تەورات بەو جۆرەی قورئان ترسناكانە باسی عەزابی ڕۆژی قیامەت ناكات.!! هیچ سەرسامییەك لەوەدا نییە كەقورئان پڕە لەهەڕەشەو گوڕەشە چونكە هەولیداوە خەڵكی قەناعەت بەو لۆژیكەی بهێنن كەپێشتر باسمانكرد, كەچی نەیتوانیوە قەناعەتیان پێ بهێنێت هەربۆیە كەوتۆتە هەڕەشەو گوڕەشە.

لەبەر ئەوەی قسەمان لەسەر بەهەشت‌و ئاگرە بابڕوانینە ئایەتی (الحج-23)

(جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ, وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ)

(ڕوبارەكان بەژێر باخەكانی بەهەشتدا دەڕۆن‌و بەهەشتییەكان بەبازنگی ئاڵتونی‌و مرواری خۆیان دەڕازێننەوەو پۆشاكیان لەئاوریشمە)

لەگەڵ ئەم ئایەتەشدا زانایانی ئاینی ئیسلام ئاڵتونیان لەپیاو حەرام کردووەو لەسەفەرێکی حەجیشدا هاتووە کەپەیامبەر ووتویەتی (پۆشاکی ئاوریشم وپەشم مەپۆشن ئەو کەسەی لەم دونیا دەیپۆشێت لەو دونیا ناپۆشێت)

بەڕاستی نازانین حیکمەتی ئەوە چییە کەخوا مەشروب وئاڵتونو پەشمو ئاوریشم لەپیاوان حەرام دەکات کەچی لەو دونیاو لەبەهەشتدا هەر ئەوەیان دەداتێ.. !؟

کاتێك هۆزی (بنی اسد) دێنەلای پەیامبەر پێی دەڵێن ئەوەتا ئێمە بەبێ شەڕ موسوڵمان بووین، خوا بەئایەتێك وەلاّمیاندەداتەوەو دەڵێت:

(يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ)[9]

(دێنو منەت بەسەرتا دەکەنو دەڵێن موسڵمان بوین، پێیان بڵێ: منەت بەسەرمدا مەکەن بەڵکو خوا بەسەرتانا منەت دەکات چونکە هیدایەتی داون بۆ ئیمان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن).

ئێمە ئەوە دەزانین کەخوا ویستو ئارەزووی لەهەر کەس بێت هیدایەتی دەدات..! ئەوەتا هیدایەتی (بنی اسد)یدا موسڵمان بن بەلاّم بۆچی منەتی ئەم هیدایەتە لەسەریان دەکات؟! ئایا مەبەستی ناردنی پەیامبەر بۆ ئەوە نییە زۆرترین

[9] الحجرات 17




ڕێژه لەخەڵکی ببنه موسڵمان؟؟. بەڕاستی خەڵکی سەریدەسوڕمیٚ لەو منەتەی خوا بەسەر (بنی اسد)ەوە دەیکات، بەتایبەتی ئەوە بزانین کەخوا لەسورەتی (المدثر1-6)دا فەرمان بەمحمد دەکات کەمنەت نەکەن

(یَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنذِرْ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ)

(ئەی ئەو کەسەی خۆت پێچاوەتەوە –محمد– هەستەو خەڵکی بێدار بکەوە ،پەروەردگارت گەورە بکە, پۆشاکت خاوێن بکە، بەردەوام واز لەگوناه بهێنە، منەت مەکە چونکە بەتەمای زیاتریت).

ئەوە چۆن دەبێت فەرمان بەمحمد دەکات منەت نەکات کەچی خۆی منەت دەکات؟؟.

جارێکی دی دەڵێن زۆرگرانە بەشوێن لۆژیکی قورئاندا بڕۆین، ئەوەتا لەسورەتی ئاسن (الحدید21)دا دەڵیٚ

(سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ)

: (پێشبڕکیٚ بکەن بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبونی پەروەردگارتانو بۆ ئەو بەهەشتەی کەپانتاییەکەی وەك پانتایی زەویو ئاسمانەو بۆ ئەوانە ئامادەکراوە




کەباوەڕیان بەخواو پەیامبەرەکەی هێناوە، ئەمەش فەزڵی خوایە دەیداتە ئەو کەسەی کەخۆی ئارەزوی پێی هەیە هەر خواخاوەنی فەزڵی گەورەیە).

ئێمە لەبەشەکانی پێشودا زانیمان کەڕووبەری ئاسمان سنووری بۆ نییەو زەویش پانو بەرینیی بۆ نییە چونکە خڕە، بەڵام لەم ئایەتەدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کەبەهەشت لەگەورەیی شوێنەکەیدا زۆر گرانە وێنای بکەین تەنانەت بیخەینە خەیاڵی خۆشمانەوە. ئەو پرسیارەی لەخەیاڵم دەدات ئەوەیە: بۆچی خوا دەیەوێت بەهەشتێکی ئاوا گەورە دروست بکات کەچی لەسورەتی (الواقعە–12)دا پێمان دەڵێ:

(فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ ثُلَّةٌ مِّنَ الأَوَّلِينَ وَقَلِيلٌ مِّنَ الآخِرِينَ)

(لەبەهەشتی پڕ لەنازو نیعمەت، دەستەیەکی زۆر کەم لەو کەسانەن کەلەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بونە موسڵمان، دەستەیەکی کەمیشیان لەو کەسانەن کەلەدواییدا بونە موسڵمان).

خوا لێرەدا پێمان دەڵێت کەدەستەیەکی زۆر زۆر کەم لەموسڵمانە سەرەتاییەکانو دواتریش کەمێك لەموسڵمانە دواییەکان دەچنە بەهەشتەوە، چونکە بەشی زۆرینەی خەڵك هەر کاتێك پەیامبەرێکیان بۆهاتبێت دژی




وەستاون‌و بەدرۆیان خستونەتەوە لەبەر ئەوە زۆرینەی خەڵك ناچنە بەهەشتەوە.
جائەگەر ئەمە حاڵی بەهەشتییەكان بێت ئیتر ئەم بەهەشتە پان وبەرینە لەپای چی كەژمارەیەكی زۆر كەم لەخەڵكی دەچنە ناوی؟ تەنانەت لەو خەڵكە كەمەش كەمینەیان موسڵمانن، چونكە حەدیسێك دەربارەی پەیامبەر هەیە دەڵێت: (تكاو هیوام وایە یەك لەسەر چواری خەڵكی بەهەشت لەئێوە بن). جائەگەر ژمارەیەكی زۆركەم لەخەڵكی دەچنە بەهەشتەوەو زۆرینەی خەڵكیش دەچنە دۆزەخ، لەكاتێكدا خوا لەسورەتی مریەم71دا دەڵێ:

(وَإِن مِّنكُمْ إِلاَّ وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا)

(هەر دەبێ لەئێوە ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت بچنە دۆزەخ.)

هەروەها زانایانی ئیسلامیش دەڵێن: (هەموو بەشەرێك دەچنە دۆزەخ بەڵام بەهەشتییەكان بۆ ماوەیەكی زۆر كەم‌و كاتی دەچنە دۆزەخ‌و دوایی دەچنە بەهەشتەوە) جا ئەگەر ئەم هەموو بلیۆنەها مرۆڤە بچنە دۆزەخەوە ئەوا دەبێ ڕووبەرو پانتایی دۆزەخ زۆر زۆر لەبەهەشت گەورەتربێت.




ڕوبەری بەهەشت بەئەندازەی پانتایی زەوی‌و ئاسمانەکانە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو دوو بەهەشت هەیە بۆ ئەو کەسانەی لەپلەو پایەی خوا دەترسن (وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ).[10]

جگە لەم دوو بەهەشتە دوو بەهەشتی دیکە هەن (وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ).[11]

(جریح)دەڵێ چوار بەهەشت هەیە. قورتوبی دەڵێ بۆی هەیە دوو بەهەشتەکەی دووایی بۆ شوێنکەتووانی محمد بێت، تا شوێنگەیان لەمحمد کەمتر بێت، یەکێکیان بۆ پەریی دەگمەن‌و ناوازەیە, ئەوی دیکەیان بۆ منداڵانی لوسکەڵەی نەمرە، کەلەوانەیە نێرو مێی پێ جیابکرێتەوە!! ئەگەر ئەمە وایە دەبێ دۆزەخ لەکوێ بێ؟؟!

هەروەها قورئان چەندین پرسیار دووبارە دەکاتەوە کەوەڵامێکی قایلکەری نییە، بۆنموونە لەسورەتی (الغاشیه17) پرسیار دەکات:

(أَفَلا يَنظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ)

(ئەوە تەماشاناکەن حوشتر چۆن دروستکراوە)

---

[10] الرحمان 46

[11] الرحمان 62




لەكاتێكدا هیچ كەس لەو كاتەدا نەیزانیوە چۆن حووشتر دروستكراوە. دروستكردنی حوشتریش هیچ جیاوازییەكی نییە لەگەڵ دروستكردنی پشیلەیەك یان مشكێك. بەڵام قورئان لەبەر ئەوە حوشتری هەڵبژاردووە چونكە قەبارەی گەورەیە، سەرباری ئەوەی كاریگەری لەسەر كرداری دروستكردنەكە نییە. هەر دەشبێت وای دابنێین كەخوا داینەسوری دروستكردووەو قەبارەی چەندین جار لەحوشتر گەورەترە، بەڵام نموونەی لەسەر نەهێناوەتەوە. ڕەنگە كەسێك بڵێت نەهێنانەوەی نموونە لەسەر داینەسور لەلایەن خواوە لەبەرئەوە بووە پێشتر تیاچونو خەڵكی مەككە نەیاندیوە. بەڵام هەمان خەڵكی مەككە لەو ڕۆژانەداو تا ئەمدواییانەش هەناریان نەدیوە لەبەرئەوەی مەككە بیابان بووەو درەختی هەناری لێ نەڕوواوە:

(رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ)[12]

(پەروەردگارا، من هەندێك لەوەچەو كەسوكارم لەدۆڵێكی ووشكی بێ كشتوكاڵی پاڵ ماڵەكەی خۆت -كەعبە-جێنشین كردووە) بەڵام ئەمە ڕێگری

[12] ابراهیم 37




لەقورئان نەکرد بیریان بخاتەوە کەخوا پاداشتی بەهەشتیان دەداتەوەو لەناو بەهەشتدا هەنار دەخۆن (فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ.[13]

(لەبەهەشتدا میوەو خورماو هەناری تێدایە).

زۆر لەم شێوە پرسیارە بێ وەڵامانە لەقورئاندا دەبینینەوە، وەك:

(أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ.[14]

ئەوە تەماشای ئاسمان ناکەن چۆن دروستکراوە..تاد

(أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ.[15]

هەروەها لەسورەتی (الحج-70)

(أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ)

(مەگەر نەتزانیوە خوا بەهەموو شتێکی ئاسمانەکانو زەوی بەئاگایە هەموو ئەو شتانەی دەیکەن لەکتێبدا هەیەو تۆمار کراوە، ئەو کارە بۆخوا زۆر ئاسانە)..

باشە ئێمە چۆن بزانین خوا بەهەموو شتێکی ئاسمانەکانو زەوی دەزانی؟..

---

13 الرحمان 68

14 ق 6

15 الانعام 6




لە ئایەتی 63ی هەمان سورەت دەڵێ:

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ

(ئایا نەتانبیستووە خوا بارانی لەئاسمانەوە باراندووەو ئەم بارانەش زەوی پێی سەوز دەبێ ،خوا دلۆڤانو شارەزایە)

لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی سەریهەڵداوە دەبینێ کەئاو لەئاسمانەوە دادەبەزێت، بەلاَم بەڵگە چییە کەخوا دایدەبەزێنێت؟ هەموومان دەزانین یاساکانی سروشت بەسەر بارانبارینێدا زاڵدەستەو هیچ بەڵگەیەکمان لانییە کەخوا ئەو یاسایەی دروستکردبێت. سەرسوڕمانیش لەوەدایە کەقورئان زۆرترین نموونەی لەسەر بارانو کشتوکاڵ دەهێنێتەوەو خەڵکی مەککەش چەند ساڵ جارێك نەبێت باران نابینن، لەبەرئەوە عەرەب هەمیشە بۆ کەنارو شوێنگەی ئاوو لەوەڕگا گەڕاوە تەنانەت ئەو کاتەشی کەهەموو دورگەی عەرەب موسڵمان بوو خوا وەك ولاَتانی دیکە بارانی بەسەردا نەباراندن تا سەوز بێت، وەك پێشتر محمد داوای کردبوو.

(أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ)[16]

---

[16] الانبياء 30

(ئایا بێباوەڕان نەیانبینیوە ئاسمانەکانو زەوی پێشتر پێکەوە نوساندبومان دواتر لێکمان جیاکردنەوە).

ئەم پرسیارەش وەلاٌمێکی قایلکەری نییە چونکە بێباوەڕان نەیاندیوە کەئاسمانو زەوی پێکەوە نوسابنو دوایی جیاکرابنەوە. چونکە ئەو ڕوودوادە زووتر ڕوویداوەو کاتێك ڕوویداوە کەهێشتا مرۆڤایەتی دروست نەبووبوو، ئیتر چۆن مرۆڤ بیبینیٚ؟..

قورئان هەوڵی ئەوە دەدات مرۆڤ بەوە قایل بکات کەلەخواوە هاتووە، بەوەش دڵنیامان دەکاتەوە کەچەند جارێك وتویەتی دەزانیٚ چی لەڕەحمی دایکدا هەیە، بۆ نموونە لەسورەتی (الرعد-8)

(اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الأَرْحَامُ)

(خوا بەوە دەزانێت کەهەموو مێینەیەك چی لەزکیدا هەڵگرتووە).

ئێستا پزیشکەکان دەتوانن بزانن ئەو کۆرپەلەیە کوڕە یان کچ, دانەیەکە یان دوانەیەو زیاتر، کەهێشتا هەر لەڕەحمی دایکیدایە..

زیاتر لەوەش دەتوانن جۆری کۆرپەکە هەڵبژێرن پێش ئەوەی لەڕەحمدا بیچێنن، تەنانەت دەتوانن نەشتەرگەری ئەو کۆرپەلەیە بکەن کەهێشتتا لەڕەحمدایە. جا ئایا




زانینی خوا بۆ ئەوەی کەچی لەڕەحمدایە لۆژیکێکی قایلکەرە بۆ هەبوونی خواو بەوەی قورئان لەخواوە هاتووە؟؟..




## قورئان و ئیرادە

كاتێك مرۆڤ قورئان دەخوێنێتەوە دوو شت بەسەریدا زاڵ دەبێت ،
یەكەم: ترس لەو دۆزەخو عەزابەی كەقورئان زۆر بەوردی‌و تۆقێنەر وەسفی دەكات. دووەم: نەتوانینی مرۆڤ لەسەر گۆرینی ڕاڕەوی بەسەر هاتەكان چونكە هەموو لەقورئاندا دیڕبەندو نوسراوە لەسەری پێش ئەوەی لەدایك بێت ، بۆ نموونە گەر سورەتی ئاسن (الحديد ـ 22) بخوێنینەوە:
(مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنفُسِكُمْ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ)
هیچ بەڵاو ڕوداوێك لەزەویداو لەخۆتاندا ڕوونادات مەگەر پێشتر لەكتێبدا ، (لەوحی مەحفوز) دا نوسرابێت ، ئەم كارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە.
لێرەدا خوا پێمان ڕادەگەیەنێت پێش ئەوەی زەوی‌و ئەوانەی لەسەری دەژین دروست بكات هەموو شتێكی لەچارەی نوسیوەو لەكتێبی تایبەتدا هەڵیگرتووە.
وەك بڵێی ئەم ئایەتە كەمی نوسیبێت حەدیسش لەو مەسەلەیە زۆری نوسیوەو دڵنیامان دەكاتەوە. (ابن كثير) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا لەچەند سەنەدێكەوە دەڵێت: پەیامبەر وتویەتی پێش پەنجا هەزار ساڵ بەر لەدروستكردنی ئاسمانەكان‌و




زەوی چارەی چارەنوسازانی دیاری کردووە. موسلیمیش لەصەحیحەکەی خۆیدا ئەمەی گێڕاوەتەوە.

کەچی ئەوەتا خودی پەیامبەران گلەیی‌و گازندە لەسەر چارەنوسی خۆیان دەکەن. لەتەفسیری ئایەتی 122 ی سورەتی (طه) (ابن كثير) دەڵێت: بوخاری لەچەند سەندێکەوە وتویەتی: پەیامبەر وتویەتی موسا گلەیی‌و گازندەی لەئادەم کرد پێی وت بەتاوانی خۆت بویتە هۆی دەرکردنی خەڵك لەبەهەشت‌و بەهیلاکت بردن.

ئادەم بەموسای وت: خوا بەنامەو قسە کردنی خۆی تۆی هەڵبژارد ئایا تۆ لۆمەی من دەکەی لەسەر شتێك پێش ئەوەی دروست ببم خوا لەچارەی نوسیوم.؟

تەنانەت ئادەمیش بەتاوانەکەی خۆی قایل نەبووە کەبە ویست‌و ئیرادەی خۆی کردبێتی.

هەروەها مەسەلەی باوەڕ بەخواو پایەمبەر لەدەست خۆماندا نیە، سورەتی (التغابن ـ 2) دەڵێ:

(هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ)




(خوا ئێوەی دروست کردووە ، تێتاندایە باوەڕدارو تێتاندایە بێباوەڕ، هەرچییەکیش ئێوە دەیکەن خوا چاوی لێیە. ).

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە ئاوایە: خوا ئێوەی لەسەر شێوەو شێوازو سیفەتە دروست کردووەو ویستی خوای لەسەر بووە کەواتە هەر دەبێ باوەڕدارو کافرتان تیدابێت خواش ئاگای لەو کەسانەیە کەمافی هیدایەتیان هەیە.

بەمانایەکی دیکە گەر ویستت ببیتە باوەڕدار ئەوە ناتوانیت مەگەر خوا لەچارەی نوسیبێتیت کەتۆ موستەحەقی هیدایەتیت ، واتە خوا لەچارەی نوسیویت کەمافداری بەڕێنمویو ئەمەشی لەلەوحی محفوزدا (تابلۆی پارێزراو) نوسیوە.

لەسورەتی (السجدە-13) شدا خوا پێمان دەڵێ کەبۆ چی هیدایەتی هەموو خەڵکی نەداوە

(وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ )

(گەر ئارەزوومان هەبوایە هەموو کەسێکمان هیدایەت -ڕێنموویی- دەکرد، بەڵام بەڕاستی بڕیاری من ئەوەیە دەبێ دۆزەخ پڕبکەم لەمرۆڤ وجنۆکە هەردوکیان پێکەوە).

لەبەر ئەوەی دۆزەخ پڕنابێت




(يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ)

بەدۆزەخ دەڵێین ئایا پڕبوویت؟.. ئەویش دەڵێ نەخێر ئایا هی تر هەیە؟.. بۆیە پێویستە زۆرینەی مرۆڤ بەکافری بمێننەوە بۆ ئەوەی خوا ویستی خۆی جێبەجێ بکاو دۆزەخ پڕبکاو قسەی خۆی بهێنێتەدی، کەهەرگیز لەقسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە.

جارێکی دیش لەسورەتی (النحل-93) دەڵێ باوەڕهێنان بەبێ ویستی خوا دروست نابێت

(وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ).

گەر خوا ئارەزووی هەبوایە دەیکردنە یەك نەتەوە (یەك ڕیز, یەك پارچە)و هەمووتانی باوەڕدار دەکرد بەڵام بەویستی خوا هەندێك گومڕا دەکەین‌و هەر بەویستی خوا هەندێکیان هیدایەت دەکەین بێگومانیش لەڕۆژی قیامەتدا پرسیارتان لێدەکەین چیتان کردووە).

ئەوەتا خۆی هەندێك گومڕا دەکات، کەچی پرسیاری کاروکردەوەیان لێدەکات. جا ئایا ئەم لۆژیکە لەگەڵ ئیرادەی سەربەستدا لەیەك ئاستدان؟.




وادەردەکەوێ خوا مۆر لەسەر دڵی هەندێك کەس دەدات تا لەقورئان تێنەگەن و بڕوای پێنەهێنن سورەتی (الاسرا- 46)

(وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْاْ عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا)

ئێمەش پەردە دەهێنین بەسەر دڵیاندا گوێشیان قورس دەکەین تا نەبیستن، کاتێك ناوی پەروەردگارتان لەقورئاندا هێنا پشت دەکەن و ڕوودەگێڕن و دەڕۆن.

هەروەها ئایەتی 111لەسورەتی (الانعام) دەڵێ:

وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلآئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَى وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلاً مَّا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ

(خۆ ئەگەر فریشتەمان بۆ دابەزاندنایەو مردووەکان قسەیان لەگەڵ بکردنایەو هەموو شتێکمان لەبەردەمیاندا کۆبکردایەتەوە ئەوە هەر بڕوایان نەدەهێنا مەگەرخوا ئارەزووی بکردایە بەڵام زۆربەیان گێل و گەمژەن).

لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێکی مرۆڤی نامو سڵمان بۆ تێگەیشتنی لەقورئان و باوەڕپێکردنی هیچ سەوز ناکات مەگەر خوا زووتر لەچارەی ئەم کەسەی نوسیبێت کەباوەڕدەهێنێت ، دەنا مۆرێك دەنێ بەدڵیەوەو گوێی کەڕ دەکات و ئەویش باوەڕ ناهێنێت.




(سورەتی یونس ـ 100)

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ

هیچ کەسێك نیە باوەڕ بهێنێت مەگەر بەمۆڵەتی خوا نەبێت سزاش دەخاتە سەر ئەوانەی عاقڵ نابن).

هەر لەهەمان سورەتدا (99)

وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ

(گەر خوا ئارەزووی هەبوایە وایدەکرد هەرچی لەسەر رووی زەویدا هەبوو باوەڕی بهێنایە، جا ئایا (ئەی محمد) تۆ دەتەوێ زۆریان لێبکەیت تا باوەڕبهێنن؟).

هەروەها لەسورەتی (هود ـ 118)

وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ

(ئەگەر خوا ئارەزوی هەبوایە هەموو خەڵکی دەکردە یەك ریز ، یەك دەستە کۆمەڵ ، بەڵام ئێستا ئەوانە لەناویەکدا ناکۆکن).

هەروەها سورەتی (یونس ـ )

قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ

(بلّێ من بۆخۆم لـەزەرەرو قازانج لـەباش‌و خراپ هیچ شك نابەم‌و نیمە مەگەر خوا ئارەزووبكات).

ئاساییە خوا پایەمبەرێك بۆ نەتەوەیەك بنێرێ تا بەزمانەكەی خۆیان پەیامەكەی خوایان بۆ شیی بكاتەوە بەلاَم خەڵكەكە توانای هەڵبژاردنی ئەوەیان نیە ئایا باوەڕی پێبكەن یان بەكافری بمێننەوە.

(ابراهيم ـ 4)

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

ئێمە بۆ هەموو نەتەوەیەك پایەمبەرێكمان بەزمانی خۆیان ناردووە تا پەیامەكەیان بۆ شیی بكاتەوەو ئەوەی خوا ئارەزووی لـەسەرە گومڕای بكاو ئەوەی خوا ئارەزووی لـەسەرە هیدایەتی بدات).

هەروها لـەسورەتی (النمل ـ 9) دلّنیامان دەكاتەوە كەئێمەی مرۆڤ هیچ توانایەكمان بۆ دیاری كردنی چارەنوسمان نییە

وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ وَلَوْ شَاء لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ

(رونكردنەوەی ڕێگای ڕاست لـەسەر خوایە ، هەندێك ڕێگای چەوتیش لـەو رونكردنەوەیدا هەیە ، گەر خودا ئارەزووی هەبوایە هیدایەتی هەمووتانی دەدا).




تەنانەت خودی پەیامبەریش توانای نەبووە هیدایەتی خۆشەویستانی خۆی بدات ، وەك ئەوەی لەئیبراهیم روویدا کەهەوڵیدا باوکی خۆی بۆ ئاینێکی نوێ هیدایەت بدات کەچی نەیتوانی. ئەوەتا لەئایەتی 56لە سورەتی (ألقصص) لەوە دڵنیامان دەکاتەوە

إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ

(تۆ ناتوانیت هیدایەتی خۆشەویستانت بکەیت چونکە خوا هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کەخۆی ئارەزووی لەسەربێتو هەر خۆی زانایە بەو کەسانەی هیدایەت دەکرێن).

بەو نموونانەی پێشتر هێنامانەوە بۆمان دەرکەوت کەمرۆڤ ئیرادەی بڕیاردانی لەسەر کارەکانی خودی خۆی نیە، زیاتر لەوەش دەبینین ئیسلام چەند چیرۆکێك بەنموونە دەهێنێتەوەو لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کەرۆژی لێپرسینەوەو سزا، رۆژی قیمەت، پشت بەکارو کردەوەی مرۆڤ نابەستێت بەڵکو بۆی هەیە لەسەر کاروکردەوەی کەسێك سزای کەسێکی دیکە بدرێت بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکی نەتەوەی لووت وەربگرین دەبینین زۆرینەی قەومەکە تاوانیان نەکردووە چونکە نیوەیان ژن بوونو نزیکەی یەك لەسەر پێنج یان یەك لەسەر شەشیان منداڵ بوونو هیچیان دەربارەی مومارەسەی سێکس نەدەزانی کەپیاوانی شارەکە




مومارەسەیان دەكرد ، هەر دەشبێ زۆرینەی پیاوەكان لەرووی سێكسیەوە سروشتی بوون بەو بەلْگەیەی لەگەلْ ژنەكانیاندا جووت بوونو منداڵیان بووە، بەلاْم دەتوانین بلێین ژمارەی ئاسای لەپیاوان بەلای نێربازیدا لایانداوەو ویستویانە لەگەلْ میوانەكانی (لووت)دا رابوێرن ، لەبەر ئەمەش سزای خوایان بەسەردا دەبارێت، بەلاْم كەسزای خودا دێت بەهەموو ئەوانەوەی لەشارەكەدا بوون لەبووندا سڕییەوە ، تاوانبارانو بێتاوان ، بەمنداڵەكانیشیانەوە.
وا دەردەكەوێت بڕیارەكانی خوا بەهەمان سزاوە بۆهەمان خراپەكاری وابەستە نییە، ئەگەر خوا غەزەبی لەقەومی لۆوت گرتو تەنها بۆ یەك رۆژیش مۆلەتی پێنەدان، كەلەیەك شاردا خراپەكارییان كردبوو، ئەی بۆچی خوا ئێستا ئارام دەگرێو سزای ئەو كەسانە نادات مومارەسەی نێربازی لەشارەكانو گوندە ئاوەدانەكاندا دەكەن لەكاتێكدا لەپێش سەرهەلْدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا مومارەسەی دەكەنو وەك كاتی زوو نایشارنەوەو بەئاشكرا دەیكەن؟؟. تەنانەت ژن لەژنو پیاو لەپیاو مارە دەكەن.!! ئەوەتا رۆژانە لەرۆژنامەكانەوە ئەو بابەتانە دەخوێنینەوە كەلەسەر ئەو قەشانە نوسراون مومارەسەی سێكسیان لەگەلْ ئەو منداڵە بچووكانەدا كردووە كەلەكلێساكاندا سروتی ئاینیان دەوتەوە ، هەر دەشبێ هەندێك شێخی جیهانی ئیسلامی هەبن كەهەمان رەفتار بكەن، ئەی بۆچی




خوا وەك قەومی لۆوت سزایان نادات؟ ڕەنگە شێخی ئیسلام بلێ خوا ئارام دەگرێو شت پشت گوێ ناخات، ئێمەش پێیان دەلێین ئەی بۆ خوا لەسەر قەومەکەی لۆوت ئارامی نەگرت؟

موسا پرسیاری لەخوا کرد ئایا خوا سزای بەدڕەفتارەکانی قەومەکەی دەدات بەو شێوەیەی کەسزای قەومی لۆوتی دا

وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ السُّفَهَاء مِنَّا إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاء وَتَهْدِي مَن تَشَاء (الاعراف155)

ئەوا موسا قسە لەگەڵ خوا دەکاو ڕاستەوخۆ پێی دەلێ چۆن سزای هەمووان دەدەی لەسەر ئەوەی هەندێکمان بەدڕەفتاریمان کردووە؟. تەنانەت بەدڕەفتارەکانیش ئەوەی کردویانە لەسەر ئەوە کردویانە کەخۆت پەڕاگەندەت کردوون ، ئەوە پەڕاگەندەیی (فتنەیی) تۆیە کەخەڵکی پێ گومڕا دەکەیت.

وا دەردەکەوێت ئەو کاروکردەوانەی مرۆڤ لەم دونیایەدا دەیکات بۆ چونە ناو بەهەشتو دۆزەخ پشتی پێنابەسرێت ، بەڵکو پشت بەو چارەنوسە سەرەتاییە دەبەسترێت کەخوا پێش دروستکردنی مرۆڤ بڕیاری لەسەرداوە. بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم گوتەیەمان بۆ دەرکەوێت با ئەم فەرمودەیەی پەیامبەر بخوێنینەوە,




لەرێی چەند سەنەدێکەوە عەبدولاّی کوڕی مەسعود دەڵێ: پەیامبەری راستگۆو راستڕەوان وتویەتی: یەکێك لەئێوە کاری ئەهلی بەهەشت دەکاو کاتێك بەرەو بەهەشت دەچیّو هیچی وەهای نامێنیّ بگاتە بەهەشت یەك باڵ نەبێت یەکسەر خێرا ئەو چارەنووسە دیاریکراوەی بۆ دەهێنن کەلەناو کتێبەکەدا (لەوحی مەحفوز) نوسراوە ئەوەی کردویەتی بەکاروکردەوەی خراپ دەدریّ لەقەڵەمو پێی دەچێتە دۆزەخەوە..!! هەروەها یەکێکی دیکەتان کاروکردەوەی دۆزەخیانە دەکاتو هیچی وەهای نامێنیّ بچێتە دۆزەخەوە یەك باڵ نەبێت یەکسەر چارەنووسی ناو کتێبی بۆ پێش دەهێننو بەکاری بەهەشتی بۆ دەنوسنو دەچێتە بەهەشتەوە.

کەواتە جگە لەچارەنووسو بەخت نەبێت هیچی دیکە نیە!. هەروەها وادەردەکەوێت هەندێك پەیامبەر نەیانویستووە قەومەکەیان باوەڕبهێنن پێش ئەوەی بەچاوی خۆیان عەزابی خوا نەبینن، ئەوەتا کاتێك موسا دەنێردرێت بۆ فیرعەونو قەومەکەی داوا لەخوا دەکات دڵی قەومەکەی بگوشیّو باوەڕ نەهێنن تا عەزابی خوا دەبینن کەئەو رۆژەش رۆژی قیامەتە




وَقَالَ مُوسَى رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالاً فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُواْ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ یونس ـ 88)

(موسا وتی پەروەردگار تۆ لەژیانی ئەم دونیایەدا سامانو رازاوەیت داوە بەفیرعەونو داروودەستەکەی تا لەبەرنامەو ڕێگای تۆ گومڕابن، پەروەردگارا سامانەکەیان تەفرو تونا بکەو دڵیان بگوشە ئەمانە بڕواناهێنن تا سزای بەسوێ نەبینن. ).

هیچ جێی سەرسوڕمان نیە کەئەم ئایەتە لەناو تەوراتیشدا هەیە (خوا دڵی فیرعەونی ڕەق کردو باوەڕی بەموسا نەهێنا کەقسەی لەگەڵ خوا کرد).1[1]

هەروەها وا دەردەکەوێت خوا مۆری داوە لەدڵی هەندێك خەڵكداو پێش ئەوەی سزای بەسوێ ببینن ڕێگەی لێگرتوون باوەڕبهێنن وەك لەئایەتی 96 ـ97 لەسورەتی یونس دەیخوێنینەوە:

إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ وَلَوْ جَاءَتْهُمْ كُلُّ آيَةٍ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ

[1] الخروج Exodus الاصحاح التاسع، الآية 12




(ئەوانەی بڕیارەکەی خوا بەراستی لەسەریان چەسپا باوەڕناهێنن ، ئەگەر هەرچی بەڵگەو موعجیزە هەیە بۆیان بهێنن هەر باوەڕناهێنن هەتا سزای بەسوێ دەبینن).




# دژەوانەکان
# لەقورئاندا

چەندین ئایەت لەقورئاندا هەن زۆر زەحمەتە بیانخەینە ژێر تیشکی لۆژیکەوە. لەم ڕووەوە قورئان وەك ئایینەکانی دیکەی ئاسمانی ناچێتە ژێر خوێندنەوەی لۆژیکەوە، لەسەر مرۆڤ پێویستە یان ئەوەتا بڕوا بەوە بهێنێت کەئیسلام هێناویەتی بەبێ ئەوەی لۆژیکانە بیری لێبکاتەوە، یان بخرێتە ژێر تیشکی لۆژیکەوەو گومان بخرێتە دەروونی مرۆڤەوە.

پێناسەی ئیمان (بڕوا–faith) بەراست دانانی شتێکە بەبێ هیچ بەڵگەیەك. بەم پێیە زۆرینەی ئیماندارەکان ئیمانیان ناخەنە ژێر ركێفی لۆژیکەوە تا ئەم ئیمانەیان بەرەو کەمبوونو نەمان نەبزوێت.

ئەوەی پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت ئیسلام بخاتە ژێر ركێفو خوێندنەوە لۆژیکەوە پێلەسەرداگرتنی زانایانی ئیسلامە لەسەر ئەوەی هەوڵدەدەن وا لەقورئان بکەن کەلەناوەرۆکەکەیدا هەموو شتێك هەیە هەر لەئاییندوە تا دەوڵەتو زانستیش،




هەروەها پێلەسەرداگرتنیان لەوەی کەقورئان لەتەفسیرکردنی دیاردە سروشتیەکان پێش زانستی سەردەم کەوتووە.

با بەم ئایەتە دەست پێ بکەین

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللّهُ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (ابراهيم–4)

(ئێمە هیچ پەیامبەرێکمان نەناردووە مەگەر بەزمانی قەومەکەی خۆی، تاهەموو شتێکیان بۆ روون بکاتەوە، ئیتر خوا ئارەزووی هەبێت هەندێك کەس گومڕا دەکا وهەندێکیش هیدایەت دەکات، هەر خۆی بالاّ دەستو دانایە)

هەروەها وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ, الشوري– 7)

(هەروەها قورئانێکی عەرەبیمان پێ وەحی کردیت بۆ ئەوەی شاری مەککە– ام القری–و دەوروبەری ئاگادار بکەیتەوە بەتایبەت لەو رۆژەی کەهەموو کەسێکی تێدا کۆدەبێتەوە کەهەر روودەدات، ئینجا دەستەیەك بۆ بەهەشتو دەستەیەکیشیان بۆ دۆزەخ).

ئەوەی لەم دوو ئایەتە تێدەگەن، بەپێی لۆژیك، ئەوەیە کەخوا هیچ پەیامبەرێك بۆ هیچ قەومێك نانێرێت مەگەر بەزمانی خۆیان نەبێت تا بەباشی لەیەکتر تێبگەن.




جا کاتێکیش محمدی بەزمانی عەرەبی نارد مەبەست لەوەیە کەبۆ قەومی عەرەبی ناردووە بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ئایەتەوە لەسورەتێکی دیکەدا قورئان پێمان دەڵێت ئیسلام بۆ بەڕاستدانانو تەواوکردنی کتێبە ئاسمانیەکانی دیکە هاتووە کەپێش خۆی کەوتوون. هەروەها بۆ ئەوەی محمدی لەئیسلامدا نارد تا بەسەر هەموو ئایینەکانی دیکەدا زاڵی بکات، بەمانایەکی دیکە سەرباری ئەوەی قورئانی بەزمانی عەرەبی دابەزاندووە کەچی محمدی بۆ هەموو مروڤایەتی ناردووە.

بەڵام لەسورەتی (فصلت-44)دا

وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاء

(ئەگەر ئەم قورئانەمان بەزمانێکیتر بناردایە دەیانووت ئەوە نەدەبوو ئایەتەکان روونو ئاشکرابوونایەو بەزمانی خۆمان بوایە، چۆن دەبێت قورئان بەزمانی بێگانە بێت لەکاتێکدا محمد عەرەبە؟ ئەی محمد تۆش پێیان بڵێ: ئەم قورئانە بۆ ئەو کەسانەیە کەبڕوایان هێناوە کەبۆ ئەوانە هیدایەتکەران دەرمانە).

بەم پێیە ئەگەر قورئان بەزمانی بێگانە بهاتایە عەرەبەکان مانیان دەگرتو دەیانوت بۆچی ئایەتەکانی بەزمانی خۆمان بۆ روون نەکردوینەتەوە. کەواتە بۆ غەیرە عەرەبیش هەیە بڵێت خوا پەیامبەری بۆ هیچ نەتەوەیەك نەناردووە




بەزمانەکەی ئەو نەتەوەیە نەبێت. جا کەواتە لەبەر ئەوەی قورئان بەزمانی عەرەبی هاتووە ئەوە بۆئێمە نەهاتووە چونکە وەرگێڕانی بۆ زمانی ئێمە موعجیزەی زمانەوانی ون دەکات.

بە پێی ئەوەی محمد وەك پەیامبەرەکانی دیکە موعجیزەی ماددی نەبووەو هەموو موعجیزەیەکی تەنها قورئانە، جا ئەگەر لەئەنجامی وەرگیرانی قورئان بۆ زمانێکی دیکە ئەم موعجیزەیەی ون بکات ئەو بەهایەی نامێنێت تا قەناعەت بەخەڵکی بکات بەوەی قورئان موعجیزەیە.

سورەتی (الشعراء 193-201) لەم مەسەلەیە دڵنیامان دەکاتەوەو دەڵێت:

على قلبك

(بەزمانێکی عەرەبی پاراوو ڕوون، باسکردنی ئەم قورئانە لەکتێبە پێشینەکاندا هەیە، ئایا ئەمانە نەبوونەتە بەڵگە کەزانایانی بەنی ئیسرائیل لەم بارەیەوە شت دەزانن؟ خۆ ئەگەر قۆرئانمان لەسەر غەیرە عەرەب دابەزاندایە، هەروەها بیخوێندایە بەسەریانەوە هەر بڕوایان نەدەکرد، هەر ئاواش ڕێگەی قورئان لەدڵی تاوانباراندا جێگیر دەکەین، ئەوانیش بڕوای پێناهێنن تا عەزابی بەسوێ بەچاویی خۆیان نەبینن).




ئەوەتا قورئان پێمان دەڵێت گەر قورئان بەزمانی عەرەبی بۆ بێگانە دابەزیبایە بروایان پێنەدەهێنا تا عەزابی بەسوێ دەدران، ئەو عەزابەش ڕۆژی قیامەتە.

لەهەمان ئەو کاتەی قورئان پێمان دەڵێ ئیسلام بۆ هەموو خەڵکی دابەزیوە کەچی لەئایەتی (المائدە–47) دەڵێ:

وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الإِنْجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ

(دەبا شوێنکەوتوانی ئینجیل شوێنکەوتەی ڕێنماییەکانی خوا بن کەلەئینجیلدا دابەزیوە، ئەوانەی لەسەر ڕێنماییەکانی خوا داوەری نەکەن ناپاکو لەسنوور دەرچوانن).

هەروەها لەئایەتی (68)ی هەمان سورەت دەڵێ:

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَى شَيْءٍ حَتَّىَ تُقِيمُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ

(بڵێ ئەی ئەهلی کتێب ئێوە لەسەر هیچ ڕێنماییەك نین هەتا بەچاکی پەیڕەوی تەورات وئینجیلو دابەزیوەکانی بکەن).

مانای ئەم دوو ئایەتە ئەوەیە کەیەهوودی ومەسیحی پێویستە لەسەریان شوێنکەوتەی تەوارتو ئینجیل بن بەوە داوەری بکەن کەتێیاندا هاتووە.




هەر دەشبێت زانایانی ئیسلام بلێن کەئەم دوو ئایەتە مەنسوخە (واتە حوکمی ئەم دوو ئایەتە لەکارخراوەو حوکمی دیکە هاتۆتە شوێنی) بەڵام لەبەر ئەوەی سەرچاوەی یەکەمەوە ئەم دوو ئایەتە دابەزیون بەڵگەن بۆ ئەوەی خوا ویستوویەتی یەهوودو مەسیحی گەر بۆماوەیەکیش بێت شوێنکەوتەی یاساکانی تەورات و ئینجیل بن، واتە تا ئەو کاتەی نەسخ بوونەتەوە، ئەگەر بەراستی نەسخ بوو بێتنەوە.

قورئان زۆر لەوە دوورتر دەڕواو لەهەمان سورەت69 دەڵێ:

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّابِؤُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ.

(ئەو کەسانەی بڕوایان بەئیسلام هێناو ئەوانەی کەهیدایەت دراون ئەوانەی صابئەو یەهوودیو مەسیحی بوون، هەریەك لەوان گەر باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبوو ئەوا نەترس و بیم یەخەیان دەگرێو نەخەمو پەژارە بەرەوڕوویان دەبێتەوە).

جا لەبەر ئەوەی یەهوودیو نەصرانیەکان بڕوایان بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێو هەر کەسێ کارو کردەوەی چاك بکات ئیتر ترسی لەسەر نییەو پێویستیش ناکات ببێتە موسڵمان.




بەڵام ئایا چۆن پاساویی ئەوە دەداتەوە کەصائبەکان هیچ ترسیان لەسەر نییەو خەمو پەژارەش روویان تێناکان..؟ لەبنەڕەتدا صائبەکان فارس بوونو بتیان دەپەرست. (ابن کثیر) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: (ئەم ئایەتە لەسەر هەوادارانی سەلمانی فارسی دابەزیوە، جالەبەرئەوەی سەلمان یەکێك بووە لەکەسە نزیکەکانی پەیامبەر رۆژێك لەگەڵی دادەنیشێو باسی صائیبەکانی بۆدەکات. کەپێش ئەوەی محمد بێتە پەیامبەر باوەڕیان بەمحمد هێناوە. پەیامبەریش پێی دەڵێت ئەوانە ئەهلی دۆزەخن. ئەم قسەیە کاری کردە دەروونی سەلمانی فارسیو خەفەت گرتی. ئیتر خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند کەتێیدا دەڵێ ئەو صائبانە هیچ ترسێکیان لەسەر نییەو پەژارە دایانناگرێ.

لەهەموو مێژووی فارسدا بەو پاشماوە هەڵکۆڵراوانەشەوە کەکۆنو ئێستا دۆزراونەتەوە شتێك نییە نیشانە بێت بۆ ئەوەی کەصائبە کەسانێکی ئایینی بن یان خود بڕوایان بەمحمد هێنابێت پێش ئەوەی ببێتە پەیامبەر. کەواتە لەبەر ئەوە صائبەکان چوونەتە ناو لیستی ئەوانەی کەترسیان لەسەر نییە یان پەژارە دایانناگرێ بۆ قایلبوونی دڵی سەلمانی فارسی بووە چونکە لەکاتی باسکردنیاندا پەیامبەر وتبوونی لەئەهلی دۆزەخنو ئەویش خەفەتی بۆ خواردوون.




کاتێکیش چەند یەهودییەك هاتنە لای پەیامبەر تا لەسەر ئەو شتەی ناکۆکییان تێکەوتبوو داوەرییان بکات، خوا بەپەیامبەر دەڵێ:

وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُوْلَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ (المائدة–43)

چۆن ئەوانە تۆ دەكەنە داوەر لەکاتێکدا ئەوان تەوراتیان هەیەو لەناویدا یاسای خوا هەیەو پشتی لێهەڵدەكەن، ئەوانە بڕوادار نین).

لەم ئایەتە ئەوە تێدەگەین کەیاساکانی تەورات هەمان یاساکانی قورئانن‌و بەشوێنیدا ئەوە دێت کەجیاوازی لەنێوان تەورات‌و ئینجیلدا نییەو یەهودییەکان پێویستیان بەمحمد نەبووە داوەریان بکات.

هەر لەدوای ئەو ئایەتە دەڵێ:

إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ

(تەوراتمان دابەزاندووە یاساو ڕێنمووی تێدابووە، نووروو ڕووناکیش بوو، پەیامبەرەکان داوەری ئەو کەسانەیان پێدەکرد کەهیدایەت درابوون لەگەڵ




خواناس‌و زاناو شەرعناس‌و پارێزەرانی کتێبی تەورات کەهەر خۆیان شاهیدیان لەسەردەدا).

لێرەدا خوا دەڵێت تەوراتمان دابەزاند تا پەیامبەرەکان داوەری پێبکەن، ئێمە ئەوەش دەزانین کەتەورات لەسەر موسا دابەزی‌و لە دوای موساش تەنها عیساو محمد هەبوون، جا ئایا خوا مەبەستی ئەوە بوو محمد بەتەورات داوەری بکات یاخود ئەمەش یەکێکە لەو ئایەتانەی محمد ویستوویەتی دڵیی یەهودییەکانی پێڕاگری؟.

لەسورەتی (ال عمران-112-115) خوا لەسەر یەهودییەکان قسە دەکات‌و دەڵێت:

لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ وَمَا يَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوهُ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ

(یەهودی‌و مەسیحی وەك یەك نین بەڵکو هەندێکیان هەن لەشەودا ئایەتەکانی خوا دەخوێنن‌و کڕنۆش دەبەن، بڕوایان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیەو فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکەن زۆر بەپەلەن بۆ خێرو چاکە ئەوانە




لەچاكەخوازانن، ئەو چاكانەی دەیكەن بەفیڕۆ ناچێت خواش زانایە بەو كەسانەی پارێزكارو بڕوادارن).

ئەوەتا خوا دەڵێ یەهودییەكان هەموویان وەك یەك نین، تێیاندا هەیە تەورات دەخوێنێتەوەو بڕوایان بەخوا هەیەو لەچاكەكارانن، لەبەر ئەم هۆیە محمد هەقی نەبوو بیانكوژێو ژنو منداڵەكانیان لەماڵەكانی خۆیان دەربەدەر بكات. بەڵام راڤەكارانی ئیسلام دەڵێن خوا مەبەستی ئەو یەهودییانەیە كەبوونە موسڵمانو بڕوایان بەمحمد هێنا، لەرێگەی كتێبە مێژووییەكانەوە ئەوە دەزانین هەندێك لەیەهودییەكان بوونە موسڵمان كەلەژمارەی پەنجەكانی دەست زۆرتر نەبوون ئەوانەیش: (عبدالله بن سلام وسعلبە بن سعیە واسید بن سعیە واسید بن عبید بوون.[1] بەڵام یەهودییەكانی تر محمد كوشتنیو ژنەكانی بەسەبایا كردنو ئەوانی دیكەش بەرەو شام كۆڕەویان كرد. چوار یان پێنج كەس كەبوونەتە موسڵمان نابنە نەتەوەیەكو نەبوونەتە پێگەیەكی گەورە تاخوا لەم ئایەتەدا باسیان بكات.

لەسورەتی (الشوری-19) خوا دەڵێ:

{اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ}

[1] تفسير القرطبي للآية 113 من سورة آل عمران




(خوا هاوسۆزە لەگەڵ پەرستیارانی خۆیداو رزقی ئەوانەش دەدات کەخۆی مەیلی لێیە).

(ابن كثير) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: (لەم ئایەتەدا خوا هەواڵی هاوسۆزی خۆیمان لەبەرامبەر دروستکراوەکانی خۆی نیشان دەدات کەرزقیان دەداو کەسیان لەبیرناکات، رزقەکەی یەکسانە داوێنپاك بێت یان داوێنپیس).

هەروەها لەسورەتی (هود-6)دا:

وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ.

(هیچ زیندەوەرێك نییە لەزەویدا کەرزقو رۆزییەکەی لەسەرخوا نەبێت).

لێرەدا خوا رایگەیاندووە کەئەو رزقی دروستکراوەکانی خۆی لەتەواوی وردو درشتی زەوی بەبچووکو گەورەوە، بەئاوی‌و وشکاییەوە دەدات. کەواتە ئەمە چەمکی ئەم ئایەتەیە، ئەی بۆچی هەموو ساڵێك لەشاشەکانی تەلەفزیۆنەوە دەبینین ملیۆنەها منداڵو ژنو پیاوی پیر لەکاریگەری برسێتی ولاتانی ئەسیوبیاو سۆماڵو چەند دەوڵەتێکی دیکەی ئەفریقی دەمرن؟؟؟ ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەموسڵمان نین؟ لەکاتێکدا ئیبن کەسیر پێمان دەڵێ خوا کەس لەبیر ناکات




باش بێت یان خراپ. ئایا دەکرێ حوکمی ئەم ئایەتە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایەتەی کەدەڵێت

{وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا, وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ (2-3) سورة الطلاق

جا ئایا خوا رزقی تەنها ئەوانە دەدات کەملکەچی دەبن یاخود ئەوە چۆنە کەبەچاوی خۆمان دووبارەبوونەوەی برسێتی لەئەفریقا دەبینین؟

لەسورەتی (الزمرف-11) دەڵێ:

{وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاء مَاء بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ تُخْرَجُونَ}

ئەو خوایە بەئەندازەیەکی دیاریکراو بارانی باراندووەو بەو بارانەش وڵاتی وشكو مردوومان زیندوو کردۆتەوە، ئاواش ئێوە لەگۆڕەکانتان دێنە دەرەوە.

تەفسیری جەلالەین دەڵێت: (خوا بەپێی پێویستی باران دەبارێنێت، بەلێشاو نایرێژێت). بەپێچەوانەی ئەم تەفسیرەوە دەبینین هەمووساڵێك هەندێك وڵات وەك هێندو بەنگلادش و..تاد بەهۆی زۆریی بارانبارینەوەو نوقمی لافاو دەبن کەدەبێتە هۆی مردنی سەدان کەس ئەگەر نەڵێین هەزاران.!!! لەکاتێکدا بێبارانیو ووشکە ساڵی ژمارەیەکی هێجگار زۆر لەدانیشتوانی کیشوەری ئەفریقا




دەکوژێت، جا ئایا ئەو ڕێژە بارانەیەی لەهەندێ وولاّتانی دیکە دەبارێن بەپێی پێویستی خۆیانن؟

لە سورەتی (الروم-20) قورئان پێمان دەڵێ کەخوا مرۆڤی لەخۆڵ درووست کردووە:

{وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ}

کەچی لەسورەتی (الانبیا-30) قورئان دەڵێ:

{ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ}

(ئێمە وامان کردووە لەئاو گیان بکەینە بەری هەموو شتێك، ئیتر ئایا بڕوا ناهێنن)

لەبەر ئەوەی مروۆ مەخلۆقێکی گیانلەبەرە کەواتە لەئاو دروست کراوە, بەلاّم ئایەتی پێشوو پێمان دەڵێت لەخۆڵ.

قورئان باسی ڕۆژی قیامەت دەکاو زۆر ورد وەسفی جۆرەها ئەشکەنجە دەکات کەبەڕاستی ترسناکە، هیچ گومانیش لەمەدا نییە، بەلاّم خالّی نییە لەچەمکی دژ بەیەك بۆ نموونە لەسورەتی: (المؤمنین-101)

{فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءلُونَ}




(جاكاتێك فوو دەكرێت بەكۆتاییەكانی هەموو شتێكدا (نەمانی ژیانی ئەم دونیاو ڕوودانی ڕۆژی قیامەت) هیچ پەیوەندییەكی خزمایەتی نەماوەو كەس لەكەس ناپرسێتەوە).

ئەمەش واتە لەڕۆژی لێپرسینەوەدا گەر كەسێك كوڕێكی یان كچێكی خۆی بینی هیچ گرنگییەكیان پێنادات‌و ناپرسێتەوە. (ولایتسالون) كەس لەكەس ناپرسێتەوە).

لەسورەتی (القصص-66)یشدا

{فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ الْأَنبَاء يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَاءلُونَ}

لەسەختی ئەو ڕۆژە هەموو هەواڵێك پشتگوێ دەخەن كەس لەكەس پرسیار ناكات.

هەروەها لەسورەتی (المعارج-10) دەڵێ

{وَلَا يَسْأَلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا}

(دۆستی گیانی بەگیانی لەدۆستی گیانی بەگیانی خۆی ناپرسێتەوە).

لەئایەتێكی دیكەشدا دەڵێ:

{يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ} (34) سورة عبس

ڕۆژێك كە برا لەبراكەی ڕادەكاو هەڵدێت.




ئەمەش وێنایەکی خەڵکییە لەوپەڕی ترس و تۆقیندا، بەهەموو لایەکدا رادەکەنو کاتیان نییە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن ئەگەر کەسوکاری یەکتریش بن. بەلاّم لەدژەوانەیەکدا سورەتی (الصافات26–27) شتێکی دیکە دەڵێ:

{بَلْ هُمُ الْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءلُونَ}

(بەڵکو ئەو رۆژە هەموویان تەسلیم بوونو بێدەسەلاّتن، روودەکەنە یەکتری بەتوندی قسە لەگەڵ یەکتردەکەنو پرسیار لەیەکتر دەکەنو یەکتر تاوانبار دەکەن).

هەروەها لەرۆژی قیامەتدا هەموو کەسێك کتێبێکی دەدەنە دەست کەفریشتە هەموو کارکردوەکانی ئەو کەسەی بەچاكو خراپەوە نووسیوەو داوای لێدەکات کتێبەکەی بخوێنێتەوە دان بەتاوانەکانیدا بنێ:

وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا. الاسراء 13و14)

بەلاّم چۆن مرۆڤ کتێبەکەی خۆی دەخوێنێتەوە کەکەرو کوێرو لاڵە:

وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا مَّأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيرًا (الاسرا–97)




(لەرۆژی قیامەتدا لەسەر ڕوو کۆیان دەکەینەوە کەڕو کوێرو لاڵ حەشریان دەکەین‌و شوێنگەیان هەردۆزەخەو هەرکات بلێسەی نەما زیادی دەکەینەوە.

هەروەها لەسورەتی (طه –124) دا دەڵێ:

{وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى}

(هەرکەس پشتبکاتە بەرنامەی من ئەوە ژیانێکی تاڵی دەبێت، لەرۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین). جا ئایا کوێر دەتوانێ بخوێنێتەوە کەلە رۆژی قیامەتدا تێیدا خوا بەکوێری‌و کەڕی حەشری دەکات؟؟ هەروەها لاڵیشیان دەکات‌و ناتوانن قسە بکەن (صم بكم عمى)؟؟؟

لەسورەتی (المرسلات 36/34) لەو مەسەلەیە دڵنیامان دەکاتەوە:

{وَيْلٌ يوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ, هَذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ, وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ}

ئاهو ناڵە لەو رۆژەدا بۆ ئەوانەی بەرنامەی خوا بەدرۆ دەخەنەوە، ئەو رۆژە قسەناکەن، هیچ مۆڵەتیشیان نادرێتێ پاکانە بکەن).

هەرووەها لەسورەتی (یس–65)

{الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ}

(ئەمڕۆ ئێمە مۆر دەدەین لەدەمیان، لەجیاتی دەمیان دەستیان قسە دەکات‌و قاچەکانیان شاهیدی لەسەر ئەوە دەدەن کەچی لەکارو کردەوەیان دەدورنەوە).




لێرەدا دەبینین بەبیٚ هیچ گومانێك رێگەنادرێت بەهیچ كەسێك لەرۆژی قیامەتدا قسە بكات چونكە خوا مۆری داوە بەدەمیانەوە، لەجیاتی دەمیان پێیستو دەستو قاچ قسە دەكەنو شاهیدی كردەوەكانی دەدەن كەزمانیان نییە. رەنگە مرۆڤ بپرسیٚ چۆن (پێست) زانی خاوەنەكەی لەو دونیا چی كردووە لەكاتێكدا پێست نەقسە دەكاو نەدەبینیٚ ؟؟ بەم شێوەیەش ناتوانی شاهیدی لەسەر خاوەنەكەی بدات چونكە شاهیدی نەك لەپێستێك بەڵكو لەمرۆڤیش وەرناگیریٚ گەر رووداوێك بەچاوی خۆی نەبینیٚو بەبیستن نەیبیستیٚ.

گەر واز لەمانە بهێنینو بیانخەینە لاوەو تەنها لەسەر ئەو خاڵە بوەستین كەمرۆڤ توانای قسەكردنی نییە لەرۆژی قیامەتدا لەسورەتی (الصافات-27)دا شتی دیكەمان پێدەڵێت:

وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ

لەو رۆژەدا ڕوو دەكەنە یەكترو قسە دەكەنو یەكتری تاوانبار دەكەن.

چۆن پرسیار لەیەكتر دەكەن لەكاتێكدا ئەوانە ناتوانن قسە بكەنو مۆر دراوە لەدەمیان؟

یاخود سورەتی (فصلت20-21)




{حَتَّى إِذَا مَا جَاؤُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ, وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُوا أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ}

(هەتا دەگەنە ئاستی ئاگری دۆزەخ گوێو چاوو پێستەکانیان شاهیدی ئەوە دەدەن کەچ کاروکردەوەیەکی خراپیان ئەنجامداوە, بەپێستەکانیان وت بۆ لەسەرمان شاهێدیتاندا؟؟ وتیان خوا ئێمەی هێناوەتە زمان کەهەموو شتێکی هێناوەتە زمانو هەر ئەو بوو یەکەمجار ئێوەی دروستکردووەو بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە).

چۆن توانیان پرسیار لەپێستەکانیان بکەن لەکاتێکدا مۆر دراوە بەدەمیانداو ناتوانن قسە بکەن؟؟!!

لە سورەتی (الحاقە–19) دەڵێ:

{فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيَهْ}

(جا ئەوەی نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی دەڵێت ئا ئەوەتا نامەی کردەوەکانم بیخوێنەوە..تاد). وەك لەم ئایەتەدا دەبینین قسە دەکەن سەرباری ئەوەی لەئایەتەکەی پێشوودا وترابوو مۆر لەدەمیان دراوە. هەروەها




{ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا } (25) سورة العنكبوت

(دوایی لەرۆژی قیامەتدا یەكتری بەنەفرەت دەكەن).

چۆن یەكتری نەفرەت دەكەین لەكاتێكدا دەممان مۆری لێدراوە؟!

جا لەبەر ئەوەی خوا مۆری داوە لەدەمیانو لەجیاتی دەمیان پێستو دەستو قاچیان هاتوونەتە گۆو شاهیدی دەدەن ئیتر پێویست ناكات پرسیاری كردەوەكانیان لێبكرێت..! سورەتی (الرحمن39) پێمان دەڵێت

{فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلَا جَانٌّ}

لەو رۆژەدا هیچ كەس لەمرووڤو جنۆكە پرسیار دەربارەی تاوانەكانیان ناكرێ).

ئەم دێرە لۆژیكیە، بەڵام سورەتی (الحجر-92) تەواو دژەوانەیە

{فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِيْنَ}

(سوێند بەپەروەردەگارت پرسیار لەهەر هەموویان دەكەین.

هەتا ئێستاش قسە لەرۆژی قیامەت دەكەین، ئەو رۆژەی حەشری مرۆڤو جنۆكەی تێدا دەكرێت هەروەك سورەتی (الانعام-128) دەڵێ:




وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الإِنسِ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُم مِّنَ الإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلاَّ مَا شَاء اللَّهُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ

... (ڕۆژێك دێت خوا حەشری هەموویان دەكاتو پێیان دەڵێت ئەی جنۆكەكان ئێوە زۆرتان لەمرۆڤ گومڕا كرد، لەو لاشەوە شوێنكەوتوانیان لەمرۆڤ دەڵێن پەروەردگارا هەندێكمان سوودو خۆشیمان لەهەندێكیان وەرگرت گەیشتوینەتە ئەو ساتەی كەخۆت بۆت دیاری كردوین، خواش پێی وتن جێگەتان ئاگری دۆزەخە هەتا ماون تێیدا دەبن، مەگەر ئارەزووی شتێكی دیكە بكات، پەروەردگارت داناو زانایە).

ئەوەتا شوێنكەوتوانی مرۆڤ لەگەڵ خوادا قسە دەكەنو دەڵێن سوودو خۆشییان لەجنۆكە وەرگرتووەو جنۆكەش سوودو خۆشی لەمرۆڤ وەگرتووە، ئەم بیرۆكەیەش دەگەڕێتەوە بۆهەندێك فەرموودە كەدەڵێت هەندێك لەپیاوانی جنۆكە زەواجیان لەگەڵ ژنی مرۆڤ كردووە. گەر واز لەم باسە بهێنینو تەنها لەسەردۆزەخ قسە بكەین كەمرۆڤو جنۆكە هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە دەبینین لەسورەتی (هوود105-107) دەڵێ:




يَوْمَ يَأْتِ لاَ تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلاَّ بِإِذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ, فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ, خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاء رَبُّكَ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ..

(ڕۆژێك دادێت مەگەر خوا مۆڵەت بدات دەنا هیچ كەس قسە لەگەڵ هیچ كەسدا ناكات، تێیاندایە بەدبەختو چارەڕەش، تێشیاندایە بەختەوەرو دڵخۆش، ئەوانەی بەدبەختو چارەڕەشن لەئاگرداو هەناسەدانیان سەختو دژوارە، هەتا ئاسمانو زەویش هەبن بۆ هەمیشە لەو ئاگرەدا دەمێننەوە, ئەوانەیش كەبەختیارن هەتا ئاسمانو زەوی هەبن بۆ هەمیشە لەبەهەشتداو هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە مەگەر خوا مەیلی دیكەی هەبێت، پەروەردگارت بەخششەرەو هەرگیز بەخشینەكەی كۆتایی نایەت).

لێرەدا ئەم ڕستەیە تێناگەین كەدەڵێت مادام ئاسمانەكانو زەوی مابن هەتاهەتایە بەنەمری لەوێ دەبن..!! چونكە پێشتر ئەوەمان زانیوە كەجوبرەئیل هاواردەكاو دەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی لێپرسینەوەیەو خەڵكی لەگۆڕەكانیان دێنە دەرەوە ئەملاو ئەولای ئاسمان وەك بەرگی ئەملاولای كتێبێك دەپێچرێتەوەو دادەخرێتو زەوی چیاكان دەبنە خورییەكی شیكراوە، لەڕۆژی ڕاگەیاندنی هەواڵەكەوە نەئاسمانەكان دەمێنن نەزەوی. دەشبێت لەسەر ئەم حوكمەوە ئەوە تێبگەین




کەمرۆڤو جنۆکە لەئاگردا زۆر نامێننەوە چونکە مانەوەی ئاسمانەکانو زەوی درێژەناکێشێ.

قورتوبی دەڵێت (لەسەر تەئویلکردنی ئەم ئایەتە ناکۆکی هەیە، هەندێك دەڵێن، لەوانەن زوحاك: مەبەستی لەئاسمانەکانو زەوی‌و بەهەشت‌و دۆزەخە. ئاسمان هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کەلە سەروتەوەن‌و سێبەرمان بۆ درووست دەکەن، زەویش ئەو شوێنەیە کەقاچەکانتی لەسەر پەنا دەگرێت).

ئەم تەفسیرە هەوڵێکی رەشبینانەی قورتوبیە تا لەگێژاوی تەفسیرەکە خۆی قوتار بکات، چونکە خوا پێی نەگوتین بەهەشت‌و دۆزەخ ئاسمان‌و زەوی هەیە بەڵکو وتوویەتی فراوانی بەهەشت بەئەندازەی ئاسمان‌و زەوی گەورەیە, ئەو قسەیەی کەدەڵێت ئاسمان ئەوەیە کەلە سەرووتەوەیەو سێبەرمان بۆدرووست دەکات قسەیەکی هەڵەیە چونکە وتوویەتی (ئاسمان بەدەستەکانمان بینامان کردووە) بیناکردنیش لەبۆشایی چۆڵۆهۆڵیدا ناکرێ، ئاسمانیش سێبەرمان بۆ دروست ناکات بەتایبەتی لەئافریقاو ئەمریکای باشوور چونکە شوێن هەن خۆر بەهەمیشەیی لەسەروومانەوەیەو ئاوا نابێت.

گەر دوای ئەم لۆژیکە بکەوین دەتوانین بڵێین درەخت ئاسمانە چونکە لەسەرومانەوەیەو بشچینە ژێری ئەوا لەخۆرەوە سێبەرمان بۆ دروست ئەکات.

بەڵام ڕاستی ئەوەیە خوا درەختەکەی بەدەست دروست نەکردووە بەڵکو دەبینین لەتۆویکی بچووکەوە بەدرێژایی چەند ساڵێك گەشە دەکاو پێدەگات. هەروەها بینای بەرزیش سێبەرمان بۆ دروست دەکات چونکە لەسەرومانەوەیە بەڵام لەئاسماندا نییە.

ئەو قسەیەشی کەدەڵێت قاچەکانی مرۆڤ لەهەر شوێنێك لەنگەر بگری ئەو شوێنە زەوییە، ئەم قسەیەش هەڵەیە چونکە مرۆڤ توانی بچێتە سەرمانگو ئەو قاچانەشی کەدایناو لەنگەری گرت زەوی نەبوو مانگ بوو. هەروەها قورئان دەڵێ: لەرۆژی قیامەتدا ئاسمان وەك دوو توێی بەرگی پەڕاوێك لێکی دەنێو دەپێچێتەوەو زەویو کەژو کێوەکان دەبنە خورییەکی شیکراوەی پێچراوە، یان {كَلَّا إِذَا دُكَّتِ الْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا, وَجَاء رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا} (21-22) سورة الفجر

(نەخێر، رۆژی خۆی هەر دێتە پێش کەزەوی وردوخاش دەکرێو لەناکاو دەدرێت بەیەکدا، پەروەردگارت دێتو فریشتەکانیش پۆل پۆل دێن. )

بەڵام لەسورەتی (الزمر-74) ئەو کەسانەی لەرۆژی قیامەتدا دەچنە بەهەشتەوە دەڵێن




{وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُ وَأَوْرَثَنَا الْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاءُ فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ}.

(دەڵێن سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەڵێنی خۆی بۆ ئێمە بردەسەر کردنییە وارسو خاوەنی زەویو لەهەر شوێنێکی بەهەشت بمانەوێت بەختەوەرانە دەژین، بەراستی بەراستی ئەجری تێکۆشەران چاکە).

کەواتە بەهەشت لەسەر زەوی دەبێتو ئەوانە دەبنە خاوەنی کەکردەوەی چاکە دەکەن، پرسیارەکە لێرەدایە ئەوان چۆن دەبنە خاوەنی زەوی لەکاتێکدا زەوی بووەتە خورییەکی شیکراوەی پێچراوە.؟؟ چونکە قورئان چەند جارێك ئەوەی دوویات کردۆتەوە کەرووبەری بەهەشت بەئەندازەی رووبەری زەویو ئاسمانەکانە، ئیتر چۆن بەهەشت لەسەرزەوی دەبێت؟

قورئان لەسورەتی (التكوير-1) دەڵێ خۆر لەرۆژی قیامەتدا خڕ دەبێتەوە ، بەمەش وااتێدەگەین کەئێستا بەبۆچوونی قورئان خۆر بازنەیەکی تەختەو دواتر لەرۆژی قیامەتدا وەك تۆپێکی لێدێت. (اذا الشمس كورت).

جا بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کەئیسلام پێیوایە خۆر بازنەیەکی تەختە با بڕوانینە ئەو گوتەیەی پەیامبەر دەربارەی خۆر وتویەتی: (لەچەند سەندێکەوە ابي ذر الغفاري) دەڵێت لەگەڵ پەیامبەردا دەستم لەناو دەستیدا بوو، بەرەو خۆرئاوا




پیاسەمان دەكرد، تەماشای خۆرمان دەكرد ئاوا دەبوو، وتم ئەی پەیامبەری خوا ئەوە خۆر لەكوێ ئاوا دەبێ؟ وتی: لەئاسماندا ئاوا دەبێ دوایش لەئاسمانەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمانێكی دیكەو بەرزدەبێتەوە تا دەگاتە ئاسمانی حەوتەمو دەگاتە ژێر عەرشی خوا، ئیتر لەبەردەم خوادا كڕنوش دەباو لەگەڵێشیدا ئەو فریشتانە كڕنۆش دەبەن كەبۆ كاروباری خۆر فەراهەم هاتوونو لەوكاتەدا لەگەڵیدان، ئینجا خۆر بەخوا دەڵێ: ئەی پەروەردگارم فەرمانم پێدەكەیت لەكوێوە هەڵبێم؟ بڕۆمەوە لەرۆژ ئاواوە هەڵبێمەوە یان لەشوێنی سەرهەڵدانەكەی یەكەم جارمەوە؟.

(ابي ذر الغفاري) بەردەوام دەبێو دەڵێ:[2] لەم بارەیەوە خوای گەورە لەقورئاندا وتویەتی (والشمس تجري لمستقر لها) (خۆر بەراڕەوی خۆیدا دەڕوا تا شوێن پەناگەی خۆی)و لەژێر عەرشی خوادا زیندانی دەكرێ (ذلك تقدير العزيز العليم) (ئەمەش گەورەیی‌و زانایی باڵادەستێك دەردەخات). بەم حەدیسەدا دەردەكەوێت باوەڕیان وابووە خۆر بازنەیەكی تەختەو لەسەر لێواری خۆی دەوەستێت جا ئەگەر زەوی وەك تۆپێك خڕ بوایە نەیاندەوت كڕنوش دەبا

[2] تاريخ الطبري، المجلد الاول ص 46 (مصدر سابق)

چونکه خرِی بەجوڵە لار دەبێتەوەو رێك دەوەستێتەوەو هەرگیز بەدەموچاوی خۆیدا ناکەوێن.

ابن ئەجەریر وتویەتی: (التكوير) مانای کۆکردنەوەی شتێکە لەسەر یەك, وەك پێچکردنی مێزەر. مانای قسەکەی: پێکەوە کۆی کردەوەو پاشان پێچی پێداوەو گلۆڵەی کردووەو هاویشتویەتی, بۆیە تیشکەکەی رۆیشتووە. هەندێکیشیان وا شیی دەکەنەوە کە(کورت) بەمانای تیشکەکە لەدەستیدا. لەچەند سەنەدێکەوە ابن عباس پێمان دەڵێت (اذا الشمس كورت) مانای ئەوە دەگەیەنێت کە(تیشکەکە رۆیشتو تاریکی داهات). موجاهیدیش دەڵێ واتە پوکایەوەو تاریکی داهات. قیتادەش دەڵێت: تیشکەکەی رۆیشت. ئەلرەبیع بن حەسیمیش دەڵێت: وشەی (کورت) مانای (هاویشتی) دەگەیەنێت. بەپێی ئەم لێکدانەوانە تێدەگەین کەلەرۆژی قیامەتدا خۆر نیە.

بەڵام بابرِوانینە سورەتی (الانسان-12) کاتێك کەخوا وەسفی بەهەشت دەکات دەڵێت:

{وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا }

(لە پاداشتی خورِاگریاندا بەهەشتو ئاوریشمیان پێدەبەخشین، بەختەوەرەکان لەسەر کورسییەکان دانیشتوونو شانیان داناوە، نەگەرمای خۆر بێزاریان دەکاو




نەکزەی بای سارد نارەحەتیان دەکات، سێبەری درەختەکان بەشوێنەکەدا بڵاو بونەتەوەو میوەکانیش بەئاسانی لێدەکرێنەوەو لقو چڵەکانیان شۆڕ بوونەتەوە).

جا ئایا ئەو سێبەرە لەکوێوە هات گەر خۆر لەو کاتەدا نەبێت؟




## نەسخ لە قورئاندا

قورئان لەسورەتی (هود-1) دا دەڵێت: ({الَر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ}

(ئەمە کتێبێکە کەئایەتو یاساکانی بەشێوەیەکی ڕاستو دروست پێکەوە پەیوەست کراون پاشان درێژەیان پێدراوەو زیاتر ڕوونکراونەتەوە)

وا تێدەگەین لەم ئایەتەدا کە خوا پێشوەخت ئایەتەکانی قورئانی نوسیوەو ڕێکیخستوونو دوایی بۆ محمەدی دابەزاندوون, دواتر ئایەتەکانی زیاتر شیکردۆتەوەو ڕێکیخستونو لەکاتی گونجاودا ئایەتی گونجاوی دابەزاندووە, ئەم توانستەش لەلایەن خوای تواناو شارازاوەیە بەناوەڕۆکی کاروبارەکانو بەو ڕووداوانەش کە لە دەوارۆژێکی دوورو نزیکدا ڕوو دەدەن.

هەروەها لەسورەتی (البروج-21-22) {بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَّجِيدٌ, فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ}

(بەڵێ ئەوە قورئانێکی بەرزو پایەدارەو لەسەر تابلۆی پیرۆز پارێزراوە)

ڕاڤەکان لە پێناسەی (لوح محفوظ)دا زۆر دوور لەمەبەست لایانداوە, هەندێکیان کردویانە بە گەوهەرێکی ڕەونەق سپیو درێژییەکەی بەئەندازەی درێژی نێوان ئاسمانو زەوییەو پانیەکەشی بە ئەندازەی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایە, هەندێکی




دیکەشیان کردویانەتە نێوان چاوەکانی (اسرافیل). هی دیکەش دەڵێن لاتەنیشتەکانییەتی.

پێش ئەوەی خوا زەوی‌و ئاسمان دروست بکات لەوحی مەحفوزی دروستکردووە هەموو ئەو شتانەی تێدا نووسیوە کە لە مرۆڤو ئاژەڵان ڕوو دەدەن هەتا ڕۆژی قیامەت, هەر لە لەوحی مەحفوزدا خوا قورئانی نوسیوە.[1] کەواتە قورئان پێش دروستکردنی زەوی نوسراوە. زانایانیش تەمەنی زەوی بە (چوار ملیارو نیو) ساڵ مەزەندە دەکەن, هەروەها تەمەنی چیا بەفرینەکان لە بەستەڵەکی خوارروو بە(35) سی‌و پێنج ملیۆن ساڵ مەزەندە دەکەن, هەروەها یەکەم مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی پێش حەوت ملیۆن ساڵ دەرکەوتووە.[2] بەم شێوەیە دەتوانین بلێین بەلایەنی کەمەوە پێش چوار ملیار ساڵ خوا قورئانی نوسیوەو لەو ماوەیەدا دروستیکردووەو لە لەوحی مەحفوزدا هەڵیگرتووەو پاراستویەتی‌و تێیدا ئایەتەکانی تەواو پتەو کردووە, وەك لەئایەتەکەی پێشوودا پێی وتین.

---

[1] تفسير أبن كثير للآية 21 من سورة البروج

[2] TheEncyclopedia of World History, under http://www.bartleby.com/Prehistory




ئەگەر شوێن ئەم لۆژیکە بکەوین دەبینین هیچ هۆکاریك نییە تا خوا لە ماوەیەکی کورتی نێوان (23) ساڵی پەیامبەردا ئایەتی قورئان بگۆڕێو ئایەتێکی دی لە شوێنی دانێت (نەسخ) چونکە بەدێژایی ساڵانی پێشوو (واتە چەند ملیار ساڵێك– وەرگێر) پاراستونیو تەواو پتەوو ڕێکخستوون, خودی خۆشی لەئایەتەکەدا پێمان دەڵێت ئایەتەکان دانراوو ڕێکخراوو پاککرانەوەو پارێزران.

بەڵام با ئێستا بێینو بروانینە سورەتی (النحل– 101) {وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَّكَانَ آيَةٍ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُواْ إِنَّمَا أَنتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ }

(کاتێکیش ئایەتێك دەخەینە جێی ئایەتێکی تر, خواش خۆی دەزانێت چی دادەبەزینێت, دەڵێن تۆ لە خۆتەوە شت هەڵدەبەستیت, نەخێر وا نییەو ئەوان زۆربەیان لەم کارەمان نازانن).

هەروەها لە سورەتی (البقرە– 106) دەڵێت: {مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}

(ئێمە ئایەتێك ناسڕینەوە ( حوکمی ناوەستێنین) یان ئایەتێك لە بیر ناکەین مەگەر جوانترو باشتر, یان وەکو خۆی ئایەتێکی دیکە نەخەینە شوێنی, ئایا نازانی خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانای هەیە؟).




با پرسیار بکەین, یەکەم: بۆچی خوا ئایەتێك, هەرئایەتێك بێت, لەقورئاندا نەسخ دەكات لە كاتێكدا چەند ملیار ساڵێك قورئانی لەلا بووەو دەستكاری نەكردووە؟. پێش ئەوەی بۆ محمدی دابەزێنێت بۆچی گۆڕانكاری لە ئایەتەكاندا نەكرد ؟.

دووهەم: ئەگەر ئایەتێك نەسخ دەكات بۆچی ئایەتێكی دی بەهەمان شێوەی ئەو لەبری دادەنێت؟

سێهەم: كەویستویەتی ئایەتێك نەسخ بكاو لە بری ئایەتێكی باشتر دابنێ ئەوە قورئان ئەو هەموو ساڵە لەلای خۆی بووە دەبوو پێش ئەوەی بۆ محمدی دابەزێنێت ئایەتی تۆكمەو باشتری دابنایە, بەڵام ئەو گۆڕانكارییەی كرد پاش ئەوەی بۆ محمدی دابەزاندبوو, بۆ..!!

كەواتە ئەم ئایەتە تازانەش پێش ئەوەی زەوی دروست بكات لە لەوحی مەحفوزدا نەبوون, بەڵكو خوا لەم دواییانەدا دروستی كردون تا جێگەی ئایەتە كۆنە مەنسوخەكان بگرێتەوە, ئەگەرنا دەبوو هەر لەسەرەتاوە ئایەتە تازەكان لە لەوحی مەحفوزدا هەبوونایەو هیچ پێویستی بەوە نەدەكرد ئایەتە كۆنە مەنسوخەكانی دابەزێنێت چونكە خوا لەبری كۆنەكان ئایەتی تازەی نوسیوە.




دەتوانین بڵێین چەند بەشێك لە قورئان لە لەوحی مەحفوزدا نەبوون, لەمەوە دەڵێین لەوحی مەحفوز وەك قورئان دەڵێت هەموو شتێکی تێدا نەبووە, وەك موعتەزیلەکان دەڵێن قورئان مەخلوقە.

(نەسخ واتە وەستانی حوکمی ئایەتێكو دانانی حوکمێکی تری ئایەتێکی نوێ لە شوێنی وەرگێڕ.) هۆکاری سەرەکی نەسخ لە قورئاندا بە باوەڕی من پەیوەستە بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە دوو قۆناغی جیاوازدا, مەبەستم قۆناغەکانی مەککەو مەدینەیە.

ئەوکاتەی محمد لە مەککەدا بوو هەوڵی دەدا ئیسلام لەناو قورەیشییەکاندا بڵاوبکاتەوە لاواز بووەو جگە لە مامەکەی (ابوب طالب) کەس پارێزگاری لێنەکردووە. لەبەر ئەمە لە توانایدا نەبووە لەشێوەی فەرمانکردندا لەگەڵ قورەیشیەکاندا قسە بکات, لەبەر ئەم هۆیە دەبینین بەشی هەرەزۆری ئایەتەکانی مەککی لێبوردەیی زۆر گەورەی لە بەرامبەر کافرەکان تێدایە. بۆ نموونە:

1- {وَأَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنذِرِينَ}.[3]

---

[3] النمل 92




(فەرمانم پێکراوە قورئان بەردەوام بخوێنمەوە ئەوەی هیدایەتی لێوەرگرت ئەوە بۆ خۆی هیدایەتی وەرگرتووە ئەوەشی گومرا دەبێت ئەی محمد تۆ پێیان بلێ من تەنها ئەوەم لەسەر بێدارتان بکەمەوە).

2- {وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ}.[4]

گفتوگۆ لەگەڵ ئەهلی کتێب (یەهودیو مەسیحی) مەکەن بە جوانترین شێوە نەبێ.

3- {وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ}.[5]

(ئەوەی کوفر دەکات کافرییەکەی خەفەتبارت نەکات)

4- {فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَانتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ}.[6]

(ڕوو لە کافرەکان وەرگێڕەو گوێیان مەدەرێو چاوەڕێ بە چونکە ئەوان چاوەڕوانن)

---

[4] العنكبوت 46

[5] لقمان 23

[6] السجدة 30




5- فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ}.[7]

(ئەوەی ڕێبازی هیدایەت بگرێتە بەر ئەوە خۆی قازانجی کردووە, ئەوەشی گومڕا بووە گومڕاوییەکەی هەر لەسەر خۆی دەکەوێت, -ئەی محمد- تۆ وەکیلی ئەوان نیت)

6- {وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا}.[8]

(لەسەر ئەو شتانەی دەیڵێن خۆڕاگربەو بە جوانترین شێوە بەجێیان بهێڵە).

7- {وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلًا}.[9]

(وازم لێ بهێنە, بۆ ئەوانەی خاوەن نازو نیعمەتنو ئایینی من بە درۆ دەخەنەوە, کەمێك مۆڵەتیان بدە)

8- {فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ}.[10]

---

[7] الزمر 41
[8] المزمل 10
[9] المزمل 11
[10] ال عمران 21

(ئەگەر تەسلیم بوون ئەوە بەراستی هیدایەتی خوایان وەرگرتووە, خۆ ئەگەر باوەڕ نەهێنن, ئەوە تۆ تەنها ئەوەندەت لەسەر پەیامەکە بگەیەنیت, خوای گەورەش بەندەکانی خۆی دەبینێ)

9- {وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ}.[11] (چاکترین‌و جوانترین شێوی کارو کردەوەت بخەڕوو, ئیتر دەبینی ئەو ساردییەی لەنێوان تۆ ئەواندا هەیە دەبێتە دۆستایەتیەکی گیانی بەگیانی).

هەروەها زۆربەی ئایەتە مەککییەکان چیرۆکن دەربارەی یونس‌و هودو یوسف‌و ئیبراهیم‌و ئەهلی کەهف (ئەشکەوت)و ئەسراو مریەم‌و نوح‌و.. تاد. پەیامبەریش لەگەڵ خەڵکی مەککە دادەنیشت‌و چیرۆکی پێشینەکانی بۆ دەگێڕانەوەو باسی نازو نیعمەت‌و خۆشییەکانی بەهەشت‌و پلەوچەشنی ئەشکەنجەی دۆزەخی بۆ دەکردن, خەڵکی مەککەش بە چیرۆکەکانی پێدەکەنین, چونکە کەسێك هەبوو بەناوی (النضر بن عبد بن الحارث) دەچووە مەجلیسەکانی پەیامبەرەوەو لەو خۆشتر چیرۆکی لەسەر پاشاکانی ڕۆم دەگێڕایەوە, دواتر ئەم ناوبراوە ژیانی خۆی لەم پێناوەدا دانا.

[11] فصلت 34




بەڵام دوای ئەوەی محمد كۆچی كـرد بـۆ مەدینـەو لـەناو ئـەوس و خەزرەجـدا سەقامگیر بوو پایەی بەهێز بوو ئاخاوتنی گـۆڕاو لەگەڵێـشیدا ئایەتـەكان تونـدتر دەركەوتن و هانی خەڵكی بۆ شەڕ دەدا, لەبەر ئەم هۆیە هـەر دەبـوو ئـەو ئایەتـە مەككیانە هەڵوەشێنێتەوە یان لەكاریان بخات كە ئامۆژگاری بەوە دەكـرد لەگـەڵ كافران و خاوەن كتێبەكاندا ئاسانكاری بكرێت, لـەبری ئەوانـە چـەندین ئایـەتی مەدینی نوێی توندی خستە ناو سورەتە مەككییەكانەوە كە لەناو مەككەدا كۆتایی پێهێنابوون, لەو نموونانەی كە سورەتی مەككین و لە مەدینەدا ئایـەتیان تێكـەوڵاو كردووە ئەم چەند دانەیە بەنموونە دەهێنینەوە:

1- سورەتی (الانعام)مەككییەو (65) ئایەتەو (6) ئایەتی مەدینی تێدایە

2- سورەتی (الاعراف)مەككییەو (205) ئایەتەو (5) ئایەتی مەدینی تێدایە

3-سورەتی (یونس)مەككییەو (109) ئایەتەو (2) ئایەتی مەدینی تێدایە

4- سورەتی (النحل)مەككییەو (128) ئایەتەو (1) ئایەتی مەدینی تێدایە

5- سورەتی (الاسراء)مەككییەو (110) ئایەتەو (8) ئایەتی مەدینی تێدایە

6- سورەتی (مریم)مەككییەو (98) ئایەتەو (3) ئایەتی مەدینی تێدایە




7- سورەتی (القصص)مەککییەو (87) ئایەتەو (5) ئایەتی مەدینی تێدایە[12]
هەروەها چەندین سورەتی مەدینیش هەن ئایەتی مەککیان تێکەڵاو کردووە بۆ نموونە سورەتی (الانفال) مەدینیەو حەوت ئایەتی مەککی تێکەڵاو کراوە کە لە ئایەتی بیستەمەوە دەست پێدەکات, بەهۆی ئەم زیادکردنە لە سورەتەکاندا هەر دەبوو ناکۆکیی و دژەوانە لەناو ئایەتەکاندا ڕوو بدەنو جیاواز بن لەو سورەتانەی لە مەککە یان لە مەدینەدا باسکراون, هەر بۆیە بیرۆکەی نەسخیان داهێنا.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئایەتەکان نەسخ نەبوون بەڵکو ئەو ئایەتانەی کە لە مەدینەدا سەریان هەڵداو خرانە ناو سورەتە مەدینیەکانەوە ناکۆك بوون جا کاتێك تێبینی ئەم ناکۆیەیان کرد وتیان ئەمانە نەسخ بوونەتەوە, ئەمەش دەمانباتەوە بۆ هەمان پرسیاری سەرەتا: ئەگەر ئەم قورئانە پێش ئەوەی جیهان دروستبکرێت لەلەوحی مەحفوزدا نوسرا بوو بۆچی ئەم ئایەتو سورەتانە بەشێوەیەکی ڕێكو پێكو وردو ڕیزبەند نەکران بەبێ ئەوەی تیکەڵ لەنێوانیاندا بکرێو ئایەتی مەدینی بخرێتە ناو سورەتی مەکیەوەو بە پێچەوانەوە؟

[12] أعتمدت في عدد الآيات المكية والمدينية على تفسير الجلالين، الطبعة الثالثة عام 2000 ، مؤسسة الرسالة، بيروت (مصدر سابق)




دوای ئەوەی محمد پێگەی خۆی توندکردو لە نێوان ئـەوس‌و خەزرەجدا خـۆی
پەنادا یەکەم سورەتی مەدینی دابەزی کەسورەتی بەقەرەیەو لـە ئایـەتی (190)دا
دەڵێت {وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ
الْمُعْتَدِينَ}

(بجەنگن لە پێناوی خوادا دژی ئەوانەی دژتان دەجەنگن‌و دەستدرێژی مەکەن
چونکە خوا دەستدرێژکەری خۆش ناوێت).

لێرەوە محمد ریگەی بە(شەڕ)دا لە دژی موشریکەکان, بەڵام نابێ دەستدرێژی
بکەنە سەر کەس گەر دەستدرێژیان لەسەر نەکردبن, دوای ئەو ئایەتە ئایەتی
(91) دەڵێت: {وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ
وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن
قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ}

(لەهەر شوێنێك موشریکەکانتان بەردەست کەوت‌و دەستان بەسەریاندا رۆیشت
بیانکوژن‌و دەربەردەیان بکەن وەك چۆن ئەوان دەربەردەیان کردن, فیتنەش لە
کوشتن گەورەترە).

ئەوەتا تەنها بەوەی محمد لە مەدینەدا سەقامگیر بوو, پێگەی خۆی داکوتی, خوا
فەرمان دەردەکات شەڕ بکەن‌و لە هەر شوێنێك کافریان بینی بیانکوژن.

هەروەها لەسورەتی (التوبة– 12) دەڵێت:

وَإِن نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُواْ أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لاَ أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ

(گەر لەدوای پەیمانەکە پەیمانیان شکاندو گاڵتەیان بەئایینەکەتان کرد ئەوا دژی سەرانی کافران شەڕ بکەن چونکە ئەوانە هیچ ئیمانێکیان نییە بەڵکو کۆتایی بەبێئیمانیان بهێنن).

هەروەها لەئایەتی پێنجی هەمان سورەتی دەڵێت

فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

(گەر مانگە حەرامکراوەکان تەواو بوون (مانگە حەرامکراوەکان بریتین لەم چوار مانگە عەرەبییە: ذوالعقدة، ذوالحجة، محرم، رجب، وەرگێڕ) لەهەر شوێنێك موشریکەکانتان بینییەوە بیانکوژن، بیانبەن، چواردەوریان بتەنن، بەهەموو شێوەو شێوازێك بۆسەیان بۆ دابنێن، جا ئەگەر هاتوو تەوبەیان کردو




نوێژیان کردو زەکاتیان دا ئەوە وازیان لێ بهێنن چونکە خوا لێخۆشبوو دلۆڤانە). ئەمەش ئەم ئایەتەیە کە بەئایەتی شمشێر بەناوبانگە.[13]

(ابن كثير) لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: ئەم ئایەتە هەموو عەهدو پەیمانێکی نێوان محمدو موشریکەکانی هەڵوەشاندووەتەوە هەر چەندە ماوەی پەیمانەکەش درێژبێت. ئەم ئایەتەی ناو قورئان بەتەنها سەدوبیستو چوار ئایەتی قورئانی لەکارخستووە (نەسخ کردووە).[14] زەمەخشەریش دەڵێت: یەکەمین ئایەتێك لەمەدینەدا دابەزیبێتو کوشتنی کافران حەڵاڵ بکات ئەم ئایەتەیە. هەروەها دەڵێت یەکەمین ئایەتە کەکوشتنو کوشتار حەڵاڵ بکاو لەمەدینە دابەزیبێت پاش دابەزینی حەفتا ئایەت هاتووە کەلەمەککەدا دابەزیوەو باس لەلێبوردەیی بەخشین دەکات. لەبەر ئەوە هەموو ئایەتە ناسخەکان مەدینینو هەموو ئایەتە مەنسوخەکان مەککین.

خوا لەسورەتی (الرعد-39)دا دەڵێت:

{يَمْحُو اللّهُ مَا يَشَاء وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ}

[13] الناسخ والمنسوخ: هبة الله بن سلامة البغدادي، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ص 128

[14] نفس المصدر ونفس الصفحة




(خوا ویستو ئارەزووی لەسەر هەر شتێك هەبێت دەیکوژێنێتەوە یان بەرو پایەداری دەکات چونکە سەرچاوەی هەموو کتێبەکانی لەلایە).

رازی دەڵێت: سەرچاوەی هەموو کتێبەکان (أم الكتاب) لەوحی مەحفوزەو هەموو ڕووداوەکانی جیهانی سەرەوەو جیهانی خوارەوەی تێدا تۆمار کراوەو حاڵو ئەحواڵی هەموو دروستکراوێکی تا ڕۆژی قیامەت تێیدا چەسپێنراوە.

هەروەها رازی وتویەتیپەیامبەری خوا (د.خ) وتی: خوا خۆی بەتەنها بوو هیچ شتێکی لەگەڵ نەبوو, پاشان لەوحەکەی دروستکردو تێیدا هەموو ئەحواڵ ڕووداواکانی خەڵکی تارۆژی قیامەت چەسپاند.

لەحەدیسیکی (ابي درداء) دەربارەی پەیامبەر دەڵێ: پەیامبەر وتی: خوا لەدوای نیوە شەودا تەماشای ئەو کتێبە دەکاتو جگە لەو کەس ئەو کتێبە نابینێت, ئەوەی بیەوێت لای دەباتو ئارەزووشی لێبێت دەیەسپێنێت.[15]

کەواتە تەنانەت لەوحی مەحفوزیش دەکەوێتە بەر نەسخو گۆڕانکاری. ئەمەش تەفسیری ژمارەیەکی بێشوومارى ئایەتی مەنسوخ دەکات.

لەقورئاندا زانایانی ئیسلام نەسخیان کردووە بەسێ بەشەوە، بەشی یەکەم: خوێندنەوەی مەنسوخ بووە بەڵام حوکمەکەی ماوە. واتە ئایەتەکە لەناو قورئاندا

[15] الرازي: التفسير الكبير، المجلد 19، ص 66 نقلاً عن تفسير القرطبي للآية 39 من سورة الرعد




نەماوەو لابراوە بەڵام کار بەحوکمەکەی دەکرێ. بەشی دووهەم: خوێندنەوەی ئایەتەکەو حوکمەکەشی مەنسوخ بووە. واتە نەئایەتەکە لەقورئاندا ماوە نەحوکمەکەشی ماوە بەڵکو تەنها ماوەیەك کاریکردووەو ئێستا لەناوچووە. بەشی سێهەم: حوکمەکە مەنسوخ بووەو خوێندنەوەی ماوە. واتە ئایەتەکە لەقورئاندا هەیەو دەخوێندرێتەوە بەڵام هیچ حوکمێکی لێوەرناگیرێت. گەر بەشی یەکەم وەربگرین دەبینین چەندین ئایەت هەن لەقورئاندا نەماون تابخوێندرێنەوە بەڵام حوکمیان هەر هەیە. بۆ نموونە (الحسين بن المناوى) دەڵێت: ئەوەی لەقورئاندا نوسرا بوو ئێستا دەرهێنراوە لەناو ئەو دڵەدا دەرنەهێنراوە کە لەبەریکردووە, دوو سورەتن, ئەو دوو سورەتەش ناویان (الخلع)و (الحفد). هەروەها لە(ثبوت)ەوە دەگێڕنەوە کە ئەم دوو سورەتە لەمەصحەفەکەی (ابن عباس)و (أبي بن كعب)دا هەبوون کە ئەمانەن:

یەکەمیان: (بسم الله الرحمن الرحيم اللهم أنا نستعينك ونستغفرك ونثني عليك ونخلع ونترك من يضجرك)

دووەمیان: (اللهم إياك نعبد ولك نصلي ونسجد واليك نسعى ونحفد نخشى عذابك ونرجو رحمتك إن عذابك بالكفار ملحق).[16]

---

[16] البيان في تفسير القرآن للخويي، المجلد الاول ص 142 نقلاً عن الناسخ والمنسوخ للبغدادي ص 31




گەر لەم ئایەتانە ورد ببینەوە شتێکی وەها تێیدا نابینین کە مایەی نەسخ کردنی بێت. هەموو ئەو شتانەی لەم دوو سورەتەدا وتراون لەشوێنی دیکەی قورئاندا هەنو دەخوێندرێنەوە. ئیتر هۆی نەسخ بوونەوەی چیە؟؟ ئایا ئەمە بۆ ئەوە نەسخ کراوە کەخوا ویستویەتی لەقەبارەی قورئان کەم بکاتەوەو ڕێگە لەو دووبارە بوونەوەیە بگرێت کە لەسورەتی تردا هەبوو؟ ئەمە دوورە لەگونجاندنەوە چونکە سێ بەشی قورئان دووبارە، یان ڕاستییەکەی ئەوەیە بلێت هۆی سەرەکی بۆ نەبوونی ئەم دوو سورەتە لەقورئاندا دەگەڕێتەوە بۆ محمد یان ئەو کەسانەی قورئانیان کۆ کردۆتەوەو ئەم دوانە بەسەریاندا تێپەڕیوەو لەبیریان چووە بینوسن، بەو بەڵگەیەی کە تا ئێستاش لەهەردوو مەصحەفەکەی (ابن عباس و أبي بن كعب) ماونو لەناو نەچوون. ئەمەش ڕەنگە گرفتێك بۆ زانایانی ئیسلام دروست بکات چونکە خوا دەڵێت:

{إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ}. [17]

(ئێمە خۆمان قورئانمان دابەزاندووەو هەر ئێمەش پارێزگاری لێدەکەین).

هەروەها چەندین ئایەت هەن وەك ئەم دوو سورەتە لەقورئاندا نەسخ بوونەتەوەو نابینرێن. بەڵام حوکمەکانیان ماوە. (ابو عبید) لەڕێی چەند سەنەدێکەوە دەڵێ:

---
[17] الحجر 9




(حميــدة بنــت ابــي يــونس) وتويــەتی: بــاوكم لـەتەمــەنی هەشــتا ســاڵیداو لـەمەصحەفەكەی عائیشەدا ئەم ئایەتەی بۆ خوێندومەتەوە

(إن الله و ملائكته يصلون على النبي يا ايها الذين آمنوا صلوا عليه و سلموا تسليما، و على الذين يصلون الصفوف الاول).[18]

ئەم ئایەتە ئێستا لـەم مەصحەفەدا (قورئان– مەصحەفی عوسمانی كوڕی عـەففان) نەماوە. (المسور بن مخرمة) دەڵـێ: عومـەری كـوڕی خـەتتاب بەعەبـدولڕەحمانی كوڕی عۆفی وتووە: ئەوە ئەو ئایەتە نابینیتەوە كەدەڵێ (جاهدوا كما جاهدتم اول مرة) ئەوە لـەكوێ دەیبینینەوە؟ عەبدولڕەحمانیش پێی دەڵێ وەك ئایەتەكانی دیكـە لابراوە.[19]

بۆی هەیە ئەم وەڵامەی عەبدولڕەحمانی كوڕی عۆف هەندێك تیشك بخاتـە سـەر ئەوەی چی ڕوویدابێت، چونكە ئەو دەڵێت وەك ئایەتەكانی دیكە لابراوە، ناڵێت وەك ئایەتەكانی دیكە نەسخ بووە هەموو نەسخێكیش لـەم دەروازەیـەوە بەنەسـخ دانانرێت بەڵكو بەلابردن كەدەگەڕێتەوە بۆ لـەبیرچوون جگە لـەوەش هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی خوا ئەم ئایەتانە لـەقورئاندا نەسخ بكات و حوكمەكەی بهێڵێتەوە.

[18] الاتقان في علوم القرآن، المجلد الاول، ص 25 نقلاً عن الناسخ والمنسوخ ص 29

[19] الناسخ والمنسوخ، ص 30




(ابو عبیده) ده‌ڵێت: (عائیشه) وتویه‌تی: سوره‌تی (الاحزاب) له‌زه‌مه‌نی پەیامبەردا که‌ده‌خویندرایه‌وه دووسه‌د ئایه‌ت بوو، کاتێك عوسمانی کوڕی عه‌ففان مه‌صحه‌فه‌کانی کۆکرده‌وه‌و نوسییه‌وه ته‌نها ئه‌وه‌ی لێماوه‌ته‌وه که ئێستا هه‌یه.[20]

ته‌به‌رانی له‌(ابن عمر)ه‌وه ده‌ڵێ: دوو پیاو سوره‌تێکیان خوێنده‌وه که پێشتر پەیامبەر بۆی خوێندبوونه‌وه، ئه‌وان به‌رده‌وام ئه‌و دووسوره‌ته‌یان ده‌خوێنده‌وه، شه‌وێکیان نوێژیان ده‌کرد هه‌رچه‌ند هه‌وڵیاندا له‌کاتی نوێژه‌که‌دا سوره‌ته‌که بخوێننه‌وه به‌ڵام نه‌یانتوانی یه‌ك پیتی بڵێن، چوونه‌لای پەیامبەرو ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌یان بۆ باس کرد ئه‌ویش وتی: ئه‌و سوره‌ته نه‌سخ بووه‌ته‌وه‌و له‌بیراکراوه ئێوه‌ش پشتگوێی بخه‌ن.[21]

به‌شی دووهه‌میش که خوێندنه‌وه‌ش‌و حوکمه‌که‌شی نه‌سخه، یاخود بڵێین حوکمی لابراوه‌و ئایه‌ته‌که‌ش له‌قورئاندا نه‌ماوه، ئه‌مه به‌ئاگاداری خودی پەیامبەرکراوه، له‌(عبدالله بن مسعود)ه‌وه ده‌گێڕنه‌وه: پەیامبەری خوا سوره‌تێکی بۆ خویندمه‌وه‌و منیش له‌به‌رمکردو له‌مه‌صحه‌فه‌که‌ی خۆمدا نوسیم. کاتێك

---

[20] ألاتقان في علوم القرآن المجلد الاول ص 25/ نقلاً عن الناسخ والمنسوخ للبغدادي ص 29(مصدر سابق) (واتة 73 ئايةت ماوة. وةرطيَر).

[21] الناسخ والمنسوخ لابن سلامة البغدادي،ص 31 (مصدر سابق)




گەیشتینە شەو لەسەر جێگەی نوستن بیرم لێکردەوە زانیم کە هیچم لەبیر نەماوە، چووم مەصحەفەکەم هێناو کردمەوە تا بزانم چۆنە بینیم پەڕەکە نوسینی لەسەر نەماوە، ئەمەم بۆ پەیامبەر گێڕایەوە ئەویش وتی: ئەی کوڕی مەسعود ئەوە هەردوێنێ هەڵگیرا.[22]

باوەڕکردن بەم ڕیوایەتە گرانە چونکە هیچ لۆژیك نییە خوا ئایەتێك دابەزێنێ‌و دوایش خۆی یان فریشتە بنێرێ تا لەمەصحەفەکەی دەربهێنێن، بەڵام ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سورەت هەبوون‌و ئێستا ون بوون‌و لەگەڵ خۆیاندا حوکمەکەشیان ون بووەو لەوانەیە لەبەر نەخوێندنەوەیان بۆ ماوەیەك لەبیر خەڵکی چووبێتەوە. چونکە زانایانی ئیسلام پێیان وتوین نەسخ لەبەرئەوە ڕووی داوە چونکە وردە وردە ئەحکامەکان گۆڕاون بۆ نموونە وەك حەرامکردنی مەشروب، بەلام ئەم ئایەتانەی باسمان کردن هیچ حوکمێکی تێدا نەبووەو بەنەسخ بوونیشی حوکمی هیچ سورەت‌و ئایەتێکی دیکەی نەگۆڕیوە، ئەی ئیتر بۆچی نەسخ بوو.؟

بەشی سێهەمیش، حوکمی نەسخ بووەو خوێندنەوەی ماوە، ئەم بەشە گەورەترینیانەو زۆرترین ئایەتی ناسراوی نەسخی لەخۆگرتووە، ژمارەی ئەو

[22] الناسخ والمنسوخ لابن سلامة (طبعة 1960) ص 5




سورەتانەی کە لەقورئاندا ماونو هیچ حوکمێکیان لێوەرناگیرێ شەستو سێ سورەتە.[23] بۆ نموونە خوا دەڵێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ }.[24]

(ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە کاتێك ویستان چپەیەك یان قسەیەکی نهێنی لەگەڵ پەیامبەردا بکەن پێش ئەوەی ئەو کارە بکەن خێرێك بکەن چونکە ئەوە چاکترو خاوێنترە بۆتان، خۆ ئەگەر نەتانبوو ئەوە خوا لێخۆشبوو میهرەبانە). کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی خوا داوای لەموسڵمانان کرد گەر ڕاوێژێکی پەیامبەریان کرد، یان چوونە مەجلیسەکەیەوە بەهەر هۆیەك بێت دیارییەکی پێشکەش بکەن، لەوانەیە موسڵمانان حوکمی ئەم ئایەتەیان بەدڵ نەبووبێتو دیارییان بەپەیامبەر نەبەخشیبێت، ئیتر خوا ئایەتەکەی نەسخ کردووەو ئایەتێکی دیکەی لەجێگەی دانا کە دوای هەمان ئایەت لەهەمان سورەتدا دێت

{أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ}.[25]

[23] نفس المصدر، ص 66
[24] المجادلة 12

(ئەوە لەوە دەترسان بەئەنجامگەیاندنی خێرێك پێش ئەوەی بەنهێنی قسەبکەن هەژار دەبن؟ ئێوە کەئەم کارەتان نەکردووە خوالێتان خۆش بووە..هتد).

لەوەوە واتێ دەگەین زۆر بەخێرایی ئەم نەسخە ڕوویدابێت. جا ئایا ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوەی ئەم ئایەتەی دابەزاندووە بیری لەئەنجامەکەی نەکردۆتەوە، وەك یەهودییەکان لەمەککەدا دەیانوت؟؟. یاخود ئەوەتا ئەوەی ئەم ئایەتەی هێناوە مرۆڤ بووەو مرۆڤیش وەك هەر سیاسیەکی ئەمڕۆی ئێمە قابیلی هەڵەیە؟ بڕیار دێنێو گەر میللەت لێی نارازی نەبوو دوای چەند ڕۆژێك ئیلغای دەکەنەوە.

جا لەبەر ئەوەی خوا حوکمی ئایەتەکەی نەسخ کردووە ئیتر سوودی هەبوونی ئەو ئایەتە لەقورئاندا چییە؟ بۆچی بەجارێك هەڵنەگیرا وەك ئەو ئایەتانەی خوێندنەوەیان نەماوەو حوکمیان ماوە؟ بیرۆکەی ئەوەی خوا چەند ئایەتێکی نەسخ کردبێت بەڵام وازی لەوە هێنابێت ئایەکان لەقورئاندا بمێننەوە، هەروەها لابردنی چەند ئایەتێكو مانەوەی حوکمەکەی هەرگیز لەگەڵ لۆژیکدا یەك ناگرێتەوە.!!

[25] المجادلة 13




(ابن سلامة) دەڵێت: دابەزینی ئەو ئایەتانەی مەنسوخن (واتە حوکمیان نەمابێت، وەرگیێرٍ) لەمەککە زۆرن، هەروەها ئەو ئایەتانەی کە ناسخن (واجێی مەنسوخەکانی گرتبێتەوە) لەمەدینەدا زۆرن. زۆرینەی ئایەتە مەنسوخەکان مەککین چونکە پەیامبەر لەو قوناغەدا لاواز بووەو ویستویەتی ئاینی ئیسلام بەکردەوەی جوانو لێبوردەی لەبەرچاوی خەڵکی مەککە خۆسەویست بکات.

سورەتەکانی قورئانیش دەبنە سێ بەشەوە، بەشی یەکەمیان بریتین لەو سورەتانەی کە ناسخیان تێدایەو مەنسوخیان تێدا نییە. ئەم سورەتانەش هەموویان مەدینین جگە لەسورەتی (الاعلی) کەسورەتێکی مەککیە ژمارەی سورەتەکانیش شەشنو ئەمانەی خواردەوەن:

(الفتح، الحشر، المنافقین، التغابن، الطلاق، الاعلی)

بەشی دووهەمیش ئەو سورەتانەن کە مەنسوخیان تێدایەو ناسخیان تێدا نییە, ژمارەیان چل سورەتەو زۆرینەیان مەککین کە یەکەمیان بەسورەتی (الانعام) دەسپێدەکاو بەسورەتی (الکافرون) کۆتایی دێت. بەشی سێهەمیش ئەو سورەتانەن کە مەنسوخیشو ناسخیشیان تێدایەو ژمارەیان بیستو پێنج سورەتە، بەسورەتی (البقرة) دەست پێدەکاو بە(العصر) کۆتایی دێت.[26]

---

[26] الناسخ والمنسوخ، ص 48 (مصدر سابق)




نەسخ هەمیشە دەبێ وابێت کە ئایەتێك ئایەتێکی پێش خۆی ناسخ بکات ئیتر هەر لەو سورەتەدا بێت یان لەسورەتێکی دیکەدا. کەچی ئایەتی (234) لەسورەتی بەقەرە ئایەتێکی دوای خۆی نەسخ کردووە: ئایەتی 234 دەڵێ:

(ئەو پیاوانەی دەمرن‌و ژنەکانیان جێدەهێڵن پێویستە ژنەکان ماوەی چوار مانگ‌و دەشەو چاوەڕێ بکەن‌و شوو نەکەنەوە، هەر کاتێك گەیشتە کۆتایی مانگانەکەیان (عدة) ئەوە گوناهیان لەسەر نییە شوو بکەنەوە....هتد). کەچی ئایەتی (240) دەڵێت: (ئەو پیاوانە دەمرن‌و ژنەکانیان جێدەهێڵن پێویستە لەسەر پیاوان وەسیەت بکەن تاماوەی ساڵێك لەماڵی مێردیاندا بمێننەوەو دەرنەچن....هتد).
ئیتر لۆژیك چۆن لەگەڵ ئەمەدا یەکدەگرێتەوە کە ئایەتێکی مەنسوخ لەدوای ناسخەوە دابەزیبێت بۆچی ئایەتی دووهەمی پێش دابەزاندنی هەر لەبنەڕەتدا هەڵنەوەشاندەوە کە دەیزانی مەنسوخ دەبێ؟؟
باشترین تەفسیری لۆژیکی بۆ ئەم ئایەتە ئەوەیە کە خوا ئایەتی یەکەمیانی دابەزاندووە کە دەڵێ دەبێ چوار مانگ‌و دەڕۆژ چاوەڕێ بن دوایی مەسەلەکە تێکەڵاو بووەو نوسەرەکە ئەوەی لەبیرچووە کە ئەم ئایەتەی نوسیوە هاتوو ئایەتی دووهەمی نووسی کەدەڵێ: پێویستە ژنەکان بۆ ماوەی ساڵێك دانیشن.!! ئەمەش




نەریتی عەرەب بووە پێش ئەوەی ئیسلام دەرکەوێت، کاتێکیش ئایەتی یەکەم لەو ئایەتەوە نزیکە کە دەڵێت مانگانەی ژن (عدة) سێ مانگە، وتویانە ئایەتی یەکەم ئەوی دیکەی نەسخ کردۆتەوە، ئەمەش پێچەوانەی لۆژیکە. ڕەنگە کەسێك تێبگات کە خوا ئایەت بەئایەت نەسخ بکات ئەمەش ئاسایی بێت بەڵام گەر فەرموودەی پەیامبەر ئایەتێك نەسخ بکات ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە..!! بەتایبەتی کەقورئان پێمان دەڵێ:

الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ[27]

(ئەمە کتێبێکە بەڵگەو یاساکانی بەشێوەیەکی ڕاستو دروست پێکەوە دانراون، دواتریش درێژەیان پێدراوەو شی کردنەوەی زیاتریان بۆ کراوەو ئەم کارەش لەلایەن یەکێکەوە کراوە کە بەڕاستی بەتواناو شارەزایە).

هەروەها {سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ □□}.

ئەمە سورەتێکە ئێمە دامانبەزاندووەو تێدا شتمان فەرزکردوەو بەڵگەو فەرمانی ئاشکرامان تێدا نوسیوە تابیرتان بکەوێتەوەو داوەری پێبکەن).

---

27 هود 1

28 النور 1

ئەوەتا خوا دەڵێت ئەم سورەتەی دابەزاندووەو بەسەر خەڵكیدا فەرزی كردووە، یەكێك لەو شتانەی كەلەو سورەتەدا بەسەر خەڵكیدا فەرزی كردووە جەڵدی زیناكەرە:

{الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ}.[29]

زیناكەری مێو نێر هەریەك لەوان یەكی سەد جەڵدیان لێبدەن..تاد.

لەناو قورئاندا هیچ ئایەتێك نابینین كە ئەم ئایەتەی نەسخ كردبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیامبەر لەجیاتی جەڵد ڕەجمی ژنێكی زیناكەری كرد بەم شێوەیە سوننەتەكەی پەیامبەر ئایەتی خوای نەسخ كردوو لەقورئان بەرزتر بووە. ئەوەی زانراوە ئەوەیە كە یەكەم جار قورئان دێت ئینجا سوننەت بەدوایدا دێت دوای ئەو دوانەش ئینجا كردارو گوفتاری صەحابەكان دێت. بەڵام (هبةالله بن سلامة البغدادی) دەڵێ: هەندێك سوننەتی پەیامبەر هەندێك ئایەتی قورئانی لەكار خستووە[30] جائەگەر خوا وتبێتی {إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ}.[31]

---

[29] النور 2

[30] الناسخ والمنسوخ ص 26 (مصدر سابق)




ئیتر چۆن دەبێت حەدیسێك پەیامبەر وتبێتی هێزەكەی لەسەروی هێزی خواوەیە كەوتویەتی قورئان وەك ئەوەی دابەزیوەو هەیە دەیپارێزێ!؟

ئەگەر بۆ نەسخ كردنی هۆكاری زانراو هەبن كەشەرعێكی نوێ لەبری شەرعێكی كۆن دادەنرێ لەبەر ئەوەی سودی بۆ موسڵمانان هەیەو ئێمە ئەو هۆكارانەمان بزانیبا ئەوە تێگەیشتنمان بۆ زەرورەتی نەسخ دەبوو، بەڵام گەر بێتو هۆكارەكان سیاسی بن نەك سودگەیاندن بەموسڵمانان ئەو كاتە بۆ قبوڵكردن زەحمەتتر دەبێت.!! بۆ نموونە كاتێك محمد لەمەككەدا بووەو هەوڵیداوە مەیلی یەهودییەكان بۆ لای ئایینە تازەكەی خۆی ڕاكێشێو (بیت المقدس)ی كردە قیبلەی خۆیو یەهودو چیرۆكەكانی یەهودییەتی كردبێتە بابەتی سەرەكی زۆرینەی سورەتەكانی قورئان كە لەمەككەدا دادەبەزین، هەروەها ڕووبەڕووی (بیت المقدس) بۆ ماوەی سیانزەساڵ لەمەككەو دوای كۆچەكەشی بۆ مەدینە بەردەوام نوێژی ئەكرد بەو هیوایەی یەهودییەكان بەلای خۆیدا ڕاكێشێ، بەڵام لەدوای كۆچەكەی بەتێپەڕبوونی حەڤدە مانگو سەرنەكەوتنی لەڕاكێشانی مەیلی یەهود بەلای خۆیدا دەبینین محمد قیبلەكەی خۆی گۆڕیەوە بۆ مەككە كە هەرگیز نوێژی تێدا نەكردووە تەنانەت ئەو ساڵانەشی كە تێیدا

---

[31] الحجر 9




ژیاوه. کاتێکیش خەڵکی پرسیاریان کرد ئەم گۆڕانکارییه لـەپای چـی کەسـوود بەمەبەسـتێك ناگەیـەنێت، وەڵامەکـەی لەسـورەتی بەقـەرەدا ئایـەتی (142)دا دەدرێتەوە:

{سَيَقُولُ السُّفَهَاء مِنَ النَّاسِ مَا وَلاَّهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَا قُل لِّلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ}

(خەڵکە گەوجو کەودەنـەکان دەڵـێن چـی وایلێکـردن پـشت بکەنـە ڕووگـە (قبلة)ی پێشوتان؟ (ئەی محمد) پێیـان بلـێ ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوایـە بـۆ خوایـەو یستو ئـارەزووی لەهـەر کەسێك هـەبێت بـەرەو ڕێبـازی ڕاسـت ڕێنمـوویی دەکات).

ئەم وەڵامە پرسیارەکە بەبێ وەڵام دەهێڵێتـەوە, ئێمـە دەزانـین کـە ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوا هی خوایەو قودسیش لەلایەنەکانیەوە دەرناچێت، ئـەی گۆڕانەکـە بـۆ؟؟ ئەگەر ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا هی خوایەو گرنگ نییە ڕوو لەهەر کوێیەك بکەی بۆ نوێژ بۆچی بەبەردەوامی ڕوو لـەقودس نوێـژی نـەکرد؟؟ تەنانـەت ئـەم ئایەتـەش نەسخ بوەتەوە بەئایەتێکی دی فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ.[32]

[32] البقرة 149




ئەو پرسیارەی ئێمە دەیکەین وەڵامی دووهەمیمان لەئایەتی 143ی هەمان سورەت دەداتەوە لەوەڵامی یەکەمی قایلکەرتر نەبوو وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ.[33]

ئەو ڕووگەیەش ڕووت تێکرد بوو گۆڕانکاریمان بەسەرهێنا تەنها بۆ ئەوەبوو بزانین‌و بۆمان دەرکەوێت کێ شوێنکەوتی پەیامبەر دەبێت‌و کێش پاشەو پاش هەڵدەگەڕێتەوە).

ئەم وەڵامەش قایلکەر نییە چونکە کاتێك خوا بۆ ماوەی پانزە ساڵ فەرمانی بەمحمد کرد بەڕووی قودسدا نوێژ بکات ئایا بۆ ئەوە بوو بزانێت کێ شوێنکەوتەی پەیامبەر دەبێ‌و کێش لێی هەڵدەگەڕێتەوە؟؟ کاتێك کەڕووگەیان قودس بوو هیچ موسڵمانێك هەڵنەگەڕایەوەو هەموو موسڵمانانیش ڕوولەوێ نوێژیان کردوو هەڵنەگەڕانەوە. دواجار خوا بۆ خۆی لەپێش دروستکردنی هەرکەسێك دەزانێ چی دەکات ئیتر چۆن بەگۆڕینی ڕووگەیەك لەقودسەوە بۆ مەککە تاقیاندەکاتەوە؟؟

دواتر وەڵامی سێهەم لەئایەتی (144 البقرە)دا هات:

---

[33] البقرة 143




قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوِهَكُمْ شَطْرَهُ

(ئێمە چاوگێڕانو دەموچاوی تۆ بۆ ئاسمان دەبینین، پەیمان بێت ڕووت لەقیبلە وەرگێڕین بۆ ئەو شوێنەی کە تۆ پێی ڕازیت، دەرووت وەرگێڕە بۆ لای (مسجدالحرام) کەعبە، ئێوەش ئەی باوەڕداران لەهەرکوێیەکن بەرەو ئەوێ ڕووتان وەرگێڕن).

کەواتە ڕوودانی گۆڕینی قیبلە بۆ ئەوە بوو کە محمد قیبلەی یەکەمجاری بەدڵ نەبوو کە پانزەساڵ ڕوولەوێ نوێژی کرد، جا بۆچی زووتر بەخوای نەوت کە بەو قیبلەیە قایل نییە؟ ئەی بۆچی خوا ڕاینەگەیاند کە پەیامبەرەکەی بەو قیبلەیە ڕازی نییە؟

جا کاتێکیش یەهودییەکان بەردەوام گاڵتەیان بەم ڕوو وەرچەرخانە کرد بەئایەتی (145)ی هەمان سورەت وەڵامی دانەوە

وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَّا تَبِعُواْ قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ.

(گەر بچینە لای ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە (یەهودیەکانو مەسیحیەکان)و هەر بەڵگەیەکت پێ بێت شوێنکەوتەت نابنو ڕووناکەنە قیبلەکەی تۆ، تۆ




شوێنکەوتەی قیبلەی ئەوان نیت‌و هەندێکیش لەوان شوێنکەوتەی قیبلەی یەکتر نابن..). کەواتە بۆیە محمد ڕوولەقودس نوێژی دەکرد تامەیلی یەهودییەکان بۆلای ئایینەکەی خۆی ڕاکێشێ بەلاّم خوا پێی ڕاگەیاند کە ئەگەر هەموو موعجیزەکانیشیان بۆ بهێنێ شوێنکەوتەی نابن. واقعحالّیش ئەوەیە کە قودس قیبلەی یەهودی‌و مەسیحیە، هەروەها بۆ ماوەیەکی درێژیش (هەندێك نەبێت کەس شوێنکەوتەی قیبلەی کەسی دیکە نابێت) ڕاست نییە. لەڕووی ماناشەوە لەسورەتی (الکافرون) دەکات کە لەسەرەتای دەستپێکردنی وەحیدا دابەزیوە ئەی محمد تۆ بلّێ: ئەی کافرەکان من ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن، ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من دەیپەرستم، ئەوەش ناپەرستم کە ئێوە پەرستوتانە....هتد). کاتێك لەڕاکێشانی مەیلی یەهودییەکان بۆ لای خۆی ڕەش بین بوو هەولّیدا قورەیشییەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ بۆ ئەمەش دەچوو لەمەجلیسەکانیاندا دادەنیشت‌و قورئانی بۆ دەخوێندنەوە. لەیەکێك لەو دانیشتنانەدا سورەتی (النجم)ی دەخوێندنەوە. لەیەکێك ئایەتی(19) وتی:

(أفرأیتم اللات والعزى، ومناة الثالثة الاخرى، تلك الغرانیق العلى، وان شفاعتهن لترجى)




(ئێستا ئەمانە لەقورئاندا نین– وەرگێڕ) زۆر لەقورەشییەکان دڵخوش بوونو وتیان (محمد دانیناوە بەخواکانیانداو هیچ شتێکی وەهای تێدا نییە گەر بچینە ناو ئایینەکەیەوە). بەڵام دواتر محمد بەهەڵەکەی خۆی زانیو ئەم چەند دانەیەی لەسورەتەکەدا نەسخ کردو وتی: (ئەوە شەیتان خستیە دڵمەوە).

هەر بۆیە ئەم چەندا دانەیە ناونراوەبە (ئایەتە شەیتانیەکان– الآيات الشيطانية) کاتێکیش کە پەیامبەر بەم کارەی خەفەت زۆری بۆ هێنا خوا ئایەتی (52)ی سورەتی (الحج)ی بۆ دابەزاند:

{وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ}

ئەی محمد پێش تۆ هیچ پەیامبەرێکمان نەناردووە کە هیوای نەخواستبێت، بەڵام کاتێك ئاواتی خواستووە شەیتان شتی خۆی تێکەڵ بەئایەتەکانی دەکات، ئینجا خوا فریای کەوتووەو ئەوەی شەیتان فڕێی داوەتە دڵییەوە دەیسڕیتەوەو ئەوەی خۆی دەچەسپێنێت.)

کەواتە شەیتان بۆی هەیە دەخالەتی لەو وەحیانە کردبێت کە خوا بۆ پەیامبەرەکانی پێش محمد ناردبوونی، بەڵام خوا ئەوانەی شەیتانی نەسخ کردۆتەوە. بۆچی خوا بەو شێوە زۆرە لەسەر کاری شەیتان ئارام دەگرێ؟ بۆچی




خوا ڕێگایەکی تۆکمەتری نەدۆزییەوە تاوەحییەکانی پێبباتو ئەویش ناچار نەبێت ئەوانەی شەیتان نەسخ بکاتەوە؟

پێشتر زانیمان کە خوا نەیزەك دەنێرێ تا شەیتانەکانی پێ بسوتێنێو ڕێگریان لێبکات کەگوێهەڵنەخەن وە شت لەفریشتەکان ببیستن، ئایا بۆ خوا ئاسانتر نەبوو ڕێگایەکی هاوشێوەی بۆ پارێزگاریکردنی وەحییەکانی بدۆزیبایەتەوە؟ خوا لەئایەتی ناوبراودا دەڵێ: (ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ) (دوایی خوا یاساو داوەرییەکانی خۆی دەچەسپێنێت) واتە لەدوای نەسخکردنی ئەوانەی شەیتان خستونیەتە ناو ئایەتەکەوە. ئایا ئەوە باشتر نەبوو پێش ئەوەی ئایەتەکان دابەزێنێت بیچەسپاندنایە تا شەیتان زەفەریان پێنەبات؟ ئەوە دەزانین گەر خوا شتێکی ویست دەڵێ: (کن، فیکون، ببە، ئەبێت) ئەی بۆ بەشەیتانی نەوت (قف، بوەستە, لاتعبث بآیاتنا, گاڵتەو سوکایەتی بەئایەتەکانمان مەکە) یان هەرشتێکی دیکەی لەوبارەیەوە پێ بلێ، بەتایبەتی کەشەیتان توانیوێتی وەحی هەموو پەیامبەران پێش محمد بگۆڕێ. پێشتر بینیمان ئەو کاتەی خوا پێش ئەوەی محمد بنێرێ قسەی لەگەڵ مەلائیکەتەکاندا دەکرد شەیتانەکان گوێیان دەگرت, بەڵام دوای ئەوەی محمدی نارد ئیتر ئاسمانی بەنیازەك پاراست بۆ ئەوەی شەیتانەکان گوێنەگرن.


خوداکان
www.xwdakan.com
xwdakan@gmail.com
تێروانینێکی زانستیانە لە ئایین و خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئیسلام
خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام. ن: د.كامل النجار. و: مەریوان هەڵەبجەیی . پ: مەحمود موحەممەد عوسمان




# به‌شی حه‌وته‌م

## ئافره‌ت
## له‌ئیسلامدا

زانایانی ئیسلام پێمان ده‌ڵێن ئافره‌ت له‌جاهلیدا چه‌وساوه بووه‌و به‌شه‌میراتی نه‌بووه به‌ڵكوو خۆی وه‌ك به‌شه‌میراتێك له‌مێرده‌كه‌ی جێماوه‌و كوڕه گه‌وره‌كه‌ی به‌میرات ده‌یبرد، هه‌روه‌ها وه‌ك منداڵیش زینده‌به‌چاڵ ده‌كرا. به‌ڵام وه‌ك له‌به‌شه‌كانی پێشوودا بینیمان ئافره‌ت له‌جاهلیدا ده‌یتوانی مێرده‌كه‌ی خۆی ته‌ڵاق بدات‌و هه‌ندێكیش له‌ئافره‌تان له‌مێرده‌كانیانه‌وه میراتیان بۆماوه‌ته‌وه (عامر بن جشم بن غنم بن حبیب بن كعب یشكر) كه‌به(ذو المجاسد) ده‌ناسرا پێش ئه‌وه‌ی ئیسلام باسی میراتی ئافره‌ت بكات یه‌كه‌م كه‌س بووه باسی له‌میراتی ئافره‌ت كردووه‌و له‌دوو به‌ش به‌شێكی بۆ داناوه (للذكر مثل حظ الانثین). مه‌سه‌له‌ی زینده‌به‌چاڵكردنی كچانیش له‌ناو هه‌موو هۆزێكی عه‌ره‌بدا به‌ربڵاو نه‌بووه ته‌نانه‌ت له‌ناو چه‌ند هۆزێكی ناوداریشدا نه‌بووه، ئه‌گه‌ر..نا ئه‌وا ئه‌و هۆزانه تووشی تیاچوون ده‌بوون..!! ئه‌گه‌ر زینده‌به‌چاڵكردنی كچ كارێكی




بەربلاۆ بوایە ئەوا پێش دەركەوتنی ئیسلام بەماوەیەكی زۆر كونتریش بۆی هەبوو هەموو عەرەب لەناو بچوایە

لەوانەیە هەندێك پیاو هەبووبن لەهەژاری‌و ترسی برسێتی كچەكانی خۆیان كوشتبێت بەم هۆیەوە كوشتن تەنها كچانی نەگرتبووەوە بەڵكو كوڕانیشی گرتبووەوە وەك لەقورئاندا هاتووە

{وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءًا كَبِيرًا}.[1]

(لەترسی هەژاری كوڕەكانتان مەكوژن، ئێمە ژیانەڵایان..تاد) كوشتنی كوڕان‌و كچان هەندێك پیاو لەترسی هەژاری‌و برسێتی پیادەیان دەكرد. وەك پێشتر بینیمان یەكێك لەحەنەفیەكان بەناوی (زید بن عمرو بن نفیل بن عبدالعزی) قورەیشی هەرپیاوێك بیویستایە كچەكەی زیندەبەچاڵ بكردایە پێی دەگوت (مەیكوژە من بژێوی دابین دەكەم). ئیتر باوكەكەش كچەكەی خۆی دەدایە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كەزیندەبەچاڵكردن بەهۆی برسێتی‌و هەژارییەوە

[1] الاسراء 31




بووە نەك بۆ ئەوەی كەبەرامبەر بەكچان نارەحەت بووبن. ئەگەر بەرامبەر كچان نارەحەت بونایە ناوی خواكانیان بەناوی كچەوە نەدەنا (اللات, العزة، مناة).

هەروەها كتێبەكانی ژیاننامە دەڵێن كەجاهلییەكان دە ژن یان زیاتریان هەبوو تا ئیسلام هاتو كردیە چوار ژن. جا ئەگەر ئەمە راست بێت كەكچەكانیان زیندە بەچاڵ دەكرد ئیتر ئەو هەموو ژنانەیان لەكوێ دەهێنا تا پیاوێكیان بتوانێ دە ژن بهێنێت؟

لۆژیك پێمان دەڵێت ئەگەر كچەكانیان زیندە بەچاڵ بكردایە ئەوا ژمارەی پیاوان زۆر لەژمارەی ژنان زیاتر دەبوو، بەم شێوەیەش دەبوو یەك ژن چەند پیاوێكی بەنسیب بوایە.. جا لەبەر ئەوەی ژمارەی ژنان ژمارەیەكی زۆر بووە بۆیە پیاوان توانیویانە دە ژنو زیاتریش بهێنیت. كەواتە زیندەبەچاڵ كردنی كچان گەر رووی بدایە لەبەر برسێتیو هەژاریو گیرفان بەتاڵی بووەو لەو چوارچێوەیەدا پەنگی خواردبووەوە.

خودی قورئانیش بەشێوەیەكی میهرەبانانە مامەڵەی لەگەڵ ژناندا نەكردووە، بەو بەڵگەی چەندین ئایەت هەن ئەوە دەردەخەن خۆی لەوە پاراستووە كەخودی خۆی (خوا) كچی هەبێو عەربەكانیش كوڕ، لەبەر ئەوە چەندین ئایەت




لەقورئاندا دەبینین پرسیار لەجاهلییەکان دەکات کەئایا خوا بۆ عەربەکان کوڕو بۆ خۆی کچی هەڵبژاردووە؟؟ سورەتی (الاسراء-40) دەڵێت:

أَفَأَصْفَاكُمْ رَبُّكُم بِالْبَنِينَ وَاتَّخَذَ مِنَ الْمَلآئِكَةِ إِنَاثًا إِنَّكُمْ لَتَقُولُونَ قَوْلاً عَظِيمًا.

ئێوە بەراستو ڕەوای دەزانن کەخوا ئێوەی هەڵبژاردبێت کوڕتان بداتێ و فریشتەکانی خۆشی بکاتە کچ بەراستی ئێوە قسەیەکی پڕ لەگوناهی گەورە دەکەن.

ئەوەتا خوا بەجاهیلەکان دەڵێت کەگوناهی گەورە دەکەن فریشتەکان بەکچ بزانن، وەك بڵێی زۆر شورەیی بێت کەفریشتە کچ بێت. لەکاتێکدا کەمەسیحییەکان باوەڕیان وایە فریشتەکان ژنن و ناویانناون (fairies) لەشێوی کچی جواندا وێنەیان دەکەن.

وَيَجْعَلُونَ لِلّهِ الْبَنَاتِ سُبْحَانَهُ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ.[2]

(کافرەکان کچان دەدەنە پاڵ خوا گوایە فریشتەکانی خوا کچن، پاكو بێگەردی هەر بۆ خوایە لەکاتێکدا خۆیان حەزیان لەچی بێت بۆخۆیانی دادەنێن).

---
[2] النحل 57




جارێکی دیکە دەبینین خوا پاکو بێگەردی لەخۆی دەنێو دەڵێ چۆن دەبێت کچان بدەنە پاڵ فریشتەکانی خواو کوڕانیش بۆ جاهلیەکان؟!

{أَمْ لَهُ الْبَنَاتُ وَلَكُمُ الْبَنُونَ}.[3]

(ئەوە راستە کچان بۆخوا بن‌و کوڕانیش بۆ ئێوە؟)

هەروەها لەسورەتی(النجم21-22)

أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَى, تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى.

(ئایا رەوایە کوڕان بۆ خۆتان‌و کچان بۆ خوا بەچاك بزانن؟ ئەو کارەتان دابەشکردنێکی لەسنوور ترازانە).

ئەوەتا خوا قایل نییە فریشتەکانی کچ بن‌و عەرەبەکانیش کوڕ بۆ خۆیان ببەن چونکە ئەمە سنوور ترازاندنە، یاخود نادادپەروەرییە. لەهەمان کاتدا دەڵێت:

{إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ الْمَلَائِكَةَ تَسْمِيَةَ الْأُنثَى}.[4]

(ئەوانەی باوەڕیان بەرۆژی دوایی نییە فریشتەکان ناوەزەد دەکەن بەمێ)

بەم کارەی جاهلیەکانیش رازی نییە.

---

[3] الطور 39

[4] النجم 27




لەسورەتی (الصافات-149) خوا داوا لەپەیامبەرەکەی دەکات ڕاپرسی هۆزەکەی بکات

فَاسْتَفْتِهِمْ أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ وَلَهُمُ الْبَنُونَ.

(ئەی پەیامبەر ڕاپرسییان پێبکە ئایا ڕاستە کچان شایستەی پەروەردگار بن‌و کوڕان شایستەی خۆیان بن)؟

هەروەها لەسورەتی(الزخرف-16)

{أَمِ اتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَاكُم بِالْبَنِينَ}

(ئایا ڕەوایە لەوەی کەخۆی دروستی دەکات کچان بۆ خۆی بباو کوڕانیش بۆ ئێوە هەڵبژێرێت؟)

هەروەها دەڵێ:

وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ} .[5]

(فریشتەکان بەکچی خوا دەزانن، ئایا ئەوان ئامادەی دروستکردنیان بوون؟ لەدوا ڕۆژدا لەسەر ئەم بۆ چوونەیان پرسیاریان لێدەکرێت).

---

[5] الزخرف 19




لە کوێی ئەم ئایەتانە دەردەکەوێ کەخوا رازی نییە کچ بدەنە پاڵیو کوڕ بۆخۆیان هەڵبژێرن. ئەمەش ئەوە بەگوێی بیسەر دەدا کە کچ لەپلەو پایەی کوڕ کەمترە.

لە دوای ئەوەی کەخوا دەڵێ عەربەکان فریشتەکان بەکچ دەزانن‌و لەسەر ئەمەش لەدوارۆژدا پرسیاریان لێدەکرێت کەچی لەسورەتی(الصافات1-3) خودی خۆی (خوا) فریشتەکان بە(مێ) دادەنێ‌و سوێندیان پێدەخوات

وَالصَّافَّاتِ صَفًّا, فَالزَّاجِرَاتِ زَجْرًا, فَالتَّالِيَاتِ ذِكْرًا.

(سوێند بەفریشتە ریزبووەکان، بەو فریشتانەش کەبەسەر ستەمکارەکاندا دەخوڕن، بەوانەش کەپەیام دەگەیننە پەیامبەران).

سەرباری ئەوەی کە(ملائكة) کۆی تەکسیرەو دەبێت بە(المؤنث) ئاماژەی بۆ بکرێ، وەك وشەی (الطير) ئاماژەیە بۆ نێرو بۆ (مێ)ش، کەچی قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا وتویەتی (والصافات سوێندە, (و)اوەکە لەشوێنی (ی)اکەیە, مانای وایە بەخوای صافات, زاجیراتیش عەتفە لەسەری, (وهن الملائكە) ئەوانەیش فریشتەن, بەقسەی ابن عباس‌و ابن مسعودو عکرمەو سعید بن جبیرو مجاهدو قتادە, وەسفی فریشتەکان لەئاسمان دەکات‌و ریزکردنی




خەڵقراوەکانیش لەدونیادا بۆ نوێژکردن, هەروەها وتراوە ریزبەندی باڵەکانێتی لەئاسمان هەتا خوا ئەمری پێدەکات کەچی ئەویێ)

کەوابوو قورتوبی بە(مێ) ئاماژەیان بۆ دەکاو دەڵێ (هن). دیارە ئەم وشەیەش ئاماژەی بۆ مێیە نەك نێر. ئەمەش نموونەیەکی دیکەی دژ بەیەکەکانی قورئانیشە.

ئەم بەسووك زانینەی ئافرەتان رێبازێکە کەقورئان لەسەری رۆشتووە. کاتێك کەپەیامبەر لەمەککەدا بووەو دوای هاتنی پەیامەکەی بۆ ماوەی سیانزە ساڵ تێیدا مایەوە حیجابی بەسەر ژناندا فەرز نەکرد، بەڵام تەنیا بەوەی لەمەدینەدا کاری بۆ گونجاو شەرعی دانا یەکسەر حیجابی لەسەر ژنان فەرز کردو فەرمانی پێکردن بۆ تەوالێت نەبێت لەماڵەکانیان نەچنە دەرەوە، چونکە لەو کاتەدا خانووەکان توالێتیان تێدا نەبووەو بۆ ئەم کارە لەماڵەکانیان دوور دەکەوتنەوە.

وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ




الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ.[6]

بەژنانی ئیمانداران بلێ: چاویان لەتەماشاكردنی نامەحرەم بپارێزن, عەورەتیان بپارێزنو جگە لەوەی كەدیارە جوانیو جەماڵەتیان دەرنەخەن, باسەرپۆشەكانیان بدەن بەسەر سینەیاندا (جیب–جیوب.. سەروی نێوان درزی هەردوو مەمك), جوانیو جەماڵەتیان بۆ ئەمانە نەبێت بۆ كەسی دیكەی دەرنەخەن: مێردەكانیان, باوانیان, باوكی مێردیان, كوڕەكانیان, كوڕی مێردەكانیان, براكانیان, كوڕی براكانیان, كوڕانی خوشكیان, ژنە خزمەتكارەكانیان, كۆیلەو كەنیزەكەكانیان, ئەوانەیش كەپێویستییان بەژن نییە (وەك پیاوی بەتەمەنو نەخۆش), ئەو منداڵانەی كەبۆ عەورەتی ژنان ناڕوانن, با (پێ)كانیان نەكێشن بەزەویدا تا دەنگی پاوانەو خشڵەكانیان نەیەتو بیشارنەوە..و

كەواتە ژن بۆكارێكی زۆر پێویست نەبێت نابێ لەماڵ بچێتە دەرەوە، لەكاتی چوونە دەرەوەشدا پێویستە هەموو گیانیو سەری داپۆشێ بەشێوەیەك تەنها

[6] النور 31




دەستو دەموچاوی ببینرێت، هەروەها پێویستە هۆكاری ڕازاندنەوە نەپۆشیۆ بۆنو بەرامی خوش لەخۆی نەدا تا پیاوان هەڵتەی سێكسیان لێنەكەن.

لەحەدیسێكدا كە(ابوداود و النسائی) دەیگێڕنەوە دەڵێن: (هەموو شوێنێكی ئافرەت كونەو زینایە، گەر ئافرەتێك خۆی بۆندار كردو بەلای مەجلیسێكدا تێپەڕی ئەوە زینای كردووە).

ئافرەتی موسڵمان تەنانەت لەبەردەم ژنانی ناموسڵمانیشدا نابیٚ لەش خۆی دەرخات نەكا ئەو ژنە ناموسڵمانانە باسی لەشی ژنە موسڵمانەكە بۆ پیاوەكانیان بكەنو پیاوانیان هەڵتە (تەماحی سێكسی) لەژنە موسڵمانەكان بكەن.

خەلیفە عومەر نووسراوێكی بۆ (ابی عبیدە بن الجراح) نووسی (هەواڵێكم بۆ هاتووە كەژنە موسڵمانەكان لەگەڵ ژنە موشریكەكاندا دەچنە یەك گەرماوەوە, ئەو كارە لەكۆندا دەكرا، بۆ هیچ ژنێك نییە كەبڕوای بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێت سەیری عەورەتی بكریٚ تەنها بۆ كەسانی خۆی نەبێت). ئەوەتا ئەمیری بڕواداران لەوە دڵنیامان دەكاتەوە كەژنانی موسڵمان نابیٚ قاچو باڵی خۆیان لەبەردەم ژنانی ناموسڵمان دەربخەن. لەسەر ئەم حوكمەش نابێت ملیۆنەها ژنی موسڵمان، ئەوانەی لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا دەژین بچنە ناو ئەو گەرماوو مەلەوانگانەی كەتەنها بۆ ژنان دیاریكراون هەر دەبیٚ لەرۆژێكی دیاری كراودا

بشچنە ناوی، چونکە ژنانی ناموسڵمان نابێ تەماشای لەشی ژنە موسڵمانەکان بکات. لەوانەیە هەر ئەم هۆیەش بێت کەپەیامبەر وتوویەتی (کوڕەکانتان فێری مەلەو ئەسپسواریو تیرهاویشتن بکەن) چونکە گرنگ نییە کچ خۆی فێری مەلە کردن بکاتو لەکاتی نوقمبوونی کەشتیەکەدا خۆی دەرباز بکات، ژیانی ژن بەو شێوەیە لەلای ئیسلام ئەوەندە گرنگ نییە.

ئیسلام تەنها بەداپۆشینی هەموو لەشی ئافرەتەوە نەوەستاوە بەڵکو کۆتو بەندی لەدەنگی قسەکردنەکەشی داناوەو دەنگی ئافرەتی بەعەورەت زانیوەو پێویستە لەسەری لەکاتی قسەکردندا دەنگی هەڵنەبڕێت. لەراستیدا ئیسلام هەموو شوێنێکی ژنی بەعەورەت داناوە. کاتێ ئایەتی 22ی سورەتی (الاحزاب) دابەزی

{يَا نِسَاء النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ النِّسَاء إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا}

هەروەها ئایەتی 33

{وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا}




موسڵمانان بەم دوو ئایەتەو ئایەتەکانی دیکە دوای ئەمە واتێدەگەیشتن کەپەیامبەر وتوویەتی هەموو شوێنێکی ئافرەت عەورەتە. لەچەن سەنەدێکەوە عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە کەپەیامبەر وتوویەتی (ئافرەت عەورەتە گەر لەماڵ بچێتە دەرەوە شەیتان سەرپەرەشتی دەکات, ئەو کاتە خوای لێ نزیك دەبێتەوە کەلەناوەوەی ماڵی خۆی دابێت).

ئیسلام فەرمانی بەژنانی پەیامبەرو دواتر بەژنانی موسڵمانان کردووە وەك ژنانی جاهیلی بەزینەت‌و جوانی خۆیان دەرنەخەن. موجاهیدە لەشیکردنەوەی (التبرج)دا دەڵێ (لەسەردەمی جاهلیدا ئافرەت لەنێوان پیاوەکانەوە دەڕۆی بەڕێوە، ئەمەیە تەبەڕوجی جاهیلی) هەندێکیش دەڵێن گەر ئافرەتێك بەناوەڕاستی ڕێگەدا بڕوات ئەگەر حیجابیشی پۆشیبێت بەتەبەڕوج دادەنرێت، لەبەر ئەوەی پێویستە ئافرەت لەنزیکی دیوارەوە بڕوات بەشێوەیەك جلەکانی لەدیوارەکە بخشێت.

ئیسلام هیچ شەرم لەوە ناکات کەبڵێ خوا فەزڵی پیاویی بەسەر ژندا داوە، لەبەر ئەوەی خوا لەچەندین ئایەتدا سەرزەنشتی ئەو جاهیلانە دەکات کەدەڵێن کچەکان بۆ خواو کوڕەکان بۆ خۆیان. ئەوەتا سورەتی(النساء-34) پێمان دەڵێت:

{الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا}

(پیاوان بەسەر ژنانیانەوە سەرپەرشتیارو بالآترن ئەمەش بەهۆی ریزو فەزلی خواوە كەداوییەتی بەهەندێك بەسەر هەندێكی دیكەداو هەروەها لەبەر ئەوەی پیاوان ماڵو سامانیان بەسەریاندا خەرج دەكەن...تاد).

ئەوەتا پیاو سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەری ژنە چونكە خوا فەزلی پیاوانی بەسەر ژناندا داوەو پیاو پارەكانی لەژندا خەرج دەكات. جا ئەگەر بەهۆی ئەوەی كەسێك پارەو سامانی بەسەر كەسێكی دیكەدا خەرج كرد تا لەو بالآتربێو ببێتە سەرداری ئەوو خوا فەزلی بداتێ ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمڕۆكە ملیۆنەها ژنە كرێكار هەنو پارەو سامان بەسەر مێردو منداڵەكانیاندا خەرج دەكەن, كەواتە پێویستە لەم كاتەدا (النِّسَاءُ قَوَّامات عَلَى الرِّجَالُ) ژنان سەرپەرشتیارو سەردارو بەڕێوەبەری پیاوان بن، بەڵام ئەمەیان لەئیسلامدا راست نییەو هەرپیاو سەردارو بەڕێوەبەرە.




جا لەبەر ئەوەی پیاو سەرداری ژنە ڕێگری دەکەن لەژن کەببێتە شاهید بەسەر کێشەیەکی کوشتنەوە یان هەر کێشەیەکی دی کەببێتە مایەی کوشتن. هەروەها حەرامکراوە لەسەری کەببێتە دادوەری دادگاکان سەرباری ئەوەی هەموو قورئانیشی لەبەربێتو لەفیقهیشدا لەپیاو بەتواناتر بێت!! ناشبێت پێشنوێژی بۆ پیاو بکات یان ببێتە سەرۆك دەوڵەت.

مێژوو باسی ئەوەمان بۆ دەکات پێش دەرکەوتنی ئیسلام ژنان حوکمی دەوڵەتیان کردووە، کاتێك (عمرو بن ظرب) پاشای (العماليق) کوژرا کچەکەی (الزباء) بووە جێنشینیو کۆشکێکی لەسەر کەنارەکانی دیجلە بۆ خوشکەکەی دروست کرد.[7] چەندین دەوڵەتیش لەسەردەمی نوێدا ژن سەرۆکارییان دەکات بەهەموو لێهاتوویی‌و سەرکەوتنیشەوە بۆ نموونە (ئەندیرا گاندی) لەهیندو (مارگرێت ستاتشەر) لەئینگلتراو تا ئێستاش لەنیوزلەند سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ژنە.[8]

---

7 تاريخ الطبري، المجلد الاول ص 364

8 لەمێژووی کۆنی عێراقی کوردستانی باشووردا یەکەم ژنێك بوو بێتە کاربەدەستی کاروباری دەوڵەتی ڕێکخراو دەست (عادیلە خانم) بوو کەلەساڵی 1920دا بۆ ماوەیەك قائیمقامی شاری هەڵەبجە نزیك بەشاری سلێمانی بووە.




شاهیدی ئافرەتی موسڵمان، وەك دەزانین، نیوەی شاهیدی پیاوە چونكە ئیسلام ژن بەناقس ئەقڵو دین دادەنێ. جا لەبەر ئەوەی كەم ئەقڵە كەواتە زۆر نزیكە لەوەی پیاو گومڕا بكات، هەروەها شاهیدی دوو ئافرەت لەجێی یەك پیاو بۆ ئەوەیە گەر یەكێكیان شتی لەبیرچوو ئەوەی دیكە وەبیری بهێنێتەوە. ئەم ڕوونكردنەوەیەش لەسورەتی (البقره282)دا دەبینین

وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى.

(دوو پیاو لەخۆتان بەشاهید بگرن، ئەگەر دوو پیاو دەستنەكەوتن با پیاوێكو دووژن بن ئەو ژنانەی كەخۆتان لێیان ڕازین، نەوەك یەكیان لەبیری بچێت با ئەوەی دیكە وەبیری بهێنێتەوە..تاد).

هەروەها لەمیراتیشدا ئاشكرایە ئافرەت نیوەی پیاو وەردەگرێ وەك لەسورەتی(النساء11)دا دەیبینین {يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ فَإِن كُنَّ نِسَاء فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلأُمِّهِ السُّدُسُ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ




يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَآؤُكُمْ وَأَبناؤُكُمْ لاَ تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعاً فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيما حَكِيمًا}

(خوا فەرمانتان پێدەکات لەبواری میراتگەریدا بەشی نێرینە بەئەندازەی دوو مێینەیە).

بەڵام ژنێك موسڵمان نەبێتو پیاوێکی موسڵمان زەواجی لەگەڵ کردبێت هیچ مافێکی لەئیسلامدا نییەو گەر مێردەکەی مرد نەمافی هەیە لەمیراتدا نەمافی ئەوەشی هەیە منداڵەکانی خۆی لەئامێز بگرێ.

ئافرەت سەبارەت بەو ڕووداوانەی کەپەیوەندییان بەلەشی سێکسی خۆیەوە هەیە هیچ قسەیەکی نییە. ئیسلام وەك یەهودییەتی پێش خۆی ئافرەتی لەشپیس یان لەکاتی مانگانەیدا بەگەڕو پیس دادەنرێتو لەسەری نییەو نابێت نوێژ بکاتو ڕۆژوو بگرێ تەنانەت نابێ دەست بۆ قورئانیش ببات. بەڵام کاتێك دێینە سەر جووتبوونی سێکسی ئەوە هاوڕایی لەنێوان گشت زانایاندا نییە. کاتێك موسڵمانە سەرتاییەکان دەربارەی مانگانەی ئافرەت پرسیاریان لەپەیامبەر کردووە بۆ وەڵامەکەی ئایەتی (222 لەسورەتی بقرە) دادەبەزێت




{وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ} .

(دەربارەی مانگانەی ژن پرسیارت لێدەکەن پێیان بلێ: ئەوە ئازارو زەرەرەو نزیکیان مەبنەوە هەتا پاك دەبنەوە، ئەگەر پاك بوونەوە بەو شێوەی خوا فەرمانی داوە بچنە لایان، خوا تەوبەکارو پاکەکانی خۆش دەوێت).

لەشیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێن مانای ئایەتەکە ئەوەیە لەکاتی مانگانەیدا لەکۆئەندامی مێینە دوور بکەوە، هەر لەسەر ئەم رایەش زۆربەی راڤەکاران لەوانە (ابن كثير) دەڵێ دەکرێ لەگەڵ ئافرەتی خوێناویدا جووت بی بەڵام بەبێ هینەکەی پێشەوەی.

بەڵام هەتا ئێستا زانایانی ئیسلام پێیان نەوتووین ئەو ئازارە چییە لەکاتی جووتبوونی پیاوو ژندا دووچاری ژنەکە دەبێت کەمانگانەیە. من وەك پزیشکێك بەهیچ یەکێك لەو ئازارە نازانم کەدووچاری ژنەکە دەبێت.

بەڵام(د. موریس) تەنها بەچەند وشەیەك لەسەر ئەم ئایەتە دەوەستێ و دەڵێ: (ئەو ئایەتە ماناکەی روونە، زۆر بەراشکاویی نەهی لەپیاو دەکات کەبچێت بەلای ژنەکەیەوە لەکاتی مانگانەیدا)[9]

(ابوداود) لەچەند سەنەدێکەوە دەربارەی ژنەکانی پەیامبەر دەڵێت: گەر پەیامبەر بیوستایە لەگەڵ ژنە مانگانەکەیدا جووت ببێت پارچە قوماشێکی دەخستە سەر مێینەکەی، (مسروق)یش دەڵێت کەپرسیاری لەعایشە کردووە: پیاوێك ژنەکەی لەمانگانەدا بێت چی لێبکات؟.. عائیشەش دەڵێت هەموو شتێك جگە لەکۆئەندامی مێینەی پێشەوەی.

لەبەر ئەمە هەندێك لەزانایان ئەوە حەڵاڵ دەکەن پیاوێك ئەگەر ژنەکەی لەمانگانەدا بوو دەتوانێ لەکونی دواوە بچێتە لای، ئەمەش ئەو کرداریە کەخوا قەومی لووتی پێ لەناوبرد.

بەڵام هەندێك لەزانایان ئەم کردارەیان بۆ موسڵمانان حەڵاڵ کردووە لەبەرئەوەش هاوڕان هەر کەسێك بچێتە لای ژنە مانگانەییەکەی ئەوە تاوانی کردووە، بەڵام لەسەر ئەوە کۆك نین کەکەفارەتی هەیە یان..نا.[10]

---

9 The Bible The Quran and Science, p 221

10 تفسير ابن كثير للآية 222 من سورة البقرة




ئیمامی ئەحمەدو هەندێك لەسوونەنەكان لە(ابن عباس)وە دەڵێن كەپەیامبەر وتوویەتی: هەر پیاوێك بچێتە لای ژنەكەیو ئەویش لەمانگانەی خۆیدا بێت دەبێ دینارێك یان نیو دینار سەدەقە بدات، گەر خوێنەكەی سوور بوو دینارێك سەدەقە بدات، گەر زەرد بوو نیو دینار. (جمهوریش) دەڵێن كەفارەتی لەسەر نییەو داوای لێخۆشبوون بكات.[11]

پیاو لەدواوە یان لەپێشەوە بچێتە لای ژنەكەی تەنها لەمەسەلەی مانگانەدا تەسك نەبۆتەوە بەڵكو مەسەلەی پێشو دوای ژن بەبێ مانگانەش كێشەی موسڵمانان بووە، لەسورەتی (البقره-223) دەڵێت:

{نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُم مُّلاَقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ}

(ژنەكانتان كێڵگەتانن بەهەر شێوەیەك دەتانەوێ بیانكێڵن).

هەموو دەزانین كەوشەی (أَنَّى) بۆی هەیە ئاماژە بێت بۆ كات یان بۆ شوێن. كاتێك دەڵێت (بەهەر شێوەیەك دەتانەوێ بیانكێڵن بۆی هەیە تەفسیر بكرێ بە(هەركاتێك ویستان) یاخود بكرێ بە(هەر شوێنێك ویستان, هەرچۆنێك

[11] أنظر تفسير القرطبي للآية المذكورة




ویستان) لەپێشەوە یان لەدواوە, ئەمەش بەو بەڵگەیەی کەلەئایەتی101 لەسورەتی(الانعام)دا هاتووە:

بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ..

(ئەو بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە چۆن دەبێ رۆڵەی هەبێت، ئەو زاتە هاوسەری نەگرتووە).

لێرەدا وشەی (انی) بەمانای چۆن هاتووە.

هەیشە دەڵێن قورئان بەئەنقەست وشەی (انی)ی بەکار هێناوەو دەکرا بلێت (متی) (کەی) چونکە خوا ویستی موسڵمانان لەوەرگرتنی ماناکەیدا سەر پشك بکات.

سەربارى ئەوەی هەندێك لەزانایان دەڵێت خوا کۆئەندامی مێینەی پێشەوەی مەبەست بووە چونکە دەڵێت (ژنەکانتان کێڵگەتانن) کێڵگەش شوێنێکە بەرووبوم بەرهەم دێنێت لەبەر ئەم هۆیە دەبێت پیاو لەپێشەوە بچێتە لای ئافرەت تا بەرهەم بهێنێت کەمنداڵە. دەرگای تەفسیرکردنی ئەم ئایەتە بۆ راڤەکاران بەئاوەڵایی دەمێنێتەوە کەوشەی (انی) ئاماژە بۆ شوێن بکات.




لەگەڵ ئەو تەشبیهەشدا ئەمە ئەوە ناكات كەئافرەت هیچ بەهایەكی مرۆڤایەتی وەك هاودەمی ژیان یان ژنی هەبێت بەڵكو وەك كێڵگە وایە بۆتان هەركات ویستان تۆوی خۆتانی بۆ فڕێ بدەن تامنداڵتان بۆ بەرهەم بهێنێت.

لێرەدا (د. موریس) شیكردنەوەیەكی سەیر بۆ ئەم ئایەتە دەكات (نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ, ژنانتان كێڵگەتانن) دەڵێ: (ئەم ئایەتە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئەو گرنگییە وەبیر خەڵكی دێنێتەوە كەئامانجی سەرەكی لەجووتبوونی سێكسیدا وەچەخستنەوەیە).[12]

ئاشكرایە ئەم گوتەیەی (د. موریس) بەسەر ئاژەڵاندا جێبەجێ دەبێت نەك مرۆڤ. چونكە زۆرینەی ئاژەڵان مومارەسەی سێكس ناكەن جگە لەو كاتانەی كەمێیینەكان ئامادەی پیتاندنیان هەیە، بەمانایەكی دی ئامادەیە بۆ دەرهاویشتنەكانی هێلكەدانو دووگیانی، كەلەو كاتەدا مێینە لەمیزو لاپاڵەكانی میزەڵدانیدا مادەیەكی هۆرمۆنی (faermone) دەرژێنێو بۆنێكی بەهێزی لێوە دێت كەنێرینەكان لێ ئاگادار بكات ئامادەی جووتبوونی سێكسیە. هەركاتێكیش مێینە ئامادەی حەملی تێدا نەبوو بەرگری دەكات لەهەموو ئەو نێرینانەی كەدەیانەوێت لێی نزیك ببنەوە. لێرەدا تاكە ئامانجی سێكس لەلای ئاژەڵان بۆ

[12] The Bible The Quran and Science, p. 222




وەچەیە. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەپێڕەوی گەشەسەندنی بایۆلۆجیدا لەهەموو ئاژەڵەکانی دیکە جیا بووەوەو ئامادەیی مێینە کەم بووەوە بۆ دەرهاویشتنی هۆرمۆنەکان وای لێکرد هەر کاتێك مەیلی هەبێت یان..نا سێکس بکات. ئافرەتیش تاکە گیاندارێکی مێینەیە کەتوانای ئەم کارەی هەبێت. گەر مەبەستی سەرەکی سێکس بۆ وەچەخستنەوە بوایە ئەوا خوا لەسەر پیاوانی فەرز دەکرد لەکاتی دوو گیانی ژندا لەگەڵی جووت نەبوایە، واتە نۆ مانگ، ئەمەش رووی نەداوە.

هەروەها خوا پەیمانی ژمارەیەکی زۆری کچانی پەری لەبەهەشتدا دەدات. ئێمە لەراڤەکارانەوە دەزانین کەپەرییەکان کچنو تووشی مانگانە نابن تاماوەیەکی زۆر باش بۆ باوەڕداران بگوزەرێت بەئارەزووی خۆیان هەرکات ویستیان لەگەڵیان رابوێرن. جا لەبەر ئەوەی کچانی پەری تووشی مانگانە نابن دەتوانین بڵێین حاملەش نابن، لێرەوە ئەگەر ئامانجی سەرەکی سێکس بۆ وەچە بوایە ئەوە پێویست نەبوو کەبڕواداران لەگەڵ کچانی پەریدا جووت بونایە.

ئیسلام سزای لەسەر ئەو ئافرەتانە داناوە کەزینا دەکەن ئەو سزایەش نییە کەبۆ پیاوان دیاریکردووە. لەسورەتی ژنان(15) دەڵێ:




{وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّىَ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً}

(ئەو ژنانەی کەکاری زینا دەکەن چوار شاهیدیان لێبگرن، جا ئەگەر ئەو چوارە شاهیدیاندا ئەوە لەماڵەکانی خۆتان زیندانیان بکەن تا مردن زەفەریان پێدەهێنێ یاخود خوا ڕێگەچارەیەکی دیکەیان بۆ دەدۆزێتەوە)

ئەم ئایەتەش پێش ئەوە بوو کەعومەری کوڕی خەتتاب فتوای ڕەجم بدات، سەربارى ئەوەش کەلەقورئاندا نییە، بەڵام عومەر وتوویەتی: پەیامبەر ڕەجمی کردووە لەسەر موسڵمانانیش پێویستە ڕەجم جێ بەجێ بکەن. سزای ئافرەتانیش پێش ڕەجم زیندانی کردنیان بووە تا خوا دەیانکوژێ. بەڵام سزای پیاو زۆر جیاوازی هەیە ئەوەتا لەهەمان سورەتی ژنان ئایەتی(16) دەڵێت:

{وَاللَّذَانَ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا}

ئەو نێرینانەتان گەر زینایان کرد ئەوە ئەزیەتیان بدەن جا ئەگەر هاتو تەوبەیان کردو چاك بوون ئەوە لێیانگەڕێن..تاد.

بەپێی ئەم ئایەتە گەر پیاو کاری نێربازی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا کرد ئەوە دەبێ ئەزیەت بدرێت، بەمانایەکی دیکە بەنەعل لێیان بدرێت، ئەگەر تەوبەیان




کرد ئەوە دەبێ وازیان لێبهێنرێ، چونکە پیاو لەماڵدا زیندانی ناکرێ تا مردن زەفەریان پێبهێنێ، سەرباری ئەوەی کەنیربازی، وەك پێشتر باسمان کردووە، هۆیەکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ خوا زەوی بەسەر قەومی لووتدا هەڵبگێڕێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی خوا لەگەڵ پیاواندا بەسۆزو میهربانە، وەك لەئایەتەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام بۆ ژنان دەبێ ماوەی سزاکەیان تەواو بکەن تەوبە بکەن یان..نا دەبێ زیندانی بن تا مردن زەفەریان پێدێنێت.

ئیسلام بۆ پیاوی حەڵاڵ کردووە گەر ژنەکەی ملکەچی نەبوو لێی بدات.

لەسورەتی ژنان(34)

{الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا}

وەك دەبینیت لەئایەتەکەدا هاتووە (وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ) (لەجێگەی جووت بووندا لێیان دوور بکەونەوە ئەگەر هەرچاك نەبوون لێیان دەن...تاد).




ئەو ئافرەتەی ملکەچی پیاوەکەی نەبێت مێردەکەی لەگەڵی ناخەوێ‌و جێگەکەی جێدەهێڵێ‌و دەچێت بۆ جێگە رابوردنێکی دیکەی ژنەکانی تری یان جێگەی خەوتنی کەنیزەکانی تا ئەو کاتەی ژنەکە مل بۆ واقع شۆڕ دەکاتەوەو ملکەچی مێردەکەی دەبێت. جا ئەگەر جێگە جێهێشتن لەگەڵیدا سوودی نەبوو ئەوا لێیدەدات. زاناکانیش دەڵێن پێویستە لێدانەکە رەق‌و توندو تیژ نەبێت.

ئەو زانایانە بەبێ شك ئەوە بەئەقڵیاندا نەهاتووە لێدانی ئافرەت ئەگەر بەپارچە قوماشێك یان چەپکە گوڵێکیش بێت ئیهانەکردنی ئافرەتی تێدایەو بۆی هەیە ئازارەکەی زۆر لەوە گەورەتر بێت کەبەدارێك لێبدرێت. قورئانیش دەڵێ لەزەمەنی ئەیوبی پەیامبەردا لێدان راستەوخۆ بووەو خودی ئەیوب لەژنەکەی داوە، هەندێك دەڵێن بۆ ئەوە لێیداوە چونکە خیانەتی لێکردووە هەندێکی دیش دەڵێن ئەو رۆژانەی ئەیوبی مێردی نەخۆش بووەو لەتوانایدا نەبوو نانی رۆژانەیان بۆپەیدا بکات ئەم ژنە هەستاوە بەفرۆشتنی پرچی قژی بەنانێك تاخودی ئەیوب بیخوات، ئەیوبیش بەم کارەی لێتورە دەبێ‌و سوێند دەخوات گەر لەنەخۆشییەکی چاك بووەوە سەد جەڵدی لێبدات. ئەم چیرۆکەش لەسورەتی(ص-44)دا دەخوێنینەوە.

{وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ}

زاناكانی ئیسلام دەڵێن كاتێك ئەیوب لەنەخۆشیەكەی چاك بۆتەوە ویستوویەتی سوێندەكەی خۆی بباتەسەرو لێی دات خوا پێی وتووەكە هێشووە پەلكێكی نەرمو ناسك كەژمارەیان سەد پەلك بێت بیگرێت بەدەستیەوە یەكجار پێیدا بكێشێت بەم شێوەیەش وەك ئەوە وایە سەد جار پێیدا كێشابێت.[13]

ئەی كوا پاداشتی چاكە لەبەرامبەر چاكە؟!.. ژنەكە پرچی خۆی بڕیوەو فرۆشتویەتی بۆ كڕینی نانێك بیداتە مێردەكەی كەچی پاداشتی ئەم كارەی لێدانی سەد جەڵدە. زاناكانی ئیسلام هونەربازییان لەسوكبوونی سزاكەدا كردووەو هێشووە پەلكیان داهێنا كەسەد پەلكی هەبێتو جارێكی دی ئەوەیان لەبیر چوو كەبەلێدان ئەگەر جارێكیش بێت ریسواكردنی ئافرەتی پێوەیە.

لە بنەڕەتدا ئەم چیرۆكە بەتەحریفكراوی لەیەهودییەوە وەرگیراوە لە(سفر ايوب, الصحاح الثاني الاية9 وما بعدها)دا هاتووە: (كاتێك نەخۆشی زۆری بۆ ئەیوب هێنا ژنەكەی پێی گوتووە ئایا تا ئێستاش باوەڕت بەو پەروەردگارەت هەیە كەوای لێكردوویت؟ ئەیوبیش دەڵێ ئایا دەبێ بۆ خێرو خۆشیەكانی

---

[13] أنظر تفسير ابن كثير للآية ص 44




پەروەردگار سوپاسی بکەین‌و بۆ موسیبەتەکانیشی لۆمەی بکەین؟!) ئیتر تەورات باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەیوب لەژنەکەی دابێت.!! بەڵام ئەو حەدیسانەی کەبۆ پیاوانی موسڵمان ئەلوێ دەربار بەژن زۆرو درێژن لەزۆریدا ڕەنگە تووشی مەلەل ببین. تەنانەت ئەوەی بۆ پیاو حەڵاڵ کراوە زۆر لەوە زیاترە کەبۆ ژنی موسڵمان حەرام کراوە.

دوای حەرامکردنی دایك‌و خوشك..تاد بابێنە سەر ئەوەی کەبۆ پیاو حەڵاڵ کراوە، ئەوەتا چوار ژن لەیەك کاتدا بۆ پیاو حەڵاڵ کراوە سورەتی ژنان ئایەتی سێ دەڵێت

{وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ تَعُولُواْ}

گەر ترسان لەوەی لەنێو کچە هەتیوەکاندا یەکسانی بنوێنن ئەوە بۆتان هەیە دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار ژن بهێنن ئەگەر لەوەش ترسان کەناتوانن دادپەروەر بن ئەوە یەك ژن‌و کەنیزەکەکانتان)

بەم شێوەیە چواری حەڵاڵ کردووە بەو مەرجەی مێردەکە دادپەروەر بێت.

کەچی لەئایەتی129ی هەمان سورەت نووسراوە




{وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ}

ئێوە ناتوانن لەنێوان ژنەكانتاندا دادپەروەر بن ئەگەر هەوڵو تەقەلاشی بۆ بدەن).

ئەو خوایەی كەهەموو شتێك دەزانێت پێمان دەڵێت ئێوە ناتوانن دادپەروەر بن لەنێوان ژنەكانتاندا ئەگەر چی سوریش بین لەسەری، هەروەها دەشڵێت گەر دادپەروەر نەبوون ئەوە یەك ژن بهێنن، ئیتر بۆچی چوار ژن بۆ موسڵمانان حەڵاڵە لەكاتێكدا سوور دەزانین كەناتوانین دادپەروەر بین؟؟؟!

هیچ شتێكیش رێگە لەپیاو ناگرێ ژنەكەی تەڵاق بداو بەدانەیەكی گچكە بیگۆڕێتەوە، وەك ئەوانەی ئۆتۆمێبلیان هەیەو ساڵانە لەسەرمودێلی نوێ دەیگۆڕنەوە، یا خود وەك پادشای سعوودییە (الملك عبدالعزیز ال سعود) دەیكات كەهەر كاتێك سەردانی هۆزێكی بكردایە یەكێك لەچوار ژنەكەی تەڵاق دەداو ژنێكی لەو هۆزە دەخستە شوێنی. لەبەر ئەمەش بۆ یەكێك زۆر زەحمەتە گەر ژمارەی ژنەكانی بزانێ تەنانەت ژمارەی منداڵەكانیشی، چونكە هەموو گرنگییەك تەنها لای منداڵە نێرینەكان هەیەو هیچ كەس ژمارەی كچەكانی نازانێت.

نموونەیەكی دی لەسورەتی ژنان24 دەبینین




{وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاء ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا}

لەو ئافرەتە داوێنپاکانەی مێردیان هەیە حەرامە بۆتان، جگە لەکەنیزەکەکان خوا بڕیاری داوە بۆتان بەهۆی ئەو ماڵو داراییەی هەتانە جگە لەوانەی کەباسکراون (وەك چوار ژنەو کەنیزەکو..وەرگێڕ) بۆتان حەڵاڵ کراوە کەئەو داوێنپاکانە بهێنن نەك داوێنپیس جا ئەگەر راتانبواردو رابواردنەکەتان تەواو کرد ئەجری خۆیانیان بدەنێ کەخوا فەرزی کردووە لەسەرەتان، هیچ گوناهێکیشی تێیدا نییە دوای تەواو بوون جارێکی دی لەنێوان خۆتاندا رێکبکەونەوەو خواش بەوەی ئێوە دەیکەن زانایی‌و داناى هەیە.)

ئافرەتی مێردار حەرامە بەڵام کەنیزەکێك مێردی هەبێت حەرام نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر پیاوێکی موسڵمان لەیەکێك لەغەزووەکانیدا ژنێکی دەستکەوت ئەگەر مێردیشی هەبێت بۆی حەڵاڵە لەگەڵی جووت ببێت، ئەمەش بەسەر ئەو ژنانەدا جێبەجێ دەبێت کەبەپارە دەیانکرێت. ئاشکراشە ژمارەیەکی

دياريكراو نييه بۆ پياوێك كەتا چەند دانه بەكەنيزەك دەگرێ يان دەيانكڕێ، ئەمە جگە لەچوار ژنەكەی كەدەتوانێت هەردانەيەكيان ئارەزوو بكات بيانگۆڕێ.

وەك بڵێی ئەمە بەس نەبێت شتی ديكەش بۆ پياو حەڵاڵ كراوە كەدەتوانێت لەگەڵ چەند دانەيەكی دياری نەكراوی ژن ئەگەر هاتوو لەنێوان خۆياندا رێكەوتن لەسەر ماوەو كرێكەی بۆ چەند رۆژێك يان چەند مانگێك رابوێرێ، ئەمەش ئەوەيە كەبەزەواجی موتعە بەناو بانگە. (ابن كثير) لەتەفسيری ئايەتەكەدا دەڵێ: لەچەند سەنەدێكەوە (ابی سعيد الخدری) وتوويەتی لەشەڕی ئەوتاسدا چەند ژنێكيان بەديل گرت، (ئەم جۆرە ژنانە لەمێژووی ئيسلامدا بەسەبايا ناوبراون...وەرگێڕ) ئەو ژنانە مێرديان هەبوو پرسيارمان لەپەيامبەر كرد، ئيتر ئەم ئايەتە دابەزی، ئێمەش كۆئەندامی مێنەی ژنەكانمان بۆ خۆمان حەڵاڵ كرد. (الترمذي)يش هەروای گێڕاوەتەوە. هەروەها (قيس بن عبدالله) دەڵێ: لەگەڵ پەيامبردا غەزامان دەكرد ژنمان لەگەڵ نەبوو بەپەيامبەرمان وت: ئايا خۆمان خاڵی نەكەينەوە (واتە لەگەڵ ژنەكاندا رانەبوێرين)؟ سەرەتا پەيامبەر نەهی لێكردين دوايش مۆڵەتی داين لەبەرامبەر جلوبەرگدا لێيان بهێنين دواتر ئەم ئايەتەشی بۆ خوێندينەوە:




يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ.[14]

ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ئەوانە لەخۆتان حەرام مەکەن کەخوا بۆی حەڵاڵ کردوون).[15]

ئەم ئایەتە وەك بەڵگە لەسەر زەواجی موتعە بەکارهێنراوە. هەروەها لەئایەتی23یش لەهەمان سورەت (گەر لەگەڵیاندا راتانبواردو تەواو بوون ئەو ئەجرەیان بدەنێ کەلەسەری رێککەوتوون ئەمەش فەرزە لەسەرتانو هیچ گوناهێکیشی تێدا نییە لەدوای بە جێگەیاندنی فەرزی یەکەم لەنێوان خۆتاندا جارێکی دی رێکبکەونەوە).

بە بێگومان زەواجی موتعە لەسەرەتاکانی ئیسلامدا حەڵاڵ بووەو دوای نەسخ بۆتەوە. (ابن عباس)و هەندێك لەسەحابەکان بۆکاتی پێویست حەڵاڵیان کردووە. (ابن عباس)و (ابی بن کعب)و (سعید بن جبیر) لەمەسحەفەکانی خۆیاندا ئاوا دەیانخوێندەوە (فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ الى اجل مسمى فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً). سێ وشە (الى اجل مسمى)یان بۆ زیاد کردبوو. لەسەر ئەم خوێندنەوەیەش شیعەکان هەتا ئێستا زەواجی موتعە حەڵاڵ دەکەن، زەواجی

---

[14] المائدة 87

[15] صحيح البخاري – الجزء الخامس– ص 66، طبعة دار الشعب بالقاهرة




موتعەش بۆی هەیە سێ شەو بێت یان زیاتر، بەڵام لەئێراندا بۆی هەیە چەند ساعەتێك بێت. ئەمەش لەراستیدا جۆرێکە لەلەشفرۆشتنێکی ڕێگە پێدراو. لەئیمامی پێنجەمی شیعەوە دەگێڕنەوە کەوتوویەتی: گەر عومەری کوڕی خەتتاب حەرامی نەکردایە ئەوا هیچ موسڵمانێك تاوانی زینای نەدەکرد کەمێکی ڕیسوا نەبێ.[16]

(امیر الطاهري) دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر لەبێوەژنە گەنجەکان لەشاری (قوم)ی ئێران کۆدەبنەوەو لەبەر ئەوەی خوێندکارێکی زۆری زانستە ئایینەکان لەوێ دەخوێننو خێزانەکانیان لەگەڵ نییە یان نەیانتوانیوە زەواجی ئاسایی بکەن، پێکەوە مومارەسەی زەواجی موتعە لەگەڵ ئەو بێوەژنانە دەکەنو بێوەژنەکانیش بۆ بەرێوەچوونو پاروەنانێکی ژیانیان ئەم زەواجە دەکەن.[17]

کەنیزەکیش هیچ مافێکی لەئیسلامدا نییە، تەنانەت ئەوکاتەی کەشوشی کردووە گەر گەورەو سەردارەکەی فرۆشتی ئەوە تەڵاقی لێکەوتووەو نەخۆی نەمێردەکەشی مافی ئەوەیان نییە ڕەخنە بگرنو سەردارە نوێیەکەی لەهەموو

[16] Sayyid Mujtaba Busavi Lari, Temporary Marriages. Light of Islam http:// home.swipnet.se/islam/english.htm

[17] Amir Tahiri: The Spirit of Allah, Khomeini and the Islamic Revolution, (Adler & Adler, 1986) p 86




شتێکدا بەحەقترە. کەنیزەك بەبێ قایلبوونی سەردارەکەی بۆی نییە شوو بکات. بەڵام ئەگەر سەردارەکەی ژن بوو ئەوا ئەو ژنە ئەویش بۆی نەبوو بیدات بەشوو هەر دەبوو مێردەکەی یان وەلییەکەی قایل بێت تا ژنەکە کەنیزەکەکەی خۆی بدات بەشوو. تەنانەت ژنە سەربەستەکانیش بۆیان نییە خۆیان بدەن بەشوو. ئایەتی(25) لەسورەتی ژنان دەڵێ (فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ) بەمۆڵەتی کەسووکاریان بیاندەن بەشوو. حەدیسیش دەڵێت: هیچ ژنێك ژنێکی دی نادات بەشوو تەنانەت خۆشی نادات بەشوو. جێی خۆیەتی بڵێین ژنە موسڵمان کەخاوەنی کۆیلە بێت مافی ئەوەی نییە یەکێکیان یان زیاتر لەخۆی مارە بکات ئەگەر لەحاڵەتێکیشدا مێردیشی نەبێت هەر ناتوانێت. ئەگەرچی ئەوانە کۆیلەی ئەم ژنەن, بەڵام بەپێچەوانەی پیاوانەوە ژنان ناتوانن وەك پیاو چێژ لەکۆیلەکانی خۆیان وەربگرن.

ئافرەت لەئیسلامدا تەنها (کۆئەندامی مێینەیە)..!! نەکەمو نەزیاد. هەموو قسەکردنێکیش لەسەر ئافرەت هەمیشە لەسەر کۆئەندامی مێینەکەی بووە. وەك لەریوایەتەکەی پێشووتر باسمان کرد (ابو سعيد الخضري) کاتێك باسی سەبایاکانی ئەوتاس دەکات ناڵێت ژنەکانمان بۆ خۆمان حەڵاڵ کرد بەڵکو دەڵێ کۆئەندامی مێینەکانیمان بۆ خۆمان حەڵاڵ کرد. قورئانو موسڵمانانیش ناڵێن

فلانەکەس فلانە ژنی هێناوە بەڵکو دەڵێن (نكحها) لەخۆی مارە کرد. کاتێکیش چیرۆکی حەفصە کچی عومەری کوڕی خەتتاب یەکێك لەژنەکانی پەیامبەر باس دەکات دەڵێت لەرووداوێکدا کەحەفصە چوو بۆ ماڵەوە بینیویەتی پەیامبەر لەگەڵ ژنێکدا بەناوی (ماریەی قیبتی) رادەبوێری، دەڵێ (دخلت علية وهو يطأ مارية) کاتێك چووەمە ژوورەوە بینیم پەیامبەر سواری ماریە ببوو. (وطء- وطأة، شوێن‌و جێی پێ، پێ پیانانێك، پێپیانان، پێ تێخستن- وەرگێڕ). مرۆڤیش بەقاچەکانی یاخود بەنەعلەکانی سواری شتێك دەبێت، ئەوەی دەکەوێتە ژێر سواربوونەکەوە بەهیچ‌و بێنرخ تەماشا دەکرێت.

پەیامبەر لە(حجە الوداع)دا وتوویەتی: لەژنانتان لەخوا پارێزگار بن، چونکە بەئامانەت بردووتانن بۆ خۆتان‌و بەکەلیمەی خوا کۆئەندامی مێینەکانتان حەڵاڵ کراوە، بۆ ئێوەش لەسەر ئەوان پێویستە کەس لەسەر جێگەتان سواری خۆیان نەکەن کەئێوە پێتان ناخۆشە، ئەگەر ئەم کارەیان کرد لێیان بدەن بەڵام با لێدانەکە تیژوو رەق نەبێت.[18]

ئەوەتا پەیامبەر دەڵێ کۆئەندامی مێینەکانیان حەڵاڵ کراوە بۆتان، نەیوتووە خۆشەویستیان، هاوڕێیەتیان بەڵکو دەڵێت کۆئەندامی مێینەیان.

[18] مختصر السيرة لابن كثير، ص 484 (مصدر سابق)




ئیسلام هەمیشە مامەڵەیەك لەگەڵ ژندا دەكات كەجیاواز بێت لەوەی پیاو:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَآتُوهُم مَّا أَنفَقُوا وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُوا مَا أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنفَقُوا ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ}.[19]

(ئەی ئەوانەی كەباوەڕتان هێناوە كاتێك ژنە بڕواداره‌كان كۆچیان كردو هاتنەلاتان بەوردی تاقیيان بكەنەوە، خواش بەئیمانیان زانایی هەیە، گەر بۆتان دەركەوت كەئیماندارن ئەوە بۆ لای بێباوەڕەكان مەیانگێڕنەوە، نەئەم ژنانە بەوان حەڵاڵن‌و نەئەوانیش بەمان حەڵاڵن, مارەیی مێردەكانیان پێبدەنەوەو هیچ گوناحێكیشتان لەسەر نییە كەكەنیكاحیان بكەن‌و ئەجریان بدەنێ, ئافرەتانی بێباوەڕ لەلای خۆتان مەهێڵنەوە، گەرمەسرەفێكیشتان لەسەر ژنی بێباوەڕ كردووە داوای بكەنەوە، هەروەها ئەوانیش گەر مەسرەفێكیان لەسەر ژنە ئیماندارەكان كردووە باداوای بكەنەوە ئەوە حوكم‌و فەرمانی خوایە..تاد).

---

[19] الممتحنة 10




ئەگەر پیاوێك هاتوو وتی من موسڵمانم یان بومەتە موسڵمان پێویست بەتاقیكردنەوە ناكات، بەڵام ئەگەر ژنێك هاتو وایوت پێویستە تاقیبكەینەوە تا راستییەكەیمان بۆ دەردەكەوێت سەربارى ئەوەى كەئیمانداریشن (إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ – گەر ژنانێكی ئیماندار هاتن بۆلاتان تاقییان بكەنەوە) ئەوەتا خوا لەپێشتردا دەزانێت كەئیماندارن بەڵام هەر دەبێت تاقیبكرێنەوە.

ئیسلام هەمیشە بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا دەكات كەكاڵایەك بێت بفرۆشرێو بكڕدرێو نرخی هەبێت. خوا بەموسڵمان دەڵێ بپرسن بزانن چەندیان لەسەر ئەو ژنانە خەرج كردووە بۆیان بگێڕنەوەو ژنەكان لای خۆت گل بدەنەوەو نیكاحیان بكەن، ئەگەر یەكێك لەژنەكانی ئێوەش چوو بۆ لای كافرەكان داوای خەرجیەكانیان لێبكەن كەتێیاندا خەرجتان كردووە.

جا لەبەر ئەوەی ئافرەت كاڵایەو نرخی خۆی هەیە پێشكەش بەو موسڵمانانە دەكرێ كەكاری چاكە دەكەنو دەچنە بەهەشتەوە, لەبەر ئەوەی ژن لەئیسلامدا پێناسەیەكە لەكۆئەندامی مێینە دەبینین ئیسلام سەرشێتی كچۆڵەو كچە كون نەكراوەكانە..!! كاتێك خوا باسی بەهەشت دەكات هەمیشە پەیمانی ئەوە دەدات

بەو پیاوانەی كاری چاكە دەكەن كەكچۆڵەی پەرییان بداتیٚ، بۆ نموونە لەسورەتی(الرحمن-56)

{فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ}

لەبەهەشتدا تەماشای هاوسەرەكانیان دەكەن كەكەس دەستی بۆ نەبردوون, نەمرۆڤو نەجنۆكە).

هەروەها لەسورەتی (الواقعە-25-27)

{إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاء, فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا, عُرُبًا أَتْرَابًا} .

بەتایبەتی درووستمان كردوون، هەمیشە كچۆڵەن، خۆشەویستی هاوسەرنو هاوتەمەنن).

هەروەها سورەتی(الدخان53-54)

{يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَابِلِينَ, كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُم بِحُورٍ عِينٍ}

(لەئاوریشمی تەنكو ئەستوور دەپۆشن، كەلەبەرامبەر یەك دادەنیشنو لەیەك دەڕوانن، حۆری چاوگەشو گوڵ ئەندامان كردووە بەهاوسەریان).

سورەتی(ص-52-51)

{مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ, وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ}




شانیان) داداوە هەمیشە داوای میوەی زۆرو شەراب دەکەن، لەتەنیشتیانیشەوە حۆری هاوتەمەن هەن کەچاو بۆکەسی دیکە ناگێڕن).

ڕاڤەکاران دەڵێن: کچانی حۆری کیژنو ناچنە مانگانەوە تا توشی پیسی نەبن، هەر چەندە پیاوێك لەگەڵ یەکێك لەو کچە حۆرییانە جووت بێ‌و ئەو کچە بکاتە ژن ئەوا ژنەکە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی‌و دەبێتەوە بەکچ لەگەڵ هەموو جووتبونێکیشدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە کەجارێکی دی دەچێتەوە بۆلای دەبینێت کچە.

کاتێکیش حەفصەی ژنی پەیامبەر ماریەی لەجێگەی خۆیدا لەگەڵ پەیامبەر بینی پەیامبەر داوای لێکرد کەبۆ عائیشەی باس نەکاو پەیمانیشی دایە کە(ماریە) لەخۆی حەرام بکاو لێی نزیك نەبێتەوە، بەلاّم حەفصە بۆ عائیشەی باسکرد. ئیتر پەیامبەر لەژنەکانی تورە دەبێ‌و هیچی وای نەمابوو تەلاّقیان بدات خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند

{عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا}.[20]

20 التحريم 5

ئەگەر خوا بیەوێت ئەوا لەتوانایدا هەیەو گەر پەیامبەر ئارەزوو بكات تەلاّقتان بدات, ئەوا خوا ژنی لەئێوە باشتری پێدەبەخشێت, موسلّمان, باوەڕدار, ملكەچی پەروەردگار, زوو زوو لەهەلّە پەشیمان بونەوە, خواپەرستو دیندار, ڕۆژووەوان, بیرو هۆشیان لەكاردا بێ, ژنیش‌و كچۆلّەش.

(ابن كثير) لەتەفسری ئەم ئایەتەدا دەلّیٚ: (ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا) (بێوەژنیش‌و كچیش, شووكردو, شوونەكردوو) واتە هەر دووكیانی تێدایە بۆ ئەوەی دلّ هەركامێكیانی ویست هەبن چونكە جۆراوجۆر دەروون جۆش دەدات.

كەواتە ئافرەت بۆ ئەوە دروستكراوەو پەردەی بۆ دانراوە تا ئەو پیاوەی هەمە ڕەنگی خۆش دەوێت لەنێوان بێوەژنو كچۆلّەدا بەرچاو فراوان بێت.

(محمد بن مرزوق عن عبدالله بن امية) دەلّێت: خوا پەیمانی بەپەیامبەر داوە لەبەهەشتدا بێوەژنو كچیشی بداتیٚ، بێوەژنەكە (ئاسیا)ی ژنی فرعەونەو كچەكانیش مریەمی كچی عەمرانو كەلسومی خوشكی موسایە.

لەیەكێك لەریوایەتەكاندا باس لەوە دەكەن كە(پەیامبەر لەسەرە مەرگی خەدیجەدا دەچێتە لای‌و پێی دەلّیٚ: ئەی خەدیجە گەر لەودنیا هەوییەكانت بینی (هەوییە, كەسێك چەند ژنێكی هەبێت ژنەكان بەیەك دەلّێن هەوییە– وەرگێڕ) گەر بینیتن سەلامی منیان پیٚ بگەیەنە. خەدیجە پێی دەلّیٚ: ئەی پەیامبەری خوا بۆ




لەپێش من ژنی دیکەت هێناوە؟ (پەیامبەر تا خەدیجە مابوو ژنی دیکەی نەهێنابوو, وەرگێڕ) پەیامبەر دەڵێ نەخێر بەڵام خوا سێ ژنی بۆ مارەبڕیوم (مریەمی کچی عەمران، ئاسیای ژنی فرعەون، کەلسوم خوشکی موسی).

جا لەبەرئەوەی موسڵمانان هۆگرو خولیای کێژن ئەم جۆرە ریوایەتانەیان درووست کردووەو ئەوەیان لەبیر چووە کەئیسلام کۆکردنەوەی دوو خوشکی لەیەك کاتدا حەرام کردووە، دەنا چۆن دەبێت پەیامبەر مریەمی کچی عەمران بهێنێت کەخوشکی هارونە هەروەها کەلسومی خوشکی موساش بهێنێت کەهەردەکاتە خوشکی هارون؟؟

لەهیچ شوێنێکی قورئانداو لەهیچ یەکێك لەئایەتەکاندا نابینین بەژنە ئیماندارەکانو خۆپارێزو داوێنپاکەکان بڵێ گەر کاری چاکەتان کردو چوونە بەهەشت ئەوە خوا فریشتەو حۆری کوڕتان پێدەبەخشێت..!! رەنگە پرسیار بکرێو بڵێن: ژنی ئیماندار کەشووی کرد جگە لەمێردەکەی بەهەموو کەسێك حەرامە. باشە ئەی بۆچی خوا پاداشتی ئەو ژنانە ناداتەوە کەمێردەکانیان مردوون یان تەڵاقدراون یان بەبچووکیو منداڵی مردوون بەو فریشتە کوڕانەی کەلەبەهەشتدا هەن بەهەمان شێوەی ئەوەی کەخوا کچی حۆری دەداتە پیاو.

بەملیۆنەها ژن هەن بەبێ ئەوەی شووبکەن دەمرن، ئایا پاداشتی ئەوانە چییە؟ ئەی پاداشتی ئەو ژنە ئیماندارە چییە کەکاری چاکە دەکاو دەچێتە بەهەشت؟؟

هەر بخواو بخەوێتو لەهەموو رابواردنێکی سێکسی دوور بخرێتەوە لەولاشەوە مێردەکەی دەیان کچە حۆری هەبێت کەنەدەچنە مانگانەوە نەبەژنێتی دەمێنێتەوە بەڵکو هەمیشە کچن؟؟. حەتمەن ناتوانێ کێبەرکێ لەگەڵ کچە حۆریدا بکات، یان تەنها خواردنی میوەو هەنگوینو شەرابو رووباری بەسە؟؟

ئیسلام تاکە ئاینێکە بەراشکاوانە رێگە بدات کچێك کەهێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی تەڕی بدرێت بەشوو. لەسورەتی(الطلاق)دا دەبینین رێگەی داوە کچۆڵە مارەبکرێت یان تەلاّق بدرێت کەهێشتا نەچۆتە تەمەنی تەڕی) (تەڕی, واتە هێشتا منداڵەو تووشی مانگانە نەهاتووە, وەرگێڕ).

{وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ}.[21]

ئەو ژنانەتان کەنائومێدبوون لەهاوسەرەکانیان, واتە ئەو ئافرەتانەی لەتەمەنێکی گەورەدانو ئیتر تووشی مانگانە نابن, بۆ دڵنیابوون لەنەبوونی مانگانە سێ مانگ چاوەڕێ بن، هەروەها ئەو کیژۆڵانەشی کەبەهۆی تەمەنی

[21] الطلاق 4




بچووکیەوە هێشتا نەکەوتونەتە مانگانەوە ئەوانیش سێ مانگ, هەروەها ئەوانەش کەدووگیانن ماوەیەکیان ئەوەندەیە تا منداڵەکەیان دەبێت.)

(ابن کثیر) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: (ماوەی چاوەڕوانکراوی کیژۆڵەیەك بۆ شووکردنەوەی سێ مانگە). پێشتریش باسمان لەوەکرد کەپەیامبەر کاتێك عائیشەی مارە کرد تەمەنی شەش ساڵان بووەو لەگواستنەوەیدا نۆ ساڵان بووە.

بەکورتی ئافرەت لەئیسلامدا شتێکە بۆ چێژوو خۆشی پیاوو بۆ هیچ پیاوێکی دی نییە تەماشای بکات نەکا تەماحی تێبکات. لەبەر ئەم هۆیە پێویستە لەماڵەکانماندا ژنەکانمان زیندانی بکەین‌و بۆ کاری زۆر پێویست نەبێت نابێ بهێڵین بچنە دەرەوە. ئەگەر ژنەکە بەرێگەدا ڕۆیی پێویستە بەتەنیشت دیوارەوە بڕوات‌و نابێت بەناوەڕاستی ڕێگادا بڕوات چونکە ئەوە خۆدەرخستنی لەشولارە..!! لەبەر ئەوەشی ژن دەچێتە مانگانەوە کەواتە پیسەو هەرکاتێك پیاو دەستی بۆ برد ئەوە دەستنوێژەکەی شکاوەو پێویستە دەستنوێژ بگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ژنەکە لەمانگانەشدا نەبوو هەردەبێت دەستنوێژ بگرێتەوە. قورئان لەسورەتی ژناندا(42) دەڵێ:




وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّن الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ

(گەر نەخۆش بوون یاخود لەسەفەر بوون یان لەسەر ئاو بوون، یان بەر شوێنێکی ژنان کەوتنو ئاوتان دەست نەکەوت ئەوە تەیەموم بکەنو..تاد).

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کەژن لەدوای دەست بەئاوگەیشتن (الغائط- البراز, پیسایی) هاتووە، کەواتە ژن لەئیسلامدا گەرِو پیسەو ئەگەر پیاوێك لەگەڵی جووت بوو تەنها ئەوەندە لەگەڵی جووت بێ کەتۆوەکەی تێ فرێ بداتو دەبێ یەکسەر لەنزیکییەوە هەڵسێو نابێ عەورەتەکەی لەناو لەشی ژنەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژتر بهێڵێتەوە کەئەمەش پێویستە بۆ پیتاندنی تۆوەکەی. هیچ پشتێکیش بەژن نابەسترێ چونکە کەم ئەقڵو کەم دینە بۆیە شاهیدی ژن نیوەی شاهیدی پیاوەو درۆدەکات، ڕێگریش لەشت دەکەنو حەزیشیان لێیە.

لەسەر ئافرەت پێویستە کوێرانە ملکەچی مێردەکەی ببێت بەئەندازەیەك وەك زانایانی ئیسلام دەڵێن ئەگەر پیاوێك پاساوێکی شەرعی هەبوو دەتوانێ لەرەمەزاندا ڕۆژووەکەی بشکێنێ ئەوا لەسەر ژنەکەشی پێویستە ڕۆژووەکەی بشکێنێ ئەگەر ژنەکە کوێرانە ملکەچی مێردەکەی نەبوو ئەوە بۆ مێرد هەیە لێی بدات.




ئیسلام بڕوای بەلاقە (اغتصاب) نییە, ئەگەر ژنێك رایگەیاند کەپیاوێك لاقەی کردووە ئەبێ چوار شاهیدی نێر بۆ سەلماندنی قسەکە بهێنێو شاهیدی ژن لەم حاڵەتەدا وەرناگیرێ چونکە سزای ئەو کەسەی لاقەی کردووە گەر لەوەو پێش ژنی هێنابوو ئەوە رەجمە، ئەگەر ژنەکە دەژن وەك شاهید بهێنێو بیسەلمێنن کەپیاوەکە ژنەکەی لاقە کردووە هیچ بەهایەك بۆ شاهیدیەکەی نییە. (احمد بن نجیب المصری) دەڵێت: گەر تاوانەکە تایبەت بوو بەزیناو نێربازی پێویستە چوار شاهید لەپیاو ئامادە بکرێو پێویستیشە بەچاوی خۆیان بینیبێتیان وەکوو کێل لەناو کەلاندا هاتووچۆی کردبێت. لەبەر ئەمە کاتێك باوکێك لەپاکستان شکایەتی ئەوەی کرد کەپیاوێکی ئاینی لاقەی کچەکەی کردووە کەهێشتا تەمەنی سیانزە ساڵە، پۆلیس نەیتوانی پیاوە ئاینییەکە بداتە دادگا چونکە یاسای پاکستان داوای ئامادەبوونی چوار شاهیدی پیاو دەکات.[22] جا ئایا پیاوێکی ئاقڵ لەدونیادا هەیە بەئامادەبوونی چوار پیاو لەژوورێکدا لاقەی ژنێك بکات؟.

کاتێك کەپیاوە موسڵمانەکان ژنەکانی خۆیان بەخیانەت تاوانبار دەکرد ئەم ئایەتە دابەزی:

---

[22] Naipaul, Among the believers, p 165




{وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ}.[23]

کاتێك ژنە داوێنپاکەکان تاوانبار دەکەن بەوەی زینای کردووەو دواتر نەیانتونی چوار شاهید بۆ سەلماندنی ئامادە بکەن ئەوە ئەو شکاتکەرانە پێویستە هەشتا جەڵدیان لێبدرێ‌و هەتا هەتایشە شاهیدیان لێوەرنەگیرێت چوونکە ئەوانە پیاو خراپن.

موسڵمانەکان بێ‌ تاقەت بوون‌و چوونە لای پەیامبەرو پێیان گوت لەکوێوە چوار شاهید بهێنن. قورتوبیش دەڵێ‌: (کاتێ‌ ئەم ئایەتە دابەزی (سعدبن معاذ) دەڵێ‌: ئەی پەیامبەری خوا ئەگەر پیاوێکم بەسەر ژنەکەمەوە گرت وازیان لێ‌ بهێنم تا دەچم چوار شاهید دێنم، سوێند بەخوا لێی نابوورم‌و بەم شمشێرەم دەدەم لەگەردنی، پەیامبەریش بەدانیشتوانی ئەو ژوورە دەڵێت: بەغیرەتی سەعد سەرتان سوڕدەمێنێ‌؟ من لەو مەسەلەیەدا لەو بەغیرەتترم خواش لەمن بەغیرەتترە.[24]

لەدوای نارەزایی موسڵمانان خوا ئایەتی مولاعەنەی دابەزاندو ڕێگەدرا بەپیاو ئەگەر پیاوێکی بەسەر ژنەکەیەوە گرت‌و شاهیدی نەبوو ئەوە لای دادوەر

---

[23] النور 4

[24] تفسير القرطبي، المجلد السابع ص 575




شكايەت بكا دادوەریش ژنەكە بانگ بكاو هەریەك لەوان پیاوەكەو ژنەكە سوێند بخۆن كەلەسەر راستین، لە ئەنجامدا دادوەر لێكیان جیا دەكاتەوە. بەڵام ئەم شەرعە ماف نادات بەژن كەشیكایەت بكات پیاوێك لاقەی كردووە.

لەشەریعەتی ئیسلامدا پێناسەیەك بۆ لاقە كردن (الاغتصاب) نییە لەبەر ئەم هۆیە هەر ژنێكی ئیماندار بلێ پیاوێك لاقەی كردووە بەوە تاوانباری دەكەن كەزینای كردووە چونكە ناتوانێت چوار شاهید ئامادەبكات، هەر ئەمەیشە لەپاكستاندا روودەدات وەك كۆمەڵەی خۆشكانی موسڵمان دەیڵێن.[25]

چیرۆكی ژنە نێجیری (صفیاتو حسینی)مان لەبیرنەچۆتەوە كەدەڵێ دراوسێكەی (یعقوب ابوبكر) لاقەی كردووەو ئێستاش دووگیانە. وەك زانراوە ناوبراو نكوڵی لێكردووە نەك لاقەی نەكردوە بەڵكوو هەرنەشی دیوە. لەدواجاردا دادوەرایەتی شەرعی حوكمی صفیاتۆی بەرەجمكردن دا.[26]

---

[25] ,Sisters in Islam,Rape, Zina and Incest
www.muslimtents.com/sistersinislam.htm

[26] Robert Spencer, Islam Unveiled, Encounter Books 2002, p90, San Francisco

کۆمەڵەی خۆشکانی موسڵمان دەڵێن لەسەدا حەفتاو پێنجی ئەو ژنانەی لەپاکستاندا زیندانین بەوە تاوانبارکراون زینایان کردووە کەلەراستیدا ئەوانە قوربانییەکانی ئیغتصابن.[27]

[27] Sisters in Islam,Rape, Zina and Incest




## بەش هەشتەم

## كۆیلایەتی لە ئیسلامدا

لە وادەیەكی زۆر دووری مێژووداو لە هەموو كیشوەرەكانو لەلای تەواوی میللەتان كۆیلایەتی هەبووەو ناسراو بووە. سەرچاوەی سەرەكیش بۆ كۆیلایەتی ئەو جەنگانە بوون كە هەر دەبوو سەركەوتنو دۆراندنی تێدا بێت. چارەنووسی دۆراوەكانیش كۆیلایەتی بووەو پیاوان لە كێڵگەو ماڵتداریدا هێزی كار بوونو ئافرەتانیش خزمەتكاری ماڵان بوون. زۆرێكیش لەو ئافرەتانە (كەنیزەك) بوونەتە هۆیەك بۆ دامركانەوەی پاڵنەرە سێكسیەكانی سەردار (خاوەن كۆیلە, مالك).

لەگەڵ پێشكەوتنی مرۆڤایەتیو سەرهەڵدانی دەوڵەتو دروستكردنی سوپا كەبەرگری لەو دەوڵەتە دەكرد داواكاریی كۆیلە لە زیادبووندا بووە تاشوێنگەی ئەو كارانە پڕ بكەنەوە كە پیاوە سەربەستەكان لە پێش چوونیان بۆ سوپاو خۆخەریككردنیان بەجەنگەكانەوە دەیانكرد. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی باشترین نموونەی ئەم قسەمانە, كاتێك ئەم ئیمپراتۆریەتە فراوان بوو بەشی زۆری جیهانی ئەوكاتەی گرتەوەو سوپاكانی ڕۆمانی بەو وڵاتانەدا بڵاوبوونەوە ژمارەی




پیاوەکـان لـە ڕۆمـادا کـەم بوونـەوەو وایلیّهـات دەولّـەت ناچـار بکـات بـۆ جێبەجێکردنی تەواوی کارەکان پشت بەکۆیلە ببەستێت.

تەنانەت سوپای ڕۆمانیش گەر پێویستی بە کەسـانێك هەبوایـە بـۆ لـیخـوڕینی کەشتیەکان کە ئەگەر هێزی با پاڵی پێوەنەنایـە بـەهۆی سـەولّەوە بەڕێوەدەچـوو ئەوا بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتی بەهێزو کۆیلە دەبەست.

لەکاروباری کشتوکاڵیشدا, پیـاوانی سپـیپێـست پێویـستییان بـە ژمارەیـەکی زۆری هێـزی کـار بـووە تـا لۆکـە بـچنن و کـشتوکاڵیان پێبکـەن, هـەر بۆیـە بازرگانەکان کەنارەکانی ئەفریقایان داگیر کرد تـا ڕاوی ڕەشپێـستەکان بکـەن و وەك کۆیلە بیانفرۆشن بە ئەمریکاو ئەوروپا.

نیـوە دوورگـەی عـەرەبیش بـەو حوکمـەی نزیـك کـەنارەکانی ئەفریقایـە بازرگانەکانیان لەو کەنارانەو لە چەند بەشـێکی دیکـەی جیهانـەوە کۆیلەیـەکی زۆریان بۆ دوورگەکە هێنا. بۆ نموونە هۆزی (بنی مخزوم) زۆر دەوڵەمەنـد بـوونو کۆمەڵێك کەنیزەکی یۆنانیان هەبووە, هەروەهاس (عباس– مـامی پەیامبـەر)یـش کەنیزەکی یۆنانی هەبووە.




ئاماژەش بۆ ئەوە دەكەن كە كەنیزەكی فارسیش لەو دەڤەرەدا هەبووەو ئەم كۆیلە سپیپێستانەش لەنێرو مێو لەچەندین ڕەگەز بوون, تێیاندا رۆمیو تێیاندا لە توخمی ئەورووپی بووەو هەشبووە خەڵكی عێراق بوون وەك نەینەوا (موسل-عەین تەمر-) هەروەها لەشامو چەند ناوچەیەكی میسریش.[1] هەروەها لە شاری مەككەش ئاوارەیەكی زۆر لە كۆیلە هەبوون كە بە (الاحابیش) ناسرابوونو لە نێوانیاندا ژمارەیەكی زۆر لە نەسرانیەكان هەبوون كە بۆ خزمەتكردنو چەند كارێكی پێویستی دەوڵەمەندەكانی مەككە هێنرابوون.[2]

لەكاتی دەركەوتنی ئیسلامدا هەموو خێزانێكی ناسراوی مەككە كۆیلەی هەبووە, ئەو پێنج كەسەی لە سەرەتادا باوەڕیان بە پەیامەكەی محمد كرد لەگەڵ خەدیجەو ئەبوبكردا كۆیلە بوون.

هەروەها خودی بەیامبەریش چەندین كۆیلەو كەنیزەكی هەبووەو چەند دانەیەكیان لە مێژوودا تۆمار كراون, وەك: (اسامة بن زید بن حارثة)و دایكیشی كەناوی (بركة) بوو كەلەمنداڵێتی محمددا دایەنگەی بووە, هەروەها (ابو رافع القبطی)و (ایمن بن عبید بن زید الحبشي)و (ثوبان بن یجدد) كە پێیان دەگوت (ابو

[1] المشرق: السنة الخامسة والثلاثون، 1937 ص 88 وما بعدها
[2] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس ص 202 (مصدر سابق)




عبدالكريم) هەروەها (حنين) باپیری ئیبراهیم بن عبدالله بن حنين, هەروەها (رافع یان (ابو رافع) پێیان دەگوت (ابو البهي) هەروەها (رباح الاسود)و (رويفع)و (زيد بن حارثة الكلبي)و (زيد ابو يسار)و (سفينة ابو عبدالرحمن) ئەم شۆرەتەش پەیامبەر پێی بەخشیبوو, هەروەها (سلمان الفارسی)و (شقران الحبشی)و (ضميرة بن ابي ضميرة الحميری)و (عبيد)و (فضالة)و (قفيز)و (كركرة)و (كيسان)و (مابور القبطی)ی خەسێنراو, هەروەها (مدعم)کە ڕەشپێست بووەو خەڵکی ناوچەی حسمی لەشام بووە, هەروەها (مهران, یاخود طهمان) (ميمون)و (نافع)و (نفيع)و (واقد)و (هشام)و (يسار) ئەم ناوبراوە دەڵێن (عرینون) کوشتویانەو یاریان بەلاشەکەی کردووە, هەروەها (ابو الحمراء)و (ابو سلمى) کە شوانی پەیامبەر بوو, هەروەها (ابو ضميرة)و (ابو حسيب)و (ابو كبشة الانماری)و (ابو مويهبة)هەروەها ژمارەیەکی زۆریش کەنیزەکی هەبووە.

دوای کۆچەکەی بۆ شاری مەدینەو بەدەستپێکردنی غەزووەکانی ژمارەی ئەو کۆیلەو کەنیزەکانە زیادیان کرد کە لە جەنگەکاندا بەدیل دەگیران. لە ڕۆژانی دەوڵەتی ئەمەویشدا کە دەسەڵاتی ئیسلام بە چواردەوری خۆیدا بەرەو ئەندەلوس و ئەورووپاو ئەفریقا پەلی کێشا سوپاکانی دەوڵەت لە دوای هەموو غەزایەك بە ژمارەیەکی تەواو زۆری کۆیەڵەو کەنیزەکەوە دەگەڕانەوە. دەڵێن




دوای فەتحی ئیسپانیا هەندێك لەسەربازەكان گەڕاونەتەوەو لەگەڵ خۆیاندا بیستو پێنج هەزار كچی ئیسپانیان بۆ خەلیفەی ئەمەوی هێناوە.

سەربارى ئەوەش ئیسلام هەوڵیداوە كۆیلەكان ئازاد بكاتو لەجیاتی هەر كەفارەتێك كۆیلەیەك ئازاد بكرێت. بۆ نموونە لە سورەتی (النساء-92) وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَئًا وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ.

(نابێت هیچ ئیمانداریك ئیمانداریك دی بكوژێت مەگەر بەهەڵە, گەر بە هەڵە ئیمانداریكی كوشت دەبێ كەنیزەكێكی ئیماندار ئازاد بكات.. تا.)

هەروەها لە سورەتی (المائدة-89) {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ}

(خوا لێتان ناگرێت كە بە ئاسانی سوێنددەخۆن, بەڵكو لەوە لێتان دەپرسێتەوە كە هۆشتان لای هەبووەو بۆ مەبەستێك وتوتانە, كەفارەتی سوێندیش نانداندە بە(10)كەسی هەژار لەوخوردنە ئاساییەی خۆتان دەیخۆن, یان پۆشاكیان بۆ بكڕن, یان كۆیلەیەك ئازاد بكەن).

هەروەها لە سورەتی (المجادلة-3) وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا.




(ئەوانەی بە ژنەكانیان دەڵێن تۆ لەجێی دایكمانی, بۆ ئەوەی تەلاقی بدات, دوایی لەم قسەیەیان پەشیمان دەبنەوە, پێش ئەوەی ئەو ژنو مێردە بچنە پاڵ یەك دەبێ كۆیەلەیەك ئازاد بكەن).

كەچی لە هەمان كاتدا بۆ فەرزكردنی جیهاد لەسەر هەمو موسڵمانێك كە بتوانێ شمشێر هەڵگرێ هانی موسڵمانانی داوە ژمارەیەكی زۆر لە كۆیلەو كەنیزەك بۆ خۆیان دەستەبەر بكەن. وەك پێشتر باسمان كرد ئەو جەنگانەی كە موسڵمانەكان كردیان بۆ بڵاوبونەوەی ئیسلام ژمارەیەكی زۆری كۆیلەو كەنیزەكی بۆ هێنان كە ژمارەیان لە زۆریدا زۆر لەوە زیاتر بووە كە ئازادیان دەكردن.

مامەڵەی ئیسلام بۆ كۆیلە لەلایەنەكانی شەرعەوە بە براو خوشكە موسڵمانە ئازادەكان یەكسان نییە. هەرچەند پەیامبەریش وتویەتی (هیچ جیاوازییەك لە نێوان عەرەبێكو بێگانەیەكدا نییە تەقوا نەبێت) هەروەها (موسڵمانان وەك دانەكانی شانە وەك یەكن), كەچی جیاوازییەكی ڕوون لە تۆڵەدا دەبینین, بۆ نموونە سورەتی




{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى}.[3]

(ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە تۆڵەکردنەوەتان بەم شێوەیە بۆ دیاریکراوە پیاوی ئازاد بەپیاوی ئازاد, کۆیلە بە کۆیلە, مێ بە مێ)

بەپێی ئەم ئایەتە ژیانی کۆیلەیەك یەکسان نییە بە ژیانی کەسێکی ئازاد, ئەگەر کەسێکی ئازاد کۆیلەیەکی کوشت ئەوا لە تۆڵەیدا کەسێکی ئازاد ناکوژرێتەوە, بەڵام ئەگەر کۆیلەیەك کەسێکی ئازاد بکوژێت ئەوا دەکوژرێتەوە, بۆ کەنیزەکیش بەهیچ یەکێك لە ژنە ئازادەکان یەکسان نییە ئەگەر بێتو ئیمانداریش بێت.!! مەگەر نیوەی ژن تەنانەت لە سزادانیشدا نیوەی سزای لەسەرە.!

ژنی ئازاد هەموو گیانی عەورەتەو نابێت هیچ شونێکی لەشی خۆی دەربخات جگە لە دەستو دەموچاوی, بەڵام عەورەتی کەنیزەك نێوان ناوکیو ئەژنۆیەتیو گەر ئارەزووش بکات دەتوانێ سنگی دەربخات, هەروەها گەر کەنیزەك تەڵاق درا یاخود مێردەکەی مرد ماوەی چاوەڕوانی نیوەی ئەو ماوەیەیە کە ژنە ئازاد هەیەتیو کۆیلەو کەنیزەك بەبێ ڕەزامەندی سەردارەکەیان بۆیان نییە زەواج

---

[3] البقرة 178




بكه‌ن, گه‌ر كه‌نیزه‌كێك مێردی هه‌بێت‌و سه‌رداره‌كه‌ی بیفرۆشێت به‌و فرۆشتنه ته‌ڵاقی له‌ مێرده‌كه‌ی كه‌وتووه‌و بۆی نییه‌ ره‌خنه‌ش بگرێت.

ئایه‌تی 25 له‌ سوره‌تی النساء ده‌رباره‌ی كه‌نیزه‌ك ده‌ڵێت {وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلاً أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مِّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلاَ مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ وَأَن تَصْبِرُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ }

گه‌ر كه‌نیزه‌كێك داوێنی خۆی پاراست‌و دوایی كارێكی فاحیشه‌ی كرد ئه‌وه‌ نیو ئه‌وه‌نده‌ سزای له‌سه‌ره‌ كه‌ بۆ ژنه‌ ئازاد دیاریكراوه‌. لێره‌وه‌ گه‌ر كه‌نیزه‌كێك زینای كرد ڕه‌جم ناكرێت ئه‌گه‌ر بێت‌و زه‌واجیشی كردبێت به‌ڵكو په‌نجا جه‌ڵدی لێده‌ده‌ن‌و وه‌ك ته‌فسیری جه‌لاله‌ین ده‌یلێت به‌پێوانه‌ی كۆیلایه‌تی له‌گه‌ڵی ده‌كه‌ن.[4]

نیكاحی كه‌نیزه‌ك بۆ سه‌رداره‌كه‌ی ڕێگه‌ پێدراوه‌ هه‌ر كاتێك ئاره‌زووی كردو چه‌ندی ویست ده‌توانێ كه‌نیزه‌ك نیكاح بكات‌و هه‌ر موسڵمانێك گه‌ر

---

[4] تفسير الجلالين، ص 82




بەهۆی نەبوونی مادەوە نەیتوانی لە ژنە ئازاد بهێنێت ئەوا دەتوانێ بە مۆڵەتی سەردارەكەی كەنیزەك بهێنێ بەڵام ئەم ڕێگایە لەلای موسڵمانان باش نەبووە چونكە ئەو منداڵانەی كەو لەو زەواجە دروست دەبن ناتوانێ بیانبات بۆخۆی چونكە دەبنە موڵكی سەرداری كەنیزەكەكە.

عەرەب هەمیشە كۆیلەی لە خۆی بەكەمتر زانیوە, نەسائی لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (كاتێك هەواڵو دەنگوباسی مردنی نەجاشی, مەلیكی حەبەشە بڵاو بۆوە پەیامبەر بە مسوڵمانانی گوت نوێژێكی مردووی لەسەر بكەن, ئەوانیش وتیان نوێژ لەسەر كۆیلەیەكی حەبەشی بكەین؟؟.)[5] لەكاتێكدا ئەم پادشای حەبەشەیە (نەجاشی) لەكاتی دەربەدەریو لاوازی موسڵمانانی مەككەدا كە كۆچیان كرد بۆلایو پەنایان بۆ برد ئەویش ماڵداری كردنو نانو ئاوی دانێ, لەو كاتەدا كەس نەبوو پێی بڵێت كۆیلەی حەبەشی, هەروەها لەفەرموودەیەكی پەیامبەردا وتویەتی: (ملكەچی سەردارو بەخێوكەرتان بن ئەگەر ئەو سەردارەشتان كۆیلەیەكی حەبەشی بێتو سەری وەك دوومەڵ وابێت.)

مەبەستی فەرمودەكەش ئەوەیە ئەگەر هاتوو ڕیسواترین كەستان كە بوو بە والیتان ئەگەر كۆیلەیەكی حەبەشیش بێت ملەكەچی بن.

---

[5] نفس المصدر ص 114

لەم بارەیەوە مرۆڤ وا تێدەگات ئەو کۆمەڵگایانەی کە یاسا زەمەنییەکان حوکمیان تێدا کردووە ماوەیەك لە مێژوویاندا ڕێگەیان بە کۆیلەداری داوە, بەڵام ئەو وڵاتانە لە سەدەکانی نۆزدەو بیستدا کۆیلایەتیان حەرام کرد. بەڵام ئیسلام ئاینێکی ئاسمانییەو لای خوایەکەوە هاتووە کە هەموو مرۆڤێکی لە ئادەموحەواوە دروستکردووەو هەمووی یەکسانکردوون, خەلیفە عومەریش وتویەتی (لە کەیەوە مرۆڤایەتیتان بەکۆیلە کرد کە بەئازادی لە دایکبوون؟!!).

ئیتر چۆن ئایینی ئاسمانی ڕێگە بەکۆیلایەتی دەدات؟ بە باوەڕی من هاندان بۆ ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار یەکسان نییە بەحەرامکردنی کۆیلە..!! دەبوو ئیسلام بە دەق کۆیلەداری حەرام بکردایە. جێی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین کە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە دەستوریاندا کۆیلەدارییان حەرام نەکردووە ئەگەرچی مومارەسەشی ناکەن چونکە لە ئیسلامدا کۆیلەداری ڕێگە پێدراوە.

هەروەها جێی خۆیەتی بڵێین بەپێی ئەو هەواڵانەی بەم دواییانە لە مۆریتانیاوە دەردەچن وا دەردەکەوێت ئێستا ئەو وڵاتە بەهۆی دامەزراوەکانی کۆیلەو هەوڵی بێوچانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری دوچاری ململانێیەکی ناوخۆیی بووە واش دەردەکەوێت کەلەناوچەکانی (الحديث و المتغرب)دا لەلایەن لیژنەی نیشتمانی بۆ ڕزگاری نیشتمان– الجنة الوطنية للخلاص الوطني)




بریاری هەڵوەشانەوەی کۆیلەداری دەرکردبێت, کە ئەمەش لەگەڵ بۆماوەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامی تێکەڵ دەبێو ناوەندێکی کلتووری کە ئەندامێی لە کۆمەڵگادا هەیە هەر ئەوە بەرگری لە دژی گۆرانکارییە نوێیەکان دەکاتو داوا لە حکومەت دەکات کە تەعویزی خاوەندارانی کۆیلە بکاتەوە نەك کۆیلەکە, ئەو کۆیلەیەشی لەلای گەورەکەی (خاوەنەکەی) ڕادەکات بەپاڵپشتی فەتوایەکی ڕەسمی ئیسلامی جێگیرکراوەو لەو وڵاتەدا بەزۆر ئەو کۆیلەیە دەگێڕنەوە بۆلای خاوەنەکەی. (بڕوانە السفير اللبنانية في 1980/7/7) لە سەدەی نۆزدەدا کاتێ ئینگلیز دەستی کردە فشارخستن بەسەر ئەو وڵاتانەی کە مومارەسەی کۆیلەداری دەکەن تا حەرامی بکەن سوڵتانی وڵاتی مەغریب نوسیوێتی (بازرگانی کۆیلە کارێکە لەلایەن هەموو نەتەوەکان هەر لە زەمەنی باوە ئادەمەوە تا ئێستا کاری پێکراوەو لەلایەن هەموو مەزهەبەکانەوە ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوەو من باوەڕم وایە هیچ نەتەوەیەك یان هیچ مەزهەبێك لە ئارادا نییە کۆیلەداری حەرام بکات, تەنانەت گەر کەسێك تەنها بیر لەوە بکاتەوە کەبازرگانی کۆیلەداری کارێکی ئەخلاقی نییە بەڕاستی ئەمە جێی سەرسوڕمانە! گەر کەسێك بپرسێ بۆچی جێی سەرسوڕمانە, ئەوە وەڵامەکەی لای خوای




شکۆدار جێگیرو چەسپاوەو دیارەو پێویست بە دەرخستنی ناکات چونکە ڕووناکی خۆر پێویست بە نیشاندان ناکات.[6]

[6] Bernard Lewis, Race and Slavery in the Middle East (Oxford University Press), p 108




## بەشی نۆهەم

## جیهاد و
## بڵاوبوونەوەی ئیسلام

وەك پێشتر زانیمان كاتێك پەیامبەر لەمەككەدا لاواز بوو لەگەڵ كافرەكاندا لێبووردە بوو، بەڵام تەنها ئەوەندە بۆ مەدینە كۆچی كردو هێزی پەیداكردو رەگی داكوتا چەند ئایەتێك دەركەوتن كەهانی موسڵمانانی دەدا بۆ شەڕ. یەكەمین سورەتیش لەمەدینەدا بۆ ئەم چەمكە دابەزی بێت سورەتی بەقەرە بوو كەتێدا ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە:

(وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ)[1]

لەهەر شوێنێك كافرەكانتان بینییەوەو دەستتان بەسەریاندا رۆییشت بیانكوژن، وەك چۆن ئەوان كردیان ئێوەش دەربەدەریان بكەن، فیتنەش لەكوشتن گەورەترە.

---

1 البقرة: 191




دواتر ئایەتی (193) لەهەمان سورەت دەركەوت:

(وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ).

بیانكوژن تا فیتنە دروست نەبێو دینیش – هەموو یاساو ڕێسایەك– تەنها بۆ خوا بێت، ئەگەر وازیانهێنا ئەوا ئەو كاتە دوژمنایەتی تەنها لەگەڵ زاڵمەكاندا دەكەین.

لەو ساتەوە جەنگو كوشتار لەسەر موسڵمانان فەرزكراوەو ناویان ناوە جیهاد. جیهادیش بووەتە كارێكی فەرزو دەبێت بەڕێوە بچێتو هەر كەسێك تواناى هەبوو لەسەرى ئەركە جیهاد بكات.

دواتر ئایەتێكی دیكە دابەزی:

لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا).[2]

---

2 النساء: 95




ئەو ئیماندارانەی لەماڵەکانی خۆیاندا دانیشتوون لەگەڵ ئەو موجاهیدانەی بەخۆیانو ماڵیان لەپێناوی خوادا دەجەنگن پلەو پایەیان وەك نییە، مەگەر ئەوانەی کەناتوانن (وەك نەخۆش، کوێر، کەم ئەندام) خوا فەزڵی ئەو موجاهیدانەی کەبەسەرو ماڵ جیهاد دەکەن زۆرتر پێداون بەپلەیەك لەبەرامبەر ئەوانەی جیهاد ناکەنو دامیشتوون.

ڕەنگە کەسێك بڵێ خوا ئەو موجاهیدانەی کەبەدارایی جیهاد دەکەن لەسەرووی ئەو موجاهیدانەوە داناون کەبەگیانی خۆیان جیهاد دەکەن، کەمەبەستی جیهادی بەخشینی ماڵو پارەیە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کەئەم ئایەتانە لەسەرەتای کۆچەکەی پەیامبەردا لەمەدینە دابەزیون، واتە کاتێك کەئیسلام لەسەرەتای پێکهێنانی دەوڵەت بوو بۆ موسڵمانان. ئەم دەوڵەتەش پێویستی بەپارە هەبوو تا پێداویستییەکانی سوپا دابین بکاتو کەسوکاری موسڵمانە کوژراوەکان بەخێو بکات، لەبەر ئەمە بوو کەباسکردنی پارە گرنگ بووە.

بەڵام پاش ماوەیەکی کورت بیرو ڕەفتاریان تەنها لەسەر کوشتار کۆکردبووەوە, ئەمەش بەڕوونی لەسورەتی نیسائدا دیارە.

(فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيُقْتَلْ أَو يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا).[3]

دەبا لەپێناوی خوادا بجەنگن ئەوانەی ئەم ژیانە دەفرۆشن بەرۆژی دوایی، هەر کەس لەپێناو خوادا بجەنگێتو بکوژرێت یان سەرکەوێت ئەوا لەئاییندەدا پاداشتی گەورەی پێدەبەخشین.

لە دواییدا ئایەت لەدوای ئایەت لەسەر جەنگو کوشتار دابەزی:

{إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ}.[4]

ئەوە وەبیرخۆت بهێنەرەوە کەپەروەردگارت وەحی بۆ فریشتەکان دەکرد کەبەراستی من یاوەرتانم, کەوابوو ئێوەش دڵی ئیمانداران بەوە بچەسپێننو منیش ترسو بیم دەخەمە نێو دڵی ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە, لەسەرووی گەردنەوە لێیان بدەنو لەهەموو سەرپەنجەکانیان دەست بووەشێنن.

{فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا}.[5]

[3] النساء: 74
[4] الانفال 12




كاتێك گەیشتن بەوانەی باوەڕیان نەهێناوە لەگەردنیان بدەن تا كوشتاری زۆریان لێدەخەن, جا كەهێزیان نەما بەدیل بیانگرنو باڵبەستیان بكەنو یەكێك لەم دوو كارەیان لەگەڵ ئەنجام بدەن: یان بەپیاوەتیو بەمنەت, یان بەفدیەو گۆڕینەوە ئازادیان بكەن تا شەڕ كۆتایی دێتو ئاسەواری نامێنێت.

هەروەها دابەزینی ئایەتی شمشێریش هەموو ئەو پەیماننامانەی هەڵوەشاندەوە كەلەگەڵ یەهودو موشریكەكاندا بەستبوویو دەرگای جیهادیشی خستە سەرپشت:

{فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ}.[6]

هەركات مانگەكانی حەرام تەواوبوون، موشریكەكان بكوژن, لەهەر شوێنێك بەردەستان كەوتن، بەدیل بیانگرن، چواردەوریان بتەنن، بەهەموو شێوەو شێوازێك بۆسەیان بۆ دابنێن، ئەگەر پێشتر پەشیمان بوونەوەو تۆبەیان كردو

[5] محمد 4
[6] التوبة 5




وازیان لەكارەكانی پێشوویان هێناو نوێژیان دابەستو زەكاتیاندا، وازیان لێبهێننو ئازادیان بكەن, چونكە خوا بەڕاستی لێخۆشبوو دلۆڤانە.

هەرووەها لەهەمان سورەتدا

{قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ }.[7]

بكوژن ئەوانەی كەباوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی نییەو ئەوشتانەی خواو پەیامبەر بەحەرامیان داناوە حەرامی ناكەنو ملكەچی دینی ڕاستی نابن لەخاوەنی كتێبەكان (یەهودو مەسیحی و..) هەتا ئەوكاتەی بەملكەچیو زەلیلی سەرانە دەدەن.

دوای هاندانی موسڵمانان ئینجا نۆرەی ئەو موجاهیدانە هات كەلەبەرەكانی شەڕدا هەڵدەهاتن

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفاً فَلاَ تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ, وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلاَّ مُتَحَرِّفاً لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزاً إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاء بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ.[8]

---

[7] التوبة 29




ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك بەرەنگاری ئەوانە بوونەوە کە باوەڕیان نەهێناوە پشتیان تێمەکەنو رامەکەن, هەر کەس لەو ڕۆژەدا ڕابکات ئەوە بەراستی جێی خەشمو قینە لەلایەن خواوە, مەگەر ئەوانە نەبێت بەمەستی هونەری جەنگ جێگۆڕکێ دەکەنو..تاد.

لەئایەتێکی دیکەدا خوا قسە لەسەر ئەوانە دەکات کەبەبێ جیهاد دەیانەوێ بچنە بەهەشتەوە

{أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللّهُ الَّذِينَ جَاهَدُواْ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ}.[9]

واتان داناوە دەچنە بەهەشتەوە؟ کەهێشتا خوا دەریشی نەخستووە کامتان هەوڵو کۆششو جیهادی کردووەو کامتان خۆڕاگر بووە.

لەدوای ئەوەی خوا ئیماندارانی لەهەڵهاتنی جەنگ ئاگادار کردەوە، پێیان رادەگەیەنێت هێشتا ئەو موجاهیدانەی دیاری نەکردووە کەدەچنە بەهەشتەوە، لەمەوە موسڵمانەکان شمشێرەکانیان هەڵکێشاو لەناو شارو دەوروبەرەوە لەدژی یەهودو موشرکین پاڵەپەستۆی غەزایان کرد.

---

[8] الانفال 15 , 16

[9] ال عمران 142




زۆر زەحمەتە بزانین هۆکارە گرنگەکانی ئەم پاڵنەرە بۆ جیهاد بووە یاخود بۆ دەستکەوت کەتێیدا هەموو سامانو کەنیزەکێك حەڵاڵ بووە. بەهەرحاڵ ناوچەکانی نەجدو حیجازو ناوچەکانی دیکەی دوورگەی عەرەب خرایە بەردەستی پەیامبەرو هەموو ئەوانەی کەموسڵمان نەبوون حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ ناچاریان کردن بەسەرشۆڕی سەرانە (جزیە, پارە) بدەن.

لە دوای مردنی پەیامبەر، خەلیفە ئەبو بەکر لەساڵی 634ی زاینی سوپایەکی گەورەی بۆ داگیرکردنی سوریا ئامادەکرد. لەو هەڵمەتەدا موسڵمانان نزیکەی چوار هەزار مەسیحیو یەهودیان کوشتو بورجەکانیان تێکشکاندو ماڵو خانوو کڵێساکانیان سوتاند، ئەمەش بەپێی گەواهی نامەی (القدیس سوفروس) لەشاری قودسدا.[10]

هەروەها لەناوچەی نێوان دوو ڕووبار)یش (Mesopotamia) لەنێوان ساڵەکانی 635-642ی زاینی سوپای موسڵمان هەموو ماڵو خانووەکانیان ڕووخاندنو ڕاهیبەکانین کوشتو عەرەبە مەسیحیەکانیشیان ناچارکردن ببنە موسڵمان.

[10] Ibn Warraq, Why I am Not A Muslim, p 219

کاتێکیش (عمرو بن العاص) میسری داگیرکرد کارێکی بەدانیشتوانی ئەو شارە کرد کەفیرعەون بەیەهودییەکانی نەکردبێت. بەپێی ئەو راپۆرتەی (قەشە جۆن) نوسیویەتی: ئەو کاتەی دەچنە شاری بەهنیسەوە کەنزیك شاری فەییومە هەموو ئەوانەیان کوشت کەخۆیان تەسلیم بەموسڵمان کردو بەزەییان بەکەسدا نەهاتەوە نە ژنو نە منداڵیش..!!! چارەنوسی خەڵکی فەییومیش لەچارەنوسی دەوروبەری باشتر نەبوو.

هەموو ناوچەکانی باکوری ئەفەریقاش تووشی هەمان چارەنووس بوونەتەوە، بەتایبەت تەرابلوس کەلەساڵی 643دا داگیرکرا. معاویەش کارێکی بەقوبرس کرد کەعەمروی کوڕی عاص بەمیسری نەکردبوو.

غەزای سیندو هیند لەسەردەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا بەلوتکەی توندوتیژی جیهاد لەئیسلامدا پێناسە دەکرێ، سەرکردەی سوپای حەجاج لەسینددا ساڵی 712ی زایینی (محمد بن القاسم) بوو. حەجاج فەرمانی پێکردبوو ماڵوێرانیو کاولکاری بەسەر کافرەکاندا بهێنێ مەگەر موسڵمان ببنو شایەتمان بەیەکانەیی خواو پەیامبەرێتی محمد بێنن. جگە لەمە هەموو ئەو کەسانە بکوژرێن کەموسڵمان نابن. ئەو رۆژەی کەکەنارگەی (دیبال)یان داگیرکرد سەرکردەی موسڵمانەکان سێ رۆژ مۆڵەتیدا بەسەربازەکانی تا شارەکە بۆ

خۆیان حەڵاڵ بکەن، ئەوانیش ئەوەی بۆیان کرا لەهەموو شێوەو جۆرە دەستکەوتێك درێغییان نەکرد، بەڵام لەدوای سێ ڕۆژەکە ئاسانکارییان بۆ ئەو کەسانە کرد کەخەڵکی شارەکە بوونو تا ئەو کاتە نەکوژرابوون ڕێگەیان پێدرا مومارەسەی باوەڕی خۆیان بکەن، بەڵام ئەم کارە حەجاجی کوڕی یوسفی قایل نەکردو نامەیەکی بۆ سەرکردەی سوپاکە نارد کەتێیدا نوسیبووی: (بیرت دەخەمەوە کەخوای گەورە دەفەرمێ "گەردنیان بپەڕێنن" جا کەزانیتان هێزیان نەما بەدیل بیانگرنو دەستو پێیان کۆت بکەنو..هتد). {فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ..}.[11]

ئینجا ئەو فەرمانەی بۆ دووپاتکردەوە کەهەڵسێت بەکوشتنی هەموو ئەو پیاوانەی شەڕیانکردووەو کەنیزەکەکانیش بەدیل بگرێت. لەسەر ئەم بڕیارە کاتێك سوپای موسڵمانان چوونە ناو شاری (برهامباد)ەوە (محمد بن القاسم) فەرمانی دەرکرد "هەموو ئەو پیاوانەی کەسەرباز بوون سەریان بپەڕێنرێت". ژمارەی سەربڕاوانی ئەو کارەساتە بەشەش هەزار مەزەندە کراوەو هەندێکیش دەڵێن شانزە هەزار بووە.[12]

---

[11] محمد 4

[12] Ibn Warraq, Why I am Not a Muslim, p 220




هیندیش کەلەساڵی (1000)ی زاینی لەلایەن (محمود القازنی)ەوە داگیرکرا, لەگەڵ خۆیدا گەردەلولێکی بردە ئەو ولآتەوە، پەرستگاکانی رووخاند، ئاڵتونو زێرو زیویان هەڵلوشی، ئەوەندەی خوا حەزو ئارەزووی کرد کوشتاریان کرد، هەموو ئەمانەشیان بەپاساوی جیهاد لەپێناوی خواو پەیامبەرەکەیدا بەجێدەگەیاند.

یەکەم جار بەبەدیلکردنی پاشا (بنجاب) دەستی پێکرد، دواتر دانیشتوانی شاری (قور)یان ناچارکرد ببنە موسڵمان. کاتێکیش شاری (ماتورا)یان داگیرکرد کەشوێنگەو قیبلەگای (خوای کریشنا) بوو، گەورەترین پەرستگایان رووخاندو تێیدا دەستیان گرت بەسەر پێنج پەیکەری گەورەی ئاڵتونی رەشادی، کەدرێژی هەر پەیکەرێك پێنج یارد بووەو چاوی پەیکەرەکان لەبەردی بەنرخ دروستکرابوون.[13] هەروەها لەشاری (سومنات)یش ناوبراو (محمود) نزیکەی پەنجا هەزار (50.000) کەسی کوشتو ئەوەی بۆی لوا هەڵیلوشی.

[13] Smith, V A, The Oxford History of India, Delhi, 1985, p 207 (Quoted in Ibn Warraq, Why I am not A Muslim p 221




ئەندەلوسیش کەخالیدی کوڕی وەلید چووە ناوی، حاڵی لەوان باشتر نەبوو، دەستیکرد بەکوشتەو بڕینو دزینو سەرانەشیان خستە سەر ئەو کەسانەی کەنەدەبوونە موسڵمان.

لەکتێبی (التاریخ الکامل- إبن الأثیر ، 1160-1233) بەدرێژی شەڕەکانی ئەندەلوس دەخوێنینەوە. بۆ نموونە لەساڵی 793دا ئەمیر هشام بەسەرکردایەتی (عبدالملك بن عبدالواحد بن مغیث) ناردە ناوەڕاستی ئەندەلوسو ئەویش قەڵەمڕەوی کرد تا گەیشتە قەیرەوان، بەدرێژایی چەند مانگێك لەتەواوی وڵاتەکەدا کاری هەر ئەوە بووە کەبکوژێو هەڵلوشێو ژنەکانیان بەکەنیزەك بگرێ. کاتێکیش بەسەلامەتی گەڕایەوە چەند دیلێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو مەگەر خوا دەنا کەس ژمارەی دیلەکانی نەزانیوە.[14]

لە ئەنجامی جیهادێکی لەم شێوەیە ئیسلام لەدوورگەی عەرەبو باکوری ئەفریقاو تورکیاو هیندو سیندو ئەرمینیاو فارسو ئەندەلوسو چەند بەشێك لەئەورووپای ڕۆژهەڵات بڵاو بووەوە. ئەوەی کەجێگەی گومان نییە ئەوەیە کەدانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەو وڵاتانە لەژێر هەڕەشەو گوڕەشەی کوشتنو سەرانەدا بوونە موسڵمان، هیچ کەسێك هەوڵی نەداوە لەرێگەی دیالۆگو

[14] Robert Spencer, Islam Unveiled, p 136




بیروراگۆڕینەوە بەموسڵمانێتی رازیان بکاتو ئەوانیش جگە لەموسڵمان بوونیان هیچ رێگەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبووە. بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونەمان وڵاتی ئەندەلوسەو پاش ئەوەی پێنج سەد ساڵ ئیسلام لەو وڵاتەدا بوو، هەر ئەوەندەی زۆر بۆ سوپای عەرەب هاتو لەو ناوچانەدا نەمان زۆر بەخێرایی دانیشتوانە رەسەنەکان گەڕانەوە بۆ ئایینی مەسیحیو لەتەواوی ئیسپانیادا کەمینەیەکی زۆر کەم نەبێت موسڵمانی تێدا نەما. هەمان شتیش لەئەورووپای رۆژهەڵاتو ئەرمینیاو چەند شوێنێکی دی روویداوە.

بەشێکی زۆری ئەوانەی لەدوورگەی عەرەبیدا بوونە موسڵمان بەزەبری شمشێر بووە وەك لەوتارەکەی (ثابت بن قیس بن شماس)دا بەروونی دیارە، ئەو رۆژەی (بنو تمیم) چوونە لای پەیامبەر بۆ ئەوەی بەیعەتی بدەنێ (ثابت) وتی: "ئێمە ئەندامانی خواو وەزیری پەیامبەرین شەڕی خەڵکی دەکەین تا ئیمان دەهێنن، جا هەر کەسێك ئیمانی بەخواو پەیامبەرەکەی هێنا سەرو ماڵی بەئێمە حەرامە، هەر کەسێکیش ئیمانی نەهێنا هەتا ماوین لەپێناوی خوادا جیهادی لەگەڵ دەکەین‌و کوشتنی ئەو بۆ ئێمە ئاسانە.[15]

---

[15] مختصر السيرة لابن كثير، ص 436 (مصدر سابق)




بەم پێیە هیچ ڕێگەیەکی تر لەبەردەم خەڵکیدا نەبووە، یان ئیسلام یان کوشتن. تەنها بەمردنی پەیامبەر چەند هۆزێکی عەرەب لەئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئەمەش خەلیفە ئەبوبەکری ناچارکرد بەناوی هەڵگەڕانەوەیان هێرش بکاتە سەریانو بەزۆری زۆرداری ناچاریان بکات بگەڕێنەوە بۆ باوەشی ئیسلام.

تەنانەت موسڵمانانی ئێستای وڵاتە عەرەبیەکانو چەند وڵاتێکی ئیسلامی دیکە لەرێی ویراسەوە بوونەتە ئیسلام چونکە لەژینگەی ماڵە موسڵمانێکدا پەروەردە بوون جگە لەئیسلام هیچ ئایینێکی دیکەیان نەزانیوە، یاخود بەمانایەکی دیکە جگە لەهەڵبژاردنی باوەڕی خێزانەکە ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەبووە. لەدواییشدا گەر کەسێك هەوڵی دابێ لەئیسلام بچێتە دەرەوە بەمورتەد (هەڵگەڕاوە) دایاناوەو وەك خەلیفە ئەبوبەکر پێش (1400) ساڵ کردی خوێنی ئەو کەسانەیان حەڵاڵ کردووە. زۆرگەلێك نموونە لەوڵاتانی میسرو کوەیتو پاکستانو چەندانی دیکە لەسەر ئەو موسڵمانانە هەن کەویستیانە وازلەموسڵمانێتی بهێنن‌و ببنە مەسیحی کەچی دواتر بەتاوانی هەڵگەڕاوە خۆیان لەدادگاکانی شەرعدا بینیوەتەوە.




جا ئایا ئیتر هەر موسڵمانێك دەتوانێ بڵێ کەئایەتی: ({لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ}[16] (هیچ رقو کینەیەك لەئایینی ئیسلامدا نییەو ڕێگەی ڕاستەو دروست لەگومڕاییو سەرکەشی جیابۆتەوە) ئێستا مانایەکی ئەوتۆ بۆ ئەوان دەبەخشێ؟؟؟ سەرباری ئەم ئایەتەش ژمارەیەکی بێشومار لەتوندڕەوان هەن بۆ جیهادکرنەسەر ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەئایینی ئیسلام دەرچن هەمیشە لەئامادەباشیدان بەو پاساوەی ئەم ئایەتەی پێشوو بەئایەتی شمشێر نەسخ بۆتەوەو پاساوی ئەوە دەهێننەوە کەئەمەی دەیکەن ڕێنیشاندەرێکە لەخواوە, بەڵام خوا لەئایەتێکدا دەڵێت:

{وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ}.[17]

پەیامبەر (محمد) تاکە پەیامبەر نەبووە کەوەفات بکات, پێش ئەویش پەیامبەرانی دیکە هەبوونو وەفاتیان کردووە, بەڵام ئایا کەپەیامبەر مرد یان کوژرا ئێوە پاشگەز دەبنەوەو هەڵدەگەڕێنەوە؟؟؟ ئەوەی هەڵدەگەڕێتەوەو پاشگەزدەبێتەوە هیچ زیانێك بەخوا ناگەیەنێت..تاد.

---

[16] (256) سورة البقرة

[17] (144) سورة آل عمران




قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: هەڵگەڕانەوە (انقَلَبْتُمْ) واتە هەڵگەڕانەوە لەئیسلام, ئەوانەشی هەڵدەگەڕێنەوە هیچ زیانێك بەخوا ناگەیەنن.

ئەی ئێتر توندرەوان بۆچی لەجیاتی خوا جیهاد دەکەن, وەك بڵێی خوا توانای سزای ئەو کەسەی نەبێت کەدەیەوێت لەئیسلام هەڵگەڕێتەوە؟؟؟

سەلەفییەکان ئەم چەمکەیان لەجیهاد قۆستۆتەوەو نەشتەرگەریی مێشکشۆریان بۆ منداڵە بێتاوانەکان کردووەو قەناعەتیان پێهێناون ئەگەر لەپێناوی خوادا جیهاد بکەنو خۆیان بکوژن ئەوا خوا پاداشتیان دەداتەوە بەو کچە پەرییانەی کەهەر لەئێستاوە لەبەهەشتی فردەوسدا چاوەڕێیان دەکەن.. بەم شێوەیە دەیان (بگرە هەزاران, وەرگێڕ) لەپێناوەی خوادا شەهیدبوون.

ڕەنگە کەسێك بڵێ ئەم شەهیدبوونە تەنها لەسەر ئیسلام ماڵ نییە, ئەوەتا یابانییەکان لەشەڕی دووهەمی جیهانیدا کردویانە کەبەچالاکی (کامازاکی) ناسراوە لەدژی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا پێی هەڵسان.! ئێمەش دەڵێین یابانییەکانی ئەوسا توندرەوەکانی ئیسلامی ئێستان.!! باوەڕیان بە خوایەتی ئیمپراتۆرەکەیان هەبوو, بەمانایەکی دی ئەوان بڕوایان وابوو ئیمپراتۆرەکەیان (هیرا هیتۆ) ڕۆحی خوای تێدا بەرجەستە بووە, هەر شتێك ئیمپراتۆر بیڵێت واتە خوا وتویەتی.! ئیمپراتۆرەکەیان (خواکەیان) فەرمانیدا کەشتییەکانی دوژمن




بتەقێننەوەو لەپێناوی ئیمپراتۆرو نیشتماندا شەهید بن, ئەوانیش وایان کرد.! جگە لەمە هیچ ئایینێکی دیکە نییە والەشوێنکەوتووانی بکات لەپێناوی خواکەیاندا خۆیان بکوژن.




## بەشی دەهەم

## ئیسلام چی لە ئایینەکانی دیکە وەرگرتووە

بەبێ گومان ئیسلام بەهۆی دراوسێیەتیو تێکەڵاوی دوورگەی عەرەبی دورگە لەگەڵ یەهودو نەساریو فارسو حەبەشەو هنددا چەند شتێکی لەوانەوە وەرگرتووە، با سەرەتا لە یەهودیتەوە دەستی پێبکەین چونکە زۆرترین کاریگەری لەسەر ئیسلام هەبووە. چەند وشەیەکی دیاریکراو هەن لە قورئاندا نوسراون کەعەرەبی نینو بە ئاسانی دەگێڕدرێنەوە بۆ زمانی عیبری، بۆ نموونە:

تابوت

تابوت وشەیەکی عەرەبی نییە. ئەو وشانەی کە بە (وت) کۆتاییان دێت یان عبرین یان کلدانی یان سریانی. قورئانیش دوو جار وشەی تابوتی بەکارهێناوە کە ماناکانیان جیاوازن. لە سورەتی (طـه: 39)دا کاتێك کە قورئان لەگەڵ موسادا قسە دەکات، باسی ئەو کاتە دەکات کە دایکی بە منداڵی خستوویەتیە رووبارەکەوە:




{أَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّابُوتِ فَاقْذِفِيهِ فِي الْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ الْيَمُّ بِالسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِي}

لێرەدا تابوت بە مانای زەمیلەیەکی بچووك دێت کە موسایان تێدا داناوە. هەمان شتیش لە تەوراتدا هەیە.

وعندما لم تستطع إخفاءه اطول من ذلك، أخذته ووضعته في تابوت من الحشائش وطلت التابوت بالغار ووضعت فيه الطفل، ووضعته بضفة النهر.[1]

جاری دووهەم کە قورئان وشەی تابوت بەکار دەهێنێ لە سورەتی (بەقەرە: 248)دایە کاتێك خەڵکەکە بە پەیامبەرەکەیان (شمویل) دەڵێن: فریشتەیەکمان بۆ دابەزێنە با لە جەنگەکەدا هاوکارمان بێت:

{وَقَالَ لَهُمْ نِبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلآئِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ}

[1] سفر الخروج: الاصحاح الثاني، الآية الثالثة




لێرەدا وشەی تابوت بە پێی تەفسیرەکەی "جەلالین" بە مانای سنوقێك هاتووە کە وێنەی پەیامبەرانی تێدا بێت هەر لە ئادەمەوە تا بەنی ئیسرائیل درێژ بوو بێتەوە.

لە کاتێکدا وشەی تابوت مانای باوەڕنامە (پەیماننامە – المیثاق) دەگەیەنێت لەنێوان خواو بەنی ئیسرائیلدا.

جهنم

ئەم وشەیە لە زمانی عبرییەوە داتاشراوە، یەکەمجار ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ شوێنێك کە پێی دەگوترێ دۆڵی (هینۆم) (The Vale of Hinnom) ئەو شوێنە تایبەت بوو بە پەرستنی بت، لە رقو کینەی یەهودیەکانیشەوە ئەم دۆڵە بە دۆڵی ئەشکەنجە یاخود جەهەننەم ناسراوە (Gehinnom). ئەم وشەیە لە تەلمودی یەهودیدا ناسراوە، هەروەها لە ئینجیلیشدا بە (جهینا – Gehenna) بەبێ (م) هاتووە، ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا سریانییە، Gashishoye, کەبەمانای گەورە پیاوان, واتە سەرەك خێڵ هاتووە.[2] بۆی هەیە محمد لە نەصارییەکانەوە گوێی لەم وشەیە بووبێت، بەڵام زۆرترین گومان ئەوەیە کە لە یەهودییەکانی مەککەوە وەریگرتبێت..

[2] The Origins of the Koran: Ibn Warraq, Prometheus Books, p.168




احبار

وشەیەكی عبرییە (Habber) بە مانای (هاودەم – مرافق– هاوەڵ– هـاودەنگ) دێتو لە مشنەی یەهودیدا بەكارهاتووە. لە بنەڕەتدا ئەم وشـەیە وەك ئاماژەیـەك بۆ كۆمەڵێك یەهودی بەكارهاتووە كە موتەدەیین بوونو خۆیان لە یەهودییەكانی تر دابڕاندبوو تەنها بۆ پەرستن نەبێت خۆیان لە هەموو شتێك داماڵیبوو. زۆر بـە پەرۆش بوون كەلتووریان دەماودەم بگێڕنەوە. بۆ ئەنجامـدانی ئـەم كـارەش هـەر دەبوو لەگەڵ خەڵكیدا پەیوەندی ببەستنو سەبارەت بە كەلتوور بۆیـان بـدوێن، لەبەر ئەمە بە مامۆستا یان مودەریس ناویان بردوون. یـەك لەوانـەش بـە (حـبیرم Habberim) ناسراو بووە.

بۆ وشەی (الرهبان)یش ئەم وشەیە لە زمانی سریانییەوە وەرگیراوە، نەصارییەكان لە دوورگەی عەرەبیدا بەكاریان دەهێنا. بنەڕەتی وشەكەش لـە زمـانی سـریانیدا (رحبوی Rahboye) هاتووە بە واتای (یەكێك لـە خـوا بترسـێت) هـەروەها وشـەی (قـسیس – قسیـسین) لـە وشـەیەكی سـریانییەوە داتاشـراوە (Gashishoye) بە مانای گـەورەكان، ئامـاژە بـۆ سـەرۆك خێڵـەكان. لـە قورئانـدا كۆكردنـەوەی هـەردوو وشـەكە لـە سـورەتی (المائـدە) ئایـەتی (82) دەبینین:




{لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ}

ربانى

ڕه‌ببانی وشه‌یه‌کی عیبریه له‌ناو یه‌هودییه‌کاندا به‌کارهاتووه ماناکه‌ی ئاماژه‌یه بۆ (مامۆستا – معلم)و بنه‌ڕه‌ته‌که‌ی بریتییه له ( Rabbi رابای)و له‌م سه‌رده‌مه‌شدا به‌کارده‌هێنرێت که ماناکه‌ی ده‌بێته پیاوی ئایینی یه‌هودی یاخود ئه‌و مامۆستایانه‌ی یه‌هودییه‌کان فێری ئایینپه‌روه‌ری ده‌که‌ن.

وا ده‌رده‌که‌وێت که وشه‌ی (ربان) پله‌یه‌ك له سه‌رووی (رابای)یه‌وه بێت، قورئانیش له سوره‌تی (المائده: 44)دا باسی کردووه:

إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ.

السبت




لەلای عەرەب پێنج ڕۆژی هەفتە لەسەر ژمارەبەند ناوبراوە تێیدا (یەكو دوو و سێو چوارو پێنج) هاتووە. شەشەم ڕۆژ ئەو ڕۆژە بوو كە خەڵكی مەككە لە كۆڕێكدا كۆبوونەتەوە تا رازو نیازی یەكتر وەربگرنو ئەو ڕۆژەیان ناوناوە (هەینی – الجمعة) تاكە ڕۆژێك كە لەگەڵ ڕۆژەكانی تردا جیاواز بێت ڕۆژی شەممەیە (السبت) كە ئەمەش لە یەهودییەكانەوە وەرگیراوەو بەحەوتەمین ڕۆژیان داناوە (Sabbath) ئەم ناوە لای ئیسلامیەكان بوو بە سەبتو لە قورئاندا لە سورەتی (بەقەرە: 65)دا باسكراوە:

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَواْ مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ.

المثاني

پێشتر وتمان هاودەمەكان (الاحبار) ئەوانە بوون كە زۆر بە پەرۆش بوون دەماو دەم كەلتوور بگوێزنەوە، ئەم ڕێگەیەی ئەوان گرتبوویانە بەر ناوبراوە بە (مشنە Mishnah) پیتی (ش)ی عەرەبی لە عەرەبیدا دەبێ (س) بۆیە لە وەرگێڕاندا وشەی (مشنە) دەبێت بە (مسنە) جا لەبەر ئەوەی وشەكە تاكە لە عەرەبیدا، كۆكەی دەبێت بە (مسانی)و چەند تەصریفێكی تێكەوتو (س) بوو بە (ث)و وشەكە بوو بە (مثاني). وەك لە سورەتی (الحجر: 87)دا هاتووە:

{وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ}




وەك پێشتر باسمانکرد ئەم وشەیە (المثاني) عەرەبی نییەو هیچ کەسێکیش لەوانەی قورئانیان شیکردووەتەوە نەیانزانیوە مانا راستەقینەکەی چییە.

ئەمە بۆ چەند ووشەیەك، بەڵام بۆ ئەو بیرۆکانەی کە ئیسلام لە یەهودی وەرگرتوون ئەوە ژمارەیان زۆرە، بۆ نموونە ئەگەر مەسەلەی دروستکردنی زەوی‌و ئاسمانەکان وەربگرین دەبینین ئیسلام دەڵێ: خوا لە ماوەی شەش رۆژدا زەوی‌و ئاسمانەکانی دروستکرد، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە یەهودی‌و نەصرانییەکان پێشتر وتویانە. جیاوازییەك هەبێت ئەوەیە کە یەهودی‌و نەصرانییەکان دەڵێن خوا لە رۆژی حەوتەمدا پشووی دا ، قورئانیش ئینکاری لەمە دەکاو لە ئایەتی (38– ق) دەڵێ:

{وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ}

(ئێمە ئاسمانەکانو زەوی‌و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە لەماوەی شەش رۆژدا درووستمانکردونو ماندوویەتی رووی تێنەکردووین) .

یەهودیش کە دەڵێ خوا لە رۆژی حەوتەمدا پشووی داوە مەبەستی لە ماندووبوون نییە کە دوای دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی خوای ماندوو کردبێت، بەڵکو پشووی دا تا بە شێوەیەکی کرداری ببێتە نموونە لە رۆژی شەشەمدا مرۆڤ پشوو بدات.




زانایانی ئیسلام دەڵێن: "کاتێك کە خوا لە ماوەی شەش ڕۆژدا جیهانی دروستدەکرد عەرشەکەی لەسەر ئاو بووە"وەك لەقورئاندا نوسراوە:

{وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاء}.[3]

خوا ئاسمانەکانو زەوی لەشەش ڕۆژدا دروستکردو عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو.

ئەمەش هەمان بیرۆکەی یەهودە لەسەر دروستکردنو تەنانەت بۆی هەیە یەهودیش ئەم بیرۆکەیەی لە بابلییە دێرینەکانەوە وەرگرتبێت لەمەڕ دروستکردنی جیهان لەلایەن مەردۆخی خواوەوە. سەربارى ئەوەی وەك لەو چیرۆکانەدا هاتووە کە خودی خواکان لە ئاوێك خۆیان دروستکردووە کە هەر لە ئەزەلەوە هەبووە.

هەروەها بیرۆکەی حەوت چینی ئاسمان بە هەمان شێوە لە یەهودییەوە وەرگیراوە کە بۆ هەر ئاسمانێك ناوێکی جیایان لێنابوو، بۆ نموونە ئاسمانی دونیایان ناونابوو (Vilon) کە لە وشەیەکی لاتینی (Velum)وە وەرگیراوە کە مانای پەردە دەگەیەنێتو دەڵێن ئاسمانی دونیا بە پەردەیەکی گەورەی خالق پەردەپۆش دەکات.[4]

---

[3] هود 7

[4] The Origins of the Koran, Ibn Warraq, p. 174




ئیسلام دەڵێ: ئادەم لە خۆڵ درووستبووە، دواتر خوا لە یەکێك لە پەراسووەکانی ژنەکەی (حەوا) دروستکردو پێی وتن لە هەموو جۆرە درەختێکی ناو بەهەشت بخۆنو تەنها لە خواردنی یەك درەخت قەدەغەی کردن، کاتێك لەو درەختە قەدەغەکراوەیان خواردو عەورەتی خۆیان بۆ دەرکەوت:

وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ.[5]

ئەی ئادەم خۆتو هاوسەرەکەت لە بەهەشتدا نیشتەجێبن لە هەرکوێیەك ئارەزووتان هەبوو بخۆن بەڵام نزیك ئەم درەختە مەکەون دەنا دەچنە ریزی ستەمکارانەوە، ئینجا شەیتان کەوتە فریودانیان تا عەورەتی شاراوەیان بۆ دەربخات...هتد .

هەمان ئەم چیرۆکە لە تەوراتدا (سفر التكوين، الاصحاح الثاني، الآية 21 وما بعدها) دەبینینەوە (خوا مرۆڤی دووچاری خەوێکی قوڵ کردو ئەویش نوست، خوا یەکێك لە پەراسووەکانی بردو بە گۆشت شوێنەکەی پڕکردەوە، ئینجا خوا لەو پەراسووەی بردی ئافرەتێکی دروستکردو پیاوەکەیان بانگکردو ئەویش وتی: ئەم ئافرەتە ئێسقانێکە لە ئێسقانەکانم، پارچە گۆشتێکە لە گۆشتم، ئەمە

---
[5] الاعراف 19




ناوی ئافرەتە چونكە بەشێكەو لە من وەرگیراوە، هەر بۆیە پیـاو واز لـە دایـكو باوكی دەهێنیو هەردووكیان دەبنـە یـەك لاشـە، زووتـر هـەردووكیان رووتو قووت بوون، مرۆڤەكەشو ئافرەتەكەش شەرمیان نەدەكرد).[6]

لێرەدا دەبینین یەهوود دەڵێ كە ئادەمو حەوا لـە بەهەشـتدا رووت بـوون بـەڵام شەرمیان لە رووتی خۆیان نەكردووە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەدوای خواردنی درەختە حەرامەكە نەبیت عەورەتی خۆیان نەبینیوە.

هەروەها ئیسلام دەڵێـت: سـەرباری ئـەوەی كـەرووت بـوون بـەڵام عـەورەتی یەكتریان نـەبینیوە لـەدوای خـواردنی درەختـە حەرامەكـەوە نـەبێت، لـە دوای خواردنی درەختەكە عەورەتیان دەركەوتووەو بەگەڵا عەورەتیان داپۆشیوە.

لۆژیكیش وامان لێدەكات لە خۆمان بپرسین، كە چـۆن دوو كـەس بـە رووتـی بەرامبەر بە یەكتر وەستابنو عەورەتی یەكتر نابینن بەتایبەتی عەورەتی پیاو؟؟ هـەتا ئەگەر لەدوای خواردنی درەختەكەش عەورەتیان بۆ یـەكتری دەركـەوتبێ بۆچـی هەستیان بە شەرم دەكرد لە كاتێكدا بۆ یەكەم جارە عەورەتی یـەكتری دەبیـننو نەیانزانیوە چییەو بۆچی بەكاردێت؟!

[6] "لة عةرةبييةكةدا لةجياتى الرجل نوسراوة الانسان بؤية منيش بةناضارى وشةى مرؤظم داناوة نةك ثياو/ وةرطيَرِ"




ئێمە وامان دانابوو بۆ زانینی جیاوازی عەورەتیان ئارەزوویەکی زۆریان بۆ زانینی ئەو جیاوازییە هەبووایە کە لە عەورەتەیاندا هەیە، بەشێوەی منداڵ لەکاتی رووتیدا عەورەتی یەکتری دەبینن کاردانەوەیان هەبووایە.

لە سەردەمی ئێستاشدا چەند خێڵکی سەرەتایی لە دارستانەکانی ئەمەریکای خواروو، هەروەها لە دوورگەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەژین هیچ جۆرە پۆشاکێك ناپۆشن کە دایانپۆشێ، کەچی نابینین شەرم بکەنو تەنانەت لەبەرچاوی کامێرای تەلەفزیۆنیشدا. لە جیهانی رۆژئاواشدا چەند یانەیەك بۆ رووتو قووتەکان هەنو بۆ ئەو کەسانە چوونە ژوورەوە قەدەغەیە کە پۆشاکیان پۆشیوە، تێیدا پیاوو ژنو منداڵ دەبینین وەك ئەو کاتەی لەدایك بوون، شەرمیش لە رووتی خۆیان ناکەن. ئیتر بۆچی ئادەمو حەوا شەرمیان کرد لە کاتێکدا مومارەسەی سێکسیان نەکردبوو وە هیچ زانیارییەکیشیان دەربارەی عەورەت نەبوو کە بۆ سێکس بەکاردێت؟!.

ئەم چیرۆکە بەبێ زیادو کەم لە یەهودییەوە وەرگیراوە. لە (سفر التكوين)دا نوسراوە (ئافرەتەکە بینی کە درەختەکە چاكو خۆشەو چێژ لە بینینیدا هەیەو هێز بە تێگەیشتنو هوشیاری دەبەخشێت. بۆیە لە بەرهەمەکەی بردو خواردیو بەشێکیشی دا بە مێردەکەیو ئەویش لەگەڵیدا خواردی، ئیتر چاویان کرایەوەو

بەوەیان زانی کە رووتن، چوون گەڵای هەنجیریان هێناو بەرگرییەکی نەرمو نیانیان لێ دروستکردو عەورەتیان پێ شاردەوە.[7]

قورئان پێمان دەڵێ: خوا ئادەمی فێری ناوی هەموو جۆرە ئاژەڵەکان کردو داوای لە فریشتەکان کرد ناوی ئاژەڵەکان بڵێن کەچی نەیانزانی، دواتر پرسیاری لە ئادەم کرد ئەویش هەموو ناوەکانی وت:

{وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَـؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ} (31) سورة البقرة

شێوەی چیرۆکەکەش لە تەوراتدا بەم شێوەیە: (خوا هەموو ئاژەڵانی کێڵگەو پەلەوەرە ئاسمانییەکانی هێناو مرۆڤیشی هێنا تا ببینێ چ ناوێکیان لێدەنێن، لەوێدا مرۆڤ ناوی لە هەر شتێکی زیندوو بنایە ئەوە دەبووە ناوی ئەو شتە، بەم شێوەیە مرۆڤ ناوی لە هەموو ئاژەڵو چوارپێیەكو پەلەوەری ئاسمانو هەموو وەحشەکانی کێڵگە نا).[8] لێرەدا هیچ ململانێیەك لەنێوان فریشتەو مرۆڤدا نابینین کە داخۆ کامیان ناوی ئاژەڵەکان دەزانن.

---

[7] نشأة العالم والبشرية " قراءة معاصرة لسفر التكوين" إعداد نخبة من المختصين، بيسان، ص 164

[8] سفر التكوين: الاصحاح الثاني، الآية 19 وما بعدها




كاتێك كە بیرۆكەی بەهەشتو دۆزەخ پەرەی سەندو بەربڵاو بوو لە پاداشتی ئەو كەسانەی كە چاكەو خراپە دەكەن كێشەیەكی گرانو پڕ لە زەحمەت بۆ پیاوانی ئایین دروستبوو كە ئایا چی لەو كەسانە دەكرێت كە چاكەو خراپەیان وەك یەكە؟ زانایانی یەهود چارەسەری ئەم كێشەیەیان بەوە كردووە كە شوێنێك لەنێوان بەهەشتو دۆزەخدا دروستبكەن تا كۆمەڵێك لەو جۆرە كەسانە لەخۆ بگرێت. هەندێكیش لە رەبانییەكان دەڵێن نێوەندی بەهەشتو دۆزەخ دیوارێكە، هەندێكیش دەڵێن: نێوانیان تەنها یەك بستە دەستەو ئەو كەسانەی لەوێدان لە تواناياندا هەیە بەهەشتییەكانو دۆزەخیەكانیش ببینن.[9]

بەڵام قورئان دەڵێ:

{وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْاْ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ} (46) سورة الأعراف

لەنێون بەهەشتو دۆزەخدا بەربەستێك هەیە بە شوێنە بەرزەكانیشەوە كەسانی شایستە هەن هەردوولا بەهۆی رووخساریانەوە بەچاكی دەیانناسن، بانگ دەكەن لە بەهەشتییەكانو دەڵێن سڵاوتان لێبێت، ئەو كەسانە نەچوونەتە ناو بەهەشتەوەو بە هیوان بچنە ناوی).

9 The Origins of the Koran, Ibn Warraq, p. 176




(ابن جرير) لە شيكردنەوەى (حجاب – بەربەست ، ناوەند)دا دەڵــێ: "حجـاب لەو شوێنەدا پەرژينە". كەخوا دەربارەى دەڵێت:

{ فَالْتَمِسُوا نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ} (13) سورة الحديد

بەربەستێكە لەنێوان بەهەشــتو دۆزەخـدا، پەرژينـە, ديـوارە, يـان شـورايەكەو دەرگاى هەيە".

موجاهيديش دەڵێ: الاعراف، ديوارێكە لەنێوان بەهەشتو دۆزەخـدا, هـەروەها ابن جرير دەڵێت: الاعراف كۆى –عرف–ەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە لە زەوى بەرز بوونەتەوە.

سورەتى (النور: 24) دەڵێت:

يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

ئەو رۆژە "رۆژى قيامەت" كەسەكان دەهێنن‌و زمان‌و دەست‌و قاچيان دێنە گۆو شاهيدى لەسەر كاروكردەوەى پێشووى كەسەكە دەدەن.




ئەم بیرۆکەیەش لە تەلموددا هەیە کە دەڵـێن: پارچـەکانی لەشـی مـرۆ شـاهیدی لەسەر دەدەن.[10]

ئیسلام فەرمانی کردووە خەڵکی بە پێوە نوێژ بکەن، گەر کەسێك نەیتوانی ئـەوا دەتوانێ بە دانیشتنانەوە یاخود بە لایەکیدا پاڵبکـەوێت‌و نوێـژ بکـات. سـورەتی (بەقەرە: 238)

حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ.

هەروەها (ال عمران:19)

الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ.

بە هەمان شێوە لە یەهودییەتیشدا ئەوە هەیەو مرۆڤ دەتوانێ بە پێوە نوێـژ بکـات. کتێبە ڕەبانییەکانی یەهود دەڵێ: گەر کەسێك لەکاتی سواربوونی گوێدرێژێکـدا کاتی نوێژ هات، پێویستە دابەزێ‌و نوێژەکەی بکات گەر نەیتوانی ئـەوا دەتوانـێ بە سواری گوێدرێژەکەوە ڕووبکاتە قودس‌و نوێژەکەی بکات.[11]

[10] Chagiga 16, Taanith 11, Quoted from Ibn Warraq, The Origins of the Koran, p 177

[11] The Origins of the Koran: Ibn Warraq, p. 182

ئیسلام نوێژی (کورتو کۆ)ی بۆ ئەو موسڵمانانە ڕێگە پێداوە کە لە سەفەردان یاخود لە جیهاددان، لە سورەتی (النساء101)دا نوسراوە

{وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُواْ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا}

ئایینی یەهودیش بە هەمان شێوە ئەو چارەسەرەی بۆ یەهودییەکان داناوە کە لە هەر شوێنێکی ناشایستە یان ترسناکدا بوون نوێژ کورت بکەنەوە.[12]

کاتێك کە عومەری کوڕی خەتاب یان یەکێك لە صەحابەکان بە سەرخۆشی چوو بۆ نوێژ (ئایەتی 43 لە سورەتی ژنان دابەزی)

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ}

(ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە سەرخۆشی نزیك نوێژ مەکەونەوە تا بە خۆتان بزانن چی دەڵێن، بەلەشپیسیش نوێژمەکەن مەگەر ڕێبوار بن تا خۆتان دەشۆن.

بە هەمان شێوەش لە (مشنە)دا نوسراوە کە نوێژ لەسەر ئەو یەهودیانە حەرامکراوە کە سەرخۆشن یاخود لەگەڵ ژناندا جووت بوون.[13]

12 Same reference, p 183
13 Same reference and same page




ئیسلام هەروەها یەهودیش ئیسلام ئیماندارانی خۆیان ئاگادارکردووەتەوە لەکاتی لەشپیسیدا پێش ئەوەی نوێژ بکەن خۆیان بشۆن. بەڵام ئەگەر ئاو نەبوو ئەوە ئیسلام ڕێگەی بە موسڵمانان داوە بە خۆڵ تەیموم بکەن:

وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَاءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا..[14]

بە هەمان شێوە یەهودییەکان ڕێگەیان بە تەیموم داوە کە دەڵێت: (خۆی بە خۆڵ پاکدەکاتەوە بەمەش ئەو کارەی کردووە کە بەس بێت).

نوێژی بەیانیان لە یەهودیدا ئەو کاتەیە کە مرۆڤ بتوانێ بە ڕۆشنایی بەیانیان دەزووی شین لە دەزووی سپی جیابکاتەوە.[15] گەر بڕوانینە ئایەتی 187 لەسورەتی بەقەرە دەبینین کاتی خواردنو خواردنەوەی بەیانیانی ڕەمەزان شیدەکاتەوە:

{ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ}

---

[14] المائدة 6

[15] .Mishna Berachoth I. 2




بخۆنو بخۆنەوە تا بەرەبەیانێك كە تێیدا دەزووی سپی لە دەزووی رەش جیادەكەنەوە دوایی بەرۆژوو بن تا شەو.. ئیسلام دەزووی شینی گۆڕیوە بۆ دەزووی رەش.

هەندێك حوكمیش هەن لەسەر ژنان لەنێوان یەهودیو ئیسلامدا وەك یەكن بۆ نموونە ماوەی چاوەڕوانی ئەو ژنانەی تەڵاقدراون لە هەردوو ئایینەكەدا سێ مانگە، هەروەها شیردەرایی منداڵ لە هەردوو ئایینەكەدا دوو ساڵە.

گەر ئەو شتانە دیاری بكەین كە دەستنوێژ لە ئیسلامدا دەشكێنێ زۆرن، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێك تۆوی رەحەتبوونی سێكسی لە لەشی دەرچوو ئەوە پێویستە خۆی بشواو دەستنوێژ بشواتەوە. هەمان شت لە تەوراتدا هەیە: (ئەگەر تۆو لە پیاو دەرچوو پێویستە هەموو لەشی بشوات)[16]. هەروەها لە (الصحاح) ئایەتی16دا هاتووە (كە پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێكدا جووت بوو، تۆو لە پیاوەكەوە دەرچوو پێویستە هەردووكیان خۆیان بشۆن).

ئەوەی پەیوەندی بە سوڕی مانگانەی ئافرەتەوە هەیە قورئان لەسورەتی (بەقەرە222)دا دەڵێت

[16] اللاويين (Leviticus ) الاصحاح 15، الآية 16

{وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ}

دەربارەی سوڕی مانگانەی ژن پرسیارت لێدەکەن، پێیان بڵێ ئەوە کارێکی باش نییەو ئازاری بەدواوەیە، لە کاتی مانگانەیاندا مەچن بە لایاندا تا پاك دەبنەوە.

لە تەوراتیشدا نوسراوە: (کاتێ: کە ئافرەت دەست دەکات بە دابەزینی ئەو خوێنەی لەسەری راهاتووە، بۆ ماوەی حەوت رۆژ لە مانگێکدا درێژە دەکێشێو لەو ماوەیەدا هەر کەس دەستی بۆ ببات پاك نییە).[17]

لە ئایەتی 23ی سورەتی نیسائدا ژنە حەرامەکان بۆ موسڵمانان دیاریدەکات:

{حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا}.

[17] نفس المصدر، الآية 19

ئەمانەتان لەسەر حەرام كراوە دایكتان، كچەكانتان، پورەكانتان، خالۆژنەكانتان، برازا، خوشكەزا، دایەنەكانتان، خەسوتان، زڕكچەكانتان..و.. بوكەكانتان، دوو خوشكیش پێكەوە..هتد.

تەوراتیش دەڵێ: (ئازاری باوكت مەدە بەوەی لەگەڵ دایكتدا جووت ببیت، هەروەها لەگەڵ باوەژنیشدا جووت مەبە، هەروەها لەگەڵ خوشكت لە دایكتەوە یان لە باوكتەوە جووت مەبە، هەروەها لەگەڵ پورتو خالۆژنت جووت مەبە، لەگەڵ بوكەكەتو براژنتدا جووت مەبە، لەگەڵ دایكێكو كچەكەیدا جووت مەبە (مەبەستی لەوەیە پیاو لەگەڵ یەكێكیاندا جووت بێت، یان دایكەكە یان كچەكەی/ وەرگێڕ) تا ژنەكەت لە ژیاندا مابێ لەگەڵ ژنخوشكەكەت جووت مەبە).[18]

هەروەها ئەو ئاژەڵانەی كە بۆ موسڵمان حەڵاڵ یان حەرام كراون هەمان ئەو شتانەن كە لە تەوراتدا هەن: (دەتوانی هەموو ئەو ئاژەڵانە بخۆیت كەكاوێژك دەدەنو سمیان شەقی بردووە، بەڵام بەراز لەگەڵ ئەوەی سمی شەقی بردووە بەڵام كاوێژك نادات لەبەر ئەوە لەسەرت حەرامە، هەموو گیانداریێكی ئاوی پولەكەو باڵە ماسی هەیە بۆت حەڵاڵە، لە باڵندەش پێویستە ئەمانە نەخۆیت: هەڵۆو داڵو

[18] اللاويون، الاصحاح 18، الآية 7 وما بعدها




قەلـە رەش و سـوورە داڵ, مـشككرە, بايـەقوش، هـەموو مێـروو جانـەوەرێكى چوارپێش و ئەوانەى دەفڕن حەرامن جگە لە كوللەو سيسرك).[19]

ئيسلام سووى حەرام كردووە سورەتى:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ} (278)

سورة البقرة

تەوراتيش دەڵێ: (گە رعەبدێكى موحتاجى مـن داواى قـەرزى كـرد قـازانجى لێ مەستێنن).[20]

بۆ چيرۆكەكانى قورئانيش لە قورئاندا تەنها وەك چيرۆكى مێژوويى باسكراوە بۆ ئەوە نەهاتووە ئەو حوكمە شـەرعيانە شـيبكاتەوە كـە جێبـەجێكردنيان زەحمەتـە، دەتوانين بلێين جگە لە چيرۆكى ئيسراو ميعراج و چيرۆكى ئەهلى ئەشكەوتەكەو عيساى كوڕى مريەم هەر هەمووى لە يەهوديەتەوە وەرگـيراوە. لـە لاپـەڕەكانى پێشوودا بينيمان چـيرۆكى دروسـتكردنى گـەردوون و ئـادەم و فێربـوونى نـاوى ئاژەڵـەكانى نـاو قورئـان هـەمان چـيرۆكەكانى تـەوراتن بـەڵام ئيـسلام ئـادەم و كەسوكارەكەى زۆر بـە كـورتى باسـكردووەو جگـە لـە كوشـتنى يـەكێك لـە

[19] اللاويون، الالصحاح 11، الآية 3 وما بعدها
[20] الخروج، الاصحاح 22، الآية 25




کوڕەکانی ئادەم لەلایەن براکەی خۆیەوە هیچی دیکەی باس نەکردووەو قورئان ناوی کوڕەکانی نەبردوون کە لە تەوراتدا نوسراوە (Abel, Cain) بەڵام ئیسلام لە دواییدا ناوی بردوون بە (هابیلو قابیل) چیرۆکەکانی دیکەی پەیامبەرانیش لە ئیبراهیمەوە بۆ موساو یوسف، جگە لە گۆڕانکارییەکی کەمو زیادە خستنەسەر یان لابردنێکی کەم هەردوولایان وەکو یەکن. تەنها چیرۆکێکی سولەیمانو شاژنە (سبأ) نەبێت کە پڕە لە زیادە ڕۆیی.

چیرۆکی خەڵکی ئەشکەوتەکە (أهل الكهف)لە چیرۆکەکانی ئەغریقەوە وەرگیراوە کە لە کتێبی (قصة الشهداء چیرۆکی شەهیدەکان)ەوە بە زمانی لاتینی لەلایەن نوسەرێك بەناوی (گریگوری Gregory)ەوە نوسراوە. چیرۆکەکە باس لەو مەسیحیانە دەکات کە لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە لە سەردەمی ئیمپراتۆر (دیسیس 249-251)ی زایینی چەوساونەتەوە، حەوت کەس لەو چەوساوانە بۆ ڕزگاریی خۆیانو ئایینەکەیان لە شاری أفیصص Ephesus چوونە ئەشکەوتێکی نزیك شارەکە. خەو زۆریان بۆ دەهێنێو بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ دەخەون. کاتێك خەبەریان دەبێتەوە لەو کاتەدا (سیودورس)ی دووهەم لەساڵی 447 ئیمپراتۆر دەبێ. یەکێکیان دەچێتە شارەکە تا هەواڵیان بۆ

بهێنێ، زۆر بەلایەوە سەیر دەبێت كە دەبینێ ئایینی مەسیحی بەسەر ئایینی یەهودیدا زاڵ بووەو بووەتە ئایینی رەسمی دەوڵەت.

لە چیرۆكەكەدا باسی هیچ سەگێك نەكراوەو هیچ ناكۆكییەكیش لە ژمارەیاندا نەبووە كە حەوت كەس بوون. لە بنەڕەتیشدا ئەم چیرۆكە چیرۆكێكی رەمزییەو ئاماژە بە چەوساندنەوەی مەسیحییەكان لە سەردەمی ئیمپراتۆری رۆمانی دەكات كە لە سەرەتای مەسیحیەتدا درێژی كێشاوە تا بووەتە ئایینی رەسمی لە دەوڵەتەكەدا.

چیرۆكی عیساو مریەمیش بە روونی دیارە كە لە مەسیحییەوە وەرگیراوەو چەند هەڵەیەكیش روویداوە وەك ئەوەی قورئان بە مریەمی وتووە (ئەی خوشكی هاروون) لە كاتێكدا نێوان مریەم‌و هاروون (1570) ساڵ بووە. لە راستیشدا مریەم نییەو (مایری – Mairy) بووە، شووی بە یوسفی دارتاش كردووەو لە دوای ئەوەی عیسای بووە پێنج كوڕو دوو كچی بووە. براكانی عیساش ئەمە ناوەكانیانە (جیمس، یوسف، جوداس، سیمون).[21] زەكەریاش قورئان باسی دەكات كە مریەمی لە میحرابەكەیدا بەخێوكردووە، لە راستیدا ئەو یەكێك بووە لە پەیامبەرەكانی بەنی ئیسرائیل بەڵام هیچ پەیوەندییەكی بە مریەمەوە نەبووە.

---
[21] الانجيل: مارك، الاصحاح السادس، الآية الثالثة




چونکە لـە تەوراتـدا (پـەیمانی کـۆن) نوسـراوە: (لـە مـانگی هەشـتەمی سـاڵی دووهەمی دەسەڵاتی "داریاس"دا پەیام بـۆ زەکـەریای پەیامبـەر هـاتووە).[22] ئـەم "داریاس"ەش پاشای میدیسی بابل بووە لە ڕۆژانی مەنفای دووەمی یـەهودی لـە نزیکەی ساڵی 539ی پێش زایین.[23] بەم شـێوەیە جیـاوازی زەمـەنی لـە نێـوان مریەمی دایکی عیساو زەکەریای پەیامبەر نزیکەی پێنج سەد ساڵە.

به هەمان شێوە چەند زیادەك چووەتە سەر موعجیزەکانی (المن والسلوی):

{إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَـزِّلَ عَلَيْنَـا مَآئِـدَةً مِّنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ, قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ, قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ, قَالَ اللّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُـهُ عَـذَابًا لاَّ أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ}.[24]

---

[22] سفر زكريا، الاصحاح الاول، ألآية الاولى

[23] The Columbia Encyclopedia, under Darius: http://www.bartleby.com/65

[24] سورة المائدة 112, 115




ئەم زیادە رۆییە هیچ بنەمایەکی نییە نە لە ئینجیلداو نە لە کتێبەکانی دیکەی مەسیحیدا.

هەندێك ئایەتیش وا دەردەکەوێت کە لە ئینجیلەوە وەرگیرابن. لە ئینجیلدا ئایەتی دەوڵەمەندەکانو بەهەشت هەیەو دەڵێت: (جارێکی دی پێت دەڵێم کە زۆر ئاسانترە حوشترێك لە کونی دەرزییەوە بچێتە ئەودیو لەوەی دەوڵەمەندێك بچێتە پادشایەتی "بەهەشت"ی خواوە).[25]

لە قورئانیشدا لە سورەتی الاعراف40دا هەیە:

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ.

ئەوانەی بەڵگەکانی ئێمەیان بە درۆ خستووەتەوەو خۆیان بە گەورەتر داناوە ئەوانە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە هەتا حوشتر نەچێت بە کونی دەرزیدا ناچنە بەهەشتەوە.

تەنانەت ئەو بیرۆکەیەی کە خوا لە خەڵکی دەپرسێتەوەو دەستەی راست دەخاتە بەهەشتەوەو دەستەی چەپ دەخاتە دۆزەخەوە لە مەسیحییەوە وەرگیراوە. ئینجیل دەڵێت: (ئەو رۆژەی مەسح دەگەرێتەوە، بە هەموو

[25] Matthew: 19/ 24

گەورەییەکانی خۆیەوە دەگەڕێتەوەو بەچواردەوریدا فریشتە هەن‌و ئەویش لەسەر عەرشی خۆی لە ئاسماندا دادەنیشێ‌و هەموو نەتەوەکان دێنە بەردەمی، وەك چۆن مەڕ لە بزن جیادەکرێتەوە ئائەوا مەسیح خەڵکەکە لە یەك جیادەکاتەوەو دەیانکات بە دوو دەستەوەو بە دەستەی لای ڕاست دەڵێت: وەرن ئەی ئەو کەسانەی خوا پیرۆزی کردوون، ها میراتتان بگرن ئەو پادشاهێتیەی کە هەر لە ئەزەلەوە بۆتان ئامادە کراوە، دواتر بە دەستەی چەپ دەڵێ: ئەی بە نەفرەت بووەکان لەلام لاچن‌و بچنە ناو دۆزەخی نەمرییەوە کە بۆ شەیتانەکان‌و فریشتەکانیان ئامادەکردووە).[26]

پێش لەدایکبوونی پەیامبەر لەکاتی پەیامەکەشیدا بەشێکی زۆری دوورگەی عەرەب لەژێر دەسەلاتی حوکمی فارسەکاندا بوو. کاتێك نەوشیروان لە کیسراوە سوپایەکی بۆ (حیرە) ناردو پادشای ئەو شوێنەی (الحارث) لەسەر تەختی پادشایەتی لابردو (نصر بن ربیعة)ی کردە حاکم هەروەها سوپایەکی دیکەی بۆ یەمەن نارد کە دەسەلاتی حەبەشی حوکمی دەکرد بە هەمان شێوە حەبەشییەکانی دەرکردو حاکمێکی فارسی بۆ دانا، لەدوای دەرکەوتنی ئیسلام هەشت ساڵی لەسەر یەك فارسەکان حوکمی ئەو شوێنەیان کرد. ئەم فارسانە لە

[26] سفر ماثيو، الاصحاح 25، ألآية 31




ڕێگەی چیرۆکەکانو ئەو کتێبانەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر عەرەب هەبووە.

یەکێك لەو کتێبانە ناوی (Arta Viraf Namak) نزیکەی چوارسەد ساڵ پێش کۆچ نوسراوە کە دەکاتە ڕۆژانی دەسەڵاتی ئەردەشێر پاشا. چیرۆکی ئەم کتێبە دەربارەی کەسێکی زەردەشتی دەدوێ بەناوی (ئارتا) کە پادشا دەینێرێتە ئاسمان تاله ئاسمانەوە مژدەیەك بۆ خەڵکی بهێنێو ئایینی زەردەشتی بگەشێنێتەوە کە لەو کاتەدا بەرەو تیاچوون دەچوو.

ئەو نێردراوە سەرەتا دەچێتە ئاسمانی دونیاو لەوێوە هەموو ئاسمانەکان دەچێت تا لە دواجاردا (ئاهورامزدا) فەرمانی پێدەکات بگەڕێتەوە بۆسەر زەوی. ئەم نێردراوە چیرۆکی خۆی بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (یەکەم شوێن تێیدا وەستاین ئاسمانی دونیا بوو، لەوێ پادشایەکمان بینی پرشنگی نووری لێدەبووەوە، پرسیارم لە ساروشی پیرۆزمەندو ئازاری پادشا کرد ئەم شوێنە کوێیەو ئەو خەڵکانە کێن؟. دواتر چیرۆکەکە باس لەوە دەکات کە "ئارتا" سەردەکەوێ بۆ ئاسمانی دووەمو سێهەمو ئاسمانەکانی دیکەو درێژە بە چیرۆکەکە دەداو دەڵێ: (باهمان) لەسەر عەرشە بەئاڵتون دروستکراوەکەی هەڵساو لەگەڵ خۆی بردمی تا گەیشتینە (ئاهورامزدا) کە چەند فریشتەیەك بە جلوبەرگی زەرکەشییەوە لە




دەوری بوونو پێشتر شتی وام نەدیبوو، ئەوەی لەگەڵم بوو منی پێشکەش کرد بە ئاهورامزدا کردو ئەویش بەخێرهاتنی کردمو داوای لە ساروشو پادشای ئاگر کرد من ببەن بۆ ئەو شوێنەی کە بۆ پیاوچاکان ئامادەکراوە لەگەڵ ئەو شوێنەی ئامادەکراوە بۆ سەرپێچیکەران، دوای ئەوەی بەهەشتو دۆزەخی ئاگراویمان بینی گەڕاینەوە بۆلای ئاهورامزداو پێی وتم: ئەی "ئارتا" بگەڕێرەوە بۆ جیهانی مادی (فیزیك).[27]

بەبێ گومان ئەم چیرۆکە بنەمای چیرۆکی ئەسراو میعراجی ئیسلامە کە پێشتر باسمانکرد، بەتایبەتی ئەو قسەیەی عائشە ڕەچاو بکەین کە وتبووی (لە شەوی ئەسرادا لاشەی پێغەمبەر لە جێگەکەی شەوی نەجولابوو، خوا ڕۆحەکەی بردبوو) کەواتە ئەسرا بە لەش نەبووە بەڵکو وەك چیرۆکەکەی سەرەوە گەشتێکی مەعنەوی (میتافیزك) بووە.

کتێبەکانی ئایینی زەردەشتی قسە لەسەر چەند ڕۆحێکی دروستکراوی تا بلێی جوان دەکات بەناوی (Paries) ئەمەش ئەوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە(Fairies) ناسراوە کە چەند ڕۆحێکە لە شێوەی کچانداو باڵیان هەیە

27 The Origins of the Koran: Ibn Warraq, p 279




لەنێوان زەوی‌و ئاسماندا پێی دەفڕن. وشـەی (حـۆری) لـە وشـەیەکی فارسـیەوە (Hur) وەرگیراوە کە ماناکەی (خۆر)ە.[28]

[28] The Origins of the Koran: p. 281




# کۆتایی

ئەوکاتانەی لە سەرەتاکانی ئیسلامدا دەروازەکانی ئیجتهاد بۆ موسڵمانان والا بوو کۆمەڵێك لەخەواریجەکانو موعتەزیلەکان گومانیان لەوە هەبوو کە خوا لەپێش دروستکردنی زەویو ئاسماندا هەر لەئەزەلەوە قورئانی لە لەوحی مەحفوزدا نوسیبێت..!! وتیان: قورئان مەخلوقە. (بەومانایەی لەئەزەلەوە خوا دروستی نەکردووە بەڵکو لەژیانی پەیامبەرداو بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئایەت لەدوای ئایەت تازە نوسیویێتی). ئەگەر ئەوە ڕاست بێتو قورئان لە ئەزەلەوە لە لەوحی مەحفوزدا نوسرابێت ئەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بەهۆکار هەبێت هەموو ئایەتەکانی پێکەوە دادەبەزاند. بەڵام ئەوەی ڕوویداوە زۆرینەی زۆری ئایەتەکان، جگە لەچیرۆکەکان، لەچەند ڕووداوێکی دیاری کراودا دابەزیون یاخود کاتێك پرسیاری شتێکیان لەسەر مەسەلەیەکی تایبەت لەپەیامبەر کردبێت ئەویش ئایەتی بۆ دابەزاندون. هەندێکیش لە ئایەتەکات کە بەهۆی ڕوداوێکەوە دابەزیون ئەوەی نەهێناوە کە ئایەتی بۆ دابەزێنرێت، بۆ نموونە: کاتێك حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب، یەکێك لەخێزانەکانی پەیامبەر، لەسەردانێکی باوکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە دەبینێ لەسەر جێگەکەی خۆی پەیامبەر لەگەڵ




کەنیزەکەکەی (ماریەی قیبتی) پێکەوەن، ئەمیشی گریا، پەیامبەر لەژوورەکە هاتە دەرەوەو عارەقەی کردبوو سوێندی بۆ حەفصەخوارد کە ئیتر بەهیچ شێوەیەك نەچێت بەلای ماریەداو لەخۆی حەرامی دەکاتو داوای لە حەفصە کرد ئەم ڕووداوە لای کەس باس نەکات. وەك پێشبینی کرا حەفصە نەیتوانی ئەم هەواڵە بشارێتەوەو بۆ عایشەی گێڕایەوە، کاتێك پەیامبەر بەمەی زانی رقی هەڵساو لەهەموو ژنەکانی خۆی دوورەپەرێز گرتو بەلای کەسیاندا نەچوو، خواش ئەم ئایەتەی بۆ دابەزاند:

{وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَن بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ, إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ}.[1]

ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی کۆڵایەتی خێزانیەو تایبەتمەندە تەنها بەموحەمەدەوەو پەیوەندی بەتەواوی موسڵمانانی دیکەوە نییە کەچیوچی لەنێوان محمدو ژنەکانیەوە ڕوویداوە یان ڕوودەدات، جا ئایا بۆچی خوا ناچار بووە چەند ئایەتێك بۆ ئەو مەبەستەدا بەزێنێت.!؟ ئەگەر قورئان لەئەزەلەوە لەناو لەوحی

[1] التحريم 3 و 4




مەحفوزدا نوسرابێت‌و خوا زانیبێتی کە محمد لەگەڵ مارییەدا لەماڵ‌و جێگەی حەفصەدا جووت دەبێت ئەوەباشتر نەبوو نەیهێشتایە ڕووداوەکە ڕووی بدایە (یاخود حەفصە پێی نەزانیبایە_ وەرگێڕ)و خۆیان لەکێشەکە بپارێزایە دواتر ئەو هەموو ژمارە زۆرە بۆ پشتگیری محمد لەدژی عائیشەو حەفصە بۆ؟؟.. وەك لەئایەتەکەدا هاتووە ئەگەر ئەو دووانە تەوبە نەکەن ئەوە خواو جەبرەئیل‌و فریشتەکان‌و تەواوی چاکەکارانی موسڵمان پاڵپشتی پەیامبەر دەکەن.!

ڕوداوی بوختانیش (الافك)، کاتێك کە پەیامبەر عایشەی ژنی لە یەکێك لەغەزوەکانیدا لەگەڵ خۆی بردبوو, سوپاکەیان لەشوێنێك لادەدەن بۆ پشوودان، لەدوای پشوو دەکەونەڕێ‌و چەند کەسێك کەژاوەکەی عائیشە هەڵدەگرن‌و دەیخەنە سەرپشتی حوشترێك‌و وایان دەزانی کە عائیشە لەناو کەژاوەکەدایە، لەوکاتەدا عائیشە بۆ دەستبەئاوگەیاندن لەو شوێنە دوور دەکەوێتەوە، ئەوان بەبێ عائیشە دەڕۆن‌و دوور کەوتنەوە. کاتێك عائیشە دەگەڕێتەوە بۆ سەربازگەکە دەبینێ کەسی لێنەماوە بۆیە لەشوێنی خۆی دادەنیشێ تا پیاوێك بەناوی (صفوان بن المعطل السلمی) دێتە لای، دەیخاتە سەر حوشترەکەی‌و دەکەونە ڕێ تادەگەنە ئەوان. هەربۆیە دەنگ‌و باس لەنێوان موسڵماناندا دروست دەبێت کە عائیشەو صەفوان پێکەوە خیانەتیان لەپەیامبەر




کردووە. بەمەش پەیامبەر تورە دەبێو ماوەی مانگێك یان زیاتر قسە لەگەڵ عائیشە ناکات، بەم هۆیەوە ئایەتێك دادەبەزێت

{إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ}.[2]

بەدابەزینی ئەم ئایەتە پەیامبەر وتی: (خوا بەرائەتو پاکی عائیشەی نیشاندا) ئینجا فەرمانی کرد (حسان بن ثابت، حمنة, اخت زينب بنت جحش، مسطح بن اثاثة) جەڵد بکەن.[3]

ئەم ڕووداوە مەسەلەیەکی شەخصی بووەو تایبەت بووە بەمحمدو عائیشەوە هیچ سوودێکی بۆ موسڵمانان بەگشتی نەبووە. جارێکی دی پرسیار دەکەینەوە، گەر خوا پێشتر بیزانیبایە کە عائیشە لەو کاروانە دوادەکەوێتو ئەو ڕوداوەی بەسەردێت، ئایا باشتر نەبوو پەیامبەری لەوە ئاگادار بکردایەتەوە کە عایشە لەکەژاوەکەدا نییە تا پێش ڕۆشتنیان چەند کەسێکی بناردایەتە شوێنیو ئەم مەسەلەیە بەوشێوەیە نەبوایە؟

---

[2] النور 11

[3] مختصر السيرة لابن كثير، ص 318 (مصدر سابق)




موعتەزیلـەکان کـە دەڵـێن قورئـان مەخلوقـە لـە بەرئـەوە بـووە بەشـێك لەئایەتـەکانی کـە ناتوانرێـت پـشتگوێ بخرێـت بـەهۆی چـەند داخوازییـەکی صەحابەکانەوە دابەزیوە بەتایبەت عومەری کوڕی خەتتاب. لەکتێبی (الاتقان فـی علوم القرآن)ی (سیوطي)دا بەشێك هەیە قسە لەسەر ئـەو ئایەتانـە دەکـات کـە لەسەر داخوازی صەحابەکان دابەزیوە. موجاهیدی کـوڕی جـوبێر کـە یەکێکـە لەزانایانی توندڕەو دەڵێت: (عومەری کوڕی خـەتتاب بۆچـوونێکی خـۆی بـاس دەکردو دواتر لەسەر ئەو بۆچوونە ئایەتێك دادەبەزی). خودی عومـەر وتویـەتی کە لەسەر چوار بۆچوونی خۆی چوار ئایەت دابەزیوە. (یونس بن حبیب) دەڵێ: (عومەر وتی: خواکەم لەسەر چوار شتم ڕازی بووە، کاتێـك کـە ئایـەتی (ولقـد خلقنا الانسان من سلالة من طین) منیش وتم (فتبارك الله احسن الخـالقین) دوایـی ئەم قسەیەی من وەك ئایەتێك دابەزی.)[4]

بە ڕوونی دیارە ئەم زیادەیە هیچ مانایەکی سودبەخشی نییە چونکە تەنها یـەك دروستکەر (خالق) هەیە کە ئەویش خوایە ئیتر چۆن دەبێت بلێین (خوا باشـترین دروستکەرە)؟ لەکاتێکدا هیچ دروستکەرێکی دیکە نییە؟

[4] تفسیر ان کثیر للآیة 14 من سورة المؤمنون




کاتێك کە حەفصە پەیامبەری لەگەڵ ماریەی قیبتیدا لەسەر جێگەکەی خۆی بینیو بۆ عائیشەی گێڕایەوەو پەیامبەر لێیان تورە بوو ئیتر بەلای هیچ یەکێك لەژنەکانیدا نەچوو، عومەر دەچێتە لای پەیامبەرو پێی دەڵێ: (ئەی پەیامبەری خوا مەسەلەی ژنەکانت بێتاقەتت نەکات ئەگەر تۆ تەلاقیان بدەی ئەوە خواو فریشتەو منو ئەبوبەکرو ئیماندارەکان لەگەڵتاین، پەیامبەریش خەندە دەیگرێو ئەم ئایەتە دادەبەزێ

{عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا}.[5]

ئینجا عومەر دەڵێ: (سوپاس بۆ خواکەم قسە دەکەمو ئەوەی دەیڵێم خوا ڕەزامەند لەسەری دەبێ).[6]

موجاهید لە عائیشەوە دەڵێ: (لەگەڵ پەیامبەردا شۆربامان لەقاپێکدا دەخوارد، عومەر تێپەڕیو پەیامبەر بانگی کردو ئەویش هاتو لەگەڵمان نانی خوارد, پەنجەی عومەر بەر پەنجەی من کەوت, ئیتر وتی: ئەی پەیامبەر بەڵکو

---

[5] التحريم 5

[6] المقبول من أسباب النزول للدكتور أبو عمر نادي بن محمود حسن ألازهري ص 686 (مصدر سابق)




فەرمان دەركەین بەسەر ژنەكانتا بەربەستێك دروست بكەنو گەر بەربەستێك نەبوو لەگەڵ هیچ پیاوێكدا قسەنەكەن بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە دابەزی:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا}.[7]

پێشتر باسمان كرد كە لەدوای شەڕی بەدر پەیامبەر لەصەحابەكان پرسیاری كرد چی لەدیلەكان بكات، عومەر پێیوتبوو بیانكوژین، ئەبوبەكریش وتبووی بەفدیە ئازادیان بكەین، پەیامبەریش پێشنیاری ئەبوبەكری وەرگرت دواتر ئەم ئایەتە دابەزی كە پشتگیری لە بۆچوونەكەی عومەر دەكات

{مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللّهُ يُرِيدُ الآخِرَةَ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}.[8]

---

[7] الاحزاب 53

[8] الانفال 67




ئیمامی ڕازی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: (پەیامبەر لەگەڵ عومەردا بەلای مەقامی ئیبراهیمدا تێپەڕ دەبن‌و عومەر دەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا ئەوە مەقامی باوکمان ئیبراهیم نییە؟... ئەویش دەڵێ: با.. عومەر دەڵێ: (أفلا نتخذه مصلى) پەیامبەر دەڵێ: لەم بارەیەوە فەرمانم پێنەکراوە. هەر ئەو ڕۆژە نەگەیشتە شەو ئایەتێك دابەزی:

{وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ}.[9]

(ابن جرير)و )ابن المنذر)و (ابن حاتم) لە(عبدالرحمن بن ابي ليلى) دەگێڕنەوە کە یەهودییەك چاوی بەعومەر دەکەوێ‌و بەعومەر دەڵێ: جوبرەئیل باسی هاوەڵێکتان دەکات کە دوژمنی ئێمەیە. عومەریش دەڵێ: هەرکەسێك دوژمنی خواو فریشتەو پەیامبەران‌و جوبرەئیل‌و میکائیل بێت ئەوە خوا دوژمنی کافرانە. کتومت ئەم قسەیە لەئایەتی نەوەدو هەشت لەسورەتی بەقەرەدا دابەزی، کە پاڵپشتی عومەر دەکات.[10]

[9] البقرة 125

[10] التفسير الكبير للامام فخر الدين الرازي – المجلد الثاني– الجزء الرابع، ص 403: نقلاً عن النص المؤسس ومجتمعه لخليل عبد الكريم ص 202(مصدر سابق)




لەڕێی چەند سەندیکیشەوە ئەبو هورەیرە گێڕاویەتیەوە کە پەیامبەر وتویەتی: گەر لەدوای من پەیامبەر هەبوایە ئەوە عومەر دەبوو.[11]

تەنانەت نزیکترین کەسی محمد گومانیان لە هەندێك ئایەتی قورئان هەبووە، بۆ نموونە کاتێك ژنێك خۆی پێشکەش کرد بەپەیامبەرو ئەویش ڕازی بوو, عائیشە دەڵێ: ئەوە ئافرەت شەرم لەخۆی ناکات بەبێ صەدەقە خۆی پێشکەش بەکەسێك دەکات؟ لەسەر ئەم قسەیە ئایەتی 51 الاحزاب دادەبەزێ"

ئارەزووی خۆتە کەلەژنانت لای خۆت دەهێڵێتەوە یان لەخۆتیان دووردەخەیتەوە.

{تُرْجِي مَن تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَن تَشَاء وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ذَلِكَ أَدْنَى أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا}

بەدابەزینی ئەم ئایەتە عائیشە دەڵێ: (وای دەبینم خواکەت بەپەلەیە لە بەدیهێنانی ئارەزووەکانتدا).[12]

---

[11] الاستيعاب في معرفة الاصحاب لابي عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري/ دار الغد العربي بمصر، ص 142

[12] تفسير ابن كثير: سورة الاحزاب




سەربارەت بەوەی ئیسلام دەڵێ موسڵمانان وەك دانەكانی شانە وەك یەكن، دەبینین معاملەی پەیامبەر بۆ كەسوكاریو بەنی هاشم جیاوازترە لەموسڵمانەكانی دیكە، ئەمەش نابێت بۆ پەیامبەرێك كە خوا بۆ هەموو مرۆڤایەتی ناردووە، پێویستە لەسەری كە بەشێوەیەكی یەكسان مامەڵە لەگەڵ خەڵكیدا بكات بەڵام ئەمە ڕووی نەداوە، (ابن اسحاق) دەڵێ:( بەچەند سەنەدێك عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس دەگێڕێتەوە كە پەیامبەر لەشەڕی بەدردا بە صەحابەكانی وتووە: من زانیومە كەچەند پیاوێك لە بەنی هاشم حەزیان بەشەڕی ئێمە نەكردووەو لەمەككەوە بەزۆر هێناویانن، هەركەسێكتان گەیشتە هەر یەكێ لەبەنی هاشم نەیكوژێت, هەركەسێك گەیشتە (ابا البختری)و (عەبباس بن عبدالمطلب، كوڕە مامی پەیامبەر- نەیكوژێ چونكە لەسەر خواستی خۆیان بۆ شەڕ نەهاتوون، لێرەدا (ابا حذیفة بن عتبة بن ربیعة) دەڵێ: ئێمە باوكمانو كوڕەكانمانو براكانمان بكوژینو واز لەعەبباس بهێنین؟ سوێند بەخوا پێی بگەم بەشمشێرەكەم گۆشتاو گۆشتی دەكەم. ئەم قسەیە گەیشتەوە بەپەیامبەرو ئەویش بەعومەری وت: ئەی باوكی حەفصە ئایا شمشێر دەكێشرێ بەدەموچاوی مامی




پەیامبەردا؟ عومەر دەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا ڕێگەم پێبدە بەم شمێشرەم بدەم لەگەردەنی (أبا خديفة) سوێند بەخوا دووڕوویی کردووە.[13]

لە دوای شەڕەکە (ابو العاص بن عبدالعزى بن عبدشمس) مێردی زەینەبی کچی پەیامبەر لەناو دیلەکاندا بوو تا ئەوکاتە موسڵمان نەبو بوو، (فراش بن الصمة) بەدیل گرتبووی. کاتێك کە خەڵکی مەککە فدیەیان بۆ ئازادکردنی کەسوکارە دیلکراوەکانیان نارد زەینەبیش کە تائەو کاتە لەمەککە مابۆوەو کۆچی نەکردبوو، ملوانکەیەکی وەك فدیە بۆ ئازادکردنی مێردەکەی نارد کە کاتی خۆی خەدیجە لەڕۆژی بوکێنیدا پێی بەخشیبوو، کاتێك پەیامبەری ملوانکەکەی بینی زۆر بەتوندی بەزەیی بەزەینەبدا هاتەوە ووتی: ئەگەر بەباشی دەزانن دیلەکەی بۆ بگێڕنەوەو ملوانکەکەشی بۆ بگێڕنەوە. ئەوانیش (أبا العاص)یان ئازادکردو ملوانکەکەشیان پێدا ناردەوە، بەڵام فدیەی ئەوانی دیکەی خەڵکی مەککەیان نەگێڕایەوە.[14]

ئەو ڕۆژانە زەینەب لە مەککەدا بوو، ئەبو عاصیش کافر بوو هەتا ساڵی هەشتی کۆچیش موسڵمان نەبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زەینەب بۆ ماوەی

[13] مختصر السيرة لابن كثير: ص 217

[14] نفس المصدر، ص 227




زیاتر لەبیست ساڵ ژنی کافرێك بووە، سیانزە ساڵ لەمەککەدا پێش کۆچو هەشت ساڵیش دوای کۆچ لەمەدینەدا ئەگەر ئەو لەگەڵ خەدیجەی دایکیدا موسڵمان بوو بێت ئەوا بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە ژنی کافرێك بووە سەرباری ئەوەی ئەم جۆرە زەواجە حەرام کراوە، یاخود بۆی هەیە لەساڵی دووهەمی کۆچیدا زەینەب بوبێتە موسڵمان کەلەوکاتەدا کۆچی کردبوو بۆ مەدینە.

پێش فەتحی مەککە لەساڵی هەشتەمی کۆچیدا ئەبو عاص (مێردی زەینەب بەکارێکی بازرگانی دەچێتە شامو لەکاتی گەڕانەوەیدا کۆمەڵێك لەموسڵمانان ڕێگەی پێدەگرنو پارەو پولی لێ دەسنن بەڵام دەتوانێ ڕابکاتو خۆی بگەیەنێتە زەینەبی کچی پەیامبەر، زەینەبیش پشتگیری کردو لەمزگەوتێکدا لە دوای نوێژی بەیانی هاواری کرد ئەباعاصیان ڕووت کردۆتەوە. ئیتر پەیامبەریش موسڵمانانی ئاگادار کردۆتەوە ماڵەکەی بۆ بگێڕنەوە، ئەوانیش کردیان، پەیامبەر چووەلای زەینەبو پێی وت: ئەی کچەکەم تۆ خانەدانیی بەرامبەر ماڵەکەت دەکەیتو ئەویش بەرامبەرت دڵسۆز نییەو تۆ بۆ ئەو حەڵاڵ نیت.[15]

وەك پێشتر بینیمان ماوەی زیاتر لەبیست ساڵ بۆی حەڵاڵ بوو، لەدوای ئەوەی پەیامبەر جیای کردنەوە هەر ئەو ساڵە ابوالعاص بوو بەموسڵمانو

[15] مختصر السيرة لابن كثير ص 230




پەیامبەریش لەسەر نیکاحی یەکەم جار زەینەبی بۆ گەڕاندەوەو هیچ شتێکیش ڕووی نەدا.[16] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زەینەب تەڵاق نەدرابوو ئەگەر..نا دەبوو لەگەڕانەوەیدا جارێکی دی مارەبکرایەتەوە.

دەڵێن پەیامبەر نەیهێشتووە عەلی کوڕی ئەبی تاڵب ژن بەسەر فاتمەی کچیدا بهێنێتو وتویەتی: فاتمە پارچەیەکە لەمن هەرشتێك ئەو دڵخۆش بکات ئەوە منی دڵخۆش کردووەو هەرشتێکیش نارەحەتی بکات ئەوە منی نارەحەت کردووە. لەبەر ئەم هۆیە هەتا مردنی پەیامبەر عەلی ژنی دیکەی نەهێناوە. جا ئەگەر فرەژنی نارەحەتیی بۆ ژنی یەکەم دروست دەکات بۆچی ئیسلام ڕێگەی چوار ژنی داوە.؟ هەموو ئەم شتانە وای لەموسڵمانە سەرەتاییەکان کرد گومان لە ئیسلام بکەنو ویستویانە هەڵگەڕێنەوە بەڵام لەوەترساون پەیامبەر بەهەمان ئەو شێوەیەی کە جەنگی موشریکەکانی دەکرد جەنگی ئەمانیش بکات. هەر لەدوای مردنی پەیامبەر ژمارەیەکی زۆر هەڵگەڕانەوە بەڵام ئەبوبەکر بەناوی جەنگی هەڵگەڕاوەکان هێرشی بۆ کردنو بەزۆری هێز بۆ ئیسلامی گەڕاندنەوە. لەبەر ئەوە خەڵکێکی زۆر وایدەبینن کە ئیسلام بەزۆری شمشێر بڵاوبۆتەوەو ڕێگەی

[16] مختصر السيرة لابن كثير، ص 230 (مصدر سابق)




دیكه لەبەردەم هیچ كەسدا نەبووە، چونكه هەر كەسێك لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە ملی دەپەڕێنرێت.

دیارە موسڵمانان دەڵێن قورئان قابیلی گۆڕان یان لێكچوون نییه. بەهەمان شێوە مەسیحیەكانیش لەسەدەكانی ڕابردوودا وتویانە ئینجیل قابیلی هەڵە نییە. (جون ولیام بیرغن) سەد ساڵ پێش ئێستا وتویەتی ئینجیل هیچ نییە جگە لەدەنگی خوایەك نەبێت هەموو كیتابێك لەدەنگی ئەوە, هەموو سورەتێك, هەموو ئایەتێك, هەموو وشەیەك, هەموو حەرفێك دەنگی خوایە كەلەسەر عەرش دانیشتووە. بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمەنو دەوڵەمەندبوونی ڕۆژئاواییەكان بەئازادییەكی ڕەها كە تێیدا ڕێگەیان پێدرا ڕەخنە لە هەمووشت بگرن, بەئاینیشەوە, ئیتر كەس نییە بڕوا بەو قسەیەی (جون بیرغن) بكات. بەڵام لە ئیسلامدا توندڕەوی‌و پەرگیری ڕێگەی نەداوە نەك ڕەخنە لەقورئان‌و پەیامبەر بەڵكو ڕێگە نەدراوە ڕەخنە لەخەلیفەكانی ڕاشدینیش بگیرێ. كاتێك (نصر ابو زید) نوسەرو مامۆستای زانكۆی میسری وتی: (پێویستە قورئان بخرێتە ژێر توێژینەوەی زانستی) بەزەندیق تاوانباریان كردو حوكمیان بەسەردا دا هاوسەرەكەی تەڵاق بدات. كاتێكیش لە میسر ڕایكرد (شیخ یوسف البدری) كە سەروكایەتی ئەو حەملەیەی دژی نوسەر دەكرد زۆر دڵخۆش بوو بڵاوی




کردەوە کە: ئێمە ئیرهابی نین، ئێمە فیشەكو چەکمان بەرامبەر بە ئەبوزەید دوژمنی ئیسلام بەكار نەهێنا کە سوکایەتی بەئیسلام کردووە. لەم ڕۆوە کەس جورئەتی ئەوە ناکات سوکایەتی بەئیسلام بکات.

لەساڵی 1992 (فرج فودة)ی ڕۆژنامەنوس تیرۆر کرا لەسەر ئەو نوسینانەی دژ بەئیخوان نوسیبوونی. لەساڵی 1994 پەلاماری نوسەری گەورە (نجيب محفوظ)یاندا چونکە (أطفال القبلاوي) نوسیو بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ ڕەخنەی لەئیسلام گرتبوو. تەنانەت (طه حسين) بەهەڵگەڕاوەیان دادەنا چونکە نوسینەکانی گومان لە هەندێك باوەڕی ئیسلام دروست دەکرد. چیرۆکی سەلمان ڕوشدیو فەتوای خومەینی لەدژی ئەو لەزهنماندا ماوە.

هەموو ئەمانە وای لەڕۆژهەڵاتناس (ولیام میور) کرد لەسەر قورئانو موسڵمانان بنوسێو بڵێ: ئەوانە توندڕەوترین دوژمنی شارستانیو ئازادیی حەقیقین کە جیهانی ئەمڕۆمان ناسیوێتی.

ئیسلام هیچ لێبوردەییەکی بەرامبەر بەئایینەکانی دیکە نییە. تەنها ئەوەندەی ئایەتی (29ی التوبە) دابەزی:




{قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ}

(بکوژن ئەوانەی بڕوایان بەخواو ڕۆژی قیامەت نییەو ئەوانە حەرام ناکەن کە خواو پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووەو خاوەن کتێبەکان– یەهودیو مەسیحی ..نایەنە نام ئەم ئایینەوە، شەڕیان بکەن تا ئەوکاتەی بەسەر شۆڕی دەست درێژ دەکەنو سەرانە (جزية) دەدەن.)

بەمەش یەهودییەکانو نەصرانیەکانو ئەو صائبانەی کە قورئان دەبارەیانو تبووی {فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ}.[17] لەلایەن موسڵمانانەوە بەئەهلی زمە ناوبرانو داوای سەرانەیان لێدەکردن کە پێویستە بەدەستی درێژو ملی شۆڕەوە بیدەن.

وتیان وشەی ملکەچی لەئایەتەکەدا واتە بەزەلیلیو ئیهانەکراویو قێزەونی. کەواتە نابێت ئەهلی زمە بەرێزەوە تەماشا بکرێنو لەسەروی موسڵمانانەوە دابنرێت بەڵکو ئەوانە زەلیلو ڕیسواو سەرسەرین.[18] لەبەر ئەمە ئەمیری

[17] البقرة 38
[18] تفسير ابن كثير للآية 29 من سورة التوبة




بڕواداران خەلیفە عومەر ئەو مەرجانەی لەسەر داناون کە دەبێ زەلیل‌و ڕیسوا بن. (عبدالرحمن بن غنم الاشعری) لەکاتی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ خەڵکی شامدا نوسراوێکی بۆ خەلیفە عومەر نوسیوە: (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئەم نوسراوە بۆ بەندەی خواو ئەمیری بڕواداران عومەری کوڕی خەتتابە لە نەصرانییەکی شاری..تاد, کاتێك ئێوە هاتنەلای ئێمە داوای پاراستنی سەروماڵ‌و منداڵ‌و دارایی‌و خەڵکی ناوچەکەمان لێکردن‌و پەیمانمان دانێ نەلەشارەکەماندا نەلەدەوروبەری شارەکەماندا کەنیسەو خانەو لانەی قەشەکان‌و خەلوەتگەی ڕاهیبەکان چاك نەکەین‌و بەشوێن ئەوشتانەدا نەگەڕێین کە ماڵمان وێران دەکاو لەو شوێنانە نەژین کە ڕوخاوەو لەلایەن مۆسلمانانەوە تێکدراوە، ڕێگریش نەبین لەهەر موسڵمانێك شەوو ڕۆژ بچێتە ناو کەنیسەمانەوەو دەرگای کەنیسە بۆ ڕێبواران بکەینەوەو نان‌و ئاوی بدەنێ‌و ماڵەکانمان‌و کەنیسەمان بەدوور بگرین لە جاسوسی‌و هیچ شتێك لە موسڵمانان نەشارینەوەو منداڵەکانمان فێری قورئان نەکەین‌و موشریکیی خۆمان بەئاشکرا دەرنەخەین‌و کەس بۆ ناو ئایینەکەمان بانگ نەکەین، گەر ویستیان ڕێگریش لەکەس نەکەین لەخزمانمان کە بچنە ناو ئیسلامەوە، ڕەخنە لەموسڵمانان نەگرین‌و گەر هاتنە دانیشتنەکانمانەوە لەبەریان هەڵسین، وەك پۆشاکی موسڵمانان نەپۆشین هەر لە قەڵنسەو عەمامەوە تا دەگاتە




نەعلەکانی، قژمان وەك ئەوان نەبڕین، بەزمانی ئەوان قسە نەکەین، بەنوسینی ئەوان نەنوسین، سواری ئەسپ نەبین، لەشمشێری ئەوان دروست نەکەینو چەك لەگەڵ خۆمان هەڵنەگرین، مۆرەکانمان بەعەرەبی هەڵنەکۆڵین، مەشروب نەفرۆشین، کلێتەی سەرمان هەڵگرین، لەهەر کوێیەك بین دەست بەپۆشاکمانەوە بگرین، پشتوێنەکانمان لەناو قەدەوە توند ببەستین، خاچەکانمان بەکەنیسەوە دەرنەخەین، خاچو کتێبمان لەسەر ڕێگەو بازاڕو شوێنەکاندا بشارینەوە، بەدەنگێکی زۆر سووك نەبێت زەنگی کەنیسە لێنەدەین، لەکاتی نوێژو خوێندنەوەی ئینجیلدا دەنگ بەرز نەکەینەوە، بانگەواز نەکەینو نوێنەر بەهیچ لایەکدا نەنێرێن، لەسەر مردووەکانمان دەنگ بەرز نەکەینەوە، هیچ ئاگرێك لەبەر ڕێگەو بازاری موسڵماناندا نەکەینەوە، لەگۆڕستانەکانی موسڵمانان بەشداری نەکەین، هیچ لە کۆیلەیەك وەرنەگرین کەبەشی موسڵمانی تێدا بێتو نەچینە خانوەکانیانەوە[19]

وەك بڵێی ئەم هەموو بەسوك تەماشاکردنە بەرامبەر بەئەهلی زممە بەمردنیش کۆتایی نەیەت، کاتێك نوسراوەکە گەیشتە عومەر ئەمەی خستەسەر: ( لەهیچ موسڵمانێك نادەین ئەمەش مەرجێکە لەسەر خۆمانو خەڵکمانو لەسەری ڕازی

[19] نفس المصدر ونفس ألآية




بوین بەخواستی خۆمان، ئەگەر هاتو شێکمان جێبەجێ نەکرد کەخۆمان پەیمانمان دابێو لەسەر خۆمان کردبێتمان بەماڵ ئەوە مافی زممەمان نامێنێو ئەوەش بۆ ئێوە حەلاڵ دەبێ کە لەسەر خەڵکانی گیرو بەرهەڵستکارو سەرپێچیکەر حەلاڵ بووە).

هەروەها لە ئیسلامدا پیاوێك موسڵمان نەبێت واتە ئەهلی زممە بێت شاهیدی لە دادگا ئیسلامییەکاندا ناخوات، چونکە ئەو سوێند بەقورئان ناخوات، هەرکەسێکیش بەقورئان سوێند نەخوات شاهیدی لێوە ناگیرێ. (احمد بن نقيب المصري) دەڵێ: شاهیدی یاسایی تەنها لەکەسانی بڕوادار وەردەگیرێو نەبوونی بڕوا بەئیسلام یەکێکە لەخراپترین جۆری گەندەڵی.[20]

لەئیسلامدا کەسێك موسڵمان نەبێت لەوڵاتانی وەك سعودیەو ئێرانو کوەیت ڕێگەیان پێنادەن مومارەسەی پەرستشی خۆیان بکەن، ڕێگە نادەن بەمەسیحیەکان کەنیسە دروست بکەنو ئەم کارەش بەپاڵپشتی حەدیسێك دەکەن کە لەپەیامبەریان گێراوەتەوەو دەڵێت: (دوو ئایین لە دورگەی عەرەبدا کۆنابنەوە). بەڵام هەمان موسڵمانان باشترین زەوی لەئەورووپاو ئەمریکا بۆ

[20] Ahmed ibn Naqib al-Misri, Reliance of the Traveller: A Classic Mannual of Islamic Sacred Law, Amana Publications 1999




دروستکردنی مزگەوت دەکرن، کاتێك پاشای سعودی (ملك فهدبن عبدالعزیز آل سعود) مزگەوتێکی گەورەی لەڕۆما دروست کرد ڕۆژنامە ئیسلامییەکان بۆ ئەو ڕووداوە هەڵهەڵەیان کێشا. کاتێك دەربارەی هەبوونی کەنیسەو سەربازی ئەمریکی پرسیاریان لەئەمیر سوڵتان بن عبدالعزیز کرد وتی: ئەوەی ئەم قسەیەی کردووە خۆیان ئەهلی کەنیسەن، ئێمەش دەڵێین هەبوونی کەنیسە لەسعودیەدا ڕاست نییە نەلەکۆنداو نەلە ئێستاداو نەلەداهاتوودا.[21]

ڕوحییەتی نەبوونی لێبوردەیی ئیسلام لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا هەمان ئەو ڕۆحییەتەیە کە دانیان نەناوە بەو مافە مرۆییانەی لەجاری گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە. (سید رجاء خوراسانی) نوێنەری بەردەوامی کۆماری ئیسلامی ئێران لەنەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە (چەمکی مافەکانی مرۆڤ چەمکێکی مەسیحیو یەهودیەو ئیسلام ڕێگەی پێنادات. و..و.. وەك ئایەتوڵڵا خومەینی وتویەتی یەکێك لەگوناهە گەورەکان ئەوەبووە ئێران لەیەکەمین ئەو دەوڵەتانە بوو کەلەژێر حوکمی شادا مۆڵەتی بە وەسیقەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دا.[22]

---

[21] صحيفة الشرق الاوسط عدد 10 مارس (آذار) 2003

[22] Amir Tahiri,The Spirit of Allah, quoted in: Robert Spencer, Islam Unveiled, p 57




ئیسلام تەنانەت لەگەڵ کەمینە موسڵمانەکانی وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا لێبوردە نەبووە. بۆ نموونە لەشاری مەزاری شەریف لە ئەفگانستان لە تۆغستۆسی ساڵی 1998دا (مانون نیازی) دەربارەی هۆزی (الحزارە)ی شیعی وتویەتی (هۆزی حەزارە موسڵمان نین، دەتوانن بیانکوژن، خوێنیان حەڵاڵەو کوشتنیان تاوان نییە.[23] بزووتنەوەی تاڵیبانیش ژمارەیەکی هێجگار زۆری لەحەزارە کوشت.[24]

لەمەملەکەتی عەرەبی سعودیش وەهابییەکان داننانێن بەشیعەداو بەکافریان دەزانن. ئەوەتا شێخ (علی خرسان) لەدامەزراوەی دەعوەو یەکێك لەبانگدەرانی وەهابی لەسەر شیعە دەڵێت: ئەوانە کافرن, چونکە شوێنکەوتەی سوونەتی موحەممەدی نینو دەڵێن قورئان تەواو نییەو ڕقیان لەسوننیەکانە.[25]

زەعیمە موسڵمانەکان پێیان وایە کە ئیسلام دینیشەو دەوڵەتیشە، بێ کەمو کوڕییەو پێویستی بەهیچ یاسایەکی زەمەنی نییە مرۆڤ دروستی کردبێت. تەنانەت چاکەخوازانیش لەزانایانی ئیسلام وەك زانای میسری محمد عەبدە (1849-

[23] Mullah Manon Niazi, Fatwa on the Hazaras, www.hazara.net
[24] Human Rights Watch, Massacres of the Hazaras in Afghanistan, vol.13, no. 1C, February 2001, quoted in Islam Unveiled, p 62
[25] Ismaili Shiite Group Seeks an End to Saudi Religious Discrimination, Wall Street Journal, 9 January 2002




1905) دەڵێن شورای ئیسلام وەك پەرلەمانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان وایەو کۆڕای زانایان (الاجماع)ی ئیسلام وەك بۆچوونی گشتی وایە.

لەکاتێکدا محمد عەبدە باش دەیزانی مەجلیسی شورا کە لەوڵاتە عەرەبیەکاندا بڵاوبوەتەوە جگە لەداپۆشینی حەقیقەت هیچی دیکە نییە چونکە ئەم مەجلیسانە سەربەستو ئازادانە بەوێنەی وڵاتە دیموکراتیەکان هەڵنەبژێردراون. ئەگەر بێتو ئەم مەجلیسانە سەربەستانە هەڵبژێردرێن ئەوە پێویستە یاساکان لەسەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامەوە هەڵقولابن:

وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ.[26]

وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ.[27]

وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ.[28]

بەباوەری من ئەوەی بۆ ئەمریکا هاتە پێش کەببێتە زلهێزترین وڵاتی دونیا, کەپێشتر وڵاتێکی داگیرکراو بوو بۆ ماوەی دووسەدو پەنجا ساڵ, بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهێنەری دەوڵەت (توماس جیفرسون) لەکاتی دەرکردنی

---

[26] المائدة 44

[27] المائدة 46

[28] المائدة 47




ئینگلیزەكاندا وتبووی: (پێویستە دیوارێك لەنێوان دوڵەتو كەنیسەدا هەبێت).[29]

بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئەبینین قوتابی محمد عەبدە كە(محمد رشید رضا 1865-1935) دەڵێت: (پێویستە هەموو كاروبارێكی دەوڵەتی ئیسلامی بخرێتە ژێر دەستورێك كە لەقورئانو فەرموودەو گوتەو ڕەفتاری خەلیفەكانی ڕاشدیندا وەرگیرابێت). هەروەها ڕۆژنامەوانی تونسی (محمد الهاشمي حمدي ) دەڵێت: ناوەڕۆكی مەسەلەكە ئەوەیە هیچ دەوڵەتێكی ئیسلامی لە ئارادا نییە لەبۆچوونی هاوڵاتیاندا گەر دەوڵەت شوێنكەوتەی حوكمەكانی شەریعەتی ئیسلام نەبێت دەسەڵاتەكەی شەرعی نابێت).[30]

بیرمەندی میسری (سید قطب) یەكێك لەدامەزرێنەری جەماعەتی ئیخوانی موسلمین لەمیسر دەڵێ: (خوا، نەك مرۆڤ، خوا حوكم دەكات، خوا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێكە، بەدەسەڵاتی سیاسیشەوە، چاكەو پیاوەتیو داوێنپاكیو بەخشندەییو..تاد(الفظیلة) نەك سەربەستیو ئازادی لەنموونە باڵاكانی قیيمەی

[29] Thomas Jefferson, Letter to the Danburry Baptist Association, http://w3.trib.com/FACT

[30] Mohamed Elhachemi Hamdi, Islam and Liberal Democracy: The Limits of Western Model, Journal of Democracy 7.2 (1996) pp 81-85




مرۆڤایەتییە. لەبەر ئەوە پێویستە یاسا تەنها بۆ خوا بێت نەك یاسای مرۆیی زەمەنی، خوا حوكمی هەموو كۆمەڵگایەك دەكات.[31]

ئیمامی خومەینی بۆ بێدەسەڵاتی زانایانی ئیسلام لە جێبەجێكردنی شەریعەتدا دەگریو دەڵێت:( چ سوودێكی هەیە زانایانی ئیسلام فەتوای دەستبڕینی دزو ڕەجمكردنی زیناكەر دەردەكەن كەچی دەسەڵاتی جێبەجێكردنی حوكمەكەیان نییە).[32]

هەروەها شێخێكی دیكەی میسری (محمد الغزالی 1917-1966) لەفەتوا بەناوبانگەكەیدا وتویەتی (ئەوانەی كە بانگەوازی جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەكەن مورتەدن (لەئیسلام هەڵگەڕاوەن) لەئیسلامدا سزای كەسێك نادرێ كە ئەو مورتەدانە بكوژێت).[33]

(عباس الفاس) سكرتێری گشتی حزبی ئیستقلالی مەغریبی كەلەحكومەتدا بەشدارە لەچاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ: (میللەتی مەغریب ئارەزووی

---

[31] Dinesh D Souza, What is so great about America (Regency Publication) p 97

[32] Quoted in Amir Tahiri, The Spirit of Allah,p 163

[33] Quoted in Bassam Tibi, The Challenge of Fundamentalism, Political Islam and the New World Disorder (University of California Press 1998) P 169




نيیه ئەمڕۆ بیرلەوە ناکاتەوە دین لە دەوڵەت جیابکاتەوە، مەغریب وڵاتێکی ئیسلامییەو وەك دین‌و وەك دەوڵەتیش ئیسلامی ویستووە، ئیسلام لەسەر کرانەوەو لێبوردەیی‌و هاوکاری‌و دادپەروەری‌و دژایەتی زوڵم پێکهاتووە).[34]

گوتەیەکی جوانە بەڵام مەغریبییەکان لەکوێوە ئیسلامێك دەهێنن کە لەسەر لێبوردەیی‌و کرانەوەو دژایەتی زوڵم پیکهاتبێت؟؟ لەکاتێکدا نەبوونی لێبوردەیی لەئیسلامدا وامان لێدەکات لەئیسلام هەڵبگەڕێینەوە!! قورئان بۆ یەك جاریش بێت باسی سزای کوشتنی کەسێکی نەکردووە کە لەئیسلام هەڵگەڕێتەوەو کەسیش لەژیانی پەیامبەردا هەڵنەگەڕاوەتەوە تابزانین حوکمی سوننە لەبەرامبەریدا چییە، جگە لەتاکە کەسێك کەکاتب وەحی بووە (عبدالله بن سعد بن ابی سرح) کە لەکاتی فەتحی مەککەدا لەگەڵ چەندکەسێکی دیکەدا پەیامبەر فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردن، بەڵام ئەم عەبدوڵڵایە پەنای بردە لای عوسمان کوڕی عەففان‌و پەیامبەریش لێی خۆش بوو. قورئان بەڕاشکاوانە لەسورەتی البقرە ئایەتی 217 دەڵێ ( هەر کەسێك لەئێوە لەئیسلام هەڵبگەڕێتەوەو بەکافری بمرێت ئەوە کارەکانیان لەدونیاو قیامەتدا پوچوڵ دەبێتەوەو جێنشینی دۆزەخ دەبن‌و هەتا هەتایە تێیدا دەبن) لێرەدا خوا باسی لە کوشتنی هەڵگەڕاوە

---

34 صحيفة الشرق الاوسط، عدد 18 مارس (آذار) 2003




نەكردووە. هەروەها سورەتی (المائدة– 54) دەڵێت: (ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە هەركەس لەئێوە هەڵگەڕێتەوە لە ئایندەدا لـەبری ئـەوان خـوا كەسـانێك دەهێنێتە كایەوە كە خوا خۆشی دەوێـن‌و ئـەوانیش خوایـان خـۆش دەوێـت بـۆ بڕواداران ملكەچن‌و بـۆ كافرەكـان شكـستنەخۆرن‌و لـەپێناوی خـوادا جیهـاد دەكەن‌و لە لۆمەی كافرەكانیش ناترسن، ئەمـەش فـەزڵی خوایـەو دەیداتـە ئـەو كەسەی خۆی ئارەزووی دەكات خواش فراوانگیرو زانایە).

بەڵام لەبەر ئەوەی زانایانی موسڵمان كارێكیان كـرد خەلیفـە وەك پەیامبـەر وابێت‌و لەهەموو هەڵەو خەوشێك پاك بن وایكرد ئەوەی ئەبوبەكر كـردی ببێتـە حوكمێكی شەرعی. شێوە حـوكمی هەڵگەڕانـەوەش لەئیـسلامدا پێوسـت بـەوە ناكـات كەسـێك لـە شـوێنێكی گـشتیدا بوەسـتێت‌و بڵێـت مـن لـە ئیـسلام هەڵگەڕاومەتەوە، تەنها ئەوەندە بەسـە شـتێك بڵێـت كـە ئیهانـە بەپەیامبـەر یـان یەكێك لە ژنەكانی یا خود یەكێك لە خەلیفەكان بكات. تۆ بڵێـی ئێـستا چـەند ڕۆژنامـەوان لەزینـدانی وڵاتـە عەرەبیەكانـدا دادەپەسـرێن‌و چـەند ڕۆژنامـە لەدەرچوونیان ڕاگـیراون لەبـەر ئـەوەی یـەكێك لەنوسـەرانی شـتێكی نوسـیوە كەلەگەڵ زاتی باڵادا نایەتـەوە. بەهـەمان ئـەو شـێوەیەی لـە ئـوردون ڕوویـداو گۆڤاری (الهلال) وتارێكی نوسینی تونـدڕەوەكان وایانـدانا سـوكایەتی بەیـەكێك




لەژنەکانی پەیامبەر کردووە، هەروەها لە بەیروتیش لەگەڵ ڕۆژنامەی (النهار) کردیان کە بەناونیشانی (نامەیەك بۆ خوا)[35] نوسینێکی بڵاوکردبۆوە. لەسودانیش ( محمود محمد طه)یان لەسێدارەدا چونکە نوسینەکانی بەشێوەیەك دانا کەهەڵگەڕانەوەیە لەئیسلام.

تەنانەت کەسانی ناموسڵمانیش لەم حوکمە ئیسلامییە پەڕگیرییە بەدەر نەبوون بۆ نموونە (ئەیوب مەسیحی) کە مەسیحییەکی پاکستانیە یەکێك لەموسڵمانەکان تاوانباری کرد بەوەی کە ئەیوب وتبووی (هەموو موسڵمانێك پێویستە کتێبەکەی سەلمان روشدی, ئایەتە شەیتانیەکان, بخوێنێتەوە.) ئەم ئەیوبە ئێستا حوکمی لەسێدارەدانی دراوە چونکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوکایەتی بەئیسلام کردووە سەرباری ئەوەی ئەیوب ئەم ڕستەیەی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام شاهیدی کەسێکی زمە وەرناگیرێ لەبەر ئەم هۆیە تاوانو سزاکەیان لەسەر جێگیر کرد.[36]

[35] رسالة الى الله، بقلم عقل العويط، صحيفة النهار اللبنانية، عدد الجمعة 14 مارس 2003

[36] Robert Spencer, Islam Unveiled , p 62




لەمیسریش کە بەولاتێك دادەنرێ زۆرترین کرانەوەی تێدابێت دادگای (سوهاج) لەساڵی 2000دا سزای سێ ساڵی بەسەر کەسێکی قیبتی بەناوی (سوریال قاید اسحاق) سەپاند چونکە سوکایەتی بەئیسلام کردووە.[37]

جا ئایا دوای ئەم هەموو شتانە شێخەکانی ئیسلام جورئەتی ئەوە دەکەن بنوسن کە ئیسلام ئایینی ئاشتیو لێبوردەییو دادپەروەرییە؟؟ "ئایا میللەتی مەغریب ئەو ئایینە ئیسلامیە لێبوردەیە دەدۆزنەوە کە سکرتێری گشتی حزبی ئیستقلالی مەغریبی باسی لێوە دەکاو دەڵێ ئێمە بەئیسلام وەك دینیشو وەك دەوڵەتیش پێی ڕازین؟؟ وەك بلێی بەمیللەتی مەغریب ڕاپرسی کردبێو بەویان وتبێت ئەمە داواکاریمانە؟"

کارەسات لەوەدایە کە شێخو حاکمەکانی هەموو دەوڵەتە ئیسلامیو عەرەبیەکان هەموو شێخو هەموو حاکمێك وادەزانن بەئاگان لەهەموو نهێنیەکانی دەروونی تاکەکانی میللەتو لە خودی خەڵکەکە زیاتر سوورترن کە بیانخەنە بەهەشتەوە.

[37] Amnesty International, Egypt Report.
www.amnesty.org